
تایبەت ترین بنکەی کتێبی کوردی
کوردیکا
@kurdica

ئاواس ٢









سەرو

د . عەزیز گەردی

سەروا

لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی بەراوردە
لە شیعری کوردیدا

عەزیز گەردی

هەولێر

Scanned with CamScanner

دەزگای **ئاراس**
بۆ چاپ و بلاوکردنەوە

زنجیرەی ڕۆشنبیری
خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین
سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب
* * *

کتێب: سەروا
نووسەر: عەزیز گەردی
دەرهێنانی هونەری: قاسم قادر
بەرگ: شکار نەقشبەندی و عەبدولقادر عەلی مەردان
چاپخانەی: وەزارەتی ڕۆشنبیری
ژمارەی سپاردن بە کتێبخانەی نیشتمانی: ٧٧ / ١٩٩٨
چاپی یەکەم: هەولێر ـ ١٩٩٩

Scanned with CamScanner

ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- هەر مامۆستایەکی یەک دەرزی پێگوتووم.
- هەرقوتابییەکی یەک دەرزم پێ گوتبێ.

Scanned with CamScanner

پێشەکی

بابەتی نامەکە :

ئەم نامەیە لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکاری بەراوردە لەسەروای شیعری کوردی بە هەموو جۆرو هونەرەکانییەوە ، هەر لەسەرەتاوە (باباتاهیری هەمەدانی (۹۳۵-۱۰۱۰) تا ئەم سەدەی بیستەمینە . هەوڵێکە بۆ هەڵسەنگاندنی شوێن و دەوری سەروا لە شیعری کوردی و دیارکردنی سنوور و چۆنیەتی بابەشبوونی لە هۆنراوەدا بەپێی شێوەی ڕیز بوونی لە هونەرە شیعرییەکانی وەکو قیتعە و غەزەل و قەسیدە و تاك و چوارینە و پێنجینە و شەشینە ... و موستەزاد و موەششەح و سۆنێتە و .... هتد ، دەوری لە ڕۆنانی هۆنراوە و جیاکردنەوە و بەیەکەوە بەستنەوەی پارچەکانی هۆنراوەی پارچەدار و بەشداری کردنی لەگەڵ ڕەگەزە شیعرییەکانی دی ، بەتایبەتی ڕەگەزەکانی سەر بە مۆسیقاو ئاواز ، لە دروست کردنی کەش و هەوایەکی لەبار کە ڕێگا بۆ گەیاندن و گواستنەوەی بیرو سۆزو تاقیکردنەوەی شیعری و شعوری خۆش بکات ، ئینجا دەرخستنی ئەرکی سەروا لەخەست کردنەوەو قووڵ کردنەوەی مۆسیقای شیعرو گرێدانی جەمسەرەکانی ئاوازی وشەودێرو بەستنەوەی بە ترپەی ڕەوتی گشتی هۆنراوەکە .. ڕون کردنەوەی دەوری سەروا لە پەیوەندییەکانییەوە بەکێش و مۆسیقا و بابەتی شیعرو باری دەروونی شاعیر و خەسیەتی تایبەتی فۆنۆلۆجی زمان ، ئینجا دەوری دەنگ، دەنگی زمان لە چوونە ناو سیستەمی سەرواو چالاکیی لە هەڵسوراندنی ئەرکی سەروا و جیاوازی دەنگەکانی زمان ، هەر زمانێك بە گشتی و کوردی بەتایبەتی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی سەروا ، جگە لە شیکردنەوەو ڕون کردنەوەی دەوری جواننناسی (ئیستاتیکی) سەروا ، کە سەرەڕای دەوری سەرەکی خۆی کە دەستە بەرکردنی ئیقاعێکی تایبەتییە لە دێرە شیعرو هۆنراوەدا ، جوانییەکی تایبەتی بە شیعر دەدا ولە زۆر زماندا دەبێ بەیەکێ لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی جیاکردنەوەی شیعر لە پەخشان ، لەهەمان کاتدا لەزەت و خۆشییەکی دەروونی دابین دەکات و زیاتر خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەم لایەنە ، زیاتر سەروا بەرەو هونەرە جوانکارییەکانی ڕەوانبێژی دەبا . شاعیرانی کورد لەم بوارەدا زۆر وردەکاری وەستایانەی نایابیان نواندوە و دەکرێ لە دەرگای سەرواوە بچینە ناویانەوە و بەهای ئەدەبییان دەربخەین . بۆ زیاتر ڕون کردنەوەی دەوری سەروا لە شیعری کوردیدا و دیارکردنی شوێن و پایەی لە ڕەوتی فراوانی سەروای شیعری جیهانیدا ، لەهەر کوێ پێویست بووبێ لایەنی جیاوازی زەق و پێکچوونی سەروای شیعری کوردی و زمانەکانی ترمان خستۆتە بەر بەراوردو لێکۆڵینەوە ، بۆ ئەوەی شوێنی شیعری کوردی ، لە ڕووی سەروا ، لەناو سیستەمی شیعری جیهانیدا ڕونتر دەربکەوێ .

Scanned with CamScanner

ناونیشانی نامەکە :

بۆ ناونیشانی نامەکە ، وشەیەکی گشتی (سەروا) و ڕون کردنەوەیەکی فراوان (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری بەراوردە لە شیعری کوردی) مان داناوە ، چونکە باسەکە هەموی لەبارەی سەروایە ، جگە لەوەی کە بەشێکی تەواوی (بەشی یەکەم) بۆ زانیاری و موناقەشەی لایەنی تیوری و بۆچوونی گشتیی سەروای شیعر تەرخان کراوە، لەبەشەکانی تریشدا ، لەهەر کوێ دەرفەت هاتبێ سەروای شیعری کوردی لەڕێی بەراوردەوە بە شیعری جیهانییەوە گرێدراوە و جارێکی تر لەباڵ ڕوخسارە تایبەتییە کوردییەکەوە چۆتە ناو چوار چێوەی گشتی سەروای جیهانییەوە ، یان هەندێ دیاردەی دەگمەنی سەر بە سەروای شیعری جیهانی لەناو شیعری شاعیرانی کورد دەرهێناوە . وانە بابەتەکە ، لەم بارەیەوە ، زیاتر چوارچێوەیەکی گشتی بەخۆیەوە گرتوە و بە دەوری سەروادا دەسوورێتەوە ، ئەمە هەموو وای کرد کە وشەی (سەروا) وەکو سەرباسێکی گشتی و سەرەکی بۆ بابەتەکە دابنێین ... لەباڵ ئەم بۆچوونە گشتییەدا ، جەختمان لەسەر شیعری کوردی کردوە ، هەوڵمان داوە ، لەبارەی سەرواوە ، لەزۆر گۆشە نیگاوە شی بکەینەوە و دەستوورەکانی کارکردنی لێک بدەینەوە و لایەنە جۆراو جۆرەکانی دەست نیشان بکەین و لەباڵ ئەم شی کردنەوە وەسفییەشدا ، بۆ باشتر دیار کردنی شوێنی سەروای شیعری کوردی لەناو سیستەمی سەروای شیعری جیهانی ، هەمیشە جەختمان لەسەر بەراوردکردنی دیاردە و قالب و لایەنە جواننناسییەکانی کردوە لەگەڵ سەروای شیعری نەتەوەکانی دی : ئەم جۆرە ڕێبازە سەرکەوتوانە لەلایەن ژرمونسکی ڕووس [٢٧٢ : ل٢٠٩] وهنری لانزی بەریتانی [٤٧٥] و د.محەمەد عەونی عەبدوڕەئوفی عەرەبی [٣٥٠] بەکارهاتوە . پشت ئەستوور بە ڕێبازی شیکاری وەسفی بەراوردی ئەوان بۆ لێکۆڵینەوەی سەروای شیعری کوردی ، ناونیشانەکەمان بەم جۆرە دارشت کە لەگەڵ ناوەرۆک و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکەدا بگونجێ .

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە :

هەڵبژاردنی هیچ بابەتێك بۆ لێکۆڵینەوە بەبێ هۆ نابێ . دەبێ هۆیەك یا چەند هۆیەکی گشتی و تایبەتی ، دەرەکی و ناوەکی هەبێ وابکا تۆژەرەوە بابەتێکی تایبەتی بۆ لێکۆڵینەوەکەی هەڵبژێرێ .

دەست نیشان کردنی سەروا لە شیعری کوردیدا بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئەنجامی چەند هۆیەکی پێویست بوە ، گرنگترینیان ئەمانەن :

- سەروا دیاردەیەکی زەقی شیعری جیهانییە بەگشتی و شیعری کوردییە بەتایبەتی ، شیعری کوردی هەرلە سەرەتاوە تا بیستەکانی سەدەی بیستەم ، بە هەردوو جۆرییەوە (نووسراو و زارگۆتن) ، بەهەموو ڕاڕەکانییەوە ، زۆر پابەندی سەروا بوە : دەستبەرداری کێشی یەك ڕەنگیش

Scanned with CamScanner

بووبێ (وەکو هەندێ بەیتی فۆلکلۆری) دەستپەڕبارێ سەروا نەبوە. پاش ئەم مێژوەیش (بیستەکانی سەدەی بیستەم) کە شیعری کوردی وردە وردە قالبی تەقلیدی و مەیدانی کێش و سەروای شکاند و جۆرە ئازادییەك بە شاعیر درا لە پەیڕەو کردنی کێش و سەروا ، سەروا دەوری هەرمایەوە بەلاّم بەجۆرێکی جیا لەوەی پێشوو . جا ئەم دیاردە باوە دەبێ بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە و بەشێوەیەکی نەختێ ورد و بابەتیبانە شی بکرێتەوە و یاساکانی دیار بکرێ و دەوری لەکردەوەی گەیاندن و کارتێکردندا دیار بکرێ و جیاوازی لەگەلّ شیعری نەتەوەکانی دی دەست نیشان بکرێ لە ڕادەو چۆنیەتی مامەلّەکردنی لەگەلّ ڕەگەزی سەروادا .

- تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی فراوان لەبارەی سەروای شیعری کوردی نەکراوە. ئەم لایەنەش وەکو زۆربەی لایەنەکانی تری شیعرو ئەدەبی کوردی مەیلە و بەیارە و پێویستی بە هەڵسەنگاندن هەیە تا سنوور و خەسیەتەکانی دیار بکات و دیاردەو حاڵەتەکانی ڕون بکاتەوە . واتە بۆشاییەکی گەورە لە دیراساتی شیعرو ئەدەبی کوردی ، چمکی سەروادا ، هەیە هەر دەبێ پڕ بکرێنەوە، جا بۆ پڕکردنەوەی لایەنێکی ئەم بۆشاییە بوو ئێمە ئەم بابەتەمان هەڵبژارد .

- پەیداکردنی شارەزایی لەبارەی سەروای شیعری کوردی ، بەتایبەتی شیعری سنووری کە بەکێتی سەروای تێدا پەیڕەو کراوە دەبێ بەیاریدەرێك بۆ ساغ کردنەوەی زانستانەی شیعری بلاّونەکراوەی کوردی کە هێشتا زۆری هەر بە دەستنووسی ماوە و بلاّونەکراوەتەوە ، ئەگەر چی بەلای هەندێکەوە (وەکو حەسیب قەرەداغی) یەکێتی سەروا دەبێ بە هۆی تێکەڵ بوونی شیعرەکان و وای لێ دێ خاوەنەکەی نەناسێتەوە چونکە سەروای شیعرەکانی کلاسیکیی لەیەکەوە نزیکن و زۆر جار زۆربەی وشەکانی سەروای دوو هۆنراوە یەك شت دەبێ (قافیەی دیاریکراو ، یاخود مەسەلەی سەروا ، خۆی یەکێکە لەو کۆڕە ڕێبانەی کە تووشی شیعر ئەبێ و خاوەن شیعر جار جار سەری لێ تێك ئەچێ و شیعرەکە ناناسێتەوە) [٧٠ : ٣٢٦] . بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا شارەزایی زانستانەی تەواوی جۆری سەروا و دابەشبوونی لەباتی ئەو تێکەڵییە دروست بکا کە ئەو دەڵێ ، ڕێگای لێك جیا کردنەوەی هۆنراوەکان خۆش دەکا .

- زۆربەی ئەو شیعرە کلاسیکییە کوردییانەی تا ئێستا بلاّوکراونەتەوە ، لەکەم و کورتی بەدەرنین ، زۆربەیان ئەوەندە بەبێ سەروبەری کراون چارەیان هەر ئەوەیە دووبارە ساغ بکرێنەوە و بە پوختەیی بلاّو بکرێنەوە : هۆیەکەشی ئەوەیە زۆربەی ئەو تۆژەرەوانەی کارەکانیان ڕاپەڕاندوە شارەزایەکی ئەوتۆیان لە ڕۆشنبیری کلاسیکیی و خوێندەواریی ئیسلامی و کەرەستەکانی شیعری ڕۆژهەلاّت نەبوە کە سەروایش لایەنێکی دیاری ئەو ڕۆشنبیرییە شیعرییەیە . ناسینی سەروا و ئاگادار بوونی چۆنیەتی کارکردنی لە هونەرەکانی شیعردا ، ڕێگا بەرەو دۆزینەوەی ئەو هەلانە نەخت دەکات کە لە بواری بلاّوکرانەوەی شیعری کلاسیکیی کراون . بۆ نموونە نەشارەزایی

Scanned with CamScanner

لەدابەشبوونی سەروا لە هونەرێکی شیعری وەکو تەرجیع بەند بۆی هەیە ببێ بەهۆی ئەوە کە تۆژەرەوە خانەوبەندەکانی تەرجیعەکە هەریەکە بەقەسیدەیەکی سەربەخۆ بزانێ ولێکیان ببیچڕێنێ و هەر خانەیەک لە شوێنێکی دیوانەکە دابنێ ، وەکو ئەوەی بەسەر تەرجیعەکەی سالدا هاتوە ، کەچی شارەزایی سەرواو هونەری تەرجیع وا لە تۆژەرەوەیەکی تری وەکو عەزیز ئالی دەکا کە هەست بەم پچڕانەی خانەکانی تەرجیعەکە بکات و هەوڵ بدا بیانخاتەوە پاڵ یەک و تەرجیعەکە دروست بکاتەوە . خۆی باس دەکا کە سەروا سەرنجی بۆ ئەم ڕاست کردنەوەیە ڕاکێشاوە (خەریک بوو دیوانی "سالم"م دەخوێندەوە - ئەوەی گیوی موکریانی چاپی کردوە - تووشی پارچەیەک هاتم بەغەزەل لەقەلەم درا بوو بەلأم بەیتەکانی لەبارەی ناوەرۆک و فەرای شاعیرانەوە زۆر لێک نزیک بوون - شتێکی کەلە غەزەلدا کەم دەبینرێ - جگە لەوە تەماشام کرد بەپێی ئاخیری ئەم بەڕوالەت غەزەلە لە قافیەدا سەربەخۆیە و ئەمە پێچەوانەی قالبی باوی غەزەلە ... بەم بۆنەیەوە هێنام دیوانەکەم تەواو پشکنی و لەئەنجامدا سێ بەندی دیکەم دۆزییەوە و بۆچوونەکەم وە ڕاست گەڕا . دیارە مامۆستا گیوی ڕەحمەتی نەیزانیوە ئەم شیعرە ئامالّ درێژە تەرجیع بەندە ، هاتوە هەر بەندەی وەک غەزەلێک بە گوێرەی پیتی قافیە هەلّداشتۆتە سووچێکی دیوانەکەوە) [٢٢٩ : ٣٦] .

- لایەنێکی لێکۆلّینەوەی سەروای شیعری کوردی دەست نیشان کردنی بەهێزیی و بێهێزیی سەروایە ، ئەم ئەرکە دوو مەبەست دەبێنێ : یەکەم : دەرخستنی جیاوازیی نێوان شاعیرانی پێشوومان لەبارەی زاڵبوون و زاڵ نەبوونیان بەسەر سەرواوە و دەسەلاّت شکانیان بەسەر بەکارهێنانی هونەرمەندانەی سەروا بۆ قووڵ کردنەوەی ئاواز و مۆسیقای شیعر و بەهێزکردنی کردەوەی گەیاندنی تاقیکردنەوەی شیعری . دووەم : دیارکردنی کەم و کورتییەکانی مامەلّە کردنی شاعیرانی پێشوو ڕێگا خۆش دەکا بۆ شاعیرانی دواتر بۆ ئەوەی خۆیان لەم کەم و کورتییانە لابدەن و سەرکەوتوانە سەروا بەکاربێنن و هەقی خۆی پێ بدەن ، لەهەمان کاتیشدا ڕێ ڕۆشنکردنە بۆ هاندانی شاعیرانی تازە تا لە چوارچێوەیەکی لەبار و ڕەسەندا داهێنان لە دابەشکردنی سەروادا بکەن .

- لێکۆلّینەوەی سەروا وەک لایەنێکی تیوری شیعری ، دەوڵەمەندکردنی تیوری لێکۆلّینەوەی شیعری کوردییە کە ئەمەش بەشداری کردنە لە بەرەوپێش بردنی ئەم تیورە ، یەرەو داڕشتنی تیورێکی گشتی و فراوانی هەمەلایەنی شیعری کوردی .

پڕۆگرامی لێکۆلّینەوەکە :

بڕگەکانی هەر لێکۆلّینەوەیەک پەیوەندی بە جۆری بابەتەکە ، خۆیەوە ، هەیە و لەوەوە وەردەگیرێ و گەلاّلە دەکرێ ، بۆیە داڕشتنی هەر بەرنامەیەک دەبێ لەبەر ڕۆشنایی لایەنە جیاوازەکانی

Scanned with CamScanner

بابەتەکە و بۆچوونی نووسەرەکەو رێبازی لێکۆڵینەوەکە ئەنجام بدرێ. بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە سەروای کوردییە ، زۆر لایەنی جۆراو جۆر دەگرێتەوە ، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە زۆربەی لایەنەکان بگرێتەوە، کردوومانە بە پێشەکییەک و دەروازەیەک و شەش بەش و ئەنجام .

پێشەکییەکە :

ئەمە پێناسەی بابەتەکە و هۆی هەڵبژاردن و پرۆگرامی لێکۆڵینەوە و گیرو گرفتەکان و هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی پێشوو دەگرێتەوە .

دەروازەکە :

بۆ موناقەشەکردنی زاراوە و چەمکی سەروا تەرخان کراوە ، وەک سەرەتاو رێ خۆش کردنێک بۆ چوونە ناو بەشی یەکەم .

بەشی یەکەم :

ئەم بەشە زیاتر گشتی و تیوریە ، وەکو بناغەیەکە بۆ زۆنانی بەشەکانی تر. ئەم بەشە بەسەر سێ (باس)دا ، دابەش بوە . باسی یەکەم بۆ پێناسەی گشتی و بنەماو ئەرکی سەروا و پەیوەندی بە تریە (ریتم) و ئاواز و بابەتی شیعر و سیستەمی دەنگی زمان (فۆنۆلۆجی) تەرخان کراوە . باسی دووەم لێکۆڵینەوەیەکی گشتی بنەمای سەروای شیعری جیهانییە ، پەیدا بوون و سیستەمی سەروای هەندێ نەتەوەی کۆن و نوێی رۆژاوا و رۆژهەڵاتی وەکو یۆنانی و لاتینی و فەرەنسی و ئیتالی و ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و هندی. باسی سێیەم لە جۆرەکانی سەروا دەکۆڵێتەوەو لە رواڵەتەی جیا جیا دابەشی دەکا ،لە رووی ژمارە و ئاواز و ئاراستە و چۆنیەتی دووبارە بوونەوە ... لێکیان جیا دەکاتەوە کە هەریەکە خاوەنی تایبەتێتی خۆیەتی و لە شوێنی تایبەتی دێت .

بەشی دووەم :

لەبارەی سنووروو رەگەزەکانی سەروای شیعری کوردی دەدوێ . هەوڵێکە بۆ دیار کردنی سنووری سەروا (کەمترین دەنگو زۆرترین دەنگو وشە کە سەروا پێک دێنن)، ئەمیش لە رێگای شی‌کردنەوەی وەسفی شیعری کوردییەوە دەستەبەر دەکرێ . ئەم بەشە سێ باسە.

- باسی یەکەم : بۆ ئاستی دەنگی سەروا تەرخان کراوە . سنووری سەروا لەکۆتایی وشەی سەروادا دیار دەکات و زاراوەی دەنگە جیاوازەکان لێک جیا دەکاتەوە . جەختی هەرە قورسی ئەم باسە دەکەوێتە سەر دەنگی (رەوی) چونکە (رەوی) چەقی چڕبوونەوەی هەموو قورسایی ئاواز و زایەڵەی دەنگو وشەکانی سەروایە . لەم باسەدا هەوڵ دراوە جاڵاکی دەنگەکانی کوردی لە بینینی دەوری رەویدا ڕون بکرێتەوە و لە رێی جەردی کۆمەڵێ دیوانی شیعری کلاسیکییەوە دەنگەکان بەگوێرەی کەم و زۆربیان لەبوونە رەویدا پۆلێن بکرێ . جیاوازی نێوان رەوی و دوا دەنگی دێرێش

Scanned with CamScanner

ڕون کراوەتەوە کە هەندێ جار یەک دەگرن و هەندێ جار لەیەک دا دەبڕێن . لەم باسەدا جگە لەڕەوی ، ڕێش ڕەوی و پاش ڕەوی دیارکراون و جۆر و سنووریان لێك جیا کراوەتەوە .

- باسی دووەم : لە ئاستی وشەکانی سەروا دەدوێ . وشەی سەروا چییە ؟ پەیوەندی وشەکانی سەروا لە ڕووی ڕۆنان و کێش و ئاواز و مانا و بەشەکانی ئاخاوتنەوە، دیار کردنی سنوور و شی‌کردنەوەی ئەرك و جۆرەکانی پاش سەروا (ڕەدیف) . چونکە شیعری کلاسیکیی کوردی یەکێکە لەو جۆرە شیعرانەی زۆر چالاکانە ڕەدیف بۆ پتەوکردنی ئاواز و خەست کردنەوەی مانای شیعر بەکار دێنێ ئینجا ڕێش سەروا (حاجیب) و دەوری لە ڕێگا خۆش کردن بۆ سەروا و پەیوەندی بەوشەی سەروا و ڕەدیفەوە ڕون کراوەتەوە کە جاری وا هەیە هەرسێکیان (حاجیب ، وشەی سەروا ، ڕەدیف) هەموو درێژایی دێر و شیعر پڕ دەکەنەوە و دێرەکە دەبێ بە یەك پارچە ئاوازی دووبارەوە بووی چڕ و نێکچڕژاوی پتەو .

- باسی سێیەم : لە نێکەڵبوونی کۆتاییەکان دەدوێ. نێکەڵبوونی ڕەوی و پاش ڕەوی یان ڕەدیف و وشەی سەروا.

بەشی سێیەم :

بڕیتیە لە لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی دابەشبوونی سەروا لە دێر و پارچە و هونەرە شیعرییەکانی وەکو: قیتعەو غەزەل و قەسیدە و تاك و مەسنەوی و سێبینە و چوارینە و پێنجینە و .... تەرجیع بەند تەرکیب بەند و موستەزاد و موەششەح و سۆنێتە و.... ئینجا بەراورد کردنی ئەم هونەر و پارچانە لەگەڵ پارچە هۆنراوە (stanza - stroph)ی نەتەوەکانی تر لە ڕووی ژمارەی دێر و دابەشبوونی سەرواوە . ئەم بەشە سێ باسە. باسی یەکەم بۆ چەمك و جۆر و پێکهاتنی پارچە هۆنراوە تەرخان کراوە. باسی دووەم لە پارچە گشتییەکان و باسی سێیەم لە پارچە تایبەتییەکان دەدوێ.

بەشی چوارەم :

دوو باسە. باسی یەکەم هەوڵێکە بۆ لێك نزیك خستنەوەی دوو زانستی سەر بە لێکۆڵینەوەی شیعر (سەرواناسی و ڕەوانبێژی) . پەیوەندی تێوانیان دەردەخا و باسی یەك گرتنیان دەکا لە هەندێ هونەری جوانکاری شیعریدا وەکو : ئیعنات و جووت سەروا (ذوقافیتین) و سەروای دووبارە و سەروای ئەڵقەبەند ... . باسی دووەم بەدوای کەم و کورتییەکانی سەروای شیعری کوردیدا دەگەڕێ و هۆی ڕووداو و ڕادەی کەم کردنەوەکەیان لە نرخی ئاوازەیی شیعردا ڕوون دەکاتەوە .

ئەنجام :

لێرەدا پوختەی بیر و بۆچوونەکانی هەر شەش بەش چڕکراوەتەوە و بە کورتی و چڕی خراوەتە ڕوو.

گیروگرفتەکان :

Scanned with CamScanner

جگه لەوەی (بابەتی نووسین) ، خۆی لە خۆیەوە ، گرفتێکە تۆژەرەوە دەست نیشانی دەکا و هەوڵ دەدا ڕانستیانە چارەسەری بکا ، لەکاتی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە سەرەکییەدا کە ڕایی کردنی کردەوەی تۆژینەوەیە ، زۆر جار هەر لەسەرەتاوە گیروگرفتی گەورە یان بچووک سەر هەڵدەدا. ئەرکی تۆژەرەوەیە بەسەریاندا زاڵ بێ بۆ ئەوەی ڕێگای لێکۆڵینەوەی لەبەردەم تەخت ببێ . ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەندێ گیروگرفتمان هاتە پێش کە گرنگترینیان ئەمانە بوون :

- گرفتێکی گەورە نەبوونی ڕاوەی ئایینەکە بە سەروا . ئەمەیش ڕادەی نەبوونی لێکۆڵینەوەی ڕانستی پێشوو لەم بوارەدا . تا لێکۆڵینەوەی ڕانستی لە بوارێکدا پەرە نەسێنێ ڕاوەی ڕانستی تێدا گەلاڵە نابێ . لە کوردیدا ، ڕانستێکی وەکو سەروانناسی بابەتێکی لێکۆڵینەوەی نوێیە ، ڕەگی قووڵ و فراوانی نییە ، بۆیە ڕاوەکانی نەچەسپاون . لەبەردو ڕوو بوونەوەی ئەم گرفتەدا ، دوو ڕێچکەمان لە پێشە :

١- بەکارهێنانی ئەو چەند ڕاوەو کەمەی سەروانناسی کە تا ئێستا کەم و زۆر لە لێکۆڵینەوەی شیعریدا بەکار هاتوون وەکو: سەروا ، تاك، چوارینە ، پێنجینە...

٢- بەکارهێنانی ڕاوەی عەرەبی و فارسی و ئەوروپی کە وەرگێڕانیان دزێوە و تا ئێستا وشەی پڕ بە پێستی خۆیان لە کوردیدا نەدۆزراوەتەوە .

هەڵبەت دەکرێ هەندێ یان هەر هەموو ئەم ڕاوانەی سەر بە سەروانناسین بکەین بە کوردی بەڵام خۆلەڕاوەسازیدان و بەم فراوانییەش کارێکی پڕ مەترسی ولێپرسینەوەیە. ئەمەمان بۆ پسپۆرانی ڕاوەسازی و ئەکادیمیای ڕانستی دواڕۆژ جێ هێشت .

- کەمی سەرچاوەی تیوری و ڕانستی لەبارەی سەرواوە . ڕاستە زۆر سەرچاوەی عەرەبی لەبەردەستدان ، هەرلە زەمانی خەلیل و ئەخفەشەوە [٢٥٩] تا ئێستا بەڵام هەموویان لەیەك بازنەدا دەخولێنەوە ، جیاوازیی نێوان ڕاناکانی سەروانناسییان زۆر کەمە ، بۆیە شتی نوێ و تازە بابەتیان دەگمەنە . لە فارسیدا بەرهەمی سەروانناسی دوو جۆرە : جۆرێکیان لەژێر کاریگەری سەروانناسی عەرەبیدا نووسراوەتەوە و هەمان ڕاوەو بابەش کردنی بەکارهێناوە ، هەرلە قەیسی ڕازییەوە [٤٠٦] تا ئێستا جگە لەزیادکردنی چەند ڕاوەیەکی کەمی وەکو قەید و حاجیب و ڕەدیف و مەزید و نایرە [٤١٠ : ١٤٥-١٥٤] . جۆری دوەمیان لەسەر بنچینەی دەنگسازی لەسەر سەروا نووسراوە ، وەك لاساکردنەوەی لێکۆڵینەوە دەنگییەکانی زمانە ئەوروپییەکان کە زیاتر دەنگو برگە کراون بە پێوەری شیکردنەوەی سەروا [٤٠٥ : ٩٥-١٠٠] .

کەچی لە زمانە ئەوروپییەکان ، لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەی برگە و فۆنۆلۆجی زۆر دیراسە کراوە ، سەروا زیاتر لەم ڕوانگەوە شیکراوەتەوە . دەنگو برگە لەباتی تیپ و حەرەکەی عەرەبی و فارسی

Scanned with CamScanner

کـۆن بـەکاردێ ، بـەکورتی سـەروایش خەریکـە دەخرێتـە نـاو فۆنۆلوجیـیـەوە ، لـەم بارەیـەوە بۆچوونەکانی لیچ [٤٦٦] و لانز [٤٧٥] و فرێزەر [٤٦٣] و مۆریس گرامۆن [٤٨٤] و ئەنتۆنیۆ کیلیس [٤٨٩] وهی تریش جێگای سوود لێ وەرگرتن بوون .

- نەبوونی یان زۆر کەمیی لێکۆڵینەوەی سەروا لە کوردیدا ، ج لـە ڕووی تیوریـیـەوە و ج لـەبارەی پەیرەوکاریـیـەوە . هـەبوونی لێکۆڵینـەوەی وا زەمینـە بـۆ تـۆژەرەوە خـۆش دەکـات و بـەردەمی ڕۆنـاک دەکاتەوە ، بەمەوە زووتر و ئاسانتر ڕێگای خۆی پێ دەدۆزرێتـەوە . بە پێچەوانـەوە ، بێ سـەرچاوەیی ئەرکی تـۆژەرەوە سـەختتر دەکـات، چونکە کارەکـەی زیـاتر لـەڕچەشکـاندن نزیـک دەبێتـەوە. ئەمـەش کارێکی ئاسـان نیـیـە . وەک چارەسـەرێکی ئـەم بـێ سـەرچاوەیـیـەی کـوردی سـوودمـان لەسـەرچاوە بیانیـیـە ڕۆژاوا ڕۆژهەلاتیـیـەکان وەرگرتوە ، بۆیە سـەرچاوەی سـەرەکیمـان لـە کوردیدا کەرەسـتەکانە کە بە زۆری شـیعری کلاسـیکی دەگرێتـەوە . لـە پشکنین و شـی‌کردنـەوەی سـەروای ئـەو شـیعرانەوە بەرەو داڕشتنی یاساو پۆلێن کردن و ئەنجام دەرخسـتن ڕۆیشتووین .

چی لەبارەی سەروای کوردییەوە نووسراوە :

لـە کوردیـدا ، کـەم لەسـەر سـەروا نووسـراوە ، لـە لێکۆڵینـەوەی گشـتیی شـیعریشـدا کـەم لای لێ کراوەتـەوە . کۆنترین شت ، بە پێی ئاگـاداری ئێمـە ، کـە لـەبارەی سـەرواوە نووسـرابێ ، ئـەو چـەند دێرەیـە کە سـاڵی ٩٢٠ ئەمین فەیزی لـە (ئەنجوومـەنی ئـەدیبان)دا لـەبارەی شـیعرێکی مەولـەوی نووسـیویە کە لـە مەسنەوییەوە چۆتـە سـەر سـەروای موتـەناویب و دەڵـێ : (مەولـەوی بە موقتـەزای ئـەو مەوقیعـە کـە تێدابـووە هیـچ چـاوی بـە شـیعری فـەرەنگنەکـەوتوە ، لـەگـەڵ ئـەوەش ، لەسـەر ئوسلووبی ئەوان شیعری نەزم کردوە . لـە قیتعـەیێکدا مەسـرەعی ئـەوەلی تەقفیـیـە کـردوە لەگـەڵ مەسـرەعی سـالیس و قافیـەی مەسـرەعی سـانی ڕێک خستوە لەگـەڵ مەسـرەعی ڕابیـع ... ئـەم ئوسـوولە خیلافی ئوسـوولی شـوعەرای ئێرانـە و مەولـەوی لـە کەسـی نەدیـوە ، مەحزەن بـە حوسـنی تەبیعـەتی خـۆی موناسـیبی زانیـوە و ئیستیعمالی کـردوە) [١٩ : ٣١] . بـەڵای منـەوە ، ئـەمـە نەلاسـاکردنـەوەی فەرەنگەو نە بە حوسنی تەبیعەتی بەشتێکی لەباری زانیوە و بەکاری هێناوە ، بەڵکو قافیە تەنگیی ناچاری کـردوە لەسـەر مەسـنەوی لابـدا و بچێتـە سـەر ئـەم سـەروا موتـەناویـە چونکە پێـش ئـەم وەرچەرخانە دەڵێ :

مەنعم مە کەردێ گرانەن دەردم
ئەر شێویا بۆ قافیـەی فـەردم [١٨٦ : ٦٩] .

سـاڵی ١٩٢٦ ، شێخ نووری شێخ سالح ، لـە ڕۆژنامەی (ژیان)دا چەند دێرێکی لـەبارەی سـەرواوە لـەژێر نـاوی (قافیـە)دا بڵاوکردۆتـەوە . لـە پێناسـە و ئـەرکی سـەروادا دەڵـێ : (قافیـە لـە نیهایـەتی هەموو مەسرەعێکدا لەبەینی هیجای ئاخیردا بە ئیعتباری تەسـەوت عیبارەتـە لـە موتابەقـەت

Scanned with CamScanner

مەقسەد لە قافیە بۆ ئیفادەی تەئمینی ئاهەنگێکی مۆسیقییە ... لە نیهایەتی مەسرەعەکاندا هیجاکانی ئاخیری مالیکی عەینی تەرزی ئەسەوت بوون ئەو تەنازورەی کە لە بەینی ئەسواتا حاسیل ئەبێ سامیعە نەواز ئەبێ ...) [٢٣٨ : ل٣] .

لەم بۆچوونەی شێخ نووریدا دوو خاڵی گرنگسەرنج رادەکێشێ :

١- لەپێناسەی سەروا دا تیپ و حەرەکەی نەکردوە بە پێوانە ، دەنگو برگەی کردوە بە پێوانە کە ئەمە وردتر و زانستی ترە .

٢- دوو ئەرکی گرنگی سەروای دەست نیشان کردوە :

أ - مسۆگەر کردنی ئاوازێکی مۆسیقی لە کۆتایی لەتە دێرەکان .

ب- ئەو خۆشی و لەگوێ زرنگانەوەی لە ئەنجامی بەیەکچوونی دەنگەکان پەیدا دەبێ .

سالی ١٩٣٩ ، جەمال عیرفان لە ژمارە (٥٠٦)ی رۆژنامەی (ژین) شتێکی لەسەر سەروا نووسیوە بەلأم خۆی لەوردەکاری سەروا نەداوە [٤٩٣ : ٢٧٨] دیسان لە ژمارە (٨٠٧)ی گەلاوێژی (٩٤٧)دا لە (٢٧) خاڵی پەندو فەلسەفەدا ، خاڵێکی بۆ سەروا داناوە (شیعر موتلەقەن قافیەی پێویست بوایە ، ئەبوایە هەر بەقەدەر قافیە شیعر ببێژرایە) [٢٢٥ : ٨٠] هەولێکە بۆ دەرخستنی پێوەندی نێوان سەروا و شیعر، کە شیعر لە سەروا گەورەترو فراوانترە .

بێکەس لە گەلاوێژی ١٩٤٣ دا ، رەخنەی لە شیعرێکی : م. کاردۆخی گرتوە کە پاش سەروای تێدایە بەلأم پەیرەوی سەروای تێدا نەکراوە و دەڵێ (ئەم شیعرە مەوزونە بەلأم وا دیارە کە : م. کاردۆخی لە ئوسوولی شیعرا نەشارەزایە چونکە دوای وشەی هەردوو مەسرەعەکە کە "جێگە" یە ، ئەبێ کەلیمەی پێش "جێگە" لەسەر یەک وەزن بێ) [٢٢٤ : ٥٥] . کاردۆخی لە وەلأمدا دەڵێ : (قافیەی شیعرێکیان چەوت بوو هەرچەندە مەوزون بوو ، چونکە نەمئەزانی دوا وشەی دوو مەسرەع . ئەگەر هاتوو یەک کەلیمە بوو پێویستە وشەی پێش ئەو دوو کەلیمەیە لەسەر یەک وەزن بێ ، ئەمەم نەزانی بوو ، بەلأم ئەمزانی زۆر لەشاعیرەکانی فارس و ئەدیبەکانی سەدەی بیستەم فەرموویانە شاعیر پێویست نییە زۆر خۆی ماندوو بکا بۆ دۆزینەوەی قافیە ، شیعر هەر مەوزون بێ بەسە ، مەبەستە لە شیعر دەرخستنی ئامانجە نەک ڕێزکردنی وشەو قافیە) [٢٣٧ : ٦٣] .

جگە لەوەی هەردووکیان (بێکەس و کاردۆخی) لە حاڵەتی هێنانی پاش سەروا دا ، باسی (مەوزوونی)ی وشەی پێشتر دەکەن نەک سەروا داریی ، کاردۆخی بۆ بەرگری لە ڕەچاو نەکردنی سەروا بەهۆی پاش سەرواوە ، ڕای شاعیرانی فارسی دەکاتە پاڵپشت کە شاعیر پێویست ناکا خۆی بە دۆزینەوەی وشەی سەروا ماندوو بکا . چونکە کێش بە پلەی یەکەم دێ کە بۆ شیعر پێویستە ،

Scanned with CamScanner

ئەم رایە لەگەڵ رای ئەرەستۆ [٢٦٣ : ١٣] و پەیرەوکەرانی شیعری رەها (المرسل) یەک دەگرێتەوە.

محەمەد سدیق عارف (حسین عارف) سالّی ١٩٥٨ کتێبی (کامەران و هۆنراوەی نوێ)ی بلاوکردەوە. پێش چوونە سەر شی‌کردنەوەو هەڵسەنگاندنی شعرەکانی کامەران لەباسێکی هۆنراوەی نوێدا کە لە هۆنراوەو شێوەو ناوەرۆک و ئیقاعەوە دەدوێ دەچێتە سەر کێش و سەرواو پێ لەسەر ئەوە ڕادەگرێ کە دەبێ سەروا بەپێی ئاوازی هۆنراوەکە بگۆڕێ و دەڵێ : ((ئەگەر هەر ناچاری بوو، ئەو قافیەیە بکرێ بەقوربانی ماناکەو وازی لێ بهێنرێ، یانی هیچ پێویست ناکا شاعیر لایەکی بیرکردنەوەی تەرخان بکا بۆ هێنانەوەی قافیە)) [١٩٢ : ١٨]. وانە حسین عارف قافیە هیچ بەپێویست نازانێ و لابردنیشی بەلاوە کارێکی ئاسایە.

ئیحسان ، سالّی ١٩٥٨ لە ڕۆژنامەی (ژین) ، لە وتارێکدا بە ناوی ((بەراوردێکی ئەدەبی کوردی)) باسی حاجی قادر دەکا: (بەڵام هەرلەم سەدەیەدا حاجی قادری کۆیی شێوەو جۆری هەڵبەستەکانی تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕی ، وە لە قافیەی یەک شێوە هەتا ڕادەیەک خۆی ڕزگار کرد)[٢٢٢] . شیعرەکانی حاجی لەبارەی سەرواوە دوو جۆرن : جۆرێکیان غەزەل و قەسیدەیە و یەکێتی سەروایان تێدا پەیڕەو کراوە ، جۆرەکەی تریان هەموی مەسنەوین بەتایبەتی شیعرە سیاسی و نیشتمانییەکانی کە لەگەڵ مەسنەویەتیدا ، بە کێشی کورت دا ڕێژتوون .

ڕەفیق حیلمی لە بەرگی دوەمی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا ، لەکاتی هەڵسەنگاندنی شیعرەکاندا زۆر جار سەروایش دەخاتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە . لەباسێکی گشتی شاعیرە کلاسیکییەکان لەدەوری سەروا دەدوێ : (ئاسۆی تەفکیری شاعیرەکان زۆر سنووردارو ماوەی قافیەبازییان ئێجگار تەنگبوە و بەهۆی ئەم قافیە تەنگی و سنووردارییەوە ماوەی شیعریان کورت بوە و هەندێ جار لە پێنج بەیت تێپەڕی نەکردوە) [٩٥ : ١٢٧] ، کە دێتە سەر شی‌کردنەوەی شیعری حەمدی و دڵدار و ڕەمزی مەلا مارف و سەلام و گۆران ... باسی سەروایش دەکات و کەم و کورتی سەروای هەندێ شیعری ئەم شاعیرانە پێشان دەدا . لەبارەی حەمدیەوە دەڵێ : (گەلێک لە شیعرەکانی لەبەر سەنعەتی لەفزو قافیە تەنگیی لە ڕەوانی و سەلاسەت مەحرووم) [٩٥ : ١١]. لە هەڵسەنگاندنی شیعری (دڵ بە دووی ئەفسانە کەوت)ی دڵدار دا ، دەڵێ (قافیەکانی زۆر جوان و شاعیرانەیە ، ئەوەندە هەیە قافیەی - وانەبێ - لەسەدری (١)ی بەیتی یەکەما هاتوە و لە عەجزی بەیتی پێنجەما دوبارەکراوەتەوە) [٩٥ : ١٣] . ئەوەی ڕەفیق حیلمی بەناتەواویی دەزانێ ، ناتەواویی نییە چونکە زۆربەی شاعیرە کلاسیکییەکان کە پەیڕەوی یەکێتی سەروایان کردوە ، سوودیان لە ئەقفیەی دوو لەتی دێری یەکەم وەرگرتوە ، وشەی سەروای لەتی یەکەمیان لە کۆتایی دێری دوەم بان دێری کۆتایی بان پێش کۆتایی دووبارەکردۆتەوە . لە باسی شیعرێکی ڕەمزی مەلا مارفدا کە لەباتی (ڕزگاریم) وشەی (ڕزگارم)ی کردوە بەسەروا دەڵێ (ئەمە زەروورەتی مەقبوولە)،

Scanned with CamScanner

لە راستیدا ئەمە یەکێکە لە کەم و کوڕتیبەکانی سەروای ئەقلیدی. دووبارە کردنەوەی وشەی سەروا لە مەدایەکی کوڕتدا نەنگێکی یەکێتی سەروایە ، ڕەفیق حیلمی ڕەخنەیەکی لەم بارەوە ئاراستەی سەلام کردوە (وشەی - ئاو - دووجار کراوە بە قافیە کە ئەمە ڕەغنەی لێ نەگیرێ) [٩٥ : ٩٢] . لە هەڵسەنگاندنی سەروای شیعرەکانی گۆراندا زۆر بە چاکی نرخیان بۆ دادەنێ (لە کاتێکا کە زۆر کەس مل کەچی قافیە ئەبن ، گۆران قافیەی مل کەچی خۆی کردوە . بۆ قافیەیەکی ناییەتی ڕەوانی و سەلاسەتی بیری خۆی نەئاڵۆزاندوە و تێك نەداوە و ڕشتەی خەیاڵی قافیە وەکو (مێوەرووت)ە بە دەسییەوە ، بەمەیلی خۆی یاری پێ ئەکا ... زۆر جاریش ڕەنگە هەر بیری لەقافیە نەکردبێتەوە لەگەڵ ئەمەشا شیعرەکانی سەراپا قافیە دارە ، چونکە چەشکەیێکی بەرزی تەبیعی وشەکانی لە وێنەی (سەجع و قافیە)دا هانیوە بەسەر زمانیا) [٩٥ : ١٧٤] .

گۆران لە موحازەرەکانیدا ، کە ساڵی ٩٦٠ و بەدواوە لە بەشی کوردی زانکۆی بەغدا لەبارەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی داویە و کاکەی فەڵاح بە زنجیرە لە ژینی ساڵی ٩٧٠ دا بڵاوی کردۆتەوە ، هەروەها لە وتاری (کۆن و تازەیی لە هەڵبەستا) کە ساڵی ٩٦١ لە گۆڤاری (هیوا)دا بڵاوی کردۆتەوە ، لای لەسەروا کردۆتەوە . لەمەی دواییداندا باسی هەڵبەستی کۆن دەکا کە هەمووی لەسەر یەك سەروا دەڕوا : (هەڵبەستی کۆن دوایی هەموو بەیتەکانی بە درێژایی کشانی قەسیدە یا غەزەل لەسەر یەك قافیە ئەڕوا ، بەڵام لە هەڵبەستی تازەدا دێرەکان - زۆرتر - دوو دوو ئەبەستێ پێکەوە ، لای ئەو پەڕی لەقافیە بەندی دێرەکانی یەك بەند زیاتر تێناپەڕێ) [٢٣٤ : ٧] . واتە سەروا و چۆنیەتی دابەشبوونی دەکا بە ڕەگەزێکی جیا کردنەوەی هەڵبەستی کۆن و تازە . لە خاڵێکی تری هەمان وتاردا ، ترنجانی یەکێتی بابەت لەناو تاکە دێردا ، بۆ تەنگیی یەکێتی سەروا دەباتەوە : (ئەو ماوە تەسکییەی یەکێتی قافیە دروستی ئەکا ، هەڵبەستی کۆنی ناچار کردوە یەکێتی بابەت - وحدة الموضوع - بترنجێنێتە ماوەی بەیت) [٢٣٤ : ٧] .

یەکەم هەوڵی فراوان و لەمانە پێشکەوتووتر بۆ تۆژینەوەی سەروا کارەکەی (دکتور) مارف خەزنەدارە لە کتێبی (کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا) ، کە (٩) لاپەڕەی بۆ لێکۆڵینەوەی (قافیەی شیعری کوردی) تەرخان کردوە [١٨٤ : ٥٦-٦٤] . پێناسەی سەروا دەکات و بەمەرجێکی گرنگو پێویستی دادەنێ بۆ شیعری کوردی . پاش دەکا کە قافیە لە زمانەکانی هیند و ئیرانی و ئینگلیزی و شیعری ڕوسی (فۆلکلۆری) کۆندا نەبوە . سەروا دابەش دوو جۆری سەرەکی دەکا : یەکێتی سەروا و سەروای ڕەنگاوڕەنگ لە پاشی یەکێتی سەروادا ، هەوڵێکی ناڕاستەوخۆ هەیە بۆ دیارکردنی سنوەری سەروا بە نموونەی سەروای یەك بڕۆن و یەك نەبڕۆن بەڵام یەك نەبڕۆن بەتەنێ سەروای پێ دروست ناکرێ هەر دەبێ یەکێتی بڕۆنی پێشەوەی ڕەچاوبکرێ جا چ کوڕت بێ (تا دەگاتە بڕۆکە) و چ درێژ بێ . ئینجا بۆ یەکەم جار لە کوردیدا پاش (پاش قافیە) دەکا . پێناسەی دەکاو دابەش دوو جۆری دەکا . ١- یەك وشەیی . ٢- ڕستە و شوبە ڕستە . لە کۆتاییدا

Scanned with CamScanner

باسێکی (مەسنەوی) و سەروای خۆ مالّی و سەروای لاوك و حەیران و دەقی ئایینی یەزیدییەکان دەکات.

عەلائەدین سەجادی سالّی ١٩٦٧ کتێبی (ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کوردی) بلاّوکردەوە. لەچەند جێگایەکدا پێناسەی سەروا دەکات و لەجیاکردنەوەی هۆنراوەو پەخشاندا سەروا بەنیشانەیەکی هۆنراوە دادەنێ. لە هەڵسەنگاندنی شیعرێکی شێخ نووریدا کە یەکێتی سەروای تێدا پەیرەوکراوە هەوڵ دەدا وردەکاری شێخ نووری لەم بارەیەوە ڕوون بکاتەوە و لە کۆتاییدا دەڵێ مەگەر تۆفیق فیکرەت ئەم ڕچەیەی شکاندبێ [١٣٧ : ٣١٨]. ئەم ڕایە بیر بەرەو کاریگەری شاعیرە نوێخوازەکانی تورکیا دەبا لەسەر شاعیرانی پێشەنگی بزووتنەوەی نوێخوازی شیعری کوردیی سەرەتای سەدەی بیستەم. بۆ سالّی (١٩٧٠) یش عەلائەدین سەجادی (نرخ شناسی) بلاّوکردەوە. لەوێش لەچەند جێگایەك باسی سەروا دەکا. سەروا بە دیمەنێکی ڕوالەتی تەواو و یەکێ لەپایە هەرە گرنگەکانی هۆنراوە دادەنێ [١٣٨ : ١٠٣]. ئینجا باسی سەروای دوو تاکی و قەسیدە و غەزەل دەکات و لەبارەی سەروای شیعریی نەتەوەکانی تردەوە دەڵێ سەروا لە یۆنانی کۆن و ئەڤێستادا نەبوە.

فەرەیدون عەلی ئەمین لە (چەند سەرنجێك لە پیرەمێردی شاعیر)دا باسێکی بۆ (پیرەمێرد و قافیەی شیعر) تەرخان کردووە. پێناسەی سەروا دەکات و بۆ دەرخستنی وەستاکاری پیرەمێرد لەسەروا سازیدا، پێشەکی پێنج دێری شاعیرانی تر دێنێ کە بەلای خۆیەوە سەروایان بێ هێزە، بۆ ئەوەی بەهۆی بێ هێزیی سەروای ئەو شعرانەوە بەهێزیی سەروای شیعری پیرەمێرد دەربخات، بەڵام تەنیا دوو دێری پیرەمێردی بەنموونە هێناوەو بەس [١٥٣ : ٢٧-٣٠].

نووسەری ئەم کتێبەش سالّی ١٩٧١ لەهەڵسەنگاندنی (خەندەکەی بایی)ی بڵێدا دوو وتاری بلاّوکردەوە. یەکەمیان بەناوی (هۆنراوەی کوردی و عەروزی عەرەبی) [٢٣٠] و ئەوەی تر بەناوی (خەندەکەی بایی) [١٢٣٠]، یەدەم باسەکەوە هەندێ لە دابەش بوونی سەروای شیعر دواوە بەڵام لە موەششەحدا چونکە (خەندەکەی بایی) بە موەششەح نووسراوە.

محەمەد فەریق حەسەن سالّی ١٩٧٥ وتارێکی لەگۆڤاری (بەیان)دا بلاّوکردەوە بەناوی (ئاخۆ هۆنراوەی کۆن هەتا کەی بر ئەکات). بۆ بەرگری کردن لەشیعری کلاسیکی بێ لەسەر گرنگی ئەو جۆرە شعرە دادەگرێ کە سەروادارەو لەم بارەیەوە دەڵێ : (مەسەلەی سەروا شتێکی کاتی و کەم نییە تاکو بەئاسانی بتوانین پشت گوێی بخەین) [١٢٣٧ : ٦].

ئازاد عەبدولواحید لە ژمارە (٥٩)ی (بەیان)دا وتارێکی لەسەر سەروای دیوانی (پرچی ئەو کچە..)ی لەتیف هەڵمەت نووسیوە. هەوڵیی داوە لەبارەی سەرواوە شیعرەکان هەڵسەنگێنێ. وتارەکە هەندێ سەرنجی ورد و چاکی تێدایە بەڵام زۆر جار لەباسە سەرەکییەکە دەردەچێ بۆ کێش

Scanned with CamScanner

و بەوانبێژی و هەندێ جاریش سۆزی هەڵچوونی هەڵمەتی نازانستی پێ دەباتە سەر هەڵمەت و دیوانەکەی، بێ ئەوەی هیچ بنەمای بابەتی و زانستی لە بۆچوونەکانی دا هەبێ [٢٢١ : ١٤-١٨].

کەمال غەمبار لە ژمارە (٦٣)ی (بەیان)دا وەڵامی نازاد عەبدولواحیدی داوەتەوەو بەرگری لەهەڵمەت دەکات و راو بۆچوونەکانی نازاد ڕەت دەکاتەوە. ئەگەرچی هەندێ بۆچوونی لەبارەی سەروای شیعری هەڵمەت ڕاستە، بەڵام ئەوەندە هەیە بەرگری لە کەم و کورتیەکانیشی دەکات.

کەریم شارەزا لەبەرگی یازدەمینی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد باسێکی بەناوی (ساغ کردنەوەی هەندێ گێروگرفتی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی) [٢٢٣] بڵاو کردۆتەوە و چەند لاپەڕەیەکی (٢٤٢-٢٦١) بۆ دۆزینەوە و بڵێشاندانی کەم و کورتیەکانی سەروای شیعری حاجی تەرخان کردوە. (١٩) تێبینی وردی نۆمار کردوە. هەر هەموویان لاوازی و ناتەواویی دێرەکان دەردەخەن ولە هەندێ شوێنیدا شارەزایی لەسەروا ناسیدا دەبێ بەهۆیەك بۆ دۆزینەوە و چەسپاندنی شێوەی دروستی دێرە شیعرێ کە بەشێوەی جیا جیا بڵاوکراوەتەوە [٢٢٣ : ٢٤٨].

یەکێکی تر کە باسی سەروای کردوە محەمەد سەعیدی ئیبراهیمی محەمەدییە لە گ ی (گەشتێ لە عیلمی بەلاغە)، کە لاپەڕەکانی (١٠٩-١٣٣)ی بۆ لێکۆڵینەوەی سەروای شـ ری کوردی داناوە. جگە لە پێناسەی سەروا و بەشەکانی، هونەرە شیعرییەکانی وەکو مەسـ وی و چوارینە و پێنجینە و غەزەل..ی باس کردوە و نموونەی بۆ هێناون، لەڕۆر شوێندا شیعری کوردی و فارسی لە ڕوانگەی سەرواوە بەراورد کردوە و نموونەی بە هەردوو زمان هێناوە [١٩٣ : ١٠٩-١٣٣].

لە کۆنایی هەشتاکان و لەنەوەدەکان کۆمەڵێ نامەی ئەکادیمی بۆ سەندنی بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرا لەبارەی شیعر و شاعیرانی کوردەوە پێشکەش زانکۆکانی هەندەران و زانکۆی سەلاحەدین و بەغدا کراوە. هەندێکیان چەند لاپەڕەیەکیان بۆ سەروا تەرخان کردوە، بەڵام زۆربەیان مەبەستی سەرەکییان شی کردنەوەی سەروای شیعرەکان نەبوە، هەر تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بەرنامەی نووسین ئەم بەشەی سەروایان تێ خستوە، بۆیە زۆری نێدا قوڵ نەبوونەتەوە هەر تەنیا بە وەرگرتن و لێکدانەوەی چەند ڕاڕاوەیەکی سەروا ناسی عەرەبی و بەیرەوکردنی بەسەر شیعری کوردیدا وازیان هێناوە، وەکو نامەکانی ژمارە [٤٩١]، [٤٩٦]. لەو نامانە دڵشاد عەلی لەهەریەکە لە نامەکانیدا (ماجستێر و دکتۆرا) چەند لاپەڕەیەکی بۆ شی کردنەوەی سەروا تەرخان کردوە. لە نامەی ماجستێرەکەیدا (بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا) [٤٩٢]، (٢٦) لاپەڕەی بۆ سەروا داناوە. لەسەرەتادا ڕای چەند نووسەرێکی بیانی و کوردی لەبارەی سەرواوە هێناوە و موناقەشەی کردوون. پاشان ڕۆڵی سەروای لەبنیاتی هەڵبەستدا ڕون کردۆتەوە. لەنامەی دکتۆرایشیدا (دیلانی مرۆڤ و شاعیر، باسێکی بۆ سەروای شیعری دیلان

Scanned with CamScanner

ئەرخان کردوە و لە ڕوانگەی یەکێتی سەرواو سەروای ڕەنگاو ڕەنگەوە شیعرەکانی هەڵسەنگاندوە. ئەوەی لەم دوو نامەیەدا لە دڵشاد دەگیرێ ئەوەیە ، لەنامەی ماجستێرەکەیدا شێخ نووری بە یەکەم نووسەری کورد دادەنێ کە سالی ٩٢٦ لە (ژیان)دا باسی سەروای کردوە و بیرو ڕاکانی لەم ڕووەوە شی کردۆتەوە [٤٩٢ : ١٠٣] ، کەچی لەنامەی دکتۆراکەیدا لەدیار کردنی سەرەتای باس کردنی سەروا لە کوردیدا دەڵێ : (ئەوەندەی من ئاگادارم یەکەم کەس باسی قافیەی کرد بێ لە کوردیدا جەمال عیرفانە ، لە سیپەکان لە ڕۆژنامەی (ژین) شتێکی نووسیوە) [٤٩٣ : ٢٧٨]. دڵشاد نەدەبوو لە بیری بچێ کە لەنامەی ماجستێرەکەیدا ئاگادارە شێخ نووری لە (٩٢٦) باسی سەروای کردوە ، بۆیە نەدەبوو لەنامەی دکتۆراکەیدا جەمال عیرفان بەیەکەم کەس دابنێ کە باسی سەروای کردوە ، جگە لەمانەش وەک پێشتر باسمان کرد یەکەم کەس ئەمین فەیزیە لە کوردیدا باسی سەروای شیعرێکی تایبەتی مەولەوی کردوە ، بۆی هەیە پێش ئەمین فەیزیش نووسەر هەبێ لەسەروای کۆڵیبێتەوە بەڵام ئێمە نەماندیبێ .

جگە لە دڵشاد ، عەبدوللا خدر مەولوودیش لەنامەی ماجستێرەکەیدا (لێکۆڵینەوەیەک لە شیعری حەمدی) چەند لاپەڕەیەکی بۆ سەروا تەرخان کردوە [٤٩٥ : ١٠٢-١١٢] . لەم باسەدا ، پێناسەی سەروای کردوە و لەپاش سەروا دواوە وباسی هەندێ لایەنی دابەشبوونی سەروای کردوە، سەروای شیعری لای حەمدی ڕون کردۆتەوە ، چەند خاڵێکی جوانکاری سەروای حەمدی دەرخستوە و هەندێ کەم و کوڕتیشی پێشان داوە و نموونەی بۆ هێناون .

کەمال مەعرووف سالی ١٩٩٢ ، کتێبی (بزووتنەوەی نوێخوازی لە شیعری تازەی کوردیدا ٩١٤-٩٦٥)ی بەعەرەبی لە ستۆکهۆلم بڵاوکردەوە [٤٣٤ : ٢٦٢-٢٦٧] . پێناسەی سەروای لەچەند سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە و باسی ڕەوی و ڕەدیفی کردوە بەڵام ڕیدف و ڕەدیفی لێ تێکەڵ بوە ، چونکە ئەمانە یەک شت نین . ریدف لەسەروا ناسی عەرەبیدا شتێکە و ڕەدیف لەسەروا ناسی فارسیدا شتێکی ترە . کەمال مەعرووف زاراوەی ڕەدیفی داوە بەڵام پێناسەی ریدفی بۆ نووسیوە. لەبەر ئەوەی سنووری ڕەوی و پاش ڕەوی لەلا ڕون نەبوە ، لەشوێنێکدا ئەم دوەی تێکەڵ کردوە ، پاش ڕەوی بەڕەوی ناوە بۆیە نموونەیەکی بۆ زاراوەی (تأسیس) هێناوە کە تەئسیسی تێدا نییە. لەباسی کەم و کوڕتییەکانی سەروا دا لە (ایطاء) دواوە و نموونەیەکی بۆ هێناوە ، بەڵام نە پێناسەکەی وردەو نە نموونەکەیشی دروستە . لەبارەی (التضمین)یش هەمان شتە . تەزمین لە ڕەوانبێژی مانایەکی هەیە و لەسەروا ناسی مانایەکی تری هەیە . کەمال مەعرووف باسی تەزمینی سەروا ناسی دەکا کەچی پێناسەی تەزمینی ڕەوانبێژی هێناوە ، ئەو نموونەی کە هێناویشیە هەر بۆ مانا ڕەوانبێژییەکەی تەزمین دەچێتەوە نەک بۆ سەروا ناسی .

Scanned with CamScanner

چەند تێبینییەک :

لەکاتی نووسینەوەی ئەم نامەیەدا چەند خاڵێکمان پەیرەو کردوە واچاکە لێرەدا ئاماژەیان بۆ بکەین :- لەکاتی بەراوردکردنی هەندێ دیاردەی سەروای کوردی لەگەڵ سەروای نەتەوەکانی تر کەمتر بایەخمان بەهێنانەوەی نموونەی بێگانە داوە، چونکە ئەم هەموو نموونە هێنانەوە شوێنێکی زۆر دادەگرێ ، بۆیە تەنیا ئیشارەتمان بۆ سەرچاوەکە کردوە بۆ ئەوەی خوێنەر ئەگەر مەبەستی بێ ، بەئاسانی بتوانێ بگەڕێتەوە سەری .

- لەهەندێ شوێندا ، پێویستمان بە ئەژمار و جەرد بووە ، لەهەر حاڵەتێکدا چەند دیوانێکمان بە نموونە وەرگرتوە و ئەژمارەکەمان لەسەر بنیات ناوە ، چونکە ئەستەمە بۆ هەموو دیاردەیەک بچینەوە سەر سەراپای شیعری کوردی .

- قۆرسایی هەرە بنچینەیی لێکۆڵینەوەکە کەوتۆتە سەر شیعری کلاسیکی ، لەگەڵ ئەوەشدا جارووبار ئاوڕ لەشیعری فۆلکلۆری دراوەتەوە و باسێکیش بۆ سەروای شیعری نوێ (ئەوەی بە ئازاد ناسراوە) داندراوە .

- لەبەکارهێنانی پەراوێز و سەرچاوە ، رێبازی (ئاکردن - خزن - کۆد)مان بەکار هێناوە . لە کۆتاییدا هەموو سەرچاوەکان نووسراون و ژمارەیان بۆ داندراوە ، لەهەر کوێ شتێ لەسەرچاوەیەک وەرگیرابێ یان ئیشارەتی پێ درابێ ژمارەی سەرچاوەکە و لاپەڕەکە لەناو دووکەوانەی گەورە نووسراوە وەکو بۆ نموونە [١٠٠ : ٥١] واتە سەرچاوەی ژمارە (١٠٠) کە (دیوانی سافیبە) ، لاپەڕە(٥١) . ئەگەر لاپەڕە نەنووسرا بوو ، تەنیا ژمارەیەک هەبوو ، ئەوە تەنیا ئیشارەتە بە سەرچاوەکە و بەس ، هیچی لێ وەرنەگیراوە .

- لەسەرچاوەکان ، یەک سەرچاوەی ئاسوورییە ، خۆم کە ئاسووری نازانم مامۆستا حەننا عەبدولئەحەد رۆفۆ بۆی خوێندمەوە و چی بەکەلک ئێرە دەهات بۆی کردم بە کوردی ، بۆ سەرچاوەی تورکی کە کۆمەڵێ شیعری شاعیرە نوێخوازەکانی تورکە وەکو توفیق فیکرەت و جەناب شەهابەدین و ئەحمەد کەمال و ئیسماعیل سەفا و حسین دانش و سیرەت و محەمەد روشدی ... یە ، هەموویم لە دوو بەرگی رۆژنامەی (ثروت فنون) وەرگرتووە کەلە کتێبخانەی د. مارف خەزنەدار هەن . ئەگەر چی تورکی نازانم بەڵام سەروای شیعرەکان بەجۆری رەوی و چۆنیەتی دابەشبوونیبەوە ئاشکرا دیارە . یەک سەرچاوەی ئینگلیزیم بەدەستەوە بوو کە بەهەشتی دانتیبە ، ئەویش جگە لەوەی وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەشی لەبەر دەستە ، لە ئەسپانیبەوە نزیکە ، خۆ سیستەمی سەرواکەیش ، کە مەبەستی سەرەکی ئێمە ئەوەیانە ، ئاشکرا دیارە . لەمانە بەوڵاوە سەرچاوەکانی تر بەو ژمانەن کە راستەوخۆ سوودمان لێ وەرگرتوون .

Scanned with CamScanner

دەروازەیەک

سەروا

زاراوە و چەمک

زاراوەی سەروا :

بەرلە شی‌کردنەوە و لێکدانەوەی زاراوەی (سەروا) ، دەبێ بزانین زاراوە (وشەیەکە یان تەعبیرێکە، لە هەندێ بەکارهێناندا مانایەکی تایبەتی هەیە ، یان تایبەتە بە زانستێ یان هونەرێ یان پیشەیێ ، یان بابەتێ ...) [٥٠٨ : ١٢٠٣] . ئەو وشەیەی دەکرێ بە زاراوە یان تۆژەرەوانی مەیدانی بابەتەکە لە رەوتی لێکۆڵینەوەکانیاندا دایدەنێن و لەئەنجامی بەکارهێنانی زۆرەوە مانا زاراوەییەکەی دەچەسپێ یان ئەوەتە وشەکە لە بوارێکی تردە بۆ بواری ئەو زانستە دەگوازرێتەوە و دەکرێ بە زاراوە ، ئەو بوارانەی وشەیان لێ وەردەگیرێ بۆ زاراوە ئەمانەن : زمانی بێگانە ، زاراوەی زانستەکانی تر[٣٨٠ : ٧٤-٨١] . واتە زاراوە یان لە زمانی نەتەوایەتییەوە وەردەگیرێ یان لەزمانێکی بیانی دەخوازرێتەوە ، بەڵام لای هەموو کارکەرەکانی بواری ئەو زانستەی زاراوەکەی تێدا بەکاردێ یەک چەمک و هەمان چەمکی هەیە . یەکێتی چەمکی زاراوە یەکێتی بیری نەتەوایەتی لە بواری زانستدا دەستە بەر دەکات (یەکێتی فیکری و سیاسی نەتەوە لە یەکێتی زاراوەکانی لە بواری زانستی مرۆڤایەتی و زانستی ڕووت و تەکنۆلۆژیادا خۆی دەنوێنێ) [٢٢٧ : ٩٤] . هەر بۆیەشە هەر بوارێکی هونەری و زانستی پێویستی بە زاراوەی تایبەتی خۆی هەیە. یەکێتی زاراوە هۆیەکی سەرەکی ڕێکخستن و پێشخستنی زانستە بە زمانی نەتەوایەتی و بیر کردنەوە لە ئاڕاوە و تێکەڵ و پێکەڵی بەرە و ڕێک و پێکی و وردی و خانە بەندی دەبات . ڕێبازی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەگەڵ زاراوەسازیدا لەپەیوەندی و کارلێکی دیالیکتیکی دان. وشەی فەرهەنگی نەتەوایەتی کە وەکو زاراوە لە بوارێکی زانستیدا دەخرێتە گەڕ پەیوەندی بەمانا فەرهەنگییەکەوە دوور بێ یان نزیک گرنگ نییە . لەلایەکی تریشەوە خواستنەوەی زاراوەی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی بە زمانی نەتەوایەتی جیهانێتی زانست و چەمکەکان پتەوتر دەکات. لەهەردوو بارەدا ئەوەی زاراوەکە دەچەسپێنێ دوو هۆکاری سەرەکییە : ١- لە ڕووی کاتەوە ماوەیەکی زۆر بەکار بێ . ٢- لە ڕووی شوێنەوە بە فراوانی لای هەموو ئەو کەسانەی خەریکی ئەو زانستە دەبن بەکار بێ .

ئەو زاراوەی بۆ زانستی سەروا (سەروانناسی) دانەدراوە ، لای هەر نەتەوەیەک مێژوویەکی

Scanned with CamScanner

تایبەتی هەیە و بۆ سەرچاوەیەکی تایبەتی دەگەڕێنەوە .

ئەو ڕاوەی لە هەندێ زمانی ئەوروپیدا بۆ ئەم ڕانستە داندراوە ،لە ئینگلیزیدا (- Rime Rhyme)[٥٠٩ : ٩٩٥] و لە فەرەنسیدا (Rime)[٥٠٧ : ٨٨٣] و لە ئەسپانیدا (Rima)[٥٠٢ : ٤٠٥] و لە ئەلمانیدا (Reim)[٣٥٠ : ٢] و لە ئیتالیدا (Rima)[٥٠٣ : ٦٩٠] و لە ڕووسیدا (puфma)[٥٠١ : ٦٤٨] . هەموو ئەم وشانە لەوشەی (Rhythmos)ی گریکییەوە هاتوون کە لە لاتینی یەکەم جار بوە بە (Rhythmus) و پاشان وردە وردە گۆڕاوە و بوە بە (rithmi) کە بەمانای هاتنی ڕوبارو هەڵچوونی ئاو دێ .

وشەی (arithmos) کە لە هەمان چاوگەوە هاتوە بە مانای ژمارە دێ ،لەم وشەیشەوە (rim) ژمارە و (dorima) بژمێرە داتاشراون . لەهەمان سەرچاوەوە وشەیەکی تری وەکو (ritus) و (rite) وەرگیراوە کە ویردو تەقسی ئایینی دەگەیەنێ . لە لاتینیدا (rithmo) بۆ شیعری هێزار و چەندی بەکار هاتوە و لەئەلمانی کۆندا (rim) بە کۆمەڵە کەسێ وتراوە کە بە شێوەی بازنەیی بوەستن ،لە ڕۆمانیدا فەرمانی (remore) مانای ڕێکخستن دەدا بە شێوەی زنجیرە ،لە فەرەنسی کۆنیشدا (rimer) بە مانای زنجیرە هاتوە [٣٥٠ : ٢،١] . ئەو ڕاوەی ئێستا لەو زمانانە بۆ سەروا بەکار دێ ، لەگەڵ ئەو ڕاوەی بۆ تریە - ئیقاع - ڕیتم - بەکاردێ لەسەرەتادا یەک وشە بوو ، (rhythm). پاشان کە زمانە ئەوروپییەکان پێک هاتن و وشە و ڕاوەی لاتینی بەناو نەتەوەکان و ڕانستی باوی ئەوسا بلاوبوەوە، وردە وردە جیاوازی کەوتە نێوان ئەو ڕاوانەی بۆ سەرواو ڕیتم بەکار دەهاتن بە تایبەتی لەسەدەی حەفدەمدا ، (rhyme) و (rhythm) بەتەواوی لەیەک جیا بوونەوە و هەریەکە چەمکی خۆی وەرگرت [٥٠٣ : ٣٧١] . کەواتە وشەکە لە بنچینەدا و بەدەم گۆڕانەوە بەمانای هەڵچوونی ڕوبار (هەڵچوونی سۆز) و ژمارە و زنجیرە و بازنە و ویرد هاتوە کە هەموویان لە مانای شیعرو سەرواوە نزیک دەبنەوە .

لە عەرەبی و ئەو زمانانەی کەوتوونەتە ژێر کاریگەری عەرەبی - ئیسلامی وەکو فارس و کورد و تورک ... وشەی (القافیه)ی عەرەبی بۆ دیاردەی سەروا بەکار هاتوە. وشەکە لە (قفا-یقفو) هاتوە کە لەزماندا بەسێ مانای جیاواز هاتوە : ١- پشتە مل ، (قفا الجبل) پشتی چیا ، ٢- بژاردن و ڕیزنواندن ، القفوه واتا دەستەی هەڵبژاردە ، ٣- نەنگی ، وشەی القفو واتای بوختان کردن [٢٨٢ : ١٧-٢٠] . قافیە بەچەمکە ڕاوەکەی لە مانای یەکەم نزیک دەبێتەوە کە بە دوای یەکترا هاتنە . ئەخفەش دەڵێ بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە شوێن ئەوانەی پێش خۆی دەکەوێ[٢٥٩ : ٥١] . دورەید دەڵێ : (بۆیە پێی دەگوترێ -قافیە- چونکە دوای یەکتر دەکەون)[٢٨٢ : ٢٣] . ئیبن ڕەشیق دەڵێ : (قافیە بۆیە وای پێ گوتراوە چونکە شوێنی هەموو دێرێک هەڵدەگرێ ، هەندێ دەڵێن چونکە شوێنی هاوڕێکانی دەکەوێ ، من یەکەمیانم بەلاوە پەسندترە)[٢٤٦ : ١٥٤] . بەکورتی وشەکە بۆلە

Scanned with CamScanner

شوێن بەك هاننی دەنگە وەك بەكەكانی كۆنایی دێرەكان هاتوە. ئەم وشەیە (القافیه) لە عەرەبی و لە بواری زانستی خۆیدا زۆر جار بۆ چەمكی لە خۆی فراوانتر (نیوە دێر یان سەرپای قەسیدە) بەكار هاتوە و زۆر جاریش بۆ چەمكی لە خۆی تەسكتر (تەنیا رەوی) بەكار هاتوە [٢٨٢ : ٢٢-٢٣]. لەفارسیشدا هەمان وشە (قافیه) یان لە عەرەبی خواستۆتەوەو وەك زاراوە بۆ هەمان چەمك بەكاری دێنن. كۆنترین عەرووز نووسی فارسی، قەیسی رازی دەڵێ: (قافیه بۆیه وای پێ دەگوترێ چونكه له پشتی (دوای) بەشەكانی دێره شیعر دەردەكەوێ و دێر بەوەوه تەواو دەبێ و ئەسلەكەی له -قفوت فلانا- هاتوه) [٤٠٢ : ١٩٢-١٩٣].

لە كوردیدا، زۆر وشەی جۆراوجۆر بۆ ئەم دیاردەیە بەكارهاتوە. ئەم رێك نەكەوتنەش دەبێ بەهۆی شێوانی بیرو لێك پچڕانی بیرو بۆچوون و باش لەیەك نەگەیشتن، بۆیە یەكخستنی زاراوەیەكی وا سەرەكی كە هەموو زانستەكەی لە ژێردا كۆدەبێتەوە كارێكی زۆر پێویستە. هەر لەسەرەتاوە تا شەستەكان و دەرچوونی كتێبی (ئەدەبی كوردی و لێكۆڵینەوە لە ئەدەبی كوردی) هەر وشەی قافیە بەكارهاتوە. زۆر شاعیری وەكو مەولەوی [١٨٦ : ٦٩] و حاجی [٦٠ : ٩٩] و پیرەمێرد [٤٣ : ٢٤٣] و... لە شیعرەكانیاندا بەكاریان هێناوە. لە تۆژەرەوەكانیش ئەمین فەیزی [٩٩ : ٣١] و شێخ نووری [٢٣٨] و جەمال عیرفان [٢٢٥] و رەفیق حیلمی [٩٥] و گۆران [٢٣٤] و د.مارف [١٨٤] و... هەر وشەی قافیەیان بەكار هێناوە. زاراوەی تریش لەم لاولەولا بەكارهاتوە وەكو محەمەد سەعیدی ئیبراهیمی محەمەدی لە (گەشتێ لە عیلمی بەلاغەدا) زاراوەی (دواخشت)ی بەكارهێناوە [١٩٣ : ١٠٩]. پیربالّ مەحموود لە دێرە شیعرێكدا (كێش و لەنگەر)ی بۆوەزن و قافیە داناوە و لە پەراوێزدا مانای رووت كردووەتەوە :

خامە ناتوانێ وێنەی بكێشێ بەگشت ئەندێشە و كێش و لەنگەرێ [٤٦ : ١٦٤].

بەڵام گۆران [٢٣٤ : ٧] و عەبدورەزاق بیمار [١٢٨ : ١٢-١٣] وشەی لەنگەریان وەكو زاراوەیەكی كێشناسی بۆ نەبرو هێز (stress) بەكارهێناوە كە بە فارسی (تكیه)ی بۆ داندراوە [٣٩٠ : ١٤٨].

ئەوەندەی من ئاگادارم، یەكەم كەس لە كوردیدا عەلائەدین سەجادی ساڵی ٩٦٧ لە (ئەدەبی كوردی..) وشەی (سەروا)ی وەكو زاراوە بەرامبەر بە قافیەی عەرەبی بەكارهێناوە. لەوساوە زۆر نووسەر و تۆژەرەوەی كورد لەوتار و كتێبەكانیاندا سەروایان بەكارهێناوە و زۆریش تا ئێستایش هەر قافیە بەكار دێنن و دان بە سەروادا نانێن وەكو زاراوەی قافیە.

وشەی (سەروا) دەشێ بنچینەیەكی ئێرانی هەبێ و دەشێ وشەیەكی كوردی پەسەن بێ، لە هەردوو باردا شیاوی بوونە زاراوەی تێدا هەیە كە دەشێ وشەیەكی پەسەنی خۆمالّی بكرێ بە زاراوە و دەشێ وشەیەكی بیانی بۆ بخوازرێتەوە وەك باس كرا.

Scanned with CamScanner

وشەی (سروا) لە فەرهەنگی (قاطع)ی فارسیدا بەم جۆرە مانای لێ دراوەتەوە : (لەسەر کێشی بەروا ، بەمانای قسە و ئاخاوتن دێ ، بەمانای ئەفسانەی درۆ و شیعریش گوتراوە) [٤٩٧ : ٧٢٢].
وشەی (سرواد)یش کە لە سەروا نزیکە بەم جۆرە لێکدراوەتەوە : (لەسەر کێشی فەرهاد ، بەقسەی هۆنراوە و شیعر دەڵێن ، بەمانای ئەفسانە و جادو و سرووديش هاتوە) [٤٩٧ : ٧٢٢] ، وشەی (سروادە)ش کە لەوانەوە نزیکە بەم مانایە هاتوە (بە فەتحی یەکەم ، لەسەر کێشی شەهزادە ، بە قافیەی شیعر دەڵێن ، وەکو بەهار و نیگار و هەزار ، وە زەمین و کەمین و ئەمین) [٤٩٧ : ٧٢٢].
کەچی ئەم سێ وشەیەی سەرەوە لە فەرهەنگی (جامع)دا بەم جۆرە مانایان لێ دراوەتەوە ، یەک لەدوای یەک : (چیرۆکی گیاندارانی خەیاڵی ، درۆ ، ڕاپۆرتی ساختە ، ساز کۆت ، ساختمانی بەردەم وااڵ ، وشە) ، (شیعر ، سرود ، گۆرانی ، بێهووده ، قسەی پووچ) ، (دوانە بزوێنی دێرە شیعر کە هەموو دێرەکانی تری لەگەڵ هاوسەروان) [٥٠٨ : ٦٧٩] . وەک دیارە وشەی سێیەم (سەروادە) لەهەردوو فەرهەنگدا بەرامبەر بە قافیە دێ ، وشەکانی تریش (سەروا) ، (سەرواد) ، مانای شیعریان تێدایە و دەشێ لە ڕووی پەیوەندی و ناونانی پاژوگشتەوە بۆ قافیە بەکار بێن . ئەمە گریمانەیەکە کە سەجادی وشەی سەروای لەم ئەسلە فارسیانەوە وەرگرتبێ ، بەاڵم لە هەمان کتێب و لە نووسینی تریشدا هەوڵی داوە وشەی ئێرانی بۆ ڕاوەی جیا جیا لە کوردیدا بەکار بێنێ وەکو : تەرۆم ، چامە ، چکامە ، جگە لە وشەی فارسی تری وەکو گورزارشت و گوداڕە و گەوارا و ... هتد .

بۆیشی هەیە وشەکە بنچینەیەکی کوردی ڕەسەنی هەبێ و لەمانای گشتی و فەرهەنگییەوە بۆ ڕاوەی قافیە بەکار هاتبێ . وشەی سەرهۆ و سەروا لەناوچەی گەرمیان وەکو ڕاوەی جوتیاریی و زەوی کێڵاڵن بۆ کۆتایی دێرە جووت بەکار دێ کە لە ناوچەی هەولێرا بە (سەرسەدە) هاتوە . بەو مانایە ، سەروا کۆتایی دێرە و جوتیار لەوێوە هۆ دەداتەوە بۆ دێڕێکی نوێ ، دیاردەی دووبارە بوونەوەی دەنگیش لە کۆتایی دێرە شیعر دێ ، بۆیە لێکچوونێک لە نێوان مانای زمانەوانی و مانای ڕاوەیی وشەکەدا هەیە . بێجگە لەوەی وشەی (دێر)یش کە بۆ (بیت - line) بەکاربراوە ڕاوەیەکی جوتیاریی و زەوی کێڵانە ، لەزماندا بۆ خەتی جووت بەکاردێ و لە شیعردا بۆ بەیتە شیعر کە یەک خەتە . وەک ئەوەی لاپەڕە پارچە زەوی بێت و خەتە شیعرەکان دێرە جووت بن و سەرواکان سەر سەدە و کۆتایی دێرە جووت بن . هەردوو وشەیش سەروا و سەرهۆ لەیەکەوە نزیکن. بۆی هەیە (سەروا) سووک کراوەی (سەرهۆ) بێ (سەروۆ ، سەروا) ، کە (سەرهۆ)یش لە دوو پارچە پێک هاتوە (سەر+هۆ). (سەر) لێرەدا بەمانای سەرەتایە و (هۆ)یش بادانەوەیە ، وانە سەرەتای بادانەوە ، لەوێوە بادانەوە دەست پێ دەکا بۆ دێری نوێ، (هۆدانەوە = بادانەوە) ، جوتیار لەسەر سەدە هۆ دەداتەوە . بۆیشی هەیە (سەروا) وشەیەکی سەربەخۆ بێت لە (سەر+وا) دروست بووبێ ، لەسەر شێوەی (پێشەوا ، دەستەوا ، نانەوا) ، لە هەردوو بارەدا ڕاوەکە لەو

Scanned with CamScanner

چەمکەی بۆی بەکاردێ نزیکە ، چ سەروا خۆی وشەیەکی رەسەن بێ و چ سواوی سەرهۆبێ و چ لە (سرواده)ی فارسییەوە سووك کرابێ بۆ سەروا ، گرنگئەوەیە بۆیەکەم جار سەجادی بەکاری هێناوە و پاش ئەویش نووسەرانی تر بەکاریان هێناوە بەلأم وەك وشەیەکی فەرهەنگی ، پێشتر لە فەرهەنگی (خال ٩٦٤) و دواتر لە فەرهەنگی (هەمبانە بۆرینەدا ١٣٦٩ خورشیدی) نووسراوە . بۆیە ئێمە بە پەسندمان زانی (سەروا) بچەسپێنین و پشت لە قافیەی عەرەبی بکەین .

چەمکی سەروا :

لەبارەی چەمکی سەرواوە ، لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیدا هاتوە : (ئەم دیاردەیە - سەروا - ئەو کاتە دەردەکەوێ کە دوو وشە یان زیاتر دەنگی بڕگەکانی کۆتایییان یەك بێ و بە جۆرێ دابندرێن هەریەکە زایەڵە و دەنگدانەوەی ئەوەی تر بێ . سەروا لەلایەن شاعیرانەوە بەکاردێ بەلأم هەندێ جار پەخشانئووسیش بەکاری دێنن بۆ بەرهەمهێنانی دەنگی وا کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن و پارچە (ستانزا) کانی شیعر یەك دەخەن) [٥٠٦ : ٥٥٨] . دەنگی کۆتایی وشەکانی وەکو یەك دانەناوە ، بەڵکو بە زایەڵە و دەنگدانەوەی یەکتری دانان ، چونکە مەرج نییە لە هەموو زمانەکاندا دەنگی کۆتایی وشەکان کت و مت یەك شت بن ، دەشێ - هەرهیچ نەبێ لەزمانێکی وەکو ئینگلیزیدا - وشەکان تەنیا دوا بزوێنی هێزداریان -stressed- یەك بێ و نەبزوێنەکانیان جیا بێ . فرێزەر لە پێناسەی سەروادا نەبزوێنی دوای بزوێنی هێزداری کۆتاییش دەچەسپێنێ (C+v-.) (دوو وشە ئەو کاتە دەبن بە سەروادار کە بزوێنی سەرەکییان هێزدار بێ و هەر نەبزوێنێکی دوای بزوێنەکە بێ لە هەردوو وشەدا یەك شت بێ بەلأم نەبزوێنی پێش بزوێنە هێزدارەکە جیا بێ) [٤٦٣ : ٦٠-٦١] . لین و لیزلی/ش پێناسەکەیان لەمانە نزیك دەبێتەوە (دێرەکانی شیعر ئەو حەلە هاوسەروا دەبن کە دوا وشەیان بە دەنگی لەیەکچوو کۆتایی هاتبێ . مەبەست لە کۆتایی وشە بزوێنی دوا بڕگەی هێزدار و هەموو دەنگەکانی دواوەیەتی) [٤٧٦ : ٤٠] ئەوەی لەم پێناسەیە سەرنج ڕادەکێشێ شوێنی سەروا دیارکراوەکە کۆتایی شیعرە ، بەلأم مەرج نییە سەروا هەمیشە هەر لە کۆتایی دێر بێ (سەروای کۆتایی لە کۆتایی دێر دێ تا زایەڵەی کۆتایی دێرێکی تر بداتەوە ، ئەمەیە سەروای هەرەبا و بەلأم سەروای ناوەوەیش هەیە -lionine- کە بە زۆری وەکو دیاردەیەکی وەختی بەکاردێ) [٥٠٦ : ٥٥٨] . لێرەدا لە ئاستی وشەدا باسی سەروا کراوە و بە دێرە شیعرو هۆنراوە نەبەسراوەتەوە ، جگە لەوەی جۆری دەنگیا دەنگە دوبارەبووەکانی دیار نەکردوە بە بزوێن و نەبزوێن کە ئەمە لایەنێکی سەرەکیی پێکهاتنی سەروایە . لە کێشناسی ئەسپانیدا بەم جۆرە چەمکی سەروا ڕوون کراوەتەوە (سەروا بریتییە لە بەیەکچوونی سەمعی ، گشتی یان پاژەیی ، نێوان دوو دێرە شیعر یان زیاتر لە دوا بزوێنی هێزی کۆتایی بەدواوە. گرنگ لەسەروادا یەکسانی ئاوازەکەیەتی ، بۆیە سەروا دیاردەیەکی سەمعییە نەك نووسراو) [٤٨٦ : ٣١] . لەم بۆچوونە ئیسپانییەدا سێ شت جەختی لەسەر کراوە : ١- لێکچوونەکە بۆی هەیە گشتی بێ و بۆیشی هەبە

Scanned with CamScanner

پاژەیی بێ . ٢- دیاردەی سەروا بەهۆنراوە بەسراوەتەوە (دوو دێر یان زیاتر) نەك تەنیا وشەیان تاکە دێر. ٣- جەخت لەسەر لایەنی بیستن (سەمعی) کراوە کە پێداگرتنە لەسەر دەنگنەك دووسێن چونکە لەڕۆژ زماندا ، لەگەڵ حاڵەتدا دەنگو نووسین وەکو یەك نین . ئەمەیش ئەوە دەچەسپێنێ کە سەروا دیاردەیەکە پەیوەندی بە ئاوازەوە هەیە . بەستنەوەی سەروا بە هۆنراوە نەك دێرە شیعر و تاکە وشە لە عەرەبیدا لای جاحیز هاتوە کە دەڵێ (قافیە بریتییە لە کۆتاییەکانی دێرەکانی هۆنراوە) [٢٧٤ : ١٧٩] ئەگەر چی سنووری کۆتاییەکانی دیار نەکردوە . ئەم بیرە لە تۆژەرەوە نوێیەکانیشیان هاتوە (سەروا لای ئێمە دیاردەیەك نییە لە دیاردەکانی دێرە شیعر، بەڵکو یەکێکە لە دیاردەکانی هۆنراوە . تەنیا لە دێری ڕۆر و پارچەو قەسیدەدا دەردەکەوێ) [٣٠٦ : ٩٧] .

لە عەرەبیدا ئیبن کیسان بۆڕون کردنەوەی چەمك و سنووری سەروا ڕایەکی خەلیلی فەراهیدی هێناوە (قافیە ئەو تیپەیە کە شاعیر تا هۆنراوەکەی تەواو دەکا لە کۆتایی هەموو دێرەکاندا دەیهێنێ) [٣٧٢ : ١٥] ، بەڵام زاناکانی سەرواناسی عەرەبی ئەم قسەیەی ئیبن کیسان بەپەسند نازانن و دەیدەنە دواوە. ئەو ڕایەی خەلیل پەسند دەکەن کە لەسەر بنچینەیەکی تیپسازی و ئەژمێری دابڕشتوە و دەڵێ (قافیە بریتییە لە دوا تیپی دێرەوە تا یەکەم تیپی وەستاوی پێش خۆی و تیپی پێش ئەویش ، واتە سەرجەمی تیپە بزواوەکانی نێوان دوو تیپی وەستاوی کۆتایی دێر و تیپی پێش وەستاوی یەکەمیش) [٢٤٦ : ١٥١] . وەك دیارە خەلیل لەسەر بنچینەی تیپ نەك دەنگ لەسەروا دواوە . بەم پێیە سەروا بۆی هەیە بەشێکی وشەی کۆتایی یان وشەی کۆتایی بێ یان لە دوو وشەی کۆتاییدا دابێ [٣٠٢ : ٧٦]. کەچی لای ئەخفەش (قافیە بریتییە لە دوا وشە و بەڵگە بەوە دێنێتەوە ئەگەر یەکێ پێت بڵێ هەندێ سەروام بۆ بێنە لەگەڵ -کتاب- بگونجێ ، تۆ - شباب- و -رباب-ی بۆ دێنی) [٢٥٩ : ١٧] . کەچی قوتروب سەروا دەترنجێنێتە ناو دوا تیپ (سەروا بریتییە لە تیپی ڕەوی ... چونکە دەگوترێ سەروای ئەم هۆنراوەیە داڵە، یان میمە) [٢٧٣ : ٣٦] . فیرائیش (سەروا هەر بە تیپی ڕەوی دادەنێ چونکە ئەو تیپەیە کە هۆنراوەی پێ دەناسرێتەوە) [٢٩١ : ٢٨٤]. هەشە دەڵێ سەروا لە ژێر باری سەرنجی ناونانی گشت بە ناوی پاژەوە ، (بە هەموو هۆنراوەکە دەگوترێ) [٢٧٣ : ٣٣] . موسای حافیز دەڵێ (سەروا ئەو تیپ و حەرەکانەیە کە شاعیر لە هەموو دێرێکدا دووبارەیان دەکاتەوە) [٢٧٣ : ٣٩] . ئیبن سینایش هەر بیری لە بەیەکچوونی تیپی کۆتایی دێرەکان کردۆتەوە [٢٤٧ : ١٢٢] . لەم بۆچوونانەو ئەوانەی دواتریش هەر ئەوانە لە زانستێتی نزیك دەبنەوە کە جەخت لەسەر دووبارە بوونەوەی دەنگێ یان چەند دەنگێکی کۆتایی دەکەن ، ئەگەر چی عەرەبەکان وەك دیارە زیاتر بە تیپ و حەرەکە وەسفی سەروایان کردوە، چونکە لێکۆڵینەوەکانی کۆن هەر بە دەوری تیپدا دەسووڕێنەوە ، کەچی لێکۆڵینەوە نوێکان بە لێکدانەوەی دەنگیبانە سەروا ڕون دەکەنەوە کە (بریتییە لە پێوەندی نێوان دێرەکان یان پارچەکانی هۆنراوە ... ئەوەی دەبێ دووبارەبێتەوە پەیوەندە نەگۆڕەکانی کۆتایی دێرەکانە) [٣٠٩ : ٩٨] .

Scanned with CamScanner

لە فارسیدا ، قەیسی ڕازی کە کۆنترین عەروزنووسی فارسە بەم جۆرە چەمکی سەروای ڕون کردۆتەوە (سەروا بەشێکە لە دوا وشەی دێر بەو مەرجەی وشەکە وەکو خۆی بەهەمان مانالە کۆتایی دێرەکانی تری هەمان هۆنراوەدا دووبارە نەبێتەوە . ئەگەر دووبارە بێتەوە دەبێ بە ڕەدیف و سەروا دەکەوێتە وشەی پێش ئەوەوە) [٤٠٢ : ١٩٢] . وەك دیارە ڕازی خۆی لە تیپ و دەنگنەداوە بۆ وەسفی سنووری سەروا ، تەنیا بە بەشێکی وشەی کۆتایی داناوە . دکتۆرە ئیسعاد بەم جۆرە چەمکی سەروای فارسی لێك دەداتەوە (سەروا ئەو وشانەن کە لە کۆتایی دێرەکان دێن و تیپی ڕەسەنی کۆتاییان لە هەموو دێرەکاندا وەکو یەکە) [٢٦٦ : ٣٤٢] . د. ئیسعاد بەلای وشەی کۆتاییدا دەچێ ، بەلأم تیپە لێکچوەکانی کۆتایی دێرەکان بە تیپە ڕەسەنەکان دیار دەکا ، بۆ ئەوەی ڕەوی و پاش ڕەوی لێك جیابکاتەوە ، ئەمەش هەنگاوێکی تر بۆ ڕون کردنەوەی چەمکی ڕاراوەکە .

لە کوردیدا ، شێخ نووری سەروا بە موتابەقەتی دوا بڕگەی لەتە دێر دەزانێ لە بزوێنەکەوە بۆ مسۆگەر کردنی ئاوازێکی مۆسیقی. هەر چەندە شێخ نووری زۆر ڕای لە ڕەخنەی کۆنی عەرەبی وەرگرتوە بەلأم لێرەدا لە دیارکردنی چەمکی سەروادا کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەوروپی (هەلبەت لە ڕێگای تورکییەوە) لە ڕووی بەستنەوەی سەروا بە لەتە دێر (میسراع) و دیارکردنی بە (بڕگە) و پێشاندانی ئەرکی بە (ئاواز و مۆسیقا) . د. مارف خەزنەدار قافیە بە وشە دەزانێ ، ئەو وشانەی لای کەم دوا تیپیان یەك بێ (ئەم وشانە قافیەیان پێ ئەلێن) [١٨٤ : ٥٦].

ئەم ڕایە لەگەڵ ڕای ئەحمەد یەك دەگرێتەوە وەك پێشتر هاتە پێشمان ، بەلأم جەختیشی لەسەر دەنگە لێکچوەکانی کۆتایی دێرەکان کردوە . عەلائەدین سجادی چەمکی سەروا بەم جۆرە ڕون دەکاتەوە (سەروا ئەوەیە کە دوایی هۆنراوەکان لە چەند پێتێکدا وەکو یەك بن ، ئەم وەکو یەك بوونە لە ڕستەی پەخشانیشدا ئەبێت ئەوەندە هەیە وە نەبێ شتێکی پێویست -لازم- بێت ، بە پێچەوانەی هۆنراوە بوونی لەوبا پێویستە) [١٣٧ : ١٣٤] . سجادی چەمکی سەروا فراوانتر دیار دەکا بە جۆرێ پەخشانیش دەگرێتەوە. بۆ سنووری سەروایش لێرە بەکراوەیی داناوە (چەند پێتێك) کەچی پاشان لە نرخ شناسیدا بەلانی کەم دوو پێتی بەمەرج داناوە ئەگەر ناسەروا نابێ [١٣٨ : ١٠٣-١٠٤]. کەچی لە کوردیدا یەك دەنگی بزوێنی درێژ بەتەنێ ئەرکی سەروای پێ ڕابی دەکرێ ، لەهەمان کاتدا پێناسەکەی بەجۆرێکی وا داوە ، بای ئەوە فراوانی تێدا بێ کە هەموو هونەرە شیعرییەکان بگرێتەوە .

لەم هەموو بۆچوونە جۆراو جۆرانەی نەتەوە جیا جیاکانەوە دەگەینە ئەو ڕاستییە کە سەروا بریتییە لەو دەنگە یا کۆمەڵە دەنگەی (کە هەندێ جار بە بڕگەو لای هەندێ بە تیپ ئاماژەی بۆ کراوە) لە کۆتایی وشە سەروادارەکان دوبارە دەبنەوە ، ئەمە بە تایبەتی لە کۆتایی لەت یا دێرە شیعر و هەندێ جار لە ناوەوەش دێ ، هەر وەکو دەشێ لە پەخشانیشدا هەبێ. بەتایبەتی لەکۆتایی

Scanned with CamScanner

فاسیله‌کان، به‌مه‌رجێ وشه‌کان به‌هه‌مان مانا له‌گۆڕانی دووباره نه‌بوونه‌وه. چه‌مکی سه‌روا له‌م حاڵانه‌دا ڕوونتر ده‌رده‌که‌وێت :

١- دووباره‌بوونه‌وه‌ی به‌ك ده‌نگی بزوێنی درێژ یان چه‌ند ده‌نگێك-بڕگه‌ی گۆڕانی یان له‌ناوگی بڕگه‌که‌وه به‌دواوه- .

٢- ده‌نگه دووباره‌بوه‌کان ده‌که‌ونه گۆڕانی وشه سه‌رواداره‌کانه‌وه . له ڕۆژوی نه‌ته‌وه‌کانی تریا بوه ده‌نگه‌کان بکه‌ونه سه‌ره‌تای وشه نزیکه‌کان (هاو نه‌بزوێنی سه‌ره‌تا alliteration) یا چه‌قی بڕگه (assonance) .

٣- وشه هاو سه‌رواکان به زۆری له گۆڕانی له‌ت یا دێڕی شیعردا دێن ، جاری وایش هه‌یه له‌ناو دێڕ و بگره له‌سه‌ره‌تاش دێن .

٤- وشه هاوسه‌رواکان ده‌بێ مانایان جیابێ ، ئه‌گه‌ر نا ده‌بێ به پاش سه‌روا (ڕه‌دیف) و وشه‌ی پێش ئه‌و ، ده‌نگه‌کانی سه‌روا هه‌ڵده‌گرێ .

٥- سه‌روا ئه‌رکی مۆسیقی و ده‌لالیشی هه‌یه ، جگه له گرێدان و لێك دابڕاندنی پارچه‌کانی هۆنراوه .

Scanned with CamScanner

بەشی یەکەم

بنچینەو پەیوەندی و جۆرەکانی سەروای شیعر

باسی یەکەم : بنەماو ئەرك و پەیوەندییەکانی سەروای شیعر

١- پەیدابوونی سەروا
٢- ئەرکی سەروا لە شیعردا
٣- سەروا وەکو کۆت
٤- سەروا لە نێوان بوون و نەبوونا
٥- سەروا و هەندێ لە پێوەندییەکانی
٦- سەرواو هەندێ دیاردەی دووبارە بوونەوەی دەنگ

باسی دووەم : بنەمای سەروای شیعری جیهانی

١ - گریکی و لاتینی
٢ - ئینگلیزی
٣ - فەرەنسی
٤ - زمانە هیند و ئیرانییەکان
٥ - عەرەبی
٦ - عیبری
٧ - سریانی

١

باسی سێیەم : جۆرەکانی سەروا :

یەکەم - دابەشبوونی سەروا لە ڕوانگەی ئاسۆییەوە :
یەك : لایەنی وشەیی لە ئاراستەی ئاسۆیی سەروادا.
دوو : لایەنی دەنگلە ئاراستەی ئاسۆیی سەروادا.
دووەم - دابەشبوونی سەروا لە ڕوانگەی ستوونییەوە :
یەك : لایەنی وشەیی لە ئاراستەی ستوونی سەروادا.
دوو : سیستەمی دووبارە بوونەوەی سەروا.

Scanned with CamScanner

١- پەیدا بوونی سەروا :

سەروا وەکو دووبارە بوونەوەی دەنگێ دەستە بەر کردنی ڕیتم و ئاوازێکی تایبەتی کە کەشێکی لەبار بۆ هەڵوێستی شیعری بخوڵقێنێ و ماناکەی قوڵ و فراوان بکات و بارێکی دەروونی گونجاو بڕەخسێنێ بۆ بەیەك گەیشتنی نووسەر و خوێنەرلەو تاقی کردنەوە شیعری و شعورییەی بەرهەمەکە دەری دەبڕێ ، دروست بوونی بۆ دوو تیوری جیاواز دەچێتەوە کە هەریەکە بۆ بنەمای ڕێبازێکی فەلسەفی جیاواز دەگەڕێتەوە :

- یەکەمیان سەروا بە بەردەوام بوون و گەشەسەندنی سەجعی (سەرواداری) کاهینەکان دەزانێ . ئەمە تیورێکی میتافیزیقییە. سیحر و شیعرلە پەیوەندییەکی میتۆلۆجیدا بەیەکەوە دەبەستێتەوە . لەم ڕوەوە ، کەسێتی شاعیر بەردەوامبی کەسێتی کاهینە ، شیعری شاعیر و وێردی کاهین لە کەشی لە دایکبوون و شێوازی قالب گرتن و ئاراستەی کاریگەرییدا لەیەك نزیك دەبنەوە. بڕۆکلمان لای وایە (سەجع ئەو بۆتەیە بوو کە کاهین و پێشبینەکان قسەو وتەکانی خۆیان تێ دا دەڕشت) [٣٣٢ : ٥١] ، جاحیزیش سەجع بە کردەوەی کاهینەکان دەزانێ و ئەمەیش دەکا بە هۆی بێزاریی خەڵك بەرامبەر بە سەجع (ئەوەی سەجعی بێزەوەر کردبوو ، هەرچەندە بەقەد شیعر ماندوو بوونی نەدەویست - ئەوە بوو کاهینە عەرەبەکان کە زۆربەی خەڵکی سەردەمی جاهیلی دادیان دەبردە بەر ئەوان، دادوەرییان بە سەجع دەکرد)[٢٧٤ : ١٥٤] (١) . ئیترلە زامڵی (ڕەحم) ئەو سەجعانەوە شیعرو سەروای شیعر گرواون[٣٠٦ : ٧٥] .

- دووەمیان پەیدا بوونی سەروا بۆ ڕیتمی کارکردن دەباتەوە . ئەمە بنەمای ئەو بیرە فەلسەفیەیە کە شیعر بەکار دەبەستێتەوە [٣٠٦ : ٧٥] . چونکە کار مرۆڤی لە ئاژەڵ جیاکردۆتەوە و ڕایکێشاوەتەوە ناو پەیوەندی کۆمەڵایەتی هوشیارانەوە و شیعریش یەکێکە لە چالاکییەکانی هوشیاری کۆمەڵایەتی .

لەم دوو بۆچوونە بنەڕەتییەدا دیارە، کە یەکەم پەیوەندی بە پەرستگاکان و کاهین و ساحیرانەوە هەیە و لە ڕوانگەی میتافیزیقییانەوە بۆ سەر هەڵدانی سەروا دەڕوانێ ، کەچی دووەمیان بە واقیعی

---

(١) جاحیز دڵێ ئەو کاهینانە یەکەو خڵویان بە دواوە هەبوو بۆ ڕابی کردنی سەجع کاری هەروەکو پێشان وایان دەزانی کە هەر شاعیرەو شەیتانێکی هەیە شیعری پێ دڵێ ، جاحیز ئەم ڕوونەیەی بۆ iÚÌÈÓ کاهینەکان هێناوە : (الارض و السماء ، و العقاب و الصقعاء ، واقعة ببقعاء ، لقد نقر المجد بنی العشراء ، للمجد و السناء) [٢٧٤ : ١٥٤] .

Scanned with CamScanner

ژیانی رۆژانەی کۆمەڵی مرۆڤی دەبەستێنەوە. دوور نییە لە قۆناغی هەرە سەرەتایی ژیانی مرۆڤ هەر دوو بنەما بەیەکەوە کاریان کردبێ بۆ پەیدا بوونی سەجع و سەروا و شیعر. سەروا کە بە سەجع دەبەسرێتەوە ئەو ڕاستییە دەسەڵمێنێ کە سەروا پێش کێش پەیڕەو کراوە لە شیعردا . ئەو سەروایەی پاشان بوو بە ڕەگەزێکی شیعری لە زۆر زماندا، پێشتر لە سەجعدا پەیڕەو کراوە (دوا وشەی ڕستە و فاسیلەکانی سەجع بە دەنگێکی وەکو ڕەوی سەروای دێرە شیعر کۆتایی دێ) [۳۲۰: ۱۹] . پاشان سەجعەکە خەست بۆتەوە و ئیقاعی کێشی وەرگرتوە و بەرە و شیعری کێشدار و سەروادار وەرچەرخاوە. بۆ نموونە لە عەرەبیدا ئەم وەرچەرخانە بەناو هونەری -تەسمیت- یا تێپەڕیوە کەهەرلەکۆنەوە بۆ جۆرە نزمەکانی شیعر بەکار دەهات کە تەنیا بۆ ئاوازو سەما دەگوترا، تەسمیت پێش سەروای یەکگرتوو هاتوە وەك یاسای پێشکەوتن دەیسەپێنێ ، بەڵام بۆ شیعری میللی بەکار دەهات و وەکو شیعری ڕەسەن ڕووی چوونە کۆڕو بازاڕەکانی ئەوسای نەبوو) [۳۱٤ : ۱۰] . بەش بە حاڵی ئەوڕۆیایش (شیعری پرۆفانسی کە دوا ئەلقەی گەشە سەندنی شیعری لاتینی کۆنە بەردو شیعری سەدەکانی ناوەڕاست، جۆرە وەرچەرخانێکی تێدا دیارە لە سەجعەوە بۆ سەروا) [۳۸۳ : ۸٤] .

لێکدانەوەی تر بۆ بوونی سەروا

جگە لەو دوو بنەما فەلسەفییەی هەرێەکە لە ڕوانگەی خۆیەوە چەکەرە کردنی سەروا ڕاڤە دەکا، لێکدانەوەی تریش هەن کە گرنگترینیان ئەمانەن :

أ- دووبارەکردنەوە :

سەروا لەسەر بنەڕەتی یەکبوونی یەك یا چەند دەنگێك ، واتە دووبارەبوونەوەی دەنگە لێکچوەکان لە مەدای زەمەنی تایبەتیدا ، دروست بوە . ئەم دووبارە بوونەوەیە لەگەڵ ڕەگەزی جۆراو جۆریی - التنوع- ، بەیەکەوە تەبایی - الانسجام- و تێربە -الایقاع- دروست دەکەن . لەو کاتەدا (قسە وەکو ئاوی ڕەوان دەڕوا و بە ناڕشتنی ساناو وشەی ناسکی وا کە ڕستە و دێرەکانی هۆنراوەکە کارێکی وا لە دڵ بکەن بەشتی تر نەکرێ) [۳۳۸ : ۲۲٤] . دووبارەکردنەوە، وەك ڕەگەزێکی شیعری و ئاوازو مۆسیقا ، چەند جۆرێکە :

- دووبارەکردنەوە بۆ پتەوکردنی ئاوازی شیعرەکە .
- دووبارەکردنەوە بۆ پتەوکردن و بە پیز کردنی مانا وێنەییەکانی ناو شیعرەکە .
- دووبارەکردنەوە بۆ بەهێزکردنی مانای ڕاڤەیی و لێکدانەوەی هەست و بیری شیعرەکە .

ئەم سێ جۆرە لەوانەیە دووبیان یان هەرسێکیان بەیەکەوە بێن ، بۆیشی هەیە دووبارەکە تەنیا یەکێ لەمەبەستەکان ببێکێ، بەڵام (هەموو دووبارە بوونەوەکان ، هەر جۆرێك بن ، سوودیان بۆ جۆشدانی ئاواز و قبوول کردنەوەی زەنگی شیعرەکە هەیە) [۳۱٥ : ۱۲٦] . ئەوەی مەبەستی

Scanned with CamScanner

سەرەکی ئێمە بێ لێرەدا دووبارەکردنەوەیە بۆ بەهێزکردنی ئاواز و مۆسیقای دێرە شیعر.

- دووبارەکردنەوەی یەک دێر یا بەشێکی دێرێک یان زیاتر لە دێرێک دوای هەر پارچەیەک، ئەمە لە ئەدەبی ئەوروپی بە -refrain- ناسراوە کە (بریتییە لە دێرێک یان چەند دێرێک لە رەوتی هۆنراوەکەدا دووبارە دەبێتەوە، هەندێ جار بە گۆڕانێکی کەمەوە دێ و بە زۆریش لە کۆتایی پارچەکان دووبارە دەبێتەوە. ئەم دووبارە بوونەوەیە لە زۆر بالادو هۆنراوەی کارکردنا دێ، هەروەکو لە گۆرانی ئەلیزابیدا رەگەزێکی باوە، زۆر جار ئەوەی کە دووبارە دەبێتەوە هیچ مانای رونی تێدا نییە تەنیا میلۆدی بەهۆنراوەکە دەداو بەس) [٥٠٠ : ١٤٣]. ئەمە لە کوردی جگە لە سروودی قوتابخانە و گۆرانی جۆرا و جۆر لە تەرجیع بەندا خۆی دەنوێنێ. ئەم لازیمەیە رەگەزێکی قوولی هەیە بۆ گێڕانەوەی کۆرسی وبردی ئایینی ناو پەرستگاکان و گۆرانییەکانی کارکردنی سەرەتایی دەگەڕێتەوە. ئەم جۆرە دووبارە بوونەوەیە (نموونەی لە دەقی شیعری لاتینی سەدەکانی ناوەڕاست و پێشتریش هەیە تا دەگاتە سێ سەد سالێ پێش میلاد. هەروەکو لە وبردە ئایینییەکانی گریک و گۆرانی لاتینی میللی و رۆمانسیدا هەیە.. ئەمە تەقلیدێکی هونەری کۆنە، دەتوانین بێ پەروا بڵێین نموونەی لە زۆربەی هونەرە شیعرییە میللییەکانی جیهاندا هەیە، لە -کتێبی مردوان- ی میسری کۆن و سروودە عیبرییەکان و گۆرانی شوانکارەیی یۆنانی نووسینی تیوکرتیس بیبۆن و هۆنراوەکانی زەماوەندی لاتینی نووسینی کاتوللوسدا هەیە)[٣١٦ : ٥٠]. مەیدراشەکانی ئەفریم لازیمەیان تێدایە، (یەکێ دێرە شیعرەکان دەخوێنێتەوە و کۆرسیش دوای هەر دێرێک (عونیا عوانیا) دووبارە دەکەنەوە) [٣٥٠ : ٤٤]. ئەوە لە قورئانی پیرۆزدا زۆر ئاشکرا لە سورەتی (رەحمان)دا خۆی دەنوێنێ کە دوای هەر ئایەتێک یان دوو ئایەت (فبأي آلاء ربكما تكذبان) دووبارە دەبێتەوە. ئەگەر خانەو لازیمەکان لە باری ستوونییەوە بەرە و باری ئاسۆیی وەربسوڕێنن هەر خانەیەک لە شێوەی لەتە دێرێک و لازیمەکانیش لە شێوەی سەروای لەتەکان خۆی دەنوێنێ.

- دووبارەکردنەوەی لەتێک یان نیو لەت لە سەرەتای هۆنراوەدا بۆ دامەزراندنی ئاواز و کێشی هۆنراوەکە. ئەم دیاردەیە لە شیعری کوردی زاری گۆرانیدا زۆر سەرنجکێشە. هەروەکو لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین. ئەمە لە شیعری فۆلکلۆریشدا هاتوە. وەکو دووبارە بوونەوەی (ئامینێ گیان تۆ گوڵەکەمی) لە شیعری فۆلکلۆری (ئامین گیان)دا [١٤٦ : ٢٦٤]، یان وا دەبێ لەگەڵ دووبارە بوونەوەی لەتی یەکەم تەنیا یەک وشە بگۆڕێ. لەشیعری فۆلکلۆری (کیژ هەر کیژێ) [١٩٥ : ٥٥]، لەسەرەتای هەموو پارچە سێ لەتییەکان ئەم دێرە دووبارە دەبێتەوە و تەنیا ناوی شوێنەکە دەگۆڕێ و دوو دێرەکەی تر لەسەر ئەو وشە گۆڕاوە دادەمەزرێن لە رووی مانا و سەرواوە، کەچی هەموو سێیەنەکان لە دێری یەکەمدا لەیەک خاڵەوە دەست پێ دەکەن کە ئەم دەستەواژەیەی سەرەوەیە. لە شیعری (یادم بکەن)دا، هێمن لەسەرەتای (٢٠) لەتە دێردا دەستەواژەی (لەو دەمەی)دا) دووبارە دەکاتەوە [٢١٨ : ٢٠٦]. ئەم جۆرە دووبارە کردنەوەیە لە شیعرەکانی (هێمن)دا

Scanned with CamScanner

وەکو خاسیەتێکی هونەری زۆر دێ. لە چوارینێکدا (دەستی تەزیو) سێ لەتی پێشەوە بە (حەیف) دەست پێ دەکا[٢١٩ : ٤٤]. لە چوارینەیەکی ترا (کوانێ) هەموو لەتەکان بەم ناونیشان دەست پێ دەکەن [٢١٩ : ٤٥]. لە (دەسکەوتی خەبات)دا ، (١٦) لەتی سەرەتا بە (نە) دەکاتەوە [٢١٨ : ٢١١](٢).

- وادەبێ لەیەک دێرە شیعردا یەک وشە یان دەستەواژە چەند جارێک دووبارە دەکرێتەوە ، وەکو مەلا محەمەدی کۆیی ناوەڕاییە بەرامبەر ژیانی پڕ چەرمەسەری دەردەبڕێ و نەفرەتی لێ دەکا :

ژیانی وا بە ئازارو بەمیحنەت بەلەعنەت بێ بەلەعنەت[١٢٦ : ١٤٠]

یان وەکو شیعرەکەی نالی کە لە دێرێکدا (نەدەمت بوو) سێجار لە لەتی دوەمدا دووبارە دەکاتەوە[٢٠٩ : ٨٧].

هەروەها لە شیعرێکی ترا ، هەموو عەجزەکانی لە سێ پات کردنەوەی دەستەواژەیەک دروست بوە :

بەبێ مەی مەستە بێ مەی مەستە بێ مەی[٢٠٩ : ١٢٦].

یان وا دەبێ لە کۆتایی لەتە دێر (بۆ مەسنەوی و سێبینە و چوارین ..) و لە کۆتایی دێر (غەزەل و قەسیدە) ، وشەیەک یان دەستەواژەیەک یان ڕستەیەک وەکو خۆی دووبارە بکرێتەوە . ئەمە پەیبەند و پاشان لێی دەکۆڵێنەوە .

دوای ئەمانە دووبارەبوونەوەی بڕگە و دەنگدێ وەکو ڕەگەزێکی مۆسیقی و بگرە دەالیش لەسەرەتا یان ناوەڕاست یان کۆتایی وشە . هەر ئەمیشە لە کۆتایی وشە خەست بۆتەوە و کۆتایی لەت و دێری گرتوە و بوە بە سەروا . واتە سەروا گەلآلە بوونێکی تایبەتی شوێن و چۆنیەتی دەنگە لە کردەوەی دووبارەکردنەوەی دێر و لەت و ڕستە و دەستەواژە و دەنگەوە کەوتۆتەوە . ئەم هاتنی سەروایە ، وەک دیاردەی دووبارەبوونەوەی دەنگ لە کۆتاییدا ڕەسەنایەتی خۆی لەوە نابین دەکا کە لە قسەو گۆتەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک زۆر چالآکە وەکو :

- لە پەندی پێشینان کە ڕەگێکی قوولی هەیە و بۆ تاقی کردنەوەی ژیانی کۆمەلآیەتی و ئاپووری مرۆڤ دەگەڕێتەوە . دەشێ دوو پارچە (فاصلە) یان زیاتر هاوسەروابن : (مالی نەخۆری بۆ چەکمە سۆری)[١٨٣ : ٧٥] ، یان (ئەگەر بە دوعا ئەبوو ، پشقل بە خورما ئەبوو)[١٩٠ : ٣٠] ، ئەم پەندەی دوایی نەک هەر سەروا پاش سەروایشی تێدایە (ئەبوو).

(٢) هێمن شاعیرێکە زۆر حەز لە دووبارەکردنەوەی وشە و دەستەواژە دەکا لە شیعرەکانیدا بۆ ئەوەی خوێنەر لەگەڵ خۆی ڕاکێشێتە ناو بازنەی تاقی کردنەوەی ژیان و شیعر و شعووری خۆیەوە . ئەم دیاردەیە جێگای لێکۆڵینەوەیەکی سەر بەخۆیە لای هێمن.

Scanned with CamScanner

- لە مەیل و مەتەلی گوێ ئاگربان ، وەکو (کلاوی هەمزە پالەوان ، نەتیکی هەیە و نەدورمان). یان (مەیلەکم هەیە مەیلانی ، لەناو باخچەی سولتانی ، خوا نەبی کەس نایزانی)[١٩٥ : ١٢].

- لە راگرتنی حیسابی ئاوو هەوای دوازدە مانگە ، وەکو ئەنوای جەوی (ئادار ناڕوا بەبێ دۆ، نیسان ناڕوا بەبێ جۆ) ، یان (لەمانگی ئاداری ، بەفر ببارێ هەتا گوێی دارێ ، نامێنێ هەتا هێواری) . لەیەکەمدا جگە لەسەروا (ۆ) ، پێش سەروایش (بەبێ) ڕەچاو کراوە.

- لە وێردی سەرەتایی و پەیڕەوکردنی هەندێ کاری سیحری بۆ کارکردنە سەر مرۆڤ و دیاردەکانی سروشت ، وەکو کۆسەبەبە کە لە زۆربەی ناوچەکانی دونیادا هەیە و بە سیحری تەشابوهی دەیەوێ کار لە سروشت بکا و باران ببارێنێ . لە کوردیدا ئەم وتانەی لەگەڵ دووبارە دەکرێتەوە (هەیاران و مەیاران ، یاخوا داکاتە باران ، گەنمی حەسەن و حوسێنان ، هەمووی قڕبەو لە تێنان).

- جگە لەناوی منداڵ ، کە بە زۆری لەسەر جۆرە سەروایەك دەڕوا ، چ بیانی بێ و چ ڕەسەن ، وەکو (سانا و هانا) ، (ئاشنا و ڕۆشنا) ، (ئازاد و نەوزاد) ، یان وا دەبێ ناوەکان دەنگی سەرەتایان یەك بێ (هاو دەنگی نەبزوێنی سەرەتا) وەکو : (ناسك و نازدار و نازەنین) ، (خاوەر و خونچە و خەرمان).

- جگە لە یاری منداڵان و چیرۆکی فۆلکلۆری و ئێش و کاری هەرەوەزی و شین و شایی و ... هەمووی بەدەم ئاوازو دووبارەکردنەوەی وشەو دەنگەوە لەگەڵ جۆشانی هەستی ناوەوە ڕێك دەکەوێ.

ئەم دیاردەی دووبارەبوونەوەیە کە قوولایەکی مێژوویی دوور و درێژی هەیە و لەگەڵ زمانی ڕۆژانەی هەموو ڕۆژەکانی نەتەوە تێهەڵکێش بوە ، بنەمایەکی پتەوە بۆ گەڵە بوونی سەروا لە بەیت و شیعری فۆلکلۆری و گۆرانی بەهەموو جۆرەکانییەوە کە بەرهەمی میللەتە و ئینجا لە شیعری نووسراوی شاعیراندا.

ب - <u>سروشتی زمان</u> :

زمانی مرۆڤ (Languange) بەوە لە هۆی لەیەك گەیشتنی گیاندارانی تر جیا دەبێتەوە کە دەنگو وشە بۆ لەیەك گەیشتن بەکاردێنێ . ژمارەی ئەو دەنگانەی لە هەر زمانێك بۆ دروست کردنی وشە بەکاردێ دیارە . زمان هەیە دەنگی کەم بەکاردێنێ و هەیە زۆر . لەهەردوو بارەدا سنوورەکە دیارە و لە چاو ژمارەی وشەو دەستەواژەی زمانەکەدا زۆر کەمە ، هەروەکو وشە و دەستەواژەش لەچاو هەست و بیری مرۆڤ زۆر کەمە و تەواو دەرەقەتی هەمووی نایە . جالە دووبارەبوونەوەی تایبەتی ئەو چەند دەنگە کەمە بەسەدان هەزار وشە دروست دەبێ کە بە سیستەمی تایبەتی کار دەکەن و

Scanned with CamScanner

لە دووبارەکردنەوەی دەنگەکانەوە سوودی سەرەکی وەردەگرن.

دووبارەبوونەوەی دەنگیش چ بزوێن بێ و چ نەبزوێن ، لەهەر شوێنێکی وشەدا بێ کاریگەری خۆی هەیە ، دووبارەبوونەوەی بزوێن ئاوازی سەرەکی بە وشە دەدا و دەوری سەرەکی لە برگەول وشەدا هەیە . هەروەکو بە دوای یەکدا هاتنی دەنگەکان و کارلەیەک کردنیان بۆ سروشتی زمانەکە دەگەڕێنەوە ، هەر ئەوەیشە وای کردوە هەموو زمانێك بەسروشت ئاواز و مۆسیقای تێنابێ بەڵام جۆری ئاوازەکە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ . دابەشبوونی بزوێن و نەبزوێن لە هەموو زمانێکدا هەیە بەڵام هەر زمانێك تایبەتێتی خۆی لەو دابەش کردنەدا وەرگرتوە . بۆ نموونە لە زمانێکی وەکو ئینگلیزیدا دەشێ لە کۆتاییدا هێشووی نەبزوێنی چوار دەنگی بێ، کەچی لە کوردیدا لە هێشووی دوو دەنگی زیاتر نایە . ئەم جۆرە جیاوازیە ، جیاوازی دەخاتە نێوانەوە لە جاڵاکی سەروا هێنانەوەدا . لە رۆژ زماندا بە تایبەتی لە هیند و ئەوروپیەکاندا چاوگەکان کۆتاییان بە دەنگی تایبەتی دێ و سنوور و جۆری چاوگەکان لە ڕوی پۆڵێن کردنی دەنگی کۆتاییەوە دیارە. کوردی و فارسی پێنج پۆڵە چاوگیان هەیە . فەرەنسی و ئیسپانی یەکەو سێ پۆلیان هەیە. وشەکانی ژێر هەر پۆلێك لە خۆیانەوە هاوسەروان و گەردان کردنیشیان بە پێی بکەر و کاتەوە هەر هاوسەروا دەبێ . لەئاستی فۆنۆلۆجیدا ئەو زمانانەی (لکێن-لصق)ن ژمارەی پاشگرەکانیان دیارە و سەروای زمانەکە دەوڵەمەندتر دەکا وەکولە کوردیدا پاشگری (یار) لە (جوتیار و کرێیار و فرۆشیار و بڕیار و گوتیار و ناسیار ...)دا دەردەکەوێ و مەدای سەروا فراوانتر دەکا . لەو جۆرە زمانە لکێنانەدا پێشگریش دەوری ڕۆڵ لە قوولّ کردنەوەی دیاردەی (alliteration)دا هەیە کە ئەویش مۆسیقای خۆی هەیە لە وشەدا وەکو (بخۆر و بگرو بکوژ و بنووس...) بەکورتی لەبەر ئەوەی دەنگی زمان کەمەو بەسیستەمی دووبارەبوونەوە کار دەکات لە وشە ڕۆنراندا ، تا دەنگەکان کەمتر بن شیمانەی دووبارەبوونەوەیان زیاترە ، تا زیاتر بن دووبارەبوونەوەیان کەمتر دەبێ ، تا دووبارەبوونەوەشیان زیاتر بێ شیمانەی لەیەکچوونی دەنگی کۆتایی وشەکان زیاتر دەبێ و وشەی سەروادار ڕۆڕتر و بەردەست تر دەبێ ، بە پێچەوانەوەش.

ج - خدووی گۆرانی (غريزة الغناء) :

مرۆڤ هەر بە سروشت حەزلە گۆرانی دەکا ، چونکە گۆرانی وەڵامدانەوەیەکی ڕێکە بۆ گونجاندنی جۆشی ناوەوە لەگەڵ بزوێنەرەکانی دەرەوە و بەتاڵ کردنی بارگە دەروونییە هەڵچوەکانی ناوەوە بەجۆرێ کە کردەوەی بەتاڵ کردنەکە بە شێوەی شەپۆڵ و لوێچ هەڵدانێکی وابێ لەگەڵ خرۆشان و هەستانی جۆشی خاتر یەك بگرێتەوە . منداڵ هەرلە بچووکییەوە ، هەوڵ دەدا جۆرە ئاوازێك بەقسەکانی بدا لە یاری و هەڵبەزین و تەنانەت گریانیشدا . ئەو ئاوازە بنەمای گۆرانییە و ئەگەر گۆرانی وەستانی لەسەر هەمان دەنگبێ (سەروا) ، نیشتنەوەی شەپۆلەکانی لەیەك نزیك دەبێتەوە و داکوتانەوەی کۆتایی لەیەك لەنگەردا دەگیرسێتەوە کە (قەرار) گرتنی ئاوازەکەیە . لای

Scanned with CamScanner

منداڵ و مرۆڤی سەرەتاییش ، لەکاتی دەربڕینی هەستی ناوەوە، جوولە (سەما) و ئاواز (گۆرانی) و دەنگ(شیعر) بەیەکەوە دێن، پاشان لەگەڵ گەشەسەندن و پێشکەوتندا وردە وردە هەریەکە ڕێچکەی خۆی دەگرێ. گۆرانی و شیعر زۆر تێکچڕژاون ، وایە مۆسیقا زمانی ئاوازە و پێویستی بە وشە نییە ، بەڵام گۆرانی وشەی ئاوازداری دەوێ بۆ ڕاگرتنی ڕیتم و جوولانەکەی. شیعریش پێویستی بەهەندێ ڕەگەزی گۆرانی هەیە تا کاریگەری خۆی نەواو بکا ، وەکو کێش و ڕیتم و (سەروا) . شوێنی وەستانی گۆرانی لە شیعردا بە (سەروا) دیار دەکرێ (لای ئەو نەتەوانەی شاعیر بە تەنیا سروود دەچڕێ، سەروا لە شیعردا دەردەکەوێ چونکە گۆێگران پێویستیان بەوە هەیە هەست بە شوێنی وەستان بکەن ، بەڵام ئەگەر چڕینی سرووید بە کۆمەڵ بێ (کۆرس) ، پێویست بەم وریاکردنەوە ناکا چونکە هەموویان گۆرانییەکەیان لەبەرە و بە فاسیلە و لازمە و سەنگو دووبارەکردنەوەی وشەکان لەگەڵ ڕیتمی گۆرانییەکە دەڕۆن بێ ئەوەی پێویستیان بەسەروا بێ کۆتاییەکان دیار بکا . پێویستی سەروا یان وەستانی سەر سەروا لە ئەنجامی جیاوازی هەست و ناپەشبوونی نێوان سرووید چڕو گوێگرەوە دروست بوە) [٢١٧ : ٢٣٦] . ئەمە ئاماژەیە بۆ لێک ناپڕانی گۆرانی و شیعر و دروست بوونی ئەرکی سەروا.

د - سەرەتایەتی سەروا (بداية القافية) :

مرۆڤی سەرەتایی کە مێشکی ئەوەندە گەشەی نەکردبوو ، زیاتر بایەخی بە ئەدگاری دەرەوە دەدا ، بەبیر کردنەوە لە ڕووکاری شتەکان ڕوونە دەچوە خوارەوە . زەوقی لەگەڵ دیاردە زەقەکانی سروشت دەڕۆیشت وەکو ڕەنگی تۆخ وزرقی وهات و هاوار و قیژەی بەهێز و جولەی تووندوتیژ. هێشتا چەشەی نەرم و ناسک نەبوو ، شارستانێتی و پێشکەوتن هەستیان مشت و ماڵ نەکردبوو ، بۆیە لە ئاخاوتنیشدا ، سەرەتا بایەخی بە وشەی قەبە و ڕازاندنەوەی دەرەکی و بەرزکردنەوەی دەنگ دەدا لەسەر حیسابی ناوەڕۆکی قووڵ و هەستی بەرز. دکتۆر مارف ڕاستی بۆچوە (هۆزی دواکەوتوو لە خوێندەواریدا بیرو باوەڕی تەسک و ساکار ئەبێ ، جا بۆ ئەوەی هونەرێک بدا بە شیعر وەزن و قافیەیەکی ڕێک و پێکی بۆ دائەنێ ، بۆ ئەوەی ئەو ساکارییەی لەبیرو خەیاڵەکەدا هەیە ، بەم وەزن و قافیەیە ، دابپۆشێ . ئەمەش ڕاستە کە زۆر جار وەزن و قافیە چەشنە هونەرو خەیاڵێکی تر بەشیعر ئەدەن) [١٠٩ : ٢٥] . سەرەتایەتی و ڕەنگی زەق و قیژە ، یەکێکە لەو دیاردانەی بۆتە زادەی پەیدا بوونی یەکێ لە تیۆرەکانی دروست بوونی زمان کە تیۆری یەسپرسنی دانیمارکییە (تیۆری ئۆووبۆو) ، ئەم تیۆرە (مێژووی زمان بەرەو دواوە دەباتەوە بۆ ئەوەی بزانێ ڕێڕەوە درێژەکانی کامانەن ، ئینجا گریمانەی ئەوە دەکا ئەو ڕێڕەوانە هەر لەسەرەتای زمانەکەوە هەبوون . ئینجا بەم کردەوەیە گەیشتە ئەو ڕایە کە زمانی سەرەتایی لەوشەی زۆر درێژو پڕ دەنگی سەختی کارێژشکێن پێک هاتوە ، تۆن و (Pitch)ی لە زمانەکانی دواتر زیاتر بەکارهێناوە و فاسیلەی مۆسیقی فراوانتری داوەتێ . زمانەکە عاتیفیتر و مۆسیقیتر بوە لە زمانی پاشتر) [٤٥٧ : ٣٨] . چۆن زمانی

Scanned with CamScanner

سەرەتایی سەخت و گران و بەبریق و باق بوە ، دارشتنی ساکاری هونەریش ئەو بریق و باقەی بوەو لەباتی فاسیلەی مۆسیقی شاعیر هەوڵی سەروا هێنانی داوە بۆ زیاتر بایەخ دان بە ئەدگاری دەرەوە . میلتۆن لە پێشەکی (بەهەشتی و نیوودا) سەروا بە بەریەریەت دەبەستێتەوە (سەروا پاشکۆیەکی ناپێویستە ، ... دا هێنانێکی سەردەمی بەربەریە و هیچی تر) [٣٤١ : ٦٦١] . سەروا رەگەزێکی مۆسیقی شیعرە و مۆسیقیەتیش هونەری گوێچکەیە و بە قۆناغی نەخوێندەواری و سەرەتاییەوە دەبەسرێتەوە (دیاردەی مۆسیقیەت بۆ باوسەندنی نەخوێندەواری - الامیە - دەگەڕێتەوە کەئەدەب ئەدەبی گوێچکە بوە نەك چاو . لە مەڵبەندی دواکەوتوودا ، خەڵك پشت بە گوێ دەبەستێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدەب، بەمەوەش گوێ لە دەرك کردنی جیاوازی وردی دەنگ رادێ و زمانیش دەکەوێتە بەر مەشق و رەها بوون . ئیدی زمان و گوێ یەك دەگرن بۆ پەسندکردنی رەگەزی مۆسیقی ، بۆیە لای زۆربەی نەتەوەکان شیعر سەرەتایە نەك پەخشان)[٢٤٢ : ١٩٥-١٩٦]. بەم بۆچوونە ، سەروا بەرهەمی سەردەمی سەرەتاییە کە قۆرسایی بایەخ لەزماندا لەسەر وشەو قەبەیی دارشتن بوو . جا چۆن زمان لە رەوتی بەرەو پێش چووندا لە قەبەیی خۆی دابەزی و بەرەو نەرمی و هێمنی و رەوانی و ئاسانی چوو ، سەروایش بەدەم ئەم رەوتەوە وردە وردە نرخی بەرەو کزی چوو ، تا وای لێ هات لە سەدەی ڕابردووەوە جارێ فرێدانی کۆتی سەروا و کێشی تەقلیدی هاتە ناوەوە، چونکە پێویستی جارانی نەماوە (کە کۆمەڵ پێش ئەکەوێ لە ڕووی خوێندەوارییەوە ، پایەی بیرو خەیاڵ بەرز ئەبێتەوە . شاعیری هونەرەوەر ئەتوانێ وێنەی بڵندی هونەراوی وا دروست بکا کە هەرگیز پێویستی بە یەکێتی وەزن و قافیە نەبێ ، بەڵکو ئەمجارە بە بیری بەهێز و خەیاڵی هونەراوی وەزن و قافیە دائەپۆشێ) [١٨٤ : ٢٥] . زاڵبوونی بیرو خەیاڵ لای مرۆڤی پێشکەوتوو، پێویستی سەروا بەلاوە دەنێ.

هـ - پێویستی سەروا بۆ پاراستنی دەق :

بەرهەمی سەروادار ، هەرچی هەیێ : پەند ، مەتەڵ ، شیعر ، ... زووتر لەبەر دەکرێ، چونکە وشە سەروادارەکان لەبەر ئەوەی دەنگی دواوەیان یەکە ، لە مێشکدا باشتر بەرەو یەکتر دەچن و لەیەك خانەدا گیر دەخۆن و زووتر دێنەوە بیر. ئەمە وای لە مرۆڤی سەرەتایی کردوە سەروا بکا بەڕەگەزێکی ئاسان کردنی لەبەرکردن و پاراستنی دەقە پیرۆز و ئایینەکان و دواتریش دەقە میللییەکان. چونکە نووسین نەبوە یا ئەوندە پێشکەوتوو نەبوە بە فراوانی بۆ هەڵگرتن و پاراستنی دەقەکان بەکاربێ . ئەو دەقانەی کە پێش باوسەندنی خوێندەواری ماونەتەوە ئەوانەن کە پوخت و کورت و تۆکمەن ، ڕێتمێکی هەمە لایە و سەروایان تێدایە ، ئەو ڕێتم و سەروایە یارمەتی لەبەر مێشکی بچەسپێ و لە شیعر دا بەیرەوی بکات کە خەسپەتی خەستیی و ئیقاع و زمانی خوازەیی (کە زمانی سەرەتاییە) تێدا زاڵە (بەکێتی وەزن و قافیەی شیعر یارمەتی هەموو کەسێك ئەدا کە

Scanned with CamScanner

شیعرەکە زوو لەبەر بکرێ بەتایبەتی لە کۆمەڵێکی دواکەوتوودا کە خوێندەواری تیایا دوا کەوتبێ یا هەر نەبێ) [١٠٩ : ٢٥]. هەر بۆیەش لە کۆمەڵێ نەخوێندەواردا بەرهەمی زار گوتن زۆرترە و بایەخدان بەلایەنی شکلی زیاترە.

٢- ئەرکی سەروا لەشیعردا :

هەر لەکۆنەوە، سەروا بەیەکێ لە رەگەزەکانی شیعر داندراوە. قدامەی کوری جەعفەر دەڵێ (شیعر گوتەیەکی کێشدار و سەروادارە، مانایەك دەگەیەنێ) [٣٣١: ١٥]. ئیبن رەشیق لەبارەی شوێن و پایەی سەروا لە شیعردا دەڵێ (سەروا لەوەی کە تایبەتە بە شیعر هاوپشکی کێشە، شیعر تا کێش و سەروای نەبێ نابێ بە شیعر) [٢٤٦ : ١٥١]. کێش و سەروا بەتەنیا ناتوانن شیعر بێننە کایەوە، چونکە مانا و خەیاڵ پلەی یەکەم لە شیعردا وەردەگرن.

سەروا لەچوار چێوەی پەیامی شیعریدا، چەند ئەرکێکی ڕاستەوخۆ ناڕاستەوخۆ بەجێ دێنێ کە گرنگترینیان ئەمانەن :

- سەرواو پێناسەی شیعر : هەر لەکۆنەوە لە زۆر ڕوانگەی جیاوازەوە پێناسەی شیعر کراوە: ڕوانگەی کێش بەتەنیا، سەروا بەتەنیا، کێش و سەروا، بێ کێش و سەروا. لە زۆربەی پێناسەکانی شیعردا (نەك هەمووی)، سەروا وەك ڕەگەزێکی سەرەکی هاتوە. ئیبن سیرین لە پێناسەی شیعردا بەلای کێش و خەیاڵدا ناچێ تەنیا (گۆتە و سەروا) دەکا بە پێوانە (شیعر گوتەیەکە بەسەروا بەسراوەتەوە. ئەوەی لە گوتن جوان بێ لە شیعریش جوان دەبێ، هەروەها ئەوەی ناشیرینیش بێ) [٢٤٦ : ٣٠] بەڵام قدامە و ئیبن رەشیق کێش و سەروا هەردووکیان دەکەن بە پێوانەی پێناسەی شیعر. کەچی لە شیعری نوێی جیهانیدا کە لە کۆتی کێش و سەروا ڕەهابوە ئەم ئەرکە لەسەروا وەرگیراوەتەوە. چونکە کە وترا شیعر کێش و سەروای هەیە، ئەمە دابڕاندنی شیعرە لە بەخشان کە ئەم دوو ڕەگەزەی بە حوکمی پێویست تێدا نییە.

- سەروا تریە و ئاوازی شیعر زیاد دەکات و لەنگەری شەپۆلی دەنگەکانی دێرە شیعر ڕادەگرێ و دەبێ بە ڕایەڵەو دەنگدانەوەی دەنگە هاوجنسەکانی تری ناو هەمان دێرو دەنگە هاوبەشەکانی دێرەکانی تر (سەروا). دووبارە بوونەوەی دەستە دەنگێك جۆرە ڕیتمێکی ئاوازەیی دروست دەکات و هەست و سۆزی هەڵچووی ناوەوە ڕێك دەخات و بەرەو ئامانجی خۆی ئاراستەی دەکات، بەتایبەتی لەخوێندنەوەی بەدەنگدا کە پێداگرتنی تێدایە لەسەر هەڵکشان و داکشانی ئاوازەکەو نیشتنەوەی لەسەر دەنگە هاوبەشەکانی دواوە. لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا، سەروا هێلێکی وەهمی و ئەندێشەیی دروست دەکا، خرۆشانی دەروونیی هەردوولا (شاعیر و خوێنەر) لەسەر ئەو هێلە وەهمیەدا یەك دەگرنەوە. سەروا دەوری پردێکی ئاوازەیی وەهمی دەبینێ لە نێو هەر دوو جەمسەری کاری شیعریدا.

Scanned with CamScanner

- سەروا وەکو سنووریك وایە کۆتایی دێر یان لەتە دێر دیار دەکات وگوێگر هوشیار دەکاتەوە وەکو میشیل بۆنۆر گۆتەنی (سەروا کە کۆتایی دێرە شیعر پا دەگەیەنێ وەکو زرنگەی چاپ وایە کە لێی دا نیشانەی کۆتایی هاتنی دێرەکەیە) [٣٦٤ : ٥]. سانت بیڤی پەخنەگری ڕۆمانتیکی فەرەنسیش سەروا بەزەنگی وریا کردنەوە دادەنێ (ئەرکی سەروا ڕاگەیاندنی تەواو بوونی دێرە شیعرە) [٢٧٢ : ٦٩].

هەندێکی تر سەروا و پێدا کۆتانی کۆرسی مۆسیقا بەیەك کردەوە دەزانن (سەروا وەکو پێ داکوتان (دقە الرجل) وایە لە کۆرسی مۆسیقادا ، بۆزەبتی ڕیتم و وروژاندن و وریاکردنەوەی گوێگر لە کۆتایی هاتنی ئیقاعێك و دەست پێ کردنەوەی ئیقاعێکی تر بەکاردێ) [٣٢٨ : ٧٧].

- سەروا دەوری ڕۆنانی دێر و پارچە و هۆنراوەی هەیە . حازمی قرتاجنی دەڵێ (یان ئەوتە شاعیر دێری یەکەم لەسەر سەروا ڕۆ دەنێ ، یان سەروا لەسەر دێری یەکەم) [٢٧٨ : ٢٧٨]. ئینجا پەیوەندی دێرەکان بەیەکەوە دیار دەکا (دیارکردن و جیاکردنەوەی دێرە شیعر و بەیەکەوە بەستنەوەی چەند دێرێك ئەرکی سەروایە) [٤٦٣ : ٨٧]. سەروا دەوری دیاری لە ڕۆنانی پارچە شیعردا (ستانزا) هەیە : (یەکێ لەئەرکە گرنگەکانی سەروا ئەوەیە دێرە تاکەکان لەگەڵ شێوەی ستانزادا بەیەکەوە گرێ دەدا) [٥٠٠ : ١٥٣]. بەم جۆرە (سەروا پارچەکانی هۆنراوە (ستانزا) یەك دەخا و جیایان دەکاتەوە . چونکە هەر ستانزایەك لەتەکانی جۆرە دابەشبوونێکی تایبەتی سەروای هەیە ، لە ستانزاکانی تر شێوازی سەرواکە دەپارێزرێ بەلآم جۆری سەرواکە دەگۆڕێ) [٤٧٠ : ٣٨٢]. واتە لە هۆنراوەی پارچەدا دا ، سەروا جگە لە پێکەوە بەستنەوەی لەتەکانی هەر پارچەیەك ، پارچەکانیش بەیەکەوە دەبەستێتەوە بەمەوەش لەپەرت بوون و لێك پچڕان دەپارێزێ . ئەم بەستنەوەیە زۆر ورد و وەستایانە دێتە دی . نەسەروا بەسەر دێردا دەسەپێ و نەدێر بەسەر سەروادا ، بەڵکو سەرواکە ، لەخۆیەوە ، بەپێی پێویستی شوێنەکە دێت (باشترین سەروا ئەوەیە لەگەڵ وشەکانی دێرە شیعردا بگونجێ ، وەکو بیانی و غەوارە دەرنەکەوێ) [٣١٤ : ٧٣].

- لەغەزەل و قەسیدەدا ، سەروا کە لە کۆتایی دێرەکان دووبارە دەبێتەوە (یەکێتی سەروا) ، وەکو داوێك وایە کۆتایی هەموو دێرەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و یەکێتی هۆنراوەکە لەم سووچەوە دەستە بەر دەکات . وەك دەزانین ، لەم جۆرە هۆنراوەیەدا یەکێتی بابەت دەکشێتەوە و دەترنجێتە ناو تاکە دێر و پەیوەندی عوزوی و دەلالی لە نێوان دێرەکاندا نامێنێ . ئەگەر پەیوەندی هەبێ لە بۆچوونی کۆندا بە عەیب دادەنرێ . جا سەروا دەوری دابین کردنی یەکێتی هۆنراوە دەبینێ . هەر دێرێك کە دەگاتە کۆتایی لە ڕێی دەنگە هاوبەشەکانی کۆتاییەوە (سەروا) لەگەڵ کۆتایی دێرەکانی تر نێکەڵ دەبێتەوە . ئەم ئەرکەی سەروا لەمانای وشەی (ڕەوی - دوا تیپی ڕەسەنی کۆتایی دێر) زیاتر خۆی دەنوێنێ . ڕەوی یەکێ لەمانا کانی ئەو پەتەیە کە باری پێ لەوڵاغ شەتەك دەدرێ ، بۆیەش کراوە بە ڕاوە بۆ دوا تیپی ڕەسەنی دێرە شیعر چونکە وەکو پەت دێرەکانی شیعر بەیەکەوە شەتەك دەدات.

Scanned with CamScanner

- سەروا یارمەتی بیرکەوتنەوەی وشە هاوسەرواکان دەدا . کە وشەیەکی سەروات بەرگوێ دەکەوێ یەکسەر کۆمەڵێ وشەی هاوسەروا لە مێشکتدا دەجوڵێ چونکە هەموویان لەخانەی هاوسەروایەتی مێشکدا یەك دەگرنەوە . ئەمەش وای کردوە شتی سەروادار لەبەرکردنی ئاسان بێ. هەر بۆیەشە سەروا جگە لەئەدەبی میللی، لەشتی مندالأنیش بەکاردێ (سەروا لەبەرکردن ئاسان دەکا بۆیە شتی فۆلکلۆری و بابەتی منداڵانە بەسەروا دادەڕێژن تا لەبەرکردنیان بۆ خەڵکی سادەو بۆ منداڵ ئاسان بێ) [٤٧٠ : ٣٨٢] . لەم بارەیەوە جاحیز شیعرو پەخشان بەراورد دەکا (لە عەبدوسەمەدی کوڕی فەرزی کوڕی عیسای ڕەقاشیبان پرسی : بۆچی (شیعر)ی سەروادار لە پەخشان پەسندتر دەکەی و خۆت بەسەرواو دارشتنی کێشەوە ماندوو دەکەی ؟ گوتی : چونکە لەبەرکردنی خێراترە و گوێ بۆ گرتنی چالأکانەترە ... لەپەخشاندا دەێکی لەبەر نەکراوە و لە کێش و سەروادا ڕدا دەێکی بزر نەبوە) [٢٧٤ : ١٥٣].

- سەروا خۆشی و لەزەتێکی دەروونی لای خوێنەر (گوێگر) پەیدا دەکا کە لە تێرکردنی تاسەی ڕەچاوکردنی دووبارەبوونەوەی سەروا دێتە دی . سەروا دەوری هەیە لە دروست کردنی جۆرە شێوەیەك لەدابەشبوونی دێرەکان و لەمەدای زەمەنی تایبەتیدا بەپاسای بەدوای یەکدا هاتن (تتابع) یان هاوشوێنی (تناظر) دووبارە دەبێتەوە . دوای خوێندنەوەی یەکەم تەشکیلەی دابەشبوونەکە ، خوێنەر چاوەڕێ دەکا لەهەمان شوێندا دووبارە بێتەوە . ئەم چاوەڕێ دەروونییە بێتە دی خۆشیی دەروونی دەچەسپێنێ و نەیەتەدی نائومێدی دەروونی دروست دەکا ، جا هاتنەوەی سەروا لەکات و شوێنی ڕەچاوکراودا ئەم بارە دەروونییە دەخوڵقێنێ.

- شیعر یەکێ لەڕەگەزە سەرەکییەکانی مۆسیقییەتە ، ئەم مۆسیقییەتە لە دووبارە بوونەوەی ڕێك و تایبەتی دەنگدروست دەبێ . دووبارە بوونەوەی دەنگ(بزوێن و نەبزوێن) لە وشەو دێرەکان جۆرە مۆسیقایەکی کاریگەر دەخولقێنێ . سەروا کە بەسیستەمێکی ڕێك دووبارە دەبێتەوە ، جۆرە مۆسیقایەکی تایبەتی لەسەراپای هۆنراوەکە دروست دەکات . جگە لەوەی کە هەر ئەو سەروایە لەگەڵ دەنگەکانی ناوەوەی دێرە شیعرەا ، چ لەسەروای ناوەوە دابێ و چ لە دووبارەبوونەوەی هەندێ دەنگی جیاجیا ، مۆسیقای دێرەکە تەواو دەکا و لەنگەر بۆ کێش و ڕیتمی دەرەوە و ناوەوەی هۆنراوەکە ڕادەگرێ . بەم جۆرە وەکو پێنتی کۆکردنەوەی مۆسیقای ئاسۆیی و ستوونی هۆنراوەکەی لێ دێ . لەوێوە (جوولەی مۆسیقای دێرو جوولەی مۆسیقای هۆنراوە یەك دەگرنەوە) [٢٩٣ : ٩٢].

- سەروا ئەرکی دەلالیشی هەیە . وشەکانی سەروا بەدەنگە هاوبەشەکانیان بیر بۆ مانای وشەکان دەبەن . ئەمە جۆرە چالأکییەك بە هەست و هۆشی گوێگر دەدا ، چونکە لەناو ئەو یەکێتی دەنگییەدا جۆرە پەیوەندییەکی دەلالی سەر هەڵدەدا لەنێو وشەکانی سەروادا . سەروا هەر تەنیا دیاردەیەکی دەنگی ڕووت نییە ، بەڵکو دەکەوێتە ناو کۆمەڵێ پەیوەندی دەلالی هۆنراوەوە و بەشداری لە دروست کردنی ئەو پەیوەندیانە و دەلالەتیان دەکات . هەندێ وشەی سەروا مانایان

Scanned with CamScanner

زۆر لەبەك نزیکە و پێکەوە دەگونجێ وەکو (بـرا ، چـرا) یـان (داو ، ڕاو) یـان (داك ، کـاك) یـان (شەو، خەو) هەندێکی تر لە ڕووی دەلالیەوە پێچەوانەن یان ناکۆکن وەکو (سەرما ، گەرما) یان (ماش ، جاش) ، یان (جۆش ، بۆش) . ئەم پێکچـوون یـان ناکۆکییـە جووڵـەی سـەروا لـە دەستە بەرکردنی چالاکیی زەینی بەهێز دەکات و پەیوەندی نهێنی ئەو دیو دەنگە ڕووتەکان ئاشکرا دەکا. جگە لەوەی شوێنی سەروا کە وەستانی دێرە، جۆرە هێزێك بەوشەکەو ماناکەی دەدات ، یان هاتن و دووبارە بوونەوەی سەروا لەو شوێنە تایبەتیەدا نرخی دەلالی و مۆسیقی شوێنەکە بەرز دەکاتەوە. لەهەردوو باردا گرنگی شوێن و سەروا داریێەکە وادەکا کە شاعیر لـووزەوی سۆزومانا بەڕەوشەی دواوە هەڵسووڕێنێ . بەمەوە زۆربەی مانا و هەست و سۆزی دێرەکـان لـە وشەکانی سەروا خەست دەبێتەوە. هەر بۆیە ئەگەر لە هۆنراوەیەکی ستوونیدا تەنیا وشەکانی سەروا بخەیتە بەر تیشکی سەرنج تا ڕادەیەکی زۆر مانای گشتی و کەشی تاقی کردنەوەی شعرەکەت بۆ دەردەکەوێ. جگە لەمانە دابەشبوونی سەروا خۆی لە خۆیەوە ئیحای دەلالەتێکی تایبەتی تێدایە . قـالبی غـەزەل و قەسیدە ، چوارچێوەی ناوەرۆکەکەی تا ڕادەیەك دیارە ، مەسـنەوی بـۆ جۆرێکـی تـر بـەکاردێ ، هەروەها چوارینـ و ... چونکە سەروا لـەم ڕووەوە (ڕێگای جیاواز و هەمـە جـۆر دەستەبەر دەکا بۆ شاعیر تا هەست و بیری خۆی بێ دەربڕێ) [٤٧٤ : ٤٧] . تایبەتێتی قالبەکە تا ڕادەیەك خزمەتی گەیاندنی مەبەست دەکات.

- سەروا ئەرکی ئیستاتیکیش (جوانکاری) دەبینێ ، شاعیر زۆرجار هونەر لـە داڕشتنی سەروادا دەنوێنێ و جۆرە جوانییەکی زیادەکی بۆ شیعرەکە مسۆگەر دەکا کـە لەگەڵ ڕەگەزەکانی تـردا بەهای ئەدەبی بەرزدەکاتەوە . وەکو (ئیعنات) و (جووت سەروا)و...

- سەروا بەدیارکردنی سنووری دێرو دابەشبوونی لەتەکان ، لەگەڵ جۆری کێشە بەکارهاتوەکە (کورت و درێژ) ، نەخشەی هەندەسی شیعرەکە لەسەر لاپەڕەدا دیار دەکـات. واتـە چوارچێـوەی گشتی (outline) تۆپۆگرافی نووسینی شیعرەکە دەکێشێ . پەیوەندی کـورت و درێـژی دێرەکـان و چۆنیەتی دابەشبوونی لەتەکان و شوێنی دووبارەبوونەوەی سەروا و ڕووی سپی بەجێماوی لاپەڕە ، ئەمانە هەمو ، لەگەڵ یەکـەم سەرنجدا ، شتێ لای خوێنـەر دروست دەکـەن کـە ئەمـە شیعرە و بەخشان نییە ، جۆری شیعرەکەیشت بێ دەڵێ ستوونییە ، مەسنەوییە ، پارچەدارە ، ئازادە ... ئەمە وەکو پێشەکی و بێ خۆش کردنە بۆ ئامادەکردنێکی دەروونی خوێنەر بەرامبەر بە شیعرەکە.

٣- سەروا وەکو کۆت :

هەر چەندە سەروا مێژوو و پەیوەندییەکی دوور و پتەوی لەگەڵ شیعردا هەیـە و ئـەرکی مۆسیقی و ئیستاتیکی و سیمانتیکی تێدا دەبینێ ، لەگەڵ ئەمەشدا لە کۆن و نوێدا لای هەندێ نەتەوە بایەخی بێ نەدراوە و لەناو ئەو نەتەوانەی بایەخیشیان پێداوە بەم دواییە ئارەزووی ڕەت کردنەوەی هاتۆتە

Scanned with CamScanner

ناراوه چونکه به رەگەزێکی زیادە و بگرە ناپەسەندی دادەنێن، بەو بیانوەی زیان بەکردەوەی لەدایکبوونی شیعر دەگەیەنێ . وابۆ دوو سەدە دەچێ لەسەراپای شیعری جیهانیدا هەوڵ دەدرێ لەنەخشەی شیعر بکرێتە دەرەوە چونکە بە لەمپەرو کۆتی دەزانن لە رێگای دەربڕینی سەربەستانەی هەست و سۆز و بیرو رای شاعیر. لەسەدەی رابردووبا (کۆمەڵێ ئەدیب و نووسەری فەرەنسی شۆرشێکیان لە بواری شیعردا بەرپاکرد . مەبەست رەفز کردنەوەی کێش و سەروا بوو . کێش و سەروایان بە کۆت دەزانی. بەڵگەیان ئەوە بوو ئەو کۆتە رێگا لە گەیاندنی مەبەست دەگرێ و شاعیر ناچار دەکا قوربانی بەلایەنێکی بیرەکانی بدا لە پێناوی کێش و سەروادا .. مەسەلەی مل نەدان بۆ کێش و سەروا لای هەندێکیان گەیشتە رادەیەك وەکو دیلی و رۆرانبازی هۆڤییانەی دووکەسیان دادەنا لای باپیرە گەورەکانی پێشوویان) [۳۹۰ : ۹] ئەم جوڵانەوە زیاتر لای رەمزییەکان پەرەی سەند کە لە نرخی سەروایان کەم کردەوە. ئاوایان دەکرد سەروا گۆێی پێ نەدرێ چونکە شتێکی زیادە و بارگرانییە[۳۵۱ : ٤٧٩]. لەعەرەبیدا (رزق الله حسون) یەکەم کەس بوو ، لەسەدەی رابردووبا هەوڵی نوێ کردنەوەی شیعری داوە و سەروای بەزیادە زانیوە . لەبارەی سەرواوە رای وایە (پێناسەی شیعر بە کێش دەردەکەوێ . سەروا مەرج نییە . ئەگەر هەبێ تەنیا بۆ جوانییە . پێش پەیدا بوونی سەروا شیعر هەر هەبوە وەکو لای نەتەوەکانی تر...) [۳٦۳ : ۲۰] . ئەم بە کۆت و زیادە زانینی سەروایە خۆی لەم بۆچوونانەدا دەدۆزێتەوە :

- هەندێ لەوانەی سەروا بە رێگرو لەمپەر دادەنێن دەڵێن : (سەروا کارەساتە . لافێتەیەکی سوورە . بەسەر شاعیردا دەنەرێنێ و دەڵێ : نەڕۆی ! لەوکاتەدا کە شاعیر لەپۆیەی هەڵچوون و خرۆشانی سۆزدایە لە پر هەناسەی دەپچڕێ و بەفر بەسەر ئاگری ئاگیرساوی ناوەوەی دادەکرێ ، ناچار دەبێ پاش سارد بونەوە دووبارە تێ هەڵبچێتەوە) [۳۲۸ : ۷۷] . ئەمانە بۆیە سەروا پەت دەکەنەوە چونکە بەربینگی شاعیر دەگرێ و زنجیرەی هەست و بیری دەپچڕێنێ و ناچاری دەکا بێتەوە سەر دێر و دووبارە دەست پێ بکاتەوە . (کە هۆنراوە دەتەقێتەوە و دەردەبێ، وەکو ئاوی پەوان هەڵدەڕژێ بۆی هەیە سەروا دەوری تێکدەری تێدا بگێڕێ ، چونکە شاعیر کە کەوتە گەڕان بە دوای سەرواو خەریکی وشە دۆزینەوە بوو ، هەست و سۆزی دەبەنگێتەوە و ناتوانێ بە ئارادی گوزارشت لەو هەستە تەقاوە و لەوگرە داگیرساوە بکات)[۳۰٦ : ۱۲۹].

- داڕشتن و سنووربەند کردنی دێرە شیعر بە کێش (ژمارەی تایبەتی پێ) و کۆتایی هێنانی بەسەروا ، شاعیر ناچار دەکات ئەو مەودایەی قالبی دێرەکە کێشاویە پڕیبکاتەوە . جا ئەگەر هەست و سۆزی لەوە زیاتر بوو لەو مەودا کورتە جێی ببێتەوە دەبێ بیپچڕێ و لەو سنووری سەروا لەسەری وەستاوە ببڕێتەوە . خۆ ئەگەر هەست و بیری کەمتر بوو ، دەبێ بەشتی زیادەکی و

Scanned with CamScanner

ناپێویست پڕی بکاتەوە فێنولۆن ڕەخنە لە شیعری فەرەنسی دەگرێ لە دوولاوە هێرش دەکاتە سەر سەروا : یەکێ ئەوەیە لە شیعری درامای کلاسیکیدا کە سەروای مەسنەوییە وەرسی پەیدا دەبێ و دووەم ئەوەیە شاعیر ناچار دەبێ حەشوو بەکار بێنێ، وشەی ناپێویستی وەکو ئاوەڵناوی تێبناخنێ و وشەی بێ سوود و نابەجێ بۆ سەروا بێنێ و بەدرێژ دادڕی ناپێویست بۆشایی دیارکراوی دێڕ پڕ بکاتەوە [٣٣٠ : ٨٤-٨٥]. ئەمە وەکو ئەفسانە گریکییەکە وایە کە خانەخوێکە میوانەکانی بە پێی چوار پاکەی لە قالب دەدا و بەمەوەش کەم کەس بە سەلامەتی دەردەچوو. یان قاچی دەبڕینەوە یان لێکی دەکێشانەوە تا لەگەڵ چوار پاکە (قالبەکە) دەربچن (٢). سەروا بەدیارکردنی سنووری کۆتایی دێر دەبێ بەمایەی شێواندن و بێ بایەخ بوونی ئەو جەستە شیعرییەی بۆ شاییەکەی بڕ دەکردەوە.

- پەیرەو کردنی یەکێتی سەروا لە قەسیدەی ڕۆژهەڵاتیدا ڕێگا لە درێژبوونەوەی شیعر دەگرێ (ئەو شاعیرەی بیەوێ هونراوەیەکی هەشتا دێری زیاتر بنووسێ هەردەبێ سەروایەکی ئاسان هەڵبژێرێ. لەگەڵ ئەوەشدا بەرلەوەی بگا بە هەشتا دێرەکە ناچار دەبێ ناوەرۆکی دێرە شیعرەکانی لەگەڵ سەروادا بگونجێنێ. بەمەوە شیعرەکە دەبێ بە پاشکۆی سەروا ، نەک سەروا ببێ بە پاشکۆی شیعرەکە) [٣٠٤ : ١٤٨]. شاعیر لە کاتی هۆنینەوەدا سەربەستی نامێنێ هەر هێندە بکەوێتە تەنگژەی سەرواوە ئیدی هەست دەکا شیعرەکەی ڕەسەن و ڕاستگۆ نییە. بەڵکو شتێکی خوڕتی و زیادەکییە.

- یەکێتی سەروا ، لەگەڵ هۆی تری کۆمەڵایەتی و مێژوویی و جوگرافی ، دەبێ بە لەمپەر لەبەردەم دروستبوونی داستانی (ملحمە) دوورو درێژی وەکو ئەلیازەو ئۆدیسە و ئەنیادە و شانامەو مەهابهارتا و ڕامایانا و بەهەشتی ونبوو لەزمانێکی وەکو عەرەبی، چونکە ئەو دەیان و سەدان هەزار وشەیەی سەروا لەزمانەکەدا دەست ناکەوێ ، با ناو بەناویش ڕێگای دووبارەکردنەوەی وشەی سەروای مەسنەوییان تێدا پەیرەو کراوە . نازک مەلائیکە نەبوونی داستانی درێژ لە عەرەبیدا بەتاوانی یەکێتی سەروا دادەنێ [٣٠٥ : ١٩٥] تەنانەت شیعری مەسنەویش لەهەموو بارێکدا

(2) ئەفسانەکە دەڵێ : (پرۆکرۆستیس)ی کوڕی (بوسیدون) لەندەهۆرێکی زەبەلاح بوو ، بە(میداد) ناوبانگی دەرکردبوو. ئەم لەندەهۆرە خۆی بە میوانپەروەر و غەریبە دۆست پیشان دەدا . ئەوەی بەلای ماڵیدا تێپەڕیوایە زۆر خولقی دەکرد بۆ ئەوەی لابدا ، ئەگەر کابرا لای بدایە ، ئەو ڕۆژە زۆر خزمەتی دەکردو باشترین خواردنی لەبەر دادەنا. کە وەختی نووستن دادەهات، چواریایەکی ئاسنی هەبوو فەرمووی لەمیوانەکەی دەکرد بۆ ئەوەی لەسەر ئەو چواریایە ڕابکشێ و بخەوێ. ئەگەر کابرا بەژنی لە چواریاکە درێژتر بوایە ، قاچەکانی بەقەدەر چواریاکە دەبڕییەوە . خۆ ئەگەر لەچواریاکە کورتتر بوایە ، ئەوا لێکی دەکێشایەوە تا بەژنی بەقەد درێژی چواریاکە لێ دەهات . ئەولەندەهۆرە زۆر مرۆڤی بێ تاوانی بەم جۆرە شێواندو لەناوی بردن تا (تیسیوس) بەفرە دەرمانێك کوشتی و هەموو دونیاو ڕێبوارەکانی لەدەست ڕزگار کرد [٣٨٧ : ١٠٤].

Scanned with CamScanner

دەرەقەتی داستان نایە . لەبارەی شیعری گۆرستان (مەقبەر)[٢] ی عەبدولحەق حامیدی تورك ، رەزا تۆفیق کە ماوەیەك لەگەڵ عەبدولحەقدا ژیاوە ، دەڵێ (شێوە سەروایەکی تایبەتی بەکارهێناوە کە زۆر یارمەتی داوە بۆ لووزەو بەستنی بیر (تداعی الافکار) . ئەگەر داستانی گۆرستانی بە شێوەی مەسنەوی بنووسیبایە وەکو داستانەکانی تر ، بێگومان لەو کارە ئەدەبییە فەشەلی دەهێنا) [٣٤٦ : ٢١١].

- زۆر دووبارە بوونەوەی سەروا ، بەتایبەتی لە یەکێتی سەروادا ، دەبێ بەمایەی وەرسی گوێگر ، چونکە ئەو یەکنەوایەی (مۆنۆتۆن) لە دووبارەبوونەوەی هەمان دەنگیا دەستە دەنگدروست دەبێ ، چالاکیی زەینی و دەروونی تەپ دەکات و گوێگر تووشی بێزاری دەکات.

- ئەگەر چی سەروا ، لە رووی ئاوازەوە لەگەڵ کێش، هەموو دێرەکانی قەسیدە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، بەڵام لەهەمان کاتدا هۆیەکە لە هۆیەکانی ترنجانی یەکێتی عوزوی لەناو ناکە دێردا و دێرەکان لە رووی داڕشتن و ماناوە لێك دادەبڕێنێ . س.مۆرێ دەڵێ (یەکێتی سەروا شاعیر ناچار دەکا لە هەردێرێکدا ، بەهۆی بەکارهێنانی سەرواوە ، بیرێکی تەواو دەربڕێ - واتە رستەیەکی سنتاکسی تەواو-، ئیتر هۆنراوەکە دەبێ بە کۆمەڵە یەکەیەکی لەیەك پچڕاو)[٣٦٣ : ٥٠]. ئەم گواستنەوەی یەکێتی عوزوییە لە سەراپای هۆنراوەوە بۆ تاکە دێر ، تاقی کردنەوەی شیعریی شاعیر پەرت دەکاو دێرەکان پەیوەندییان بەیەکەوە نامێنێ تەنیا لە رووی ئاوازو دەنگی کۆتاییەوە نەبێ.

- سەروا وەکو کۆت وایە ، شاعیر لە (انطلاق) کردن دەگێڕێتەوە، چونکە دەبێ هەست و بیری خۆی لەقالبی وشە سەروادارەکانەوە بەند بکات و لایەکی بیرکردنەوەی مێشکی بەدۆزینەوەی وشەی سەروادارەوە خەریك بێ و هەست و بیری بەو وشانەوە قالب بەند بکات. ئەمە وای لێ دەکا قوربانی بەزۆر وێنەی هونەری و دەربڕینی شاعیرانە بدات . زەهاوی کە یەکێکە لە رەفزکەرانی سەروا دەڵێ : (سەروا هەرچەندە لەیەك هۆنراوەدا جیاوازیش بێ ، هەر شاعیر دەبەستێتەوە و لێ ناگەڕێ بە ئازادی هەستی خۆی دەربڕێ) [٣٤١ : ٦٧٨] ، بەڵای ئەوەوە سەروا گەورەترین هۆی دواکەوتنی شیعری عەرەبییە لەچاو شیعری رۆژاوا . لای وایە (سەروا شاعیر دەبەستێتەوە ، لێ ناگەڕێ لە دەربڕینا سەربەست بێ ... سەروا عوزوێکی ئەسەربیە ، پاشماوەی سەردەمی کۆنە هەر دەبێ لابدرێ و شیعری لێ ڕزگار بکرێ) [٣٠٦ : ٩٤] . لە شوێنێکی ترا هەموو سوود و ئەرکێك لەسەروا دادەڕێ (ئەم کۆنە هەر دەبێ هەڵبگیرێ چونکە بێ مفایە) [٣٤١ : ١٧٨].

- یەکێتی سەروا و زۆر دووبارە بوونەوەی لەلایەن شاعیرانەوە ، دەبێ بەهۆی لاسا کردنەوەیان

---

[٢] شێخ نووری شێخ سالح هەندێکی لەم داستانەی عەبدولحەق حامید (١٨٥٢-١٩٣٧) لەعەرەبییەوە بەشیعر کردوە بەکوردی [٢١٢ : ٤٥-٦٠].

Scanned with CamScanner

لـه بـهکارهێنانی جۆری سـهروا و دوبـات کردنـهوهی هـهمان وشـهی سـهروا لـهلای زۆر شـاعیرهوه . ئهمـهش بـواری داهێنـان کـهمتر دهکاتـهوه . یـهکێتی (سـهروا پاشـخانێکی مێژوویـی بـۆ شـاعیر دابـین دهکـا . هـهر هێنـده شـاعیر سـهردهمای شـیعرێکی دامـهزراند و کێـش و سـهرواکهی چهسـپاند ، یـهکسـهر بـهبێ دهسـتی خـۆی هـهست دهکـا لـهدوای ریزێکی دوور و درێـژی شـاعیرانـهوه وهسـتاوه کـهبـهرلـهم ئـهم کێش و سـهروایـهیان بـهکارهێناوه و لـهو بـارهیـهوه خـۆی بـههاویـهش دهزانـێ لـهگـهڵ ئـهوان و نـاتوانێ خـۆی لـهکاریگـهری لاسـاکردنـهوهیان دهربـاز بکـا)[٣٠٦ : ١٣١].

- سـهروا زۆر جـار دهبـێ بـه بـارگرانی بـهسـهر شـاعیرانـهوه . شـاعیر نـاچـار دهکـا یـان بـهبـێ دهسـتی خـۆی لـهسـنووری گشـتی لابـدا ، یـان دهسـتووری سـهروا تێـك بشـکێنـێ بـۆ ئـهوهی رێگـا لـهبـهردهم دهربڕینی هـهست و سـۆزی خـۆی بگـاتـهوه . شـاعیرانی هـهموو دونیـا لـهدهسـت قورسـایی و سـهختی سـهروا بـه دادهدان ، زهحاوی کـه هـهم شـاعیره و هـهم تـۆژهرهوه باسـی نـاڵـهو چـهقینی شـاعیران دهکـا بـهدهسـت سـهرواوه (شـاعیر بـهدهسـتیهوه دهنـاڵێنـێ و ڕۆیشـتنی تـهپ و سسـت و گـران دهبـێ وهکـو یـهکـێ کـه لـهناو قوڕێکی خـهست بڕوا) [٣٦٣ : ١٢] . هـونـاردی لامـت ، هـۆنـراوهیـهکی هـهیـه گلـهیی لـه سـهروا دهکا کـه لـێ نـاگـهڕێ بـه وردی و ئـازادی و ڕۆن و ئـاشکرایی بیرو سـۆزی خـۆی دهربڕێ :

ئـهی سـهروا ،
ئـهی کـۆتـی زۆردارو نـا ڕهسـهن ،
تـاکـهی حـوکم بـهسـهر بیرمدا دهکـهیـت و مێشکم داگیر دهکـهی ؟
کـه تـۆ فـهرمانی پـهیڕهو کردنی کێش و ژمـارهیـێ دهردهکـهی ،
ئێمـه دهبـێ قوربانی بـهڕۆنی و وردی و دروسـتی بـدهین [٣٠٦ : ١٢٩].

ئـهحمـهدی شـاملو دهڵـێ :

بـهشان بـهرد دهکێشم ،
بـهردی وشـه ،
بـهردی سـهروا [٣٨٨ : ٢٧].

یـان :

من بـهردی قـورسـی سـهروا دهخـهمـه سـهرشـان ،
خـۆم لـهناو زیندانی شـیعر بـهند دهکـهم [٣٨٨ : ٤٠].

یـان :

خـۆشـویسـتنی کـهس و زهمـزهمـه و فـریـاد ،
خـۆشـویسـتنی زیـندانی شـیعر ،
بـهزنجیری گـرانبیـهوه :
زنجیری وشـه ،
زنجیری سـهروا [٣٨٨ : ٥٣].

Scanned with CamScanner

لە کوردیدا ، وەکو لە شوێنێکی تر باس کرا ، مەولەوی لەبەر گرانی دەردیی ، (قافیەی فەرد)ی شێواوە . حاجی قادریش ناخی قافیەی لە دڵایە :

قەڵەم شکاوو موورەککەب ڕژاوو نامە نەما
لەناغی قافیە ، تا خۆی گەیاندە ئاهو ئەنین [٦٠ : ١٦٢].

هێدی دەڵێ :

قافیە گەرچی تەڵەسمە و تووشی شیعری من دەبێ
بێ تەڵەسمی قافیەش هەڵبەستی من شەرمن دەبێ [٢٣٩].

حەمدی تەنگیی سەروای بۆلێکچواندن بەکارهێناوە :

دەمت وەك قافیەی ئەم شیعرە تەنگە
کەلامێکی نییە بۆ من بەسەد ناز [٦ : ٢٣٦].

٤- سەروا لە نێوان بوون و نەبووندا :

ئایا سەروا پێویستییەکی شیعرییە و هەر دەبێ هەبێ تا مەرجی بوونە شیعری تەواو ببێ ؟ یا دەشێ شاعیر دەستبەرداری بێ ؟ هەبێ باشترە یان نەبێ ؟ پێویستی و ناپێویستی سەروا لە شیعردا بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە : سەردەم ، زمان ، شاعیر ، شیعرەکە خۆی . سەردەم کاردەکاتە سەر جۆری سەروا . لەهەر سەردەمێکدا ئەندازەیەکی تایبەتی هەیە لە بایەخدان بەسەروا ، جۆرە سەروایەك باوە . زەهاوی ، لەژێر کاریگەری تیوری داروین ڕای وایە کە (شیعر لە ڕەوتی مێژوودا وەکو گیانداران دەکەوێتە گۆڕان و گەشەکردن) [٣٠٥ : ٢٩]. ئەم ڕایە دەکا بە پاڵپشت بۆ (گۆڕینی سەروا لەچەند بەیتێکدا پاش گواستنەوەی لەبابەتێك بۆ بابەتێکی تر) [٣٠٥ : ٢٩] . لە ئینگلیزیدا سەرەتا سەروا بەو جۆرەی ئێستا نەبوە ، هاودەنگیی دەوری هەبوە . پاشان سەروای کۆنایی تێدا گەاڵە بوە (لەسەردەمی ڕێنسانسدا مەسەلەیەکی باوی ناو نووسەران و شاعیرانی قبووڵ کردن و ڕەت کردنەوەی سەروا بوو . بەکێکی وەکو سەمۆیێل دانیال لەنامەی - بەرگری لەسەروادا - سەروا بە پێویست دەزانێ بۆ شیعر ، کەچی یەکێکی تری وەکو کامپیۆن سەروا بە دیاردەیەکی بێ نموودو پێچەوانەی سروشتی زمانی ئینگلیزی دەزانێ) [٤٠١ : ٢٩٢]. گۆڕانی پێویستی سەروا بە پێی سەردەم لەقسەکەی شاملۆدا ئاشکراتر دەردەکەوێ (بەاڵی ئەوانەوە - پێشینانەوە - هەر تەڕو وشکێ کێش و سەروای هەبایە شیعر بوو ، هەر گۆتەیێ کێش و سەروای نەبایە پەخشان بوو، کەچی ئەمڕۆ خوێنەری شیعر دەزانێ لایەنی بەرزیی شیعر لەئەدەبدا تەنیا و تەنیا مەنتیقی شاعیرانەیە ، نەك کێش و هونەرە قسەییەکان) [٣٨٨ : ٩٧].

جگە لەسەردەم، سروشتی هەر زمانێك (جۆری دەنگو بڕگەکان) دەوری لە بوون و نەبوونی سەروادا هەیە. زۆر شیعری جیهانی وەکو گریکی و سانسکریتی (کۆن) و یابانی (نوێ) کێشیان

Scanned with CamScanner

هەیە بەڵام سەروایان بە مانای سەروای تقلیدی نییە. ئەگەر چی ئەوانیش دووبارە بوونەوەی دەنگیان تێدا دەکەوێتە ناو کردەوەی خولقاندنی شیعر بەڵام هەریەکە بە پێی سروشتی خۆی ئەو زمانانەی هێز (stress) و کورت و درێژی برگە یان تێدا چالاك بێ کێشەکەیان بەهێز دەبێ و بەسەر سەروادا زاڵ دەبێ. ئیدی دەشێ دەسبەرداری سەروا بین[٤٦١ : ٣٠]. کەچی ئەو زمانانەی کێشیان ژمارەییە و ئیقاعی کێشیان ئەوەندە تووند نییە سەروایان تێدا زاڵە. شیعری فەرەنسی کە کێشەکەی ژمارەییە، قانسان سەروای تێدا بە پێویست دەزانێ (سەروا بۆ شیعری فەرەنسی پێویستە. سەروا ئەو بڕگەیە بنچینەییەیە کە شیعری لێ دروست دەبێ. سەروا نەبێ پێوەرە شیعرییەکان خاو دەبنەوە و شیعرەکە لە پەخشان نزیك دەبێتەوە) [٣٣٠ : ٨٧]. لە پێکهاتنی فۆنۆلۆجی وشەی هەر زمانێك کە سیستەمی تایبەتی خۆی هەیە، کۆتاییەکان دەوریان لە سەپاندن و نەسەپاندن یان زۆرو کەمی سەروادا هەیە. ئەو زمانانەی کۆتاییان بە هێشوە نەبزوێنی گەورە دێ کەمتر بۆ هۆنینەوەی شیعری سەروادار دەگونجێن، وەکو زمانی ئینگلیزی، کەچی ئەو زمانانەی زۆر لە وشەکان کۆتاییان بە بزوێن دێ وەکو زمانی ئیتالی و خواروووی سکۆتلەندە و یابانی زیاتر بۆ سەروا هێنانەوە لەبارن [٤٦٣ : ٨٨]. جگە لەوەی هەندێ وشە بەجۆرێ هەڵکەوتوون وشەی تری هاوسەروا و هاو ئاوازیان بە ئاسانی چنگدەکەوێ. کەچی لە هەندێ زماندا وانییە، بۆ نموونە لە ئینگلیزیدا (وشەی -love- بۆ سەروای تەواو تەنیا لەگەڵ وشەیەکی بێزەوەری وەکو -shove- یان وشەیەکی سواوی وەکو glove دێ) [٤٦٣ : ٦١]. زۆرو کەمی وشەی هاوسەروا هەتا ڕادەیەك پەیوەندی بە جۆری زمانەکەوە هەیە لە ڕووی چەقین یان گەردان نەبوونەوە (العازلە) (چینی و سامی و بورمانی و تبتی ...)، لکێنی (اللصقیە) (تورکی و مەنگولی و مەنشووری و یابانی و زمانەکانی باسك ...) و گەردان کراویان شیکاری (المتصرفە او التحلیلیە) (فارسی و هیندی و لاتینی و گریکی و جەرمانی و عەرەبی... هەروەکو شلیگل باسی کردوە [٣٢٦ : ١٩٥]. یان جۆری زمانەکە لە ڕووی خزمایەتی نێوان زمانەکان کە لە بنچینە و دەستووری ڕۆنانی وشەو بنیاتی ڕستەدا لەیەك دەچن وەکو خێزانی هیند و ئەوروپی و خێزانی سامی و حامی و خێزانی تۆرانی وەك ماکس موللەر پێشانی داوە [٣٥٦ : ١٩٦]. زمان هەیە هەر بەسروشت کۆتایی وشەکانی (بەتایبەتی کە بزوێن بێ) ئەوەندە زۆر لەیەك دەچێ بەکارهێنانی لەشیعردا هیچ دەورێکی نابێ وەکو شیعری یابانی کە شیعری بێ سەروایە (زمانی یابانی برگەکانی کورت و کراوەن، ناکرێ سەروا یا هاونەبزوێنی سەرەتای بۆ دیارکردنی دێرە شیعر تێدا بەکار ببرێ، نەك لەبەر ئەوەی ئەمانە لە زمانی یابانیدا نین، بەڵکو لەبەر ئەوەی لەقسەی ساکاری ڕۆژانەدا ئەوەندە زۆرن هیچ نرخی ئیستاتیکیان نەماوە) [٤٦٣ : ٤٨].

لەیەك سەردەم و یەك زمان خۆبەستنەوەیان سوود بینن لەسەروا وەك ڕەگەزێکی شیعری لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێ. دەسەلاتی شاعیرێك بەسەر زمان و داڕشتن و هونەری

Scanned with CamScanner

شیعریبیەوە تا شاعیرێکی تر دەگۆڕێ. جگە لەوەی بەهرە لەم بوارەدا دەوری هەیە، توانای زمانی و دەولەمەندیی فەرهەنگو زاهێنان و زامانی شاعیرەکەش دەوری خۆی هەیە. لەعەرەبیدا کێ توانیویەتی وەکو ئەبو عەلا لە دیوانێکی شیعری قەبەدا خۆی بە (لزوم مالا یلزم) (٤) بەستێتەوە و تێیدا سەرکەوێ. هەڵبەت ئەمە بۆ دەسەلاتی شاعیر دەچێتەوە. لەیەک زمان و سەردەمدا، شاعیر هەیە بە ماندووبوونێکی زۆر ئینجا وشەی سەروادار دەدۆزێتەوە و بە خورتی دەیانئاخنێتە کۆتایی دێرەوە، ئەم خورتی لە خۆکردنە زەق دیارە و سەرواکە شلۆقە، بەئاسانی دەتوانی لایدەیت و وشەیەکی تری بیخەیتە شوێن. کەچی شاعیر هەیە زۆر بەسەر زمان و ئیقاعی شیعری و وشەدا زاڵە. سەروا لە شوێنی خۆی دێنێ. ناتوانی وشەی سەروا لابدەی و هیچ وشەی لەبارتری بخەیتە جێ لە رووی مانا و ئیقاع و دارشتن. کوومبز جیاوازی ئەم دوو جۆرە شاعیرە بەم شێوەیە پێشان دەدا: (هەر خوێندەوارێك، بێ ئەوەی بەهرەی هەبێ، دەتوانێ بەیارمەتی فەرهەنگ هۆنراوەیەك رێك بخا کە سەروای تەواو بێ، بەڵام بەکارهێنانی سەروا وەکو هۆیەك بۆ پتەوکردنی خەستیی و ناسکیی مانا و بۆ بزواندنی هەست و سۆزی خوێنەر، بەهەموو کەس ناکرێ) [٤٥٨ : ٣٢].

خودی شیعریش بە کێش و نەواو تریەی ناوەوە و بابەت و دامەزراندنی تۆڕیی پەیوەند. بە وشەیی و سیمانتیکییەکان، رادەی پێویستیی بە بوون و نەبوونی سەروا دەگۆڕێ. (سەروا بەهایەکی مۆسیقی لە دێرە شیعردا هەیە، دووبارەبوونەوەی یەکنەواییی زیاد دەکات. نابی سەروا بۆتەواو کردنی دێر بێ، بگرە دەبێ مانای دێرەکە لەسەر ئەوەوە دروست بێ و نەکرێ لە دێرە شیعردا دەستبەرداری بین) [٣٥١ : ٤٧٤].

ئەرستۆ لەشی کردنەوەی شیعردا هەر باسی کێش دەکات و سەروا ناکا بەمەرجی بوونی هۆنراوە [٢٦٣ : ٥-١٦]. لە لاتینیدا سەروا دەبینرێ بەڵام نەك وەك رەگەزی بنجی شیعر [٣١٦ : ٧١]. لە شیعری عەرەبیدا، رەخنەگرە کۆنەکان بە زۆری کێش و سەروا دەکەن بە پێوانەی شیعر بەڵام زۆربەیان کێش بە بنجی تر دەزانن [٢٤٦]، [٢٤٧]، [٢٣١]، [٢٤٨]. کەچی عەبدولقاهری گورگانی خاوەنی تیوری (النظم - رێکخستن) دەڵێ شیعر نە بە کێشە و نە بە سەروا، بەڵکو بە چۆنیەتی رێکخستنی وشەکانە [٣٠٥ : ٨٢]. لە کوردیدا شێخ نووری شێخ سالح کێش و سەروا بە رەگەزی شیعر دەزانێ (نەزم بە ئەو تەرزەی بەیانە دەڵێن کە موزەیەن بێ بە وەزن و قافیە،

---

(٤) أ- بەیرەوکردنی ژمارەیەکی دەنگی کۆتایی (تیپی بزواو وەستاو) زیاد لە سنووری خۆی.
ب- بەکارهێنانی هەموو تیپەکانی ئەلف و بێ وەك رەوی.
ج- هۆنینەوەی چوار قەسیدە لەسەر هەر رەوێك: یەك بەوەستاو، یەك بە زەمە یەك بەکەسرە یەك بە فەتحە کۆتایی بێ.
د- بەکارهێنانی کێشەکان بەتۆرە لە هۆنراوەکاندا.
بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە [٢٥١].

Scanned with CamScanner

نەسریش بە ئەو ئەسەرانە ئەڵێن کە موقەییەد نەبن بە قیودی وەزن و قافیە)[١٦٣ : ٣١-٣٢].
گوران کێش و سەروا بە پێویست دەزانێ لە پاڵ ڕەگەزی شیعریی تر ، بەڵام کێش پەسندتر دەکا
(مەرجی هەڵبەست تەنیا -کێش و قافیە- نییە بەڵام هەبوونی مۆسیقایەکی ڕەوان - جۆرە کێش و
قافیەیەک بەنایبەتی کێش مەرجی هەرە گرنگیی پێویستیەکانی هەڵبەستە)[٥١٣]. عەلائەدین
سجادی لەجیاکردنەوەی هۆنراوە و پەخشان دەڵێ (کێش و پێوانە - وزن - لە هۆنراوەدا گەورەتر
شتێکە کە لەگەڵ پەخشاندا جیای ئەکاتەوە)[١٣٧ : ١٢٨] ، سەروایش بە نیشانەیەکی هۆنراوە
دەزانێ (بوونی لەوبا پێویستە)[١٣٧ : ١٣٤] بەڵام ئەو جەختەی کێشی لەسەر ناکا . بەڵی
د.مارف خەزنەدارەوە (قافیە مەرجێکی گرنگو پێویستە بۆ شیعری کوردی)[١٨٤ : ٥٦].

بەکورتی ئەگەر شاعیر بەهرەوەر بێ و دەسەڵاتی بەسەر زمان و شیعردا بڕوا و بتوانێ بەپێی
پێویست ولە شوێنی شیاوی خۆیدا ، بۆ خزمەتی دەلالی و جوانکاری هەر جۆرێکی سەروا
بەکاربێنێ ئەمە بەرزکردنەوەیە لە نرخی شیعر و شاعیریەتی ، خۆ ئەگەر سەروا زادەی زۆرلە
خۆکردن بێ و هیچ دەوری دەلالی و ئیستاتیکی نەبێ، نەبوونی باشترە.

٥- سەرواو هەندێ لە پێوەندییەکانی :


أ- سەروا و ڕیتم :

ڕیتم ئەو تریە وڵێدانەیە کە لە مەودای زەمەنی دیارکراوبا دووبارە دەبێتەوە ، زانستی ڕیتم (ئەو
زانستەیە لە باری زەمەنی نێوان ئاوازەکان دەکۆڵێتەوە)[٢٤٧ : ٩] . ڕیتم لەبنەڕەتدا لەسەر
بنەمای دووبارەبوونەوە هاتووە (وەکو وڵێدانی دڵ و جوڵاندنی دەست و پێ لەکاتی ڕۆیشتن و بەدوای
یەکدا هاتنی شەو و ڕۆژ و وەرزەکان و سوورانی مانگبەدەوری زەوی و زەوی بەدەوری خۆرا . ئەم
دووبارەبوونەوە کەم و زۆر ، ڕێکەی ئەرك و چالاکی مرۆڤ و سروشت و گەردوون بوە بە بناغە بۆ
ڕیتمی هونەری)[٤٥٨ : ١٧] . ئەم ڕیتمە لە جوولە و سوورانەوەی گەورەترین گەلاکسی و
سیستەمی خۆر و لە ڕەگەزەکانی بچووکترین ئەتۆمدا هەیە. هەموو شتێ و هەموو دیاردەیەك لەم
کەونەدا لە ئیقاعێکی بەردەوامدایە.

د.ڕەمزی مفتاح لەوتاری (شیعری ڕەهاو فەلسەفەی ئیقاعدا) لە (ئیقاعی زگماك - فطری دەدوێ
کە پێوەندی بە یەکێتی ئاوازەوە هەیە - (بەپێی بۆچوونی باقلۆف - باس لە پێکهاتنی شانە و ئەو
ناوەندە سروشتیە دەکا کە گیانداری تاکشانە تێیدا دەژی)[٣٤١ : ٦٨٣]. ڕیتم دیاردەیەکی فراوانە
هەرلە زمان و ئەدەبدا نییە بگرە (سروشت ڕیتمی هەیە ، کار ، ئیشارەتی ڕوناکی ، مۆسیقا ،
دوو دیاردە جیاوازن و بەیەکەوەش دێن . هاتنەکەشیان بە نۆرەیە جا کورت و درێژی هەریەکەیان
چەندە گرنگنییە، گرنگئەوەیە هەست بە بوون و دووبارەبوونەوەیان بکرێ (وەکو شێوازی بەرزی و
نزمی دەنگ(لەقسەدا)، ڕوناکی و تاریکی (لەو چرایانەی بەنۆرە پێ دەبن و دەکوژێنەوە)،
خاوبوونەوە و گرژیبوونەوەی (لێدانی دڵ)، ...)[٤٧٧ : ٩٢].


Scanned with CamScanner

ئەمەیش هەندێ جۆری ڕیتم وەکو مارتن مۆنتگۆمری و هی تر داویانە :



[٤٧٧ : ٩٣]

لەم جۆرە ڕیتمانەی سەرەوە ، ئەوەی مەبەستی ئێمەیێ ڕیتمی قسەیە . ئەویش لە شیعردا. ڕیتمی شیعر لە ڕۆر ڕەگەزی جۆراو جۆردا خۆی دەنوێنێ . هەمووشیان لە ڕەوتی دروستبوونی شیعرەکە بە تێکچژاوی کار دەکەن و لەنگەر بۆ یەکتر ڕادەگرن . لەم کردەوە ئاڵۆزو چڕەیشدا سەروا بە حوکمی شوێنەکەی دەکەوێتە کارلێکی دەنگی و دەلالی و هونەرییەوە لەگەڵ هەموو جۆرە ڕیتمەکان و دەبێ بە پنتی نیشتنەوە و دەست پێ کردنەوەی جوولەی ئیقاعی دێر و هۆنراوە . یاکوبسن ڕای وایە کە (سەروا جۆرە ڕیتمێکە لەسەر دوو لەنگەری سەرەکی چەق دەگرێ، یەکێ دەکەوێتە سەر سەروا کە خۆی و ئەوەی تر دەکەوێتە سەر شوێنەکەی)[٢٧٩ : ٥٥] گرنگترین ڕەگەزەکانی ڕیتمی شیعر ئەمانەن :



دەکرێ جگە لەمانە لایەنی تریش لە ڕیتمی شیعردا جیا بکرێتەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ ، ئێمە لێرەدا باسی ڕیتمێ ئەم دیاردانە دەکەین.

- ڕیتمی دەنگ، ئەمە لە هەموو جۆرەکانی دی سادەتر و ڕاستەوخۆترو زەقترە . جۆری دەنگەکان و چەندێتی و چۆنێتی دووبارەبوونەوەیان جۆرە ئیقاعێکی تایبەتی بە دێرە شیعر و هۆنراوە دەدا .

- ڕیتمی ئاواز : ئاوازی وشە (بوون یان نەبوونی هێز -stress-) لەگەڵ ئاوازی ڕستەدا (بەرزو

Scanned with CamScanner

نزم) دەوری زۆریان هەیە لە ئیقاعی دێرە شیعر، بەتایبەتی ئاوازی ڕستە کە بە درێژایی ڕستە هەر جۆنی دەست پێ بکات و بگۆڕێ لە کۆتاییدا دەگیرسێتەوە کە سەروایە. بەمەوە سەروا دەبێ بە بنتی گیرسانەوەی ئاواز، لەوێ دەنیشێتەوە یان بەرز دەبێتەوە. ئەم ئاوازە جیاوازانە پەیوەندییان بە ئەرک و دەلالەتی ڕستە و وشەکانەوە هەیە: خەبەر، پرسیار (بەهەموو جۆرەکانییەوە)، سەرسامی، مەرح و وەلامی، ناکردن، فەرمان (بەهەموو جۆرەکانییەوە). پارانەوە، هەڕەشە،... گۆڕانی ئاوازەکە، لەبەرزی و نزمی لەگەڵ شێوازی دووبارەبوونەوەی سەروا و دروست کردنی پێوەندییەکی ئیقاعی لەگەڵ ئاراستەی ئاوازەکەدا ئەرکی سەروا قوواڵتر دەکات لە هەڵگرتنی بارگەیەکی تری خوڵقاندن و بەردەوامیی کردەوەی هونەرمەندانەی شیعر.

- ڕیتمی گێڕانەوەو گفتوگۆ: گێڕانەوە ڕیتم و ئاوازێکی نەرم و هێمنی هەیە، بەڕەوانی و بێ هەڵبەزین و دابەزینی زەق دەکشێ و بەشێنەیی دەڕۆێتەوە ناو سەروا و چەق دەگرێ. بەشوێن یەکدا هاتنی شێوازی گێڕانەوە وەکو شەپۆلدانێکی ورد بەسەرانسەری باسەکەدا باڵو دەبێتەوە. دەوری سەروا ڕێك خستنی ئەو بەرزی و نزمییەیە چونکە شوێنی وەستان و تێ هەڵچوونەوەیە. کەچی لە گفتوگۆدا ڕیتمێ پەیدا دەبێ خۆی لە دەنگو دەنگدانەوە (الصوت و الصدی) دەنوێنێ. (وتم) (وتی) نووسرابێ یان دوو دەنگەکە ڕاستەوخۆ بەرەو یەکتر کرابن، هەژان و گرژی و خاوییەك لە دوو جەمسەری گفتوگۆکە دەخوڵقێ و شوێنی گواستنەوەی چالاکیی لە نێوان دووکەسەکەدا لەسەرواوە دەبێ، بۆیە لە گۆڕینەوەی ئیقاعی وەرگرتن و ڕەت کردنەوە، لێدان و چاوەڕێی دەنگدانەوە، سەروا دەوری چەقی چالاکییەکە و خاڵی سەرەکی نیشتنەوە و هەستانەوەی دەبینێ. ڕیتمی گێڕانەوە مەیل بەلای شێنەییدا دەکات (ڕیتمی گێڕانەوە و وەسفی شوێن زیاتر بەلای هێمنی و شێنەییدا دەشکێتەوە تا ڕیتمی شێوازی گفتوگۆکە لادەکا بەلای خێراییدا چونکە لەسەر پرسیار و وەلام ڕۆنراوە ... ڕیتمی گێڕانەوە لە خودی نووسەرەوە هەڵدەقوڵێ کە بەپێی ئارەزووی خۆی دەدوێ و وەسفی شت دەکا، کەچی ڕیتمی گفتوگۆ لە بەشداری کردنی نووسەر و یەکێکی تر (دوەم کەس) دروست دەبێ، واتە شتێکی خودی و چەسپاو و نەگۆڕ نییە بەڵکو لە گۆڕاندایە چونکە لە خودی یەك کەسەوە نایە) [٣٤٠ : ٣٢١]. بەگشتی ئەم دوو شێواز ئەگەر لەیەك پلەی باری دەروونیدابن، گفتوگۆ لە گێڕانەوە خێراترە. واتە لە ڕووی مەودای زەمەنییەوە. (کە بنەمای سەرەکی ئیقاعە)، گفتوگۆ زووتر بەسەروا دەگا، یان سەروا زووتر دووبارە دەبێتەوە، کە ئەمەیش جۆرە ئیقاعێکی تر بە کۆتایی دێرەکان دەدا، لە جوولەی زەمەنی وشەکانی سەروادا خۆی دەنوێنێ.

- ڕیتمی کێش: ئەمە ڕیتمی وشەو ڕیتمی دەرەوەی هۆنراوە (کێش و بەحر) دەگرێتەوە. کێشی وشە، چۆنیەتی دابڕان و دروست بوونی دەگرێتەوە لە ڕووی کورتی و درێژی و بەدوای یەکدا هاتنی جۆری بزوێن و نەبزوێنەکان. بێگومان وشە هاوکێشەکان وەکو (دەکرێتەوە، دەکزێتەوە) یان (حەسەنە، عەلەنە، یەمەنە، دەوەنە ...) ئیقاعێکی تایبەتی کۆیان دەکاتەوە. ئەگەر دەنگی

Scanned with CamScanner

کۆتاییشیان یەک نەبێ ، ئاوازەکە هەر دەمێنێ بەلأم قۆرسایی سەر سەروا دەکشێتەوە بۆ سەر بزوێن وەکو (کەچ ، دەر ، کەی ، جەم) . سەروا جگە لە یەک گرتنەوەی ستوونی لەگەڵ دێرەکانی تردا بەشێوەیەکی ئاسۆییش تێکەڵ وشەکانی هەمان دێر دەبێ ، یەکنەوایی پێوەندی مۆسیقی پتەوتر دەکات . یەکباری زیاتر خۆی لە نهێنی ئاوازەی دارشتنی مۆرفۆلۆجی وشەدا دەدۆزێتەوە . وشە هاوکێشەکان زیاتر بۆ یەکدی دەکشێن و دەبن بە پێتی لەیەکچوون و لەگەڵ جیاوازی وشەی تر ، هێلی ئیقاعی دێر بەرەو سەروا دەبەنەوە بەتایبەتی کە سەروا لەگەڵ هەندێ لە وشەکانی دێر پێوەندی یەکباری هەبێ ، سەیرکە سەروای ئەم دێرە چۆن لەگەڵ وشەکانی تردا یەک دەگرێتەوە :

سەوزەی خاک پاک یاران هام فەرد
فرەمان وە فەرش بەزم وێمان کەرد

(کەرد) لەگەڵ (فەرش) و (فەرد)دا ڕێتمی یەکباریان دروست کردوە ، بزوێن لە هەموویان یەکەو برگە کە بەم جۆرە دارژاوە (CCVC).

- ڕێتمی دەلالی : ئەوەیە کە لە وشەی هاوتا و دژیەک و لێکدانەوە و دووبارەبوونەوە دروست دەبێ کە وشەکانی ناو دێرە شیعرەکە دژیەک دەبن ، یەکێتیبەک لە دژەکانیان دروست دەبێ (وحدة الاضداد) ، وەکو شەو و ڕۆژ ، گەورە و بچووک ، بەرز و نزم ، حاجی دەڵێ :

تا بڵێی فەرقی هەیە میهری من و ماهی فەلەک
لە ئەراتا بە ثورەییا لە سەماتا بەسەمەک [٦٠ : ٦٩].

جیاوازی سەماو سەمەک کەیەک هەرەبەرزو یەک هەرەنزمە ، ئینجا یەک گرتنیان لە (س)ی سەرەتا بۆ لێک نزیک کردنەوەی وشەکان وەک بڵێ لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەوەندە لەیەک دوورن ئەمە بەرامبەر بە دوو وشەی هەمان لەت دەوەستێ ئەرا (خاک - هەرەنزم) ، ثورەییا (پەروین - هەرەبەرز) ، ئەوانیش لەگەڵ دووریان، لە (ث ، ر ، ا) یەکن ، ئینجا ئەم دوو جووتانە بۆ پێشاندانی پەیوەندی جووتێکی تر هاتوون (میهر و ماه) ئەوانیش لێک دووریان لە جوانی و گەشی و پەیوەندی جووتێکی تر هاتوون (میهر و ماه) ئەوانیش لێک دووریان لە جوانی و گەشی و نەزاکەتدایە بەلأم وەکو ئەوانی ترلە (م ، ه) یەکسانن. ئەم لێکچوون و جیاوازییەی نێوان جووت وشەکان و ئەو پەیوەندییە تەفسیرییەی جووتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، ئیقاعێکی دەلالی قوڵ دەخولقێنێ ، شیعرەکە لەم جۆرە پەیوەندییانە بە (میهر) دەست پێ دەکات کە مەبەستی شاعیرە و بەوشەی سەروای (سەمەک) کۆتایی دێ کە هەرە نزمی تەوەرەی بەرامبەر دەگەیەنێ ، لێرەدا سەروا دەوری ڕاگرتنی تەوەرەی ئیقاعیی دژیەک و بەرامبەرەکانی بینیوە.

- ڕێتمی دارشتن : گۆڕین و پاش و پێش کردنی شوێنی وشەکان و تێهەڵکێشان و لێک دابڕاندنی ڕەگەزەکانی دێرە شیعر دەگرێتەوە ، پێچان و کردنەوەی پەیوەندییەکان گرژی و خاوییەک بە ڕێتمی هۆنراوەکە دەدا ، وەکولەم دێرەی حاجیدا هەستی پێ دەکرێ :

Scanned with CamScanner

بەشەستی زولف و رووی ماهی وەکو ماهی گرفتارم
گەهێ دڵگەستەیی مارم ، گەهێ گیان خەستەیی نارم [٦٠ : ٧٩].

دروست کردنی پەیوەندی لە نێوان (زولف - شەست) و (روو - مانگ) و (خۆی - ماسی) کەتاکە تاك هاتوون ، ئێنجا داگەڕانەوەی پێوەندییەکە بۆ دواوە کە گیرخواردنی خۆیەتی لەناو ناو جارێکی تر ئەم (زولف و روە)ی لەتی یەکەم ، بە دابڕشتنێکی پێچراو لەلەتی دووەم دەکاتەوە و بە (مار و نار) دەیانبەستێتەوە . وشەی سەروای دێرەکە کە (نار)ە لایەنێکە لەو پێچان و بلاوکردنەوەی تەونی شیعرەکەی پێ چنراوە.

- ڕێتمی هاوشوێن ، لە دابەشبوونی وشەکان لە دوو لەتی دێڕێك یا دوو دێری هۆنراوەیەکدا لە شوێنی وەکو یەك ، کە وشەکان دەوری ڕێزمانی و پەیوەندی دابڕشتنیان لەیەك بکات دروست دەبێ ، نالی لە شیعرێکدا ئەو هاوشوێنیەی لە پەیوەندی دوو لێکچواندندا دامەزراندوە :

گەر بێیە دەرێ سەروی ڕەوانی لە ئێرەمدا
وەر نایێ دەرێ ئاهوویی چینی لە حەرەمدا [٢٠٩ : ٤٧].

وشەکان لەپەیوەندییەکی هاوشوێنیدا بەرامبەر یەك وەستاون (گەر ، وەر) (بێیە ، نایێ) (دەرێ) (سەروی ڕەوانی - ئاهوویی چینی) ئەمانە پەیوەندی لێکچواندن و دەرخەرو دەرخراویان لەنێودایە .

وەك دیارە کۆمەڵێ تریەو ئیقاع لە مەدای دێرە شیعر کاردەکەن ، هەموشیان جەمسەر لەسەرواوە دەگرن ، سەروا وەك خاڵی ڕاکێشان ، هەموو ئیقاعەکان کۆدەکاتەوە و وەك سەدا دەبێ بە دەنگدانەوە بۆیان . مۆسیقای ناوەوە کە لەو پەیوەندییانەدا بەرجەستە دەبێ (جگە لەسەروای ناوەوە) (لەپەیوەندی وشە بە وشەکانی دەور و بەری و لە پەیوەندی گشتی وشەوە لەسەراپای ڕەوتی دێر پەیدا دەبێ) [٣٥٧ : ٢٣]. هەموو وشەکان هێزی کاریگەریان وەکو یەك نیە ، جیاوازی هێزەکە لە خودی وشەکەو شوێنی لە ڕستە و دێردا دەگۆڕێ : (شاعیر دەبێ بزانێ چۆن وشە بەهێزەکان لە شوێنی خۆیدا لەناو وشەکانی تردا بلاوبکاتەوە) [٣٥٧ : ٢٣]. سەروا بە زۆری لەو وشانەیە کە بەهێز و تۆکمەن، سەروا جگە لە ڕێکخستنی ئیقاعی ناوەوە ، لەئاستی دەرەوە (کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە چونکە وەکو لازمەی ئاوازەیی دێرە شیعر وایە) [٣٨٨ : ٢٨٣].

ب- سەرواو کێش :

لە پێناسەی تەقلیدی شیعردا کێش بەپلە یەك و سەروا بەپلە دوو بە مەرجی شیعر باندراون . لەم ڕووەوە کێش لەسەروا پێشتر خراوە . بەڵام لە ڕوانگەی مێژوویییەوە کە لای زۆربەی نەتەوەکان شیعر لە سەجعەوە گەشەی کردوە ، سەجعیش بایەخ زیاتر بە سەروا دەدا تا کێش ، دیارە سەروا بایەخی کۆنترە لە کێش بۆ گەڵاڵە کردنی بنەماکانی شیعر. پەیوەندی کێش و سەروا لە شیعردا لەم خاڵانەدا دەردەکەوێ :

Scanned with CamScanner

- لە شیعری کلاسیکیدا کە یەکێتی بابەت دەتەنجێنە ناو دێر، بابەتەکە بە گشتی و کێش و سەروا پێکەوە، وەک دوو رەگەز یەکێتی هۆنراوەکە دەپارێزن. هۆنراوەکە (جگە لەبابەت) هەموی لەسەریەک کێش دەروا و کۆتایی بەیەک سەروا دێ.

- دەوری سەروا لە کێشە کورتەکان یان مەجزووئی کێشەکان زیاترە تا کێشە تەواو و زیادەکان، چونکە تا دێرە شیعر کورتتربێ سەروا زووتر دووبارە دەبێتەوە، تا دێرەکە درێژتر بێ سەروا درەنگتر سەر هەڵدەدا.

- زۆر جار ئیقاعی کێش ئەوەندە بەهێزە، سەروا بۆ ناوەوەش رادەکێشێ. لە جیاتی ئەوەی لە پێی کۆتایی دێریان لەت سەروا دووبارەبێتەوە، لە ناوەڕاستی لەتیش دێ (هشطر) و جاری وا هەیە دوای هەر پێیەک سەروایەک ئیقاع بۆ کێشەکە رادەگرێ، ئەمە لە کوردیدا، زیاتر لەلای جزیری[٥٨ : ٤٠٧، ٤٤٠ ...] هاتوە.

- لە کێشی عەرووزیدا، پێی کۆتایی دێر کە سەروای تێدایە پەیوەندییەکی پتەوتری بەسەرواوە هەیە و زیاتر دەسەلاتی بەسەردا دەسەپێ، بۆ نموونە ئەگەر پێی کۆتایی (فعلن) بێ کە مەخبوونی (فاعلن) یان مەخبوون مەحزووفی (فاعلاتن)ە دەبێ بزوێنی پێش ڕەوی کورت بێ. یان ئەگەر پێی کۆتایی عیللەی قەسری هاتبێتە سەر (فاعلاتن - فاعلان)، دیارە سەرواکەی دەبێ ریدفی هەبێ و ڕیدفەکەی (١) بێ و لە دێری یەکەم تا کۆتایی پەیڕەو بکرێ، ئەم پەیڕەوکردنی ریدفە جۆری وشەی سەروا دیار دەکا، وانە لەم حاڵەتەدا کێش حوکم بەسەر جۆری سەروادا دەکات.

- لە شیعری کوردیدا، بەزۆری یەکێتی سەروا لەگەڵ کێشی عەرووزی بەکاردێ، بەتایبەتی کێشە درێژەکان کەچی سەروای مەسنەوی زیاتر لەگەڵ کێشی خۆمالێی (بۆ نموونە کێشی شیعری گۆرانی) دەگونجێ لەگەڵ کێشە کورتەکانی وەکو خەفیف و ڕەمەلی شەشی مەحزوف وهەزەجی شەشی مەحزووف. لەبارەی کێشی عەرووزی، کێشە کورتەکان بۆ هۆنراوەی درێژ و سەروای مەسنەوی دەست دەدەن وەکو مەم و زینی خانی [٣] یوسف و زلێخای سەلیمی سلێمان[١١٣] و لەیلەو مەجنوونی حارسی بتلیسی [٦١] و زۆربەی مەولوودنامەکان. کەچی غەزەل و قەسیدەکان کە زۆربەی هەرە زۆریان بە کێشە درێژەکان هۆنراونەتەوە، ژمارەی دێرەکانیان لەچاو ئەم چیرۆکە شیعرییانە کەمە و یەکێتی سەروایان تێدا هاتوە.. ئەم جۆرە پەیوەندییە لە دیوانی حاجی قادر زۆر ڕوونە. ئەو شیعرانەی بە کێشی درێژ نووسراون یەکێتی سەروایان هەیە و ئەوانەی بە کێشە کورتەکانن مەسنەوین. مەسنەوی بوونی سەروا و کورتی کێشەکان کە زۆربەیان (١١،١٠) بڕگەیین بۆ هەر لەتێ، وای کردوە زیاتر خۆمالێی بکەونە بەرچاو.

- ڕانستیترین شێوازی دۆزینەوەی پەیوەندی سەروا (بەتایبەتی ڕەوی) بە کێشی شیعر، لە جەردێکی تەواوی کێش و ڕەوی شیعر و پەیوەندی لەگەڵ یەک هاتنیان دەردەکەوێ چ لە ئاستی

Scanned with CamScanner

شیعری نەتەوایەتی بێ (کە ئەمە لەبەر رۆژی زەحمەتە)، چ لە ئاستی تاکە شاعیرێك بێ کە بە ئاسانی ئەنجام دەدرێ. لە کوردیدا تا ئێستا جەردێکی فراوان بۆ دەرخستنی ئەو جۆرە پەیوەندییە، ئەگەر وەك بڕۆژە هەشبێ، ئەنجام نەدراوە. بۆ دەرخستنی ئەم جۆرە پێوەندییە لە جەردێکی دیوانی نالیدا دەرکەوت تەنیا (٧) کێشی بەکارهێناوە، لەمانەش چواریان (تەویل، رەجەز، موجتەس، بەسیت) تەنیا یەکەو هۆنراوەیان بێ ماندراوە، بۆیە نەمان خستنە ناو ئەم ڕێژەیە، سێیەکەی تر (هەزەج، رەمەل، موزارع) ڕێژەی بەکارهێنانیان بۆ ڕەوی جیا جیا بەم جۆرەیە :

ڕەویبەکان / کێشەکان		ا	ب	ت	ج	ح	د	ر
هەزەج	سەرجەم	١٤	١	٦	١	١	١	١١
	ڕێژە	١١,٩	٠,٩	٥,١	٠,٩	٠,٩	٠,٩	٩,٤
ڕەمەل	سەرجەم	٥	٣				١	٦
	ڕێژە	٤,٣	٢,٦				٠,٩	٥,١
موزارع	سەرجەم		١					٢
	ڕێژە		٠,٩					١,٧

ڕەویبەکان / کێشەکان		ز	ژ	س	ش	گ	ف	ق
هەزەج	سەرجەم	١	١	١	١			٤
	ڕێژە	٠,٩	٠,٩	٠,٩	٠,٩			٣,٤
ڕەمەل	سەرجەم		١	١		١	١	
	ڕێژە		٠,٩	٠,٩		٠,٩	٠,٩	
موزارع	سەرجەم			١				١
	ڕێژە			٠,٩				٠,٩

Scanned with CamScanner

ڕەوییەکان / کێشەکان		ك	گ	ل	م	ن	و	ھ	ی
هەزەج	سەرجەم		١		٥	٨	٧	١	٦
	ڕێژە		٠,٩		٤,٣	٦,٨	٦	٠,٩	٥,١
ڕەمەل	سەرجەم			٣	٢	٥	٥		٤
	ڕێژە			٢,٦	١,٧	٤,٣	٤,٣		٣,٤
موزاریع	سەرجەم	١		١					١
	ڕێژە	٠,٩		٠,٩					٠,٩

کێش و سەروای هۆنراوەکانی نالی (١١٧ هۆنراوە)

وەکـو لەنەخشەکـەدا دیـارە : (هـەزەج -أ) ڕێـژەی لـە هـەموویان زیـاترە ، لـەدوای ئـەوەوە (هەزەج -ر) ئینجا (هەزەج -ن) و (هەزەج -و) ، پاشان (ڕەمەل -ر) و (هەزەج -ی) بەم جۆرە تا ڕێژەی هەرە نزم کە خۆی لە (هەزەج - ب ، ج ، ح ، د ، ز ، ژ ، س ، ش ، گ ، ھ) و (ڕەمـەل - د ، ژ ، س ، گ ، ف) ولە (موزاریع - ب ، س ، ق ، ك ، ل ، ی)دا دەبینێ.

- (ج ، ح ، ش ، گ ، ھ) تەنیا لەگەڵ هەزەج هاتوون .
- (گ ، ف) تەنیا لەگەڵ ڕەمەل هاتوون .
- (ك) تەنیا لەگەڵ موزاریع هاتوە .
- هەموو ڕەوییەکان بەپلە یەك لەگەڵ هەزەج هاتوون تـەنیا (ب) بەپلە یـەك لەگـەڵ ڕەمـەل هاتوە.
- لەدوای هەزەج ڕەمەل دێ لە ڕاکێشانی ڕەوییەکان .
- موزاریع لە دوای هەموویان دێ .

ج- <u>سەرواو بابەتی شیعر</u> :

ئایا سەروا پەیوەندی بەبابەتی شیعرەوە هەیە ؟ ئایا هەر جۆرە سەروایەك (ڕەوی) زیاتر لەگەڵ بابەتێکی تایبەتی دەگونجێ یان نا ؟ ئایا بابەت لای شاعیر پێشتر لـەوایك دەبێ ئینجـا بـەدوای وشەی سەروادا دەگەڕێ تا کۆتایی دێرەکانی پێ ڕەچاکـەوە یان پێشتر کە بیـەوێ هۆنراوەیـەك دابنێ سەرواکان کۆدەکاتەوە ئینجا بابەتەکەی بە پێی وشە سەروادارەکان دابەشی سەر دێرەکان دەکا ؟ لای (طباطبا) سەروا مل کەچە بۆ بابەت و مانا : (شاعیر ئەگەر دێرێکی بۆ هات لەگەڵ ئەو

Scanned with CamScanner

مانایەی مەبەستییەتی بگونجێ یەکسەر دەیچەسپێنێ ، پاشان بە پێی پێویستی مانا بیر لە جۆری سەروا دەکاتەوە) [٢٤٤ : ٥] . زیاتر بۆچوونەکەی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ : (شاعیر کە بیەوێ هۆنراوەیەک دابنێ بیر لەو مانایە دەکاتەوە کە دەیەوێ بە شیعرەکە دەری ببڕێ ، یەکەم جار لە مێشکی خۆیدا بە پەخشان دایدەڕێژێ ، پاشان وشەی وای بۆ دەدۆزێتەوە لەگەڵیدا بگونجێ و سەروای وا دابنێ لەگەڵیدا ڕێك بکەوێ و کێشی وا بەکار دێنێ دابڕشتنەکەی لەسەر ڕەوان بێ) [٢٤٤ : ٥] . بەم پێیە ئەو سەروا دەخاتە دەرەوەی ژانی لە دایکبوونی شیعر . وەك بەرگێکی لێ دەکا پاش منداڵ بوون بکرێتە بەری ، نەك وەك ئەندامێکی عورزی . سەیری کە چۆن سەروا لە بارێك دەگوازێتەوە سەربارێکی تر ئەگەر مانا پێویستی پێ بێ (شاعیر ئەگەر سەروایەکی بۆ بێ و بۆ مانایەك بەکاری بێنێ ، پاشان مانایەکی تری بۆ پەیدا ببێ پێچەوانەی مانای یەکەم بێ و سەرواکەی بۆ ئەم مانای دووەمینە کاریگەرتر و لەبارتر بێ ، سەرواکە بۆ ئەو مانای دووەمینە دەگوازێتەوە . دێری یەکەم هەڵدەوەشێنێتەوە یان هەندێکی لێ لادەبا ئەوسا بۆی بەدوای سەروایەکی وادا دەگەڕێ لەگەڵیدا بگونجێ) [٢٤٤ : ٥] . حازم قرتاجینیش بەهەمان چاو دەڕوانێتە پەیوەندی مانا و سەروا : (شاعیر دەبێ یەکەم جار بیرومانا هەڵبژێرێ ئینجا سەروای لەسەر بنیات بنێ و هەریەو شێوەیە (ڕەوی) هەڵبژێرێ و کێش دابڕێژێ . سەروای شاعیر پاشکۆی مانایە نەك پێچەوانە) [٢٧٨ : ٢٠٤] . ئەبو هیلالی عەسکەریش ڕای وەکو ئەمانەیە : (ئەگەر ویستت شیعرێك دابنێی ، ئەو مانایەی دەتەوێ بیهۆنیتەوە لە بیری خۆتدا ئامادەی بکە ، کێشێکی بۆ بدۆزەوە لەگەڵی بێت و سەروایەك هەڵی بگرێ . مانا هەیە دەتوانی بەسەروایەك دابڕێژی کەچی ناتوانی بەسەروایەکی تر بیڵێی ، یان ئەمەیان لەوەی تر نزیکتر و ئاسانتر بێ) [٢٥٠ : ١٤٥] . بوالوفی ڕەخنە گری سەدەی حەفدەی فەرەنسی بابەت و سەروا بە دوو ڕەگەزی ڕق لەیەك دەزانێ : (بابەت هەرچەندە خۆش و بەرز بێ ، ئاگادار بە کە باش لەگەڵ سەروا بڕوا ، چونکە ئەم دوە ڕقیان لەیەکە بەڵام بێهوودەیە ، سەروا خزمەتکارە و دەبێ فەرمانبەردار بێ . ئەگەر بەدوایدا بگەڕێی ڕەنگە سەرەتا ماندووت بکات بەڵام هۆش - عقل - هەرزوو لە دۆزینەوەی ڕادێ ، ئیدی سەربۆ هۆش دادەنەوێنێ و خزمەتی دەکا ، بەڵام ئەگەر پشت گوێ بخرێ هەڵدەچێ و ڕادەکا ، هەوڵی بۆ بدەی ماناکەیش لەگەڵیا ڕادەکا) [٢٦١ : ٢٥٠] . ڕاستە سەروا دەنگە و دەنگیش بەتەنیا مانای نییە بەڵام هەندێ وای بۆ دەچن هەردەنگێك (ڕەوی) لەگەڵ جۆرە کەش و هەوایەکی تایبەتیدا دەگونجێ . وەکو سلیمان البستانی لە پێشەکی وەرگێڕانی (ئەلیازە) دا بیرێکی وای هێناوەتە ئاراوە : (هیچ دەستوورێك نییە تیپەکانی سەروا بەبابەتی شیعرەوە گرێ بدا ، ئەمە وەکو پەیوەندی کێش و بابەتی هۆنراوە وایە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی کراوە کە قاف (ق) دەشێ بۆ بابەتی شەڕ و تونڕو تیژی بەکار بێ ، دال (د) بۆ یەسن و شانازی و دڵێری ، میم (م) و لام (ل) بۆ وەسف و خەبەر ، ڕێ (ڕ) بۆ غەزەل و دڵداری بەکار بێ ، بەڵام ئەمە قسەیەکی گشتییە ئەگەر لە ڕووی ڕۆژهەڵاتییەوە (الغلبە) ڕاستبێش بێ ، لە ڕووی ڕەهاییەوە (المطلق) ڕاست نییە [٣٥١ : ٤٧٧] . هەر لە

Scanned with CamScanner

بەیەندی سەروا بە سۆزو ماناوە ، د.محەمەد نوەیهی دەلێ (دەبێ سەروا بە شێوەیەکی سروشتی بێ تا لەگەڵ شەپۆلەکانی سۆزدا بگونجێ) [٣٥٧ : ٣٣]. لەبارەی شاعیرانی نوێ و بەکارهێنانی سەرواوە دەڵێ (راستی شاعیرەکان لە بەکارهێنانی سەروا و مۆسیقییەت ناپەنگینەوە ئەگەر بە شێوەیەکی سروشتی لەگەڵ ناوەرۆکدا بگونجێ و هەرنەنیا خشڵێکی رووکەش نەبێ) [٣٥٧ : ٢١٥] . گونجانی سەروا لەگەڵ هەست و سۆزو ناوەرۆکدا ، نەك بەمانای تەعبیرکردنی رووت ، مەرجێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی کردەوەی خوڵقاندنی شیعر، چونکە وشە لەمانا جیا نابێتەوە ، تەنانەت لە مێشکیش ناکرێ مانات بۆ دروست ببێ ئەگەر لە قالبی وشەی زەینیدا نەبێ ، هەر ئەو وشە زەینییانەش بەرەو زمانی دەرەوە دەگوازرێنەوە کە قسە و نووسینە . ڕەنگە لە جەردێکی شیعری شاعیران و پێکەوە گرتنی بابەت و ڕەوی هونراوەکانیان بگەینە ئەنجامێك با بە دەستوورێکی زۆر وردیش لێك نەدرێنەوە بەلام پەیوەندییەك هەر دەردەخا با (عفوی)یش بێ . ئیمە تاقی کردنەوەی جەردێکی لەم جۆرەمان لە دیوانی یەك شاعیری کورد (شێخ ڕەزا) کرد[٦] و تەنیا قەسیدەو غەزەلەکانمان وەرگرت نەك پارچە بچووك و فەردەکان ، ئەنجام بەم شێوەیە دەرچوو :

	ا	ب	پ	ت	د	ر	ز	س	ش
گلەیی	١								
مەدح	١	٢						١	
غەزەل	١	١		١	١				
هەجوو	٥			١	١	٩	١	١	٥
شین وخەم		١							
وەسف			١	١		١			
شانازی و ستایش					١	١			
پاڕانەوە				١					
حیکمەت						١			

[6] شاعیرانی کلاسیکی لەبەر لاسایی کردنەوە و بەیرەو کردنی یەك سەبك و سوڕانەوەی زۆربەی بابەتەکانیان بەدوری غەزەل و بڵداریدا ، ڕەنگە ئەنجامێکی ڕێکمان نەدائێ لە جەردێکی وادا ، بەڵام لەبەر ئەوەی شێخ ڕەزا ، شیعرەکانی زیاتر لەگەڵ ژیان و ڕوداوەکانی سەردەمی خۆی تێکەڵە (هەرچەندە ئەویش هەجوی بەسەردا ڕاڵە) بەڵام ئەوەمان بەباشتر و لەبارتر زانی بۆ ئەم جەردە.

Scanned with CamScanner

	غ	ف	ق	ك	ل	م	ن	و	ى
گلەیی									
مەدح		١					٢		
غەزەل									
هەجوو	١		٢			٢	٢	٤	٢
شین و خەم									
وەسف					١				١
شانازی و ستایش			١	١		١			١
پارانەوە									
حیکمەت									

پەیوەندی بابەت و رەوی لە هۆنراوەکانی شێخ رەزا دا

لەم خشتەیەدا ئەم خاڵانە دەخوێنینەوە :

١- وەك دیاردەیەکی ئاسایی بۆ شێخ ، هەجوو زۆربەی هۆنراوەکانی داگرتوە ، لەسەرجەمی (٦٢) هۆنراوەدا ، هۆنراوەی هەجوو(٣٦) و مەدح (٧) و شانازی و ستایش (٦) و وەسف (٥) و غەزەل (٤) و گلەیی و شین و پارانەوە و حیکمەت یەکەو (١) هۆنراوەن.

٢- زۆرترین رەوی رێیە (١٢) هۆنراوەی بێ نووسراوە ، لەمانە (٩) هەجوە ، یەکی وەسفە ، یەك شانازییە و یەك حیکمەتە.

٣- کەمترین رەوی لامە (١) بۆ وەسف بەکارهاتوە .

٤- لەناو رەوییەکان هەجوو ، زۆرترینیان رێیە (٩) و کەمترین تێ و دال و زێ و سین و غەینە کە (١) هۆنراوەن .

٥- بەدوای یەکداهاتنی رەوی لەهەجوەکانی شێخ رەزا ، لە زۆرەوە بۆ کەم بەم جۆرەیە : (ر) ، (ا، ش) ، (و) ، (ق ، م ، ن ، ی) ، (ت ، د ، ز ، س ، غ) .

٦- واتە لای شێخ رەزا (ر) زیاتر لەگەڵ هەجوو دەگونجێ .

Scanned with CamScanner

٦- سەرواو هەندێ دیاردەی دووبارە بوونەوەی دەنگ:

جگە لە سەروا کە بەیاسایەکی تایبەتی کار دەکات لە هۆنراوەدا ، دووبارەکردنەوەی دەنگ یا دەستە دەنگ لە شوێنی تری دێرە شیعردا یارمەتی پتەو کردنی ئیقاعی شیعرەکە دەدەن و لەگەڵ سەروادا ، کە شوێنی دیاری خۆی هەیە ، لەنگەر بۆ یەکتر پادەگرن .

شۆسری لابری لای وایە (هەندێ هۆنراوە مۆسیقا و ئیقاعیان لە سیستەمی پەنامەکی ناوەوەی ئاشکرا نەکراوی دووبارەبوونەوەی دەنگو دەلالەت وەردەگرن کە تەواو جیایە لە رەوتی پێکهاتنی رستە سازییان و ئەم سیستەمی دووبارەبوونەوەیە دەچێتەوە سەر سیستەمی سەروای دەرەوەی توند و رێك و پێك) [٢٧٦ : ٩٠].

زۆر جار دووبارەبوونەوەی دەنگ لە وشەکانی ناوەوەی دێرە شیعر ، بە رێکی یان بە نارێکی لەگەڵ رەویدا یەك دەگرێتەوە. ئەمە دروست کردنی پەیوەندییەکی تری بۆ سەروا و بلاوکردنەوەی کاریگەر و سێبەرە بەسەر دێرەکەدا ، چۆن ئەم دووبارەبوونەوەیەی دەنگی ناوەوە، مۆسیقای شیعر قووڵ دەکاتەوە ئاوهاش دەلالەت و ئاراستەی دەلالی تایبەتی بەمانای گشتی دێر و هۆنراوە دەبەخشێ : (دووبارە کردنەوەی تیپێکی تایبەتی لای شاعیر رەنگە دەلالەتێکی دەروونی هەبێ ، ئەمە بۆی هەیە بۆ وێنە یان دەنگو ئیحای دەنگی تیپەکە بگەڕێتەوە لە دەروونی شاعیرەکەدا ، هۆکەیشی رەنگە پەیوەندی بە باری فزیۆلۆجییەوە هەبێ کە گۆکردنی دەنگەکەیە ..) [٢١٧ : ٢٤٠] . لەبەر ئەوەی چوونە پاڵ یەکتری دەنگەکانی زمان بۆ دروست کردنی وشە دەکەوێتە خانەی فۆنۆلۆجییەوە ، سەروایش چوونە پاڵ یەکتری دەنگی تێدایە، دەنگەکانی تر کە لە وشەی تر دووبارە دەبنەوە و لەگەڵ سەروادا یەك دەگرنەوە بەپێی یاسای فۆنۆلۆجی کار دەکەن چ لەیەك وشەدا بێ و چ (وشەی لەتەك یەك) ، بۆیە لانزولیچ و یاکوبسن هەوڵیان داوە لە ڕوانگەی فۆنۆلوجییەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم دیاردەیە بچن و بە دەستوور لێکی بدەنەوە . هەندێ جار نووسەر یا شاعیر زێدەڕەوی دەکا لە دووبارە کردنەوەی دەنگێکی تایبەتی . بۆ نموونە حەریری دوو نامەی هەیە سینی و شینی لە یەکەمیان هەموو وشەکان سینیان تێدایە و لە دوەمیان هەموو شینیان تێدایە ، جاری وا هەیە نەك یەك دەنگ دوو دەنگ لە وشەکان دووبارە دەبنەوە [٢٥٠ : ٦٠٤-٦١١] . لەسریانیدا عەبدیەشوعی سوباوی لەم سێبینەیەدا ، تیپی (ق)ی لەسەرەتا یان ناوەڕاستی هەموو دێرەکان بەکار هێناوە :

قالْ دقطا قامث لقرا لقبلانا
دنقل يوقرا دقطيرالا مقروانا
الث و قرى وبقى قارويا شيقبايانا[٢٦٨ : ٢٠]. (٧)

(٧) مانای ئەم سێبینەیە بە کوردی بەم جۆرەیە :

Scanned with CamScanner

ئەم دووبارەکردنەوەی نەبزوێنە زۆر جار لە زمانا (هەموو زمانێکدا) بۆ ڕاهاتنی گوێکردنی دەنگەکان و هەوڵی زمان ڕەلاندنی منداڵ بەکارهاتووە بە تایبەتی کە دوو دەنگی نەبزوێنی وابێ گرتنەوەی گوێکردن لە دەنگێکیانەوە بۆ ئەوەی تر نەختێ قورس بێ، لە کوردیدا وەکو:

- قوڕێ کوڕێ کەرتێ قڕ بوو
- کەندالە قەڵ قەت قەلی لێ کەوی نابێ.

لەم دوو نموونەیەدا هاتنی ك/ق لە وشەکانا قورسایەکی دروست کردوە. خێرا گوتنی ڕستەکە زمان دەزەلێنێ و جێگای ك/ق بەیەك دەگۆڕێتەوە. ئەمە پێچەوانەی زمانڕەوا نییە.

هەندێ دیاردەی دووبارە بوونەوەی دەنگیان کۆمەڵە دەنگەهەر لەکۆنەوە، لە زمانی جیا جیا بۆ مەبەستی دەلالی و مۆسیقی لە دێرە شیعر بەکارهاتوون کە سەروا خەست بوونەوە و جێگیربوونی ئەو دیاردەیە و زاڵبوونیەتی بەسەر ئەوانی تر، ئەوە ڕەنگە لەبەر شوێنەکەی ئەو دەورەی دێ بێ. ئەمەش هەندێ لەو دیاردانە:

أ- هاوبزوێنی (assonance):

ئەوەیە کە دوو وشە بزوێنی سەرەکیان (ئەوەی هێزی سەرەکی لەسەرە) یەك بێ وەکو (هاتەوە - دەباتەوە). جگە لە پێکچوونی بزوێنەکانی تر، بزوێنی بڕگەی هێزداری وشەکان (ها/با) کە (١) یە یەك شتە. لە هەندێ زمانی ئەوروپیدا بە تایبەتی فەرەنسی بەپلە یەك و ئینجا ئینگلیزی بەپلە دوو، ئەم هاوبزوێنیە، سەرەتا لە جیاتی سەروا بەکار هاتوە. کە دەکەوێتە کۆتایی دێرەوە پێی دەگوترێ سەروای هاوبزوێنی (ئەم ڕاوایەیە بە دوا بزوێنی هێزداری دێرە شیعر دەگوترێ، بەڵام دەبێ ئەو بزوێنە هەر دووبارە بێتەوە تا ئەدگارێکی مۆسیقی بە شیعرەکە بدات)[٣٣٠ : ٦٩-٧٠]. لە فەرەنسیدا، هاوبزوێنی لە سەرەتادا پێش گەڵاڵە بوونی سەروای کۆتایی دێر هەبووە: (شاعیران لە بنچینەدا - ئەم دیاردە - یان بەکارهێناوە بۆ دەستەبەرکردنی کاریگەری ڕایەڵەی دەنگی بزوێن کە بڕیتی بوە لە دووبارە بوونەوەی هەمان بزوێن لە کۆتایی دێرە شیعردا)[٤٨٥ : ١٤٥]. ئەم هاوبزوێنیە لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا هەر بەپەرەو دەکرا (شاعیران زۆر سوور بوون لەسەر هێنانەوەی هاوبزوێنی و هەرگیز نەدەبوو شاعیر لە دوو دێری دوای یەك بڕگەیەکی کورت و یەکی درێژ بەکاربێنێ، لەمە بترازێ هیچ بایەخیان بە دەنگی نەبزوێنی پاش و پێش بزوێنەکە نەدەدا. دەشێ وشەی montagne لە شیعردا لەگەڵ rame و patte دابێ)[٣٣٠ : ٧٠]، بە کورتی هاوبزوێنی بۆ زمانی فەرەنسی لەباتی سەروا بەکار دەهات بە تایبەتی (ئەو کاتەی لە کۆتایی

دەنگی نائومێدی، بانگی هاتووەکەم پێ کرد.
بۆ ئەوەی سەنگینی نائومێدی نزیك خۆی بگوازێتەوە
هەنسك بدە و بانگبکەو خوێنەری تاقی‌کراوە تاقی بکەوە.

Scanned with CamScanner

دێرەکان پەیڕەو دەکرا پێی دەگوترا سەروا)[٤٧٤ : ٦٧] . هەمان دیاردەی دووبارە بوونەوەی بزوێن و ئەرکی لە چڕکردنەوەی مۆسیقیەتدا لە ئینگلیزی پەیڕەو کراوە ، جا هەرچی بزوێنێك بێ و لەهەر کوێی دێرە شیعر بێ ، گرنگئەوەیە دەنگە دووبارە بووەکان لەتەك یەك یان لە نزیك یەك بن (دووبارەبوونەوەی دەنگی بزوێن بەتایبەتی لە نزیك یەکتر بۆ دەستەبەرکردنی کاریگەریەکی مۆسیقی و دەنگی تایبەتی) [٥٠٣ : ٦٠] . لە ئینگلیزیدا دەوری هاوبزوێنی ئەگەر چی دیارە بەلام ناگاتە ڕادەی دووبارەبوونەوەی نەبزوێنەکان لێن و لیزلی دەڵێن : (شاعیر کە نەبزوێنەکانی پەراوێزی برگە دەگۆڕێ و بزوێنی چەق دووبارە دەکاتەوە ، ئەمە هاوبزوێنییە . ئەگەر چی هاوبزوێنی بەقەد هاونەبزوێنی بەکاردێ بەلام کاریگەری لەو کەمترە) [٤٧٦ : ٣٤] . دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگیرێ، ئەگەر هاوبزوێنی ، لە دێرە شیعرێدا نەك هەر لە کۆتایی بەڵکو لە زۆر شوێنی تری دێرە شیعر بەکارێ ، دەوری لە خێراکردن یان هێدی کردنەوەی ڕیتمی شیعرەکەدا هەیە چونکە (بزوێنەکان - مەبەست بزوێنی درێژە - ئەگەر زۆر دووبارە ببنەوە جۆرە هێدی بوونەوەیەکی مۆسیقی یان خاوبوونەوەیەك بە برگەکان دەدەن . هەروەکو نەبوونیان جۆرە مۆسیقایەکی مەیلەو خێرا دروست دەکا) [٣٤٠ : ٣٠٧] . وەکو ئەم دوو دێرە شیعرە:

- ڕایاڵی تا ڕوپووەی کوڵۆی بەفرە ئابشار
با بای دەدات و ماسی پێدا دێ وەکو مەکووك [٢٠٨ : ٧٠].
- ئەتەوێ ئەگەر گوڵی سەرمەدی ، وەرەباخی نەعتی موحەممەدی
بە بوڵبوڵێکی موئەببەدی ، ئەمە شێوەیی ئودەبایە [٣٦ : ١٠٤].


لەم دوو دێرەدا ، بە خوێندنەوەی بەدەنگ، زۆر چاك دەردەکەوێ کە یەکەمیان هێمن و لەسەر خۆیە ، کەچی دووەمیان ئەوەندە خێرایە هەر دەڵێی ڕاوی دەنێن . یەکەمیان لەسەر کێشی موزاریعە، تەفعیلەکانی ئەمانەن (مفعول، فاعلات، مفاعیل، فاعلن)، هەرلەتە دێرێکی (١٤) برگەیە (٨)ی درێژو (٦)ی کورت. برگە درێژەکان یان کراوەن و بزوێنەکەیان درێژە یان ناخراون جا بزوێنیان کورت بێ یا درێژ. لێرەدا بزوێنە درێژەکانی (ا ، وو ، ۆ ، ێ) زۆر دووبارە بوونەتەوە و ئیقاعەکەیان خاو کردۆتەوە چونکە بزوێنی درێژ کاتی زیاتر دەوێ لە بزوێنی کورت ، ئەم زیاترکات خەرج کردنە خێرایی دوا دەخات.

کەچی دێری دووەمیان لەسەر کێشی کامیلە (متفاعلن / متفاعلن / متفاعلن / متفاعلن) کە هەرلەتی (٢٠) برگەیە (١٢) برگەی کورت و (٨) برگەی درێژ ، بزوێنەکانیش بە زۆری (ە ، ی) کورتن دووبارە بوونەتەوە و ئیقاعەکەیان توند کردوە ، چونکە گۆکردنیان کەم دەخایەنێ و هەر زوو دەگوازێتەوە بۆ برگەی داهاتوو.

بێجگە لە دەوری بزوێن (کورت یا درێژ) لە جۆری ئیقاعەکە، دەوریان لە دروست کردنی وشەی هاو ئاواز و ئیقاعی هاو شوێن - تاظری - نێوان دوو لەتە دێز یان دوو دێری دوای یەك هەیە ، وەکو

Scanned with CamScanner

ئەم دێرەی ئەحمەدی خانی :



[٣ : ٤١].

لەم دوو لەتەدا ، وەك دیارە (هەریەك ب) لەسەرەتای هەردووکیان دووبارە بۆتەوە کە خۆی لە خۆیەوە ئیقاعێکی دووبارە بوونەوەی هاوشوێنی بە دوو لەتەکە داوە ، جگە لەمیش وشەکانی تر بە پێی شوێن دوو دوو بەرامبەر یەك وەستاون لە رووی ئاوازەوە کە جۆری بزوێنەکەیان دروستی کردوە (کەمال - جەمال) یەکەو (بزوێنی کورت + بزوێنی درێژ) یان تێدایە جگە لە دوو نەبزوێنی (م-ل) ، (بەدری - سەدری) ، بزوێنەکەیان وەکو یەکە (ە-ی) و دوو نەبزوێنی (در)یشیان وەکو یەك هاتوە ، (شاهەك ، ماهەك) بزوێنەکانیان (ا - ە) وەکو یەك وایە ، لێرەش دوو نەبزوێنی (هـ - ك) وەکو یەکن . هەڵبەت ئەوەی ئیقاعی هاو شوێنی لە وشەکان و لە شوێنی وشەکان لە دێرەا دروست کردوە بزوێنەکانە.

هەندێ لە شاعیر و نووسەر هەر لە سەدەی رابردوەوە بیریان لەوە کردۆتەوە بەهای دەلالی بۆ بزوێنەکان دیار بکەن . رامبۆی فەرەنسی لە هۆنراوەی (voyelle-بزوێن)دا هەوڵی داوە هەر بزوێنێك بە ڕەنگێك ببەستێتەوە و لێکدانەوەی جیاجیایان بۆ بکات :

A Noir , E blanc , I rouge Uvert , D bleu , voyelles ,
Je dirai quelque jour vos niassances latentes : [٦٩ : ٤٨١] (٨)

شاعیر لە پێداچوونی ئەم هۆنراوەیەدا کە سێ چوارینە و دوو سێبەنەیە پەیوەندییەك دروست دەکات لە نێوان ڕەنگەکان و دەنگە بزوێنەکان یەك بەیەك. جگە لە ڕەنگئەم بزوێنانە دەلالاتی تریشیان لێ دەکەوێتەوە (تاقی کردنەوەی بیستن دەشێ ئەوە بسەلمێنێ کە پەیوەندییەکی بنەڕەتی لە نێوان بزوێنەکانی پێشەوە - I , e - و بابەتی نەرم و خێراو گەش و ئاشکرا هەبێ ، هەروەها لە نێوان بزوێنەکانی دواوە u ، ە - و بابەتی قورس و هێدی و تاریك و بێزەوەر هەبێ کە بە تاقی کردنەوەی بیستن دەردەکەوێ) [١٦٢ : ٤٧٨] . جگە لە دەلالەت لە رووی مۆسیقیشەوە ، بزوێن ڕەگەزی سەرەکیی دروست بوونی ئاوازی مۆسیقیبە لەم ڕووەوە هەندێ تۆژەرەوە هەوڵیان داوە جۆری بزوێن و جۆری دەنگیی مۆسیقی بەیەکەوە ببەستنەوە (بزوێن بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ

---

(٨) ئەم دێرە بە کوردی وای لێ دێ :
بزوێنی A ڕەش ، E سپی ، I سوور ، U سەوز ، O شین
بۆئێ باس لە دایکبوونی شاراوەتان دەکەم

Scanned with CamScanner

لایەنی مۆسیقی شیعر گرنگە ، رەنگە بتوانین بەم جۆرە پۆلینیان بکەین : دەنگی تیژ : i , e/ دەنگی گەش : eu, e, e ی ناخراوو in لووتی / دەنگی گر : eu ی کراوە و دەنگە لووتییەکانی . an , on un و a , o ی کراوە یان ناخراو و ou) [٤٨٥ : ١٤٦] . بەم جۆرە بزوێن کە چەقی برگەیە و دیاردەی هاوبزوێنی لە دێرە شیعردا دروست دەکا چ لەسەرواوە چ لە شوێنەکانی تر ، دووبارەبوونەوەکەی ئەرکی مۆسیقی و دەلالی دەگێڕێ و خزمەتی تەعبیری شیعرەکە دەکا.

ب- هاوەنەبزوێنی Alliteration :

لە عەرەبیدا (الجناس الاستهلالی) و لە فارسیدا (همحرفی) بۆ دانراوە . بریتییە لە دووبارەبوونەوەی دەنگی نەبزوێن لەوشە لەیەك نزیکەکانی دێرە شیعر. لە ئینگلیزی کۆن و ناوەڕاست زۆر جەخت لەسەر ئەوە کراوە دەنگە نەبزوێنە دووبارەبووەکە لەسەرەتای وشەکان بێت (نەبزوێن دووبارە دەبێتەوە بەتایبەتی لەسەرەتای وشە یان برگەی بەهێزدا ، ئەمە هونەرێکی زۆر کۆنە لە شیعری ئینگلیزیدا) [٥٠٣ : ٢٧] لە ئینگلیزی کۆندا ئەم دیاردەیە بەشێکی سەرەکی و بەردەوامی کێش و ئیقاعی شیعر بوە تا بەرەبەری کۆتایی چاخەکانی ناوەڕاستیش باوی هەبوە بەڵام (پاش کۆتایی سەدەی پانزدەهەم کەم بوەوە) [٥٠٣ : ٢٧] . ئەم هاونەبزوێنییە بۆ ئەوسا جێگای سەروای دێرە شیعری پڕ دەکردەوە (بینای شیعر لەسەر یەکەیەکی مۆسیقی دادەڕژا کە لەباتی سەروا بەهۆی هاونەبزوێنییەوە دەستەبەر دەبوو) [٤٠١ : ١٠٢] . بۆ نموونە (لانگلند) ی شاعیری سەدەی چواردەمی ئینگلیزی ، بەرهەمی plow - man piers - پیری جوتیار -ی بەهاونەبزوێنی نووسیوە ئەگەر چی ئەو وەختە سەروایش کەوتبوە ناوەوە[٤٠١ : ١٠٢]. هەرچەندە لەسەرەتا هاونەبزوێنی بریتی بوو لە دووبارەبوونەوەی هەمان دەنگو لەسەرەتای وشە دەهات ، بۆیە پێی دەگوترا (سەروای سەرەتا) یان (سەروای سەرەوە) ، بەڵام ورده ورده گۆڕانی بەسەردا هات و وای لێ هات دووبارە بوونەوەی دەنگی لەیەك نزیکیش وەکو س /ز ، ش /ژ بگرێتەوە و بشێ لەهەر شوێنێکی وشە بێت.

لەئینگلیزیدا باوترین نموونەی ئەم دیاردە مۆسیقییە ، ئەم شیعرەی ئەدگار ئەلان پۆیە :

The cry in the sea
The viol the violet and the vine. [١٠٢ : ٤٠١](٩)

لە دێری دوەمدا دەنگی (٧) لەسەرەتای سێ وشەدا دووبارە بۆتەوە :

لە کوردیدا نالی دەڵێ :

---

(٩) مانای شیعرەکە بە کوردی : هاواری ناو دەریا
کەمان ، مۆر ، شەراب
هەڵبەت وشەکانی دواوە ڕەمزی شیعرین شاعیر بۆ دەلالاتی ناییەتی بەکاری بردوون.

Scanned with CamScanner

خاوویێ خاوی دو زولفی خاوم ئەز
چاوە چاوی یەك غەزالە چاوم ئەز [٢٠٨ : ٦٣].

لەنیوەی یەکەمدا سێجار (خ) لەسەرەتای وشە دووبارەبۆتەوە ، دەنگەکە زۆرجاك لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا دەگونجێ کە دەیەوێ باسی بکا ، ئەویش بێ خەوی و خاو بوونەوەیە ، دەنگەکان پرخەی خەو بیر دەخەنەوە . لە نیوەی دووەمیشدا سێجار (چ) لەسەرەتای وشە دووبارەبۆتەوە . هەرچەندە لەوشەی چاودا هاتون بەڵام چاوە و چاوەڕێی چاو دەکات ، چاوەڕێی نیگەرانی و پرس و دوودڵی تێدایە ، ئەوەی نیگەران بێ زۆر پرسیار بەچی‌یەوە چ بوو چۆن بوو دەکا، (چ)ەکان ئەو پرسیارەڵە مێشکی خوێنەر دەروژێنن.

زۆر تـۆژەرەوە هـەوڵیان داوە وەکـو بزوێـن نـەبزوێنیش بـەمانای تایبـەتی و دڵالـەتی تایبـەتی ببەستنەوە (لە پەیوەندی تیپ و ڕەنگکارڵ ستەمپف قۆڵقگانگکۆهلەر هەوڵێکی لەم بارەیەوە داوە و گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە دەشێ تیپی نەبزوێن دابەش بکرێ بۆ تیپی تاریك (لێوی و گەروویی) و تیپی ڕوناك (پدووبی و مەلاشوویی) ، ئەمەش نەك هەرتەنیا مەجاز نییە بەڵکو جۆرە پەیوەندییەکە گومانی تێدا نییە لەسەر بەیەکچوونی دەنگو ڕەنگەکانەوە) [٤٧٨ : ١٦٢] . لەفارسیدا سیروس شمیسا لە لێکۆڵینەوەی (ایمان بیاوریم به آغاز فصل سرد)ی (فروغ)دا کە(٣٥٦) دێرە ، شوێن تیپی (س)ی هەڵگرتوە و هەوڵی داوە لەهەر وشەو دێرێکدا دەلالەتی ئەو تیپە ڕوون بکاتەوە[٢٩٩ : ٢٤١].

وەکـو بـاس کـرا مـەرج نییـە هاونـەبزوێنی هـەر لەسـەرەتای وشـە بێـت ، وا دەبـێ دەکەوێتـە ناوەڕاست یان کۆتایی وشەکانەوە . ئەمە لەم شیعرەی ئەحمەدی خانیدا ڕوون دەبێتەوە :

مولك و مەلەك و فەلەك بجارەك
بیلجوملە تەچێ کرن ، تەبارەك [٣ : ٦].

لە نیوەی یەکەمدا دەنگی (ل) سێجار لە ناوەڕاستی سێ وشەی تـەك یـەك دووبارەبۆتەوە. دەنگی (ك) لـە لـەتی یەکـەم (٤) جار ، لـە کۆتـایی هـەر چـوار وشـەو لـە لـەتی دووەم دوو جـار دووبارەبۆتـەوە . (ك) کـە ئـەوەندە جـارە دووبارەبۆتـەوە دوو جاریـان وەك (ڕەوی) هـاتوە . لێرەدا سـەروا (ڕەوی) لەگـەڵ هاونـەبزوێنی نـاوەوە یـەکیان گرتـوە و مۆسـیقیەتی دێرەکـەیان قوواڵتر کردۆتەوە.

جـ- کۆنسۆنانس Consonance :

لـە تێوان دوو دیاردەکەی پێشوو هـاویزوێن و هاونـەبزوێن جـۆرە دیاردەیـەکی تـر سـەر هـەڵدەدا کە بریتییە لە (دووبارەبوونەوەی لەیەك نزیکی دەنگی نەبزوێنی پێش یان پاش بزوێنی جیاواز)[٥٠٢ ، ل١٥٣] . نموونەی لەئینگلیزی وەکو slop - slip یان fill - feel ، لەفەرەنسیدا وەکو par - pour

Scanned with CamScanner

یان longue - langue ، لەفارسیدا وەکو (ساخت - سوخت) یان (داد - دود) لە کوردیشدا وەکو (داو - دێو) یان (باك - بووك) ئەگەر چی (هەندێ رەخنەگر پیلەکە لەسەر ئەوە دەکەن کە بەکارهێنانی ڕاراوەی کۆنسونانس تەنیا ئەو کاتە بەکاردێ کە نەبزوێنی پێش و پاش بزوێنە گۆڕاوەکە یەك بێ) [٤٧٧ : ٨٥] ئەمە پێیشی دەگوترێ Pararhyme ، بەڵام مەرج نییە لەم لاو ئەو لای بزوێنەکە هەردوو نەبزوێنی وەکو یەك بن ، یەکیان هاوبەش بێ بەسە وەکو: (باك - بووك) (ناسك ، بروسك) .. نموونەیەکی باوی ئەم دیاردەیە لە شیعری فارسیدا ئەمەیە کە حافظ دەڵێ :

نقد صوفی نەهمە صافی بی غش باشد
ای بسا خرقە کە مستوجب آتش باشد [٤٠١ : ١٠٤](١٠).

کۆنسونانس لە نێوان (ص) یا (ف)ی (صوفی) و (صافی)دا هاتوە . لە کوردیدا ، نالی ئەم دیاردەیەی لە نێوان (مار - موور) کە هەم کۆنسانسە و هەم لەگەڵ سەروادا خۆی لێکداوە ، پیشان داوە :

ئەو غاری یارە نێستە پڕ ئەغیارە یا نەخۆ
هەر غاری یارە یا بوەتە غاری مار و موور [٢٠٩ : ١٤٤].

لە نێوان (مار - موور) بزوێنەکان جیان (ا - وو) بەڵام نەبزوێنەکانی پاش و پێش بزوێنەکان یەکە (م - ر) یان بە ڕاراوەی بڕگە بڵێین ئەم دوو بڕگەیە چەقبان جیاو هەردوو پەراوێزیان یەکە.

هەندێ شاعیری ئینگلیزی ئەم دیاردەیە بۆ کۆتایی وشە بەکار دێنن وەکو دەنگی (t) لە وشەکانی (west , east)دا . (ئیمیلی دکسنی شاعیری ئەمریکی لە باتی سەروای کۆتایی و ئاسایی، لەشیعرەکانیدا سوودی لە کۆنسونانسی کۆتایی وشە وەرگرتوە ، بۆ نموونە (came , home)ی کردووە بەسەروا) [٤٠١ : ١٠٤].

د - دەنگە لاسکە (onamatopoeia) :

ئەم دیاردەیە (بریتییە لەو هونەرەی کە دەنگمانا بگەیەنێ) [٥٠٣ : ٤٦٦] ، یان (دەنگەکانی وشە لاساکردنەوەی دەنگە سروشتییەکان بن) [٤٧٦ : ٣٥] . وەکو گرمەو هاژەو گڤڤە و تەقە .. دەنگەلاسکە (پشت بەتوانای دەنگەکان دەبەستێ کە بتوانن ببن بەڕایەلە و دەنگدانەوەی مانا) [٤٧٤ : ٦٦] . ئەم دیاردەیە لە شیعردا زۆرە بەڵام لەپەخشانیشدا دێ ، لە هەموو سەردەمێك و لە هەموو ئەدەبێکدا خۆی دەنوێنێ . دەنگەلاسکە ئەو دەنگو وشانە دەگرێتەوە کە ماناکەیان لە دەنگیانەوە نزیکە یا لەدەنگەکەوە گوێگر ماناکەی وەردەگرێ چونکە دەنگی وشەکە وەك

(10) مانای شیعرەکە بە کوردی :
پارەی سوفی هەمووی ساف و بێ غەش نابێ
وای غەرگەی زۆر هەبە کە شایانی ئاگر بێ

Scanned with CamScanner

لاساکردنەوەی دەنگی سروشتی وایە . (هەریەکە لە دەنگەکان ، بێ پەچاوکردنی لایەنی تەنیقی کە لەگەڵ دەنگی تر یەک دەگرێ بۆ دروست کردنی وشە ، بەتەنیا حاڵەتێ یان مەبەستی دەخاتە مێشکەوە . یەکەم بنەمای ئەم کاریگەرە بەیەکچوونی دەنگە لەگەڵ دەنگی سروشتی)[٢٩٥ : ١٣٣]. ئیبن سینا ، هەوڵی داوە دەنگەکانی زمان لێك بداتەوە داخۆلە دەرەوە (سروشت) لەچ جۆرە دەنگێ دەکەن ، یا بە چ جۆرێ دروست دەبن ، ئەمەش هەندێ نموونە لە هەوڵەکانی ئیبن سینا :

(هاء : لە تێپەڕاندنی هەوا دەکات بەهێز بەناو تەنێکدا کە نەبێتە بەربەستی . خاء : وەکو ئەوە وایە تەنێکی وشك بە تەنێکی ڕەقی باریك و درێژدا بخڕێنی کە تفڕی سەری ببا بەلاُم تیا ڕۆنەچێتە خوارەوە. وەکو ڕووشانی پێستە بە تەنێکی زیر. قاف : وەکو شەق بردنی تەن و لێك بوونەوەی بە تایبەتی کە شێدار بێ . فاء : وەکو دەنگی باڵەنا و دەرخستان و شتی وا . راء : وەکو شەکانەوەی توندی قوماشی بەربای تۆند وایە کە بە ڕستەیەکەوە کرابێ و لێی نەبێتەوە)[٢٩٥ : ١٣٣-١٣٤]. بەم جۆرە ئەگەر هەریەکێ لەدەنگە نەبزوێنەکان بە تۆندی بڵێی سەیر دەکەی بە جۆرە جوولەیەکی سروشتی یان حاڵەتێکی مرۆڤ دەچێ . وەکو بۆ نموونە گوتنەوەی دەنگی (خ) چەند جارێك، دەنگی لوخە لوخی مردن یان سەربڕانی ئاژەڵان بیر دەخاتەوە ، یان پرخە پرخی خەوتان بیر دێنێتەوە کە ئەویش حاڵەتی وەستانی هۆشە . (خەو برای مردنە) . یان دووبارەکردنەوەی دەنگی (ن) / منگە منگی گریانی منداڵمان بیر دەخاتەوە ، کەبەدەم ئاوازەوە بۆ شتێ دەگەڕێ. دووبارەکردنەوەی (ق) دەنگی بڵقە بڵقی ئاو لەشەڕپە یان لەهەر دەفرێکی گەروو تەنگکردن ، یان هەڵقوڕاندنی ئاوی بێ پشوونامان بیر دەخاتەوە (١١).

ئەم دیاردەیە وەکو یەکێ لە تیۆرەکانی پەیدا بوونی زمان سەیری کراوە کە بە تیۆری (بۆوبۆو) ناسراوەو دەڵێ زمانی سەرەتایی بریتی بووە لە لاسایی کردنەوەی دەنگەکانی سروشت، پاشان وردە وردە گەشەی کردوە و کەوتۆتە ئەم سیستەمە وردەی ئێستا[٤٥٧ : ٣١-٣٢]. لەئەدەبدا بەتایبەتی لە شیعرا، ئەم دیاردەیە بۆ خولقاندنی کاریگەرییەکی درامی بەکاردێ ، یەکێ لە نموونە هەرە باوەکانی زمانی فەرەنسی بۆ ئەم دیاردەیە شیعرەکەی ڕاسینە لە (ئەندروماك) ، کاتێ کە ڤۆریست گوێی لە فیشکەی مار دەبێ لە هەواوە دێ ، تووشی جۆرە حەپەسان و شێتییەك دەبێ و هاوار دەکات :

---

(١١) لەبارەی کاریگەری عاتیفی دەنگەکانەوە هەندێ ڕاڤای زمانەوانی لێکۆڵینەوەی وردی ڕانستیبان ئەنجام داوە . مەبەست لەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە ئەوە بوە دەری بخەن گێڕانەوەی کاریگەر یا حاڵەتی تایبەتی بۆ دەنگەکان بنچینەیەکی سەرەکی و فیزی ڕێزمان نەکرابوون ، ناوایان لێ کردن وەلامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە پێشتر ئامادە کرابوون . وەلامەکان هەموو وەکو یەك یان لەیەك زۆر نزیك بوون.
هەموو گوتوویانە بزوێنی (I) لە بزوێنی (U) سووکتر و خێراتر و ناسکترە . تیپی (R) پیاوە و تیپی (L) ژنە . هەموو دەربڕینێکستوە (A) لە (O) میهرەبانترە ، (K) و (R) لە (L) سەختترن . (M) و (L) لە (T) و (K) نەرمترن. [وەرگێڕ، ل١٣٥].

Scanned with CamScanner

Pour qui sont ces serpents qui sifflent sur vos teles. (١٢)

دووبارەکردنەوەی دەنگی (s-س) لەسەرەتای پێنج وشەدا ، لاسای فیشکە کردنی ئەو مارەیە کە باسی دەکات . لە کوردیدا ، بۆ نموونە مەولەوی لە دێرە شیعرێکدا دەڵێ :

شاخەی شریخەی خشل نیمە رەنگ
فڕەی فۆنەی شۆڕ پاژنۆی گوڵەنگنچەنگ[١٨٦ : ٤١٤].

لە دێری یەکەمدا دووبارە بوونەوەی (ش ، خ) لە سێ وشەدا ، یەکسەر خشەخشی پلپلە و لەرزانە و گۆیەرۆك و خشڵەکانی ترمان بیر دەخاتەوە . یان پیرەمێرد دەڵێ :

گیانە لە پرخەی خەوی خاومدا
پێت بنێ وە بان هەردو چاومدا
مەڵێ برژانگت تیژە وەك چقل
ئەچەقێنە پای نازکترلە گوڵ

لە لەتی یەکەمدا ، کە ئەوەندە (خ)ە بە دوای یەکدا دێن و باسی خەو دەکا هەر دەڵێی نووستوە و پرخەپرخی خەوی دێت ، لە دێری دوەمدا دووبارەبوونەوەی (چ ، ق) لە دوو وشەدا ، دەنگی چقەی درك لە لەش چەقاندنمان دەخاتە بەر گوێ کە باسیش باسی چقل چەقینە پێی نازکە.

دەنگەلاسکە لە بەجێ هێنانی ئەرکی خۆیدا سوود لە دوو دیاردەی پێشوو (هاویزوێنی و هاونەبزوێنی) وەردەگرێ.

ئەرکی ئەم دیاردە دەنگییانە :

ئەم دیاردە دەنگییانەی باس کران دەوریان لە قووڵ کردنەوەی ئاوازی دێرە شیعردا هەیە ، هەروەکو وشەکانی دێرە شیعر بەیەکەوە دەبەستنەوە و سەرەتاو کۆتایی دەخەنە ناو پەیوەندییەکی دەنگیی تردوە کە زیاتر پێوەندی سەروا بە داڕشتنی دێرە شیعرەوە دەبەستێنەوە : (شاعیر پەنا دەباتە بەر دروست کردنی هەندێ کۆمەڵەی دەنگیی هاوجۆر و هاو ڕەگەز ، کە بریتیین لە بلاوبوونەوەی هەندێ دەنگبەناو وشەکانی دێرە شیعر) [٣٤٠ : ٣٤٢] و زۆر جار ئەو دووبارەبوونەوەی دەنگە جۆرە مۆسیقایەکی ناوەوە دروست دەکا (ڕێك بێ یان ناڕێك) کە کەشێکی مۆسیقی تایبەتی بە شیعرەکە دەبەخشێ و بەزۆری کەشێکی هێمن و لەسەرخۆ و ڕەوانە ، وەکو سەروای تەقلیدی کۆتایی زەق و ئاشکرا نییە . خۆشی و جوانییەکەیشی لەو سیحرە نهێنی و کاریگەرە هێمنەیدایە . دەشێ بەکورتی ئەرکی دیاردە دەنگییەکان لەم خاڵانە چڕ بکرێنەوە :

---

(12) شیعرەکە بە کوردی :
بۆ کێن ئەو مارانەی بەسەر سەرتانەوە دەفیشکێنن.

Scanned with CamScanner

- لێك نزیك كردنەوەی وشەكان و تێك هەڵكێشانیان لە ڕێی دەنگە هاوبەشەكانەوە ، كە دەبێ بە مایەی پتەو كردنی پەیوەندی نێوانیان ، چ بۆ جەخت بێ و چ بۆ دەرخستنی جیاوازی بێ لە حاڵەتی دژیەك و بەرامبەریدا.

- ئەم دیاردە دەنگییانە وەكو سەروا پشت بەهاودەنگی وشە دەبەستن بە لاّم لە چۆنیەتی دروست بوون و شوێنی دووبارەبوونەوەیان لەسەروا جیا دەبنەوە ، چونكە سەربەستن لە شوێن و كاتی دووبارەبوونەوەدا بە لاّم سەروا وا نییە . لایەنێكی ئەركی سەروا بەجێ دێنن كە لایەنی مۆسیقی و دەلالی و دەروونی تێدایە.

- دەستەبەركردنی لاسایی كردنەوە و كارلێكی چڕی نێوان دەنگو مانا ، بەهۆی پەنا بردنە بەر دەنگەلاسكە و بلاّوكردنەوەی نەبزوێنی تایبەتی لەبابەت و باسی تایبەتی بەخۆیدا .

- قووڵ كردنەوەی مۆسیقا و ئاوازی گشتی دێرە شیعر كە ئەمەیش خۆش كردنی كەشە بۆ پێشاندانی وێنەی شیعری و بۆ گەیاندنی مانا و خەست كردنەوەی سێیەر و ئیحای وشەكان.

Scanned with CamScanner

باسی دوەم - بنەمای سەروای شیعری جیهانی :

سەروا وەکو دیاردەی دووبارەبوونەوەی دەنگلە هەموو زمانەکانی دونیا هەبوە و هەیە بەلأم ئەوەندە هەیە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی ترو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ.

ساپیر، دوای ئەوەی لەسەر بنچینەی دەنگسازی لە ئەدەبی زمانەکانی جیهان دەکۆڵیتەوە، بوون و نەبوونی سەروا بۆ جۆری کێش دەباتەوە. کێش هەیە بەتەنیا لەنگەری شیعر رادەگرێ و پێویستی بەسەروا نییە. ئەگەر سەروا بێ بۆ بەهێزکردنی ئەرکی کێشەکەیە. کێشیش هەیە ناتوانێ بەتەنیا لەنگەری شیعر رابگرێ و هەردەبێ سەروا سەنگی بۆ رابگرێ. ئینجا جۆری کێشیش بۆ خەسیەتی فۆنۆلۆجی زمان دەباتەوە. واتە سەروا بەبنەمای فۆنۆ جی زمانەوە گرێ دەدا، جالەبەر ئەوەی بنەمای فۆنۆلۆجی زمانەکانی جیهان یەک شت نییە و جیاییە جیاوازی دەخاتە نێوان رادەی پێویستی و ناپێویستی سەروا لە شیعردا. ساپیر لەم بارەیەوە هەموو زمانانی جیهان دابەشی سێ کۆمەڵە دەکات:

١- ئەو زمانانەی چەندی و چۆنێن، واتە (کورتی و درێژی) برگە و (بەهێزی و بێهێزی) برگەیان تێدا ڕاڵە. وەکو زمانی سەنسکریتی و گریکی و لاتینی (چەندین)، ئینگلیزی و ئەڵمانی (چۆنێتین). ڕەچاوکردنی ئەم چەندی و چۆنێتییە و چۆنیەتی بەدوای یەکدا هاتنی جۆری جیاوازی برگەکان لە دروست کردنی یەکەی ڕیتمی کە پێیە، بەسە بۆ دەستەبەر کردنی خەسیەتی شیعری. تەنیا کێش ڕەگەزی بنیاتیی شیعرە، بۆیە ئەمانە پێویستیان بەسەروا نییە وەکو ڕەگەزێکی بنجی و بنیاتی. ئەگەر سەروا هەشێ بۆ ڕاگرتنی لەنگەری کێش و زیادکردنی مۆسیقییەتی شیعرە نەک وەک پێویستیەکی شیعری.

٢- ئەو زمانانەی کێشی شیعرییان پشت بە ژمارەی برگە و لەنگەری وەستانی پێیەکان دەبەستێ نەک جۆری برگە و تەسەلسولیان، وەکو زمانی فەرەنسی و ئەسپانی و پورتوگالی. یەکسانیی ژمارەی برگە و ڕایەڵەی سەروا شان بەشانی یەکتر دەڕۆن، وەکو دوو ڕەگەزی بنجی ئەرکی بنیاتی هۆنراوە دەبینن.

٣- ئەو زمانانەی ژمارەی برگە و تەبەقەی دەنگ(pitch) دەور لە کێشی شیعردا دەبینن وەکو زمانی چینی. ئەمانە پێویستیان بە ڕەگەزێکی تریش هەیە کە ڕایەڵە (سەروا)یە بۆ تەواو بوونی شیعرییەت. واتە لەو زمانانە سێ ڕەگەز دەوری بنیاتی لە شیعردا دەبینن: ژمارەی برگە و تەبەقەی دەنگو سەروا.

پاش ئەم دابەش کردنە ساپیر دەڵێ: (هەریەکە لەم سیستەمی ئیقاعانە، لە ڕەفتاری دینامیکی نائاگایی (لاشعوری) زمانی ئەو خەڵکەوە پەیدا دەبێ کە قسەی پێ دەکەن) [٤٦١: ١٦٤].

Scanned with CamScanner

بۆ پشتگیری ئەم بۆچوونەی ساپیر ، رای دوو تۆژەرەوەی تر وەردەگرین کە تا رادەیەک لەگەڵ ئەمەدا یەک دەگرنتەوە :

- قانسانی فەرەنسی لەبارەی سەروا لە شیعری فەرەنسیدا دەڵێ (سەروا پێویستە بۆ هۆنینەوەی شیعری فەرەنسی چونکە رەگەزێکی بنجی خولقانی شیعرە. ئەگەر سەروا نەبێ هێزی پێوەرەکانی شیعر خاو دەبێتەوە و وەکو پێوەرەکانی پەخشانی لێ دێ لای روسۆو شاتۆبریان و میشولێ . دەبێ بان پێدا بنێین شاعیرە ئینگلیز و ئەلمان و ئیتالیەکان زۆر سەرکەوتوون لە بەکارهێنانی (شیعری سپی - الشعر المرسل)، چونکە برگەکان کێش دەکەن و هیچ پێویست بەسەروا ناکا کەچی لەفەرەنسیدا هەوڵەکانی ڤۆڤنارگ و مارمۆنتێل لەم بارەیەوە فەشەلی هێنا، جا ئەمە بەهۆی ڕاهاتنی گوێچکەی فەرەنسی بێ بان لە بڵیمەتی زمانەکە خۆی دابێ کە هێز (نیرە)ی بەهێزی تێدا هێندەی زمانەکانی تر تیژ نییە) [٢٣٠ : ٨٧] . ئەوەی جێی سەرنجە قانسان حیسابی زمانی ئیتالی وەکو ئینگلیزی و ئەلمانی کردوە . بەڵێ بۆچوونەکەی ساپیر تەنیا ئینگلیزی و ئەلمانی بەهۆی جۆری کێشەوە پێویستیان بەسەروا نییە . ڕاستە ئیتالیش بەبێ سەروا دێ بەڵام ئەم هۆیەکی تری هەیە ئەویش زۆری برگەی کراوەیە لەو زمانەدا کە دەبێ بەهۆی زۆری سەروا و زۆری سەرواش سواوی دەکات و بەهای ئیستاتیکی و مۆسیقی و تەنانەت دەلالی کەم دەکاتەوە و پێویستی دادەبەزێنێ .

- قێلی ئەلمانی لەبارەی پێویستیی سەروای شیعری عەرەبی دەڵێ : (لەعەرەبیدا ، سەروا ناچێتە هۆی دەست نیشان کردنی بنیات و ڕاستەقینەی شیعر ، هەر هێندە زیادەیەکە بۆ پڕکردنی کێشەکە) [٢٧٣ : ٢٠] ، هەرچەندە شیعری عەرەبی هەر لەسەرەتاوە زۆر تووند بەسەروا بەسراوەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا چونکە بنیاتی کێشەکەی چەندییە ، سەروا نابێ بە ڕەگەزێکی بونیادی شیعر.

سیستەمی سەروا لای هەموو نەتەوەیەک یەک نییە . ئەو سیستەمەی لە عەرەبیدا پەیڕەو دەکرێ (یەکێتی سەروا) کاریگەری بۆ زۆر نەتەوەی دەوروبەر و تەنانەت دوورییش ڕۆیشتوە . ئەمە وای لە هەندێ تۆژەرەوە کردوە هەر تەنیا لە ڕوانگەی سەروای کۆتایی و یەکێتی سەرواوە بڕوانن دیاردەکە و عەرەب بەدا هێنەری سەروا بزانن و وادابنێین نەتەوەکانی تر پێش وەرگرتنی سەروای عەرەبی سەروایان بەکار نەهێناوە ، وەکو فارابی [٢٦٣ : ٧] و محەمەد غونەیمی هیلال [٢٥١ : ٤٧٥] و سلیمان بوستانی [٢٦٣ : ٤٦] و نەسیرەدین تووسی [٣٩٠ : ١٨] و ئەلفرێد ژانروا [٢٨٣ : ٨٣] لە ڕاستیدا ئەو نەتەوانە و هی تریش هەریەکە دیاردەی دەنگو دوبارە بوونەوەی وەک ڕەگەزێکی شیعری بەکارهێناوە ، بەڵام هەریەکە بە پێی زمانی خۆی و بە گوێرەی زەوقی خەڵکەکە گەشەی پێ داوە :

١- گریکی و لاتینی : ئەگەر چی سروشتی ئەم دوو زمانە و بنەمای کێشیان وای کردوە

Scanned with CamScanner

سروشتیی شیعر یان پێویستی سەرەکی بەسەروا نەبێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە هۆمیرۆس داستانەکانی بە شیعری ڕەها نووسیوە [٣٦٣ : ٧] و شانۆگەریە ناودارەکانی ئەسخیلوس و ئەرستۆفان و یوریپیدیس سەروایان تێدا پەیڕەو نەکراوە ، لە ئینسکلوپیدیای بەریتانیدا هاتوە لەم بارەیەوە دەڵێ : (سەروا تەنانەت جاروبار لە شیعری کلاسیکی گریکی و لاتینیدا بەرچاو دەکەوێ) [٥٠٦ : ٥٥٨]. ئەرەستۆ لە (ڕیتۆریکا)دا ، لەباسی شێوازدا لەسەجع دەدوێ کە سەروای فاسیلەی پەخشانەو دەڵێ : (بەیەکچوونی بڕگەکانی کۆتایی لەهەر بەشێکدا پێی دەگوترێ سەجع و دەبێ ئەمە بکەوێتە سەرەتا یان کۆتایی بەشەکان . لەسەرەتا ، لێکچوونەکە هەمیشە لە وشەی تەواوبا ئاشکرایە ، لە کۆتایشدا لێکچوونەکە لە بڕگەکانی کۆتایی . یان گەڕان کردنی هەمان وشە یان دووبات کردنەوەی هەمان وشەدایە) [٢٦٢ : ٢١٧] ئینجا نموونەی بۆ هەموو جۆرەکان داوە .

لە شیعری لاتینیشدا ، هەر لەسەردەمی گەشە سەندنی ئەدەبیبەوە لە ڕۆما ، شاعیرەکان سەروایان بەکارهێناوە . هۆراس لە هونەری شیعر (Ars poetica)دا لانی کەم لەشوێنێکدا سەروای هێناوە (دێڕی ٩٩-١٠٠) کە دەڵێ :

non statis est , pulchra esse peomata , dulcia sunto
et quocumque volent animum auditoris agunto . [١١٧ : ٣٧٠](١٣)

ئەوەی جێی سەرنجە شاعیر لەم دوو دێڕەدا سەروای بەکارهێناوە ، کە داوا دەکا هۆنراوە کاریگەر بێ . داوای کاریگەرێتی هۆنراوە و بەکارهێنانی سەروا نرخدانێکە بەدەوری کاریگەری سەروا با بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش بێ . (ئۆفید)یش لە (هونەری خۆشەویستی)دا ئەم جۆرە سەروایەی بەکارهێناوە و زۆرتریش [٣٧١ : ٩٣] جگە لەمانە (دەقی لاتینی وا هەیە جۆرە سەروایەکی ڕێکی تێدا ڕەچاو کراوە ، وەکو شیعرێکی تێودۆری ڕاهیبی کانتربری کە بۆ سەدەی حەفتەم دەگەڕێتەوە ، شیعرەکە سیستەمی سەروای بەم جۆرەیە - AAABB -) [٣١٦ : ٢٧] . وەک دیارە لە گریکی و لاتینیدا ، سەروا بەکارهاتوە - با بەکەمیش بێ - بەڵام دیاردەکە ئەوەندە زەق نەبوە.

هەندێ لە زمانە ئەورووپییەکان :

پاش گەڵاڵە بوون و دەرکەوتنی زمانە ئەورووپییەکان ، هەریەکە بە پێی تایبەتێتی خۆی گەشەی بەئەدەب و شیعری خۆیدا ، هەر بۆیە ئەگەرچی زۆربەیان سەرچاوەیان یەک بوو یان لەیەک نزیک بوو بەڵام بەبڕەوی سەروایان تا ڕادەیەک جیا بوو. بەگشتی لەبایەخدان بە هێنانی کۆمەڵەی دەنگی (التجمعات الصوتیە) و دووبارەکردنەوەیان بەرەیان بە سەروا داوە ، لە ئینسکلوپیدیای

---

(١٣) مانای شیعرەکە بەکوردی :
هەر ئەوەندە بەس نییە هۆنراوە جوان بێ
بەڵکو دەبێ کاریگەر بێ و هەستی گوێگر ڕابکێشی لە هەرکوێ بێ. [٣٧٠ : ١١٧].

Scanned with CamScanner

بەریتانیدا هاتوە (لەوانەیە لە شیعری ڕۆژاوادا ، سەروا لەیەکگرتنی تەکنیکە زۆرەکانی وەکو هاوبزوێنی و هاونەبزوێنی و کۆنسوناس دروست بووبێ) [٥٠٦ : ٥٥٨].

٢- ئینگلیزی : لە کۆندا ، لەئینگلیزی سەروای کۆنایی نەبوە ، ئەوەی زۆر باو بوو هاونەبزوێنی سەرەتا (alliteration) بوە کە (هونەرێکی زۆر کۆنە و لە ئینگلیزیدا لەسەروا کۆنترە) [٥٠٣ : ٢٧]. ئەم هونەرە تا سەدەکانی ناوەڕاست زۆر بەکاردەهات ، بەڵام لەوە بەدواوە وردە وردە لەکەمیدا . شیعری ئینگلیزی پێش غەزوی نۆرمەندی (١٠٦٦) دێری لە دوولەتی بێ سەروا پێك دەهات بەڵام ئیقاعی هاونەبزوێنی تێدا بەکاردەهات کە لە سەرەتا و ناوەڕاستی وشە دەهات نەك کۆتایی [٣٨٣ : ٩٩]. کەچی شیعری ئینگلیزی نوێ کە لەسەدەی دوازدە و سێزدە گەلاڵە بوە ، لەسەرەتاوە کاریگەری شیعری پرۆڤنسی پێوە دیارە چ لەبارەی درێژیی لەتەکان بێ و چ لەبارەی بەکارهێنانی سەرواوە . شیعری ئینگلیزی بەسروشت کەم سەروا بەخۆیەوە دەگرێ بۆیە زیاتر بایەخ بە شیعری ڕەها (Blank verse) دراوە . (ئەم جۆرە شیعرە سەرەتا لە ئیتالیا باو بوە بەڵام لەئەدەبی ئینگلیزیدا گەشەی پێ دراو گەیشتە پلەیەکی بەرز)[٣٤١ : ٦٦٠]. گوایە لەئینگلیزی یەکەم کەس بەکاری هێنابێ هینری هوارد بوە[٣٤١ : ٦٦١]. پاشان شەکسپیر لە شانۆگەرییەکانیدا، بەتایبەتی لە ڕۆمیۆ و جولیتدا گەیاندیە پۆپە. بەڵام پاش شەکسپیر شیعری ڕەها لە پایەی بەرزی خۆی هاتە خوارەوە. لە ئینگلیزیدا ، سنوور و جۆری سەروا بە بڕگە دیارکراوە ، لە سنووری بڕگەدا ڕاراوەی تاك بڕگە و جووت بڕگە و سێ بڕگە[١٤] بەکاردێ : لەشیعری ئینگلیزیدا (سەروای سێ بڕگە و زیاتر بۆ شیعری گاڵتە و هەندێ جار هەر تەنیا بۆ مەبەستی مۆسیقا و هەندێ جاریش لە شیعری هاتەران و ماتەران بەکاردێ) [٤٦٣ : ٨٨].

بۆ جۆری سەروایش ، لیچ لە (ڕابەری زمانەوانیی بۆ شیعری ئینگلیزی)دا ، بڕگە و جۆرەکانی دەکا بە بنچینە و شەش جۆری لێ دیار دەکات :

(١- cvc - هاونەبزوێنی سەرەتا / ٢- cvc - هاوبزوێنی / ٣- cvc - کۆنسۆناس / ٤- cvc - سەروای ئاوەژوو / ٥- cvc - بڕگەی سەروایانە / ٦- cvc - سەروا) [٤٦٦ : ٨٩]. فرێزەر تەعلیقی لەسەر ئەم جۆرە سەروایانەی لیچ هەیە ، لای ئەو : یەکەم مەرج نییە ئەم جۆرە سەروای هەرە سادەی ئەنگلۆسەکسونی بگرێتەوە ، سەروای ئالۆزی (ویلز)یش دەگرێتەوە کە هەندێ جار لە ئینگلیزیدا دەردەکەوێ . دوەم لە شیعری میللی زۆر و لەشیعری بەرزکەمە ، سێیەمیان سەروای ئاسانە و لە شیعری نوێدا زۆر بەکاردێ، بەڵام شاعیرانی ئینگلیز زۆر بەکاری ناهێنن، پێنجەم کە لە شیعری ئایسلاندی سەدەکانی ناوەڕاست بەکارهاتوە ، لەگەڵ شیعری نەبر و بڕگە ناگونجێ و تا

(14) (لەهەندێ ڕەخنەی ئەدەبی تەقلیدیدا ، ڕاراوەی (سەروای نێرینە) بۆ سەروای یەك بڕگەیی و (سەروای مێینە) بۆ سەروای دوو بڕگەیی بەکاردێ) [٤٧٧ : ٨٦]. بەڵام ئەم ڕاراوانە زیاتر لە ژێر کاریگەری لاتینی و فەرەنسیەوە هاتوون.

Scanned with CamScanner

ئێستا بەسەرکەوتوویی بەکار نەهاتوە [٤٦٣ :٦٣-٦٦] . ئەگەر چی (شیعری ئینگلیزی لە رووی سەرواوە لە زۆر زمانان هەژارترە) [٤٦٣ : ٦١] بەلأم لەگەلّ ئەوەشدا لە دابەش کردنی سەروای چوارین و سۆنێت و سەروای شاهانەدا تایبەتێتی خۆی هەیە.

٣- فەرەنسی : لە فەرەنسیدا ، سەرەتا سەروانەبوە ، هاوبزوێنی assonance باو بوە (شیعری شاعیرە هەرە کۆنەکانمان سەروایان نەبوە ، تەنیا هاوبزوێنییان هەبوە) [٤٨٤ : ٣٣] . ئەم هاوبزوێنییە بەڕێکی لە شیعری فەرەنسیدا بەکاردەهات (لە سەدەی دوازدەمەوە ، کێشناسی فەرەنسی زانستانەتری لێ هات ، وای لێ هات پێیان دادەگرت لەسەر هاوەنگی نەک تەنیا دوابزوێنی بەهێز ، بەڵکولەهەمان کاتدا هەموو ئەو دەنگانەی بەدوای بزوێنەکەدا دەهاتن ، واتە سەروا) [٤٨٤ : ٣٤] . لەسەدەی سێزدەدا سەروا جێی هاوبزوێنی گرتوە ، بەلأم لەتەکنیکی زمانە رۆمانسیەکان نرخی هەرما بوو) [٥٠٦ : ٥٥٨] لە رووی ئەرکەوە هاوبزوێنی لەفەرەنسیدا دەوری سەروای دەدی لە دیارکردنی جۆری شیعری (ئەگەر کۆمەلّە دێرێك هاوبزوێنی کۆتاییان یەك بێ ، بێ ئەوەی ماوەیان لە نێوان هەبێ ، یان لە کورتی و درێژیدا (کێش) جیابن ، پێی دەگوترا زنجیرە یان پەت - laisse -) [٣٣٠ : ٧٠] . لەسەدەی شازدەدا ، کە (لاپلیاد) سەری هەلّدا (دوبایفی لاپلیاد و شاعیری تری وەکو پاسورا و رەهبان شایەنی ئەوەن وەکو شاعیرانی بەرایی یادیان بکرێتەوە کە گومانیان لە شیعری بڕگەیی سرفی، فەرەنسی دەکرد و سەروایان وەکو شتێکی چەسپاو و نەگۆڕ بە شتێکی هەرە پیرۆز دانەدەنا) [٤٦٥ : xxvlll] . لەشیعری فەرەنسیدا ، بۆ دیارکردنی سنووری سەروا زاراوەی نێرینە (masculine) و مێیینە (feminine) بەکاردێ یەکەمیان بۆ ئەو سەروایەی کۆتایی بە بڕگەیەکی بەهێز دێ (کۆتایی نەبزوێنە) وتەنیا یەك بڕگە لەخۆ دەگرێ وشە هاوسەرواکان هاوبەش دەبێ ، دوەمیشیان بۆ ئەو سەروایەی کۆتایی بە (e) بێ کە دەنگی نیشانەی (مێ) یە ، وشە هاوسەرواکان دوو بڕگەیان یەك دەبێ ، بڕگەی بە هێزی پێش کۆتایی و بڕگەی بێ هێزی کۆتایی [٤٨٤ : ٣٤] . ئەمە جۆری بڕگەکانی کۆتایی ، ئینجا لەبارەی سنووری بڕگەکانی کۆتایی سێ زاراوەی تر هەن : سەروای (کافی - suffisante) ئەوەیە دوابزوێنی بەهێز و نەبزوێنەکانی دواوەی وەکو یەك بن وەك (desir - soupir)، سەروای (دەولّەمەند - riche) ئەگەر دوو بڕگەی کۆتایی وەکو یەك بن (riviere - lumiere) سەروای عەیبدار (defectueuse) کە کۆتاییەکەیان وەکو یەك نەخوێندرێتەوە با نووسینیشیان یەك بێ وەکو (mer - aimer) کە لەیەکەمدا ® دەخوێندرێتەوە و لەدوەمدا ناخوێندرێتەوە[٢٦١ : ٢٤٧-٢٤٩] . چونیەتی دابەشبوونی سەروا ، ئەگەر چی بەگوێرەی شوێنی دووبارەبوونەوەی حسێبی بۆ کراوە بەلأم پارچە شیعر (strophe)یش کە سیستەمی تایبەتی خۆی هەیە، لەفەرەنسیدا زۆر باوە و بەژمارەی دێرو سەروا دیار دەکرێ[٤٨٤ : ٧٩- ...] جگە لە هەندێ جۆری تایبەتی وەکو رۆندۆ و

Scanned with CamScanner

تریۆلێ و ... (١٥).

٤- زمانه هیند و ئیرانییه‌کان : هیگل له باسی سه‌روای رۆمانسیدا که بایه‌خ به ده‌لاله‌تی ناوه‌وه ده‌دا نه‌ك هه‌ر ده‌نگه‌که ، ئه‌مه به‌جیاوازییه‌کی داده‌نێ له‌گه‌ڵ (سه‌روای هندوسی که بۆ سه‌رده‌می هه‌ره کۆن ده‌گه‌ڕێته‌وه) [٣٧١ : ٩٤] . واته هیندی کۆن سه‌روای هه‌بوه به‌ڵام مه‌رج نییه وه‌کو زمانه‌کانی تر بێ . له سنسکریتی و ئه‌ڤیستایی و پارسی کۆن سه‌روا به پچڕپچڕی هه‌یه ، خانله‌ری ده‌ڵێ: (له ده‌قه‌کانی -تۆرفان- په‌یڕه‌و کردنی سه‌روا هه‌میشه‌یی نییه و له -درخت اسوریك- زۆر ده‌گمه‌نه) [٣٩٠ : ٣٨] . له زمانی په‌هله‌ویدا که تا ئێستا به وردی هه‌مووی دیراسه نه‌کراوه ، سه‌روا به مانای وردی نه‌هاتوه ، به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا هیچ نۆژه‌ره‌وه‌یه‌ك ناتوانێ نکوڵی له بوونی بکا [٣٩٠ : ٥٢] . ده‌قه‌کانی -یادگار زریران- له رووی دابه‌شبوونی سه‌رواوه زۆر له شیعری پارچه‌داری هاوچه‌رخ ده‌کات و (تا راده‌یه‌ك سه‌روای تێدا به‌کار هاتوه) [٣٩٠ : ٣٨] . ڕای هه‌ندێ نۆژه‌ره‌وه‌ی عه‌ره‌بیش هه‌روایه که (سه‌روا له شیعری فارسیدا هه‌بوه ، پاشان گه‌شه‌ی کردوه و هه‌ندێ لایه‌نی له شیعری عه‌ره‌بی وه‌رگرتوه) [٣٧٤ : ١٣١] ، که‌چی له فارسه‌کان هه‌یه به پێچه‌وانه‌وه ده‌ڕوانێته ئه‌م مه‌سه‌له‌یه. پرویز اذکائی ده‌ڵێ : (من ڕام له‌گه‌ڵ ئه‌وانه‌یه که ده‌ڵێن شیعری عه‌ره‌بی ته‌واو کراوی شیعری هه‌شت برگه‌یی سه‌روا داری ئاخر و ئۆخری سه‌رده‌می ساسانییه) [٣٨٩ : ٢١٥] (١٦) . ئه‌گه‌ر چی فارس له‌گه‌ڵ بووژانه‌وه‌ی شیعر و ئه‌ده‌بی فارسی پاش ئیسلام ، تا ڕاده‌یه‌کی زۆر که‌وتنه ژێر کاریگه‌ری شیعری عه‌ره‌بی و ئه‌م کاریگه‌ره لایه‌نی سه‌روایشی گرته‌وه و (یه‌کێتی سه‌روا) و کێشه‌کان له فارسی که‌وتنه په‌یڕه‌و کران به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا فارس له رووی سه‌رواوه تایبه‌تێتی خۆیان پاراست که له مه‌سنه‌وی و روباعیدا خۆی ده‌نوێنێ : (مه‌سنه‌وی و روباعی سه‌ر به سیسته‌می سه‌روان و له ناهێنانی فارسه‌کانن [٣٧٤ : ١٣٠] ، له‌گه‌ڵ هه‌ندێ هونه‌ری وه‌کو ته‌رجیع به‌ند و ته‌رکیب به‌ند.

٥- عه‌ره‌بی : سه‌روای عه‌ره‌بی له‌سه‌جه‌وه په‌ره‌ی گرتوه بۆ ڕه‌جز و ئینجا بۆ قه‌سیده. هه‌ڵبه‌ت پێش یه‌کێتی سه‌روا که لای مهلهل یان ئیمرئولقه‌یس قالبی خۆی گرتوه شاعیران به

---

(15) ئه‌مانه هه‌ریه‌که جۆره شیعرێکی پارچه‌داره که پارچه‌کان به ژماره‌ی دێر و چۆنیه‌تی دابه‌شبوونی سه‌روا سه‌رده‌می ڕایه‌رین زۆر به‌کار ده‌هات ، پاشان به‌ره‌و کزی چوو تا نیوه‌ی دوه‌می سه‌ده‌ی حه‌فده‌م، له سه‌ده‌یه‌دا دووباره بایه‌خی هاتوه و له‌و ساوه هه‌ر به‌کارده‌ێ . به‌گشتی له (٨) دێر پێك دێ . دێری یه‌که‌م و چواره‌م هاوسه‌روان ، دێری حه‌وته‌م و هه‌شته‌م له‌گه‌ڵ یه‌که‌م و دوه‌م هاوسه‌روان . سه‌روای سه‌ره‌کی له دێری دوه‌م و شه‌شه‌م و هه‌شته‌مدایه . ئه‌گه‌ر پارچه‌ی حه‌وت دێر بێ ، دێری هه‌شته‌م ده‌ڕوا ، واته سه‌روای دوه‌م له کۆتایی دووباره نابێته‌وه [٤٨٤ : ٩٤].

(16) مه‌به‌ست له‌و که‌سانه‌ی ڕایان وایه ، ملك الشعراء بهاره له به‌رگی چواره‌می سبك شناسیدا. ئه‌م ڕایه‌ی داوه (بهار ، سبك شناس ، دفتر چهارم ، بخش١ ، ١٣٤٥ ، ل٤٤-٦٧).

Scanned with CamScanner

تاقی‌کردنەوەی دوور و درێژدا تێپەڕیون و (نەوەهای نەوە پێشتر خەریکی هۆنینەوەی سەروای موسەممەت -هەمە ڕەنگە و شیعری ڕەها -مرسل- بوون کە پشت بە زەنگی وشەو شوێنی وەستان دەبەستێ) [٢١٤ : ٨]. لە عەرەبیدا دیراساتی سەرواو زاراوەی تایبەتی بەسەروا پێش کێش کەوتوە، بەلأم لای خەلیل و ئەخفەش و قوتروب و فیراء زاراوە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی سەروا چەسپاوە، ئەگەر چی جیاوازی کەم لە بۆچوونەکانیان دەبیندرێ بەلأم چوار چێوەی گشتی لای هەموویان یەکە. بە پێی تایبەتێتی زمانەکە کە تیپی ساکن و موتەحەریك دەوری تێدا هەیە و ئەوسایش لێکۆڵینەوەی دەنگیی وا پەرەی نەسەندبوو، بۆیە هەر لەسەر بنچینەی تیپ و حەرەکە یاساکانیان دارشتوە و زاراوەکانیان چەسپاندوە. ئەوان باس لەچەند تەوەرێکی سەروا دەکەن، وەکو: تیپەکانی سەروا (ڕەوی، ردف، تەئسیس، دەخیل، وەسل، خروج) و حەرەکەکانی سەروا (ڕەس، ئیشباع، حەزو، تەوجیە، مەجرا، نەفاز) و جۆرەکانی سەروا (موتەرادیف، موتەواتیر، موتەدارك، موتەکاویس، موتەراکب) و نەنگییەکانی سەروا (سیناد، ئیتا، ئیکفا، تەزمین، ئیقواء) [٥١١ : ٦٧] دەکەن. پاشتر هیچی وای بۆ زیاد نەکراوە (دیاردەی هەرە باوی لێکۆڵینەوەکانی سەروای عەرەبی ئەوەیە ئەوانی دواوە هیچیان بۆ ئەوانی پێشەوە زیاد نەکردوە. جیاوازی نێوانیان، ئەگەر هەبێ، لە کورت کردنەوە و فراوان کردن و بەڵگە و ناڕشتندایە) [٢٨٢ : ١٥]. لەسەردەمی عەباسییەکان، گەشە سەندنی زیانی شارستانێتی و ڕابواردنی کۆشك و سەرای دەوڵەمەندو خەلیفەکان و تێکەڵ بوونی عەرەب لەگەڵ نەتەوەکانی تر و پەرەسەندنی بزووتنەوەی وەرگێڕانی ئەدەب و فەلسەفە و مەنتیق و پزیشك و هەموو لقەکانی تری ڕۆشنبیری، گۆڕانێکی گەورەی لە بنەمای ڕۆشنبیری عەرەبی دروست کرد. ئەو گۆڕانە شیعرو سەروایشی گرتەوە، لە عیراق و شام و ئەندەلوس موەششەحات[١٧] پەیدا بوو. (بەزمانی عامی موالیا و قوماو دوبیت و کان یاماکان و سلسیلە پەیدا بوو. بەزمانی ستاندەردیش موسەممەت و موزدەویج و موشەتتەرو چوارین و موخەممەس، کێشیان پاراست بەلأم سەروایان گۆڕانی بەسەر داهات) [٣٥٩ : ٢٣٧]. لەسەدەی ڕابردووبا[١٩] رزق الله حسون و لەم سەدەیەشدا (٢٠) جەمیل زەهاوی پێشەنگی ڕەت کردنەوەی سەروا بوون [٣٠٦ : ٩٤]. لە کۆتاییشدا دەبێ بڵێین کە (س. مۆرێ) لە پەراوێزی ل(٥-٦)ی کتێبەکەیدا هەوڵی داوە جۆرەکانی سەروای عەرەبی بە پێی بەدوای یەکدا هاتنی ح=حەرەکەو س=ساکن لێك بداتەوە و (١١) جۆری لێك جودا کردۆتەوە.

٦- عیبری[١٨] : شیعری عیبری کۆن ئەگەر چی (پشت بەئاوازی کۆنایی دێر دەبەستێ و هیچ

---

(17) (کێشەیەکی بەردەوام و نەبراوە لە نێوان تۆژەوەرەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەسەر ئەوە هەیە ئاخۆ عەرەب ئەم هونەرەیان لە (تروبادۆر)ی ڕۆژئسالی تروڤێری فەرەنسی وەرگرتوە کە لە شێوە و بابەتدا زۆر لە موەششەح دەکەن، یان ئەوروبییەکان هونەری موەششەحیان لە عەرەبی وەرگرتوە) [٤٩٤ : ٢٦٧]، بۆ ڕای جیاوازی تۆژەرەوە لەم بارەیەوە بڕوانە: [٣٨٣]، [٣١٦]، [٢٩٥]، [٣٤٨]، [٣٦٠].

(18) هەندێ ڕۆژهەڵاتناس لایان وایە وشەی شیعر لە (شیر)ی عیبرییەوە هاتوە کە بۆ ویرد و تەسبیحی پیرۆز

Scanned with CamScanner

شیعریئ نییه پەیرەوی یەکێتی سەروای تێدا بێ) [٣٥٠ : ٤٧]. بەڵام سەروای تایبەتی خۆی هەبوە. لەپەیمانی کۆندا (التوراه) سرووەدی یەکەمی (دەرچوون -الخروج) لە ئایەتی یەکەم بەدواوە هاوبزوێنی تێدا ڕەچاو کراوە. شیعری عیبری (لەسەدەی هەشتەمەوە کەوتە ژێر کاریگەری عەرەبی بەڵام لەسەدەی دەیەم و لەسەر دەستی زانای نەحوی دونـاش بن لابرگ(٩٢٠ -٩٧٠) کەونە قالبی کێش و یەکێتی سەرواوە) [٣٨٥ : ٦٥٥]. لە عیبریدا بۆ مەبەستی ئیستاتیکی زۆر جار تیپی ئەبجەد لەسەرەتا یان کۆتایی دێر بە جۆرێ بەکاردێ کە ئەگەر کۆیان بکەیتەوە ناوی ئەو کەسە دەردەچێ کە شیعرەکەی پێ هەڵدراوە. ئەمە لە شیعری سریانیشدا هەیە و لە کوردیش نموونەی بەرچاو دەکەوێ. ئیبراهیم هنداوی و ئەبو حەسەن لاوی و یەهوودا هاللیقی و حەریری ڕایان وایە شیعری عیبری سەروای لە عەرەبی خواستۆتەوە [٣٥٠ : ٥٠]. ئەوەی لەدابەش بوونی سەروای عیبریدا سەرنج ڕادەکێشی دوو دیاردەیە : دیاردەی تەسمیت (کە دێرێ دەکرێ بە چوار بەش - صلعیوت- ، سێ بەشی پێشەوە یەک سەروایان هەیە و بەشی چوارەم سەروای جیایە لەوان) [٣٨٥ : ٦٥٦]. لەگەڵ دیاردەی هاتنەوە یەکی سەروا . لەم جۆرە هۆنراوەیەدا لەتی یەکەم و کۆتایی هاوسەروا دەبن ،لەتی دوەم و پێش کۆتایی .. بەم جۆرە تا دوو لەتەکەی ناوەڕاست دەکەونە تەک یەک [٣٥٠ : ٥١]. ئەم جۆرە دابەشبوونە دەگمەنە لای تروبادورەکانیش هەیە [٣١٦ : ٧٢] و لەکوردیشدا گۆران نموونەی وای هەیە [١٧٣ : ١٧١].

٧- سریانی : سەروا لە شیعری سریانیدا زۆر کۆنە . لەسەدەی چوارەمی زایینی سەروا (بان دیاردەی وەکو سەروا) لە مدراشەکانی (١٩) ئەفرام (٣٧٣م لەدایک بوە) و مێمرەکانی (٢٠) ئیسحاقی ئەنتاکی (٤٩١م لەدایک بوە) و مێمرەکانی یەعقوبی سروجی (٥٢١م لەدایک بوە) هەیە [٣٦٨ : ٢٠]. ئەفرام سەروای سەرەتا (د) و سەروای کۆتایی (ن)ی بەکار هێناوە[٤٥٢ : ١٨]. سریان هۆنینەوەی شیعریان لەسەر تیپی ئەبجەد دا هەیە . (ئەفرام لە میدراشەکانی زۆر جار لاسای زەبووری داودی کردۆتەوە هەندێ جار لەسەر تیپی ئەبجەد و هەندێ جار لەسەر تیپی ناوی مەسیح شیعری داناوە . یەعقوب سروجیش لە میمرەکانیدا هەمان هونەری سەروایی نواندوە) [٢٦٩ : ٤١]. ئەفرام جاری وا دەبوو ناوی خۆی وەکو (تخلص) بە تیپی ئەبجەد دەخستە سەروای میدراشەکانی، یان کورت کراوەی ناوی خۆی (ئەفریمیون)ی بەکاردەهێنا [٣٣٧ : ٣-٤]. وا دەبێ

دەگەڕێتەوە . وشەی شیعر لە زارەکانی کەنعانی و فینیقی و ئوگاریتی و عیبری و مۆئابی و جلعادی بە شێوەی (شیر) هاتوە . لە کەنعانیدا فرمانی (شار بشیر) بەمانای گۆرانی گوت و گۆرانی دەڵێ هاتوە و بەکەنعانی (شیارە) کاروانە چونکە زۆر گۆرانی تێدا دەگوترێ. ئەگەرچی لە عەرەبیدا گوایە لەبەر زۆر ڕۆیشتن پێی دەگوترێ سیارە) [٣٥٩ : ٦٨].

(19) میدراش بە سرووەدی ئایینی سریانی دەگوترێت.

(20) مێمر بە سرووەدی ئایینی سریانی دەگوترێت.

Scanned with CamScanner

هەر پێیەکی (تفعیلە) دێرە شیعر سەروایەکی بۆ دادەنرێ ، یەعقوبی سروجی ئەمەی لە مێمریکدا بەکار هێناوە [٣٦٨ : ٢٢]، ئەمە لە کوردیدا لای جزیری دەست دەکەوێ [٥٨ : ٣٢٠]. جگە لە لازمە کە لە سروودە ئایینەکان دوبارە دەبێتەوە (لە سریانیدا تەبرە هەیە کە وەکو لازمە وایە بەلأم لەباتی ئەوەی لە کۆتایی بێ لەسەرەتا هەموو باعوتێکی (٢١) پێ دەکرێتەوە) [٢٦٨ : ٤٩٨] جگە لەمانە لە سەدەکانی ناوەڕاست (زۆر شاعیر هاتوون کە لە دوو دێر یان چوار دێریان سەرابای هۆنراوە پەیڕەوی سەروایان کردوە. بەناوبانگترینیان ئیبنولعیبری و عەبد یەشوعی سوباوی و گورگیس وەردە و ئیشو عەباب و خامیسی قەرباحی) [٢٦٩ : ٤٤،٤٥]ن . سریان بە حوکمی دراوسێتی لە (سەرەتای سەدەی نۆیەمەوە کەوتنە ژێر کاریگەری شیعری عەرەبی و سەروایان لێ وەرگرتن و یەکێتی سەروایان پەیڕەو کرد) [٢٦٨ : ٣٥] ، یەکەم کەس کە لە سریانیدا توانی سەروا بچەسپێنێ قەشە ئەنتۆنی زمانپاراو - انطون البلیغ او الفصیح- بوو) [٢٦٩ : ٤٤-٤٥]. بە پێی شوێنی هاتنی سەروا ، شیعری سریانی سەروای سەرەتای دێر و ناوەوە و کۆتایی دێری هەبوە ، هەندێ دیاردەی وەکو دووبارە کردنەوەی دەنگێک لە هەموو وشەکان (بزوێن یان نەبزوێن)ی تێدا بەکارهاتوە ، جگە لەسەروای دوو سەرە، کە هەمان دەنگ لە سەرەتاو کۆتایی دێر دووبارە دەبێتەوە[٣٦٨ :٢٠-٢١].

(21) سروودێکە رۆژانە لە کاتی نوێژ دەخوێندرێتەوە.

Scanned with CamScanner

باسی سێیەم : جۆرەکانی سەروا

سەروا لە ئەنجامی مێژووی دوور و درێژی بەکارهاتن و سووڕانەوەی لەناو زمانەکانی جیهان و هونەر نواندنی شاعیرانی جیا جیا لە چۆنیەتی دارشتن و دابەش کردنی ، زۆر جۆری جیاوازی لێ کەوتۆتەوە کە بە پێی سەردەم و نەتەوە و شاعیرەکان دەگۆڕێن . سەروا بە پێی گۆشە نیگای جیاجیا دابەش جۆری جیاجیا دەکرێ .

یەکەم : دابەشبوونی لە ڕوانگەی ئاسۆییەوە : ئەگەر لە ئاستی ئاراستەی ئاسۆییەوە کە کشانی دێرە شیعر دەگرێتەوە سەیری جۆرەکانی سەروا بکەین ، سەروا دوولایەنی سەرەکی دەگرێتەوە :

یەک : لایەنی وشەیی. دوو : لایەنی دەنگی.

یەک : لایەنی وشەیی لە ئاراستەی ئاسۆیی سەروادا :

١- بە پێی پێکهاتنی وشەیی سەروا :

أ- سەروای سەریەخۆ : ئەوەیە لە کۆتایی لەتە دێر یان دێرە شیعردا ، تەنیا یەک وشە (وشەی سەروا) بە هاویەشبوونی دەنگێ یان چەند دەنگێکی کۆتایی سەروایان دروست کردبێ. وەکو نالی دەڵێ :

مەکە ئیخلافی ئەو وەعدەی کە فەرموت
دەخیلت بم کە خانەی سەبرەکەم سووت [٢٠٩ : ٥٩].

سەروا لە وشەکانی (فەرموت - سووت)دایە ، ئەگەر ئەم وشانە لابدرێن وشەکانی پێشیان هیچ لەنگەری سەروای تریان پێ ڕاناگیرێ ، واتە (کە) لەگەڵ (سەبرەکەم) سەروا دروست ناکەن. جگە لەمە لە پاش ئەم وشانەی سەروا ، یان لە پێشیانەوە ، وشەیەک یان چەند وشەیەک دووبارە نەبۆتەوە کە پاڵپشتی وشەکانی سەروا بێ لە ڕاگرتنی مۆسیقای کۆتایی دێر.

وا دەبێ لە دوولەت یان دوو دێری هاوسەروادا ، دەنگەکانی سەروا لە یەکێکیان یان لە هەردووکیاندا بەسەر دوو وشە دابەشبووبێ . ئەم جۆرە سەروایە لە ئینگلیزی هەیە و پێی دەگوترێ (mosaic rhyme - سەروای تۆخم جیا) ئەویش (سەروایەکە دوو بڕگەیی یان زیاتر ، لەیەک وشە زیاتر بەشداری تەواو کردنی -یەکە-ی سەروا دەکەن . ئەمە لە شیعری جوێن و گاڵتە جاڕی زۆر بەکاردێ)[٥٠٣ : ٤٠٤] . لە ئینگلیزیدا وەکو نموونەی شیعرێکی سویفت swift کە بۆ دکتۆر - شێریران-ی نووسیوە ، لە دێرێکدا دەڵێ :

Scanned with CamScanner

I went in vain to look for Eupolis
Down in the Strand , just where the new pole is . [٤٠٤ : ٥٠٣][٢٢]

لە لەتی یەکەم دەنگەکانی سەروا هەموو وشەی سەروایان گرتۆتەوە کەیەك وشەی سێ برگەییە (eu/po/lis) ، کەچی لەلەتی دووەمدا ، دەنگەکانی سەروا کە سێ برگەن بەسەر سێ وشەدا دابەش بوون (new/pole/is) برگەی دوەم و سێیەم بە تەواوی و برگەی یەکەمیش بێجگە لە پەراوێزی پێشەوە. ئەم جۆرە سەروایە لە فەرنسی پێی دەگوترێ (equivoquee) وەکو

Et cest a peine si l'allumette amorphose
Meme en reve eclairer cette metamorphose [٣٠ : ٤٨٢][٢٣]

لە کوردیدا نموونەی ئەم جۆرە سەروایە لەم شیعرەی نالیدا دەردەکەوێ :

ساقی بەمەیی کوهنە لەسەر عادەتی نەوبە
بشکێنە بەیەك نەوبە ، دوسەد ماتەمی تەویە [٢٠٩ : ٩٢].

دەنگەکانی سەروا کە لە دوو برگەدایە ، لەلەتی یەکەمدا بەسەر دوو وشەدا دابەش بوە (نەو/بە) ئاوەڵناوێك و فرمانێکی داخوازی ، کەچی لەلەتی دووەمدا لەیەك وشەدایە (تەویە) .

ب- سەروای موردەف : ئەو سەروایەیە جگە لەوشەی سەروا کە دەنگە هاویەشەکانی لە کۆتاییدا هاتوە ، ردیف - پاش سەروا -ی تێدا بێ ، جا پاش سەرواکە لە هەرچی ئاستێکدا بێ (وشە ، دەستەواژە ، ڕستە) و هەر جۆرە وشەیەك بێ (ناو ، ڕاناو ..) . نموونەی ئەم جۆرە سەروایە وەکو نالی دەڵێ :

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم شەرتە هەتا ئەو خوارە بێ تۆ[٢٠٩ : ٩١].

دەنگی سەروا لە (ئەمجارە - ئەو خوارە) دایە کە وشەی سەروان . پاش تەواو بوونی دەستووری سەروا ئینجا شاعیر لەهەردوو لەتدا دەستەواژەی (بێ تۆ)ی بەهەمان مانا دووبارە کردۆتەوە . ئەمە پاش سەروایە.

ج- سەروای مەحجووب -پەردەدار- ئەو سەروایەیە پێش وشەکانی سەروا (حاجب)ی هەبێ

---

(22) مانای بەکوردی :
چووم ، بێهوودە بەدوای بوێژلیزدا گەڕام
لە ناوەندی ستراند ، دەڵەو شوێنەی دیرەگەکەی لێیە.

(23) مانای شیعرەکە بە کوردی :
ئەمە زۆر زەحمەتە دنکە شقارتە بتوانێ تێکی بدا
ئەم مەسخە، بگرە لە خەونی ڕۆناکبشدا.

Scanned with CamScanner

جا هەرچی هەبێ - حاجب وشەیەکە یا زیاتر بەهەمان مانا لە پێش وشەی سەروای لەتەکان یان دێرەکان دووبارە دەبێتەوە . حاجی دەڵێ :

کـــورێکی وا نەبوو هەستێتە ســەر پێ
بزانێ خەڵقی چۆن کەوتوونە سەر ڕێ [٦٠ : ٢٣١].

لە پێش وشەکانی سەروادا ، وشەی (سەر) بەهەمان مانا دووبارە بۆتەوە . ئەگەر وشەکانی سەروا لابدرێن ئەو هاوەڵنگییەی لە دوبات کردنەوەی ئەم وشەدا هەیە تا ڕادەیەک قەرەبوی دەکاتەوە . کە هەردووکیشیان پێکەوە دێن قووڵییەک بە ئاوازو ڕایەڵەی سەروا دەدەن .

د- سەروای مەحجووب مورەددەف : ئەوەیە کە جگە لە وشەی سەروا ، پاش سەروا و پێش سەروای هەبێ . حەمدی دەڵێ :

بەڵ بەڵ چی ڕۆژێکی نەوە
هەی هەی چی عومرێکی نەوە [٦ : ١٢٩].

لەم دێرەدا ، جگە لە وشەکانی سەروا ، پێش سەروا (چی) و پاش سەروا (نەوە) هەن ئەمەو (بەڵ بەڵ) و (هەی هەی) سەرەڕای دووبارە بوونەوەی (ڵ) لە هەردووکیاندا ، لە پەیوەندییەکی هاوشوێنی دان و ئاوازەکەیشیان وەکو یەکە .

٢- بە پێی ژمارەی سەروا لە ئاستی ئاسۆییدا : شاعیر وا دەبێ بنیاتی لەتە دێر یا هەموو دێر لەسەر یەک سەروا (سەروای کۆتایی) دادەمەزرێنێ ، وا دەبێ لەسەر دوو سەروا و بگرە سێ سەروا دابدەمەزرێنێ .

أ- تاك سەروا : ئەو لەتە یا ئەو دێرەیە تەنیا حیسابی یەک سەروای لە کۆتایی بۆکراوە ، ئەمە سەروای هەرە باوە ، حاجی دەڵێ :

فەڵەک بە تیروکەمانی لە ئێمە چوویتە کەمین
شکارگاهی زەمینە ، لەچەنگی کێوە دەچین [٦٠ : ٩٦].

هەر تەنیا وشەکانی کۆتایی (کەمین-دەچین) سەروایان تێدایە ، ئەگەر ئەم وشانە یان پێیەکانی (تفعیلە) کۆتایی هەر دوولەت لابدرێن ، هیچ سەروا نییە جێگای سەروای کۆتایی پڕ بکاتەوە .

ب- جووت سەروا : ئەوەیە شاعیر هۆنراوەکە لەسەر دوو سەروا بنیات بنێ ، وشەکانی کۆتایی وەکو باری ئاسایی سەروایان هەبێ و ئەگەر وشەکانی سەروای لەتەکان یان دێرەکان لابدرێن ، وشەکانی پێش کۆتایی جێگایان پڕبکەنەوە و لەگەڵ یەکتر بین بەهاوسەروا .

حەمدی لەیەکێ لە هۆنراوەکانیدا سەراپای دێرەکانی لەسەر دوو سەروا نامەزراندوە ،

Scanned with CamScanner

هەردووکیشیان یەک شتن تەنیا دوەمەکان دەنگی کۆتاییان لە یەکەمەکان زیاترە :

تاکەی ئەدەی بە خەڵقی لە عەقڵ و زەکا ، زەکات
کوردە دەکا لە لیباسی حەیاتا حەیا ، حەیات[٦ : ١٨٥](٢٤)

وشەی سەروا لەم دوو لەتەدا ، ئەمانەن (زەکات - حەیات) ، ئەگەر گریمان لابدرێن وشەکانی پێش ئەوان هێزی بوونە سەروایان هەیە چونکە ئەوانیش دەنگی کۆتاییان (١) یەکە (زەکا - حەیا) .

هەر لە جووت سەروا ، وا دەبێ هەر لەتێ بکرێ بە دوو بەش و هەر بەشە و سەروای خۆی هەبێ لەسەری بوەستێ ، عەبدولقادر ئەحمەد لە شیعرێکدا کە (٥) بەشە و هەر بەشێکی چوار لەتە و هەر لەتی لەسەر دوو سەروا بنیات نراوە ، لەسەرەتادا دەڵێ :

دڵداری نەو گوڵێکم ، هوزاری سەر چڵێکم
زەدەی ڕام لە دڵێکم ، عەوداڵی خوو سڵێکم[١٣٧ : ١٧٦].

لەم دێرە و لە هەموو دێرەکانی هۆنراوەکەدا ، بینای لەت لەسەر دوو سەروا و دێر لەسەر چوار سەروا هاتوە ، هەردوو پارچە سەروایان یەکە . لە هەر لەتێکا نیوەی لابدە ، ئەو دوو نیوەی دەمێنێنەوە هەمان سەروایان هەیە :

دڵداری نەو گوڵێکم
زەدەی ڕام لەدڵێکم

ج- سەروای سێبیانە : لەمەدا ، لەتەکان لەسەر سێ سەروا دادەمەزرێن ، بە جۆرێ سەروای کۆتایی لابدرێ ، ئەوەی تر جێگەی دەگرێتەوە و دەبێ بە کۆتایی ، ئەویش لابدرێ سێیەم دەبێ بە کۆتایی . لەم جۆرەدا سەرواکان لەگەڵ کۆتایی پێ (تەفعیلە) ڕێک دەخرێن ، بۆیە لە کاتی خوێندنەوەدا ئیقاعی لەتەکان لەگەڵ یەکتر بەهێز دێتەوە چونکە دوو ئیقاع لە کۆتایی پێیەکاندا تێکەڵ دەبن ، ئیقاعی پێ (تفعیلە) و ئیقاعی سەروا . کامیل ژیرلە هۆنراوەی (نیگاری مەم)دا ئەم جۆرە سەروایەی هێناوە . دێری یەکەمی بەم جۆرەیە :

خۆی پڕ بە چنگ گۆی پڕ بەدەم دیمەنی جوان
لەتەختی سنگ درزێکی کەم ئەیگا بە دوان[١٦٥ : ٤٥].

ئەم هۆنراوەیە لە ئەسڵدا (٦) دێرە ، لەسەر کێشی خۆماڵی دوازدە بڕگەیی (٤+٤+٤) نامەزراوە و لەسەر سێ سەروا ڕاندراوە و سەرواکان بەپێی پێیەکان شوێنیان دیارکراوە . دوای هەر

(24) لەتی دوەمی ئەم دێرە لەنگە ، ئەگەر وەکو چاپی دوەم (١٩٨٥) ، وشەی (لیباسی) بکرێ بە (بەحری) کێشەکەی ڕاست دەردەچێ.

Scanned with CamScanner

پێبەك سەروایەكی جیا جێی كراوەتەوە . سەروای كۆتایی لە وشەكانی (جوان-دوان)دا خۆی دەنوێنێ ، ئەگەر پێبەكانی كۆتایی هەر دوو لەت لابەری ، دەمێنێ :

خۆی پر بە چنگ گوێ پر بەدەم
لەتەختی سنگ دڕێكی كەم

بەم كارە ، هۆنراوەكە نە لەمانا و نە لە شێوەدا (بەتایبەتی سەروا) بەهای شیعری لەدەست نەداوە هەر بە شیعرێكی كێشدار و سەروادار ماوەتەوە، ئەوەندە هەیە بۆتە (٨) بڕگەیی (٤+٤)، وشەكانی (دەم-كەم)ی كۆتایی پێی دوەم ، بۆ ئێرە بوونەتە سەروای كۆتایی .

ئەگەر پێبەكانی دوەمیش فڕێ بدەی ، هەر دێرەی یەك پێ بمێنێتەوە دیسان سەروای خۆی هەر دەمێنێ

خۆی پر بە چنگ
لەتەختی سنگ

ئەم دێرە (مەنهووك[٢٥])ە ، هەم مانای خۆی پاراستوە و هەم سەروایش . (چنگ-سنگ) بوونەتە سەروای كۆتایی .

وا دەبێ شاعیر بینای لەتەكانی لەسەر سێ سەروا بكات بەڵام ئیقاعی سەروا و پێ بەیەكەوە نەبن ، واتە سەرواكان لە كۆتایی پێبەكانی یەكەم و دوەمەوە نێن ، بەڵكو ئەم دوو جۆرە ئیقاعەی (پێ) و (سەروا) لەیەك جیا كرابنەوە . ئەحمەدی خانی هەرچەندە لە جۆری یەكەمی ئەم سەروا سێیانەدا زۆر دێری داڕشتوە و بەزۆری لای ئەو دووبارە دەبێتەوە بەڵام بۆ (تنوع) ئەمەیشیانی هێناوە ، وەكو :

سەیرا فەلەكان لنك تە گاڤەك
فەخرا مەلەكان ژتەسلاڤەك [٣ : ١٧].

لەیەك جیاكردنەوەی سێ سەرواكە بەم جۆرەیە :

سەیرا / فەلەكان / لنك تە گاڤەك /
فەخرا / مەلەكان / ژتە سلاڤەك /

ئەگەر سەرواكانی كۆتایی لابدرێن (لنك تەگاڤەك-ژ تە سلاڤەك) ، ڕاستە سەروای دوەم جێی پر دەكاتەوە (فەلەكان-مەلەكان) ، پاش ئەوانیش سەروای سێیەم دێتە پێش (سەیرا-فەخرا) بەڵام دابەشبوونی سێ سەرواكە لەگەڵ دابەشبوونی پێبەكانی كێش ناڕوا ، بۆیە دوو ئیقاعەكە

(25) دێری مەنهووك ئەو دێرەیە كە هەر لەنێكی دوو پێی فڕێ درابێ و یەك پێ مابێ . وشەكە مانای شەكەت و ماندوی لێ دەگەیەنێ.

Scanned with CamScanner

لێك دەترازێن و لەباتی ئەوەی بكەونە بۆتەی یەك گرتنەوە دەكەونە پەیوەندی بەدوای یەكدا هاتن و تەنیا لەسەروای كۆتاییدا تێك دەكەنەوە . دابەشبوونی پێیەكانی دوو لەتەكە بەم جۆرەیە :

سەیرا فە | لەكان لنك | تە گاڤەك |
فەخرا مە | لەكان ژتە | سلاڤەك | (٢٦)
- - ب | ب - ب - | ب - - |
مفعول | مفاعیل | فعولن |

ئەگەر لە سنووری پێیەكانەوە بڕوانینە سەروای دوەم و سێیەم ، هەستیان پێ ناكەین چونكە خزاونەتە ناو پێیەكانەوە .

وا دەبێ لەگەڵ سێ سەرواكە ڕەگەزێكی دەنگیی مۆسیقی لە ئاستێكی ئاسۆیی لەگەڵ وشەكانی سەروادا كاردەكات و پەیوەندییەكی بەیەك بەستنەوەی ئاسۆیی و ستوونی لە ڕووی ئاوازەكە لە نێوان وشەكان دادەمەزرێنێ ، وەكو ئەم دێرەی ئەحمەدی خانی :

داداری و دەوڵەت و دیانەت
سەرداری و سەوڵەت و سیانەت [٣ : ٣٥].

لەم دێرەدا كە لەسەر سێ سەروا دامەزراوە و سەرواو پێیەكانی لەگەڵ یەكتر هاتوون ، جگە لەمەش لەسەر ئاستی ئاسۆیی پەیوەندی نێوان وشەكانی هەر لەتێكدا ، سەریاری ئەوەی سەروای یەكەم و دوەم یەك شتن ، وشەكانی هەر لەتێك بە پەیوەندییەكی تری دەنگیی ئاوازە بۆ یەكتر دەسەننەوە كە هاویەشییانە لە دەنگیی یەكەم (Alliteration) . لەلەتی یەكەم هەموو وشەكان بە (د) و لەلەتی دوەمدا هەموویان بە (س)، دەست پێ دەكەن . لێرەدا كۆبوونەوەی هاونەبزوێنی سەرەتا و یەككرتنی ئیقاعی پێیەكان و سەروا ، جۆرە ئاوازێكی بەهێزی بەدێرەكە داوە .

٣- بەپێی شوێنی ئاسۆیی وشەكانی سەروا لە كشانی لەت یان دێرە شیعردا :

سەروا بە پێی شوێنەكەی لە ئاستی ئاسۆیی دێرە شیعردا ، سێ جۆرە :

أ- سەروای كۆتایی : ئەو هاوەنگییەیە لە وشەكانی كۆتایی لەتە دێر یان دێر دێ و لەهەموو جۆرەكانی تری سەروا باوترە و زیاتر وشەی سەروا بەمەوە بەسراوەتەوە ئەگەر چی فرێزەر لای وایە (هاتنی سەروا لە كۆتایی دێر نەك سەرەتا ، تەنیا مەسەلەی لاساكردنەوەیە و بەس ، ئەگەر نا سەروای ناوەوە دیاردەیەكی زۆر باو و كاریگەرە) [٤٦٣ : ٦٠] . سەروای كۆتایی مەسەلەی لاساكردنەوە بێ وەك فرێزەر دەڵێ یان مەسەلەی هێزی شوێنەكە بێ، سەروا لەوێ دەگیرسێنێتەوە ،

(26) پێی دوەمی لەتی دوەم دەبێ بڕگەی كۆتایی درێژ بكرێنەوە . (تە-تا) چونكە مفاعیلن لەبەك كاتدا قەبز وكەف وەرناگرێ ، هەر یەكێكیان وەردەگرێ

Scanned with CamScanner

سەروای کۆتایی لە هەمووی باوتر و کاریگەرترە.

ب- سەروای ناوەوە : ئەوەیە وشەکانی ناوەوە (حەشوو) لە نێوان خۆیاندا یان لەگەڵ وشەی کۆتاییدا هاوسەروابن. نموونەی ئەوەی لەگەڵ وشەی کۆتاییدا هاوسەروابن وەکو مەولەوی دەڵێ :

ساپێم دەر دەی دەی پەی پەی نەومەی مەی
لەتایف مەردەم یەکسەر بکەر حەی[١٨٦ : ٣٩].

سەروای ئەم دێرە لە وشەکانی (مەی-حەی)دایە ، رەوییەکەی (ی-y)ی نیمچە بزوێنە . سەروای ناوەوە لە وشەکانی هاندان (دەی دەی) و بەردەوامی (پەی پەی)دایە. ئەم دوو وشەیە جگە لەوەی لەگەڵ وشەی سەروای کۆتایی هاو سەروان ، لەنێوان خۆیشیان رێتم و ئاوازێکی زۆر بە هێزی دووبارەبوونەوەیان دروست کردوە کە لە سێ شوێنذا سەر هەڵدەدا چونکە بە هاوڕێتمی و هاوشوێنییەکی لەبار دوو بڕگە دوو بڕگە دەکەونە جوولەی دووبارەبوونەوە :

(دەی دەی / پەی پەی / مەی مەی). یەکگرتنی سەروای دەرەوە (کۆتایی) و ناوەوە لێرە ، قوواڵییەکی تری بەمەدای ئاوازەیی شیعرەکە داوە کە لە باگەڕانەوەی دەنگی کۆتاییە بەرەو سەرەتا یان بەردەوام بوونی سەروای ناوەوەیە تا لەگەڵ کۆتایی لەتەکەی تری خۆی لێك دەدا.

سەروای ناوەوە ، هەر جۆرێ بێت ، ئاوازێکی ناوەکی دەخولقێنێ و بەهایەکی ئیستاتیکی و بگرە دەلالی زیادەکی بە دێرەکە دەدا. (سەروا بەگشتی لە کۆتایی دێرەوە چاوەڕوان دەکرێ، ئەمە بێی دەگوترێ سەروای دەرەوە. هەندێ شاعیر بۆ دەوڵەمەند کردنی ئاوازەی دەنگوشەیەك دەخەنە ناو دێرەکە، لە ناوەڕاست یان نزیك ناوەڕاست کە هاوسەروای وشەی کۆتایی بێ. ئەم جۆرە سەروایە کاریگەری گرێدانی سەروا بە هێزتر دەکا. ئەگەر لە هەموو دێرەکان نەبێ، جەختێکی زۆرە بۆ سەر هەندێ دێری مەبەست) [٤٧٦ : ٣٢].

وا دەبێ سەروای ناوەوە کە لە چەند وشەیەکدا دەردەکەوێ ، سەربەخۆیێ و پەیوەندی سەروایی بە وشەی کۆتاییەوە نەبێ. سەفوەت دەڵێ :

ئەو سەرکەشە ، پەرچەم ڕەشە ، ئەو چاو گەشە ، تاکەی؟
بۆ من بەڕەوا ، شەربەتی مەرگ و بە ڕەقیب مەی؟ [١٠٨ : ٩٥].

جگە لەسەروای کۆتایی کە لە وشەکانی (کەی-مەی)دایە ، لەتی یەکەم سێ سەروای ناوەوەی تێدا هاتوە. کەوتوونەتە کۆتایی دەستەواژەکانی (سەرکەشە ، پەرچەم ڕەشە ، چاوگەشە). جگە لەسەروا ئەم وشانە رێتمی فۆنۆلۆجی ئاهەنگێکی تایبەتی پێ بەخشیون چونکە هەموویان ئاوەڵناوی لێکدراون (ناو+ئاوەڵناو) و سەر و پەرچەم و چاویش کە بنەمای دروست کردنی وشەکانن پەیوەندی تناسبیان لەنێواندایە چونکە شوێنەکەیان لە لەشی دڵبەردا لەیەك نزیکە.

Scanned with CamScanner

- هەر لەسەروای ناوەوە وادەبێ هەموو پێیەکانی حەشوو هاوسەروابن ، جزیری دەڵێ :

من دی سەحەر شاهێ مەجەر لەبسی دبەر مەخموور بوو
ئەو دێم زەری سوڕ موشتەری یارەب پەری یا حوور بوو[٥٨ : ٤٠٧].

لەم دێرەدا ، سەروای کۆتایی لە وشەکانی (مەخموور ، حوور) دایە . (بوو) پاش سەروایە، سەروای ناوەوەش لەهەردوو لەتدا ، لەگەڵ کۆتایی پێیەکان هاتوون ، سەروای ناوەوەی لەتەکان لەگەڵ یەکترلەسەروای کۆتایی جیان . لەلەتی یەکەم (سەحەر ، مەجەر ، دبەر) سەروایان هەڵگرتووە و لەلەتی دووەمدا (زەری ، موشتەری ، پەری) سەروایان هەیە . دامەزراندنی سێ تەشکیلەی سەروا لەیەک دێرە شیعردا ، کە هەریەکەیان سیستەمی خۆی هەیە، وەستایی شاعیرەکە دەردەخا . سەروای کۆتایی لە دوو وشە کە بەرامبەر دوو لەت دەوەستێ ، سەروای ناوەوەی هەر لەتێك لە سێ وشەدا کە سێ بەرامبەر سێ دەوەستن جۆرە هاوشوێنی و تەرتیبێکی ئیقاعی تۆکمەی بە دێرەکە داوە .

وا دەبێ سەروای کۆتایی و ناوەوە یەك بگرن و هەموو پێیە عەرووزیەکان لەسەرەتای دێر (نەك هەر لەت) تا کۆتایی بەیەك سەروا بڕۆن . جزیری دەڵێ :

بەژنا شەپال ، دێمێ بخال ، ئیعراب و دال ، قەوسێ هیلال
نەقشێ جەلال ، جاما زەلال ، خەمرا حەلال ، سوحبەت بحال[٥٨ : ٣٢٣].

وەك ئاشکرایە ، لەم دێرەدا کە (٨) پێیە و بەسەر دوو لەتی وەکو یەك (٤) پێیدا دابەش بوە ، هەر هەشت پێی یەك سەروایان تێدایە (-ال) . ئەم دەسەلاتە بەسەر سەروادا ، توانایەکی فەرهەنگی و عەرووزی زۆری دەوێ جگە لە بەهرەی شاعیرێتی. ئەوەی لەم دێرە شیعرەدا سەرنج ڕادەکێشێ وشەی سەروای کۆتایی لەتی یەکەم لە سنووری سەروادا لەگەڵ وشەکانی سەروای ناوەوەی لەتی دووەم یەك دەگرێتەوە (هیلال ، جەلال ، زەلال ، حەلال) کە هەموویان لە دەنگەکانی (لال) یەك دەگرنەوە ، بە پێچەوانەی ئەمەوە وشەی سەروای لەتی دووەم لەگەڵ وشەکانی سەروای ناوەوەی لەتی یەکەم لە سنووری سەروادا لەیەك نزیك دەبنەوە کە تەنیا (ال)ە، (حال ، شەپال ، خال ، دال) . ئەم لێك تێپەڕاندنەی سەروای کۆتایی لەتی یەکەم لەگەڵ سەروای ناوەوەی دووەم و سەروای کۆتایی لەتی دووەم لەگەڵ سەروای ناوەوەی لەتی یەکەم جۆرە ڕایەلەیەکی لێك تێپەڕیوەی بە دێرەکە داوە کە وەستایانە خراوەتە پەنا سنووری سەرواوە .

جـ- سەروای سەرەتا : ئەم جۆرە سەروایە پەیوەندی بەیەکەم وشەی لەت یان دێرە شیعرەوە هەیە . ئەو هاوەنگییەی بۆ بەهێز کردنی مۆسیقیەتی شیعر بەکاردێ دەخرێتە سەر یەکەم وشەی لەت یان دێرە شیعر. ئەمە بە دوو جۆر هاتوە :

• یان ئەوەتە وشەکانی سەرەتای لەت یان دێر هاوسەروا دەبن (هاوبەشیی دەنگیی دەکەوێتە

Scanned with CamScanner

دواوه وەکو هەموو سەروایەکی تر) . خانی دەڵێ :

ئەعلایێ دکەت بقەهرێ ئەدنا
ئەدنایێ دکەت بلوتفێ ئەعلا [٣ : ٢٧].

وشەکانی سەرەتا (ئەعلا-ئەدنا) هاوسەروان ، ڕەوییان (ا)یە . گۆڕینی جێگای ئەعلا و ئەدنا لە لەتی یەکەم و دوەم (ئەعلا ئەدنا) کە پێچەوانەی یەکترن بەهێزی جووت وشەی دڕیەکی (قەهر-لوتف) ئەم گۆڕانە دێنە دی. جوولەی هەڵکشان و داکشانی دەلالەتی دڕیەک جۆرە ئیقاعێکی پتەوو جوولانەوەیەکی درامی بە دێرە شیعرەکە داوە . دوو جوولانەوەی تەریب سەرەتایان دوو وشەی دڕیەکەو کۆتاییان بە پێچەوانەی سەرەتا دێتەوە . ئەم دێرە ئاوازەکەی بە هونەرێکی تریش قوڵ بۆتەوە ، دەنگی سەرەتا و کۆتایی هەر لەتێک ، سەرەڕای دڕیەکی وشەکان ، وەکو یەک وایە ، ئەم وەک یەکیی سەرەتا و کۆتاییە لەهەمان کاتدا لە ئاستی لەتدا لەدەوری وشە یەکەمەکان چەقێ بەستوە کە هەردووکیان بە (ا) دەست پێ دەکەن و بە (ا) کۆتاییان دێ، بەڵام لەسەرەتا هەمزەو لە کۆتایی مەددەیە.

• بان ئەوەتە وشەکانی سەرەتای لەت یان دێر دەنگی سەرەتایان یەک دەبێ، ئەم دیاردەیە لە هاونەبزوێنی (alliteration)ی ئینگلیزی خۆی دەدۆزێتەوە. ئیبراهیم ئەفخەمی هۆنراوەیەکی دوور و درێژی هەیە . هەموو دەنگەکانی ئەلف وبێی کردوە بەسەرەتا و بۆ هەر دەنگێ کۆمەڵێ دێری نووسیوە کە هەموویان بەیەک دەنگدەست پێ دەکەن . شیعرەکە پارچەی (ا)ی (١١) دێرە و ئەوانەی تر ژمارەی دێرەکانیان بەم جۆرەیە (ب=١٠ ، پ=٩ ، ت=٧ ، ج=٩ ، چ=٩ ، خ=٨ ... هتد). نموونەیەک بۆ سەروای سەرەتای (ج) لەم هۆنراوەیەدا :

جێ ڕم بکەوە جا بیچەقێنە بیر لە قسە کەوە جا بیدرکێنە
جەرگ کەنەبوو سیپەلاک چبیە غیرەت پێویستە چەک شتێک نییە
جۆ بە دیوارا هەڵدەگەڕێنێ کلاوی بابا عەیار دەفڕێنێ [٢٦ : ٦٦].

ئەم پارچەیە (٩) دێرە و هەموو دێرەکان وەکو ئەم سێ دێرەیە بە دەنگی (ج) دەست پێ دەکەن. ئەم هۆنراوەیە لەئەسلدا مەسنەویە ، واتە هەر دوو لەتی لەسەر سەروایەکی کۆتایی دەڕۆا و سەروای دێرەکان دەگۆڕێ . ئەوەی هەموو دێرەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە (جگە لە کێش) لێرەدا سەروای سەرەتاییە . ئەم دەنگە هاوبەشەی سەرەتا (ج) وەکو داوێک سەراپای دێرەکانی هەر پارچەیەک بەیەکەوە گرێ دەدا .

ئەم جۆرە سەروایە لە سریانیشدا هەیە ، (لەجۆرەکانی مەداریش سرودێک پێی دەگوترێ - السوکیث - لە شێوەی گفتوگۆدایە ، بەکێشی حەوتی دەهۆنرێتەوە و زۆربەی لەسەر ئەبجەد دادەڕێژێ وەکو سۆکیی نێوان مێردەمی پاکیزە و جبریلی فریشتە یان پاکیزە و مەجووسی ، یان ئیبراهیم و

Scanned with CamScanner

قوربانییه‌که‌ی) [٢٦٨ : ٣٥] . به‌کارهێنانی یه‌ك ده‌نگ(تیپ) له‌سه‌ره‌تای هه‌موو دێرێکی هه‌ر پارچه‌یه‌ك و ڕه‌چاوکردنی تسلسلی ئه‌بجه‌دی له‌پارچه‌کان له‌سریانیدا زۆر هاتوه ، وه‌کو ئه‌م پارچه‌یه‌ی مار ئه‌فرام که هه‌موو دێره‌کانی به (د) ده‌ست پێ ده‌که‌ن :

دا وێهو رعیانن
دامێو لایلانا
دسنق بخول یومین
دسمشیه شقیا
دلیلای دنو دێلاخ [٣٦٨ : ٢٠](٢٧).

له‌م پارچه شیعره‌دا ، سه‌روای کۆتایی پەیڕەو نه‌کراوه ، ئه‌وه نه‌بێ له‌تی (١) و (٣) ڕه‌وییان یه‌که (ن) و له‌تی (٢) و (٤)یش ڕه‌وییان (١)یه . که‌چی هه‌موو له‌ته‌کان به‌ده‌نگی (د) ده‌ستیان پێکردوه . ئه‌وه‌ی سه‌رنج ڕاده‌کێشێ دوا له‌ت له سێ وشه پێك هاتوه ، سه‌روای سه‌ره‌تای پارچه‌که له سه‌ره‌تای هه‌موو وشه‌کان دووباره بۆته‌وه . ئه‌مه ناخستنێکی سه‌روای سه‌ره‌تایه که تا دوا وشه‌ی دوا له‌ت کشاوه .

له ئاستی له‌ت و دێڕیان له‌ئاستی هۆنراوه‌دا ، ئه‌و هۆنراوانه‌ی که‌یه‌که‌م ده‌نگیبان وه‌کو یه‌که واته یه‌که‌م ده‌نگی وشه‌ی یه‌که‌می له‌ته دێری یه‌که‌م ، ده‌شێ هه‌موو به‌یه‌که‌وه له‌یه‌ك خانه‌دا پۆلێن بکرێن ، ئه‌م پێکچوونی ده‌نگی سه‌ره‌تایه ، له کوردیدا، بۆ ڕێکخستن و پۆلێن کردنی هۆنراوه‌ی مه‌سنه‌وی له دو تۆێی دیوانه‌کاندا سوودی لێ وه‌رگیراوه. چونکه هۆنراوه‌ی مه‌سنه‌وی یه‌کێتی سه‌روایان تێدا نییه تا به‌پێی سه‌روای هۆنراوه‌که پۆلێن بکرێن . ئیدی یه‌که‌م ده‌نگی هۆنراوه له‌و جۆره دیوانانه‌دا کراوه به بنچینه‌ی پۆلێن کردن وه‌کو دیوانی مه‌وله‌وی [١٨٦] و دیوانی سه‌یدێ [١١١] و دیوانی بێسارانی [٣٧] .

دوو : <u>لایه‌نی ده‌نگ له ئاراسته‌ی ئاسۆیی سه‌روادا</u> :

١- <u>به‌پێی‌ی دوا ده‌نگی سه‌روا</u> : دوا ده‌نگی سه‌روا له ڕووی په‌یوه‌ندی به وشه‌ی سه‌روا یان به‌شێکی ڕه‌سه‌نه له بنیاتی وشه‌که‌دا ، جا ج ساده بێ و ج ناساده ، یان زیاده‌یه‌که و پێویستیه‌کی ڕێزمانی هێناویه‌و لکاندوویه به کۆتایی وشه‌که‌وه و ڕه‌وی به‌ره‌و پێشه‌وه پاڵداوه و شوێنی هه‌ره

---

(٢٧) مانای ئه‌م چه‌ند دێره به کوردی :
هزرمان ته‌به
وه‌کو دره‌خت وابه
ده‌بەوێ هه‌موو ڕۆژێ
به‌ئاودان خزمه‌تی بکرێ
که‌م که‌س سویاسگوزاری تۆن

Scanned with CamScanner

دواوەی بۆ خۆی داگرتووە. بەمەوە بەشێکی زۆری هێزی رەوی بۆ خۆی بردوە. لەم رووەوە سەروا دەکرێ بە دوو بەش :

أ- ئەو سەروایەی کۆتایی بە رەوی دێ و رەوییەکە کۆتایی دێر دەگرێ. نالی دەڵێ :

وەك قەفەس ئەم حوجرە کون تێیە کەوا گرتووەبە ناو
تارو پووی عەنکەبووتی زۆرە لێی کردووم بە داو[٢٠٩ : ١٤٥].

ئەم دوو لەتە وشەی سەروایان بریتییە لە (ناو ، داو) کە جگە لەوەی لەسەر یەك کێشن ، کۆتاییان بەرەوی هاتوە (و-w) . لەم جۆرەدا نابێ پاش سەروا هەبێ، چونکە پاش سەروا شوێنی کۆتایی دێرلە وشەی سەروا و رەوی دەستێ و دیسان نرخی رەوی لە رووی ئیقاعی کۆتاییەوە کەم دەبێتەوە. لێرەدا (رەوی) دەوری بنچینەیی خۆی دەبینێ کە ڕاگرتنی لەنگەری کۆتایی دێرو بەیەکەوە گرێدانی هەموو دێرەکانە بە داوێکی وەهمییەوە.

ب- ئەو سەروایەی کۆتایی بەرەوی نایە ، یان پاش رەوی هەیە یان پاش سەروای هەیە یان پاش رەوی و پاش سەروای هەیە. - ئەو سەروایەی جگە لە دەنگی رەوی پاش رەوی هەیە وەکو نالی دەڵێ :

شەوهات و ئەمن مەستی خەیاڵاتی کەسێکم
مەشغوولی نەفەس گرتنی مشکین نەفەسێکم[٢٠٩ : ٧٧].

وشەکانی سەروا (کەسێکم ، نەفەسێکم)ن . دەنگەکانی سەروا بریتیین لە (-ەس) و (س) رەوییە . (ێکم) بریتییە لە پاش رەوی چونکە لە ئەسڵی وشەکانی سەروادا نییە. پێویستی ڕێزمانی و واتاسازی هێناویە . ئەم پاش رەوییە لە دوو مۆرفیمی (ێك ، م) دروست بوە . لەم جۆرە سەروایەدا رەوی لە رووی کاریگەرییەوە نرخی کەم دەبێتەوە و دوا دەنگی پاش رەوی جێگای دەگرێتەوە.

- وا دەبێ لە باتی پاش رەوی ، پاش سەروا جێگای بە رەوی لەق کردبێ و ئەگەر چی لە هەموو دێرەکانیش وەکو خۆی دووبارە دەبێتەوە بەڵام دیسان گوێچکەو چاو بەلای دوا دەنگی دێرەکەدا دەچن کە دوا دەنگی پاش سەروای دووبارەبووەوەیە. هەرلەم جۆرەدا ، وا دەبێ رەوی بە دوو قۆناغ بەرەو پێشەوە تەکان دەدا و لە شوێنی ڕەسەنی خۆی دوور دەکەوێتەوە ، ئەو کاتەی پاش سەروا و پاش رەوی هەبێ : نالی دەڵێ :

ئەڵا ئەڵا کەچ عەقڵ و چ کەمانێکی هەیە
لەگەڵ ئەو عەقڵ و کەماڵە چ جەمانێکی هەیە[٢٠٩ : ١١٣].

لەم دێرەدا ، (هەیە) پاش سەروایە . (کەمانێکی ، جەمانێکی) وشەی سەروان . وشە ئەسڵییەکان بریتین لە (کەمان ، جەمان) ، واتە (-ەمان) چەپکە دەنگی سەروایە کە بەسەر دوو

Scanned with CamScanner

برگەدا دابەش بوە ، (ل) رەوییە . وشەکانی سەروا پاش رەوییان هاتۆتە سەر (ێکی) کە لە دوو مۆرفیم پێکهاتوە (ێك ، ی) . لێرەدا دیارە رەوی دوو قۆناغ شوێنی خۆی گواستۆتەوە ، جارێکیان لەگەڵ وشەی سەروادا جێگای کۆتاییان بە پاش سەروا داوە ، جارێکی تریش خۆی پاش رەوی قبوول کردوە و کۆتایی وشەکەی بەو بەخشیوە ، بەمەوە دوو جار لەئەرکی ئیقاعی کەم بۆتەوە وەك دوا دەنگی دێرە شیعر.

٢- بەپێی مەودای دەنگەکانی سەروا : بەپێی ژمارەی ئەو دەنگو برگانەی لە کۆتاییدا وەکو سەروا دووبارە دەبنەوە ، دەتوانین بەگشتی سێ جۆر سەروا دەست نیشان بکەین :

أ- سەروای لاواز : ئەوەیە تەنیا لەیەك بزوێنی بێهێز دروست بووبێ ، لەبەر ئەوەی بزوێنی کورت و بێهێز بەتەنیا باری سەروای پێ ڕاناگیرێ ، ئەم جۆرە سەروایە بە یەکێ لە کەم و کورتییەکانی سەروا داندراوە . بۆ نموونە جزیری دەڵێ:

شێوەیی دڵبەری بزان سوننەتە شێوە عیشوە فەرز
هەردو نەزەر کوین قیران واجبە یەك گرشمە فەرز[٥٨ : ٥٨٨](٢٨).

(فەرز) پاش سەروایە ، (عیشوە ، گریشمە) وشەی سەروان ، وشەکانی تری سەروای هەمان هۆنراوە ئەمانەن (سەجدە ، فەرزە ، تەوبە ، ڕەقسە ، قیبلە ، شەهدە ، عومرە) ئەو دەنگەی لە کۆتایی ئەم وشانەدا دووبارە دەبێتەوە بۆ دروست کردنی سەروا تەنیا دەنگی (ە)یە ، ئەمە بزوێنێکی کورتە و سەروای پێ هەڵناگیرێ، بۆیە ئەم جۆرە سەروایە بە (لاواز) حسێب دەکرێ. لە فەرەنسیدا ئەم جۆرە سەروایە پێی دەگوترێ defectueuse - عەیبدار ، جا چ لەم جۆرە لاوازەی کوردی بێت و چ ڕەوییان جیاێ یان هەر عەیبێکی تری هەبێ .

ب- سەروای ئاسایی : ئەوەیە دەنگەکانی دواوەی وشەکانی سەروا توانای ڕاگرتنی لەنگەری سەروایان هەبێ . جا چ بزوێنێکی درێژبێ و چ بزوێنێك (کورت یا درێژ) و نەبزوێنێك بێ. ئەم جۆرە سەروایە لە ئینگلیزیدا پێی دەگوترێ (single) و لەفەرەنسیدا پێی دەگوترێ (suffisante) . نموونەی ئەم جۆرە سەروایە وەکو حەمدی دەڵێ :

قەت مەکە شەکوە لە ڕەفتاری کەچی ئەفلاکی پیر
مەنزیلی دوورە هەدەف هەر کورت ئەهێنێ دیارەتیر[٦ : ٢٢٩] .

وشەکانی سەروا (پیر ، تیر) هەریەکە یەك برگەو دەنگەکانی سەروا دوانن ، بزوێن و نەبزوێنی دواوەی (-cv). لەکوردیدا بزوێنی درێژ بەتەنیا دەتوانێ سەنگی سەروا ڕابگرێ ، ئەگەر چی لە

(28) هەژار ، سێ لایەرە پێش ئەم هۆنراوەیە ، لە (سەرنجێکی هەژارانە)دا ئەم هۆنراوانە بەهی جزیری نازانێ چونکە جزیری قافیەی زەدەداری نەبوە ، لەکێش و ڕەوتی شیعردا کەمتر شاعیر گەیشتۆتێ [٥٨ : ٥٨٥] . جزیری کە وەستاو شارەزایەکی بێ بەقڵە لە داڕشتنی سەروادا ، بەسەروای لاوازی وەکو ئەمە ڕازی نابێ .

Scanned with CamScanner

ئینگلیزیدا (لبج) که لێکدانەوەی برگەیی بۆ سەروا دەکا ئەو شیمانەیە (احتمال) دانانێ کە سەروا تەنیا لە بزوێنی بەهێز پێك بێ ، لەهەر شەش حالەتەکەی تر کە (cvc) برگە بەخۆیەوە هەڵبدەگرێ تەنیا ئەمەیانی (-cv) بە سەروا ناو بردوە [٤٦٦ : ٨٩] . ئەم جۆرە سەروایەی کە لە یەك برگە پێك دێ و کۆتایی بە نەبزوێن دێ (برگەیی ناخراو) ، لە زمانی فەرەنسی و ئەسپانی ، بگرە لە کۆنا لە ئینگلیزیش ، بەسەروای (نێرینە masculines) ناو دەبرێ. لە لایەکی تریشەوە ، لە زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان سەروا بە دوا برگەی بەهێز دیار دەکرێ ، جا ئەگەر دوا برگەی بەهێز کەوتبوە کۆتایی، بەتەنیا سەروا دروست دەکات. ئەگەر برگەیەکی تری بێ هێزی بەدوادا هاتبوو، لەبەر ئەوەی برگە بێ هێزەکە سەروای پێ دروست ناکرێ ، بەهەردوو برگە ئینجا سەروای ئاسایی پێك دێنن . ئەمە لەئینگلیزیدا پێی دەگوترێ دوو برگەیی (double) . لە کۆنیشا هەر لە ئینگلیزی و ئیستایش لەفەرەنسی و ئەسپانی پێی دەگوترێ سەروای (مێینە feminines-) چونکە برگەی بێ هێزی کۆتایی بە بزوێنی (e)ی نیشانەی مێیینەی لاتینی دروست بوە . لەکوردیدا ئەگەر برگەی کۆتایی برگەیەکی کراوەی بزوێن کورت بوو وەکو لە جۆری یەکەم دیمان دەبێ برگەی پێشەوەی لەگەڵدا بێ ئەوسا بە هەردووکیان سەروای ئاسایی پێك دێنن وەکو مەولەوی دەڵێ :

وە خارو خاشاك موژەی چەسپیدە
سەد بەستەن نەدەور سەرچەمەی دیدە [١٨٦ : ١٥٦] .

وشەکانی سەروا بریتین لە (چەسپیدە ، دیدە) ، دەنگەکانی سەروا دوو برگەیان ئاگرتوە (پد/دە) ، (دِ/دە) . بزوێنی کۆتایی کورتە (ە) بەسەروا ناشێ ، بۆیە برگەی پێشتر کە کراوەیە و بزوێنەکەی درێژە حسێبی بۆ کراوە، بە هەردوو برگە ئینجا سەروایەکی ئاسایی دروست بوە.

ج- سەروای زێدەبار : ئەوەیە کە لە ڕادەی پێویستی خۆی دەنگیی زیادەی تێدا ڕەچاو بکرێ. لە ئینگلیزیدا ئەم جۆرە سەروایە لە سێ برگە پێك دێ و پێی دەگوترێ (سەروای سیانە triple rhyme) و جاری وا هەیە لە سێ برگەیش تێدەپەڕێ . لە عەرەبیدا ئەم پەیڕەو کردنە بە (لزوم مالایلزم) ناو براوە و هەندێ جاریش بە (اعنات) ئەم (اعنات)ە لەفارسیدا زیاتر چەسپاوە و لە لێکۆڵینەوەکانی سەروانا سیدا لە ڕاڕاوەی (لزوم مالایلزم) زیاتر بەکاردێ . لەفەرەنسیدا بەم جۆرە سەروایە دەگوترێ سەروای (دەوڵەمەند riches) . لەکوردیدا وەکو حەمدی لە هۆنراوەیەکدا دەڵێ :

قەومی کوردن ئەم گرۆهە ، ئەی ڕەفیقان ، یا مەلەك ؟
ئەرزە گەیە ئاسمان یا بۆتە فەرشی ئەرز فەلەك ؟ [٦ : ٢٧١] .

وشەکانی سەروای ئەم دوولەتە و هەموو دێرەکانی هۆنراوەکە ئەمانەن : (مەلەك ، فەلەك ، کەلەك ، بەڵەك ، دەڵەك ، وەلەك) . لەم وشانەدا کە کۆتاییان بە نەبزوێنی (ك) هاتوە ، تەنیا بزوێنی پێشەوەی لەگەڵدا بێ ، با کورتیش بێ ، (ەك) بەسە بۆ دروست کردنی سەروای ئاسایی،

Scanned with CamScanner

ئیدی ئەوەی تر (ەل) کە لە هەموو وشەکانذا دووبارە بۆتەوە زێدەبارە بەسەرسەروای هۆنراوەکەوە. ئەگەر چی ئەمە سەرواکەی دەولەمەند کردوە بەلأم بارگرانییە بەسەر شاعیرەوە . هەر لەم جۆرەدا ، وادەبێ دەنگەکانی سەروا لەیەك برگەوە بگەن بە چوار برگە ، ئەم زۆرییەی دەنگەکانی سەروا زیاتر لەمەسنەوی دێ کە پشووی کورتە و بە زۆریش دەکەوێتە قالبی رەگەزدۆزییەوە ، بۆ نموونە مەولەوی لە دێرە شیعرێکدا دەڵێ :

یانەی دڵ وە فەیز ڕای مەولاناوا
تەوار تەڕلان لان مەولاناوا [١٨٦ : ٧٤](٢٩).

هەر دوو وشەی سەروا لە شێوەدا یەکن (مەولاناوا) ، واتە ڕەگەزدۆزین . ئەم دەستە دەنگە لە چوار برگە پێك هاتوە (مەو-لا-نا-وا) ، بەلأم دابەشبوونی فۆنۆلۆجییان جیایە ، یەکەم دوو وشەیە (مەولا ، ناوا) ، دوەم یەك وشەی لێکدراوە (مەولاناوا) . لە لەتی دوەمدا جگە لەوەی (تەوار) و (تەڕلان) بە هاونەبزوێنی سەرەتا بەیەکەوە بەسراون ، (تەڕلان) لەهەمان کاتدا بە (لان)ەوە بەسراوەتەوە چونکە وشەی دوەم وەکو دووبارە بوونەوەی بەشی دوەمی وشەی یەکەمە ، ئەمە جۆرێکی تری سەروایە. لەهەمان کاتدا هەموو وشەکانی لەتی دوەم بزوێنی (١) پان تێدا دووبارە بۆتەوە کە بزوێنێکی بەهێزە ، واتە هاوبزوێنی assonance- ی یەکترن .

٣- بەپێی جۆری دەنگەکانی وشەی سەروا : بەپێی جۆری دەنگەکانی وشەی سەروا و چۆنیەتی ڕێزبوونیان شەش جۆرە سەروا هەن :

أ- نیمچە سەروا (half-rhyme) : بریتییە لە هاوبەشی وشەکانی سەروا لە دوا دەنگی نەبزوێنی دوا برگەی بەهێزی داخراوی وشە، بێ ئەوەی بزوێنەکەیان وەکو یەك وا بێ[٥٠٣ : ٣٠١] ئەمە جۆرێکە لە کۆنسۆنانس -consonance- کە برگەکانی سەروا پەراوێزی دواوەیان یەکەو چەقیان جیایە . ئەم جۆرە سەروایە بەزۆر ناوی تر ناسراوە وەکو (approximate-، embryonic-، imperfect-، near-، para- ، slant-). ئەمە لە شیعری ئایسلاندی و ئێرلەندی و وێلزی باوی هەبوە . هنری فۆگان یەکەم کەسە لە ئینگلیزی بەکاری هێناوە ، بەلأم بە فراوانی و بەرێکی نا ، تا سەردەمی هۆپکنز و بیتس لەو ساوە بەرەوی سەندو شاعیری وەکو وولفرید ئۆین و تەس. ئیلیۆت و ئیمیلی دکنسن و ئۆدن بەکاریان هێناوە. نموونەی ئەم سەروایە وەکو pair-peer/step-up) [٥٠٣ : ٣٠١]. ئەم جۆرە سەروایە لە کوردیدا ، وەکو سەروای کۆتایی نەهاتوە ،

---

(29) لە دیوانەکەدا ،لەلەتی دوەمدا مەولاناوا لەناوکەوانە دایە و بەم جۆرە نووسراوە (مەولان ئاوا) ، بەلأم لەبەر ئەوەی بۆ سووکی (ء) دەسوێ ، وەکو سەدەها وشەی تر ، دەمێنێتەوە (مەولاناوا) و ئەمەش لەگەڵ وشەکانی کۆتایی لەتی پێشەوە ڕەگەزدۆزی باشتر دروست دەکات بۆیە وام نووسیوە . مانای هەندێ لە وشەکان بەم جۆرەیە : یانە=خانە (مالێ) ، ڕا=ڕێگا ، مەولا=خودا ، ناوا=سواغدەر ، تەوار=بازی مێیینە ، تەڕلان=جاپووك و چالاك ، لان=هێلانە ، مەولاناوا=ناوی دێیەکە .

Scanned with CamScanner

ئەگەر شتی وا لـە شـاعیرێ ڕووبـدا بـە پێـی یاسـا تەقلیدییـەکانی سەروانـاسی بەکـەم و کـورتـی دادەنـدرێ ، بەڵام دەشێ وەکـو سـەروای نـاوەوە (کۆنسـۆنانس) لـەنـاو دێـرە شیعردا بێ جـا چ وشـەی سەروای کۆتایی بگرێتەوە یان نا . وەکو نالی دەڵێ :

دەمگوت دوچاوی خۆمە ئەگەر بەکرە جۆیی ئەشك
نەبوایە لێل و بێ سەمەرو گەرم و سوێر و سوور[٢٠٩ : ١٤١] .

نیمچە سەروای ناوەوە لە وشەکانی (سەمەر ، سوێر ، سوور)دایە کە لە بڕگەکانی (مەر ، سوێر، سوور) سەروایان دروست کردووەو پەراوێزی کۆتاییـان یەکسانە و بزوێنییـان جیایـە . لەفارسیدا نموونەی ئەم جۆرە سەروایە هەر بەسەروای ناوەوە هاتووە ، وەکو مەولانا دەڵێ :

چون بنوشم قدح راح مروح زکفش
رخت زهد و ورع از صومعه پس برچینم[٤٠١ : ١٠٤] .

(قدح ، راح ، مروح) هەموویان تەنیا لەیەك دەنگی نەبزوێن هاوبەشن کە دوا پەراوێزی بڕگەی کۆتاییە و بزوێنی بڕگەکان جیایە.

ب- بڕگەی سەروایانە - pararhyme ، بەو سەروایە دەگوترێ کـە بڕگـەی هـاو جـۆری وشـە سەروادارەکان (cvc) بێ و هەردوو پەراوێزیەك بن و چەق (بزوێن) جیا بێ. لـە ئینگلیزیدا وەکو (groat - great) ، (sound - send)[٤٦٦ : ٨٩] ، لەکوردیدا وەکو نالی دەڵێ :

ئەو غاری یارە ئێستە پڕ ئەغیارە یانەخۆ
هەر غاری یارە ، یا بوەتە غاری مار و موور[٢٠٩ : ١٤٤] .

ئەم جۆرە سەروایە لە (مار ، موور)دایە ، کە تەنیا بزوێنییان جودایە .

جـ- سەروای ئاوەژوو reverse rhyme ، ئەوەیە کە ئەو بڕگانەی دەبن بە سەروا لـەباتی بزوێن و پەراوێزی دواوەیان، بزوێن و پەراوێزی پێشەوەیان وەکو یەك دەبێ. لـە ئینگلیزیدا وشـەکانی (send , sell) ئـەم سـەروایەیان تێدایە. لـە کوردیدا ئـەم جـۆرە سـەروایە لـە کۆتـایی نـایـە، لەسـەرەتا و ناوەڕاست دەستدەکـەوێ، وەکـو وشـەی (جـار ، جـام) یـان (کـەم - کـەف) بۆیـە ئـاوەژووی پێ دەگوترێ چونکە لەباتی ئەوەی بزوێنەکە پەراوێزی دواوە لەگەڵ خۆی بخاتە پەیوەندی لێکچوون و سەروادارییەوە کە ئاراستەیەکی ئاسایە، پەراوێزی پێشەوە رادەکێشێ ، ئەمـە وەکـو گەڕانەوەیەك دەکەوێتەوە بەرچاو چونکە بنچینەی بڕگە بزوێنەکەیە C V C . نالی دەڵێ :

ڕۆژ بڕە گوێمان لەبەر ئەنهار و جۆگە و هاژە هاژ
شەو نیە خەومان لەبەر قرژاڵ و بۆق وزاوە زاو[٢٠٩ : ١٤٦] .

Scanned with CamScanner

(قرژاڵ و ژاوەژاو) ئەم جۆرە سەروایە دەبانگرێتەوە . بڕگەکانی کۆتاییان ئەمانەن (ژاڵ ، ژاو) کە لە هەردووکیاندا بزوێن و پەراوێزی یەکەم وەکو یەکە و پەراوێزی کۆتایی جیایە .

د- سەروای پاژەیی (partial) : ئەم جۆرە سەروایە ، لەو وشانەدا دێتە دی کە بڕگەی کۆتاییان بێ هێزبێ و بڕگەی پێش کۆتاییان بەهێزبێ ، جا بۆ ئەوەی سەرواکە تەواو بێ دەبێ هەردوو بڕگەی دواوە حیسابیان بۆ بکرێ . لە زمانە ئەوروپیەکاندا (ئینگلیزی ، فەرەنسی ، ئەسپانی ..) لەم جۆرە سەروایە لە پاش بزوێنی بڕگە بەهێزەکەوە دەبێ هەموو فۆنیمەکان وەکو یەک بن و ئەوە سەروای تەواوە ، بەڵام جاری وا هەیە بەتایبەتی لە زمانی ئەسپانیدا پاش بزوێنی بڕگە بەهێزەکە نەبزوێنێک لە هەردوو وشەدا جیا بێ ، ئەوەیە سەروای پاژەیی ، وەکو ئەم جووت وشە ئەسپانییانە (sienes - eres) لەم چوارینەیەدا :

Madre del alma mia
que viejecite eres
ya los ochenta anos
pesan sabre tus sienes
Salvador Rueda [٣٣ : ٤٨٦]

لەتێوان هەردوو بزوێنی کۆتایی نەبزوێنێک گۆڕاوە لەیەکەم (r) و لەدووەم (n)ە. یان لە وشەکانی (elemento - cuerpo) لەم دوو وشەیەدا ، لە نێوان دوو بزوێنی کۆتاییدا دوو نەبزوێن هەن و گۆڕاون ، لەیەکەمیان (rp) و لە دووەمیان (nt). ئەمە لە کوردی و عەرەبیدا لەو کاتەدا دەردەکەوێ کە (ا)ی تەئسیس هەبێ ، ئیدی دەنگی دوای ئەو (دەخیل) پەیرەوکردنی واجیب نییە.

هـ- سەروای کراوە : ئەوەیە کۆتایی بە بڕگەی کراوە هاتبێ . ئەمە دوو جۆرە :

- وا دەبێ بزوێنی کۆتایی کورت بێ ئەو حەلە دەبێ جگە لەبڕگەی کۆتایی بڕگەی پێش کۆتاییش دەوری هاویەشیی لە ڕۆنانی سەروادا ببینێ ، وەکو نالی دەڵێ:

سەراپای گوارە زەردێ ترس و لەرزە .
دەڵێی عاسێ بوە لەو جێگە بەرزە [٢٠٩ : ٩٦] .

دوا بڕگەی وشەکانی سەروا کورت و کراوەن (زە) ، بۆیە دوو بڕگە دەوری سەروایان دیوە (لەر- زە ، بەر-زە) .

- وا دەبێ بزوێنی کۆتایی درێژ بێ و ئەمە بەتەنیا سەرواکە دادەڕێژێ ، حەمدی دەڵێ :

کێ هیلالی دیوە شەق بێ ، ماهی نەخشەب بێ بەگۆ
تیفلی چاوی یار ئەکا یاری بە سەر کوڵم و برۆ [٦ : ٣٢٥] .

و- سەروای داخراو : ئەوەیە بڕگەی کۆتایی بەنەبزوێن دوایی هاتبێ ، واتە دوا پەراوێزی

Scanned with CamScanner

نەفرتانیێ . خانی دەڵێ :

خوەش ڕەنگی ئەدا گیایێ سۆر گوڵ
خوەش دەنگی ئەدا نەوایێ بوڵبوڵ[٣ : ٨] .

٤- بەپێی دەنگەکانی پێش ڕەوی : ئەو دەنگانەی جگە لە ڕەوی حیسابی سەروایان بۆ دەکرێ، ئەگەر ڕەوی نەبزوێن بێ وادەبێ بزوێنی پێشەوە درێژ بێ یان کورت، وا دەبێ نەبزوێنێکی لە پێش بێ و پێش ئەویان بزوێن هەبێ ، هەروەکو وا دەبێ سەروا دوو بڕگە بێ و بڕگەی پێشەوە بزوێنەکەی (١) بێ . بەم بۆچوونە سەروا دەکرێتە چوار بەش :

أ- سەروای موردەف : ئەگەر پێش ڕەوی نەبزوێن ، بزوێنێکی درێژ (ا ، یی ، وو ، ۆ) هەبێ ، وەکو : خانی دەڵێ :

ئیرۆ مەبهیست کو خەل دگەل میر
تێکدا ب تەبایی چوونە تێچیر[٣ : ١٣٥] .

ب- سەروای موسمەت (مصمت) : ئەوەیە کە ڕەوی نەبزوێن بێ و پێش ئەویش ڕاستەوخۆ نەبزوێن هاتبێ[٢٧٣ : ٤٢] ، وەکو وشەی (دەشت ، بەرد ، خەست) خانی دەڵێ :

بێریتە ، سەما و سازو گۆڤەند
شیرین وشەکەر لەب وشەکەر خەند[٣ : ٨٥] .

جگە لە نەبزوێنی کۆتایی (د) ، یەکسەر نەبزوێنی پێش ئەویش وەکو یەک هاتوە (ن) .

جـ- سەروای موئەسسەس : ئەوەیە سەروا لەسەر دوو بڕگە دامەزرابێ ، بڕگەی پێش کۆتایی بزوێنەکەی (ا) بێ (الف التأسیس). دەبێ تا کۆتایی پەیڕەو بکرێ و نابێ بە بزوێنی درێژی تر بگۆڕێ ، وەکو ، خانی دەڵێ:

شەقڤول قەمەراتە یەک ئیشارەت
ڕاغول بەسەراتە یەک عیبارەت[٣ : ١٧] .

وشەکانی سەروا (ئیشارەت ، عیبارەت) ، دوو بڕگەیان بەر سەروا دەکەوێ (شا-ڕەت ، با-ڕەت) ، لەهەردووکیاندا بزوێنی بڕگەی پێشەوە (ا)یە . دەنگی نەبزوێنی تێوان ئەلف و ڕەوی کە لێرەدا (ر)یە . دەشێ گۆڕانی بەسەر دابێ ، بەمەوە لەسەروای پاژەیی ئەسپانی نزیک دەبێتەوە .

د- سەروای ڕووت (مجرد) : ئەوەیە نە ڕیدفی هەبێ و نەتەئسیس ، وەکو مەولەوی دەڵێ:

ئای بێ وەفا وێم من ڕاحەت وەش ڕەنگ
تۆ دڵتەنگ، بێ ڕەنگ، نەسای سەردسەنگ[١٨٦ : ٣٤٤] .

Scanned with CamScanner

(ڕەنگ، سەنگ) سەروای ڕووت (مجرد)یان پێك هێناوە .

٥- بەپێی کێشی زەرب : زەربی دێرە شیعر بینای کێش و سەروای لەسەر دادەمەزرێ لە شیعری کلاسیکی یەکێتی سەروادا . بە پێی کێشی زەرب کە دەبێ بە هۆی گۆڕانی ئاوازی دەنگەکانی کۆتایی، سەروا دەکرێتە چەند جۆرێك :

أ- سەروای موتەرادیف : ئەوەیە کە لە کۆتاییدا دوو تیپی وەستاو (ساکن) بەدوای یەکەوە بێن بەبێ ئەوەی هیچ تیپی بزوێنییان لە نێواندا بێ ، واتە ئەو دوو وەستاوەی خەلیل سنووری سەروای پێ دیار کردوون [٣٠٢ : ٧٦] لە کۆتاییدا دەکەونە تەك یەك . ئەم جۆرە سەروایە لەم کێش و پێیانە (تەفعیلە)دا دەردەکەوێ:

- هەزەجی هەشتی موسەببەغ ، مفاعیلان .
- هەزەجی هەشتی مەقسوور ، مفاعیل .
- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور ، مفاعیل .
- هەزەجی شەشی مەقسوور ، مفاعیل .
- هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەقسوور ، مفاعیل .
- ڕەمەلی هەشتی مەقسوور ، فاعلان .
- ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەقسوور ، فعلان .
- ڕەمەلی شەشی موسەببەغ ، فاعلاتان .
- ڕەمەلی شەشی مەقسوور ، فاعلان .
- ڕەمەلی شەشی مەخبوونی مەقسوور ، فعلان .
- ڕەجەزی هەشتی موزاڵ ، مستفعلان .
- موزارەعی هەشتی ئەخرەبی موسەببەغ ، فاعلاتان .
- موزارەعی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەقسوور ، فاعلان .
- موجتەسی هەشتی مەخبوونی مەقسوور ، فعلان .
- موجتەسی هەشتی مەخبوونی ئەسلەم موسەببەغ ، فع لان .
- بەسیتی هەشتی مەتوی موزاڵ ، فاعلان .
- موتەقاریبی هەشتی موسەببەغ ، فعولان .
- موتەقاریبی هەشتی مەقسوور ، فعول .
- خەفیفی شەشی مەخبوونی مەقسوور ، فعلان .
- خەفیفی شەشی مەخبوونی ئەسلەم موسەببەغ ، فع لان .

ئەو تەفعیلانەی دەکەونە زەرب، کە تەفعیلەی سەروایە، لە کێشەکانی سەرەوە ئەمانەن :

Scanned with CamScanner

(مفاعیلان ، مفاعیل ، فاعلان ، فعلان ، فاعلاتان ، مستفعلان ، فع لان ، فعولان ، فعول) . ئەمەیش نموونەی هەندێ لەم جۆرە سەروایە :

هێمن دەڵێ :

تریقە و پێکەنین و چەپڵە ڕێزان
هەموو بەشداری بەزمن خاوو و خێزان [٢١٨ : ٢١٣] .

عەرووز و زەربی ئەم دێرە (مەقسوور - مفاعیل ، فعولان) هاتوە.

ئەمەیش بۆ جۆرە زەربێکی تر (ئەسلەم موسەببەغ - فع لان) ، هێمن دەڵێ :

هەر لە بۆتانەوە هەتا سۆران
هەموو سۆرانی شینە بۆ گۆران [٢١٨ : ١٥٢] .

بۆ زەربی (موزاڵ - مستفعلان) ئەم دێرەی جزیری :

دیسا ژنوبێ حالە دڵ ، ساقی ، وەرین جاما زوجاج
موشتاقی خەمری ئاڵە دڵ لێ خۆشی ئانی بت میزاج [٥٨ : ١٧٣] .

ب- سەروای موتەواتیر : ئەوەیە لە کۆتاییدا ساکنێک هەبێ و حەرەکەیەکی لە پێش هاتبێ (متحرك+ساکن) ، ئەمە لە کێشدا بەرامبەر بەسەببی سووك دەوەستێ ، ئەم جۆرە سەروایە لەم تەفعیلانەدا دێ و لەم کێشانەدا دەردەکەوێ :

- هەزەجی هەشتی تەواو ، مفاعیلن .
- هەزەجی هەشتی مەحزووف ، فعولن .
- هەزەجی هەشتی ئەخرەب ، مفاعیلن .
- هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف ، فعولن .
- هەزەجی شەشی مەحزووف ، فعولن .
- هەزەجی شەشی ئەخرەبی مەقبووزی مەحزووف ، فعولن .
- هەزەجی چواری تەواو ، مفاعیلن .
- ڕەمەلی هەشتی تەواو ، فاعلاتن .
- ڕەمەلی هەشتی مەخبووڵی ئەسلەم ، فع لن .
- ڕەمەلی شەشی مەخبووڵی ئەسلەم ، فع لن .
- ڕەمەلی چواری تەواو ، فاعلاتن .
- موزاریعی هەشتی ئەخرەب ، فاع لاتن .
- موزاریعی چواری تەواو ، فاع لاتن .

Scanned with CamScanner

- موزاریعی چواری ئەخرەب ، فاع لاتن .
- موجتەسی هەشتی مەخبوون ، فعلا تن .
- موجتەسی هەشتی مەخبوونی ئەسلەم ، فع لن .
- موجتەسی چواری تەواو ، فاعلاتن .
- موتەقاریبی هەشتی سالم ، فعولن .

لەم کێش و قالبانەدا ، ئەو زەریانەی سەروای موتەواتیریان تێدایە ئەم تەفعیلانەن (مفاعیلن ، فعولن ، فاعلاتن ، فع لن) . ئەمانە هەندێ نموونەی ئەم جۆرە سەروایەن. موتەواتیر لە (مفاعیلن)دا وەکو کوردی دەڵێ :

روخی وەك گوڵ ، تەنی وەك سیم ، لەبی وەك لەعلی ڕوممانی
دەهان وەك فندق وغەبغەب وەکو نارنجی ئێمانی [۱۷۲ : ۸۷] .

موتەواتیر لە (فعولن)دا ، وەکو هێمن دەڵێ :

ئەوێستاش بێ کەس و دوورەوەتەن هەن
ئەوێستاش شاعیری پیر و ڕەبەن هەن [۲۱۸ : ۲۱٦] .

ئەو سەروایەی ڕەوییەکەی بزوێنی درێژە ، هەر بەرئەم جۆرە موتەواتیرە دەکەوێ چونکە بزوێنی درێژ وەستاو (ساکن)ە و پێشەوەی بزوێنێکی هاو ڕەگەزی خۆیەتی ، وەکو نالی دەڵێ :

دەروونم پڕ کەباب و دەردە بێ تۆ
دڵم گەرم و هەناسەم سەردە بێ تۆ[۲۰۹ : ۹۰] .

جـ- سەروای موتەداریك : ئەوەیە کۆتایی زەرب دوو حەرەکە و یەك وەستاو بێ (متحرك+متحرك+ساکن) ، واتە وەکو وەتەدی کۆ (الوتد المجموع) بێ . ئەم جۆرە سەروایە لەم کێش و پێیانەدا دەردەکەوێ :

- ڕەجەزی هەشتی تەواو ، مستفعلن .
- ڕەجەزی هەشتی مەخبوون ، مفاعلن .
- ڕەجەزی هەشتی مەتوی مەخبوون ، مفاعلن .
- ڕەجەزی شەشی تەواو ، مستفعلن .
- ڕەجەزی چواری تەواو ، مستفعلن .
- موزاریعی ئەخرەبی مەکفوفی مەحزووف ، فاع لن .
- بەسیتی هەشتی تەواو ، فاعلن .
- بەسیتی هەشتی مەتوی ، فاعلن .
- ڕەمەلی هەشتی مەحزووف ، فاعلن .

Scanned with CamScanner

- ڕەمەلی شەشی مەحزووف ، فاعلن .
- سەریعی مەتوی مەکشووف ، فاعلن .
- موتەقاریبی هەشتی مەحزووف ، فعل .

زەربی ئەم کێش و قالبانە کە سەروایان تێدایە ، ئەم تەفعیلانەن : (مستفعلن ، مفاعلن ، فاعلن، فعل) . ئەمەیش هەندێ نموونەی ئەم جۆرە سەروایە :

سەروای موتەداریك لە (مستفعلن)دا ، جزیری دەڵێ :

خەلقۆلن کەن شیرەتێ ئەو دڵبەرا زەرپین کەمەر
من دی دحالی غەفلەتێ ، هات دەرژ بورجێ وەك قەمەر[٥٨ : ٢٣١] .

دوا پێی ئەم دێرە لەسەر کێشی (مستفعلن) هاتوە و روکنی کۆتایی وەتەدی کۆیە کە لە دوو (متحرك) و یەك (ساکن) پێك هاتوە. سەروای موتەداریك لەگەڵ (فاعلن)دا ، خادیم دەڵێ :

نالەیی دڵ زۆر بە مەحزوونی لەسینەم دێتە دەر
قەت نەبووم ڕاحەت لەشەو ساتێ هەتا وەقتی سەحەر[٧٥ : ١٣٠] .

زەربی ئەم دێرە کە لەسەر کێشی (ڕەمەلی هەشتی مەحزووفە) ، لەسەر کێشی (فاعلن) هاتوە (دێتە دەر - ... تی سەحەر) .

سەروای موتەداریك لەگەڵ زەربی (فعل)دا ، خادیم دەڵێ :

لە گێڕانی ساقی قەدەح پڕ لەمەی
لە دەورانی موترێب بە ئاوازی نەی[٧٦ : ١٨٩] .

دوا تەفعیلەی لەتەکان (لەمەی ، زی‌نەی) لەسەر کێشی (فعل) هاتوە.

د- سەروای موتەراکیب : ئەوەیە کۆتایی زەرب سێ حەرەکە و یەك وەستاو بێ (متحرك+ متحرك+ ساکن) ، وانە کۆتاییەکەی فاسیلەی بچووك یان (سەبەبی گران+سەبەبی سووك) بێ . ئەم جۆرە سەروایە لەم کێش و تەفعیلانەدا دەردەکەوێ :

- ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووف ، فعلن .
- ڕەمەلی شەشی مەخبوونی مەحزووف ، فعلن .
- خەفیفی شەشی مەخبوونی مەحزووف ، فعلن .
- موجتەسی هەشتی مەخبوونی مەحزووف ، فعلن .
- ڕەجەزی شەشی مەتوی ، مفتعلن .

ئەم جۆرە سەروایە ، وەك دیارە لە زەربێکی وا دێ کە لەسەر کێشی (فعلن) یان (مفتعلن) بێ

نموونە بۆ زەربی فعلن ، خادیم دەڵێ :

Scanned with CamScanner

شاهی گولّ خیوەتی هەلّدا لە بەهارا ، لەچەمەن
کەوتە سەجدە بەقەدەمیا چەمەن و سەروو سەمەن [٧٥ : ١٨٩] .

ئەم دێرە کە لەسەر کێشی ڕەمەلی هەشتی مەخبوونی مەحزووفە ، عەروزو زەربی لەسەر کێشی (فعلن) هاتوە (لەچەمەن - ووسەمەن) .

هوونە بۆ (مفتعلن) وەکو مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەڵێ :


قوربانی تۆم ئەی سەروەری زیندو دڵم
گیانم فیدات ، ئەی دڵبەری خونچە گوڵم [١٣١ : ٩٤] .

زەربی ئەم دێرە لەسەر کێشی (مفتعلن) هاتوە (خونچە گوڵم) و سەروای موتەراکیب لە (چەگوڵم) دایە .

هـ- سەروای موتەکاویس : ئەوەیە کە کۆتایی زەربی چوار حەرەکە و یەک ساکن بێ (متحرك+ متحرك+ متحرك+ متحرك+ ساكن) ، واتە لە نێوان دوو ساکینی کۆتایی ، (چوار حەرەکەی تیا بێ و ئەمەش بریتییە لە فعلتن و بەس) [٢٤٥ : ١٩] . ئەمە لە خەبلی مستفعلن هاتوە (خەبل = خەبن+تەی) [٣٠٧ : ٤٨] . ئەم جۆرە سەروایە تایبەتە بەعەرەب ، لە کوردیدا هوونەبمان نەدیوە بەتایبەتی لە شیعری عەروزی . چونکە ئەم جۆرە سەروایانەی باس کران لەگەڵ عەروزو تەفعیلەکان هاتوون و بەهۆی تەفعیلەکانی زەربەوە لەیەک جیا کراونەتەوە .

ئەم هێلکارییەی خوارەوە ، دابەشبوونی سەروا بە پێی تەفعیلەکانی زەرب ، باشتر ڕوون دەکاتەوە

دابەشبوونی سەروا بەپێی کێشی زەرب



Scanned with CamScanner

هەندێ سەرنج :

- موتەکاویس کە لە عەرەبیدا هەیە (بەڵام کەمە) ،لەکوردیدا ، نییە .

- ئەو دوو ساکینەی خەلیل بۆ هەردوو سەرواى داناوە ، تا لەیەك نزیك ببنەوە ژمارەی پێیەکانی سەرواکە و بەکارهێنانی زیاتر دەبێ و تا لەیەك دوور بکەونەوە و حەرەکەیان لە نێواندا زۆر بێ ، ژمارەی پێیەکانی سەرواکە و بەکارهێنانی کەمتر دەبێ ، تەنیا (موتەواتیر و موتەدارِیك) نەبێ کە ژمارەی پێیەکانیان وەکو یەکە بەڵام ژمارەی حەرەکەی نێوان دوو ساکینەکانییان جوداییە ،لە رووی زۆر بەکارهاتنەوە لە مەدای کێش و هۆنراوەدا ، دیسان هەر موتەواتیر ، کە حەرەکەی کەمترە ، لە موتەراکیب زیاتر بەکاردێ . موتەواتیر لە (مفاعیلن ، فاعلاتن)دایە کە بنچینەی کێشی هەزەج و رەجەز و موزارِیعن و ئەم سێ کێشەیەش رادەی هەرە زۆری شیعری کلاسیکی کوردییان پێ نووسراوە .

- موتەرادیف ئەگەر چی ژمارەی پێیەکانی لە موتەواتیر زیاترە ، بەڵام ئەگەر بە گوێرەی کێش و ژمارەی هۆنراوەی کلاسیکی بێ ناگاتە ئەو .

- لەسەر ئاستی کێشی تەنیا زەرب ، رِیزی سەرواکان لە زۆرەوە بۆ کەم بەم جۆرەیە :

١- موتەرادیف . ٢- موتەواتیر و موتەدارِیك . ٣- موتەراکیب .

- لەسەر ئاستی جۆری کێش و بەکار هاتنەوە بێ بەم جۆرەی لێ دێ :

١- موتەواتیر . ٢- موتەرادیف . ٣- موتەدارِیك . ٤- موتەراکیب .

٦- بەپێی چالاکی رەوی : دەنگەکانی زمان لە بوون بە رەوی شیعردا ، چالاکییان وەکو یەك نییە ، هەیانە زۆر چالاکە و زۆر دووبارە دەبێتەوە ، هەشیانە کەمتر دەوری رەوی دەبینێ . لەهەندێ زماندا بەگشتی دەنگی نەبزوێن زیاتر دەبێ بە رەوی وەکو عەرەبی کە بزوێنەکان دەوری وایان لە بوون بە رەویدا نییە ،لە نەبزوێنەکانیش هەر لەکۆنەوە هەوڵ دراوە جیاوازی دەنگەکان (تیپەکان) لە رووی زۆر بەکارهاتنەوە دەربخرێ . مەعەرِی لە پێشەکی (لزومیات)هکەی دوای جەردێکی دەنگەکانی رەوی ، دەیانکا بەسێ جۆر : (سەروا دەکرێ بەسێ جۆر : اللل و النفر و الحوش ، زۆلول ئەوەیە کە زۆر بەسەر زمانەوە بێ ،لەکۆن و نوێ هەروا هاتوون . نوفور ، ئەوەیە لەوانی پێشوو کەمتر بەکاردێن وەکو جیم و زای و ئەمانە ، حوش : ئەوانەن کە بە دەگمەن بەکار دێن)[٣٠]. لە تۆژەرەوە نوێکانیش ئیبراهیم ئەنیس هەوڵی داوە جەردێکی تر بکاو چالاکی دەنگەکان لە بووڵە رەویدا دەربخا ، ئەولەم رووەوە چوار جۆرە رەوی دەست نیشان دەکا : ١- ئەو دەنگانەی زۆر

Scanned with CamScanner

دەبن بە رەوی ، ٢- ئەو دەنگانەی بە ڕادەی مام ناوەنجی بەکاردێن، ٣- ئەو دەنگانەی کەم بەکاردێن ، ٤- ئەو دەنگانەی بەدەگمەن بەکاردێن [٢٤٣ : ٢٤٨] . لە کوردیشدا دەتوانین لە ڕووی ڕادەی بەکار هاتنەوە ڕەوی بکەین بە شەش بەش :

- ئەوانەی زۆر دووبارە دەبنەوە .
- ئەوانەی بە ڕادەی ئاسایی بەکاردێن .
- ئەوانەی کەم بەکاردێن .
- ئەوانەی زۆر کەم بەکار دێن.
- ئەوانەی بەدەگمەن بەکاردێن .
- ئەوانەی هەر بەکار نەهاتوە.

ئەم جۆرە دابەش کردنەی ڕەوی لە بەشی دوەمدا ڕوونتر دەکرێتەوە .

دووەم : دابەشبوونی سەروا لە ڕوانگەی ستوونییەوە :

یەك : لایەنی وشەیی لە ئاراستەی ستوونی سەروادا : ئەگەر بە ستوونی وشەکانی سەروا بەراورد بکەین ، دەکرێن بەچەند جۆرێکی جیا جیا :

١- سەروای ڕەگەز دۆزی ، کە وشەکانی سەروا هاوشکل بن ، بەڵام ئەم جۆرەیە تەنیا لە دوو دێر یان دوولەت دەبێ . کەم وادەبێ لەمە زیاتر وشەی ڕەگەز دۆزیی تەواو بە دوای یەکدا بێن . حەمدی دەڵێ :

دەخیلت بم لە شاخ و بەردو تەق تەق
ملم ئەشکێ ئیشارەم کە بە تەق تەق [٦ : ٢٦٦] .

وشەکانی سەروا ، لە هەردوو لەتدا بە ڕوالەت هەمان شتە (تەق تەق) ، بەڵام مانایان جیایە . یەکەم بە مانای بەردی زل هاتوە و دوەم بە مانای دەنگی لێدانی شتی ڕەق هاتوە جا دەرگا بێ یان بەرد بێ ...

٢- سەروای هەڵگەڕاوە : ئەوەیە کە دەنگەکانی وشەی سەروا پاش و پێش کرابن ، ڕێزیان هەڵگەڕابێتەوە ، لە هەندێ زماندا ڕەوی بەدەم هەڵگەڕانەوە دەگۆڕێ وەکو لە ئینگلیزیدا فرێزەر ئەم وشانەی داوە : dab-bad/crab-bark/mate-tame [٤٦٣ : ٦٣] . کەچی لە کوردیدا ، وشەکە تووشی هەڵگەڕانەوەی دەنگەکان دەبێ بەڵام سەروای خۆشی هەر دەپارێزێ ، حەمدی دەڵێ :

دەست لەدەریادا دەبا بۆ پووشێ ئینسانی غەریق
ناعیلاجی مەرد ئەکا ئەلبەت بەنامەردان ڕەفیق
گەر ڕەفیقت دڵ بشێوێنێ بەبێ عەقڵی برا
ئەو ڕەفیقە زوو موقابیل نۆ دەوەستێ وەك فەریق [٦ : ٢٦٧] .

Scanned with CamScanner

(رەفیق و فەریق) کە وشەی سەروان ، دەنگەکانیان لەسەرەتاوە هەڵگەڕاوەتەوە بەڵام لە کۆتایی سەروایان پاراستوە (..یق) . ئەم نموونەیە لای نالی لە وشەی (فتاح-تفاح)دا، لە شیعرێکدا بۆتە سەروا [٢٠٩ : ٦١] ، لە شوێنێکی تریشدا نالی بۆ ئەم جۆرە سەروایە وشەی (گردون) و (گدرون)ی بەکارهێناوە [٢٠٩ : ١٠٣] .

٣- سەروای هاو ئاواز : ئەوەیە وشەکانی سەروا ئاوازەیان یەک بێ ، بەڵام ڕەگەزدۆزی نەبن. بۆ ئەوەی ئاوازەی وشەکان یەک بێ دەبێ دەنگەکانیان بەقەد یەک بێ و بزوێنەکان بەهاوشوێنی وەکو یەک لە هەموو وشەکاندا نابەش بووبن و جیاوازی لە نەبزوێنەکاندا هەبێ ، حەمدی دەڵێ :

نابەجایی کەس نەدی حەتتا لە حەیوانی ئەسیل
هەر بەنا ئەسڵی بزانن زاڵمی ئەحمەق دەخیل [٦ : ٢٧٥] .

وشەکانی سەروای ئەم هۆنراوەیە هەر هەمووی لەسەر یەک ئاوازە دەڕوا (ئەسیل ، دەخیل ، بەخیل ، بەسیل ، جەمیل ، مەچیل ، زەلیل ، دەلیل ، بەدیل ، بەقیل).

٤- سەروای ئاسایی : ئەو جۆرە سەروایەیە کە وشەکانی هیچ پەیوەندییەکی دەنگو ئاواز یەکیان ناخات جگە لە دەنگەکانی کۆتایی . حاجی دەڵێ :

قوربان بە هەموو وڵاتەوەدا
تا مووڵک و ڕەعییە پاکی فەوتا [٦٠ : ٢٠٠] .

(دا ، فەوتا) کە وشەی سەروان ، هەرچەندە هەردووکیان فەرمانی ڕابردووی سادەن بەڵام لە ڕووی دەنگو ئاوازەوە تەنیا ڕەوی (ا)یان وەکو یەک وایە .

دوو : سیستەمی دووبارە بوونەوەی سەروا : سەروا بەیەک لەت یان دێر (ئەگەر مەسنەوی نەبێ) دروست نابێ ، دەبێ لەلەتی تر (مەسنەوی و موسەممەت) یان لە دێری تر دووبارەبێتەوە ئەوسا سەروا دێتە کایەوە ، دووبارەبوونەوەی سەروا بە زۆر جۆر دەبێ گرنگترینیان ئەمانەن :

١- سەروای مەسنەوی یان موزدەوەج (couplet) : لەم جۆرە سەروایەدا دوو لەت هاو سەروا دەبن (لەزمانە ئەدەبییەکان دێر هەرێک لەتە بۆیە لای ئەوان دەگوترێ دوو دێری هاو سەروا) . مەرج نییە سەروای ئەم دوولەتە لەگەڵ لەتەکانی تر یەک بگرێتەوە ، ئەگەر بە ڕێکەوت یان بەئەقەس لەگەڵ چەند دێرێکی جیا جیا لە سەراپای هۆنراوەدا یان لە چەند دێرێکی دوای یەکتر یەکیش بگرێتەوە نەنگی نییە . بۆ نموونە سەیدی هەورامی دەڵێ :

تاقەت چێم بڕیان ، نەمەندەن تابم
هوون مەشۆنە جەرگ ، کزەی کەبابم [١١١ : ٥٠] .

شیعری کوردی زاری گۆران (لەمەلا بەرێشانەوە تا ئێستا) ، چەند هۆنراوەیەکی سەیدی و کاکۆ

Scanned with CamScanner

شەهابی زەکەریایی و چەند دێرێکی مەولەوی لێ دەرچێ ئەوەی تر هەموی سەروای مەسنەوییە ، هەمو چیرۆکە شیعری و بابەتە ئاینییەکانیش هەر مەسنەوین .

٢- یەکێتی سەروا : ئەو پارچە (stroph) و قەسیدە و غەزەلانە دەگرێتەوە کە هەمو لەتەکانیان یان هەمو دێرەکانیان لەسەر یەك سەروا بێ .

یەکێتی سەروا : ئەم جۆرە سەروایە لە شیعری لاتینی و ئیتالی و عەرەبی و ویلزی و سلاڤیدا هەیە . لە سلاڤیدا زۆر باوە بەتایبەتی لە شیعری زار گۆرانی . لە شیعری ئینگلیزیدا یەکێتی سەروا باو نییە چونکە زمانی ئینگلیزی لەو زمانانە نییە سەروای بەئاسانی تێدا بێتە دەست ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەکسپیر نموونەیەکی باشی لێ هێناوە ، شیعرێکی داناوە نۆ دێری هاو سەروایە [٥٠٢ : ٤٠١] .

٣- سەروای موتەناوبب (alternative) : ئەوەیە کە لەت نالەت سەروایان وەکو یەك بێ ، بەزۆری لە چوارین و هەندێ جار لە شەشینەدا پەیڕەو دەکرێ. سیستەمەکەی بەم جۆرەیە : (ABAB) .

لەم جۆرە سەروایە ، وەکو گۆران دەڵێ :

بەڕەنگی زەردو شێوەی دەست و شمشاڵی کزا دەرۆیش ----- A
حەزم کرد بەستەیەك ببیەم سەرا سەر حوزن و ماتەم بێ ---- B
لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش ------ A
وەها دیارە کە بەختت ئاشیانی بولبولی خەم بێ ------- B [١٧٣ : ١١٩].

٤- سەروای موتەعانیق (embraced) : لەم جۆرەدا هەر پارچەیەك ، کورت یان درێژ ، سەروای لەتی یەکەم و لەتی کۆتایی وەکو یەك دەبێ و سەروای لەتەکانی تری نێوانیان لەوان جیا دەبێ . بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە وەکو ئەوە وایە دوو سەروای یەکەم و کۆتایی ، سەرواکانی تریان لە باوەش گرتبێ .

وەکو گۆران دەڵێ :

لەبەر بەیانی شەباب و جوانیا ، ئەی گوڵ A
گوڵی گەشی پەمەیی وەك ستارە پرشنگدار B
لەخەندەتا ئەگەڕا جبلوەیی تلووعی بەهار B
لەنەغمەتا مەلی خوێندن ئەهاتە سۆزو کوڵ A [١٧٣ : ٩٥].

ئەمە لە سێیەنە (ABA) و چوارینە (ABAB)دا دەبێ و زیاتریش وەکو شیعرەکەی دڵزار ، کە بابەشی چەند پارچەیەکی کردوە ، هەر پارچەیەکی (٩) لەتەولەتی یەکەم و کۆتایی هاوسەروان [٨٧ : ٥٥] . ئەمە لە پێنج خشتەکیدا باش دەردەکەوێ کە لەسەرەتا تا کۆتایی پارچەکانی

Scanned with CamScanner

دەکەونەوە ناو ئەلقەی سەروای پارچەی سەرەتا و سەروای لەتی کۆتایی هەر پارچەیەک:

AAAAA , BBBBA , CCCCA , DDDDA

٥- سەروای لەناو یەک (المتداخله) : سەرواکانی هەر پارچەیەک بەجۆرێ دابەش دەبن کە جووت جووت دەکەونە ناو یەکتر، جوونەکەی ناوەڕاست وەکو مەسنەوی دەبن، لەگەڵ دوەکەی تر وەکو (موتەعانیق) دەردەکەون و کە لەوە زیاتر بوو دەبێ بە سەروای لەناویەک. محەمەد عەونی لەباسی ئەم جۆرە سەروایەدا دەڵێ : (شاعیر سەروای دوا دێرلەئەبجەدیدا وەکو سەروای دێری یەکەم دێنێ، سەروای پێش دێری کۆتایی وەکو سەروای دێری دوەم ... هتد) [٣٥٠ : ٥٥]. ئەم جۆرە سەروایە لە سریانی و عیبریدا هەیە و لای تروبادۆرەکانیش نموونەی هەیە [٣١٦ : ٧٢]. لە کوردیدا گۆران چەند نموونەیەکی کورتی لەم جۆرە سەروایە هێناوە، قالبی ئەم جۆرە سەروایە بەم شێوەیەیە : A B C D D C B A

گۆران دەڵێ :

لەم حاڵەتەدا ڕۆحم وەکو چاوی گلاوی	A
ئانێکی بەقەد سااڵێ پڕی زەهری ئەلەم بوو	B
ناگا : هەمیسان نیشتەوە لافاوی تەبیعەت	C
ئاهیستە نەما زەلزەلەوو نەعرەیی حیددەت	C
کەوتە تەنکی هەوری ڕەش و چلکنی پێشوو	B
ئەلوانی قەزەچ تێکەڵی بووکون بوە ناوی	A [١٧٣ : ١٧٢].

٦-سەروای دانتییانە : ئەم قالبە سەروایە (سێنینە) لەسەر دەستی دانتی ئیتالی، لەشاکاری کۆمێدیای یەزدانیدا چەسپا. کۆمێدیا سێ بەرگ و (١٠٠) سروودە، هەر سروودێک دابەش پارچەی سێ لەتی سێ لەت بوە و کۆتایی بەیەک لەتی تەنیا هاتوە. سێنینەکانی بەم جۆرە هاتوون وتێک هەڵکشاون :

A B A B C B C D C D E D

هەموو پارچەکان سێنینەن بەاڵم وەکو ئەلقەی زنجیرە تێک هەڵکشاون. سێنینەکان موتەعانیقن. بەاڵم سەروای لەتی ناوەڕاست دەبێ بە سەرەتای سێنینەی دواوە. واتە هەر سەروایەک، لەنگەری ناوەوە بۆ سێنینەی پێشەوە ڕادەگرێ و دەبێ بە ڕەوی سەرەکی سێنینەی دوەم. هەر ڕەوێەک سێ جار دێت، جارێک لە ناوەڕاست و دووجار لە سەرەتاو کۆتایی بەاڵم لە دوو سێنینەی دوای یەک. لە کۆتایی هەر سروودێک ئەو لەتە تاکەی بەتەنیا دێ، بۆ ئەوەیە ڕەوی ناوەڕاستی دوا سێنینە بەتەنیا نەمێنێ، لەنگەری بۆ ڕادەگرێ :

بۆ نموونە، ئەمە دوو سێنینەی سەرەتای سروودی چوارەمی (بەهەشتە) بە دەقە ئیتالیەکە خۆی

Scanned with CamScanner

intra due cibi distanti e moventi ---------- A
d'un modo , prima , si morria di fame -----B
che libre ' unomo l'un recasse de denti ----A
Si si starebbe un agno intra due dame ------B
di fieri lupi , ignalmente temendo ----------C
Si si starebbe un cane intra due dame -------B [٦٠ : ٤٨٩]

لەهەموو سێیەنەکاندا ، لەنێوان دوو سێیەنەدا هەر سەروایەک سێ جار دووبارە دەبێتەوە ، تەنیا لە سێیەنەی یەکەم نەبێ ، یەکەم سەروا دووجار دووبارە دەبێتەوە، دوا سێیەنەش سەروای ناوەڕاست یەک جار دێ و بۆ ئەوەی بەتەنیا نەمێنێتەوە و لانی کەم بێ بە دوو سەروا ، لە کۆتایی هەر سروودێک تاکە دێرێکی هێناوە لەگەڵ لەتی دوەمی دوا سێیەنەدا هاوسەروایە . لە کوردیدا ئەم جۆرە ئەڵقەبەندە بەم شێوەیە بەرچاو ناکەوێ ، بەڵام وا دەبێ سێیەنەکان ، دوو دوو، بەشێوەیەکی تر تێک هەڵبکشێن ، وەکو ئەم نموونەیەی گۆران :

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە ---- A
میزاجی کوردەواریم تێکەڵچوە ، دەروێش عەبدوللا ---- B
دەخیلت بم دەسا بەو لاوکی ئای ئای و حەیرانە ------ A
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە ---- C
لە بتهۆفن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای ، وەللا ------- B
دە ، ئەی دەروێش ، سکاڵەیەک لەگەڵ ڕۆحی کۆڵم کە -- C [١٧٣ : ١٢٠].

دوو سێیەنەکە بەڵەتی ناوەڕاست سەروایان بەیەکەوە بەسراوەتەوە کە لە هەردووکیاندا (ـللا)یە .

٧- سەروای ئازاد : لەم جۆرە سەروایەدا ، شاعیر خۆی بەهیچ جۆرە قالبێکی تایبەتی و پێشتر بڕیار لەسەر دراوا نابەستێتەوە . کەی بیەوێ و چۆن و لەکوێ شیعرەکە بخوازێ بەو جۆرە سەرواکە دووبارە دەکاتەوە . پەشێو لەپارچەی دوەمی (سێ نامەی کورت)دا دەڵێ :

(١) خۆشەویستم ،
(٢) لەپیاوێکی گەڕۆکم بیست
(٣) لەلای ئەوان کچانی کۆک،
(٤) لەباتی گوڵ ،
(٥) هۆنراوە ئەدەن لەبەرۆک.
(٦) گەورەکانیان،
(٧) بۆ پەیکەری هونەرمەندێ،
(٨) دێنە سەرچۆک.
(٩) کەچی لەگشت کۆردستانا
(١٠) لە مەڵبەندی،

Scanned with CamScanner

(١١) (بێکەس) و (حاجی) و (گۆرانا).
(١٢) گەربگەڕێ، سەرتا خوارێ،
(١٣) وەك غەریبێ.
(١٤) بەدی ناکەیت،
(١٥) تاپۆی پەیکەری ئەدیبێ. [١٣٣ : ٣٢-٣٣].

ئەم هۆنراوەیە لەسەر سێ سەروا دامەزراوە (وك) لە وشەکانی (کۆك ، چۆك ، بەرۆك) ، (انا) لە وشەکانی (کوردستانا ، گۆرانا) ، (یێ) لە وشەکانی (غەریبێ ، ئەدیبێ) . ئەم سێ سەروایە بەپێی هیچ سیستەمێکی تایبەتی نەهاتوون ، سروشتی داڕشتنی شیعرەکە چۆنی ویستبێ ، شاعیر بەو جۆرە هێناوینی . ڕەوی (ك) لە کۆتایی لەتی (٨،٥،٣) و ڕەوی (ا) لە کۆتایی لەتی (١١،٩) و ڕەوی (ێ) لە کۆتایی لەتی (١٥،١٣) دووبارە بوونەتەوە . کورتی و درێژی لەتەکان و ژمارەی لەتەکان لە نێوان سەرواکان ولە نێوان دوو سەروای جیاوازدا مل کەچی هیچ قاڵبێکی پێشتر داڕژاو نییە ، سەروا هەیە بەڵام ئازادە لە چۆنیەتی دووبارەبوونەوە .

Scanned with CamScanner

بەشی دوەم

سنوور و ڕەگەزەکانی سەروای شیعری کوردی

باسی یەکەم : دەنگەکانی سەروای کوردی :

یەك - ڕەوی

دوو - پێش ڕەوی

أ- ردف (الردف) .

ب- قەید (القید) .

ج- تەئسیس (التأسیس) .

د- دەخیل (الدخیل) .

هـ- ئیشباع (الاشباع) .

و- تەوجیە (التوجیه) .

سێ- پاش ڕەوی

أ- پاش ڕەوی ئەسلی

ب- پاش ڕەوی زیادە

باسی دوەم : وشەکانی سەروای کوردی

یەك- وشەی سەروا

دوو- پاش سەروا (ردیف)

سێ- پێش سەروا (حاجب)

باسی سێیەم : تێکەڵ بوونی کۆتاییەکان :

١- تێکەڵ بوونی دەنگەکان .

٢- تێکەڵ بوونی وشەکانی سەروا .

Scanned with CamScanner


باسی یەکەم : دەنگەکانی سەروای کوردی :

مەبەست لە سنوور و رەگەزەکانی سەروا ، ئەو دەنگە یا ئەو دەنگو وشانەیە کە لە کۆتایی هەموولەت یان دێرە شیعرەکاندا دووبارە دەبنەوە . هەموو زمانەکانی دونیا سنووری سەروایان وەکو یەك نییە ، هەریەکە سنووری خۆی هەیە بەلأم لە هەر زمانێکدا سنوورێك بۆ سەروا داندراوە ، سنوورەکە لە نێوان رادەی هەرە کەم و رادەی هەرە زۆر دایە . ئەوەی بۆ دیارکردنی سەروا گرنگبێ رادەی هەرە کەمی دەنگەکانە ، چونکە دەنگەکان نەگەنە ئەو رادەیە سەروا دروست نابێ ، بەلأم دەشێ شاعیر لەو رادە کەمە زیاتر پەیرەوی دەنگو تەنانەت وشە بکات بۆ پتەوکردنی مۆسیقای کۆتایی شیعرەکە. سەروا کە لە رادەی هەرە کەم زیاتر بوو ، زیادییەکە هیچ مەرج و سنووری بۆ دانەندراوە ، چونکە بەپێی توانای شاعیر و بگرە زمانەکەش دەگۆڕێ.

لە کوردیدا ژمارەی ئەو دەنگانەی سەروا دروست دەکەن بە پێی بزوێن و نەبزوێنییان دەگۆڕێ . سەروا بەبێ هەبوونی بزوێنێك یان دوان هەرگیز دروست نابێ . بزوێنی درێژ دەتوانێ بەتەنیا ئەرکی هەموو سەروا ببینێ و ببێ بە (رەوی) ، بەلأم بزوێنی کورت ئەمەی پێ ناکرێ ، بۆیە ئەگەر کەوتە کۆتایی، دەبێ لە بڕگەی پێشەوە بزوێنێکی تر (کورت یان درێژ) لەنگەری بۆ ڕابگرێ . بەلأم ئەگەر دەنگی کۆتایی (رەوی) نەبزوێن بوو، بەتەنیا سەروای پێ دروست ناکرێ، دەبێ بزوێنی پێشەوەی هەر لەگەلدا دووبارە بێتەوە ، جا چ بزوێنی هەرە درێژ بێ و ، چ بزوێنی هەرە کورت. مەرج نییە وشەی سەروا کۆتایی بە رەوی بێ ، بۆی هەیە دابڕشتنی ڕێزمانی (مۆرفیم)ێك یان زیاتر بە کۆتایی وشەی سەروا بلکێنێ، بەمەوە رەوی جێگای خۆی بۆ دەنگێکی تر جێ دێلێ و خۆی بەرەو پێشەوە دەخزێ. بۆیە دەبێ رەوی و پاش رەوی لێك جیا بکەینەوە. رەوی دوا دەنگی رەسەنی وشەی سەروایە و هەر مۆرفیمێکی تری لکاو کە پاش رەوی بێ دەبێ بە پاش رەوی، واتە سنووری رەوی و پاش رەوی لێك کردنەوەیان بە ئاستی مۆرفۆلۆجی و ڕستە سازی دیار دەکرێ . رەوی کە دەکەوێتە کۆتایی قوڕسایی هەرە زۆری ئاوازەکەی دەکەوێتە سەر ، بەلأم کە پاش رەوی لەگەلدا بێ ئەم ئەرکەی کەم دەبێتەوە و بەشی زۆری دەکەوێتە سەر دوا دەنگی پاش رەوی کە شوێنی رەوی دەگرێتەوە. بۆ دیارکردنی رەوی و پەیوەندی بە وشەی کۆتاییەوە ، د.ئیبراهیم ئەنیس دەڵێ : (بنچینەی رەوی و هەست کردن بە ئاوازەکەی لەوەوە هاتوە کە بەشێکە لەبنیاتی وشەکە ، لکاوەکان ئەگەر چی بە کۆتایی وشەوەش نووساون بەلأم هەست بە سەربەخۆیی و جیابیان دەکەین . جا شاعیرەکان هەستیان بە پێویستی پتەوکردنی ئەم پەیوەندییە کردوە کە دەبێ وشەکان بە رەگەزێکی بنچینەیی بەیەکەوە ببەسرێنەوە) [٢٤٣ : ٢٥٦] . قەیسی ڕازیش بەمەرجی دەزانێ کە رەوی بەشێك بێ لە هەمان وشەی سەروا : (رەوی دوا تیپی وشەی سەروایە . ئەگەر لەهەمان وشە دابێ و سەبارەت بە هۆیەکەوە پێی نەلکا بێ ، پێی دەگوترێ رەوی) [٤٠٢ : ١٩٥] . سەروا دەشێ تەنیا یەك دەنگیێ و دەشێ زیاتر ، زیادەکە دەشێ لە پێشەوە هاتبێ (پێش رەوی) کە

Scanned with CamScanner

لە ئەسلی وشەکەدایەو دەشێ لە دواوە هاتبێ (پاش ڕەوی) کە مۆرفیمی ڕێزمانین و لە ڕووی وشە ڕۆنانەوە پێوەندییان بە وشەی سەرواوە نییە و دەشێ زیادەکە لە پێشەوە و لە دواوەی ڕەوی هەبێ، بەم جۆرەی خوارەوە :



بەرلەوەی بچینە ناولێکۆڵینەوەی دەنگەکانی سەروا، دەبێ ئەم چەند خاڵەمان لەبەر چاو بێ:

- دەشێ دەنگەکانی سەروا بەسەر سێ تەوەردا دابەش بن : پێش ڕەوی، ڕەوی، پاش ڕەوی.
- ڕەوی دەبێ لەئەسلی وشەی سەروادا بێ و مۆرفیمی ڕێزمانی نەبێ.
- ئەگەر ڕەوی بزوێن بێ، دەبێ بزوێنی درێژ بێ. چونکە بزوێنی کورت ئەرکی ڕەوی پێ ڕایی ناکرێ و ئەگەر بزوێنی کورت لە کۆتایی ئەسلی وشەدا بوو، دەنگی نەبزوێنی پێشەوەی دەبێ بە ڕەوی و ئەوسا دەبێ بزوێنێکی تری پێش نەبزوێنەکەش ڕەچاو بکرێ، واتە دوو برگە دەکەونە چوار چێوەی دەنگەکانی سەرواوە.
- ئەگەر کۆتایی وشەی سەروا (وەک وشەی بنجی) بەنەبزوێن (ڕەوی) هات، دەبێ بزوێنی پێشەوەی هەمان شت بێ.
- لەدوای بزوێنی سەرەکی سەروا، هەر دەنگێکی هەبێ دەبێ هەموی وەک یەک بێ.
- پاش ڕەوی هەرچی هەبێ (یەک مۆرفیم یان زیاتر) دەبێ بەبێ گۆڕان وەکو خۆی دووبارە بکرێتەوە.

ئێستایش بۆ شی‌کردنەوەی هەریەکە لە سێ بەشەکەی دەنگەکانی سەروا.

یەک- ڕەوی (٣٠): دوا دەنگی بنچینەیی وشەی ڕەسەنی سەروایە و هۆنراوەی لەسەر بنیات دەنرێ و هۆنراوەکە هەر بەناوی ئەوەوە دەکرێ بەتایبەتی ئەگەر قیتعە وغەزەل و قەسیدە بێ، واتە لەچەند دێرێک پێک هاتبێ و یەکێتی سەروای تێدا پەیڕەو کرابێ، وەکو هۆنراوەی نالی و میمی و

(30) ڕەوی : دەڵێن بۆیە پێی دەگوترێ ڕەوی چونکە لە (الرویە) هاتوە کە بەمانای بیر کردنەوە دێ، چونکە شاعیرلەکاتی شیعر داناندا زۆر بیری لێ دەکاتەوە. یان دەڵێن لە (ریواء) هاتوە ئەویش ئەوگوریسەیە کە شتی پێ لەیەک دەبەسرێ، چونکە کۆتایی دێرە شیعرەکان بەیەکەوە دەگەینێ و پێکەوە دەیانبەستێتەوە [٢٠٢ : ٧٧]. خەتیبی تەبریزی دەڵێ (پێی دەگوترێ ڕەوی چونکە بنچینەی ڕەوی لەقسەدا کۆکردنەوەو بەیەک گەیاندن و خستنە سەر یەکە. ریوائیش هەرلەوەوە هاتوە کە مانای ئەوگوریسەیە کە بارو کەڵ و پەڵی پێ شەتەک دەدرێ) [٢٨٥ : ١٥].

Scanned with CamScanner

نووني و ... مەرج نییە هەموو دەنگێك هێزی بوون بەسەروای هەبێ ، لەعەرەبیدا هەندێ دەنگەەن نابن بە رەوی و لە کتێب و لێکۆڵینەوەکانی سەرواناسیدا باسیان کراوە ، ئیبن جنی دەڵێ : (بڕانە کە هەموو تیپەکانی میعجەم دەبن بە رەوی تەنیا ئەوانە نەبێ کە بۆت جیا دەکەمەوە) [٢٤٥ : ٢١-٢٢] . ئینجا ناوی ئەو دەنگانە دێنێ کە لە عەرەبیدا بۆ رەوی ناشێن. تەنوخی [٢٧٣ : ٦٦-٧٦]. ئەبو عەلا مەعەرری [٢٥١ : ٢] و سەیبان [٣٠٢ : ٨٢-٨٣] و ئیبن عەبد رەبیە [٢٤٨ : ٣٠٧] و ئیبن رەشیق [٢٤٦ : ١٥٦] و دەمەنهوری [٣٤٧ : ١٣٩-١٤٣] باسی ئەو دەنگانەیان کردوە کە لە عەرەبیدا بۆ سەروا نابن تنوخی لە بارەی گرنگی دەنگی رەویەوە دەڵێ: (رەوی چەسپان و چەقبێتکی وای تێدایە لە تیپە پێویستەکانی تردا نییە ، چونکە شیعر جار وایە بێ تەئسیسە و جار وایە بێ ردیفە ، هەیە سیلەو خروجی لە سەروادا نایە ، بەڵام هیچ شیعرێ بەبێ رەوی نابێ) [٢٧٣ : ٦٥]. لە کوردیدا ، لەدەنگە رەسەنەکانی وشەی سەروا ، بزوێنە کورتەکان، بەتایبەتی (ە) و هەمزە نابن بە رەوی و دەنگی (ھ)ش زۆر کەم دەبێ بە رەوی. ئەمانەی لێ دەرچێ هەموو دەنگەکانی تر ، دەنگی رەسەن و ئەو دەنگانەش کە لەگەڵ وشەی عەرەبیدا هاتوونەتە ناو زمانی کوردی بۆ سەروا دەشێن ، ئەوەندە هەیە دەنگە عەرەبییەکان زۆر جار دەکەونە قالبی فۆنۆلۆجی کوردی و لەگەڵ دەنگی کوردی رەسەن دەبن بە هاو سەروا ، وەکو : خانی دەڵێ :

شەهری ژ موزەککەرو موئەننەث

بیلجوملە موزەییەن و موللەبیەس [٣ : ٨٢] .

هەرچەندە وشەی (ملبس) عەرەبییە ، بەڵام دەنگی (س) چۆن عەرەبییە ، ئاوا کوردیشە بەڵام وشەی (مؤنث) کە عەرەبییە دوا دەنگی (ث) لە کوردیدا بەرامبەری نییە ، بۆیە لە کوردیدا هەندێ جار دەبێ بە (ت) و بەڵام بە زۆری دەبێ بە (س) و لێرە لەم شیعرەدا ، دەنگە عەرەبییە کە لە ژێر کاریگەری فۆنۆلۆجی کوردییەوە گۆڕاوە و لەگەڵ (س)دا بوە بە رەوی . لە کوردیدا ، زۆر جار ، چۆن بۆ کێشەکان وشەی (بەحر) بەکاردێ ، ئاوا بۆ رەوییەکان وشەی بەحریان بەکار هێناوە ، بەحری میم و بەحری ئەلف و بەحری جیم ... رەفیق حیلمی لەبارەی ناسینەوەی شیعر بە رەوی و ناونانی بە بەحر دەڵێ : (نازانم بۆچی پێیان وتوە -بەحر-) [٩٥ : ١٣٦] ئینجا لەهەمان لاپەرەدا وەك نموونە دێرێك دێنێتەوە و ئەم تەعلیقەی لەسەر لێدەدا (پێی دەڵێن غەزەل لە -بەحری ھ- ، بەمەی کە پێتی دوایین قافیەکانی -جوێبارێکە- ، -لالەزارێکە- ، پێتی -ھ-یە ، وا ئەزانم پێویست نییە کە بڵێین بە پێی -عیلمی عەرووز- مانای -بەحر- شتێکی تڕە) . جارێ دەنگی (ە) لە (جوێبارێکە و لالەزارێکە) بزوێنی کورتەو لە عەرەبیدا بەرامبەر فەتحە دەوەستێ و هیچ پەیوەندی بە (ھ)ەوە نییە کە نەبزوێنێکی کپە، جگە لەمەش (ە) رەوی نییە، چونکە (ێکە) لە نیشانەی نەناسیاوی (ێك)و فرمانی بێهێز (to be) (ە) پێك هاتوە، پاش رەویە، چونکە مۆرفیمی رێزمانین و هاتوونەتە سەر وشەی سەروا. رەوی دەنگی (ر)یەو سەروای وشەکان (-ار)ە. دکتۆر مارف خەزنەداریش باسی

Scanned with CamScanner

بلاوبوونەوەی شیعری نالی دەکات و ئەم وشەی بەحرە بۆ رەوی بەکاردێنێ (بۆیەکەمین جار دە غەزەلی نالی لە سالی ١٩١٣ بلاوکراوەتەوە ، نۆ غەزەلی لەبەحری -ە-یە ، وە غەزەلێکی لەبەحری - ی-یە) [٢٣٥ : ٩٤] . بێگومان رەوی یان دوا دەنگی دێرە شیعر یەکێکە لە هۆیەکانی ناونان و ناسینەوە و پۆلێن کردنی شیعری کلاسیکی ، زۆربەی دیوانە بلاوکراوەکان بە پێی دەنگی کۆتایی (نەك رەوی) پۆلێن کراون و بە پێی ڕیزی ئەلف و بێ ڕاندراون ، وەکو دیوانی نالی (هەردوو چاپی مەلا عەبدولکەریم و د.مارف) ، دیوانی سالم و کوردی و ئەدیب و وەفایی و غەزەلەکانی حاجی و دیوانی مەحوی .... ئەوەی لێرەدا پێویست بە ڕاست کردنەوەیە ، زۆربەی ئەوانەی دیوانە کلاسیکییەکانیان کۆکردۆتەوە و ڕێکیان خستوون و شیعرەکانیان پۆلێن و ڕیز کردوە، دەنگی (ە)یان بە (هـ) داناوە ، بۆ ئەو شیعرانەی کۆتاییان بە بزوێنی کورتی (ە) هاتوە بردوویانەتە کۆتایی و لەگەڵ دەنگی (هـ) ڕیزیان کردوون . لە ڕاستیدا (ە) هیچ پەیوەندی بە (هـ)ەوە نییە ، یەکەمیان بزوێنی کورتە ، دووەمیان نەبزوێنێکی کپە. ئەمانە بە هیچ جۆرێ نابن بەیەك . چۆن لەفەرهەنگدا هەموو جۆرە بزوێنەکان (کورت و درێژیان) بەدوای یەکەوە دێن، (ا ، ە)یش کە هەردووکیان یەك جۆر بزوێنن تەنیا لە کورت و درێژی جیان ، پێویستە لە ڕیزکردندا بکەونە تەك یەك. ڕەوی بە پێی جۆری دەنگەکە دەبێ بە دوو جۆر : بزوێن و نەبزوێن .

أ- ڕەوی بزوێن : ئەو بزوێنانەی دەبن بە ڕەوی بزوێنی درێژن و هەر بەتەنیا دەنگدەتوانن باری سەروا ڕابگرن ، واتە بڕگەی کۆتایی دەبێ بە بڕگەیەکی کراوە و لەم بڕگەیەدا پەراوێزی یەکەم بۆ سەروا بەمەرج دانەندراوە ، کەواتە تەنیا بزوێنەکە دەمێنێتەوە. ئەگەر شاعیر جگە لە بزوێنەکە پەراوێزی پێشەوەی بڕگەکەیان ئەگەر دەنگو بڕگەی تریش پەیڕەو بکات ئەمە ئاوازەکە قوڵتر دەکاتەوە ، بەڵام شتێکی پێویست نییە ، شاعیر تا بەکەمترین دەنگی پێویست وازێنێ باری سووکتر و هەناسەی درێژتر دەبێ بەتایبەتی لە شیعری یەکێتی سەروادا ، تا دەنگی زیاتر ڕاکێشێتە ناو بازنەی سەروا باری قورستر و هەناسەی کورتتر دەبێ ، چونکە وشەی کەمتر دەست دەکەوێ کە هەموو دەنگەکانی کۆتاییان تێدا هاوبەش بێ . ئەمەیش ڕەوییە بزوێنەکان و نموونەیان لە کوردیدا :١- (ا) ، نموونەی ئەم جۆرە ڕەوییە ، حاجی دەڵێ :

گوتم بەبەختی خەوالوو بەسە ئەتو بێ خودا
لەخەو هەڵسە زەمانێ بچینەوە ئەولا [٦٠ : ٣١] .

ئەم دەنگە لە دەنگە جاڵاکەکانی کوردییە لە بوون بە ڕەوی. لەسەرجەمی (٤٦٨٠) هۆنراوەی (٦٤) دیوانی کوردی[31] ، (٥٣٨) هۆنراوە ڕەوییان (ا)یە کە (١١,٥٪) دەکات. لە ڕۆژ

(31) ئەم ژمارەیەی لەمەودوا بەژمارە دەخرێتە ڕوولە (٦٤) دیوانی شاعیرانی کوردەوە وەرگیراوە کە یەکێتی سەروایان بەکارهێناوە: جزیری ، نالی ، حاجی ، مەحوی ، سالم ، حەمدی ، کوردی. تایەر بەگی جاف ، حەریق ، نائیق ، ئەدیب ، سافی ، مەستوورە ، مەلا وەسمان ، سەیدی ، بێخود ، بێوەی ، ئەدەب ، بلدار ،

Scanned with CamScanner

بەکارهاتندا بەپلە سێ دێت. زۆرترین هۆنراوە بەم ڕەوییە لای نالی هاتوە (٢٦) و کەمترینی (١) لای سەیدی و بێکەس و شێخ ڕەزا و ئەختەرو فەقێ تەیران و مەلای گەورە و هەردی و سەلام هاتوە کە یەکە و هۆنراوەیان پێ هەیە.

٢- (وو) : ئەدەب دەلێ :

خاڵی حەبەشی قامەتە وا نەقشە لەسەر ڕوو
یا زەنگی هیندوو نەسەبە ، ساکینی مینوو[١٤ : ٧٨].

هەمووی (٦٤) هۆنراوە بەم ڕەوییە (وو) هەیە کە ڕێژەی (٢ ,٠٪)ی هەموو هۆنراوەکانە و لە زۆریدا بەپلە (١٥) دێت. زۆرترینی ئەم ڕەوییە لای سالم هەیە (١٤) و کەمترینی لای کوردی و تایەر فوئاد و جاهید و ئەورەحمان بەگی بابان و شاهۆ و نالێبەند و کەمالی کە هەریەکە یەکە و هۆنراوەیان پێ هەیە.

٣- (ۆ) ، نالی دەلێ :

زوڵفت کە لەسەر ڕوو بەخەم و تابشە ئەمڕۆ
دوودی سیەهی عوودە لەسەر عاریزی پشکۆ[٢٠٩ : ٨٩].

(٤٢) هۆنراوە بەم ڕەوییە هەیە ، دەکاتە ٩٪ی سەرجەمی هۆنراوەکان. (ۆ) بە پلەی (١٨) دێ لە زۆر بەکارهاتندا . زۆرترینی ئەم ڕەوییە لای حەمدی هاتوە (٦) و کەمترینی لای نانیق و سافی و مەلا وەسمان و دلدار و شێخ ڕەزا و وەفایی و خانی و ئەسیری و مینە جاف و شاهۆ هاتوە کە یەکەو هۆنراوەیان پێ ناناوە.

٤- (ێ) ، حاجی دەلێ :

کوڕێکی وا نەبوو هەستێتە سەر پێ
بزانی، خەلقی چۆن کەوتۆتە سەر ڕێ [٦٠ : ٢٣١].

(٥٧) هۆنراوە بەم ڕەوییە هەیە ، (٢ ,١٪)ی هەموو هۆنراوەکانە . (ێ) بەپلەی (١٦) دێ لە چالاکیدا . زۆرترینی ئەم ڕەوییە لای عەلی عارف ئاغا (شاری) هەیە (٥) و کەمترینی لای جزیری و نالی و حەریق و مەلا وەسمان و بێکەس و شێخ ڕەزا و وەفایی و ناری و ئەحمەد موختار و چڕوستانی

میهری ، تایەر فوئاد ، جاهید ، بێکەس ، شێخ ڕەزا ، وەفایی ، ناری ، کانی ، خەلیل موخلیس دووسەرەیی ، ڕێنەوی هەکاری ، ئەحمەد موختار جاف ، خانی ، چڕوستانی ، بەختیار زێوەر ، شێخ نووری شێخ سالح ، میرزا غەفوور ، ئەسعەد مەحوی ، خادیم ، ئەختەر ، ئەسیری ، مینە جاف ، قانیع ، فەقێ تەیران ، مەلایێ باتەیی ، زێوەر ، لوتفی ، شاکەلی ، عەونی ، سایبری ، مەلای گەورە ، هەردی ، ئەورەحمان بەگی بابان ، حیلمی ، ئەحول ، پیرەمێرد ، شاهۆ ، سەلام ، سەید ئەحمەد نەقیب ، سەفوەت ، ئەحمەدێ نالێبەند ، کەمالی ، عەلی عارف ئاغا (شاری) ، ویسالی ، عارف عورفی.

Scanned with CamScanner

و مینه جاف و شاکەلی و موفتی پێنجوین و سەید ئەحمەد نەقیب و نالبەند و کەمالی و ویسالی هاتوە.

٥- (وێ)، نالی دەڵێ :

تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ [٢٠٩ : ١٣٢].

ئەمە لە ڕەوییە هەرە کەم بەکارهاتووەکانە ، تەنیا دوو هۆنراوە بەم ڕەوییە هەیە کە ڕێژەی دەکاتە (٠٤ ,٠٪). ئەم ڕەوییە بەقەد (ض ، ط ، ظ)، کە دەنگی عەرەبین، بەکارهاتوە و بەپلەی (٣٥) دێ لەبەکارهاتن . ئەم دوو هۆنراوەیەش یەکێکی لای نالی و ئەوەی تر لای حاجی هاتوە .

دوو تێبینی لەبارەی ڕەوی بزوێنەوە :

(١) دەنگەکانی (و-w) و (ی-y) کە لە گۆکردن بزوێن و لەبەکارهاتن نەبزوێنن و سەبارەت بەمە پێیان دەگوترێ نیمچە بزوێن یان نیمچە نەبزوێن ، لێرەدا باس نەکراون و لەگەڵ نەبزوێنەکان دێن .

(٢) بزوێنە کورتەکانی (ە-e) ، (و-u) ، (ی-i) ، لەبەر بێهێزی توانای ڕاگرتنی قوڕسایی سەروابان نییە و نابن بە ڕەوی ، ئەگەر (ە-e) لای چەند شاعیرێك بووبێ بە ڕەوی (١٠ هۆنراوەی بە ڕەوی -ە- هەن) ، ڕەوییەکی بێهێزە ، بۆیە لێرە نموونەمان بۆ نەداوە .

ب- ڕەوی نەبزوێن : بەگشتی نەبزوێن لە بزوێن زیاتر دەبن بە ڕەوی ، چ لەبەر ئەوە بێ ژمارەیان لە ژمارەی بزوێن زیاترە ، چ لەبەر ئەوە بێ شوێنی سەروا پێویستی بەوەستان و ڕاکوتانەوەیە کە ئەمە زیاتر لەگەڵ نەبزوێن دەگونجێ ، بەڵام هاتنی هێشوە نەبزوێن لە کۆنایی باری سەرواکە گرانترو شاعیرەکە ماندووتر دەکات . ئەمە ڕەوییە نەبزوێنەکانن :

١- (ب) ، سالم دەڵێ :

لە زوڵف و پەرچەمت بۆ کوڵم و غەبغەب
موهەییایە لە ڕووی دڵ مار و عەقرەب [١٠١ : ٤٣].

(١٣٢) هۆنراوە بەم ڕەوییە هەیە دەکاتە (٢,٨٪)ی هەموو هۆنراوەکان و ئەمەیان بە پلە (١٠) دێ ، واتە لە ڕەوییەکانی پێشەوەیە لە چالاکییدا . زۆرترینی ئەم ڕەوییە لای قانیع و حەمدی هاتوە (١٠) هۆنراوە و کەمترینی کەیەك هۆنراوەیە لای حەریق و بێخود و تایەر فوئاد و جاهید و ئەحمەد موختار جاف و مەلایێ باتەیی و لوتفی و مەلای گەورە و ئاوارەحمان بەگی بابان و موفتی پێنجوینی و شاهۆ و سەلام و سەفوەت و کەمالی و ویسالی و عورفی هاتوە .

Scanned with CamScanner

٢- (پ) ، ئەسعەد مەحوی دەڵێ :

پێشەنێ کەربێ قەتاری وا لە قوڕبا گوێچکە تەپ
خاوەنی ناماوەتێ ، بێ ڕەونەق و بێ گالت و گەپ [١٦ : ١٥] .

تەنیا یەك هۆنراوە بەم ڕەوییە هەیە ، ئەویش ئەمەی ئەسعەد مەحوییە کە نموونەمان لێ وەرگرتوە . ئەم دەنگە لەگەڵ (پ) و (ء) کەمترین هۆنراوەیان پێ هۆنراوەتەوە. ڕێژەکەی دەکاتە (٠,٠٢٪)ی هەموو هۆنراوەی کوردی و دوا پلەی لە بەکارهێناندا وەرگرتوە .

٣- (ت) ، حەمدی دەڵێ :

ئەو سەرو و قەدە سەرکەش و من خاکسار و پەست
چ بکەم خوا ، کە نامەنی جارێ بگرمە دەست [٦ : ١٨٩] .

ئەم دەنگە لە ڕەوییە زۆر چالاکەکانە ، (٢٥٣) هۆنراوە بەم ڕەوییە هاتوە کە ڕێژەی (٥,٤٪)ی سەرجەمی هۆنراوەکانەو بەپلە (٤) دێ لە زۆرییدا . زۆرترینی ئەم ڕەوییە لای حەمدی هاتوە (١٣) هۆنراوەو کەمترینی کە یەك هۆنراوەیە لای ئەمانە هەیە : نائیق و سەیدی و بێوەی و دڵدار و تایەر فوئاد و فانی و میرزا غەفوور و ئەختەر و ڕێوەر و سەفوەت .

٤- (ث) ، مەحوی دەڵێ :

زەمزەم چیە ، بە زەمزەمەی ئایات و سەد حەدیث
پا بوونەوە لە شەئنی نییە تینەتی خەیث [١٨٠ : ٩٠] .

تەنیا ئەم هۆنراوەیەی حەمدی بە ڕەوی (ث) هەیە وبەس ، واتە کەمترین ڕەوی شیعری هۆنراوەی یەکێتی سەروای پێ داندرابێ ئەمەیانە لەگەڵ (پ) و (ء) کە ڕێژەیان (٢٪)ی هەموو هۆنراوەکانە و دوا پلەیان وەرگرتوە .

٥- (ج) ، جزیری دەڵێ :

شمشادی خەرام و سەروی غەنناج
جانان دبرت بەعیشوە تاراج [٥٨ : ١٦٤] .

ئەم دەنگە بە ڕادەیەکی مام ناوەنجی بەکارهاتوە . (٢٤) هۆنراوە بەم ڕەوییە هەیە ، ڕێژەی دەکاتە (٠,٥١٪)ی سەرجەمی هۆنراوەکان و بەپلە (٢٠) دێ لە زۆرییدا . زۆرترینی ئەم ڕەوییە لای جزیری هاتوە (٤) هۆنراوە و کەمترینی کە یەك هۆنراوەیە لای نالی و مەحوی و سالم و مەلا وەسمان و بێکەس و وەفایی و ناری و پرتەوی هەکاری و ئەسعەد مەحوی و ئەختەر و عەونی و سەفوەت و شاری هاتوە .

Scanned with CamScanner

٦- (چ)، گۆران دەڵێ :

تەپ هاتڕێەت دێ ولنگەر قووچ
بۆی ئەکەوێت دەعیای وەك حووچ [١٧٣ : ٢٥٠].

ئەم دەنگە لە ڕەوییە هەرە کەمەکانی یەکێتی سەروایە. (٤) هۆنراوەی پێ نووسراوە و ڕێژەی سەدی (٠,٠٩) یەو بە پلە (٢٦) دێت لە زۆرییا. زۆرترینی لای عەونی هەیە کە دوو هۆنراوەی پێ نووسیوە و کەمترینی لای عارف عوزفی هەیە کە بەك هۆنراوەی پێ داناوە.

٧- (ح)، حەمدی دەڵێ :

ئەهلی دونیا نین ئەوی پیاون لەکن ئەهلی سەلاح
گەر دەڵێن پیاوین، لە دونیا بۆ ئەکەن خۆیان نیکاح [٦ : ٢٠٧].

هەموی (١٥) هۆنراوە بەم ڕەوییە هەن، بە ڕێژەی (٠,٣٢٪) و لەگەڵ دەنگی (خ) ڕادەی بەکارهاتنیان وەکو یەکە. لە زۆرییا بە پلە (٢٣) دێ. ڕادەی هەرە زۆری لە شیعری حەمدی دایە (٤) هۆنراوە و ڕادەی هەرە کەمی کە بەك هۆنراوەیە لای نالی و سالم و شێخ ڕەزا و ئەسعەد مەحوی و خادیم و ئەورەحمان بەگی بابان هەیە. جێی سەرنجە (ح) لەگەڵ کەمیش، بە زۆری هەرلەو وشانەدا هاتوە کە عەرەبین و کراون بەوشەی سەروا لەشیعرەکاندا، زۆر کەم وشەی کوردی بە ڕەوی (ح) هاتوە مەگەر وشەی سەر سوڕمانی وەکو (بەح بەح) و (تەح تەح). ئەمە نەگونجانی ئەو دەنگە پیشان دەدا بۆ ڕەوی کوردی.

٨- (خ)، حەمدی دەڵێ :

ناعیلاجە، عاقیبەت، سەر ڕەق ئەچێتە سەنگلاخ
چەند بەمەعنایە وتوویانە قەدیمی : شێخ و شاخ [٦ : ٢٠٩].

ئەمەیش وەکو دەنگی پێشەوە (ح) زۆر کەم بەکار هاتوە، تەنیا پازدە هۆنراوەی پێ نووسراوە. بە ڕێژەی (٠,٣٢٪) و بەپلە (٢٣) دێ. زۆرترینی دوو هۆنراوەیە لای جزیری و یەکە لای حەمدی و سەیدی و بێخود و جاهید و موخلیس دووسەرەبی و ئەسعەد مەحوی و خادیم و کەمالی و شاری.

٩- (د)، مەحوی دەڵێ :

چە خەیاڵێکە لیقابێ بەفەنا چوونی جەسەد
تا پریشان نشود کار بسامان نرسد [١٨٠ : ١١١].

لە ڕەوییە چاڵاکەکانە: (١٤٠) هۆنراوەی پێ داندراوە بە ڕێژەی (٣٪)ی شیعری کوردی و بەپلە (٨) دێ لە زۆرییا. زۆرترینی (١٢) هۆنراوەیە لای حەمدی و کەمترینی یەك هۆنراوەیە لای کوردی و تایەر بەگی جاف و حەریق و ئەدیب و بێوەی و جاهید و شێخ ڕەزا و مینە جاف و قانیع و لوتفی د

Scanned with CamScanner

مەلای گەورە و موفتی پێنجوینی و سەلام و سەفوەت .

١٠- (ذ) : ئەم دەنگە تاکە دەنگێکە لە هۆنراوەی کوردیدا نەکراوەتە ڕەوی بەکێتی سەروای هۆنراوە .

١١- (ر) ، سالم دەڵێ :

غەم وەکو کۆهـ ، تەن زەعیف و نزار
دڵ یەکێ غائیلەی زەمانە هەزار[١٠١ : ٥٩] .

ئەم دەنگە لە ڕەویە هەرە چالاکەکانە و لە ڕیزی هەرە پێشەوەیە . هەموی (٩٩٨) هۆنراوەی پێ نووسراوە کە ڕێژەی (٢١,٣٪)ی هەموو هۆنراوەکانەو بەپلە دوو دێ دوای (ن). زۆرترینی لای حەمدی هاتوە کە (٥٨) هۆنراوەی پێ نووسیوە و کەمترینی لای مەلای گەورەو بەس کە یەک هۆنراوەی پێ هەیە .

١٢- (ز) ، جزیری دەڵێ :

عاشیق ئەر جارەك ژبالا لێ بدەت بەرقامە جاز
دێ لنك ساحیب دلان حەتتا ئەبەد بت سەر فیراز[٥٨ : ٢٤٤] .

ئەم دەنگە تا ڕادەیەك بەزۆری بۆتە ڕەوی ، هەموی (٧٧) هۆنراوەی پێ نووسراوە کە دەکاتە (١,٧٪)ی هەموو هۆنراوەکان و بەپلە (١١) دێ . زۆرترینی لای (حاجی) هاتوە (٥) هۆنراوەو کەمترینی کە یەك هۆنراوەیە لای نالی و مەحوی و نائیق و ئەدیب و وەفایی و مەلا خەلیل دووسەرەیی و فانی و بەختیار زێوەر و شێخ نوری و ئەسعەد مەحوی و مینە جاف و قانیع و لوتفی و شاکەلی و شاهۆ و سەفوەت هاتوە.

١٣- (ژ) ، نالی دەڵێ :

هەی کەڕێکم بوو ، چ پەیکەر ، تەیکەری هەوراز و لێژ
سینەپان و مووچە کورت و شانە بەرز و گوێ درێژ[٢٠٩ : ٦٤] .

ئەم دەنگە تا ڕادەیەکی باش بۆتە ڕەوی. هەموی (١٨) هۆنراوەی پێ نووسراوە بە ڕێژەی (٠,٤٪)ی سەرجەمی هۆنراوەی کوردی و بەپلە (٢١) دێ لە زۆریدا . ڕادەی هەرە زۆری حەمدی بەکاری هێناوە (٤) هۆنراوە و ڕادەی هەرە کەمی کە یەك هۆنراوەیە لای مەحوی و پرتەوی هەکاری و ئەحمەد موختار جاف و فانی و ئەسعەد مەحوی و مینە جاف و قانیع و پیرەمێرد و نالبەند هەیە.

١٤- (س) ، حەمدی دەڵێ :

فەلسەفەی لوقمان لەکن ئەو زالە ناکا فلووس
چی لەئەسبابی دەکا لایق بەزاوا بێ عەرووس [٦ : ٢٤١] .

Scanned with CamScanner

(س) دەنگێکە تا ڕادەیەک دەوری ڕەوی دیوە ، هەموی (٦٦) هۆنراوەی پێ هەیە ، بە ڕێژەی (١٠٤١٪)ی هۆنراوەکان و بەپلە (١٢) دێ . زۆرترینی کە (٦) هۆنراوەیە لای حاجی و ساییری هاتوە و کەمترینی کە یەک هۆنراوەیە لای تایەر بەگی جاف و ناتیق و ئەدیب و شێخ ڕەزا و ناری و پرتەوی هەکاری و فانی و شێخ نووری و خادیم و ئەسیری ومینە جاف و قانیع و زیوەر و لوتفی و شاکەلی و عەونی و ئەورەحمان بەگی بابان و حیلمی و نالیەند و کەمالی و شاری و ویسالی هاتوە.

١٥- (ش) ، سالم دەڵێ :

عەوبالی ئەبەد هەر منم ئەی چەرخی جەفاکێش
تا دەریەدەرو شەهر بە شەهرم وەکو دەرۆێش [١٠١ : ٧٥].

(ش) لەو دەنگانەیە تا ڕادەیەک بۆتە ڕەوی . (٧٣) هۆنراوە بەم ڕەوییە نووسراوە بە ڕێژەی (١٠٦٪)ی هۆنراوەکان و بەپلەی (١٢) دێ . زۆرترینی پرتەوی هەکاری (٩) هۆنراوەی پێ نووسیوە و کەمترینی کە یەک هۆنراوەیە لای ئەم شاعیرانە هاتوە : نالی و حاجی و مەلا وەسمان و بێخود و میهری و جاهید و ناری و دووسەرەبی و شێخ نووری و لوتفی و ئەورەحمان بەگی بابان و حیلمی و سەفوەت و ویسالی و عورفی .

١٦- (ص) ، حەمدی دەڵێ :

تۆ دوژمنی گرۆهی وەفایی بە (ئیختیصاص)
زیاترلەگەڵ منا بەجەفایی بە (ئیختیصاص) [٦ : ٢٤٩].

هەرچەندە لەم دێرەدا کە مەتلەعی هۆنراوەکەیە (بەئیختیصاص) دووبارە بۆتەوە و دەوری پاش سەروای دیوە چونکە لەبەر ئەوەی بەهەمان مانا دووبارە بۆتەوە و کەوتۆتە حوکمی پاش سەروا ، وشەی پێشتر (وەفایی ، جەفایی) سەروایان پاگرتوە لەگەڵ ئەمەشدا تەنیا لەم دێرەدا وایە ، لە دێرەکانی تر وشەی سەروا لەگەڵ ئیختیصاص دێن کە ئەمانەن : (قەصاص ، خاص ، ئیخلاص ، خەلاص) ئەم دەنگە عەرەبییە کە لە بنجدا لە کوردیدا نییە[32] ، لەگەڵ دەنگی (ڤ) کە لە کوردیدا هەیە و بەرامبەری لە عەرەبیدا نییە ، بەیەک ڕادە بوونەتە ڕەوی . یەکەو سێ هۆنراوەیان پێ دانراوە . بە ڕێژەی (٠٠٦٪)ی هۆنراوەکان و کەوتونەتە دواوە . (ص) بەپلە (٢٧) دێ. سایبری دوو هۆنراوە و حەمدی یەک هۆنراوەی پێ نووسیوە .

١٧- (ض) ، مەحوی دەڵێ :

واعیزلە ڕەندی مەیکەدە دەگرێ کە (ئیعتیراض)
ڕازی نییە بەسەر نویشتی ئەزەل : (اننی لراض) [١٨٠ : ١٥٦].

---

(32) ئەم دەنگە تەنیا لە هەندێ وشەی کرمانجی خوارووی وەکو (صە ، وصا) دەردەکەوێ.

Scanned with CamScanner

(ض) لەدەنگە هەرە تایبەتیەکانی زمانی عەرەبییە و بگرە بۆتە ناوێ بۆ ئەو زمانە . زۆر جار لەباتی زمانی عەرەبی دەگوترێ (لغة الضاد) ، ئەم دەنگە لە کوردیدا نییە ، بەڵام بۆی هەیە لەگەڵ وشەی عەرەبی لە کوردیدا بەکاربێ . لە دەنگە هەرە کەم بەکارهاتوەکانە بۆ رەوی شیعری کوردی ، لەگەڵ دەنگی (ط ، ظ ، وێ) بەیەك ڕادە بەکار هاتوون . هەمووی دوو هۆنراوەی پێ نووسراوە بە ڕێژەی (٠,٠٤٪)ی هۆنراوەکان . مەحوی و حەمدی یەکەو هۆنراوەیان پێ داناوە. بە پلە (٢٨) هاتوە.

١٨- (ط) ، نالی دەڵێ :

مووی سپی کردم بە شووشت ن ئاوی عەینی (شۆڕە شط)

شۆڕە شەت، یەعنی کە تێیدا، خود بەخود، قەل بوو بە (بط) [٢٠٩ : ٥٧].

ئەم دەنگە عەرەبییە و زۆر بەئاسانی لە کوردیدا بە (ت) دەخوێندرێتەوە . (ظ) لە دەنگە هەرە کەم بەکار هاتوەکانە بۆ رەوی کوردی . تەنیا (٢) هۆنراوەی پێ نووسراوە کە دەکاتە (٠,٠٤٪)ی هۆنراوەکان و بە پلە (٢٨) دێ و لەگەڵ (ض ، ط ، وێ) بەیەك ڕادە بەکار هاتوون . نالی و حەمدی یەکەو هۆنراوەیان پێ نووسیوەو بەس .

١٩- (ظ) ، مەحوی دەڵێ :

بەناوە وەعزی یو خۆشی بە ناوە (یا حافظ)

لە هەڵقوڵانە کەلیکی دەم و لچی (واعظ) [١٨٠ : ١٦٢].

ئەمەش یەکێکە لەو دەنگانەی لە عەرەبیدا هەیە و لە کوردیدا نییە . لە ڕەوییە هەرە کەم بەکار هاتوەکانە . تەنیا دوو هۆنراوەی پێ نووسراوە کە (٠,٠٤٪)ی هۆنراوەکانە و بە پلە (٢٨) هاتوەو بە ڕادەی (ض ، ط ، وێ) بەکار هاتوە . جزیری و مەحوی یەکەو هۆنراوەیان بەم ڕەوییە نووسیوە و بەس .

٢٠- (ع) ، حەمدی دەڵێ :

غەیری ئەسراری جنوون نابێ بکا عاشیق سەماع

ڕووتیە گەر دەست بنا بۆ عاقیلان ئەمرۆ مەتاع [٦ : ٢٥٦].

ئەم دەنگە لە ڕەوییە کەم بەکارهاتوەکانە . (٨) هۆنراوەی پێ نووسراوە بە ڕێژەی (٠,١٧٪)ی سەرجەمی هۆنراوەکان . بەپلە (٢٥) دێ لە زۆریدا . زۆرترین هۆنراوەی پێ نووسرابێ دوو هۆنراوەیە لای حەمدی و پڕتەوی هەکاری و کەمترین هۆنراوە کە یەکێکە، لای مەحوی و جاهید و خادیم و سابیری هاتوە .

٢١- (غ) ، خادیم دەڵێ :

سەحەر دیفاعی غەمم بوو دەمێ ئەچووم بۆ باغ

کە بەڵکی هەر وەکو بلبل بکەم عیلاجی دەماغ [٧٥ : ١٥٤].

Scanned with CamScanner

ئەم دەنگە تا ڕادەیەک دەوری ڕەوی دیوە ، هەمووی (١٨) هۆنراوەی پێ نووسراوە، بە ڕێژەی (٠,٤٪). بەپلە (٢١) دێ لە زۆریدا و لەگەڵ دەنگی (ژ) بەیەک ڕادە بوونەتە ڕەوی. ئەم دەنگە زۆرترینی (٣) هۆنراوەی پێ نووسراوە لای شێخ ڕەزا و کەمترینی یەک هۆنراوەی پێ هەیە لای مەحوی و بێخود و جاهید و وەفایی و دووسەرەبی و پرتەوی هەکاری و لوتفی و عەونی و سابیری و شاهۆ.

٢٢- (ف) ، حەمدی دەڵێ :

سەیری حەربەی عیشقی جانان کەن کەهاتۆتە مەساف

ئەبرۆوەک مەهلەت کەرە ، موژگانە تیری دڵ شکاف[٦ : ٢٦٢].

هەمووی (٢٣) هۆنراوە بەم ڕەوییە هەیە کە ڕێژەی (٠,٤٩٪)ی هۆنراوەکانە. ئەم ڕەوییە بەپلە (٢٠) دێ لەزۆریدا . زۆرترینی (٦) هۆنراوەیە لای حەمدی و کەمترینی یەک هۆنراوەیە لای جزیری و نالی و مەحوی و بێخود و شێخ ڕەزا و ئەسعەد مەحوی و خادیم و ئەورەحمان بەگی بابان .

٢٣- (ف) ، نالبەند دەڵێ :

ئەو چەک و ئەو زینەت و زێڕو دراف

ئەو بوخار و عەنبەر و مسک و گوڵاف[١١ : ١٨٧].

(ف) لە ڕەوییە کەم بەکارهاتوەکانە . هەمووی (٣) هۆنراوەی پێ نووسراوە بە ڕێژەی (٠,٠٦٪). بەپلە (٢٧) دێت . لەگەڵ دەنگی (ص) بەقەد یەک لەهۆنراوەی کوردی بوونەتە ڕەوی تەنیا یەک شاعیر لە یەکێتی سەروای هۆنراوەدا بەکاری هێناوە ئەویش نالبەندە ، کە (٣) هۆنراوەکە هی ئەون . ئەوەی شایەنی سەرنجە ئەم دەنگە لەعەرەبی و تورکیدا نییە ، لە فارسی دەنگەکە هەیە بەڵام ڕەمزی (تیپی) بۆ دانەندراوە . بەش بە حاڵی کوردی ئەم دەنگە زیاتر لە کرمانجی سەروو هەیە ، لە کرمانجی خواروودا لەچەند وشەیەکی کەمی وەکو بڤە و گڤە دەردەکەوێ و بەس . ئەوەی تر هەمووی وشەی کرمانجی سەروە هاتۆتە ناو زاری کرمانجی خواروو وەکو مرۆڤ و ڤیان و ئەڤین و تاڤگە و ..... .

٢٤- (ن) ، مەحوی دەڵێ :

وەک بلبل ، ئەی تازە گوڵم ، بڕ بە دڵمە شەوق

وەک قومری ئەی تو سەروسەهی بڕ بە ملمە تەوق[١٨٠ : ١٨٣].

(ن) لەو ڕەوییانەیە تا ڕادەیەکی باش بۆ یەکێتی سەروا بەکار هاتوە . (٤٦) هۆنراوەی پێ نووسراوە ، بە ڕێژەی (٠,١٪)ی هۆنراوەکان ، بەپلە (١٦) دێ لە زۆریدا . زۆرترین هۆنراوەی پێ نووسرا بێ (٩) بە لای حەمدی و کەمترینیش کە یەک هۆنراوەیە لای حاجی و جاهید و بێکەس و ناری و پرتەوی هەکاری و بەختیار زێوەر و میرزا غەفوور و قانیع و سابیری و حیلمی و پیرەمێرد و

Scanned with CamScanner

شاهۆ هەیە .

٢٥- (ك) ، سالم دەڵێ :

تیری ئاهی سوبحگاهم ، ڕەنگە کون کون کا فەلەك

ئەشکی ئاتەشناکی من تەحقیق ئەگاتە سەر سەمەك [١٠١ : ٧٧] .

ئەم دەنگە لەو ڕەوییانەیە تا ڕادەیەکی باش لە کوردیدا بەکارهاتوە . (٧٣) هۆنراوەی پێ نووسراوە و بە ڕێژەی (١٠،٦٪)ی هۆنراوەکان و بەپلە (١٢) دێ . زۆرترینی بەکارهاتنی لە (٧) هۆنراوەدایە لای حەمدی و خادیم کەمترینی کە یەك هۆنراوەیە لای ئەم شاعیرانە هاتوە : نالی و کوردی و ناتیق و مەلا وەسمان و تایەر فوئاد و جاهید و وەفایی و پرتەوی هەکاری و شێخ نووری و میرزا غەفوور و ئەسعەد مەحوی و عەونی و موفتی پێنجوینی و سەلام و سەید ئەحمەد نەقیب و نالیبەند و کەمالی و ویسالی و عورفی .

٢٦- (گ) ، جزیری دەڵێ :

کو ئیشارەت ب بیشارەت بدەرت نەغمەیی چەنگ

ژرویی ئابینەیی دل برتن پەردەیی زەنگ[٥٨ : ٣٣٩] .

(گ) لەو ڕەوییانەیە بە ڕادەیەکی مام ناوەنجی بەکارهاتوە . (٢٧) هۆنراوە بەم ڕەوییە هەیە بە ڕێژەی (٠،٥٧٪)ی هۆنراوەکان و بەپلە (١٨) دێ . زۆرترین هۆنراوە بەم ڕەوییە نووسرایێ (٣) یە لای حەمدی و ئەدەب ، کەمترینی یەك هۆنراوەیە لای نالی و حاجی و مەحوی و سالم و تایەر بەگی جاف و ناتیق و ئەدیب و مەلا وەسمان و دلدار و خادیم و ئەختەر و قانیع و شاکەلی و شاهۆ و سەفوەت و کەمالی و ویسالی .

٢٧- (ل) ، حەمدی دەڵێ :

ڕۆژی وەسلێکم ئەوێ هەروەك شەوی هیجران بە تووڵ

تالە نیسبەت میحنەتم تا ئارەزووم بێتە حوسوول [٦ : ٢٧٨] .

لە پێشدا دەبێ بڵێین ، لە کوردیدا دوو فۆنیمی لەیەك نزیك هەن (ل ، ڵ) ، ئەمانە هەریەکە فۆنێمی سەر بەخۆیەو دەبێ حیسابێکی تایبەتی بۆ بکرێ ، بەڵام لەبەر ئەوەی شاعیرانی کلاسیکی کە بەڕەوی یەکێتی سەروایان کردوە لە غەزەل و قەسیدەکانیاندا ، پەیان بەجیاوازی ئەم دوو دەنگە نەبردوە و شوێن شکلەکانیان کەوتوون (تیپەکە) نەك دەنگەکانیان ، بۆیە لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو هۆنراوانەداکە دەنگی (ل)یان کردوە بە ڕەوی ، بەهەردوو فۆنیم هاتوە . واتە تێکەڵییەکی سەیرلەم ڕەوەو هەیە . بۆیە ئێمە لە ژێر یەك ناونیشاندا باسیان دەکەین ، بەڵام ئەگەر یەك دێر وەربگرین یان یەك ڕەوی دەبێ جۆرە (ل)ەکە دیار بکرێ .

ئەم ڕەوییە لە (٢٢٧) هۆنراوەدا بەکارهاتوە کە دەکاتە ڕێژەی (٤،٩٪)ی هۆنراوەکان. بەپلە

Scanned with CamScanner

(ه) دێ‌له زۆریدا ، واته له ریزی هەره پێشەوەی ڕەوییەکانی شیعری کلاسیکییە. زۆرترین هۆنراوە بەم ڕەوییە لای حەمدییە کە (٢٤) هۆنراوەی پێ نووسیوە و کەمترینییان یەك هۆنراوەیە لای شێخ ڕەزا و چڕوستانی و حیلمی و شاری.

٢٨- (م) ، نالی دەڵێ :

(فاتیحە!) تەسخیرە شاری دڵ بە تابووری ئەلەم
مودەتێکی زۆرە پاتەختە لەبۆ خاقانی غەم [٢٠٩ : ٧٢].

(م) لە ڕەوییە هەرە چالاکەکانە و لە ڕیزی پێشەوە دێ ، (١٩٠) هۆنراوە بەم ڕەوییە هەیە بە ڕێژەی (١٠,٤٪)ی هۆنراوەکان و بەپلەی (٧) دێ. زۆرترین هۆنراوە بەم ڕەوییە (٢٢) هۆنراوەیە لای سالم و کەمترینییان کە یەك هۆنراوەیە لای ئەم شاعیرانە هەیە : حەریق و بێخود و میهری و جاهید و کانی و میرزا غەفوور و ئەختەر و ئەسیری و مەلایێ باتەیی و موفتی پێنجوینی و سەلام و سەید ئەحمەد نەقیب و نالبەند.

٢٩- (ن) ، حەمدی دەڵێ :

گەر تەقازای عیشقە هەڵکەندن ، ڕەفیقان ، بێستوون
با بە تیشەی ئاهەوە هەڵچم لە چەرخی بێ ستوون [٦ : ٣٠٩].

ئەم دەنگە (ن) لەهەموو دەنگەکانی زمانی کوردی چالاکترە ، (١١٤٨) هۆنراوەی پێ نووسراوە بە ڕێژەی (٢٤,٥٪). واتە نزیکەی چارەکێکی هەموو هۆنراوەکان بەم ڕەوییە هاتوون کە بە پلە یەك دێ. زۆرترین هۆنراوە بەم ڕەوییە (٩٢) هۆنراوەیە لە هەردوو بەرگی دیوانی خادیم و کەمترینی کە یەك هۆنراوەیە لای بێوەی و فەقێ تەیران و پیرەمێرد هاتوە.

٣٠- (هـ) ، خانی دەڵێ :

ڕۆژان دگری ، بشەف دکر ئاه
ئەو ڕەنگەڕیا زەعیف ئەو ماه [٣ : ١٠١].

ئەم ڕەوییە (هـ) تا ڕادەیەکی کەم بەکارهاتوە. هەمووی (١٦) هۆنراوەی پێ نووسراوە بە ڕێژەی (٠,٣٤٪) و بەپلە (٢٢) دێ لە زۆریدا. زۆرترینی (٢) هۆنراوەیە لای جزیری و سالم و پرتەوی هەکاری کەمترینی یەك هۆنراوەیە لای نالی و مەحوی و سافی و میهری ئەحمەد موختار جاف و عەونی و شاهۆ و کەمالی و عورفی.

٣١- (و-w) ، بێخود دەڵێ :

هاتە بەزمی ئێمە دوێنێ شەو بڕۆ داسێ بەدەو
هەر بەناکامی پەلەی سەبری دڵی کردم درەو [٣٦ : ٧٦].

(و) لە ڕەوییە هەرە چالاکەکانە (١٣٧) هۆنراوەی پێ نووسراوە بە ڕێژەی (٢,٩٪)ی

Scanned with CamScanner

هۆنراوەکان و بەپلە (۹) دێ لە زۆریدا . زۆرترینی (۱۵) هۆنراوەیە لای خادیم بە هەردوو بەرگە دیوانەوە ، کەمترینی کەیەک هۆنراوەیە لای ئەم شاعیرانە هاتوە : ئەدیب و مەلا وەسمان و شێخ رەزا و مەلای گەورە و موفتی بێنجوینی و پیرەمێرد .

۳۲- (ی-ز) ، نالی دەڵێ :

وەرە ساقی بە شینی مەزهەبی دەی
ئەوا فەرشی حەیاتی خۆم دەکەم تەی[۲۰۹ : ۱۲۵] .

ئەم دەنگە لە رەوییە هەرە چالاک و لە پێشەوەکانە . هەمووی (۲۲۱) هۆنراوەی پێ نووسراوە بە رێژەی (٤٠,٧٪)ی هۆنراوەکان و بەپلە (٦) دێ لە زۆریدا . زۆرترینی (١٦) هۆنراوەیە لای سالم و کەمترینی کە یەک هۆنراوەیە لای حەریق و مەستووری و سەیدی و بێخودی و بێدار و دووسەرەیی و پرتەوی هەکاری و ئەختەر و ئەسیری و مینە جاف و لوتفی و مەلای گەورە و هەردی و حیلمی و موفتی بێنجوینی و سەلام و سەید ئەحمەد نەقیب و ئەخۆل.

- هەڵسەنگاندنێکی رەوی لە پەکێتی سەروای شیعری کلاسیکی کوردیدا :

لە وردبوونەوەیەکی ئەو سەرچاوە ژمێرییەی بۆ (٦٤) دیوانی شیعری کلاسیکی کوردی ئەنجام دراوە ، چەند ڕاستییەکمان لەبارەی ڕەوی شیعری کوردی بۆ دەردەکەوێ کە دەتوانین بە کورتی بەم جۆرە دەست نیشانیان بکەین :

۱- مەحوی لە هەموو رەوییە باسکراوەکان (۳۱) ڕەوی جۆراو وجۆری بەکارهێناوە ، ئەو بەپلە یەک دێ لەناو هەموو شاعیرەکان و دوای ئەو حەمدی دێ کە (۳۰) ڕەوی بەکارهێناوەو لەهەموشیان کەمتر مەستوورییە کە تەنیا دوو ڕەوی بەکارهێناوە. ئەمە بێگومان هۆی ئەوەیە کە شیعرەکانی مەستوورە زۆربەیان بەزاری گۆرانی و قالبی مەسنەوی نووسراون و لەدیوانەکەیدا تەنیا سێ هۆنراوە یەکێتی سەروای تێدا پەیڕەو کراوە ئەوانیش لەسەر دوو ڕەوی ناڕۆن . مەستوورە لێ دەربچێ چڕوستانی کەمترین سەروای بەکارهێناوە ، لەهەموو هۆنراوەکانیدا تەنیا (٤) ڕەوی هەیە . لەهەموو شاعیرەکان ، دوو یان سێ سەرواو بەسەرەوبان هەیە ، دەیان لە نێوان (۲۰-۲۹) سەروایان هەیە و سێ وسێیان لەنێوان (۱۰-۱۹) سەروایان هەیە و ئەوانی تر کە (۱۹) شاعیرن لە نێوان (۱-۹) سەروایان بەکارهێناوە ، بەمەوە دیارە ڕادەی هەرە زۆریان ئەوانەن کە لە (۱۰-۱۹) سەروای جیاوازیان هەیە و ڕێژەی ئەمانە لەچاو هەموو شاعیرەکان دەکاتە (٢٤,٤٪) و لە هەموشیان کەمتر ئەوانەن لە سێ بەسەرەوەیان هەیە و دەکاتە (٣,٢٪) .

۲- چالاکی ڕەوییەکان لە زۆر بەکارهاتندا ئەگەرچی لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر تا ڕادەیەک دەگۆڕێ بەڵام هەموی بەسەریەکەوە ، وەربگرین زۆر و کەمی بەکارهاتنیان لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ کە ژمارە و ڕێژەی سەدی و ڕیزی هەریەکێکیان دەردەخا :

Scanned with CamScanner

ڕەوی	ن	ر	ا	ت	ل	ی	م	د	و	ب
ژمارەی	١١٤٨	٩٩٨	٥٣٨	٢٥٣	٢٢٧	٢٢١	١٩٠	١٤٠	١٣٧	١٣٢
ڕێژەی سەدی	٢٤,٥	٢١,٣	١١,٥	٥,٤	٤,٩	٤,٧	٤,١	٣	٢,٩	٢,٨
ڕیزی	١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠

ڕەوی	ز	ش	ك	س	وو	ێ	ق	ڤ	گ
ژمارەی	٧٧	٧٣	٧٣	٦٦	٦٤	٥٧	٤٦	٤٢	٢٧
ڕێژەی سەدی	١,٧	١,٦	١,٦	١,٤	١,٢٦	١,٢	١	٠,٩	٠,٥٧
ڕیزی	١١	١٢		١٣	١٤	١٥	١٦	١٧	١٨

چ	ف	ژ	غ	ھ	ح	خ	ه	ع	ج
٢٤	٢٣	١٨	١٨	١٦	١٥	١٥	١٠	٨	٤
٠,٥١	٠,٤٩	٠,٤	٠,٤	٠,٣٤	٠,٣٢	٠,٣٢	٠,٢	٠,١٧	٠,٠٩
١٩	٢٠	٢١	٢١	٢٢	٢٣	٢٣	٢٤	٢٥	٢٦

ڤ	ص	ض	ط	ظ	ۆێ	پ	ث	ء	ژ
٣	٣	٢	٢	٢	٢	١	١	١	
٠,٠٦	٠,٠٦	٠,٠٤	٠,٠٤	٠,٠٤	٠,٠٤	٠,٠٢	٠,٠٢	٠,٠٢	
٢٧	٢٧	٢٨	٢٨	٢٨	٢٨	٢٩	٢٩	٢٩	٣٠

ژمارە و ڕێژەی سەدی و ڕیزی ڕەوییەکان

Scanned with CamScanner

٣- شتێکی ئاسایە کە ئەو دەنگانەی لە عەرەبی هەن و لە کوردیدا نین (ص ، ض ، ط ، ظ ، ث، ذ) بە ڕادەی کەم دەوری ڕەوییان دیوە ئەویش لەگەڵ ئەو وشە عەرەبییانەی کە بۆ سەروای شیعرەکان بەکارهاتوون . بگرە لە یەکێتی سەروادا هیچ ڕەوی (ذ) مان بەدی نەکرد ، ڕەنگە لە شیعری مەسنەوی تاك و تووك هاتبێ بەڵام بۆ غەزەل و قەسیدە ، نەء . ئەوەی جێگای سەرنجە ، شاعیرانی کلاسیکی بۆ ئەوەی شاعیرێتی خۆیان بسەلێنن زۆر جار بیریان لەوە کردۆتەوە کە بە هەموو کێشەکان و بەهەموو ڕەوییەکان شیعر دابنێن ، ئەگەر نا دیوانەکەیان تەواو نابێ، جا بۆ ئەو دەنگە عەرەبییانە ، لەباتی ڕەوی ، کە ڕەنگە ئەوەندە وشەیە دەست نەکەوێ کە لەگەڵ زەوق و شێوازی ئەدەبی کلاسیکی بگونجێ ، پەنایان دەبردە بەر یەك وشەی وەکو (حظ) یان (واعظ) یا (حدوث) یان (للبد) و دەیانکرد بە پاش سەروا . ئەو دەنگە عەرەبییانە وەك لەخشتەکەدا دیارە کلکەی دواوەیان گرتوە (٢٧،٢٨،٢٩،٣٠) یەمین ڕەوین .

٤- جێی سەرنجە کە ئەو دەنگانەی تایبەتین بە کوردی وەکو (گ ، ژ ، چ ، ڤ ، پ) چالاکییان لە بوونە ڕەویدا بەهێز نییە ، بەتایبەتی (چ ، ڤ ، پ) کەوتوونەتە کلکەی دواوە و تەنیا بە ڕادەی دەنگە ناکوردییەکان بەکار براون ، بەڵام (گ ، ژ) نەختێ لەوان زیاتر هاتوون ، هۆی ئەمە بەڵای منەوە بۆ چەند ئەگەرێك دەگەڕێتەوە :

- سروشتی دەنگەکان بە جۆرێ هەڵکەوتوە ، بۆتە هۆی کەم بەکارهاتنیان لە ڕەوی ، (ڤ ، ژ ، چ ، پ) دووبارە بوونەوەیان لەسەرەتاو ناوەڕاستی وشە زیاترە تا لە کۆتایی ، ئەمە وای کردوە دەوریان لە بوون بە ڕەویدا کز بێ ، ئەمە نەك هەر لەشیعری کلاسیکی لە شیعری نوێش هەستی پێ دەکرێ کە ئەم دەنگانە کەمتر دەبنە ڕەوی .

- شاعیرانی کلاسیکیی کوردمان ڕۆشنبیریان عەرەبی - ئیسلامی بوەو زیاتر فەرهەنگی عەرەبییان لە مێشك بوە تا فەرهەنگی وشەی کوردی ڕەسەن و پەتی . ئەوەندەی وشەی عەرەبی هێزی بەپتەو کردنی شێوازی شیعری کلاسیکی دەدا ، وشەی ڕەسەن پێی نەدەدا ، بگرە لە هێزی کەم دەکردەوە ، بۆیە بیریان لەبەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کوردی (کە ئەو دەنگە ڕەسەنانەیان تێدا بێ) نەدەکردەوە بەتایبەتی بۆ شوێنێکی بەهێزی وەکو شوێنی سەروا ، ئەمەش لە ڕادەی ئەم ڕەوییانەی کەم کردۆتەوە .

٥- دەتوانین دەنگەکانی ڕەوی لە زۆرییەوە بۆ کەمی دابەشی ئەم شەش کۆمەڵەیە بکەین :

- ن ، ر ، ا .
- ت ، ل ، ی ، م ، د ، و ، ب .
- ز ، ش ، ك ، س ، وو ، ێ ، ق ، ڤ .
- گ ، چ ، ف ، ژ ، غ ، ھ ، ح ، خ .

Scanned with CamScanner

- ه ، چ ، ف ، ص ، ض ، ط ، ظ ، وێ ، پ ، ث ، ء .

- ذ (نییە).

دوو- پێش ڕەوی : تەنیا ئەگەر ڕەوی بزوێنی درێژبێ پێویستی بە پێش ڕەوی نابێ ، ئەگەر پێش ڕەوی دەنگێك یان چەند دەنگێك پەیڕەو بکرێن لەبەر پێویستی نییە بەڵکو بۆ قوڵ کردنەوەی ئاواز و بەهێز کردنی تریە (ایقاع)ی شیعرەکەیە، بەڵام ئەگەر ڕەوی نەبزوێن (نیمچە بزوێنیش) بێ دەبێ دەنگێك یان چەند دەنگێکی پێشەوەی ڕەچاو بکرێ :

١- ئەگەر یەکسەر نەبزوێنێکی تری لە پێش هاتبێ ، واتە کۆتایی وشەکە بە هێشوە نەبزوێن هاتبێ ، هێشوەکە دەبێ بەتەواوی پەیڕەو بکرێ ، واتە نابێ دەنگی نەبزوێنی پێش ڕەوی بگۆڕێ .

٢- لە پێش ڕەوی نەبزوێن (وئەگەر هەبوو هێشوە نەبزوێن) ، دەبێ بزوێنەکە (کورت بێ یان درێژ) لە سەرەتا تا کۆتایی پەیڕەو بکرێ ، واتە بڕگەی کۆتایی لە ناوکەوە بە دواوە دووبارە دەبێتەوە.

٣- ئەگەر بڕگەی پێش کۆتایی ناوکەکەی (ا) بێ ، ئەم (ا)یە دەبێ لەگەڵ ناوك و پەراوێزی کۆتایی بڕگەی دوەم (کە دوا بڕگەیە) پەیڕەو بکرێ .

پێش ڕەوی بەم زاراوانە ناسراوە :

أ- ڕیدف : ئەو نەبزوێنە وەستاوە یان بزوێنە درێژەیە کە یەکسەر لە پێش ڕەوی دێ ، (بۆیە پێی دەگوترێ ریدف چونکە وەکو پاشکۆی زین وایە لەچاو ڕەوی یان وەکو ئەو کەسە وایە لە پشت سوارەوە سوار بوو بێ . ڕیدف هەرچەندە لە پێش ڕەوی دێ بەڵام پایەی لەو کەمترە چونکە بەقەد ئەو(لازم) نییە) [٣٠٢ : ٧٩] . ڕیدف سێ جۆرە :

١- ڕیدفی ئەسلی : بریتییە لە بزوێنە درێژەکانی پێش ڕەوی .

- (ا) ، ئەدەب دەڵێ :

ئەی شەککەرین دەهان و شەکەر نوتقی لەب نەبات
شیرین هەموو شەمایل و شیرین هەموو ئەبات [١٧٧ : ٢٦] .

وشەکانی سەروای ئەم هۆنراوەیە ئەمانەن : (نەبات ، ئەبات ، بات ، وەفات ، حەیات ، تات، ئیلتیفات ، نەهات ، دوعات) . لەهەموویان (ا) ڕیدف و (ت) ڕەویە . تەنیا لە (وەفات ، دوعات) نەبێ دەبێ (ا) ڕەوی بێ چونکە (ت) لەئەسلی وشەکەدا نییە و مۆرفیمێکی ڕێزمانییە. بەڵام چونکە لەگەڵ وشەکانی تر چۆتە سەروا بەندی دەبێ حیسابی ڕەوییان بۆ بکرێ.

- (وو) ، حەمدی دەڵێ :

کەسەر ڕوخساری داگیرساوی ناو ئەگریجەی وەك عوود

Scanned with CamScanner

لەسەر مەجمەر خەیالّی مشکی چینی کردە دەر وەك دوود[٦ : ٢١٨].

لەم هۆنراوەیەدا (د) رەویبە و (وو) پێش رەوی کە لە هەموو وشەکانی سەروادا هاتوە (عوود، دوود، مەوجوود، سوود، ڕوود، مەعدوود، مەحموود، مەمدوود).

- (ۆ)، حەمدی دەڵێ:

ئۆخەی ئۆخەی چەندە یارم نازەنینە و شۆخ وخۆش
وەك کریدارە بە خەندە وا بە غەمزە خود فرۆش [٦ : ٢٤٧].

ڕەوی (ش) و ڕیدف (ۆ)یە کە لەم وشانەی سەروادا دووبارە دەبێتەوە (خۆش، خۆدفرۆش، ئۆش، هۆش، خرۆش، بۆش، بادەنۆش، پۆش، خەمۆش). تەنیا لەوشەی (ئۆش)، (ۆ) ڕیدف نییە و ڕەوییە، (ش) ڕەوی نییە و پاش ڕەوییە بەلاّم چونکە لەگەڵ وشەکانی تر کەوتۆتە سەروابەندی جێگەی ڕەوی گرتوە و (ۆ) کشاوەتەوە بوە بە ڕیدف.

- (ێ)ی درێژ، سالم دەڵێ:

هەڵپڕا خوێن بە جگەرما دەمی غەمزەت لە زەمێر
هاتە جونبوش کە بە ئاهم لە دەروەندا بڕی تێر[١٠١ : ٦٨].

ڕیدفی (ێ) لەهەموو وشەکانی سەروادا (زەمێر، تێر، حەریر، ئەسیر، دەبیر) دووبارە بۆتەوە.

- (یْ)، گۆران دەڵێ:

بۆنی درەخت و دەوەنی ناو کێو
تازەی کردەوە نیو گیانی سەرلێو[١٧٣ : ١٤٠].

(و)ی نیمچە بزوێن ڕەوییە و (یْ) پێش ڕەوی.

- (وێ)، هەژار لە مەم و زینی خانیدا دەڵێ:

بیگرێزنەوە ئاشکرایە جێ و شوێن
زۆر خۆشە تلانەوەی لەسەر نوێن[٣ : ٣١٢].

(وێ) ڕیدفە و (ن) ڕەوییە.

تێبینی:

-(وو، ۆ) لەیەکەوە نزیکن، بۆیە وا ڕووەدا کە لە یەکێتی سەروادا پێکەوە بین بەسەروا بەلاّم ئەمە ڕاست نییە، بەکەم و کورتبینەکی سەروا دادەنرێ.

-لەعەرەبیدا کە ڕیدف تەنیا بە سێ دەنگ(و، ا، ی) دروست دەبێ، دەشێ (واو و یێ پێکەوە سەروا دروست بکەن. بەیەکەوە لەیەك هۆنراوە بین بە ڕیدف، واو لە دێرێك و یێ لە دێرێکی تر بێ) [٢٧٣ : ٨٨]، بەلاّم هەرگیز لەگەڵ (ا) نابن بە ڕیدف لەیەك هۆنراوەدا[٢٤٥ : ٢٥]. لە

Scanned with CamScanner

عەرەبیشدا شاعیری بەدەسەلاّت بوە، واو وتی پێکەوە نەهێناوە ، بۆ نموونە (ئیبن رومی یەکێ بوەلەو شاعیرانە خۆی بە دیاردەی ناپێویست پەستۆتەوە ، ئەو هەرگیز واو و یێی بەیەکەوە نەکردوە بە ردف)[٢٤٦ : ١٦٠].

٢- ردفی زائد : ئەو دەنگە نەبزوێنە وەستاوەیە کە لە تێوان ردفی ئەسلی و رەوی دێت ، وانە لەگەڵ رەویدا هێشوە نەبزوێن دروست دەکا ، ردفی زائد لە فارسیدا ژمارەیان شەشە ولە دوو وشەی (شرف سخن)دا کۆبوونەتەوە [٤١٠ : ١٤٩-١٥٠] . لەکوردیدا ، ئەم دەنگە نەبزوێنانە بوونەتە ردفی زائد :

- (ن) ، حەریق دەڵێ :

چاوەکەم ، ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند

نەك نەك گیر بم بەمەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند[٦٣ : ١٩].

دوای بزوێنی درێژی (ا) کە ردفە ، دوو نەبزوێن لەناوبەك هێشووە هاتوون (ن، د). بەکەمبان (ن) ردفی زائدە و دوەمیان (د) رەوییە ، ئەمە لە هەموو وشەکانی سەروا دووبارە بۆتەوە (ستاند، گراند ، رفاند ، شکاند ، چەقاند ، دراند ، هەڵگراند) .

- (س) ، خانی دەڵێ :

هەرچەندە تۆ چوویە بەر دەرێ دۆست

لێ دۆست لنك منە ل وێ بۆست[٣ : ١١٨] .

(ۆ) ردفی ئەسلییە. هێشوە نەبزوێنی (ست) ، دەنگی پێشەوەی (س) ردفی زائدە و دەنگی دوەمی (ت) رەوییە .

- (ش) ، خانی دەڵێ :

مەیلا تەبە عاشیقان دکێشت

دەردێ تەیە دڵ ژیەر دێشت[٣ : ٧] .

(ێ) کە بزوێنی درێژە بۆتە ردف و (ش)ی تێوان ردفی ئەسلی و رەوی بۆتە ردفی زائد .

٣- ردفی موەککەب : بریتییە لە ردفی ئەسلی و ردفی زائد بە سەریەکەوە (سەرجەمی ردفی ئەسلی و ردفی زائد پێی دەگوترێ ردفی موەککەب)[٤٠٣ : ١٥٥] . بەحیسابی حەرەکە و ساکینی عەرەبی ، لەم جۆرە سەروایەدا سێ ساکین کۆدەبێتەوە کە شتی وا لە فۆنۆلۆجی عەرەبیدا رێ نەدراوە ، هەربۆیەش ئەم جۆرە ردفە ، یان ردفی زائد لەعەرەبیدا نییە . خانی دەڵێ :


هەردوو تەرەفان قەبیلی کرمانج

بۆتیری قەڕا کرینە ئامانج[٣ : ٢٢] .

(ج) رەوییە و (ان) کە لە پێش رەوی هاتوون ، بە هەردووکیان ردفی موەککەبیان پێك هێناوە

Scanned with CamScanner

.لێکی بکەیتەوە دەبێ بە ڕیدفی ئەسلی (بزوێنی درێژ) و ڕیدفی زائد نەبزوێنی ساکن .



ب- قەید : ئەو نەبزوێنەیە کە لە تێوان بزوێنی کورتی بڕگەی کۆتایی و ڕەوی دێ . لە فارسیدا بەم جۆرە پێناسەی کراوە (هەر ساکنێکی جگە لە -واو و ئەلف و یێ - یێ دابڕان پێش تیپی ڕەوی یێ ، پێی دەگوترێ قەید) [٤١٠ : ١٥٣] . لە فارسیدا قەید (١٠) دەنگە و لە ڕستەی (سەشب فرخ نغز) کۆبوونەتەوە و بەم دێرە شیعرەیش پێشان دراون :

باء و خاء و ڕای و سین و شین
غەین و فاء و نون و ها می دان یقین [٤١٠ : ١٥٣] .

لەعەرەبیدا زۆرە بەڵام پەسند نەکراوە ، عەبدوللا مەجزووب لە هەڵسەنگاندنی قەیددا دەڵێ (زەحمەتترین سەروای موقەییەد سەروای موتەرادیفە کە لە کۆتاییدا دوو ساکن بەدوای یەکەوە بێن، بەڵام لەویش زەحمەتتر ئەوەیە دوو ساکینەکە نەبزوێن بن وەکو - سحل ، فحل - ئەمە جۆرێکی سەختە و شاعیرەکان خۆی لێ لا دەدەن، تەنیا لە مەشتووڕە کورتەکان دێن)[٣١٤ : ٤٢]. بۆ زیاتر ڕون کردنەوەی قەید و شوێنی نیمچە بزوێن تێبدا ، دەڵێ : (ئەگەر تیپی پێش ڕەوی وەستاو ، یێی یان واوی وەستاوێ و پێشیان مەفتووح بێ ، وەکو یوم ، دوم [٣٣] ، لەسەختیدا وەکو دوو ساکین وایە) [٣١٤ : ٤٢] .

جیاوازی تێوان قەید و ڕیدفی زاید لە بزوێنی پێشەوەیاندایە ، ئەگەر بزوێنەکە درێژ بێ ڕیدفی زائدە و ئەگەر کورت بێ قەیدە .

لە کوردیدا قەید دوو جۆرە و هەر جۆرەی چەند دەنگێك دەگرێتەوە .

- قەیدی نیمچە بزوێن : ئەو بزوێنانەن کە لە بەکارهاتندا وەکو نەبزوێن پەراوێز دەگرن و لێرەدا لەگەڵ ڕەوی دەبن بە هێشووی دواوەی بڕگە .

• (و-w) ، مەولەوی دەڵێ :

فەقێ بێ تەدریس ، مەدرەسە بێ زەوق
مزگی بێ ئیمام ، جەماعەت بێ شەوق [١٨٦ : ٢٨٧] .

---

(33) ئەم دوو شوونە هەردووکیان بۆ (و) هاتوون ، ئەگەر شوونەیەکی (ی) بایە باشتر بوو وەکو بیت .

Scanned with CamScanner

(ق) ڕەوییە و (و)ی نیمچە بزوێن قەیدە . بەهەردووکیان (-وق) هێشووی پەراوێزی کۆتایی بڕگەی دواوەیان پێك هێناوە .

• (ی-y) ، مەولەوی دەڵێ :

گێچ سەرکاوان چە سەرد بین کەیل

بۆ مەیان چون بۆی بێ وەفایی لەیل [١٨٦ : ١٦٠] .

(ل) ڕەوییە و (ی) نیمچە بزوێن قەیدە . لێرە (یل) بۆتە هێشووی پەراوێزی دواوەی بڕگەی کۆتایی وشەکانی سەروا .

- قەیدی نەبزوێن : ئەو نەبزوێنەیە کە لە وشەی سەروا بێ بە قەید. باوترینیان ئەمانەن :

• (س) ، حەمدی دەڵێ :

ئەو سەروو قەدە سەرکەش و من خاکسارو پەست

چ بکەم خوا کە دامەنی جارێ بگرمە دەست [٦ : ١٨٧] .

• (ش) ، خانی دەڵێ :

وان سەیرگەهان تولێ دکی گەشت

ئەز مامە ژبۆ مرا دەرو دەشت [٣ : ١١٢] .

• (ر) ، حەمدی دەڵێ :

وەختی شەفەق ، لە غەریبەوە یارم کە کەوتە بەرق

عالەم وتی قیبیامەتە خۆر غەریبی کرد بە شەرق [٦ : ٢٦٧] .

• (ف) ، خانی دەڵێ :

خونچەژ خەوا سەحەر قەپشکفت

وێ بوویی ب بولبولێ خوە ڕاجفت [٣ : ١٣١] .

• (ن) ، ئەدەب دەڵێ :

ئەگەر زینانە ، گەر ڕارە وە گەر بەند

بەسە ، جانا ، عەزابی مە هەتا چەند [١٤ : ٣٥] .

• (ل) ، خانی دەڵێ :

مەحبوبێ قولووبێ (من له القلب)

قەلبان تو دکی ب بال خۆقە جەلب [٣ : ٣] .

ئەگەر چی (ل) لێرە لە وشەی عەرەبیدا هاتوە بەڵام لە شیعری کوردیدایە .

• (خ) ، حەمدی دەڵێ :

بۆ گەدایانیان بەجێ هێشت پادشاهان تاج و تەخت

ئاسمان بۆ پارە وەك سەحرا ئەکەن یەکپارە تەخت [٦ : ١٨٦] .

Scanned with CamScanner

لێرەدا ، ئەگەر چی یەك وشەیە لە هەردوو لەتدا بۆتە وشەی سەروا (تەخت) بەلأم لەهەریەکێکیاندا مانایەکی هەیە ، (پەگەز دۆزی)یە. هەموو وشەکانی تری سەروای هۆنراوەکە ئەم قەیدەیان تێدا پەیرەوکراوە (بەخت ، سەخت ، نەخت ، درەخت ، جەخت) .

•(هـ) ، خانی دەڵێ :

تاجدین و بران ب شەربەتەك زەهر

تو دشی دەمەکی ئەوان بکی قەهر[٢ : ١٦٣] .

• (ب) ، مەلایێ باتەیی دەڵێ :

(اهبطوا منها جمیعا) هاتە ئەمر

ئادەما دی بێتە قە لێکن ب سەبر[٥١ : ٣١] .

بینای کێش و سەروا لەسەر زەربە نەك عەروز ، بۆیە سەروای سەرەکی لەزەربدا دێ بەلأم لێرە لەبەر ئەوەی مەسنەویبە دەبێ سەروا لە هەردوو لەتدا پەیرەو بکرێ ، ئەوەی جێی سەرنجە قەید لەلەتی دوەم (ب)ە ، بەلأم لەلەتی یەکەم (م)ە ، ئەمە یەکێکە لە کەم و کورتییەکانی قەید، نابێ شاعیری بالأ دەست رێگا بەم جۆرە عەیبەبدا .

• (م) ، نمونەکەی سەرەوە ، ئەم قەیدەیشی تێدایە .

• (ص ، ظ) ئەم دوو دەنگە عەرەبین و لە ئەسلدا لەکوردیدا نین . هاتنی هەردووکیان وەك قەیدی یەك دێری مەسنەوی یان لەیەك هۆنراوەدا ، یەکێکە لە کەم و کورتییەکانی قەید ، بەلأم لێرەدا ، هەردووکیان بە (ز) دەخوێنرێنەوە لە کوردی ، بۆیە ئەگەر قەیدەکە بکرێ بە دەنگی (ز) بۆ هەردووکیان ، کارەکە لەبارترە ، خانی دەڵێ :

دەم هاضمە بێت ئەوێ بکەت هەضم

دەم دافیعە بێت ئەوێ بکەت کەظم[٢ : ٢٠٦] .

ڕوون کردنەوە : ئێمە لە کوردیدا ، تەنیا ئەم (١٤) قەیدەمان کەوتە بەرچاو ، کە دووبیان (و-w ، ی-y) نیمچە بزوێنن و دوازدەیان نەبزوێنن . لەمانەش دووبیان دەنگی تایبەتین بە زمانی عەرەبی ولەکوردیدا نین (ص ، ظ). ئەگەر بە پێی فۆنۆلۆجی کوردی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین دەبن بەیەك دەنگ(ز) و بەمەوەش ژمارەی قەیدە نەبزوێنەکان دەبێ بە یازدە . کەچی لەفارسیدا دە دەنگبۆ قەیدی نەبزوێن دیارکراوە . لەبەراوردکردنی قەیدی نەبزوێنی کوردی و فارسی دەردەکەوێ :

نۆ دەنگ لە هەردوو زمان هاوبەشن (س ، هـ ، ش ، ب ، ف ، ر ، خ ، ن ، ز) دەنگێك لە فارسی هەیە ولەکوردیدا نییە (غ) ، دوو دەنگیش لە شیعری کوردی هاتوون و لە فارسیدا نین (ل ، م) . جگە لە قەیدی نیمچە بزوێن کە دوو دەنگن (y،w) فارس لە لێکۆڵینەوەی سەروا ناسیدا نەیانخستوونەتە ناو قەیدەکانەوە ، کەچی لەعەرەبیدا باسیان کراوە بەلأم نەك بەناوی قەید ،

Scanned with CamScanner

تەنوخی ئەم دوو نیمچە بزوێنەش بە رێدف دەڕانێ بەلأم ڕاڕاوەی (الجزم المبسط)ی بۆ داناون، بەرامبەر بە رێدفی (وی)ی بزوێن کە پێیان دەڵێ (الجزم المرسل) [٢٧٣ : ٨٤].

جـ- تەئسیس : ئیبن ڕەشیق لە پێناسەی تەئسیسدا دەڵێ : (ئەلفێکە لەگەڵ ڕەویدا تێپێکیان بەینە دەشێ ئەو تیپە بگۆڕێ) [٢٤٦ : ١٦١]. تەئسیس دەبێ وەکو ڕەوی لەسەرەتاوە تا کۆتایی هۆنراوە پەیڕەو بکرێ، ناشێ (ا)ی تەئسیس بگۆڕێ ولە دێڕێکی تر ببێ بە (و) ولە یەکێکی تر ببێ بە (ی)، هۆیەکەش ئەوەیە (ئەلفی مەد لە تیپەکانی تری مەد، لەبەر گوێ ئاشکراترە، بۆیە شاعیر و عەرووز ڕانەکان زیاتر بایەخیان پێداوە، نەک هەر پێش ڕەوی (کە دەبێتە رێدف) بەڵکو کاتێ لەگەڵ ڕەوی تێپێکیشیان بکەوێتە نێوان شاعیر هەر ئیلتزامی پێ دەکا و عەرووز ڕانەکان بە واجیبی دەڕانن شاعیر پەیڕەوی بکات ... هۆی ئاشکرایی دەنگی (ا) زیاتر لە بزوێنەکانی دی ئەوەیە کە ماوەیەکی زەمەنی زیاتری دەوێ بۆ گۆڕان) [٢٤٣ : ٢٧٢-٢٧٣]. هەر لەبارەی ئەم تەئسیسەوە ڕاناکانی عەرووزی عەرەبی مەرجێکی تریشیان بۆ داناوە : دەبێ (ا)ی تەئسیس و ڕەوی لەیەک وشەدا بن، ئەگەر بەسەر دوو وشە دابەش ببن بە تەئسیس دانانرێ (ئەگەر ڕەوی لە وشەیەک و تەئسیس لە وشەیەکی تر بێ، لەبەر دووری بە تەئسیسی دانانێن) [٢٤٦ : ١٦١]. ئەم ئەلفە بۆیە پێی دەگوترێ تەئسیس چونکە (لە پێش هەموو تیپەکانی سەروا دێ ولەم بارەیەوە وەکو بناغەی خانوو وایە) [٢٤٧ : ١٥١]. حەمدی دەڵێ :

فەلاتوون بۆیە وتوویە نابێ قەت ئەمسالی خۆر جازیب
بزانە چۆنی ڕاکێشا، بە ڕووی یاری کە کرد حاجیب [٦ : ١٨٣].

(جازیب، حاجیب) وشەی سەروان. (ب) ڕەوییە، (ا) تەئسیسە. ئەم ئەلفە لەهەموو وشەکانی تری سەروای هۆنراوەکە پەیڕەو کراوە (نائیب، واجیب، غائیب، غالیب، کازیب، تالیب) ئەگەر تەئسیس لە دێڕێک بێت ولە دێڕێک نەیەت، ئەمە دەبێ بە کەم و کورتی) [٢٥١ : ٩] چونکە ئاوازی وشەکە دادەلەنگێ.

د- دەخیل : ئەو دەنگە نەبزوێنەیە کە ڕاستەوخۆ دوای ئەلفی تەئسیس دێ. ئیبن جنی بەم جۆرە پێناسەی دەخیلی کردوە : (ئەو تیپەیە کە دەکەوێتە نێوان تەئسیس و ڕەوی، وەکو ڕای - المنازل - و هائی - الدراهم) [٢٤٥ : ٢٧]. هۆی ناونانی ئەم دەنگەی بە دەخیل بەم جۆرە لێک داوەتەوە (بۆیە پێی دەڵێن دەخیل چونکە وەکو دەخیلی ناو مێللەت وایە، بە پێچەوانەی ئەسلەکەوە دێ. هەرچەندە لە دوای تێپێک دێ کە نابێ بگۆڕێ ئەو خۆی دەشێ بگۆڕێ. لە بنچینەدا هەق وانییە ئەم تیپە بگۆڕێ چونکە لەتیپی پێش خۆی، زیاتر لە کۆتایی سەرواوە نزیکە، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی ئەم بنچینەیەیە، وەکو پاشکۆیەکی سەروای لێ دێ، دەشێ بۆیە پێی بگوترێ دەخیل چونکە دەچێتە نێوان تەئسیس و ڕەوی) [٣٠٢ : ٨٢]. و سیبان ڕای وایە کە دەخیل دەشێ بگۆڕێ و مەرج نییە لە هەموو دێڕەکان پەیڕەوی بکرێ، ئیبن ڕەشیقیش هەر وای بۆ

Scanned with CamScanner

دەچێ (خەڵك هەموو ڕایان وایە کە دەخیل دەگۆڕێ ، بگرە هەندێك هەر ناویان نەهێناوە چونکە لە گۆڕان و جیاوازیدایە ، بەشێکی نا پێویستی سەروایان ڕانیوە و خۆیان لێ بێ دەنگکردوە)[٢٤٦ : ١٦١]. مەحوی دەڵێ :

کەلامێکە لە حیکمەت کەیل و جامیع
عەتاکەر هەریەکە ، هەر ئەوشە مانیع[١٨٠ : ١٦٧].

وشەی سەروا (جامیع ، مانیع)ن . (ع) ڕەوی و (١) تەئسیسە ، (م ، ن) دەخیلن . وەك دیارە دەخیل لەم دوو وشەیەدا یەك نییە و گۆڕانی بەسەردا هاتوە. بۆ وشەکانی تریش هەمان شتە (نافیع ، قانیع ، فاقیع ، تابیع ، جوامع ، قاتیع) وەك دیارە لەم (٧) دێڕ (٨) سەروایەدا ، دەنگەکانی دەخیل (م ، ن ، ف ، ق ، ب، ت) تەنیا دووبیان دووبارە بوونەتەوە (م ، ن) ، ئەوانەی تر تەنیا یەکە و جار هاتوون . پەیڕەو کردنی دەخیل لەسەرایای هۆنراوەدا ، جۆرێکە لە خۆبەستنەوە بەشتی ناپێویست . (لزوم ما لایلزم) و ئەگەر چی ئیقاعی وشەی سەروا پتەوتر دەکات بەڵام دەبێ بەبارگرانییەکی زیادەکی بەسەر ئەستۆی شاعیرەوە ، بە تایبەتی ئەگەر هۆنراوەکە درێژ بێ .

٥- ئیشباع (الاشباع) : ئیشباع (حەرەکەی تیپی دەخیلە)[٢٤٥ : ٢٩]. ئەم بزوێنە کورتەی دوای دەخیل (کە دەکەوێتە پێش ڕەوی) . خەلیل دەڵێ دەشێ لە دێرێکەوە بۆ دێرێکی تر بگۆڕێ بەڵام ئەخفەش دەڵێ نابێ بگۆڕێ[٢٤٦ : ١٦١] . قازی ئەبولفەزڵ ڕای لەگەڵ خەلیل یەك دەگرێتەوە ، دەڵێ (بزوێنی دەخیل مادام ئیشباع بێ دەشێ لە تێوان سەرو بۆرو ژێردا بگۆڕێ)[٢٤٦ :١٦١]. بەڵام ئەم گۆڕانە لە تێوان بۆروژێردا کەمترە تا لە تێوان سەرلەگەڵ هەریەکێ لە بۆروژێردا . ئەبوعەلاء دەڵێ دەخیل بەزۆری بزوێنەکەی ژێرە ، ئەگەر بەبۆریان سەر بێ ئەمە ناپەسندە ، هاتنی بۆروژێر لە گوین ترە چونکە وەکو جوێتە خوشك وان ، کەچی سەرلەگەڵ هەریەکێ لەمانە بێ درێژی دەکا)[٢٥١ : ١٢] ئیشباع بەزۆری ژێرە ئیبن جنی دەڵێ : (تەئسیس بەزۆری بە دەخیلی ژێربار هاتوە دەشێ دەخیلەکەی بۆریش بێ بەڵام (سەر) بارەکەی کەمە)[٢٧٣ : ٨٢]. لەعەرەبیدا ، ئەوندە شیعر بەتەئسیس و ئیشباعی ژێر نووسراوە وەکو پێویستی لێ هاتوە ، هۆنراوەی بە ئیشباعی سەرزۆر کەم دەست دەکەوێ ، دئیبراهیم ئەنیس لەبارەی بزوێنی ئیشباعەوە دەڵێ : (عەرووز ڕانەکان وایان پێ بەسندە ، ئەگەر ئەلفی تەئسیس هەبوو، تیبەکەی تێوان تەئسیس و ڕەوی بزوێنەکەی دواوەی ژێر (کەسرە) بێ)[٢٤٣ : ٢٧٤]. لە کوردیدا ، بەتایبەتی لەغەزەل و قەسیدەدا ، ئیشباع و دەخیل و تەئسیس لەو کاتە دێن کە وشەکانی سەروا عەرەبی بن ، لەهەموو هۆنراوەی کلاسیکی کوردی هۆنراوەیەك دەست ناکەوێ هەموو وشەکانی سەروای وشەی کوردی بە تەئسیس بن ، ڕەنگە بەدەگمەن لەمەسنەویدا هەبێ بەڵام ئەوێش پشووی کورتە. گەڕانەوەیەك بۆ دوو نموونەکەی پێشەوە (تەئسیس) و (دەخیل) دوو ڕاستیمان لەم بارەیەوە بۆ دەردەخا : ١- هەموو وشەکانی سەروای هەردوو هۆنراوە . وشەی عەرەبین . ٢- بزوێنی ئیشباع لە هەردووکیاندا

Scanned with CamScanner

ژێرە (کسرە) بەو لە هیچ وشەیەکدا ئەم بزوێنە نەگۆڕاوە. گۆڕانی ئەم بزوێنە بۆتە بەکێ لە کەم و کورتییەکانی سەروا. نموونەیەکی ئیشباع، حاجی دەڵێ:

مەعدەنی عیلم و عالیمی عامیل
قوتبی دەوران و مورشیدی کامیل [٦٠ : ٢٢١].

بزوێنی کورتی دوای (م)ەکان ئیشباعە.

و- تەوجیە (التوجیە): (بزوێنێکی کورتە لە پێش ڕەوی نەبزوێن دێت) [٢٤٥ : ٢٩]. لە بارەی ناونانی ئەو بزوێنەیە بە (تەوجیە)، سەبیان دەڵێ (بۆیە پێی دەگوترێ تەوجیە چونکە بزوێنی پێش تیپی وەستاو وەکو بزوێنی خۆی وایە، وەك ئەوەی ئەو ڕەوی ئاراستە بکات و ڕەوی وەکو قوماشی دوو ڕوو، دوو ڕوی هەیە وەستان و بزوان) [٣٠٢ : ٨٥]. گۆڕانی بزوێنی تەوجیە لە دێرێکەوە بۆ دێرێکی تر بەکەم و کورتی سەروا دانراوە. تەوجیە و ئیشباع لەم ڕووەوە وەکو یەك وان کە هەردووکیان بزوێنی کورتن و پێش ڕەوین و دەبێ بەیەکەوە بکرێن بەڵام تاکە جیاوازییەکیان لەوەدایە کە ئیشباع لەگەڵ تەسیس دێ و تەوجیە لە کاتێکدا دێ کە تەسیس نەبێ.

مەحوی دەڵێ:

ئەوەندەی نەهلی دونیان ئەهلی دونیا، تاقە ڕۆژێ گەر
بەقەرێ من ئەوەند ئەهلی خودا بم دەبمە پێغەمبەر [١٨٠ : ١٣٠].

وشەکانی سەروا (گەر، پێغەمبەر)، ڕەویان (ر)یەو بزوێنی پێش ڕەوییەکە (ە) کورتەو پێی دەگوترێ (تەوجیە).

چەند تێبینییەك لەبارەی دەنگەکانی پێش ڕەوی:

١- تەسیس و ڕیدف هەرگیز بەیەکەوە لەیەك وشەدا کۆنابنەوە، چونکە ئەگەر (ا)ی تەسیس هەبێ، بزوێنی درێژی ڕیدف نابێ، ئەگەر بزوێنی درێژی ڕیدف هەبێ، تەسیس نابێ. دەشێ وشەیەکی سەروا هیچ یەکی لەم دوانەی تێدا نەبێ، بەڵام ناشێ هەردووکیانی تێدا بێ. ئەمەش ئاساییە کە تەنیا (موئەسسەس)یان تەنیا (موردەف) بێ.

٢- ئیشباع و تەوجیە هەرگیز بەیەکەوە نایەن، چونکە هەردووکیان لە پەیوەندییان بە ڕەوییەوە یەکن، بزوێنی کورتی پێش ڕەوین بەڵام جیاوازی تێوانیان لە ئەلفی تەسیس پەیدا دەبێ کە تەسیس هەبێ، دوای تەسیس دەخیل دێ و بزوێنی دوای دەخیل ناوی دەبێ بە ئیشباع و ئەگەر تەسیس نەبێ، یەکسەر بزوێنە کورتەکە دەبێ بە تەوجیە. دەشێ وشەیەکی سەروا هیچ یەکی لە ئیشباع و تەوجیەی تێدا نەبێ.

٣- لە پێش ڕەوی، تەنیا دەخیل بۆی هەیە بەیەکەوە نەکرێ و لە دێرێکەوە بۆ دێرێکی تر بگۆڕێ

Scanned with CamScanner

دەنگەکانی تر هەموویان دەبێ لە هەموو وشەکانی سەروادا وەکو خۆیان دووبارە ببنەوە ئەگەر نا بەکەم و کورتی دادەنرێ.

دەنگەکانی سەروا تا رەوی (بەرگە) : ئەو دەنگانەی کە لە کوردیدا رەوی و پێش رەوی پێك دێنن بە پێی برگە بەم جۆرە دەردەکەون :

أ- بزوێنی درێژ : - v -

ب- بزوێن (کورت یان درێژ) + نەبزوێن : c v -

ج- بزوێن (کورت یان درێژ) + نەبزوێن + نەبزوێن : -ccv .

د- بزوێن (کورت یان درێژ) + نەبزوێن + بزوێن (کورت) - v - c v -

ئەوەندە وەك پێویستی دروست بوونی ئیقاعی سەروا دەبێ لە وشەکانی سەروادا هاوبەش بن ئەگەر نا سەرواکە دروست نییە و ناتوانێ لەنگەر راگرێ. بەڵام زۆر ئاسایە کە لە شیعری کورتی وەك مەسنەوی یان لە شیعری تریشدا شاعیر لەمە زیاتر پەیڕەوی یەکسانی دەنگەکان بکات بەمەوە تریە و ئاواز و رایەڵەی سەروا پتەوتر و کاریگەرتر دەبێ بەڵام ئەرکی شاعیر زیاد دەکات چونکە وشەکانی سەروا لەم رووەدا کەمتر دەبێتەوە و بواری رستەی لەگەڵ هەست و بیرو سۆزدا گونجاوی لێ تەسکتر دەبێتەوە . لە کوردیدا تا ئەم سنوورانەی خوارەوە پەیڕەوی دەنگو برگە کراوە :

أ- نەبزوێن + بزوێن (درێژ) : c v - حاجی قادر دەڵێ :

کام حەدیس و ئایەتی موعجیز نوما

هاتوە بۆ پەغمبەتی پەقس و سەما [٦٠ : ٢٠٤] .

وشەکانی سەروا (موعجیز نوما ، سەما) ، لە دوو دەنگی کۆتایی (ما) (-vc) هاوبەشن . لەبەر ئەوەی بزوێنی کۆتایی درێژە ، بە تەنیا دەکرا ببێ بە سەروا ، بەڵام شاعیر بۆ زیادکردنی ئاوازی هۆنراوەکە نەبزوێنی (م)ی لە پێش ئەو بزوێنە هێناوە .

ب- نەبزوێن + بزوێن (کورت یان درێژ) + نەبزوێن : c v c واتە برگەیەکی تەواوی ناخراو لە کۆتاییدا دەبێ بە سەروا، حاجی دەڵێ :

لە دەشت و دێ و ویلایەت ببنە ئەحباب

وەکو شەخسێکی واحید بن لە هەریاب [٦٠ : ٢٣٣] .

وشەکانی سەروا (ئەحباب ، باب) برگەی کۆتاییان (باب) وەکو یەك وایە ، تەنانەت دووەمیان هەر لەو برگەیە پێك هاتوە و وەکو بەشی دواوەی وشەی پێشوو خۆی دەنوێنێ .

ج- نەبزوێن + نەبزوێن + بزوێن (درێژ) : - v c c - ، لێرەدا وەك دیارە دەنگە هاوبەشەکان کەوتوونەتە نێو دوو برگەی کۆتاییەوە ، پەراوێزی کۆتایی برگەی پێشەوە و برگەی

Scanned with CamScanner

کراوەی دواوە، حاجی دەڵێ :

لە ئادەم بگرە تا دەورای ئێستا
بەکێکە حاجی لەو خاکە هەڵستا[٦٠ : ٢٥٣].

دەنگە هاوبەشەکانی وشەکانی سەروا (ستا) بەسەر دوو بڕگەدا دابەش بوون ، (س) لەگەڵ بڕگەی پێشەوە دایە (ئێس ، هەڵس) و (تا) بڕگەی کراوەی سەربەخۆیە.

د- بزوێن (کورت یان درێژ) + نەبزوێن + بزوێن (درێژ) : - v - v c - لێرەشدا ، دەنگە هاوبەشەکان بەسەر دوو بڕگەدا دابەش دەبن ، ناوکی بڕگەی پێشوو و بڕگەی کراوەی دواوە ، خانی دەڵێ :

لێ سەنعەتێ وی حەکیمێ ڕانا
نەقشێ ئەوی قادرێ تەوانا[٣ : ١١].

دەنگە هاوبەشەکان ئەمانەن (-انا) ، (ا) ناوکی بڕگەی پێشەوەیە و (نا) بڕگەی کراوەیە .

هـ- بزوێن (کورت یان درێژ) + نەبزوێن + بزوێن (کورت یان درێژ) + نەبزوێن : v - c v c - ، لێرەشدا دەنگە هاوبەشەکان لە دوو بڕگەدان ، ناوکی بڕگەی پێشەوە و بڕگەی ناخراوی دواوە ، حاجی دەڵێ :

بە فیکرت دێ زەمانێ چووینە بەڵەک
بەیێ خاوسی، نەکەوشم بوو، نەکڵەک[٦٠ : ٢٤٦].

دەشێ لە وشەکانی سەروادا (بەڵەک ، کڵەک) دەنگی (ا) بە تەنسیس لێک بدرێتەوە و (ڵ)ەکە دەخێل (ە)ی پاش (ڵ) ئیشباعە. لەم حاڵەتەدا ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ دەخێل پەیڕەو کراوە کە پەیڕەو نەکردنیشی لە کێشناسیدا هەر ڕەوایە .

و- بزوێن (کورت یان درێژ) + نەبزوێن + نەبزوێن + بزوێن : - v c c v - ، دەنگەکانی سەروا دەچنەوە سەر دوو بڕگە ، بڕگەی پێشەوە پەراوێزی پێشەوەی ئازادە و بڕگەی دواوەش کراوەیە . لەبەر ئەوەی بزوێنی دوو بڕگە دەکەونە ناو ئاوازی سەرواکە ، مەرج نییە بزوێنی کۆتایی درێژ بێ ، بە درێژی و بە کورتیش هاتوە ، بۆ بزوێنی درێژ نالی دەڵێ :

حیرەت زەدە، وا دیدە وەکو حەلقەیی دەرما
بێ پایە نییە عاشیقی بێچارە بفەرما [٢٠٩ : ٥٠].

لە وشەکانی سەروا (دەرما ، بفەرما) ، دەنگە هاوبەشەکان (-ەرما) بەسەر دوو بڕگەدا دابەش بوون (-ەر) و (ما-) . لێرە تەنیا (ا)ی کۆتایی ، چونکە بزوێنێکی درێژە، بەس بوو بۆ سەروا ، ئەوانەی تر هەموو زیادەن و بۆ زیاد کردنی مۆسیقیەتی سەروا هاتوون.

Scanned with CamScanner

نموونه بۆ بزوێنی کورت، وەکو حاجی دەڵێ :

دەوەن ئاخیر دەبێتە یاری گەورە
مەڕی لەڕ خدمەتی بۆ گۆشتی چەورە [٦٠ : ٢٦٠].

ز- ئەگەر وشەکانی سەروا ڕەگەز دۆزی بن ، ئەو حاڵە دەنگە هاوبەشەکان هەموو بڕگەکانی وشەکە دەگرێتەوە هەرچەندی هەبێ . حاجی دەڵێ :

سەد وەکو ڕۆستەم بە دڵ قەمچی لە ڕەخشی دا ، بەزی
وەک گەیشتە خەندەکی پایانی عومری دابەزی [٦٠ : ١٦٤].

کۆتایی هەر دوو لەتە دێڕ ڕەگەز دۆزیبە (دابەزی) ، لە یەکەمیان (دا) فەرمانی لێدانە و بەزی لە بەزینەوە هاتوە ، لە دووەمیاندا دابەزی لە فەرمانی دابەزین (پیابوون) ەوە هاتوە . پێش ئەویش لە هەردوو لەتدا (ی) هەیە ، واتە دەنگە هاوبەشەکان ژمارەیان (٧) ەو بەناو چوار بڕگەدا دابەش دەبن : ٧ - ٧ - ٧ - ٧ - ٧ - کە هەموویان بڕگەی کراوەن .

سێ- پاش ڕەوی : ئەو دەنگە زیادانەیە کە وەکو مۆرفیمی ڕێزمانی بە کۆتایی وشەی سەرواوە دەلکێن ، چونکە لە کوردیدا وشەی سەروا ، بەشێوەی ڕووت و ڕەسەنی خۆی بەڕەوی کۆتایی دێ ، ئەنبا ئەگەر کۆتاییەکەی بزوێنی کورت بێ ، جا کە لە ڕەوتی ڕستەی دێرە شیعردا زیادەیەکی ڕێزمانی پێوەلکا ، ئەم زیادەیە بە پاش ڕەوی دەناسرێ . لەعەرەبیدا پاش ڕەوی دوو جۆرە :

١- تیپێکە دوای ڕەوی دێ و پێبەوە دەلکێ و یەکێکە لەم چوار تیپە : و ، ا ، ی ، ھ وپێی دەگوترێ (الصله) یان (الوصل) [٢٧٣ : ٩٨].

٢- ئەو تیپەیە کە لە (ھ)ی (صله)ی بزواوەوە پەیدا دەبێ ، ئەگەر حەرەکەی (ھ) بۆر بێ دەبێ بە (واو) و ژێر بێ دەبێ بە (ی) و سەر بێ دەبێ بە (ا) ، ئەمەش پێی دەگوترێ خروج [٢٧٣ : ٩٨].

واتە (ھ)ی وەستاو (صله)یەو (و ، ا ، ی) ئەگەر لە ئیشباع کردنی حەرەکەی ڕەوییەوە هاتبن (صله)ن و ئەگەر لە ئیشباع کردنی (ھ)ی (وصل)وە هاتبن (خروج)ن . لەوە بترازێ لە عەرەبیدا هەر زیادەیەکی بێتە سەر وشەی کۆتایی نابێ بە پاش ڕەوی .

کەچی لەفارسیدا ، جگە لە (وصل) و (خروج) دوو دەنگی زیادەی تریش هەن (مەزید ، نایرە). بەم جۆرە پاش ڕەوی لە فارسیدا دەبێ بە چوار (وصل ، خروج ، مەزید ، نایرە) . (وصل) و (خروج)ی فارسی لەوانەی عەرەبی جیایە . لە فارسیدا وصل (ئەوەیە کە ڕەوی بەوەوە بلکێ و ئەمە لە شیعری فارسیدا ئەلف و دال و کاف و هاو یاو تیپەکانی ئیزافە و کۆو چاوگ و بچووک کردنەوە و پەیوەندین) [٤٠٢ : ٢٣٩] ، قەیسی ڕازی یەکەو دێرە شیعری بە نموونە بۆ ئەم (وصل)انە هێناوە. [٤٠٢ : ٢٣٩-٢٤٠] . (خروج)یش لە فارسیدا بە دەنگی تایبەتی نەبەسراوەتەوە ، هەر دەنگێکی

Scanned with CamScanner

دوای (وصل) بێ به (خروج) دادەنرێ [٤٠٢ : ٢٤١]. کەچی دوەکەی تر کە تایبەتێن بە فارسی یەکەمیان (مەزید) (ئەوەیە کە خروج پێیەوە دەلکێ و بۆیەش پێی دەگوترێ مەزید چونکە لە عەرەبیدا ئەو پەڕی تیپی سەروا تا خروج دەڕوا، جا ئەگەر لەسەروای عەجەم، تیپێك لەوە زیاتر بێ پێی دەگوترێ مەزید) [٤٠٢ : ٢٤١] و جۆری تیپەکەیان دەنگەکەی دیار نەکردوەو بە پەهایی جێی هێشتوە. دوەمیشیان (نایرە)یە، ئەویش (ئەوەیە کە تیپی مەزیدی پێوە دەلکێ، بنچینەی ئەم ناوە لە -نوار- هاتوە کە مانای ڕاکردنە و (نار)یش هەر بۆیە بە ئاگر دەگوترێ چونکە لە گڕی هالاوگرتوو بلاو بوەوە دایە، دەڵێن -امرأە نوار- واتە ئەو ژنەی پارێزگارەو لە کاری خراپە دوور دەکەوێتەوە، جالەبەر ئەوەی ئەم دەنگە ئەو پەڕی تیپەکانی سەروایە، بە دوو پلە دوورتر دەکەوێتەوە و پێی دەگوترێ نایرە ... وا دەبێ کە نایرە دووبارەبێتەوە و دوو سێ نایرە بە دوای یەکترا دێن) [٤٠٢ : ٢٤١-٢٤٢]. لە کوردیدا، وامان بە چاك زانی هەر زیادەیەکی بێتە سەر ڕەوی لە ژێر ناوی پاش ڕەوی لێی بکۆڵینەوە بێ ئەوەی ئەو ڕاڕاوانەی بۆ دابنێین چونکە جیاوازییەکی نەواو لە نێوان کوردی و عەرەبی و فارسیدا هەیە لە ڕووی ئەو دەنگە زیادانەوە. پاش ڕەوی لە کوردیدا دوو جۆرە:

أ- پاش ڕەوی ئەسلی ئەو بزوێنە کورتەیە (ە) کە لە کۆتایی ئەسلی وشەی سەروادایە، ئەم دەنگە وە نەبێ زیادەی ڕێزمانی بێ، بەڵکو بەشێکە لە وشەکە خۆی بەڵام لەبەر بێ هێزی نابێ بە ڕەوی و نەبزوێنی پێشەوەی دەبێ بە ڕەوی، ئیدی ئەو دەکەوێتە خانەی پاش ڕەوییەوە، پاش ڕەوی ئەسلییە، حاجی دەڵێ:

زۆر سەگم دیوە فەقەت نەمدی ڕەقیبی هەندە سە
وەزعی نامەوزون دەبێ وەك خانوویی بێ هەندە سە [٦٠ : ٢٧٢].

(ە)، هەرچەندە لەهەر دوو وشەی سەروادا (هەندە سە) لە ئەسلی وشەکەدایە، بەڵام لەبەر ئەوەی بزوێنێکی بێ هێزە نەبۆتە ڕەوی (س) بۆتە ڕەوی و (ە) کشاوەتەوە دواوە و کەوتۆتە پاش ڕەوی. جالەبەر ئەوەی لە ئەسلی وشەکەدایە و زیادە نییە، پاش ڕەوی ئەسلییە.

ب- پاش ڕەوی زیادە: ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییانە دەگرێتەوە کە بە کۆتایی وشەی سەرواوە دەلکێن و خانەی پاش ڕەوی داگیر دەکەن. لە کوردیدا ئەم جۆرە پاش ڕەوییە دەشێ تەنیا یەك مۆرفیم بێ، هەروەکو دەشێ لەیەك مۆرفیم زیاتر بێ.

١- پاش ڕەویی زیادەی یەك مۆرفیمی: ئەمە هەندێ لەم جۆرە پاش ڕەوییانە و نموونەیان:

- (ە) و (ەن - ی هەورامی)ی فەرمانی بوون (الکینونه، tobe)، حەمدی دەڵێ:

لە ئەحوالی زەمانە گفتوگۆ ناکەم خرافاتە
هەموو عالەم کە سەرمەستی مەیە و دنیا خراباتە [٦ : ٣٣٤].

Scanned with CamScanner

لە وشەکانی سەروا (خرافاتە ، خرابانە) کە هاو ئاوازن ، پەوی دەنگی (ت)ەو فەرمانی بوون کە بۆ کەسی سێیەمی تاک دەبێ بە (ە) ولێرەدا بە ئەسلی وشەی سەرواوە لکاوە پاش پەوییەو لە هەوراميدا ئەم فەرمانە دەبێ بە (-ەن) ، مەولەوی دەڵێ :

دڵ گوم بۆ یا گەش مەنزلگەی چەمەن
چەم گوم بۆ یا گەش دڵەی پر خەمەن [١٨٦ : ٨٠].

وشەکانی سەروا (چەمەن ، خەمەن) ، پەوییەکەیان (م)ەو (ەن)ی فەرمانی بوون بۆتە پاش پەوی.

- نیشانەی ئیشارەت (ە) ، هەژار دەڵێ :

لەو بگرەو بەردە ، لەو هەرایە
لەو زرم و کوت و زەنازەنایە [٣ : ٣١٤].

پەوی (ا)ەو پاش پەوی (ە)ی نیشانەیەو (ی) نیمچە بزوێنی ناو بەندە بۆ پاگرتنی ئێوانی دوو بزوێن (ا-ە) هاتوە.

- نیشانەی کۆ (ان) ، مەولەوی دەڵێ :

خورشید سەمای شیرین جەمالان
پەشك ئەفزای گرۆی دیدە غەزالان [١٨٦ : ١٨٩].

- نیشانەی نەناسیاوی (-ەك ، ێك) ، خانی دەڵێ :

تاجدین ب خوە بویە پادشاهەك
مەم ژی ل تەنیشتی شبهێ ماهەك [٣ : ٨٤].

وشەکانی سەروا (شاە ، ماە) پەوییان دەنگی (هـ)یە ، (ەك)ی نیشانەی نەناسیاوی پاش پەوییە. هەژار دەڵێ :

نیتن چ وەزیر و یاریکارێك
لات وەك یەکە پادشاو هەژارێك [٣ : ٢٤١].

(ێك) کە دوای (ر)ی (یاریکار ، هەژار) هاتوە ، پاش پەوییە.

- پاناوی لکاو بە هەموو جۆرەکانییەوە ، نالی دەڵێ :

حەنایی کردوە پەنجەیی بە خوێناوی دڵی زارم
ئەمە پەنگی شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم [٢٠٩ : ٧٥].

(زارم - دڵدارم) وشەی سەروان ، (ر) پەوییە و (م) پاش پەوییە . دوا بڕگەی وشەکانی سەروای ئەسلی بریتین لە (زار ، دار) کە بڕگەی ناخراون ، بەڵام کە پاناوی (م) دێ ، ئەمە دەنگێکی نەبزوێنە و بزوێنێکی بچووك لەگەڵ خۆیدا دێنێ و سنووری بڕگەکانی پێشوو بەرەو پێش پاڵ دەدا و

Scanned with CamScanner

و بەراوێژەکانی کۆتایی بۆ خۆی پاداکێشێ و دەنگەکانی سەروا بەم جۆرە دابەش بڕگە دەبن (را-رم ، دا-رم) .

٢- پاش ڕەوی زیادەی فرە مۆرفیمی : ئەمەش هەندێ لەم جۆرە پاش ڕەوییانە :

- نیشانەی ناسیاوی + نیشانەی کۆ ، حاجی دەڵێ :

پەندی من خامی دەڕانن ، خامەکان

شیرین و پوختەی دەڕانن ، پوختەکان [٦٠ : ٢٠٤]

وشەکانی سەروا (خامەکان ، پوختەکان) ، ئەسڵەکانیان (خام ، پوختە)یە . ئەمانە ڕەوییان یەک نییە و ئەمەش کەم و کورتییەکی گەورەی شیعرەکەیە . جێی سەرنجە حاجی لە زۆر شوێنا گوێی بە پاراستنی دەستووری سەروا نەداوە ، ئەو زیادانەی هاتونەتە سەر وشەکان (هەکان یان کان) جێگای پاش ڕەوی گرتۆتەوە و لە دوو مۆرفیمی جیاواز پێک هاتوە ، نیشانەی ناسیاوی (هەکە) و نیشانەی کۆ (ان) .

- نیشانەی نەناسیاوی و ڕاناو (هەر جۆرێ بێت) ، نالی دەڵێ :

شەوهات و ئەمن مەستی خەیاڵێ کەسێکم

مەشغوولی نەفەس گرتنی مشکین نەفەسێکم [٢٠٩ : ٧٧] .

وشەکانی سەروا (کەسێکم ، مشکین نەفەسێکم) ، ئەسڵەکانیان (کەس ، مشکین نەفەس)ە و ڕەوییان (س)ە ، (ێکم) پاش ڕەوییە و لە دوو مۆرفیم پێک هاتوە (ێک) و (م) .

- نیشانەی ناسیاوی و ڕاناو (هەر جۆرێ بێ) ، سافی دەڵێ :

دڵبەری ، نازیەروەری ، ڕوو ئەنوەری ، مەهپارەکەم

نەونیهاڵ ، ئەبرۆهیلاڵ ، شیرین جەمال ، نازدارەکەم [١٠٠ : ٢٦] .

ئەم دێرە شیعرەی سافی پڕ سەروایە ، هەر لەتێکی سێ سەروای ناوەوەی هەیە ، جگە لە سەروای کۆتایی کە لە وشەکانی (مەهپارەکەم ، نازدارەکەم) خۆی دەنوێنێ . ئەم دوەش ئەسڵەکانیان (مەهپارە ، نازدار)ەیە . ڕەوییەکەیان (ر)ەو (هەکەم) پاش ڕەوییە و لە دوو مۆرفیمی ناسیاوی (هەکە)و ڕاناوێک (م) پێک هاتوە .

- دوو ڕاناو ، حەمدی دەڵێ :

بەستەیی زنجیری زوڵف و داغداری خاڵتم

ئەی سەنەم ، شێتی زڕەی زنجیرەیی خڕخاڵتم [٦ : ٢٩٨] .

(خاڵتم ، خڕخاڵتم) وشەی سەروان . ئەسڵەکەیان (خاڵ ، خڕخاڵ)ە ، (ڵ) ڕەوییە دوو ڕاناوە لکاوەکەش (ت ، م) پاش ڕەوین .

- ڕاناوی لکاو و فەرمانی بوون (to be) ، ئەحمەد موختار دەڵێ :

Scanned with CamScanner

حەقمە من شەو تا بەیانی ئارەزووی گریانمە
شێت نەبووم وا بابما هەر مەیلی قوڕپێوانمە [١٠ : ١٠٧].

(گریان ، قوڕپێوان) وشەی ئەسلی سەروان و (ن) ڕەوییە ، (م ، ە) کە دوو مۆرفیمی ڕێزمانین (ڕاناوی لکاو و فەرمان) بوونەتە پاش ڕەوی.

پاش ڕەوی دەبێ بەگشتی، لەهەموو وشەکانی سەروادا بەهەمان دەنگو ماناوە بێ بەڵام جاری وا دەبێ پاش ڕەوییەکان دەنگیان یەک بێ و مانایان جیا بێ. هەژار دەڵێ :

هەر قەل نەگەیی بە تۆزێ گەردی
قەیسەر سەری خۆی دەدا لەبەردی [٣ : ٢٤٥].

(گەردی، بەردی) وشەی سەروان. (د) ڕەوییەو (ی) لە هەردووکیاندا پاش ڕەوییە بەڵام مانایان یەک نیە لە یەکەمیاندا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکە، کەچی دووەمیان نیشانەی دۆخە (حاڵەت).

بەم جۆرە هەر زیادەیەک لە وشەی ئەسلی سەروا ڕێزمان بە وشەکەوە بیلکێنێ دەبێ بە پاش ڕەوی بەڵام لە ڕووی ئاواز و ئیقاعەوە ، قوڕسایی ئاوازەکە دەکەوێتە سەر دەنگی دواوە ، جا چ تاکە پاش ڕەوییەک بێ و چ دووەم پاش ڕەوی بێ. بێگومان ئەمەش شوێنەکە وای لێ دەکا ئەم نرخە تایبەتییە بکات و نرخەکەی لەسەر حسێبی ڕەوی ڕاستەقینەیە کە دەخرێتە پێشەوە و تا ڕادەیەک دەکەوێتە ژێر سێبەری پاش ڕەوی و هەر ئەمەش وای کردوە زۆر شاعیر گوێ بە ڕەوی ڕاستەقینە نەدەن . وەکو شیعرەکەی حاجی قادر کە وشەکانی سەروای (خامەکان و پوختەکان) بوو.

Scanned with CamScanner

باسی دوەم : وشەکانی سەروای شیعری کوردی :

سنووری سەروای شیعری کوردی هەرلە چوارچێوەی ئەو دەنگانەدا نییە کە لە کۆتایی وشەی سەروادا دووبارە دەبنەوە ، بەڵکو سەرواکە پەل بۆ پێش و پاش وشەی سەروایش دەکێشێ و ئیقاعەکە فراوانتر و قوواڵتر دەکاتەوە ، بۆیە ئەگەر لە ئاستی وشەوە سەیری سەروا بکەین ، دەتوانین سێ جۆری لێ دەست نیشان بکەین ، وشەی سەروا و پێش سەروا (حاجب) و پاش سەروا (ڕەدیف) ، وەکو لەم هێلکارییەدا دیارە :



یەک- وشەی سەروا :

ئەو وشەیەیە دەنگەکانی سەروای لە کۆتاییەوە دێ و دەکەوێتە کۆتایی لەت یان دێرە شیعرو بەهەمان مانا دووبارە نابێتەوە، ئەگەر بەهەمان مانا دووبارە بێتەوە وشەکانی پێش ئەو دەبن بە وشەی سەروا ، حەمدی دەڵێ :

قەت مەکەن بۆمن حیکایەی عەندەلیب و باسی گوڵ
پڕلە نەشئەی حوسنی یارە تێکهەڵێ بەو باسە دڵ [٦ : ٢٧٦].

(گوڵ، دڵ) وشەی سەروان، دەنگەکانی سەروا لە کۆتاییەوە هاتوون و وشەکان خۆیشیان کەوتوونەتە کۆتایی لەتەکانەوە.

بە ڕۆی وشەی سەروا یەک تاکە وشەیە ، بەاڵم جاری وا هەیە دەنگەکانی سەروا بەسەر دوو وشەدا دابەش دەبن ، ئەمەیان هەرچەندە لە کوردیدا کەمە بەاڵم هەیە ، بۆ نموونە خانی دەڵێ :

تا دەست ژ تێکێ بەر تەنادی
نابینی چولەزڕەتێ ژ یا دی [٣ : ١٩٨] .

دەنگەکانی سەروا بریتین لە (ادی) ، لە لەتی یەکەم لەیەک وشەدان (نادی). بەاڵم لە لەتی دوەمدا کەوتوونەتە ناو دوو وشە (یا ، دی -ئەوەی تر) . وا دەبێ (بەاڵم ڕۆر بە دەگمەن) یەک دەنگ، مۆرفیمێکی سەربەخۆبێ و لە کۆتاییدا لەگەڵ دەنگی تری کۆتایی وشەی پێشەخۆی دەنگەکانی سەروا تەواو بکا ، هەژار لە مەم و زیندا دەڵێ :

یەک خەم دەڕە وێنێ ، یەک کزولکەو
یەک ڕۆژ دەبەرستێ ، یەک چرای شەو [٣ : ٢٦٢] .

Scanned with CamScanner

لـه لـەتی یەکـەمدا دوو مۆرفیـم دەنگـەکانی سـەروایان تـەواو کـردوە (کۆلکـەو) ، لـێرە (و) مۆرفیمێکی رێزمانی سەربەخۆیە و وەك یەك وشە وایە ، لە لەتی دووەمدا دەنگەکانی سەروا لە یەك وشەیان (شەو) ، دەنگی نیمچە بزوێنی (و) پەوییە و دەنگەکانی سـەروا بریتین لـە (-ەو) . ئـەم (و)ی پەوی لەتی یەکەم دیاردەیەکی دەگمەنە ، یەك فۆنیمە و بۆتە مۆرفیمێکی رێزمـانی و جێگای پەوی گرتوە .

لێکۆڵینەوەی وشەی سەروا : ئەو وشانەی دەبن بە هاوسەروا ، دەشێ لە زۆر گۆشە نیگاوە سەیر بکرێن و هەڵبسەنگێنرێن .

أ- لە ڕووی دەنگسازییەوە (کێش و ئاواز) :

١- دەشێ وشەکانی سەروا ، کێش و ئاوازیان جیا بێ ، نالی دەڵێ :

چیبە گواڕە گوناهی وا بەنەستەق

بە گوێ هەڵتاوەسیوە سەر موعەللەق [٢٠٩ : ٦٩] .

وشەکانی سەروا (نەستەق ، سەر موعەللەق) لە ڕووی کێشەوە یەك نین ، (نەستەق = فع لن) ، (سەر موعەللـەق = فـاعلاتن) . بـە ژمـارەی بڕگـەیش بـێ یەکـەمیان دوو بڕگەیـە و دووەمیـان چـوار بڕگەیە . کە دوو وشەکە کێشیان جیا بوو ، بێگومان ئاوازیشیان جیا دەبێ .

٢- دەشێ وشەکان کێشیان یەك بێ بەڵام ئاوازیان جودا بێ ، سالم دەڵێ :

لە ڕووی تیری موژەی خونڕیزی مەحبووب

سەراسەر مولکی دڵ پڕبوو لە ئاشووب [١٠١ : ٤٤] .

(مەحبووب ، ئاشووب) کە وشەی سەروان ، کێشیان یەکە (فع لان) و هەریەکە لـە دوو بڕگـەی درێژ پێك هاتوە ، بەڵام ئاوازیان جیایە . وایە بڕگەی دووەمیان هاو ئاوازە ، لە هەردوو وشەدا بڕگەی ناخراوە و بزوێنەکـەی هـەر دووکیـان یەکـە بـەڵام بڕگـەی یەکـەمیان لـە ڕووی ئـاوازەوە جیایـە ، لەیەکەمیان بڕگەیـەکی ناخراوە (مـەح) و لـە دووەمیـان کراوەیـە (ئـا) ، جگـە لـەوە بزوێنـەکانیان جیایە ، بزوێنی یەکەم کورتە هی دووەم درێژە . بەگشتی ئاوازی وشەکانی وەکو یەك نییە .

٣- دەشێ وشەکان هاوکێش و هاوئاواز بن ، سالم دەڵێ :

لە تەرەف یارەوە نۆبەی ڕەفەرە

ئەی دڵ ئامادە بە خوێنت هەدەرە [١٠١ : ١٢٥] .

وشەکانی سەروا (ڕەفەرە ، هەدەرە) کێشیان یەکە (فعلن) ، ئاوازیشیان یەکە چونکە هەریەکە لە سێ بڕگەی کراوە پێك هاتوە و بزوێنی هەرسێکیشیان (ە)یە ، ئەم کورتی و کراوەییەی بڕگەکان ئاوازەیان یەك دەخا .

لە هۆنراوەی کلاسیکیدا (قیتعە و غەزەل و قەسیدە) کە یەکێتی سەروای تێدا پەیڕەو دەکرێ ،

Scanned with CamScanner

هەموو وشەکان لەبارەی کێش و ئاوازەوە دەکەونە ناو ئەم سێ پەیوەندییەی باس کران ، بۆنموونە ئەو شیعرەی حەمدی کە بەم دێرە دەست پێ دەکا :

لاچارە دەرهێنانی ڕیشەی ڕۆحییە مەردی نە ساز
تێك ئەدا قانوونی عیشرەت ئەو تەلەی دەرچێ لەساز[٦ : ٢٣٥].

وشەکانی سەروای ئەم هۆنراوەیە ئەمانەن : (نەساز ، ساز ، مەجاز ، بەراز ، ئەیاز ، ڕاز ، ناز ، شاز ، نەماز ، فەراز ، نیاز) .

ئەوانەی کێش و ئاوازیان یەکە : (ساز ، ڕاز ، ناز ، شاز) هەریەکە لەسەر کێشی (فاع) هاتوە و لە بڕگەیەکی ناخراو دروست بوە و بزوێنەکەی (ا)یە . (نەساز ، مەجاز ، بەراز ، ئەیاز ، نەماز ، فەراز)یش کێش و ئاوازیان یەکە ، هەموویان لەسەر کێشی (فعول) هاتوون و بزوێنی یەکەمیان (ە) و بزوێنی دووەمیان (ا)یە ، بڕگەی یەکەمیان کراوە و دووەمیان ناخراوە . وشەی (نیاز) لە کێش وەکو کۆمەڵەی دووەمە (فعول) بەڵام لە ئاوازەوان جیایە ، چونکە بزوێنی کوتایی بڕگە کراوەکەی لەوان جیایە. لەم سێ کۆمەڵەی سەرەوەدا ، کۆمەڵەی یەکەم و دووەم لەناو خۆیاندا هاوکێش و هاو ئاوازن ، کۆمەڵەی یەکەم و دووەم تووخمەکانیان لە کێش و ئاوازدا جیاوازن ، کۆمەڵەی سێیەم لەگەڵ کۆمەڵەی یەکەم لە کێش و ئاوازدا جیان ، بەڵام لەگەڵ کۆمەڵەی دووەم کێشیان یەکە و ئاوازیان جیایە .

وەکو ئەمە هەیە ، ئەوەیش هەیە کە هۆنراوەیەك لەسەرەتا تا کۆتایی هەموو وشەکانی سەروای هاوکێش و هاوئاوازبن ، نالی دەڵێ :

ساقی وەرە مەیخانە کە تۆکۆنە ڕەفیقی
گەر مایلی تەوقی حەرەم و بەیتی عەتیقی[٢٠٩ : ١٢١].

ئەم هۆنراوەیە پێنج دێرە و وشەکانی سەروای ئەم شەشەن : (ڕەفیقی ، عەتیقی ، حەقیقی ، عەقیقی ، تەریقی ، سەلیقی) کە هەموو هاوکێشن (فعولن) و ئاوازیان یەکە ، هەریەکە لە سێ بڕگەی کراوە پێك هاتوە ، لە هەموویان بزوێنی بڕگەی یەکەم (ە) و بزوێنی بڕگەی دووەم و سێیەم (ی)یە .

ب- لە ڕووی وشە سازییەوە :

١- بەشەکانی ئاخاوتن : دەشێ وشەکانی سەروا هاوجۆر بن لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە ، وەکو :

- وا دەبێ هەردووکیان (ناو) بن ، عەونی دەڵێ :

گوتی : عوود و کەمانت بێ ، گوتم : نەی
گوتی : جامی شەرابت بێ ، گوتم : مەی[١٤٥ : ٢٢٣].

Scanned with CamScanner

(نەی ، مەی) هەردووکیان ناون .

- وا دەبێ وشەکانی سەروا (ئاوەڵناو) بن ، حەمدی دەڵێ :

شێواوە ، پەرێشانە ، دڵم حەقیبە کە تەنگە
مەحروومە لە دیداری کەسێ شۆخ و قەشەنگە [٦ : ٣٣٢] .

(تەنگە ، قەشەنگە) کە وشەی سەروان ، ئاوەڵناون .

- هەردوو وشەکە (کار) بن (هەر جۆرێك و هەر کاتێك بێ) ، نالی دەڵێ :

ئەو سیلسیلە وا مشکی خەتا ناوی براوە
پڕ پێچ و شکەن ، خەم بە خەم و حەلقە کراوە [٢٠٩ : ١٠٥] .

(براوە ، کراوە) کە وشەی سەروان ، هەردووکیان بۆ پاپردووی تەواو (ئەنجامداری) بکەر نادیاری کەسی سێیەم بەکار هاتوون .

- هەردووکیان (ئاوەڵکار) بن (بەهەموو جۆرەکانییەوە) ، نالی دەڵێ :

نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ
نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ [٢٠٩ : ٩١] .

وشەی سەروا لەم دوو لەتەدا (ئەمجارە ، ئەم خوارە)[٣٤] ن . (بێتۆ) پاش سەروایە . هەردوو وشەکە ئاوەڵکارن ، یەکەم ئاوەڵکاری کاتی و دووەم ئاوەڵکاری شوێنییە .

ئەمە بەشە سەرەکییەکان. دەشێ بەشە ناسەرەکییەکانیش بێن بە سەروا ، بەڵام ئەوان لەگەڵ یەکتر نایەن ، چونکە ئەگەر بێن دەبێ دووبارە ببنەوە ، ئەوەی دووبارەش بێتەوە لە سەروا دەترازێ و دەبێ بە پاش سەروا ، دەشێ بەشە ناسەرەکییەکان لەگەڵ سەرەکییەکان بکەونە پەیوەندی سەروایەوە ، ئەمەیش چەند نموونەیەك بۆ جیاوازی وشەکانی سەروا لە ڕووی بەشەکانی ئاخاوتنەوە :

- ناو و ئاوەڵناو ، مەلا وەسمان دەڵێ :

سەرم سەودایە بۆ زوڵفی پەرێشان
دڵم مەجموعە بۆ تێشانی تێشان [٢١٣ : ٩٤] .

وشەکانی سەروا (پەرێشان ، تێشان) یەکەمیان ئاوەڵناوە ، دووەمیان ناوە ، کۆی (تێش)ە .

- ناو و ئاوەڵکار ، حاجی دەڵێ :

گوتم بە بەختی خەوالوو بەسە ئەتووبی خودا
لە خەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا [٦٠ : ٣١] .

---

(34) ئەم جۆرە ئاوەڵکارە پێی دەگوترێ (adverbial) چونکە لەوشەیەك زیاتر پێك هاتوە ، وەکو دەستەواژەی زەرفی وایە ، (ئەم + جارە) (ئەم + خوارە) .

Scanned with CamScanner

(خودا ، ئەولا) كە وشەی سەروان ، یەكەمیان ناو و دووەمیان ئاوەڵكارە .

- ناو و كار ، حەریق دەڵێ :

بەقوربان ئێستە هیجرانت دەناسم
كە ناری فیرقەتت بۆتە لیباسم[٦٣ : ٣٤].

(دەناسم ، لیباسم)، یەكەم كارو دووەم ناوە . لەم دوو وشەیەدا (س) پەوییە (م) پاش پەوییە .

- ناو و ڕاناو ، سالم دەڵێ :

ئەژدەهایەك شەو ببینێ ماری زوڵفت گەرلە خەو
ئەم دەسبنێ ئینتیقام هەرچی ئەزییەت بێ لە ئەو[١٠١ : ١١٧].

(خەو ، ئەو) وشەی سەروان ، یەكەم ناوە و دووەم ڕاناوی سەریەخۆی كەسی سێیەمی تاكە .

- ناو و ڕاناوی پرس ، سالم دەڵێ :

دەدا هەردەم شەكەر خەندەت (ئەمەر قەند)
بەقوربانی شەكەر خەندەت سەمەر قـــەند
خودایا ، میحنەتی ســالم هەتا كـــەی
لە كارا سستی ، بێ بەختی ، هەتا چەنــد ؟[١٠١ : ٥٦].

(سەمەرقەند ، چەند) وشەی سەروان ، سەمەرقەند دووجار هاتوە ، هەرجارەی بەمانایەك ، یەكەمیان (ئەمەر - قەند) واتە خەندەی شیرین وەك شەكری تۆ هەمیشە بەری شەكر دەدات . دووەمیشیان (سەمەرقەند)ی شاری بەناو بانگە . (چەند) ڕاناوی پرسە .

ئەمە چەند لایەنێك بوو لە پەیوەندی وشەكانی سەروا ، لەگۆشە نیگای بەشەكانی ئاخاوتنەوە ، ڕەنگە بەشی تریش بكەونە ناو ئەم جغزەوە بەڵام كەمن و ئەوەندە بۆ ڕوون كردنەوەی مەبەست بەسە . لەبەر ئەوەی هۆنراوەی كلاسیكی یەكێتی سەروای تێدا پەیڕەو كراوە ، هەر هۆنراوەیەك كۆمەڵێ وشەی سەروا دەگرێتە خۆی و وشەكان دەچنە خانەی جیاجیای بەشەكانی ئاخاوتنەوە ، با نموونەیەك وەربگرین ، حەمدی دەڵێ :

لەباسی زوڵفیا ، جانا ، قسوورم بوو بە مـوو ، فەرمـوو
ڕەزام هەڵما وەسی ، ئەمما نەئاڵۆزێ بە شەرتێ مـوو[٦ : ٣٢٩].

هاتنی وشەی (مـوو) لەسەروای دووەم و پێش سەروای یەكەم ، جۆرە جوانكارییەكی تێدایە . هەموو وشەكانی سەروای هۆنراوەكە ئەمانەن : (فەرمـوو ، مـوو ، بەدخـوو ، شـوو ، زوو ، ڕوو ، ئاهـوو ، چوو) . ئەم وشانە بەناو خانەی چواریەشی سەرەكی ئاخاوتندا بلاو دەبنەوە :

- ناو : (مـوو ، شـوو ، ڕوو ، ئاهـوو) .
- ئاوەڵناو : (بەدخـوو) .

Scanned with CamScanner

- کار : (فەرموو ، چوو) .
- ئاوەڵکار : (زوو) .
وەک بەراوردێک ، دیارە (ناو) بەپلەیەک و کار بەپلە دوو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار بە پلە سێ دێن .

٢- <u>ڕۆنانی وشەکان</u> : لەم بۆچوونەدا ، چاو نادرێتە بەشی ئاخاوتنی وشەکە ، تەنیا لە ڕووی دروست بوونەوە سەیری دەکرێ.

• وشەکانی سەروا ، وا دەبێ لە ڕۆنانا هاوجۆر بن .

- وا دەبێ هەردووکیان وشەی سادە بن ، قانیع دەڵێ :

بێ حەیایی باوە ئەمرۆ ، قوڕ بەسەر باکا ، حەیا
کەندەڵآن سەر بەرز و شادە ، خۆی بشارێتۆ چیا [١٥٥ : ٤٨] .

(حەیا ، چیا) وشەی سادەن .

- وا دەبێ هەردووکیان وشەی لێکدراو بن ، خانی دەڵێ :

ئەی سونبول ئەگەر هەیی تو خوەش بوو
ڕەیحان ژنە بووینە سیەھ ڕوو [٣ : ١٣٠] .

(خوەش بوو ، سیەھ ڕوو) وشەی سەروان ، هەردوکیان وشەی لێکدراون ، یەکەمیان لە (خوەش + بوو) واتە (بۆنخۆش) ، دووەمیان لە (سیەھ + ڕوو) واتە (ڕووڕەش) پێکهاتوون و ئاوەڵناوی لێکدراون .

- وا دەبێ هەردوو وشەکە دارژاو بن ، حاجی دەڵێ :

قەت تەسەوور مەکەن تەرەفداری
غەیری غیرەتکەشی یو غەمخواری [٦٠ : ٢١٠] .

(تەرەفداری ، غەمخواری) وشەی دارژاون ، یەکەم لە (تەرەف + دار + ی) و دووەم لە (غەم + خوار + ی) دروست بوە . لە یەکەمیان (دار) لە (داشتن - هەبوون) وە هاتوە لە دووەم (خوار) لە (خواردنەوە) هاتوە .

• وا دەبێ وشەکانی سەروا لە ڕۆنانا جیا بن .

- سادە و دارژاو ، جزیری دەڵێ :

دڵ یەکە ، دێ عیشق یەک بت عاشیقان یەک یار بەس
قیبلە دێ یەک بت قولووبان دڵبەرەک دڵـــدار بەس [٥٨ : ٢٦٤] .

(بەس) پاش سەروایە . (یار ، دڵدار) وشەی سەروان . یەکەم وشەیەکی سادەیە ، دووەمیان وشەیەکی دارژاوە . لە ناوێک (دڵ) و ڕەگی فرمانێک (دار) دروست بوە .

Scanned with CamScanner

- ساده و لێکدراو ، مەحوی دەڵێ :

ڕۆڵە ، گەر حەز دەکەی ببیە شا کوڕ
پەندی مەحوی لە گوێ گرە وەك دوڕ[١٨٠ : ٣٣٧] .

وشەکانی سەروا (شاکوڕ ، دوڕ) ، یەکەمیان لێکدراوە (شا + کوڕ) و دووەمیان سادەیە .

- لێکدراو و دارژاو ، خانی دەڵێ :

ڤان سادیق و ڕاست و خێر خواهن
ڤان قەمسی و خوارو ڕووسیاهن [٣ : ٩٥] .

(خێرخواه ، ڕووسیاه) وشەی سەروان ، یەکەمیان دارژاوە لە (خێر - چاکە) و (خواه) لە خواستنەوە هاتوە ، بچێتە سەر هەر وشەیەك مانای خواز یاری ئەوشتە دەگەیەنێ . دووەمیان لە دوو وشەی (ڕوو - سیاه) لێکدراوە .

لە هۆنراوەی کلاسیکیدا کە بە یەکێتی سەروا دێ ، بۆی هەیە وشەکانی سەروا ، لەسەرەتا تا کۆتایی هۆنراوەکە ، جۆری ڕۆنانی جیا جیایان هەبێ ، بۆ نموونە ئەو هۆنراوەیەی سالم کە سەرەتاکەی بەم دێرە دەکاتەوە :

وەکو نەی تا لەبم نەگرێ لەبی یار
نەی ئاسا دێتە گوێم نالەی دڵی زار[١٠١ : ٥٨] .

وشەکانی سەروای ئەم هۆنراوەیە ئەمانەن : (یار ، زار ، تار ، سیاکار ، میعمار ، تاتار ، گوڵنار ، گرفتار) وشەکان دەکەونە ناو هەرسێ خانەی ڕۆنانەوە :

وشەی سادە (یار ، زار ، تار ، تاتار ، میعمار) ، وشەی لێکدراو : (سیاکار ، گوڵنار) وشەی دارێژراو (گرفتار) .

٣- ڕەسەنێتی وشەکان : لێك جیاکردنەوەی وشەی ڕەسەن و ناڕەسەنی هەر زمانێك کارێکی زەحمەتە ، چونکە لێکۆڵینەوەی وردو زانستی ئیتیمولوجی بۆی هەیە ڕەگی هەندێ وشەی وا ببیناوە زمانەکانی ترکە بە وشەی زۆر ڕەسەن ناسراو بن ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ وشەی خوازراوە زەق دیارن . چونکە تەواو لە بۆتەی فۆنۆلۆجی و سیمانتیکی کوردیدا نەتوانەتەوە . لەبەر ئەوەی شاعیرانی کلاسیکی کورد زۆر لە ژێر کاریگەری زمانە دراوسێکانمان بوون ، زۆر وشەی ئەو زمانانەیان لە شیعرو بۆ سەروا بەکار هێناوە . هەندێ جار نەك هەر وشە بەڵکو دەستەواژەی زەقی بیانی لە کۆتایی دێر و لەتدا قێت دەبنەوە ، مەلای گەورە دەڵێ :

ڕوحی زەغلوول لە (جنه المأوی)
شادمان ئەبێت (کیف ما یهوی)[١٢٦ : ١٤٧] .

شاعیرانی کلاسیکیمان ، وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی زۆریان خواستۆتەوە کردوویانە بە

Scanned with CamScanner

وشەی سەروا. زۆر جار وشەی لەت و دێڕی یەکەم بە جۆرێ بوە وای سەپاندوە سەراپای وشەکانی سەروا بیانی بن ، بۆ نموونە شاعیر ئەگەر لە لەت و دێڕی یەکەمدا وشەیەکی سەروای بە ڕەوی دەنگێکی عەرەبی (ص ، ض ، ط ، ظ ، ث ، ذ) هێنا ، لەبەر ئەوەی ئەم دەنگانە لە کوردیدا نین شاعیر ناچار دەبێ هەموو وشەکانی سەروا بکا بەعەرەبی تا ڕەوییەکانیان یەک بێ. جار و باریش بە دەگمەن وا دەبێ ئەم دەنگە عەرەبییانە حسێبی دەنگی کوردییان بۆ کرابێ ، وشەیەکی کوردییان کردبێ بە هاوسەروای کە ڕەوییەکەی (س ، ز) بێ چونکە ئەو دەنگە عەرەبییانەی سەروا لە کوردیدا بە زۆری بەیەکێ لەم دوو دەنگە کوردییە گۆ دەکرێن . لێرەدا لە هەرسێ زمان هەندێ نموونەی وشەی سەروا دێنینەوە کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەکار هاتوون . ئەمە چەند نموونەیەکی ئەم جۆرە وشانە:

-لە عەرەبیدا : (فەنا ، قەدەر ، مەرەز ، سەحەر ، تۆفان ، حەرەم ، حاشا ، ئینشا،موتالاً ، مالّ ، مەعنا ، سەبەب ، تەلەب ، سانی ، موخاتەب ، موڕەککەب ، خەت ، غەلەت ، سەقەت ، موختەلەت ، وەسەت ، ئیشارەت ، ئەرواح ، میسباح ، تۆفاح ، میفتاح ، ئەفراح ، ئیلحاح ، لایوتاق، فیراق ، نیفاق ، مەحاق ، موعەللەق، موتەووەق ، عەدەم ، بوڵهەوەس ، نەفەس ، قەفەس ، مەسەل ، جەدەل ، عەسەل ، عەمەل ، ئیلاه ، کاتیب ، لاعیب ، لەهیب ، موسیب ، نەسیب ، مەهیب، مەکسوورە ، مەعموورە ، کوفڤەلکەفە ، عوششاق ، قوبوور ، سوروور ، مەزیلە ، موحەووەلە ، مەشغەلە ، موعامەلە ، ئەسرار ، عەلەن ، بەینولحەزەن ، قەرار ، ریبا، کەمال ، جەمال ، جەلال ، خەیاڵ ، زۆلال ، لەجووج ، بەشارەت ، ڕەفیق ، عەتیق ، حەقیقی ، تەریق ، مینەللەیالی ، ئەسما ، ئیفتیخار ، ئافات ، خەسارات ، موناجات ، موباهات ، عادات ، تەعبیر ، تەقسیر ، قەسیر ، زەمیر ، سونەن ...) ئەمانە و زۆر وشەی عەرەبی تریش کەنالی کردوونی بە وشەی سەروا .

- لە فارسیدا : سالم دەڵێ :

دابێنە بە پەهلوویی ڕوخا حەلقەیی گێسوو
مەتبووعە بە ئەترافی گوڵاً سونبولی خۆشبوو[١٠١ : ١١٥].

(گێسوو ، خۆشبوو) وشەی سەروان ، هەردووکیان وشەی فارسین ، یەکەمیان لە کوردیدا تەنیا لە شیعری کلاسیکی هاتوە و دوەمیان کوردیەکەی دارشتنی جیایە (بۆنخۆش) .

ئەمانەش هەندێ وشەی سەروای فارسی : (هوما ، فەردا ، ڕائیقەبەخشا ، بیا ، گەوهەر ئەفشانی ، ئابشار ، ئەرجوو ، خوروس ، بێدار ، بیمار ، دەست ڕەس ، سیا، ڕووسیا ، سەرشار، کولاه ، ماه ، ڕاه ، شکەم ، تەخت ئارا ، جەمجا ، خار ، دلفریب ، شاپوور ، شام ، خام ، نەیشەکەر ، خێرەدەمەن ، خورسەند ، فرزەند ، بریان ، زیبا ، زەنەخدان ، دەریان ، سوخەندان ، سەناخوان ، موهرەگوشا ، بیار ، پەرهیز ، کووس ، کوور ، شاهوار ، دام ، ڕانوو ، تەپهوو ، زەبەر ، ناخودا ، جاروب ، دلجو ، فریب ، نشیب ، دەهەن ، دوختەر ، کەبوتەر ، سیمبەر ، دلاوین ئەخگەر ، شەنا ، مادیان ،

Scanned with CamScanner

پستەر ، ماکیان ، سەبوو ، سوگواری ، هەما غوش ، خەرگوش ، دولجەوشەن...) .

هۆی بەکارهێنانی وشەی فارسی لە کوردی بە گشتی و لە شیعری کلاسیکی بە تایبەتی و لێرەش بۆ سەروا بە تایبەتی تر بۆ کاریگەری تێوان ئەو دوو زمانە دەگەڕێتەوە :

١- هەردوو زمانەکە لەیەک خێزانن و بەڕەچەلەک دەچنەوە سەرچاوە ، ٢- دراوسێتی ئەم دوو نەتەوەیە، چونکە پێکەوە ژیان دەبێ بەهۆی ئالۆگۆڕی کەرستەی هۆی لەیەک گەیشتن کە زمانە . ٣- دەسەلاتی فەرمانڕەوایی فارسی بەسەر ناوچەیەکی زۆری کوردستان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژی مێژوویی جگە لەوەی بەکارهێنانی ئەم وشانە بۆ سەروا بۆ کاریگەری ئەدەبیش دەچێتەوە ، کە شاعیرانی کورد کەوتبوونە ژێر کاریگەری فارسی لە زۆر لایەنی کێش و سەروا و وشەو دەستەواژە و بابەتی شیعر چاویان لەوان دەکردەوە . ئەم وشانەی بۆ سەروای کوردی خوازراونەتەوە زیاتر پەیوەندییان بە وەسفی یارو ئاڕاری شاعیر و مەی و مەیخواری و مەیخانە و دەردە دڵ و گڵەو گازاندە و شتی لەم جۆرە یەکە ڕەنگدانەوەی بابەتی غەزەلە .

لە تورکیدا ، لەبەسەرکردنەوەیەکی گشتی وشەی سەروای شیعری کلاسیکی دەردەکەوێ تورکی بەقەد عەرەبی و فارسی دەوری نەبوە . ئەگەرچی شاعیرە کلاسیکییەکانمان تورکیشیان وەکو عەرەبی و فارسییە کە زانیوە چونکە زمانی دەسەلاتی عوسمانی بوە و لە حوجرەدا خوێنراوە ، لەگەڵ ئەوەشدا وشەی تورکی تا ڕادەیەک لە شیعری کوردیدا کراوە بە سەروا ، نالی دەڵێ :

تیپی شکۆفە، خەبەیی هەڵدا لە هەر تەرەف
یاشاهی نەو بەهارە ، هەڵبداوە هۆردوێ[٢٠٩ : ١٣٢] .

(هۆردوێ) کە وشەی سەروایە ، تورکییە (اوردو) ، واتە لەشکرگاە . ئەمەش هەندێ لەو وشە تورکییانەی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بوونەتە سەروا : (سالووس ، عەفار ، قەناڕە ، هۆردوو ، چایەر ، جان ، قرمزی ، تابوور ، یەلغار ، دونار ، ئاق دنگز ، سۆفار ، یەساغ ، وەجاغ، یاغش ، ...) .

ئەمە نموونەی هۆنراوەیەکە کە یەکێتی سەروای تێدا پەیڕەو کراوە و وشەی کوردی و زمانە دراوسێکان جێگەی سەروایان پڕ کردۆتەوە ، سالم دەڵێ :

غەبغەب و خاڵ و لەب و تورڕەیی یار
سونبول و سیب و بنەفشە و گوڵنار[١٠١ : ٥٧] .

لەم هۆنراوەیەدا ، سالم ئەم وشانەی کردوە بە سەروا (یار ، گوڵنار ، بێدار ، بەهار ، مار ، قومار ، مشار ، چنار) قومار و مشار عەرەبین ، یار و بەهار و مار لە کوردی و فارسیدا هاوبەشن. چنار کوردییە ، گوڵنار تورکییە و لە فارسیشدا هاتوە.

جـ- لە ڕووی ڕستە سازییەوە : ئەرک و شوێنی هەر وشەیەک ، وەک چوارچێوەی گشتی د

Scanned with CamScanner

لەزماندا تا ڕادەیەك چەسپاوە ، بەڵام لە کاتی قسەکردن و دوان (خیتاب)دا ، بە پێی هەڵوێستەکە کە باری گوێگر و نیازی قسەکەری تێدا ڕەچاو دەکرێ ، دەشێ ئەرکی وشەکانی ڕستە بگۆڕێ و شوێنیان بەرەو پێش و بەرەو پاش بخزێ و لەگەڵ ئاوازی دەنگدا مانای ترو مەبەستی تر بگەیەنن. وەك دەڕانین دابڕشتنی شیعر دابڕشتنێکی سینتاکسی ئاسایی نییە چونکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری کێش و سەروا ، واتە شاعیر لە ژێر پاڵەپەستۆی ئاواز و کێش و هێنانەوەی سەروا ناچارە ریزی ئاسایی وشەکان تێك بدات. جگە لەوەی زۆر جار مانا و جەخت کردنیش جێگای وشەکان دەگۆڕێ. نالی لەم دێرە شیعرەدا ، یارییەکی سەیری بە شوێنی وشەکان کردوە ، هەر بۆ ئەوەی کێشەکەی تۆکمە و تەکوزیێ و ئیقاع و ئاوازی کاریگەر بێ ، دەڵێ :

لەجگەر گۆشەیی شیعرم مەدە مەعنایی خەراپ
بێ خەتا ، کەس نییە ڕازی ، کە لە ئەولادی درێ[۲۰۹ : ۱۳۲].

لە لەتی یەکەمدا ، ئەگەر بە ڕستەیەکی ئاسایی ماناکە دەربڕین دەڵێین (مەعنای خراپ لە جگەر گۆشەی شیعرم مەدە) ، پاش و پێش کردنی ئەم لەتە لە ژێر حوکمی کێش دا هاتوە ، لە دابڕشتنەوەی ڕێزمانی لەتەکە ، بێ ئەوەی هیچی لێ زیاد و کەم بکەی ، کێشەکەی نامێنێ و ئیقاعەکەی لەدەست دەدا . خۆ ئەگەر لەتی دووەم بە ڕستەی ئاسایی دابڕێژینەوە ، شوێنی وشەکان بەم جۆرە دەگۆڕێ : (کەس ڕازی نییە کە بێ خەتا لە ئەولادی درێ) لێرەش کێش شوێنی وشەکانی گۆڕیوە و ئیقاعەکەی بەو گۆڕانە دەستە بەر کردوە . دەوری سەروایش لە ڕاکێشانی وشە بۆ دواوە و تێکدانی ڕیزی وشەکانی ڕستە ، لەم دێرە شیعرەی مەحویدا باش خۆی دەنوێنێ :

دەم و زاری تیا مابێتەوە ڕەنگاری ڕیق ئەمما
بیابێکی عەقیقە ، پڕلە بادێکی عەقیق ئەمما[۱۸۰ : ۳۰].

(ئەمما) پاش سەروایە و وشەکانی (ڕیق ، عەقیق) وشەی سەروان . شاعیر ڕیزی ئاسایی ڕێزمانیی وشەکانی تێکداوە هەر بۆ ئەوەی (ئەمما) بچێتە دواوە و ببێ بە پاش سەروای هەموو دێرەکان ، کە هەرگیز لە ڕستەی ئاساییدا ئەمما لە دواوە نایە ، وشەکانی (ڕیق و عەقیق) سەروا بۆ ئەو شوێنە بە کێشی کردوون ئەگەر نا شوێنی ئەسڵیان ئەوێ نییە. دابڕشتنەوەی ئەم دوو لەتە بە پێی دەستووری ڕێزمانیی ئاسایی بەم جۆرەیە : (ئەمما دەم و زاری ڕەنگاری ڕیقی تیا مابێتەوە بیابێکی عەقیقە ئەمما پڕلە بادێکی عەقیق) . ئەو شوێنەی لە شیعرەکەدا بە وشەی پاش سەروا و وشەی سەروا دراوە ، لە بنچینەدا هی ئەو وشانە نییە ، وشەکان لە شوێنی تری لەتەکانەوە گوێزراونەتەوە ئەوێ تا لەگەڵ کێش و لەگەڵ سەروا و پاش سەروای دێرەکانی تردا بگونجێن .

سالم لە شیعرێکدا دەڵێ :

هەوای سێوی زەنەخ، ئەی دڵ نەکەی قەت
موهەبیابە لە ڕێتا چاهی هاڕووت[۱۰۱ : ۵۰].

Scanned with CamScanner

لەتی یەکەم ،لەم شیعرەدا پێویستی بەسەروا نییە ، ئەو گۆڕانەی بەسەر ڕیزی وشەکاندا هاتوە ، پێویستی کێش سەپاندوویەتی ،لەئەسڵدا بەم جۆرە بوە (ئەی دل ، قەت هەوای سێوی زەنەخ نەکەی !) کەچی لە دوەمیاندا کێش و سەروایشی لەگەڵ ، سەپاندوویانە کە بەشی نیهادی ڕستەکە بخزێنە دواوە تا دەرخەری بکەرەکەی ببێ بە سەروا و لەنگەر بۆ سەروای دێرەکانی تر ڕابگرێ ، ئەگینا دابڕشتنی ئاسایی ڕستەکە بەم جۆرە دەبێ (چاهی هاروت لە ڕێتا موهەییایە) .

لە ڕستەی ئاساییدا تەواوکەری بەشی گوزارە ،لە فەرمانی تێپەڕدا پێش فەرمانەکە دەکەوێ، بەتایبەتیش ئەگەر هۆ (وسیلە) بێ ، کەچی کێش و بەتایبەتی سەروا وای لەنالی کردوە لەم دێرە شیعرەدا (نووک) بباتە دواوە تا ببێ بەسەروا ، دەڵێ :

ئەی شۆخی بێ نیاز و گران نازو غەمزە سووک
تیری موژەت نیشانەی دڵ کون دەکا بە نووک[٢٠٩ : ٧٠] .

دابڕشتنەوەی لەتی دوەم بە پێی ڕیزی ئەسڵی ڕستە سازی بەم جۆرەیە (تیری موژەت ، نیشانەی دڵ بە نووک کون دەکا) یان (تیری موژەت ، بە نووک نیشانەی دڵ کون دەکا). لە هەردوو باردا (نووک) دەکەوێتە ناوەوە و (کون دەکا) کە فەرمانە دواوە دەگرێ ، بەڵام سەروا نالی ناچار کردوە نووک بباتە دواوە تا لەگەڵ وشەکانی تری سەروا ڕێک بکەوێ (سووک ، سوڵووک ، چوروووک ، گوڵووک ، موڵووک، بووک ، نووک ، مەکووک ، تووک ، پووک ، بچووک) .

هەژار لە مەم و زینا دەڵێ :

ئەو زینی بە داوی دڵ گرفتار
ئارامی لە لا نەما بە یەکجار[٣ : ٣٢٦] .

لەتی یەکەم دابڕشتنەکەی ئاساییە بەڵام لە لەتی دوەمدا ئاوەڵکاری (بەیەکجار) لە شوێنی خۆی نەهاتوە ، بۆیە گواستراوەتەوە دواوە تا لەگەڵ وشەی (گرفتار)ی لەتی پێشەوە ببێ بە هاوسەروا. ئەو شوێنەی کۆتاییە لە ئەسڵدا هی فەرمانی (نەما)یە وەک لەم دابڕشتنەوەیەدا دەردەکەوێ : (بەیەکجاری ئارامی لەدلا نەما) .

د- لە ڕووی واتا سازییەوە : ئەو وشانەی دەبن بەسەروا ، جگە لەوەی بە پەیوەندی واتا سازییەوە بە وشەکانی تری لەت یا دێرەکە دەبەسرێنەوە (پەیوەندی ئاسۆیی) ، لەهەمان کاتدا لەگەڵ یەکتر جۆرە پەیوەندییەکی واتا سازی دروست دەکەن (پەیوەندی ستوونی) ، ئەمە بە ڕۆڵی لە غەزەل و قەسیدەدا باش دەردەکەوێ کە یەکێتی سەروایان تێدا پەیڕەو دەکرێ و بەدەوری یەک بابەت دا دەخولێنەوە ، لە هەموو دێرەکان چەقی واتای وشەکان زیاتر لەسەر وشەی سەروا لەنگەر دەگرێ ، بۆیە نزیکترین وشە لەمەبەست و لەکاریگەری دێر یان لەت وشەی سەروایە. ئەگەر وشەکانی سەروای هەموو دێرەکان کۆبکەیتەوە بەشێکی ڕۆر و بنچینەیی واتای هەموو

Scanned with CamScanner

دێرەکانت بۆ دەردەکەوێ . لە هۆنراوەیەکدا هەموو وشەکانی سەروا دەربێنە و بەڕێزیان بە تێکەڵاوی لەبەردەمی خۆت بڵاوبان بکەوە و بیانخوێنەوە ، بۆت دەردەکەوێ کە هۆنراوەکە بە گشتی باس لە چی دەکا و چ هەست و سۆزێك دەردەبڕێ چونکە سەرەداوێکی وانایی وەهمی هەیە هەموویان بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، سێبەرو ئیحایان یەك دەخا و هەست و بیر بۆ لای مەبەستی شاعیر دەبا . با بۆ نموونە هۆنراوەکەی نالی وەربگرین کە سەرەتاکەی بەم دێرە دەکاتەوە :

قوربان مەحاڵە پێکەوە بن سەبرو ئیشتیاق
خاریج لە نەسسی ئایەتە ، تەکلیفی لایوتاق [٢٠٩ : ٦٨] .

وشەی سەروای دێرەکانی ئەمانەن (ئیشتیاق ، لایوتاق ، فیراق ، نیفاق ، تەلاق ، سماق ، فاق ، مەحاق ، سوقاق) . چ بەڕێز و چ بێ بەبڕەو کردنی ڕێزی وشەکان ، هەرێکە شتێکت لە مێشکتدا دەبزوێنێ و هەموو شتە وروژاوەکانی ژوورەوەت بخەیتە چوار چێوەیەکی لۆجیکیەوە ناوەرۆکێکت دەستپێگیر دەبێ زۆر لە بیری گشتی شیعرەکەی نالی نزیکە : (ئیشتیاق کە پەرۆشیە بیرت بۆ پەرۆشی عاشیق دەبا بۆ یارەکەی ، پەرۆشی لە ئەنجامی لێك دوورکەوتنەوە پەیدا دەبێ ، ئەگەر ئەو پەرۆشییە درێژە بکێشێ ، وای لێ دێ بەرگەی ناگیرێ (لایوتاق) ، ئەو پەرۆشییە هێز بڕەش دیارە لە ئەنجامی (فیراق) - لێك دابڕانەوە پەیدابوە ، دوور نییە ئەم لێك دابڕانە ئەنجامی نیفاق (دوو زمانی و دووڕوویی)ی بەدکارو ڕەقیب و ناحەزانەوە بێ ، کە دەبێ بە هۆی تەلاق (دەست لێك بەربان) ، یان دەست لە یار بەربان کە ئەمە لەیاسای دڵداراندا نییە ، یان دەست لەکەسێك و شتێکی تر بەربانە بۆ خاتری یار کە ئەمەیان زیاتر ڕێی تێ دەچێ . ئەو جەفاو ناخۆشییەی عاشیق لە دووری یارەوە دەیکێشی و بۆی بە پەرۆشەو قوربانی بۆ دەدا ، لەباری تەندروستی ڕەنگدەداتەوە کزو بێ هێزو لاوازی دەکا وەکو (مانگی مەحاق)ی لێ دێ کە لە دوا ڕۆژەدایە و هاکا بەیەکجاری تواوەوە و نەما ، وەکو فاقەی لێ دێ لە لەڕو لاوازی ، یان لەسەد لاوە فاقەی بۆ دادەنرێتەوە تا تواوەوە و نەما ، وەکو فاقەی لێ دێ لە لەڕو لاوازی ، یان لەسەد لاوە فاقەی بۆ دادەنرێتەوە تا دەستگیر بکرێ چونکە (سەبارەت بە چاوی یار دەکەوێتە بن باری لۆمان) و هەموو کەس بە ڕووبەکی ترشی وەك (سماق) و بە مرووەزچی سەیری دەکەن یان یارەکەی هێشتا لەگەڵ ئەمەشدا لێی ڕازی نییە و بە ڕووبەکی ترشی وەکو سماق تێی دەڕوانی ، ئەم عیشق و دەردی دووری یارە و ئەم بێ مرووەتی خەڵکە لەگەڵیا ، وای لێ دەکەن بکەوێتە کووچەو سوقاقان و بێ خان و مان و بێ حاڵ و ماڵ بمێنێتەوە) . مەرج نییە ئەم لێکدانەوەی لێرە ، بۆ وشەکانمان کرد لەسەداسەد وەکو شیعرەکەی نالی دەربچێ بەمانا و زمان و خواڕە و ناڕشتنەوە بەڵام زۆر لێبەوە نزیکە . ئاخر قسەی ئاسایی و ڕۆن کردنەوەی لۆجیکی و لێکدانەوەی خیتابانە چۆن وەکو دەربڕینی ئەدەبی و شیعری دەبێ بەنایبەتی ئەگەر لە پێنووسی شاعیرێکی وەکو نالی کەوتبێتەوە . فەرموو ئەو بۆچوونەی سەرەوە ، کە بۆچوونی خوێنەرێکی وشەکانی سەروای شیعرەکەیە ، لەگەڵ پەرەفرێزی هەڵوەشاندنەوەی شیعرەکە بەراورد بکە کە بەم جۆرەیە : شاعیر ڕوو لەیارەکەی دەکات و دەڵێ :

Scanned with CamScanner

قوربان ، مەحالە یەکێ سۆز و پەرۆشی تۆی لەدڵدا بێ بتوانێ ئارام بگرێ و خۆی پێ رابگیرێ ، ئەمە لە توانای کەس دا نییە ، ئەرکێکە بەکەس هەڵناگیرێ . ڕووی گەش و زوڵفی ڕەشی تۆ و بەتۆ شادبوون کە بۆ من وەکو ڕۆژە و لێت دوورکەوتنەوە کە وەکو شەو وایە ، ئەمە هەموی مانای ڕووناکی و تاریکی ، کە یەکەمیان سەرچاوەی ئایین و خواپەرستییە و دوەمیان سەرچاوەی گومڕایی و نابەدڵییە ، و مانای بلاوکردنەوەی ژیان و مردنە . ئەوەی خۆی وا پێشان بدا کە دەتوانێ لە ئاستی دەردی دووریت دا بە خۆیدا بگرێ ، ئەم لاف و خۆپێشاندانەی ڕاست نییە ، یان فێڵە ، یان پلانە ، یان درۆیە یان دوو ڕوویی . تۆ کە وەکو حووری بەهەشت تازە کچێکی پاکیزەی ، جێی خۆیەتی بۆ خاتری گەیشتن بەتۆ دەست لە دونیا هەڵبگرم کە وەکو پیرە ژنێکی فەرتووت وایە . تۆ خۆت شیرینیت ، بەڵام ڕووت پڕ گلە و گازاندەی ترش و تاڵە و لەبەر ئەو ڕوو ترشیەت خاڵی سەر هەنیەت وەکو دانەی سماقی ترشی لێ هاتوە . سۆفی لەبەر نەبوونی و هەژاری وەکو فاق لەڕبوو و بەسەر یەکدا چەمایەوە ، ئەمەش لەبەر تەڵە کەبازی خۆیەتی چونکە ئەو تەسبیحەی هەڵی گرتوە ، بۆ فریودانی خەڵکە وەکو بان و باو وایە ، خەڵکەکە بە دوای دانەکە دێن و دەکەونە داوی فێڵەکانییەوە ، پیشە دو فلیقانەیشی هەر بۆ ڕیایە و وەکو فاق خەڵک دەگرێ و دەیان کا بە نێچیری نیازەکانی خۆی . ئەی یاری وەکو خۆر ، ئەی دڵ بڕ بەزەو میهرەبان ، سیەینان وەرە سەربان بۆ ئەوەی کە تۆ دەرکەوتی هەموو ئەوانەی ڕوویان وەکو مانگە لەبەر دەرکەوتنی شەوقی تۆ ببن بە مانگی کۆتایی مانگو بتوێنەوە . ئاڵی کە کاتی خۆی لەسەری کۆڕو مەجلیسان پاڵی دەدایەوە ئێستا بۆ تۆ دەربەدەری کوچەو کۆڵانان بوە[٢٠٨ : ٢٤٨-٢٥٤] .

هـ- لە ڕووی شێوازەوە : شێواز ناسی لە هەموو ئاستەکاندا (دەنگ، وشە ، ڕستە) کار دەکات و تایبەتێتی جۆرە شێوازێك و شێوازی نووسەرێك لە شێوازەکانی ترو نووسەرەکانی تر جیا دەکاتەوە . لێرەدا کە باسەکەمان بابەتی وشەی سەروایە ، لە هەندێ بەیوەندی شێواز ناسی وشەکانی سەروا دەکۆڵینەوە .

- هاوتایی (الترادف) ، وشەی سەروا بۆی هەیە بە بەیوەندی هاوتایی لەگەڵ وشەی تری دێرە شیعرەکە یان وشەکانی تری سەروا بیەسرێتەوە ، تایەر بەگ دەڵێ:

ڕاهیدی خود بین کە حەیرانە لە وادی عیشقدا
ڕیشەکەی پـان و درێژی ڕەشمە و هەوساریە [٤٨ : ١٦] .

ڕەشمە و هەوسار هاوتایی یەکن یان لەیەکەوە نزیکن .

- دژیەك (التضاد) ، وا دەبێ بەیوەندی دژیەك وشەی سەروا بە وشەکانی ترەوە گرێ بدا ، سالم دەڵێ :

ڕەبیەنا دڵ کون کونن سا چ غولام و چ ئەمیر
وەکو یەك ئەهلی نیازن چ غەنی و چ فەقیر[١٠١ : ٦٥] .

Scanned with CamScanner

لەلەتی یەکەم (ئەمیر × فەقیر) و لەلەتی دووەم (فەقیر × غەنی) دژیەکن. هەموو وشەکانی سەروای ئەم هۆنراوەیە لەگەڵ وشەی پێشە خۆیان لەم پەیوەندییە ناکۆکەدان (ئەمیر × گەدا، قەسیر × تەویل، کەسیر × قەلیل، کەبیر × سەغیر، پیر × بوپنا، حەسیر × حەریر).

- جووتبەندی (اللازمیە و الملزومیە)، ئەو جووتە وشەو چەمکانە دەگرێتەوە کە بەیەکەوە بەسراونەتەوە. یەکێ هەبێ ئەوەی تریش دەبێ وەکو ساقی و مەی، بووک و زاوا، رۆژ و رووناکی، مامۆستا و قوتابی ... حەمدی دەڵێ:

فەلسەفەی لوقمان لەکن ئەم زاڵە ناکا فلووس
چی لەئەسبابی دەکا، لایق بەزاوا بێ عەرووس [٦ : ٢٤١].

(عەرووس - بووک، زاوا) جووتبەندن، یەکێ هەبێ ئەوەی تریش دەبێ، بۆیە سەروای عەرووس جگە لە سەدای دەنگی سەروا و جەختی شوێنەکە، زایەلەیەکی زاوایشی تێدایە، ئەم زایەلەیە ئیقاعی دێرەکە قوولتر دەکاتەوە.

- تەناسوب، ئەوەیە کۆمەڵێ شت لەیەک خانەی زمانەوانی - Field -دا کۆببنەوە، نالی دەڵێ:

قاروونە فەلەک موستەحەقی گرتن و خەسفە
زێوو زەڕی شەمس و قەمەرە، درهەمی کەوکەب [٢٠٩ : ٥٧].

(کەوکەب) کە وشەی سەروایە لەگەڵ (شەمس و قەمەر) لەتەناسوبدایە، ئەو تەناسوبەی لەوانەوە هاتوە تەناسوبێکی تریشی دروست کردوە لە نێوان (درهەم، زێو، زەر). کە هەر دوولا بە پەیوەندی لێکچوون بەیەکەوە بەسراون.

- دووبارەکردنەوە (التکرار)، شاعیر زۆرجار پەنا دەباتە بەر دووبارە کردنەوەی وشەی سەروا. ئەم دووبارەکردنەوەیە چ لە ئاستی ستوونیدا بێ و چ ئاسۆیی، جەخت کردنە لەسەر ئیقاع و چەمک و مۆسیقای شیعرەکە، نالی لە شیعری (بیحەمدیللا ..)دا، هەموو عەجزەکانی، کە بەسەروا کۆتاییان دێ، کردوە بە دووبارەکردنەوە و لەهەر یەکێکدا دوو سێ جار وشەکانی هێناوەتەوە، هۆنراوەکە حەوت دێرە و لە دێری کۆتاییدا دەڵێ:

گوتی (نالی) ئەتۆ بمرە ئەمن دێم
خودا کەی بێ؟ خودا کەی بێ؟ خودا کەی؟ [٢٠٩ : ١٢٦].

سالم خاوەنی شێوازێکی ترەو بە جۆرێکی تر وشەی سەروا دووبارە دەکاتەوە، هەر وشەیەک دووجار دێنێ، وەکو لەسەرەتای هۆنراوەیەکدا دەڵێ:

لازمی عەرزی حاڵە، کاغەزی زەر تەبەق تەبەق
شەرحی میحەن بەخوێنی دڵ سەبتی دەکەم وەرەق وەرەق [١٠١ : ٧٦].

Scanned with CamScanner

لەسەرایای هۆنراوەکەدا ، هەموو سەرواکان بەم جۆرە دووبارە بوونەتەوە (شەبەق شەبەق ، سەبەق سەبەق ، حەق بە حەق ، دەق بە دەق ، فیرەق فیرەق) . ئەم شێوازە لای حەمدیش هاتوە[٦ : ٢٩٣] .

- لاساکردنەوە : شێوازێك کە چەسپا لای زۆربەی شاعیرانی سەربەو شێوازە پەیرەو دەکرێ ، واتە هەموویان لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی شێوازەکە لاسای یەکتر دەکەنەوە. وشە و دەستەواژە و لێکچواندن و شێوەی ناڕشتنی یەکتر دووبارە دەکەنەوە . شاعیرانی کلاسیکی کورد ، کە لە بەکارهێنانی وشەی بیانی نەپرینگاونەتەوە ، زۆر جار وشەی سەروایان ، بەهەرچی زمانێ بێ، دووبارە دەبێتەوە . با سەیری وشەکانی سەروای هەندێ هۆنراوەی چەند شاعیرێك بکەین ، بزانین چۆن لە هەڵبژاردنی وشەی سەروا با شوێن پێی یەکتریان هەڵگرتوە.

- نالی لە هۆنراوەی لاپەڕە (٤٥)دا ، ئەم وشانەی کردوە بە سەروا : (قەمەر ، سەر ، تەڕ ، نەزەر ، بەر ، بەشەر ، کەمەر ، بەسەر ، سەحەر) .

- کوردی بۆ هەمان سەرواو ڕەوی ، لە لاپەڕە (٣٧)دا ئەم وشانەی بەکارهێناوە: (دڵبەر ، سەر ، خەنجەر ، بەر ، پەیکەر ، ئەفسەر) .

- سالم (ل٣٠) : (بەدەر ، زەبەر ، سەر ، سەفەر ، خەنەر ، گوزەر ، کەمەر ، قەمەر ، لەبەر ، هەدەر ، گوڵشەکەر) .

- ناری (ل٥٨) : (هونەر ، موعتەبەر ، بەشەر ، قەمەر ، کەدەر ، نەزەر ، شوعلەگەر ، گوهەر ، سەفەر ، نەیشەکەر ، سەقەر ، دەر ، بەر ، سەر ، زەرەر ، خەبەر ، ئەسەر ، خەنەر ، بەسەر ، سەمەر) .

- حەمدی (ل٩٠) : (شەرەر ، شەڕ ، زەبەر ، زەرەر ، خەنەر ، هەدەر ، کەمەر ، قەمەر ، پدەر ، دەر ، بەشەر ، سەر ، زەڕ ، گوهەر ، نەزەر ، قەدەر ، موختەسەر) .

- مەحوی (ل١٣٠) : (گەر ، پێغەمبەر ، وەروەر ، دەر ، کەڕ ، تەڕ ، عەنبەر ، خەنجەر ، دەفتەر) .

- خادیم (بـ١ ، ل١٣٠) : (دەر ، سەحەر ، ئەسەر ، خەبەر ، تەڕ ، جیلوەگەر ، نەزەر ، سەر) .

- قانیع (ل٩٣) : (جەوهەر ، گەوهەر ، دەفتەر ، بەر ، سێبەر ، نەشتەر ، موژتەڕ ، پەروەر ، کەر) .

- ئەحمەد موختار (ل٥٢) : (بەر ، قەمەر ، جگەر ، سەحەر ، سەر ، گوزەر) .

- وەفایی (ل٤١) : (بەسەر ، قەمەر ، گوڵشەکەر ، نیلوفەڕ ، خەبەر ، دەر ، جگەر ، سەحەر ، نەزەر ، سەر ، بەر ، کەمەر) .

لەسەرنجێکی خێرای ئەم وشانەدا ، کە ئەم دە شاعیرە بۆ سەروای (-ەر) هێناویانە بۆمان دەردەکەوێ کە هەندێ وشە لای زۆربەیان دووبارە بۆتەوە و هەندێکیشیان کەمتر دووبارە بوونەتەوە ، بۆ بەدەست خستنی ئەنجامی وردتری بەراوردەکە و ڕادەی لاساکردنەوەی بەکارهێنانی وشەی سەروا لە لایەن ئەو شاعیرانەوە ، ئەم خشتەیەی خوارەوە گەلێ ڕاستیمان بۆ دەردەخاو ئەنجامی ڕاستی وردمان دەداتێ :

Scanned with CamScanner

وشەی سەروا	قەمەر	سەر	تەڕ	نەزەر	بەر	کەمەر	بەسەر	سەحەر	دڵبەر	خەنجەر
ژمارەی دووبارە بوونەوە	٦	٨	٣	٥	٦	٤	٣	٤	١	٢

پەیکەر	ئەفسەر	دەر	زەبەر	سەفەر	خەتەر	گوزەر	لەبەر	هەدەر	گوڵشەکەر	هونەر
١	١	٦	٢	٢	٣	٢	١	٢	٢	١

موعتەبەر	بەشەر	کەدەر	شوعلەگەر	گەوهەر	نەبشەکەر	سەقەر	زەرەر	خەبەر	ئەسەر
١	٥	١	١	٤	١	١	٢	٢	٢

سەمەر	شەرەر	شەڕ	پدەر	زەڕ	قەدەر	موختەسەر	گەر	پێغەمبەر	وەرەر	کەڕ
٢	١	١	١	١	١	١	١	١	١	١

عەنبەر	دەفتەر	جیلوەگەر	سێبەر	نەشتەر	مورتەڕ	پەروەر	کەر	جگەر
١	٢	١	١	١	١	١	١	٢

ده شاعیر، لـه ده هۆنـراوەدا ، (٥١) وشـەیان کـردوه بەسـەروا . ئـەم وشـانەی لەلایـەن یـەك شاعیرەوه بەکارهاتوون ، واته لاسا نەکراونەتەوه ، ٢٨ وشەن : (دڵبەر، پەیکەر، ئەفسەر، لەبەر، هونەر، موعتەبەر، کەدەر، شوعلەگەر، نەبشەکەر، سەقەر، سەمەر، شەرەر، پدەر، زەڕ، شەڕ،

Scanned with CamScanner

قەدەر ، موختەسەر ، گەر، پێغەمبەر ، وەروەر ، کەڕ ، عەنبەر ، جبلوەگەر ، سێبەر ، نەشتەر ، موزتەڕ، پەروەر، کەر) دەکاتە ٥٣,٩٪ی هەموو وشەکان .

ئەو وشانەی لە لایەن دوو شاعیرەوە بەکارهاتوون ، واتە لاساکراونەتەوە بەلأم زۆرنا ، ژمارەیان (١١) وشەیە : (خەنجەر ، زەبەر ، سەقەر ، گوزەر ، هەدەر ، گوڵشەکەر ، زەرەر ، خەبەر ، ئەسەر ، دەفتەر ، جگەر) ، دەکاتە ڕێژەی ٢٣,١٪ی هەموو وشەکان .

ئەو وشانەی لە لایەن سێ شاعیرەوە بەکارهاتوون ، واتە لاساکردنەوەیان زیاترە لەوەی پێشەوە ، ژمارەیان (٣) وشەیە : (تەڕ ، بەسەر ، خەتەر) دەکاتە ڕێژەی ٧,٧٪ی هەموو وشەکان .

ئەو وشانەی لە لایەن چوار شاعیرەوە بەکارهاتوون ، واتە لاساکردنەوەیان چالاکە ژمارەیان (٣) وشەیە : (کەمەر ، سەحەر ، گوهەر (گەوهەر)) ، ڕێژەی ٥,٨٪ی هەموو وشەکان .

ئەو وشانەی لەلایەن پێنج شاعیرەوە بەکارهاتوون دوو وشەن : (نەزەر، بەشەر) و دەکاتە ڕێژەی ١,٩٪ی هەموو وشەکان .

ئەو وشانەی لە لایەن شەش شاعیرەوە بەکارهاتوون ژمارەیان سێیە : (قەمەر ، بەر ، دەر) ، بە ڕێژەی ٥,٨٪ .

ئەو وشانەی لەلایەن هەشت شاعیرەوە بەکارهاتوون تەنیا یەک وشەیە (سەر)، بەڕێژەی ١,٩٪ . ئەم وشەیە لە هەموو وشەکان چالاکترە لە ڕووی لاساکرانەوەدا .

هەربەم جۆرە کە شاعیرێک جۆرە سەروایەک بۆ بابەتی هۆنراوەیەک بەکاردێنێ، سروشتی بابەتەکە وای دەوێ لێوەشاوەترین وشە بخاتە خانەی سەرواوە ، جا شاعیرانی دوای خۆی کە مامەڵە لەگەڵ هەمان بابەت دەکەن هەمان وشە بۆ سەروا هەڵدەبژێرن ، واتە لە هۆنانەوەی وشەی سەروادا دەکەونە بەر کاریگەری لاساکردنەوەی ئەوەوە . ئەم ڕاستیە وای کردوە ئەوانەی سەروا بە کۆت دەزانن بڵێن یەکێ کە دەیەوێ شیعرێ بنووسێ و بابەتێک دەست نیشان دەکا کە یەکەم دێری دامەزراند و سەرواکەی چەسپاند ، بێ ئەوەی هەست بێ بکا لە مێژووی شیعری نەتەوایەتیدا یەک تابووری دوور و درێژی شاعیرانی لە مێشکدا دەروژێنێ کە بەو سەروایە شیعریان داناوە ، ئیدی بیەوێ و نەیەوێ لە وشەکانی سەروای ئەوان سەروا بۆ شیعری خۆی هەڵدەبژێرێ . لێرەدا ناهێنان لە هەڵبژاردنی وشەی سەروا بۆ شاعیرانی بەرایی دەمێنێتەوە و شاعیرانی دواتر ، لەسەر لاساکردنەوە، بنەمای هەڵبژاردنی وشەی سەروا دادەڕێژن و لای خۆیانەوە شتی بۆ زیاد دەکەن . لێرەدا جیاوازییەکی تر لە نێوان شیعری کۆن و نوێ سەر هەڵدەدا . لە شیعری کۆندا ، چونکە یەکێتی سەروای تێدا پەیڕەو دەکرا ، شاعیر پشتی بە فەرهەنگی سەروا دەبەست بۆ دەستە بەر کردنی ئەم هەموو سەروایە کەچی شاعیری نوێ لە هۆنانی سەروادا ، گوێ بە شاعیرانی پێشوو نادا

Scanned with CamScanner

، چونکه پەیڕەوی یەکێتی سەروا ناکات و زۆر پێویستی بە گەڕانەوە سەر فەرهەنگی سەروا نییە . هێنانی سەروا لای شاعیری نوێ فەردیەت و تایبەتێتی خۆی تێدایە ، بۆیە شاعیری نوێ ناهێنەرە لە سەروا هێنانا .

دوو- پاش سەروا (ردیف) :

ئەگەرچی نەتەوە موسلمانە ناعەرەبەکان لەزۆر لاوە پەیڕەوی دەستوورەکانی غەزەل و قەسیدەی عەرەبییان کردوە ، بەڵام ناهێنانی خۆیشیان تێدا کردوە . پاش سەروا یەکێکە لەو ڕەگەزە شیعرییانەی نەتەوەکانی تر بە زۆری بەکاریان هێناوەو پەرەیان پێداوە چونکە لەعەرەبیدا نەبوە ، یان زۆر دەگمەن بوە و ئەو بایەخەی پێ نەدراوە . ڕەشیددین وەتوات لەبارەی پاش سەروا لە شیعری عەرەبی ڕای وایە (عەرەب پاش سەروایان نەبوە ، تەنیا نوێکانیان - ابشرو - هەندێ جار بەزۆر لەخۆکردن دەیهێنن . من یەك پارچە شیعری فەخری خوارزمم دیوە لەستایشی خوارزمشاه کە نازناوەکەی لەسەر شێوەی شیعری عەجەم کردوە بە پاش سەروا. سەرەتای هۆنراوەکە ئەمەیە :

الفضل حصله علاء الدولة واجد أثله علاء الدولة

زۆربەی شیعری عەجەم بە پاش سەروایە، سروشتی بەرزی شاعیر و توانای لە قسەدا ، لە هێنانەوەی پاش سەروادا دەردەکەوێ) [٣٥٦ : ١٢٧] . تەها حوسێن و ئەوانی تر لەبارەی پاش سەرواوە دەڵێن : (شاعیرە فارسەکان لە زۆربەی هۆنراوەکانیاندا ، خۆیان بە دەستووری سەروای عەرەبی بەستۆتەوە ، بەڵام لە پاڵ ئەمەشدا هونەری خۆیان تێدا نواندوە. هۆنراوەیان هەیە سەرواو پاش سەروای هەیە ، واتە : لە کۆتایی دێرە شیعریدا ، وشەیەك وەکو خۆی دووبارە دەکەنەوە و بەپەڕەوی سەروای وشەی پێش ئەویش دەکەن) [٣٠٤ : ٣١٥] . پاش سەروا مەرج نییە هەر تەنیا یەك وشە بێ ، دەشێ دەستەواژەیەك و بگرە ڕستەیەك بێ . کدکنی لە باسی پاش سەروا لای عەرەب دەڵێ : (سەکاکی لە - مفتاح العلوم - دا پارچە شیعرێکی بە پاش سەروای - ایها الزمن - هەیە ، بەم جۆرە دەڕوا :

حام تذکر قدری ایها الزمن بغیا ، وتوغر صدری ایها الزمن

لە چاخەکانی دواتریش لەم لاولەولا نموونەی تری پاش سەروا لە شیعری عەرەبیدا دەست دەکەوێ بەڵام هیچێکیان لە نموونەی بەرزی ئەدەبی نین و زۆربەی ئەدەبناسان بڕوایان وایە پاش سەروا لە زمانی عەرەبیدا شوێنێکی سروشتی نییە) [٤٠٧ : ٢٢٢-٢٢٣] . لە فارسیدا ، هەر لەکۆنەوە پاش سەروا هەبوە و لە غەزەل و قەسیدەدا زۆر بە ڕێکی بەکارهاتوە . کدکنی بە زیندە ڕەوییەوە باسی پاش سەروای شیعری فارسی دەکات و دەڵێ : (پاش سەروا یەکێکە لە تایبەتێتییەکانی شیعری فارسی کە ئەوەندەی من ئاگادارم لە ئەدەبی هیچ زمانێکدا بەو فراوانییە

Scanned with CamScanner

نەهاتوە) [٤٠٧ : ٢٢١] و کۆنترین نموونەی شیعری فارسی بۆ پاش سەروا ، ئەوەی ناوە :

آبست و بیاست و عصارات زبیب است
وسمیه رو سپیاست

خانلەری دەرهەق ئەم سێیبینەیە دەڵێ : (مێژووی هۆنینەوەی ئەم شیعرە سانی پەنجاویەکی کۆچییە ، بەم پێیە ئەم شیعرە کۆنترین نموونەیە کە پاش ئیسلام لە زمان و شیعری فارسی مابێتەوە) [٣٩٠ : ٥٨] ، کدکنی نموونەیەکی کۆنی تریشی بۆ پاش سەروای فارسی هێناوە. ئەو چوارینەیەی گوایە سانی ١٨٠ی کۆچی خەڵکی خوراسان لە ناشۆرینی ئەسەدی کوری عەبدوللای قەسریی والی خوراسان گوتوویانە دوای شکانی بەرامبەر میری خەتڵان و خاقانی تورک :

از ختلان آمدیه — بروتباه آمدیـــه
آبار باز آمدیـــه — خشك نزار آمدیه [٣٩٠ : ٥٨] .

کدکنی لای وایە کە پاش سەروا هەمیشە ڕەگەزێکی دیار و ئاشکرای شیعری فارسی بوە و لە ژێر کاریگەری شیعری فارسی کەوتۆتە ناو شیعری زمانانی تری وەکو عەرەبی و تورکی و ئوردوو... [٤٠٧ : ٢٢٢] . کدکنی ج لە نەشارەزایی بێ و ج لە دەمارگرژی هیچ ئاوڕی لە شیعری کوردی نەداوەتەوە ، ئەگەر نا بۆی دەردەکەوت شیعری کوردی ج لە ڕووی مێژووییەوە بێ و ج لە ڕووی فراوانییەوە بێ ئەوەندە لە فارسی کەمتر پاپەندی پاش سەروا نەبوە . بابا تاهیری هەمەدانی (٩٣٥-١٠١٠) کە کۆنترین شاعیرە بەرهەمی ڕۆری ماوەتەوە و پایەیەکی دیاری لە شیعری کوردیدا هەیە ، لە ٢٩٤ چوارینەدا ، ١٨٣ چوارینەی بە پاش سەروایە [٣٠] کە دەکاتە ڕێژەی ٦٢,٣٪ی هەموو چوارینەکان . ئەمەش نموونەیەک بۆ پاش سەروا لەیەکێ لە چوارینەکانی بابا تاهیر :

مەگەر شێر و پلنگی ئەی دڵ ، ئەی دڵ
بە موویایم بە جەنگی ئەی دڵ، ئەی دڵ
ئەگەر دەستم ڕەسەد خونت بریجەم
بوینە تاج ڕەنگی ئەی دڵ ئەی دڵ [٣٠ : ٦٣] .

پاش ئەویش جزیری لە (١٠٦) هۆنراوەدا ، کە غەزەل و قەسیدە سەرەکییەکانن، ٤٢ هۆنراوەی بە پاش سەروای هەیە کە دەکاتە ڕێژەی ٣٩,٦٪ی سەرجەمی شیعرەکان .

أ- پاش سەروا چییە ؟ قەیسی ڕازی بەم جۆرە پێناسەی پاش سەروا دەکا : (پاش سەروا وشەیەکی سەربەخۆیە ، جیایە لە سەروا ، دوای تەواو بوونی سەروا دێ چونکە شیعرەکە لەبارەی کێش و ماناوە پێویستی پێ هەیە . پاش سەروا بەهەمان مانا لە کۆتایی هەموو دێرەکاندا دووبارە دەبێتەوە) [٤٠٢ : ٢٣٥] . پاش سەروا مەرج نییە هەربەک وشە بێ ، دەمحەمەد نورەددین دەڵێ (پاش سەروا بریتییە لە وشەیەک یان زیاتر ، دوای سەروا ، لە کۆتایی هەموو دێرەکان دووبارە

Scanned with CamScanner

دەبێتەوە و ئــەو شیعرەی پـاش سـەروای هـەبێ پێـی دەگوتـرێ - مـورەددەف-[٣٥٦ : ١٢٥]. لـە کوردیدا یەکەم کەس باسی پاش قافیەی کردبێ ، د.مارفە ، دەڵێ : (پاش قافیە یاخود ئەتوانین قافیەی دوەمی پێ بڵێین ، ئەمە بریتییە لـە وشـەیەك یـاخود ڕستەیەك، لـە دوایی هـەموو دێرە شیعرێکدا وەکـو خـۆی دووبـارە ئەکرێتـەوە ، بەمـەرجێك پێـش ئـەم قافیـەی دوەمـە دیسانەوە دێرە شیعرەکان قافیەی تایبەتییان ببێ) [١٨٤ : ٥٩] . کەچی محەمەد سەعیدی ئیبراهیمی پـاش سـەروا بە وشەیەك دادەنێ (لـە ئـاخیری میسراع و لـنگدا خودی خۆی لـە پـاش قافیـە دووپـات دەبێتـەوە) [١٩٣ ،ل١٠٤] . لـەم بۆچوونانەی سەرەوە دەگەینە ئەوە کە : پـاش سـەروا ئـەو وشـە یـان دەستەواژە یـان ڕستەیەیە کە دوای وشـەی سـەروا لـە کۆتـایی لـەت یـان دێـرە شیعر بـە هـەمان مانـا دووبـارە دەبێتـەوە . لـەهـەر کـوێ سـەروا هـەبێ دەشـێ پـاش سـەروای بـە دوادا بـێ ،لـە مـەسنەوی و سێبینە و چوارینە و پێنجبینە و ... غـەزەل و قەسیدە ، تـەنانـەت جـاری وا هـەیـە پـاش سـەروا لـەگـەڵ سـەروای ناوەوەیش دێ .

هێنانەوەی پـاش سـەروا لـە کۆتـایی هـەموو لـەت یـان دێـرە شیعرێکدا کۆتێکی تـرە لـە ملی شـاعیر چونکە شاعیر دەبێ پـاش سـەروایەکی وا هـەڵبـژێرێ لـەگـەڵ مانـای سـەرانسەری دێرەکـانی هۆنراوەکـەدا بگونجێ . ئەگـەر سـەروا لای هـەندێ کـەس وەکـو کۆت وابـێ ، کۆتەکـە لـە وشـەکاندا نییـە ، بـەڵکـو لـە دەنگـەکانی دواوەی وشـەکاندایە. وشـەکان دەگـۆڕێـن تـەنیا پـەیـڕەوی وەك یـەکیی دەنگـەکانی دواوە دەکرێ ، ئـەمـە ئـازادی بـای ئـەوەنـدە تێدایە کە شـاعیر لـەسـەدان وشـەی هاوسـەرواوە ئـەوە هـەڵـبـژێرێ کە بۆ دەربـڕینی مـەبـەسـتەکـەی دەگونجێ ، بـەڵام لـە حـاڵـەتی پـاش سـەروادا وا نییـە . شـاعیر لـەیـەکـەم لـەت یـان دێـرە شیعرەوە ، کـە پـاش سـەروایـەکی هێنا ، هـیچ سـەریـەسـتی هـەڵـبـژاردنی پـاش سـەروای تـری بـۆ نامێنێتـەوە. دەبـێ هـەر دەسـت بـەو پـاش سـەروایـەوە بگـرێ تـا هۆنراوەکـە کۆتـایی دێ و لـە هـەموو دێرەکـانیشدا دەبـێ مانـای دێرەکـە بـە جـۆرێ نـابـڕێ لـەگـەڵ پـاش سـەرواکـە یـەك بگرێتـەوە ، بـەڵام لـەهـەمـان کـاتیشدا پـاش سـەروا هێنـانـەوە نیشانـەی بـاڵا دەسـتی شـاعیرە لـە شیعردا (ئـەگـەر دیوانی شـاعیرێك لـە ڕووی بـوون و نـەبـوونی پـاش سـەرواوە هـەڵسـەنگێنین دەبینین توانـای داهێنـانی شـاعیر لـە شیعرە پـاش سـەرواکان زیـاترە) [٤٠٧ : ٢٢٦] . پـاش سـەروا وەکـو چـەقێك وا دەبـێ ئـەو سـەروایانە بـۆ خـۆی ڕادەکێشـێ کـە لـە ڕووی مانـاوە لـە گـەڵـیدا دەگونجێـن و ئەوانـەی تـر وەلادەنـێ . پـاش سـەروا ئـەگـەر داهێنـانی شـاعیری تێدابـێ هێـزێکی زیـادەکی بـە هۆنراوەکـە دەدا بـەڵام پـاش ئـەویش هـەر زوو دەبـێ بـەبـابـەتی لاساکردنـەوە و شـاعیران پـاش سـەروای یـەکتروەردەگـرن و لـەگـەڵ ناوەرۆکی بابـەتی خۆیانی دەگونجێنن .

ب- هۆی پەیدابوونی پاش سەروا : پـاش سـەروا یـەکێکـە لـەو ڕەگـەزە شیعرییانـەی نـەتـەوەکانی ئـەیری عـەرەب (فـارس ، کـورد ، تـورك ، ئـۆردوو ...) غـەزەل و قەسیدەی عـەرەبیان پێ موتوریە کردوە. هۆی چیبە پـاش سـەروا ، کـە لـە عـەرەبیدا نـەبـوە ،لـە زمانـەکانی تـر بـۆی زیـاد کـراوە ؟ کـەکنی بـوونی

Scanned with CamScanner

پاش سەروا لە فارسی و نەبوونی لە عەرەبیدا بۆ سێ هۆ دەباتەوە : (١- هەبوونی فەرمانی -بوون tobe- کە لە تایبەتیبەکانی زمانە ئاریایەکانەو لە عەرەبیدا نییە . ٢- فارسی زیاتر پێویستی بە مۆسیقییەتی سەروا هەیە چونکە لەعەرەبیدا سەروا بەهۆی ئیعراب و حەرەکەی کۆتاییەوە توانای کشان و درێژ بوونەوەی زیاترە ، بەڵام لە فارسیدا چونکە کۆتایی وشەی سەروا بە زۆری وەستاوە ، دوا دەنگی کۆتایی توانای کشانی نییە . ٣- شوێنی وشە لە ڕستەدا ، لە زمانی فارسی ، تایبەتێتی خۆی هەیە . ئەو فراوانی و بڵاوییەی فارسی لەم ڕووەوە هەیەتی لەکەم زماندا هەیە) [٤٠٧ : ٢٢٥] . ئەمە لە فارسیدا ، بەڵام لە کوردیدا ، لەئەنجامی ئەو سەرژمێرییە نەختێ فراوانەی بۆ شیعری کوردی کردووەمانە ، دەرکەوتوە کە هۆی زۆری پاش سەروا لە کوردیدا بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێتەوە :

- هەبوونی (فەرمانی بوون tobe) لە کوردیدا کە لە زمانە هیند و ئەوروپییەکاندا هەیە ، لەگەڵ فەرمانی (هەبوون to have) و (فەرمانی کردن -todo) کە دەوری زۆر چالاکانە دەگێڕن لە دروست کردنی دەستەواژەی تر . لە سەرژمێری گشتی هۆنراوەی کلاسیکی دەرکەوتوە کە ئەم سێ فەرمانە ، بە هەموو جۆرە گەردان و کاتێک ، لە پێشەوەی هەموو پاش سەروا کان دێن . لە (٦٤) دیوانی کلاسیکی کە (٤٦٨٠) هۆنراوەیە ، (١٥٢٠) هۆنراوەیان بە پاش سەروایە کە دەکاتە ڕێژەی ٣٤,٥٪ . لەمانەش ٩٣٦ هۆنراوە پاش سەروایان فەرمانە کە دەکاتە ١٩,٨٪ی هەموو هۆنراوەکان و ٦١,٦٪ی هۆنراوە بەپاش سەروا کان ، لەمانەش (٧٠٩) هۆنراوە پاش سەروا کانیان فەرمانی (بوون - هەبوون - کردن)ە ، کە دەکاتە ڕێژەی ١٥,٢٪ی هەموو هۆنراوەکان و ٤٦,٧٪ی هۆنراوە بە پاش سەروا کان و ٧٥,٨٪ی بە پاش سەروا فیعلییەکان .

- سروشتی زمانی کوردی کە بە زۆری فەرمان لە کۆتایی ڕستەوە دێ ، دووبارە بوونەوەی یەک فەرمان بۆ زۆر حاڵەتی جیاجیا ، ج ئەوانەی سەرەوە و ج فەرمانی تر ، وای کردوە پاش سەروا لە کوردیدا زۆر ببێ .

- مەیلی شاعیرانی کورد بۆ بەکارهێنانی کێشی درێژ ئەو درێژییە ماوە بە شاعیر دەدا پاش سەروا لە کۆتایی دێر بەکاریێنێ . یەکێ لە جیاوازییەکانی عەرووزی عەرەبی و کوردی ئەوەیە زۆربەی کێشە شەش تەفعیلەکانی عەرەبی لە کوردیدا ، جگە لە شەشی ، قالبی هەشتیشیان لێ دروست کراوە کە ئەمە لە عەرەبیدا نییە ، بۆ هوونە ڕەمەل و هەزەج و ڕەجەز و موزارێع و موجتەس لە عەرەبیدا هەر بە شەشی یان بە مەجزووئی بەکاردێن کەچی لە کوردیدا دەشێ بە هەشتیش بەکاریێن . ئەم درێژ کردنەوەی کێشانە دەرفەت بە شاعیر دەدەن وشەیەک یان دەستەواژەیەک و بگرە ڕستەیەک لە کۆتایی دووبارە بکاتەوە .

- ناوەڕۆکی بابەتی شیعریش دەوری هەیە لەبەکارهێنانی پاش سەروادا ، کەشین بێ (ڕۆ)ی تێدا دووبارە دەبێتەوە ، کە ئائومێدی بێ (چ بکەم) و ...

Scanned with CamScanner

جـ- شی‌کردنەوەی پاش سەروا لـە کوردیدا : پـاش سـەروا دەشێ وشـەیەك یـان زیـاتر بێ تـا دەگاتە نیوەی لەتی دووەمی دێرە شیعر. واتە دەگاتە دەستەواژە و ڕستە و بۆی هەیە لە ڕستەیەکیش زیاتر بێ. لەم ڕوانگەیەوە پاش سەروا دەکرێتە چوار جۆر :

١- یەك وشە : ئەم وشەیە بۆی هەیە :

- ناوێ : حەمدی (شاخ)ی کردوە بە پاش سەروای ئەم هۆنراوەیە :

وا بە گوڵ ئارایشی‌دا گۆشەیی دەستاری شاخ
خۆشە بۆ سەیرانی ڕۆژی حەزرەتی دڵداری شاخ [٦ : ٢١٠].

- ئاوەڵناو : دیسان حەمدی ئاوەڵناوی (ساغ)ی کردوە بە پاش سەروا :

حەرفی ناساغی بەجێم لاچاکە نەك بێجایی ساغ
کاسەیی گڵ بێ لە مەی پڕ، خاڵی نەك مینایی ساغ [٦ : ٢٦٠].

- کار : سافی (دەکا)ی کردوە بە پاش سەروا :

چاوەکەم، چاوم بە ئائیم ئینتیزاری تۆ دەکـــا
شەو بەیادی عاریزت، یادی گوڵی شەو بۆ دەکا [١٠٠ : ١٩].

ئاوەڵکار : شێخ نووری (شەو)ی بە پاش سەروا ئاناوە :

خۆت بپارێزە لە ئاهی دڵ بریندارانی شـــەو
نەك خوبا ناکەردە گیرایێ، دوعای نالأنی شەو [٩٢ : ٢٢٧].

- ڕاناوی جوێی کەسی : وەفایی دەڵێ :

لەو ڕۆژەوە کە دوور بۆتەوە سایەت لەسەری من
سووتاوە لە تاوت هەموو جان و جگەری من [٢١٤ : ٩١].

وشەی پرسیاری (بۆچ)، حەمدی دەڵێ :

مەستی سورمەی نازە چاوت نێرگسی شەهلایە بۆچ؟
زوڵفی ئەفشانت نموونەی تۆپڕەیی لەیلایە بۆچ ؟ [٦ : ٢٠٣].

٢- دەستەواژە : واتە لەیەك وشە زیاتر بێ و ڕستەی تەواو نەبێ ، جا دەستەواژەکە ناوی بێ یان کاری :

- دەستەواژەی ناوی : ئەحمەد موختار بەگی جاف (ئەو چاوە)ی کردۆتە پاش سەروا :

غەزاڵەی چینە یا خۆ پیالەیی سەهبایە ئەو چاوە
شەرابی نابە یا خۆ نێرگسی شەهلایە ئەو چاوە [١٠ : ١٥٢].

- دەستەواژەی کاری : سالم دەستەواژەی (بم) کە فـەرمانی بـوون لـە ڕێـژەی ئینشـائی لـەگـەڵ ڕاناوی لکاوی (م) کە ئەرکی بکەری فەرمانەکە دەبێنێ بەکار هێناوە :

لە مەحشەردا ئەگەر بێ ڕووبی تۆ مائیل بە جەننەت بم

Scanned with CamScanner

لەلای یارانی ئەهلی دڵ سەر ئەفگەندەی خەجالەت بم[١٠١ : ٧٩].

٣- ڕستەیەك : حەمدی ڕستەی (ناکەم)ی کردوە بە پاش سەروا ، دەڵێ :

لە ڕووی تۆدا نەبێ ، شەرتە وجودی خۆم تەلەف ناکەم

کە ڕووحم عائیدی تۆیە فیدای تۆ بێ ئەسەف ناکەم[٦ : ٣٠١].

٤- لە ڕستەیەك زیاتر : بە تایبەتی لەو شیعرانەی کە نیوەی لەتی دووەم لە هەموو دێرەکان وەکو خۆی دووبارە دەبێتەوە ، جزیری دەڵێ :

شۆخ و شەنگی زوهرە ڕەنگی دڵ ژمن بر دڵ ژمن

ئاورێن هەیبەت پلەنگی دڵ ژمن بر دڵ ژمن[٥٨ : ٣٩٩].

پاش سەروا لە ڕستەی (دڵ ژمن بر) و دووبات کردنەوەی دەستەواژەی (دڵ ژمن) پێك هاتوە کە لێرەدا دووبات کردنەوەی بەشێکی ڕستەکە بۆ جەخت کردنە . هەمان پاش سەروا لای پرتەوی هەکاریش هەیە[٤٠ : ١٧٦] . حەمدی پاش سەروایەکی هێناوە لە ڕستەیەك زیاترە و دووبات کردنەوەیش نیە و ناگاتە ئاستی نیولەت ، دەڵێ :

یا محەمەد ڕوو ڕەشی دەرگا نەکەی تۆم ، تۆبەبێ

هەرچی هەم بێ شك سەگی ئاسانەکەی تۆم، تۆبەبێ[٦ : ٣٩٢].

(تۆبە بێ) ڕستەیەکی تەواوە ، جگە لەم ڕستەیە دەستەواژەی (تۆم)ی لەگەڵ کردوە بە پاش سەروا (-تۆم ، تۆبە بێ) . وایش دەبێ پاش سەروا دوو ڕستە بێ ، مەحوی دەڵێ :

بەدەم مەوجی خوێنی ئەشکەوەم ، بڕوانە چۆنم بۆت

دەروونم کەیلی زووخی دەردوغەم ، بڕوانە چۆنم بۆت[١٨٠ : ٧٦].

(بڕوانە چۆنم بۆت) کە پاش سەروایە لە دوو ڕستە پێك هاتوە (بڕوانە - چۆنم بۆت).

د- پاش سەروا لە ڕووی ڕەسەنێتییەوە : لەبەر ئەوەی شیعری کلاسیکیمان کاتی خۆی وشەی زمانەکانی دەروبەری کردوە بە کەرەستەی دەربڕین ، زۆرجار ئەو وشە بێگانانە بوون بە پاش سەروا ، بۆیە لە ڕوانگەی ڕەسەنێتی پاش سەروا ، دەتوانین بیکەین بەم جۆرانەی خوارەوە :

- پاش سەروای یەك زمان : ئەوەیە کە وشە یان وشەکانی پاش سەروا سەربەیەك زمان بن .

• پاش سەروای کوردی : عەونی ڕستەی (دەیزانم)ی کردوە بە پاش سەروا ، کە کوردییە ، دەڵێ:

لە شوێنی چی دەچی ، ئەی دڵ ، خەیاڵت خاوە دەیزانم

ئەوەی تۆ بۆی خەریکی ئەو لە تۆ تۆراوە دەیزانم[١٤٥ : ٣٦].

• وا دەبێ پاش سەروا عەرەبی بێ ، جزیری دەڵێ :

تۆ سەحەر گەهـ ب نەماشا وەرە بازاڕی حدوث

لێ نەبێ فائیدە ئازار نەدەت خاری حدوث[٥٨ : ١٥٥].

Scanned with CamScanner

یان وا دەبێ ڕستەیەکی عەرەبی بکرێتە پاش سەروا ، وبسالی دەڵێ :

غەریقی بەحری عیسیانم (أغثنی یا رسول اللة)

حەریقی ناری نسیانم (أغثنی یا رسول اللة) [٢١٦ : ١٣٦].

ئەو وشە و دەستەواژە عەرەبییانەی کراون بە پاش سەروا ، بە زۆری ئەمانەن : عیشق ، غەلەت (غلط) ، خەت (خط) ، فەرز (فرض) ، غەرەز (غرض) ، ڕایج (شائع) ، قەت (قط) ، خوسووس (خصوص) ، مەخلووق (مخلوق) ، ئەلوستەغاس (المستغاث) ، لەزیز (للبد) ، فیراق (فراق) ، عاقیبەت (عاقبه) ، عەبەس (عبث) ، ئەلوێداع (الوداع) ، موبارەك (مبارك) ، میرات (میراث) ، غەوس (غوث) ، واعیز (واعظ) ، حەز (حظ) ، خەلاس (خلاص) ، وەتەن (وطن) .. کاتی خۆی شاعیران بۆ سەلماندنی توانای شاعیریەتی خۆیان هەوڵیان دەدا بە هەموو دەنگەکان سەروا بێننەوە، جالەبەر ئەوەی ئەو دەنگانەی لە عەرەبی هەن ولە کوردیدا نین وشەکانیان بە گرانی کۆدەکرێتەوە و تێگەیشتنیان گرانترە . پەنایان دەبردە بەر یەك وشەو دەیانکرد بە پاش سەروا تا کۆنایی دێرەکان بەو دەنگە بێنن کە مەبەستیانە وەکو (خلاص ، غرض ، خط ، حظ ، عبث ، للبد) .

- وا دەبێ پاش سەروا فارسی بێ : بێخود دەڵێ :

سەحەر سپیاوی ڕووی سامانی (خورشید)

شەفەق سووراوی گۆنەی ئانی (خورشید) [٣٦ : ٣٣].

(خورشید - ڕۆژ) وشەیەکی فارسییە و بۆتە پاش سەروای شیعرێکی کوردی . وشەی فارسی بەقەد عەرەبی لە شیعری کوردیدا نەبۆتە پاش سەروا ، ڕێژەیان کەمترە . گرنگترین وشەی فارسی لە پاش سەروا هاتبێ ئەمانەن : (خورشید ، باد، شما ، جا ، چراغ ، خود ، دیگەر ، فریاد ، اوست ، ئاشکار ، جان /جانان ، درێغ ، ماهی نەو ، پەشمە ، ماهڕوو) ، وشەیەکی ڕووسی وەکو (سەماوەر)یش یەك جار بۆتە پاش سەروا [٢١٦ : ٢٨٣].

- پاش سەروای فرە زمان : ئەوەیە دەستەواژەکەیان ڕستەکەی پاش سەروا وشەکانی لە دوو زمان یان زیاتر بێ ، ئەسعەد مەحوی دەڵێ :

کون بە کون دەوران ئەکەم هادی نەماوە ئەی درێغ

هەر مەکانێ بۆی ئەچی شادی نەماوە ئـــەی درێغ [١٦ : ٣٩].

(نەماوە ئەی درێغ) ، لە کوردی و فارسی پێك هاتوە (نەماوە ئەی - درێغ) . بڕتەوی هەکاری پاش سەروای لە کوردی و عەرەبی داڕشتوە ، دەڵێ :

کافرێ بوتخانە گەڕیام عاقیبەت

ساکینی وێرانە گەڕیام عاقیبەت [٤٠ : ١٠٣].

(گەڕیام عاقیبەت) پاش سەروایە . (گەڕیام) کوردی و (عاقیبەت) عەرەبییە .

Scanned with CamScanner

٨- مەودای پاش سەروا : پاش سەروا بە پێی هۆنراوە و دێرەکە دەگۆڕێ ، بۆی هەیە یەك مۆرفیمی کورت بێ وەکو (که - بکه) و بۆیشی هەیە لە ڕستەیەك تێپەڕێ . بۆ نموونە لە فارسیدا دەشێ پاش سەروا (است - tobe) بێ و دەشێ جگە لەوشەی سەروا ، سەراپای دێر بان لەت بگرێتەوە ، وەکو ئەم چوارینەیە :

با من بودی منت نمی دانستم
یا من بودی منت نمی دانستم
چون من زمیان شدم ترادانستم
تا من بودی منت نمی دانستم[٤٠٧ : ٢٢٥].

ئەم چوارینەیە، لە ڕووی سەرواوە لەوانەیەکە لەتی یەکەم و دوەم و چوارەمی هاوسەروان و لەتی سێیەمیان ئازادە. ئەمە لە عەرەبیدا چوارینی خەساوولە ئینگلیزیدا چوارینی خەیامی پێ دەگوترێ . لەم سێ لەتە هاوسەروایەدا ، تەنیا وشە دوو فۆنیمیەکانی (با ، یا ، تا ، وشەی سەروان و ئەوەی دوای ئەمانە کە لە هەر سێ لەت وەکو خۆی دووبارە بۆتەوە پاش سەروایە (من بودی منت نمی دانستم) . وشەکانی سەروایش کە هەریەکە دوو دەنگە ، لە دەنگی کۆتایی هاویەشن کە ڕەوی چوارینەکەیە (ا)و تەنیا دەنگی یەکەمیان جیایە (ب ، ي ، ت) کە ئەرکی دروست کردن و جیاکردنەوەی مانای سێ لەتەکەیان کەوتۆتە سەر. لەلەتە ئازادەکەشدا تێبینی ئەوە کراوە کە وشەی کۆتایی (دانستم) لە ڕەگەزێکی چەپکە وشەی سەروا بێ . لە کوردیدا ، وا دەبێ تەنیا یەك دەنگدوو لەتە دێر لێك جیا بکاتەوە ، دەنگو وشەکانی تر هەمووی یەك بن ، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم نموونەیەی لێرە وەری دەگرین هەموو وشە دووبارەبوەکان هەر پاش سەروانین ، یەکێ لە وشەکانیان پێش سەروایە ، مەولەوی دەڵێ :

ئەو ئانەپەی دڵ ئەو نەبۆپەی چێش
ئەو لانەپەی دڵ ئەو نەبۆ پەی چێش[١٨٦ : ١٤٣].

هەموو وشەکانی دوولەتەکە یەکن ، وشەیەکیان پێش سەروایە (ئەو) ، ئەوانی تریش پاش سەروان (پەی دڵ ئەونە بۆ پەی چێش) ، تەنیا جیاوازیان لە وشەی (ئانە ، لانە) دایە ، کە تەنیا دەنگی یەکەمیان جیایە . (ء ، ل) . گۆڕانی مانای لەتەکانی دەکەوێتە سەر یەك دەنگو بەس .

- وا دەبێ نیولەت دەبێ بە پاش سەروا و لە هەموو دێرەکان دووبارە دەبێتەوە ، وێسالی دەڵێ:

ئەسیری چەرخی دەورانم ، غەریبم ساخوبا ڕەحمێك
دەلیلی مولکی بەلخوانم ، غەریبم ساخوبا ڕەحمێك[٢١٦ : ٢٠١].
(غەریبم ساخوبا ڕەحمێك) پاش سەروایە و لە کۆتایی هەموو دێرەکان دووبارە دەبێتەوە .

و- دەوری پاش سەروا لە ڕووی واتاوە : ئەگەر وشەی سەروا لە هەموو وشەکانی لەت بان دێر

Scanned with CamScanner

شیعر قوڕسایی مۆسیقاو مانای زیاتر بکەوێتە سەر ، ئەوا پاش سەروا لەهەموو وشەکانی سەروا زیاتر ئەو ئەرکە دەبینێ ، چونکە پاش سەروا وەك بنتی چەق گرتن مانای هەموو دێرەکان کۆدەکاتەوە . پاش سەروا وەکو بستەی ئاش هەموو هۆنراوەکەی لەسەر دەسوڕێ . پاش سەروا دەبێ بەو خاڵە سەرەکییەکەی بیری سەرەکی سەراپای هۆنراوەکە هەڵدەگرێ و لەوێوە بەسەر وشەکانی سەرواو ئینجا وشەکانی ناو دێرە شیعرەوە بلاو دەبێتەوە . لە پاش سەرواوە دەردەکەوێ بیری سەرەکی هۆنراوەکە لە چ بابەتێك دەدوێ ، بۆ نموونە تۆ کە لە شیعرێکی وێسالی پاش سەروای (کێش)[35] ببینی [٢١٦ : ٢٤٨] . یەکسەر دەزانی سەراپای شیعرەکە بە دەوری کێش دا دەسوورێتەوە و زیانی کێش و بێزاری مرۆڤ لەدەست کێش دەردەبڕێ وەکو ئەوە وابێ ، پاش سەروا ناونیشان بێ بۆ هۆنراوەکە . یان کە لە شیعرە ناو دارەکەی مەحوی پاش سەروای (نەکەم چ بکەم) [١٨٠ : ٢٣] دەبینین یەکسەر دەزانین شاعیر لە هەڵوێستی هەڵبژاردنێکی ناچاری دایە و هەموو دێرەکان حاڵات و نموونەی ئەم هەڵوێستە ناچاریینەن . یان کە حەمدی وشەی (واعیز) دەکا بە پاش سەروا [٦ : ٢٢٥] دیارە شیعرەکە لە بارەی واعیزە ، گلەو گازاندەیە ، ڕەت کردنەوەی قسەو ئامۆژگارییەکانیەتی . وەك نموونە لە شیعری کلاسیکیدا کە ئەم پاش سەروایانەی خوارەوە دەبینین ، یەکسەر دەرگای هۆنراوەکەمان بۆ دەکرێتەوە و لە هێلی سەرەکی هۆنراوەکەدا حاڵی دەبین: حەمدی (ماچ) [٦ : ٢٠٤] ، سافی (کەس بە دەردی من نەزانی) [١٠٠ : ٩٣] ، جزیری (ئەبرۆ) [٥٨ : ٤٠٣] ، مەحوی (نیمە مەلاڵ) [١٨ : ١١٦] ، زیوەر (درۆیە) [٩٧ : ٢٥] ، بێخود (پێغەمبەر) [٣٦ : ٣٥] ، پرتە و (دەردێ ئینتیزار) [٤٠ : ١٢٤] ، ئەسیری (سەی تەها) [١٧ : ١١] ، سالم (ئەلوێداع) [١٠١ : ٧٥] ، خادیم (بولبول) [٧٥ : ١٦٣] ... هتد .

چۆن وشەی سەروا لە ئەنجامی زۆر بەکارهاتنەوە کەوتۆتە بەر کاریگەری لاسا کردنەوە لای شاعیرانی کلاسیك، هەر بەو جۆرەش پاش سەروا ، زۆر جار دەبێ بەمایەی لاساکردنەوە. پاش سەروا هەیە چەند شاعیرێك لە هۆنراوەدا بەکاریان هێناوە. بۆ نموونە پاش سەروای (نەکەم چ بکەم)ی مەحوی، لای زۆر شاعیری دوای خۆی سەری هەڵداوەتەوە، وەکو خادیم[٧٦ :١١٠،١٧٠، ٢٠٣] عەونی [١٤٥ : ٢٦] کردوویە بە (نەکا چ بکا)، میرزا غەفوور[٢٠٤ : ١٣٣] ناری [٢٠٦ : ٧١] ، سافی [١٠٠ : ٢٣] تەنیا (چ بکا)ی بەکارهێناوە. وەك دیارە هەرلەم چەند نموونەیەدا ، (٦) شاعیر هەمان پاش سەروایان هێناوە.

ز- پاش سەروا و هونەرەکانی شیعر : پاش سەروا ئەگەر چی لە هۆنراوەی خاوەن یەکێتی سەروا (قیتعە و غەزەل و قەسیدە)دا ئاشکراتر دەردەکەوێ ، بەڵام لە هەموو هونەرەکانی شیعردا هاتوە ،لە کوێ سەروا هەبێ دەگونجێ سەرواکان پاش سەروایان هەبێ . ئەگەر شیعرێ مەسنەوی

---

(35) لە ئەدەبی ئەوروپیدا ، وابوە کێش کراوە بە جێی ژوانی بەیەك گەیشتنی خوێنی دوو دڵدار ، چونکە کێش خوێنی هەردووکیان دەمژێ و خوێنەکان لەناولەشی کێچەکە تێکەڵ دەبن و یەك دەگرن .

Scanned with CamScanner

بێ ، پاش سەروا لەگەڵ لەتەکانی دێ ، هەروەها بە گوێرەی سێبینە و چوارینە و پێنج خشتەکی و .... بۆ نموونە لە چوارینەدا بەهەر جۆرێ سەرواکەی دابەش بوو بێ ، پاش سەروا لەگەڵ سەروا وەکو یەکەکان دەڕوا . لە (٢٨) شاعیری کلاسیکیمان [٣٦] کە چوارینەیان بەکارهێناوە ، ژمارەی هەموو چوارینەکانیان گەیشتۆتە (١٠٨٢) و لەمانە (٣٠٨) یان بە پاش سەروان کە دەکاتە رێژەی (٢٨,٥٪) . ئەوەی لە پێنج خشتەکیدا پێویستە، بە ڕوون کردنەوەیە، ئەوەیە ئەو چوار لەتەی سەروای سەریەخۆیان هەیە دەشێ پاش سەروایان هەبێ یان نەبێ ، بۆیە لە ڕۆڕ پارچەی پێنج خشتەکیدا ئەگەر پاش سەروا هەبوو ، پاش سەرواکان بە ڕۆڕی جیا دەبن ، تەنیا لەتە پێنجەمەکان ئەگەر پاش سەروایان هەبێ دەبێ لە هەموویان وەکو یەک بێ . ئەوەی شایەنی سەرنجە ، نەک هەر لە دێڕ و لەتە شیعر بگرە لەگەڵ سەروای ناوەوەش جاری وا هەیە پاش سەروا دێ .

سێ- پێش سەروا (حاجیب) : پێش سەروا ، ئەو وشە یان دەستەواژە یان ڕستەیە کە لە پێش وشەی سەروا بە هەمان مانا دووبارە دەبێتەوە. ئەم دیاردەیە لە شیعری عەرەبیدا نەکەوتۆتە بەرچاو و لە لێکۆڵینەوەکانی سەرواناسی باسی نەکراوە . ئەمەیش لە داهێنانی نەتەوە موسلمانە نا عەرەبەکانە ، بەتایبەتی فارس کە لە ڕۆەوە کەوتنە خۆ و دەستیان دایە ڕێندوو کردنەوەی زمان و ئەدەبیاتی خۆیان پاش ئیسلام و داهێنانی خۆیان لە جۆرو هونەرەکانی ئەدەبی عەرەبی کرد . وادیارە لەسەرەتادا ، لە فارسی ، حاجیب و ڕەدیف وەکو دوو ڕاڕاوە تێکەڵ کراون ، بۆیە قەیسی ڕازی بەریەرچی ئەو جۆرە کەسانە دەداتەوە و دەڵێ : (هەندێ لە پێشینان بەڕەدیفیان گوتوە حاجیب) [٤٠٢ : ٢٣٥] ئینجا بۆ ڕون کردنەوەی مەبەست دەڵێ : (بینای شیعر لەسەر سەروای دروست هاتوە ، بۆیە مرۆڤ یەکەم جار بیری بۆ سەروا دەچێ . وشەی ڕەدیف دوای تەواو بوونی سەروا دێ ، بۆیە وا چاکە ڕاڕاوەی ڕەدیفی بۆ بچەسپێنرێ ، کەچی حاجیب لای شاعیرە گەورەکان ئەو وشەیەیە کە لە پێش سەروا دووبارە دەبێتەوە)[٤٠٢ : ٢٣٥] پاش ئەم ڕون کردنەوەیە نموونەی شیعرێکی مەسعوود سەعدی داوە کە لەبارەی سولتان مەلیکی کوڕی سولتان مەسعوود گوتوویەتی و وشەی سولتانی تێدا کردوە بە پێش سەروا . لەبارەی حاجیبەوە سەدرەدین زەمانیان دەڵێ : (حاجیب ئەو وشەیەیە کە پێش سەروای ئەسڵی بەهەمان مانا دووبارە دەبێتەوە) [٤٠٣ : ١٦٢] ، لێرەدا جەخت لەسەر دووبارە کردنەوەی ڕووت کراوە ، واتە بەهەمان مانا نەک بە ڕەگەز دۆزی ، لەم بارەیەوە وەکو پاش سەروا وایە . لە کوردیدا ئەوانەی باسی سەروایان کردوە ، ج وەکو لێکۆڵینەوەی سەرواو ج لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی هۆنراوەدا ، هیچێکیان بەلای پێش سەروادا نەچوون . ڕەنگە هۆکەیشی ئەوە بێ ، پێش سەروا ئەگەر چی لە مەسنەویدا ڕۆڕە ، بەڵام لەغەزەل و

---

(36) شاعیرەکان ئەمانەن : بابا تاهیر ، حەمدی ، شێخ ڕەزا ، ئەحمەد موختار ، بێخود ، خادیم ، حاجی ، کمالی ، ئەسعەد مەحوی ، سەفوەت ، ناری ، شاهۆ ، لوتفی ، تایەر فوئاد ، هەردی ، زیوەر ، جاهید ، گۆران ، ئەخۆل ، میرزا غەفوور ، مبهری ، مەلا وەسمان ، شاری ، خانی ، عەونی ، شێخ نوری ، حیلمی ، هەژار

Scanned with CamScanner

قەسیدە بەرچاو ناکەوێ کە یەکێتی سەروایان تێدایە و دەبێ لەسەرەتا تا کۆتایی پێش سەروا وەکو خۆی دووبارە بێتەوە . نموونەیەك بۆ پێش سەروا ، مەولەوی دەڵێ :

ئیسە تەن وەی ڕام دڵ وەی خەریکی
دیدار وەی دووری مەرگ وەی نزیکی [١٨٦ : ١٩٦] .

لەم دێرە شیعرە مەسنەویەدا ، (خەریکی ، نزیکی) وشەی سەروان . پێش ئەم دوو وشەیە لە هەردوو لەتدا وشەی (وەی) وەکو خۆی ، بە هەمان مانا دووبارە بۆتەوە . ئەمە پێش سەروایە (حاجیبە) . جاری وا هەیە دێرە شیعرێك پاش سەرواو پێش سەروای هەیە ، هەژار دەڵێ :

ژیان خۆشە لەگەڵ ئەوین برا بێ
گیان خۆشە بەهۆی ئەوین جیا بێ [٣ : ٣١٥] .

(برا ، جیا) وشەی سەروان . کەوتۆنەتە نێوان دوو وشە (بێ) پاش سەروایە و (ئەوین) پێش سەروایە . ئەم دێرە جگە لەم سێ وشەیە کە سەرواکەیان دەوڵەمەند کردوە ، دوو وشەکەی بەراییش جۆرە سەروایەك بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە ، (ژیان) و (گیان) سەروای سەرەتاییان پێك هێناوە ، (خۆشە) بۆتە پاش سەروایان . واتە لەهەر لەتە دێرێك تەنیا یەك وشە لە پەیوەندی سەروا چۆتە دەرەوە ، لەیەکەم (لەگەڵ) و لە دوەم (بەهۆی) ، ئەوانەی تر هەموو وشەکان هەریەکە بە جۆرێ دەچێتە ناو چوارچێوەی سەرواوە .

بۆی هەیە پێش سەروا بکەوێتە نێوان دوو سەرواوە ، سەروای کۆتایی و سەروایەکی ناوەوە، خانی دەڵێ :

سەحرا و وجەمەن دکرنە مەسکەن
بەیدا و دەمـــەن دکرنە گوڵشەن [٣ : ٤٤] .

لەم دێرەدا (مەسکەن ، گوڵشەن) وشەی سەروان . (دکرنە) پێش سەروایە . ئەم پێش سەروایە لەلەتی یەکەمدا کەوتۆتە نێوان (چەمەن) و (مەسکەن) کە سەروای ناوەوەیان لەنێودا هەیە ، لەلەتی دوەمیش لە نێوان (دەمەن ، گوڵشەن) هاتوە کە ئەوانیش بەسەروای ناوەوە پێکەوە بەستراون . سەروای ئەسڵی لەتەکان (مەسکەن ، گوڵشەن) و سەروای سانەوی (چەمەن و دەمەن) . واتە (دکرنە) بۆ سەروای ئەسڵی بۆتە پێش سەروا و بۆ سەروای سانەوی بۆتە پاش سەروا.

وا دەبێ دێرەکە سێ سەروای هەبێ ، پێش سەروا لە پێش وشەی کۆتایی نەبێ بەڵکو لە پێش وشەی سەروای ناوەڕاست بێ ، خانی دەڵێ :

خوەش ڕەنگی تەدا گیایێ سۆر گوڵ
خوەش دەنگی تەدا نەوایێ بولبوڵ [٣ : ٨] .

Scanned with CamScanner

(سۆرگوڵ ، بولبول) وشەی سەروای کۆتایین ، (گیایێ ، نەوایێ) وشەی سەروای دووەمن ، (خوەش ڕەنگی ، خوەش دەنگی) وشەی سەروای یەکەمینن . پێش سەروا (تەدا) نەکەوتۆتە پێش سەروای کۆتایی ، کەوتۆتە پێش سەروای ناوەڕاست و بۆ سەروای یەکەم بۆتە پاش سەروا . لێرەش هەموو وشەکانی لەتەکان کەوتوونەتە بەر چەمکی سەروا .

دەشێ هەر لەتێکی دێرە شیعرەکە لە دوو سەرواو دوو پێش سەروا پێك هاتبێ ، خانی دەڵێ :

ئەف ڕەنگە فەلەك هەمی موعەززەم
ئەف چەندە مەلەك هەمی موکەررەم [٣ : ٥] .

ئەم دێرە لەسەر دوو سەروا بنیات نراوە ، لە لەتی یەکەمدا (فەلەك ، موعەززەم) لەلەتی دووەمدا (مەلەك) بەرامبەر (فەلەك) و ، (موکەررەم) بەرامبەر (موعەززەم) ، هەردوو سەروایش پێش سەروایان هەیە ، سەروای کۆتایی پێش سەرواکەی (هەمی) یەو سەروای ناوەوە پێش سەرواکەی (ئەف)ە بەڵام پلەیەك خزیوەتە پێش و وشەیەکی تر هاتۆتە بەینیانەوە (ڕەنگە) ، (چەندە) .

أ- مەودای پێش سەروا : پێش سەروا لە هەموو دێرە شیعرێکدا وەکو یەك نییە ، کورت و درێژی لە نێوان وشەو ڕستەدا دەردەکەوێ ، ئەمەش چەند جۆرێك لە مەودای پێش سەروا :

١- وا دەبێ پێش سەروا یەك وشە بێ (ناو ، ئاوەڵناو ، کار ، ئاوەڵکار ، ڕاناو ...) خانی دەڵێ :

گۆیا هەمی جیسمەکن تو جانی
گۆیا هەمی شەهرەکن تو خانی [٣ : ٧] .

(جانی ، خانی) وشەی سەروان و (تو) پێش سەروایە ، یەك وشەیە ، ڕاناوە .

٢- وا دەبێ پێش سەروا دەستەواژەیەك بێ ، خانی دەڵێ :

مەعلوولە ل باگەلەك عەلیمان
مەقبوولە ل باگەلەك حەکیمان [٢ : ٢٦] .

ئەم دێرە شیعرە سەراپا وشەکانی لە مۆسیقای سەروا بەشدارن (عەلیمان ، حەکیمان) وشەی سەروان . سەروای کۆتایی . (مەعلوولە ، مەقبوولە) سەروای سەرەتایین . (ل باگەلەك) پێش سەروایە . لە هەمان کاتدا بۆسەروای سەرەتا دەبێتە پاش سەروا .

٣- وا دەبێ پێش سەروا ڕستە بێ ، خانی دەڵێ :

وەللاهی یەکێ نەمایە ڕاحەت
بیللاهی یەکێ نەمایە تاقەت [٣ : ٥٦] .

(نەمایە) یان (یەکێ نەمایە) ، ڕستەیە بۆتە پێش سەروا بۆ (ڕاحەت ، تاقەت) .

Scanned with CamScanner

ب- پێش سەروا ، وشەی سەروا ، پاش سەروا : لەم سێیانە وشەی سەروا ، بنچینەیەو بۆ دروست بوونی سەروای دێرە شیعر ، دەبێ هەر هەبێ ، بەڵام دوەکەی تر بوونیان مەرج نییە ، ئەگەر چی هاتنی یەکێکیان یان هەردووکیان ئیقاعی شیعرەکە بەهێزتر دەکا . زۆرجار کە ئەم سێیانە لە دێرە شیعرێکدا کۆببنەوە ، سەراپای وشەکانی دێرەکە گوڕی سەروایان بەبەردا دەچێ و دەکەونە ناو کارلێکی ئاوازی دەنگی شیعرەکە و هەریەکە بە جۆرێ بە وشەی سەرواوە دەبەسرێتەوە . ئەم شیعرەی خانی :

مەم بۆ من و هەیمەنەت ژ بۆتە
غەم بۆ من و سەلتەنەت ژ بۆتە [٣ : ١٧٢] .

هەر هەموو وشەکان بەشداری دروست کردنی ئاوازی دێرە شیعرەکە دەکەن و لەگەڵ سەروای کۆتایی تێك دەکەنەوە . وشەکانی سەروای کۆتایی بریتین لە (هەیمەنەت ، سەلتەنەت) وشەکانی سەروای سەرەتایی بریتین لە (مەم ، غەم) . وشەکانی تر کە دووبارەن دەوری دەنگدانەوەی دوو سەرواکە و بەیەك گەیاندنی هێلی ئیقاعی نێوانیانە ، (ژ بۆتە) پاش سەروایە . (بۆ من و) پێش سەروایە و لەهەمان کاتیشدا بۆ سەروای سەرەتایی ، دەبێ بە پاش سەروا . واتە (بۆ من و) هەردوو دەور دەگێڕێ ، دەوری پێش سەروا و پاش سەروا ، بەمەوە وەکو ئەڵقەی پێوەندی جەمسەری دوو سەرواکە بەیەك دەگەیەنێ .

وا دەبێ دێرە شیعرێك لەسەر دوو سەروا ڕۆنرابێ ، سەروای کۆتایی و سەروای سەرەتا . لە نێوان ئەم دوو سەروایەدا وشەیەك دووبارە بووبێتەوە ، جارێك بۆ سەروای کۆتایی بووبێ بە پێش سەروا و جارێك بۆ سەروای سەرەتا بووبێ بە پاش سەروا ، وەکو خانی دەڵێ :

گوێندە هنەك] ، [هنەك دخاموش
پوێندە هنەك] ، [هنەك دمەدهوش [٣ : ٤٨] .

(هنەك) لە هەر لەتێکدا دووجار هاتوە ، جارێك بۆتە پێش سەروا و جارێك بۆتە پاش سەروا .

- وا دەبێ دێرە شیعرێك لەسەر سێ سەروا ڕۆنرابێ ، لەو حاڵەتەدا دەشێ پێش سەروا لە پێش هەر کامەیان بێ ، ئەگەر چی شوێنی خۆی پێش سەروای کۆتاییە ، وەکو خانی دەڵێ :

قەلبێ دزەغەل دکەت بلووری
پولێ د دەغەل دکەت فلووری [٣ : ٢٧] .

وا دەبێ هەر لەم جۆرە دێرەدا کە سێ سەروای هەیە ، پێش سەروا نەقلێکی تر خۆی بۆ پێشەوە هەڵگوێزێ و بکەوێتە پێش سەروای ناوەڕاست ، خانی دەڵێ :

Scanned with CamScanner

مەوجوودە دوێ شەهادەت و غەیب


مەشهوودە دوێ سەیادەت و عەیب [٣ : ٤].

وا دەبێ زیاتر خۆی پەپێش دەکات و دەکەوێتە پێش سەروای سەرەتا ، خانی دەڵێ :

هەریەك ب کەمال بەدری ماهەك

هەریەك ب جەمال سەدری شاهەك [٣ : ٤١].

بەم جۆرە پێش سەروا بە پێی جۆری سەروای دێرە شیعر شوێنی جیاجیا دەگرێ و بە زۆریش بەرەو پێشەوە دەڕوا .



سنووروو ڕەگەزەکانی سەروا بە هێلکاری :

Scanned with CamScanner

باسی سێیەم : تێکەڵ بوونی کۆتاییەکان :

بە پێی ئەو دوو باسەی لە پێشەوە بۆ دەنگەکانی سەروا و وشەکانی سەروا کرا ، دەردەکەوێ کە لە هەر یەکێکیان دوو کۆتایی جیاواز دەردەکەوێ و بۆی هەیە ئەو دوو کۆتاییە لە هەندێ بارا تێکەڵ بین ، واتە ئەو سنوورەی لە نێوان کۆتاییەکان دانراوە هەڵبگیرێ و جۆرە تێکەڵبیەک بێتە ئاراوە .

یەک- تێکەڵبوونی دەنگەکانی کۆتایی سەروا : دوا دەنگی پەسەنی وشەی سەروا پەوییە :

ئەگەر وشەیەکی سەروا کۆتایی بە پەوی هاتبوو ، دەبێ هەموو وشەکانی تری سەروا کۆتاییان بە پەوی بێ ، خۆ ئەگەر کۆتایی بە پاش پەوییەکی تایبەتی هاتبوو دەبێ هەموو وشەکانی سەروا ئەو پاش پەوییە بان هەبێ ، وەکو (جاران ، باران) هەردووکیان پاش پەوی (ان) یان وەرگرتوە و کۆتایی وشەکانی سەروا (ن)ە . یان وشەکانی (چاوەکەم ، ناوەکەم ، خاوەکەم) پەوییان (و)ەو (ەکەم) پاش پەوییە و لە دوو مۆرفیمی رێزمانی پێک هاتوە و کۆتایی بە دەنگی (م) هاتوە . لە وشەی سەروادا ، بە شێوەیەکی ئاسایی ، دەبێ پەوی لەگەڵ پەوی بێت و پاش پەوی لەگەڵ پاش پەوی ، بەڵام ئەم وردبینە لای هەموو شاعیران بەیەک ڕادە پەیڕەو نەکراوە ، هەیانە ئەم دوو کۆتاییەی تێکەڵ کردوە . پەوی و پاش پەوی لە کۆتایی وشەکانی سەروا هێناوە . ئەمەش هەندێ لەو حاڵەتانە :

١- وا دەبێ وشەیەکی سەروا کۆتایی پەوی بێ و وشەکەی تر یا وشەکانی تر خاوەن پاش پەوی بن و پەوی و پاش پەوی هاوەنگبن ، وەکو حاجی دەڵێ :

نێستەکەش فرسەتە گەلی یاران
کەپەنك بۆ چیبە لە پاشی باران [٦٠ : ٢٣٧] .

وشەکانی سەروا (یاران ، باران) ، کۆتاییان بە (ن) هاتوە ، بەڵام لە وشەی یەکەم ئەم (ن)ە لە پاش پەوی (ان) دایە کە نیشانەی کزیە و چۆتە سەر وشەی (یار) ، کەچی لە دوەمیاندا (ن)ەکە پەوییە چونکە بەشێکە لە ئەسڵی وشەی (باران) و زیادەی رێزمانی نییە . لێرەدا یەکبوونی دەنگی کۆتایی دوو وشەکەی سەروا ، لە دوو حاڵەتی جیاوازەوە پەیدا بوە ، پەوی و پاش پەوی کە هەردووکیان تێکەڵ بوون ئینجا یەکێتی دوا دەنگیان دەستە بەرکردوە فارس بەم جۆرە سەروایە دەڵێن قافیەی جەعلی.

٢- وا دەبێ دەنگی یەکگرتووی کۆتاییەکان پەوی نێدا نەبێ ، لە پاش پەوییەوە هاتبێ بەڵام پاش پەوییەکان جیابن ، حاجی دەڵێ :

شکڵی تەکبە و خانە قاهی شێخەکان
واقیعا ڕەنگینە ، ئەمما بۆ ڕیسان [٦٠ : ٢٠١] .

Scanned with CamScanner

(شێخەکان ، ڕیان) وشەی سەروان ، هیچیان کۆتایی بە ڕەوی نەهاتوە ، ئەو دەنگە کۆتاییەی کۆیان دەکاتەوە (ن) لە پاش ڕەوی دایە کە لە یەکەمیان مۆرفیمی ناسین و کۆ (هك + ان) ولە دوەمیان مۆرفیمی ڕاناوی کەسی سێیەمی کۆیە (ن) . ئەگەر دوا دەنگی ڕەسەنی وشەکان وەربگرین بۆ گەڕان بە دوای ڕەویدا ، دەبینین یەکەم کۆتایی بە (خ) و دوەم بە (ا) دێ، ئەمانە وەکو یەك نین و ڕەوییان دروست نەکردوە ، پاش ڕەوییەکان بە دەنگی کۆتایی ئەم ئەرکەیان هەڵگرتوە . ئەوەی جێی سەرنجە ، بۆتەواو کردنی مەرجی سەروا کە دەبێ ناوك و بەراوێزی کۆتایی یەك بن ، لە وشەی یەکەمدا (ان)ی کۆ دەگرێتەوە کە مۆرفیمێکی ڕێزمانی سەربەخۆیە کەچی لە دوەمدا (ان)ەکە بەسەر دوو مۆرفیم دابەش بوە ، بزۆنەکە دوا دەنگی ئەسڵی وشەی سەروایە و (ن)ەکە بەتەنیا مۆرفیمێکی ڕێزمانییە .

هەژار دەڵێ :

ڕووناکی دڵ و بینایی چـــاوان
گەرتۆ نەبی کێ ئەوینی دا وان [٣ : ٢٣٩] .

لێك کردنەوەی ڕەوی و پاش ڕەوی لەم دێرەدا نەختێ ئاڵۆزی تێدایە. وشەی سەروا (وشەی کۆتایی کە بەهەمان مانا دووبارە نەبووبێتەوە) لەیەکەم (چاوان)ولە دوەم (وان)ە ، یەکەمیان لە (چاو+ان) پێك هاتوە ، واتە (و) ڕەوییەو (ان) پاش ڕەوییە. دوەمیان ڕاناوێکی سەربەخۆیە (وان)، سواو و سوکراوەی (ئەوان) ە . ئەگەر (ئەوان) وەربگیرێ دەشێ (ئەو) بە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك و(ان) بەکۆ دابنرێ .ئەوسا ڕەوی دەبێ بە (و) لە (ئەو) دا ، بەم بۆچوونە ڕەوی هەردوو وشەکە (چاو - ئەو) یەك دەبێ بەڵام سەرواکە دروست نییە چونکە ناوکی دوا بڕگە لە وشەکاندا یەك نییە (ا،ە) . لەم دێرە شیعرەدا وەك وشەو دەنگەکانی سەروا (چاوان) و (دا وان) بەرامبەر یەك ڕاگیراون ، یەکەمیان یەك وشەی دوو مۆرفیمیە و دوەمیان دوو وشەیە : فەرمانێك (دا) و ڕاناوێك (وان)، ئەگەر (وان) حسێبی کۆی بۆ بکرێ (ان)ی لێ لابدرێ تەنیا (و) دەمێنێتەوە ، ئەم (و)ە لەگەڵ (ا)ی (دا) سەروا دروست دەکا و (و) دەبێ بە ڕەوی ، بەڵام لەبەر ئەوەی بەم کارە (و) پاش سواوی هیچ مانا نادا (باو) مانای (دا ئەو) ناگەیەنێ ، بۆیە (ن)ی کۆتایی بە جێگری ڕەوی دادەنرێ و ڕەوی وشەکانی سەروا توانای هەڵگرتنی باری ئیقاعی و دەلالی شوێنەکەی خۆیان نییە .

دوو- <u>تێکەڵ بوونی وشەکانی سەروا</u> : سەروا تا سێ وشە حسێبی بۆ دەکرێ ، وشەی سەروا، پێش سەرواو پاش سەروا. پێش سەروا چەسپاوە و ناگۆڕێ ، ئەوەی تێکەڵیبەکە دروست بکا پاش سەروایە ، زۆر جار لە سەرابای هۆنراوەیەکی بە یەکێتی سەروادا ، پاش سەروا لە زۆربەی وشەکان وەکو خۆی دووبارە دەبێتەوە کەچی لە بڕلەیەك دوانێکیان مانای دەگۆڕێ و لەگەڵ وشەی سەروادا خۆی لێك دەداتەوە ، بۆ نموونە ، نالی دەڵێ :

Scanned with CamScanner

بەزستان دڵ شکستەی بەر دو سەر مام
بەهاوین جەستە خەستەی دەردو گەرمام [٢٠٩ : ٧١].

لەم دێرەدا پاش سەروا نییە ، (سەرمام ، گەرمام) وشەی سەروان (ا) ڕەوییە ڕاناوی (م) پاش ڕەوییە . بەڵام کە دێینە سەر وشەی سەروای دێرەکانی تری ئەم هۆنراوەیە ، ئەم کۆتاییانە دەخوێنینەوە (دەریەدەر مام ، بێبااڵ و پەرمام ، سەفەر مام ، هەر مام ، من بێ پەدەر مام ، دەریەدەر مام ، بێ بەسەر مام) ، لە هەموویاندا (مام) پاش سەروایە ، لە فەرمانێك (ما) و ڕاناوێك (م) پێك هاتوە . وشەکانی پێشوو بوونەتە وشەی سەروا و مانایان سەریەخۆیە (دەریەدەر ، بێ پااڵ و پەڕ ، سەفەر...) لە هەموویان دەنگی سەروا (ەر)و ڕەوی (ر)ە ، ئەوەندە هەیە چەند جارێك (ر-ڕ) کە فۆنیمی جیان بەرامبەر یەك هاتوون. ئەم دیاردەیە لە شیعری کلاسیکی زۆر دووبارە دەبێتەوە . لە هیچێکیان تێکەڵی دروست نەبوە ، ئەو تێکەڵبوونەی مەبەستمانە لە دوو لەتەکەی دێری یەکەمیایە (سەرمام ، گەرمام). ئەگەر وەکو دێرەکانی دواوە (مام) بۆ پاش سەروا جیا بکرێتەوە ، ڕاستە ئەو وشانەی دەمێننەوە (سەر ، گەر) هەم مانای سەریەخۆیان هەیە و هەم سەرواو ڕەویشیان لەگەڵ دێرەکانی تر یەکە ، بەڵام (سەر ، گەر) لەم دوو لەتەدا بە مانای سەریەخۆ لەگەڵ مانای لەتەکان ناڕۆن . مانای لەتەکان وا دەخوازێ بە (سەرما) و (گەرما) مانایان لێك بدرێتەوە ، چونکە پەیوەندییان بە زستان و هاوینەوە هەیە ، لەم حاڵەتەدا (ا) دەبێ بە ڕەوی (م) دەبێ بە پاش ڕەوی . وەك دیارە تێکەڵبوونی پاش سەروا و سەروا ، بۆتە هۆی تێکەڵ بوون و لێك جیابوونەوەی (ڕەوی) و پاش ڕەویش . بەم جۆرە لە دوو لەتی یەکەمدا پاش سەروا نامێنێ و لەتەکان بە وشەی سەروا کۆتاییان دێ ، کەچی لە دێرەکانی تر بە پاش سەروا کۆتاییان دێ . نالی لە شیعرێکی تریشدا ئەم دیاردەی دووبارەکردۆتەوە ، لە شیعری لاپەڕە (٩٢)دا (ساقی بەمەیی کوهنە ...) ، دێرەکان کۆتاییان بەم وشانە هاتوە (نەوبە ، تەوبە ، ئەوبە ، جدەو بە ، قەڵەو بە ، جلەو بە ، خەو بە ، نەوبە) . (نەوبە) دووجار هاتوە ، شوێنی هاتنەکەیان حسێبی تایبەتی بۆ کراوە ، کۆتایی لەتی یەکەم و کۆتایی دوا لەتی هۆنراوەکە ، ئەمە کۆکردنەوەو بەیەکەوە گرێدانی سەرەتا و کۆتایی هۆنراوەیە ، هەریەکەیان بەمانایەك هاتوە ، یەکەمیان لە دوو بەش پێك هاتوە (نەو/بە) یەکەمیان ئاوەڵناوە (عادەتی نەو) ، دوەمیان فەرمانی ناخوازییە بۆ کەسی دوەمی تاك و لە (بوون) ناڕۆاوە (بە، ببە) .

لە هەموو کۆتاییەکان (تەنیا دوو نەبێ) (بە) پاش سەروایە و لە (بوون)ەوە ناتاشراوە ، وشەکانی پێش ئەمە دەبن بە وشەی سەروا (نەو ، ئەو ، جدەو ، قەڵەو ، جلەو ، خەو) کە ڕەوی (و)ە . کەچی لە (تەوبە)ی کۆتایی دێری یەکەم و (نەوبە)ی کۆتایی دێری کۆتایی ، (بە) بەشێکی ڕەسەنە لە وشەکان و سەریەخۆ نییە . بۆیە نابێ بە پاش سەروا ، ئەگەر لەمانەدا بکرێ بە پاش سەروا ، ئەو بەشەیەی لە پێشەوە دەمێننەوە (نەو ، تەو) لەدێرەکان مانا تەواو ناکەن . ئەگەر چی

Scanned with CamScanner

لـه ناوەڕاستی ئـەم دوو وشـەیەدا (هو) هـاتوە ، دەنگـەکانی سـەرواو پەوی لـەگـەڵ پەوی وشـەکانی پێشوو یەک دەگرێتەوە بەڵام (بە)ی کۆتاییان سەربەخۆ نییە، پەوی وشەکانی تری خستۆتە ناو ئەم دوو وشەیە یان پاش سەروای ئەوانی لـەم دوو وشـەیەدا تواندۆتـەوە .. قەیسی ڕازی دەڵێ پێشینان (تێکەڵ کردنی ڕەدیف و قافیە یان بە پەسند نەزانیوە)[٤٠٢ : ٢٣٦] بەڵام من وای بۆ دەچم نالی کە ئەمەی کردوە ،لـەم دوو هۆنراوەیەدا لەبـەر بێ دەسـەڵاتی شیعری نـەبوە تـا لێی پەسند نـەکرێ. بەڵکو بۆ هونـەر و جوانکاری و وردەکاری بوە ،لەوانەیە ئەمە یەکێ بـێ لـەو سـەد داوەی بۆ (ئـەو کەسە کە شاعیرە) بە (داوە شیعری دەقیقی خەیالی شیعر) ناویەتەوە . قەیسی ڕازی کە ئـەم جۆرە کارە لای پێشینان بە پەسند نازانی ، نموونەیەکی بۆ ڕون کردنـەوە داوە ، کـە چوارینەیەکی معزیە دەڵێ :

بهاری کز دو رخسارش همی شمس و قمر خیزد
نیگاری کز دو یاقوتش همی شهدو شکر خیزد
خروش از شهر بنشاند هر آن گاهی که بنشیند
هزار آتش برانگیزد هر آن گـاهی که برخیزد[٤٠٢ : ٢٣٦].

لـه دوولـەتی یەکەمدا (قمر، شکر) بوونەتـە وشـەی سـەرواو (خـیزد) سـەربەخۆیە و بۆتـە پـاش سـەروا ، کەچی لـە لـەتی چوارەمدا (برخیزد) وشـەیەکی سـەربەخۆیە ،لـە دوو بەش پێک هاتوە (بر- خیزد) ، خیزەد وەکو پاش سـەروا خۆی دەنوێنێ و (بر) لـەگـەڵ قمر و شکر هاوسـەروایە ، بەڵام لـەم لـەتـەدا (برخیزد) وەک یـەک وشـە حیسابی بۆ دەکرێ ، بۆیـی دەبێ بە وشـەی سـەروا .

ئـەم تێکـەڵ بوونـەی لـە کۆتاییـەکان سـەرهـەڵدەدا ، چ لـە ئاستی دەنگدا بێ و چ لـە ئاستی وشـە ، یان بۆ بێ دەسـەڵاتی شاعیر دەگـەڕێتـەوە ، ئەوسـا دەبێ بـە عـەیب ، یـان بـۆ زەبـر بـەدەسـتی شـاعیر دەچێتـەوە ئەوسـا دەبێ بـە وردکاریـیـەکی زیـادەو قوولیـەکی تـر بـە ئیقـاع و دەڵالـەت و یـاری بـە وشـە کردن دەدا .

Scanned with CamScanner

بەشی سێیەم

دابەشبوونی سەروای شیعری کوردی

بابی یەکەم : چەمک و جۆرو پێکهاتنی پارچە هۆنراوە

یەکەم: چەمکی پارچە هۆنراوە

دوەم : ناونانی پارچە هۆنراوە

سێیەم: دابەش کردنی پارچە هۆنراوە

١- لە ڕوانگەی کێشی لەتەکانەوە

٢- لە ڕوانگەی کێش و ژمارەی لەتەکانەوە

٣- لە ڕوانگەی سەروای لەتەکانەوە

چوارەم : کردنەوە و ناخستنی هۆنراوەی پارچەدار

بابی دوەم : پارچەی گشتی

یەکەم : تاک

دوەم: سێینە

سێیەم: چوارینە

چوارەم: پێنجینە

پێنجەم : شەشینە

شەشەم: حەوتینە

حەوتەم: هەشتینە

هەشتەم: نۆیینە

نۆیەم: دەیینە

دەیەم: پارچەی یازدە بڕگەیی

بابی سێیەم : پارچەی تایبەتی

یەکەم : قیتعە و غەزەل و قەسیدە

دوەم: تەسمیت و تەرجیع بەند و تەرکیب بەند

سێیەم: موستەزاد و قالبە سەرواکانی

چوارەم: سۆنێتە

پێنجەم: موەششەح

شەشەم: شیعری ئازاد

Scanned with CamScanner

باسی یەکەم : چەمک و جۆرو پێکهاتنی پارچە هۆنراوە :

یەکەم - چەمکی پارچە هۆنراوە - stanza , stroph :

وشەی (stroph) کە بۆ پارچە شیعر بەکارهاتوە لە بنچینەدا (وشەیەکی گریکییە بەمانای - بابانەوە - هاتوە. لە درامای گریکیدا بۆ پارچەی یەکەمی کۆرس بەکار دەهات لەکاتی ڕۆیشتنیدا لە سەرێکی شانۆوە بۆ سەرەکەی تر دەیانچڕی ، ئینجا - stroph - anti - پەیدا بوو. ئەو پارچەیە بوو کە کۆرس لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ شوێنی بەرایی دەیانچڕی ، دواتریش -epode- هاتە ئاراوە ، ئەو پارچە بوو کە لەتەکانی کێشیان وەکو یەک نەبوو ، کۆرس لەکاتی وەستاندا دەیانچڕی . ورده ورده ڕاڕاوەکە وای لێ هات بوو بە هاوتای stanza بەتایبەتی لە سرووبا ، دواتریش بۆ پارچەی شیعری ئازاد بەکاردەهات) [٥٠٢ : ٦٦٢] ، کەچی (stanza) بەم جۆرە ڕون کراوەتەوە (وشەکە بەمانای - شوێنی وەستان - دێ ، بڕینیە لە کۆمەڵێك لەتە دێر ، ژمارەیان هەر چەندەی هەبێت ... ستانزا یەکەی بونیاتی هۆنراوەی پارچەیارە) [٥٠٢ : ٦٥٧] . قانسان بەم جۆرە پێناسەی پارچە شیعر دەکات (پارچە شیعر ، کۆمەڵە لەتێکە بە هۆی سیستەمی تایبەتییەوە کۆبوونەتەوە سەرێك. هەر شیعرێك یان پارچە یان چەند پارچەیەکە کە لە ڕووی شکلی شیعری و لە ڕووی واتاوە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە . لەتە دێرەکانی پارچەکانی یەك هۆنراوە هەندێ جار یەکسانن و هەندێ جار یەکسان نین . سەروایان یان مەسنەوییە یان موتەناوبیە یان ئازادە . هەندێ جار سەروای مەسنەوی و موتەناوبب لەیەك پارچەدا کۆ دەبنەوە . پارچەکان هەندێ جار بەڕێکی دووبارە دەبنەوە و هەندێ جار یاسای دووبارە بوونەوەیان دەگۆڕێ ، پارچە هەیە ٢،٢ دێرە ، پارچەیش هەیە ١٠،٨،٦،٥ دێرە) [٣٣٠ : ٨٤] . ئەبرامز دووبارەبوونەوەی سیستەمی سەرواو بەکێتی ژمارەی لەتەکان و درێژییان لەهەر پارچەیەکدا بەمەرجی سەرەکی دەزانێ [٥٠٠ : ١٦٤] .

پارچە هۆنراوە وا دەبێ سەربەخۆبێ ، واتە بەهیچ پارچەی تردوە نەبەسرابێتەوە بەلأم سیستەمی سەروای تایبەتی وادەکا حسێبێکی تایبەتی بۆ بکرێ و بەجۆرە پارچەیەکی دیاریکراو دابنرێ . وایش دەبێ پارچە هۆنراوە بەتەنیا نەبێ ، لەگەڵ چەند پارچەیەکی تر هۆنراوەیەك دروست بکەن . کاتێ هۆنراوەیەك دابەش چەند پارچەیەك دەکرێ (پارچەکان هەر جۆرێك بن) ، بەڕۆی یەکسان دەبن بەلأم وا دەبێ جیایش بن (لەڕوبەی هۆنراوەی پارچە داربا پارچەکان ناگۆڕێن بەلأم جاروبار گۆڕانیشیان تێ دەکەوێ) [٥٠٢ : ٦٥٧] . بۆ نموونە چوارینەو پێنجینە و شەشینە ، پارچەکانیان ناگۆڕێ ، بەلأم لای شاعیرێکی وەکو خدر مەحموود مەندەلاوی لە دیوانی (بڕوەخوێن) ، هەندێ هۆنراوە پارچەکانیان (٥،٤) یان (٦،٥) یان (٦،٥،٤) لەتین .

لەبارەی دیارکردنی ڕادەی هەرە کەم و هەرە زۆری ژمارەی لەتەکانی هەر پارچەیەك ڕای جۆراو

Scanned with CamScanner

جۆر هەیە . کەمترین ژمارەی لەتی پارچە شیعر (چ بەتەنیا و چ لە چوارچێوەی هۆنراوەدا) ، لای فرانسواز یەک لەت (نیو دێر -mono stiche-) بەسە بۆ دروست بوونی پارچە شیعر بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم جۆرەیان بە دیاردەیەکی زۆر دەگمەن دەزانێ ولەتێکی سەربەخۆی (ئەپولیتێر) بە ئەوونە دێنێتەوە کە دەڵێ :

Et l'anique cordeau des trompettes marine . [٤٨٢ : ٢٠]

لە کوردیدا ، ئێمە چوار لەتی سەربەخۆمان لای میهری دیوە ، کە لە دەستنووسەکەی خۆیدا لەسەری نووسیون (مصراع) ، لە یەکێکیاندا دەڵێ :

دەست لە دەستی یارە عەلەم گەردشی سەبران ئەکەن [٢١٠ : ٨٩] .

لەو چوار لەتەی میهری یەکێکیان (٥) پێیە کە ئەمە لە کوردیدا دیاردەیەکی زۆر دەگمەنە . هەر لە فەرەنسیدا ، بەڵام مۆریس گرامۆن، نەک یەک لەت بگرە مەسنەوی و سێبینەی هاوسەرواو چوارینەی هاوسەرواو چوارینەی دوو مەسنەویش بە پارچە نازانێ. لای ئەو پارچە لە سێبینەی سەروا جیاواز و چوارینەی فرە سەرواوە دەست پێ دەکات [٤٨٤ : ٩١] . لە ئینگلیزیدا ، بەلای جۆرج وودز پارچە لە مەسنەوییەوە دەست پێ دەکا . دەڵێ (پارچە شیعر بریتیە لە دوو لەتە شیعر یان زیاتر کە بە پێی نەخشەی تایبەتییەوە بەیەکەوە بەسراون و بەشێک لە هۆنراوە پێک دێنن) [٤٦٧ : ١٤] . ج.ئەی. کودۆن کەمترین ژمارەی دیار نەکردوە هەر دەڵێ پارچە بریتیە لە (کۆمەڵە لەتە شیعرێک ، دەشێ ژمارەیان هەرچەندی هەبێ) [٥٠٣ : ٦٥٧] بێ ئەوەی ژمارەی هەرە کەمی لەتەکان دیار بکا . لەئەسپانیدا ، ئەنتۆنیۆ کیلیس کەمترین ژمارەی لەتەکانی پارچە شیعر بە دوو لەت دادەنێ ، بچووکترین پارچە بە مەسنەوی (pareado) ناو دەبا و دەڵێ (سادەترین پارچە شیعرە ، لە دوو لەت پێک دێ کە هاوسەروای یەکترن . مەسنەوی بۆ خۆی پارچەیەک پێک دێنێ کە بۆ لازمە و بۆ دەربڕینی بیروڕای فەلسەفی بەکار دێ ، ئەم دوو لەتەی مەسنەوی پێک دێنن دەشێ لە ڕووی کێشەوە یەکسان بن هەروەکو بۆی هەیە جیاواز بن)[٤٨٦ : ٩١] . لە کوردیدا ، وەکو باس کرا یەک لەت سەربەخۆمان هەیە بەڵام زۆر کەم و دەگمەنە ، پاش یەک لەتی (تاک)مان هەیە کە یەک دێرە شیعری سەربەخۆیە و مانای تەواوی هەیە . ئەم دوە کە سەربەخۆبێن حسێبی پارچەی هەرە کورتبان بۆ دەکرێ ، لەوە بترازێ پارچە لە سێ لەت دەست پێ دەکات چ سەربەخۆیی و چ لەناو هۆنراوەدا .

ئەمە لەبارەی ڕادەی هەرە کەمی لەتەکان، لەبارەی ڕادەی هەرە زۆریش، جگە لە سۆنێتە کە (١٤) لەتە، فرانسواز لە فەرەنسیدا درێژترین پارچەیە (١٢) لەت دادەنێ، لای ئەو پارچە (stroph) لەیەک لەت دەست پێ دەکات و تا (١٢) لەتی دەڕوا بەڵام (١١) لەتی لەفەرەنسیدا

Scanned with CamScanner

بەرچاو ناکەوێ. لە ئینگلیزیدا، لای جۆرج ودز پارچە لە دوولەت (couplet) دەست پێ دەکات و تا (٩) لەت دەڕوا، جگە لە پارچەی تایبەتی کە ژمارەی تایبەتی خۆیان هەیە (سۆنێتە)[٤٦٧ : ١٤]. و کوردۆن دەڵێ دەشێ ژمارەی لەتەکانی دێر هەر چەندی هەبێ بەڵام لەدوازدە لەت زیاتر باو نیبە و لە هەمووی باوتر پارچەی چوار لەتیبە [٥٠٣ : ٦٥٧]. لە ئەسپانیدا وەکو ئەنتۆنیۆ کیلیس بۆی دەچێ پارچە تا (١٠) دەڕوا [٤٨٦ : ١١٠]. لە کوردیدا، پارچەی چوار لەتی و پێنج لەتی و شەش لەتی لە هەمووی باوترە و بەتایبەتی چوار و پێنجی، بەڵام تا یازدە لەتیش بەرچاو دەکەوێ، جگە لە سۆنێتەی (١٤) لەتی کە هوونەی لای گۆران هەیە وەک باشتر باسی دەکەین.

دوەم : ناونانی پارچە هۆنراوە :

لە ڕووی ناونانەوە پارچە (stanza - stroph)، دەکرێ بە دوو جۆر :

١- ئەوانەی کە شێوەیان چەسپاوە (fixed forms) و هەر شێوەیەکیان ناوێکی تایبەتی بۆ باندراوە وەکو سۆنێتە کە بە ئەسل ئیتالیبە و لە هەموو زمانە ئەوروپیەکاندا هەیە، بگرە پەڕیوەتە ڕۆژهەڵاتیش، لە تورکی و کوردیشدا هوونەی هەیە. یان لە فەرەنسیدا وەکو : (لێ، فیرولێ، قیانێل، تریۆلێت، ڕۆندێل، ڕۆندۆ، گلۆز، بەلاد، شانت ڕۆیال، پانتۆم) [٤٨٤ : ٩٠-١٠٣]. یان وەکو سەروای شاهانە (rhyme royal) کە لە ئینگلیزیدا پارچەیەکی تایبەتیبە و مەرجی تایبەتی خۆی هەیە. لە ئەسپانیشدا هەندێ پارچەی تایبەتی هەیە وەکو : (سێگێدیا، لیرا، سێریێنتێسیۆ، ڕۆدێندیا، ئوبیێخۆ) [٤٨٦ : ٩١-١١٣]. لە ئیتالیدا جگە لە سۆنێتە (تیرزا ریما) پارچەیەکی زۆر باوە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا، لەعەرەبی موەششەح و زەجەل و لەفارسی و کوردیدا، تەرجیع بەند و تەرکیب بەند و موسەممەت هوونەی پارچەی شێوە چەسپاون. ئەم جۆرە پارچە شێوە چەسپاوانە بە گوێرەی ژمارەی لەت و کێشی لەتەکان و هەندێ جار بابەتەکەش قالبی خۆیان وەرگرتوە و گۆڕان هەڵناگرن.

٢- ئەوانەن کە بە گوێرەی ژمارەی لەتەکانەوە ناو دەبرێن، وەکو :

(دوولەتی (مەسنەوی) complet و سێبێنە و tercet و چوارینە quatrain و پێنجینەو quintain -) و شەشینە (sextain) و حەوتینە (septain) و هەشتینە (octava) و نۆیینە ...) ئەمانە هەریەکە بە پێی بابەشبوونی سەرواو کێش و ناوەڕۆکەوە جۆری جیا جیایان هەیە.

بەم جۆرە قالبی پارچە شیعر، چ شێوە چەسپاوێ کە ناوی تایبەتی هەیە و چ بەناوی ژمارەی لەتەوە کرابێ، بەپێی ئەم هۆکارانە دیار دەکرێ :

أ- سیستەمی سەروا.

Scanned with CamScanner

ب- کورتی و درێژی لەتەکان.

ج- جۆری کێش.

د- ناوەرۆک.

ئەمانە هەریەکە بەدەوری خۆیەوە کاریگەری تایبەتی دەکاتە سەر پارچەکە (لەتی کورت بۆ چرکردنەوە و خەست کردنەوەی مانا و هەست و سۆز بەکاردێ کەچی لەتە درێژەکان خاوبوونەوە و هێور بوونەوەیان لەگەڵدایە. بەدوای یەکدا هاتنی سەرواکان کەوتنە پاڵ یەکتر و توندی و گرژی و پێکەوە لکانیان لە گەڵدایە کەچی سەروا لێک دوورەکان ئازادی و خاوبوونەوەی پتریان بەدەمەوەیە. گۆڕانی سەروای لەتەکان چێژێکی تایبەتی تێدایە و وەرسی دوور دەخاتەوە، لەهەمان کاتدا شێوەی پارچە شیعر دەبێ لەگەڵ بابەتەکەدا بگونجێ یان سروشتی بابەتەکە رەنگبداتەوە) [٤٦٧ : ١٤]. پارچە شیعر بە هەموو بەشەکانییەوە وەکو هونەرێکی تایبەتی خۆی دەنوێنێ.

سێیەم : بابەش کردنی پارچە هۆنراوە :

پارچە هۆنراوە بە گوێرەی قەبارەی پارچەکە و کێش و سەروای لەتەکان لە سێ روانگەوە بابەش جۆری جیا جیا دەکرێ :

١- لە روانگەی کێشی لەتەکانەوە : لەبارەی کێشی لەتەکانەوە دوو جۆرە پارچە هەن :

أ- پارچەی یەک کێشی (isometrique) . ئەوەیە هەموو لەتەکانی هەر پارچەیەک کێشیان یەک بێ، واتە ژمارەی برگەیان یان ئەگەر عەرووزی بوو کێشە عەرووزییەکەیان یەک بێ، وەکو چوارین و پێنجینە و... کە بە دەگمەن کێشی لەتەکانیان دەگۆڕێ.

ب- پارچەی فرە کێش -Heterometrique- ئەوەیە کە پارچەکانی هەموو لەسەریەک کێش نەبن، وەکو (سووری کوڵم و نووری چاوت)ی زەکی هەناری کە چوار پارچەی شەشینەیە و هەر شەشینەیەک لەتەکانی (١،٢،٤،٥)ی (٨) برگەییە و لەتەکانی (٣،٦)ی (٥) برگەییە. شەشینەی یەکەمی ئەمەیە :

سووری کوڵم و نووری چاو (٨ برگە)
بە برۆیان و زوڵفی خاوت (٨ برگە)
ئەی ماهی چاردە (٥ برگە)
بەڵەنجەو نەشئەو پێکەنین (٨ برگە)
بێ ئەژمار عاشقی کوژراوت (٨ برگە)
دڵ پڕ لە دەردە (٥ برگە) [٤٧ : ١١١].

Scanned with CamScanner

جگه له کێش لەتە جیاوازەکان سەروایشیان جیایە . ئەم جیاوازییەی سەرواو کێشی لەتەکان جۆرە گۆڕانێك (تنوع) بە پارچەکە دەدات .

٢-لە ڕوانگەی کێش و ژمارەی لەتەکانی هەر پارچەیەك کە شکلی ئەندازەیی پارچەکە دیار دەکات ، سێ جۆرە پارچە هەن :

أ- پارچەی چوار گۆشەیی : ئەوەیە ژمارەی لەتەکانی لەگەڵ ژمارەی بڕگەکانی هەر لەتێکی یەکسان بێت ، وەکو پیربال مەحمود لە هۆنراوەی (سبەی)دا شەش پارچەی هێناوە هەر پارچەیەکی لە دە لەت پێك هاتوە و هەر لەتێکی دە بڕگەیە ، ئەمەش نموونەی پارچەی یەکەم .

سبەی بە زەبری پایزی دڵڕەق
ئەوەرێ گەلای نەمامی شەنگت
لالەی سواوت بەڕەنگی شەبەق
سیس ئەبێ لەسەرگردی ڕەنگڕەنگت
لەژێر چناران کەدێ قەقبەقەق
ئەنالێنێ بۆوێنەی قەشەنگت
وەیشوومەی ئاکام بەردو دەشتی زەق
ڕاوەئەنێ سویای بەپوولەو هەنگت
بێ بەشت ئەکا لەنەو جەوانی
ئەتخاتە گەرووی خەمی شەوانی[٤٦ : ١١٩]

ب- پارچەی ئاسۆیی : ئەوەیە ژمارەی لەتەکانی لە ژمارەی بڕگەکانی هەر لەتێکی کەمتر بێت [٤٨٢ : ٢٠] و لەکاتی نووسین و چاپ کردنا وەکو لاکێشێکی ئاسۆیی خۆی بنوێنێ ، وەکو زۆربەی چوارینە و پێنجینەکانی شیعری کوردی، بۆ نموونە (ئەدەب) لەسەرەتای پێنجینە بەناو بانگەکەیدا دەڵێ :

دوێ شەو شەوی شەمە کە لە شەمعی مەهـ و ئەختەر
ئاراستە بوو سەتحی سەراپەردەیی ئەخزەر
من بەندە لە کاشانەی تاریك و موحەققەر
دوو دیدەی عیبرەت بەبەر ئەو سەقفی موجەددەر
گەهـ غەرقی خەیاڵات و گەهێ والیە و مەوزەڕ[١٤ : ٣٦]

ئەم پێنجینەیی یەکەمە لە هۆنراوەیەکی (٤١) پارچەیی . هەموی لەسەر کێشی هەزەجی هەشتی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووفە ، هەر لەتێکی (١٤) بڕگەیە و هەر پارچەیەکی (٥) لەتە . لەبەر ئەوەی ژمارەی بڕگەکانی هەر لەتێك لە ژمارەی لەتەکان زۆر زیاترە شکلە هەندە سیبەکەی

Scanned with CamScanner

هەر پارچەیەك بەلاکێشێکی ئاسۆیی دەکەوێتە بەرچاو.

ج- پارچەی ستوونی : ئەوەیە ژمارەی لەتەکان لە ژمارەی برگەکان زیاتر بێ [٤٨٤ : ٢٠] ولە کاتی نووسین و چاپ کردندا وەك لاکێشێکی ستوونی دەر بکەوێ. بەختیار زێوەر (بۆ گوڵەکەم)ی کردوە بە سێ پارچە. هەر پارچەیەکی (١٠) لەتەو هەر لەتێکی (٨) برگەیە، بۆیە بە شێوەی ستوونی دەکەوێتە بەرچاو، لە پارچەی یەکەمدا دەڵێ :

گوڵەکەم نازەنینەکەم	A
ئەی گوڵی باخی نیشتمان	B
وەرە بنەوارە ژینەکەم	A
چۆن لە دووریت بوە بەژان	B
برژە برژی برینە کەم	A
ڕاستگۆیبم ئەدا نیشان	B
هەر منم سینە کون کونم	C
جەرگ و دڵ ئەنجن ئەنجنم	C
وا بەرەو ڕۆژی مردنم	C
وەرە نزیك سەرینەکەم	A

[٣٢ : ١٧٣].

پارچەکە (١٠) لەتیە، شەش لەتی یەکەم سەروایان موتەناوبە، واتە بە دوو سەروای جیاواز هاتوون. ئێنجا سێیەمیان یەکی هاوسەروا دێ و دوا لەت بە سەروای سەرەتا دا خراوە. ئەم جیاوازی سەروایە شکڵێکی تایبەتی جگە لە شکڵە هەندەسیبە ستوونییەکە بە پارچەکان داوە و لەیەك ئاوازەیی کەوەڕێی هاوسەروایی دووری خستۆتەوە.

٣- لە ڕوانگەی سەروای لەتەکانەوە : دوو جۆرە پارچە هەن :

أ- پارچەی هاوسەروا : ئەو پارچانەی هەموو لەتەکانیان هاوسەروان، جا ژمارەیان هەر چەندی هەبێت، جاری وا هەیە هۆنراوەیەك دابەشی پارچەی چوارینە یان پێنجینە یان شەشینە دەکرێ و هەموو لەتەکان یەك سەروایان هەیە و سەروا کە تەنیا لە پارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی تر دەگۆڕێ، بۆ نموونە پیرەمێرد لە هۆنراوەی (بیدی مەجنوونی) کە بەناوی بێسارانییەوە گوتوویەتی، پێنج پارچەی چوارینەی هێناوە و هەر چوارینەیەك یەك سەروای سەریەخۆ و جیا لە سەروای چوارینەکانی تری هەیە، لە چوارینەی یەکەمدا دەڵێ :

بیدی مەجنوونی بیدی مەجنوونی
بالا بەرزو نەرم، زارو زەبوونی

Scanned with CamScanner

بەلار و لەنجە لەیلا نموونی

بەلام لەناخی گولّ سەرەنگونی [٤٤ : ٢٩٤].

ب- پارچەی فرەسەروا ئەو پارچانەی لەتەکانیان زیاتر لەیەك سەروایان هەیە ، ئەمە لە دوو سەرواوە و تا چوار پێنج سەروا دەڕوا ، بۆ نموونە زۆر چوارینە و پێنجینە جگە لە پارچەی سەرەتا کە وەکو تەسریعی دێری یەکەمی غەزەل هەموو لەتەکانی هاوسەروان ، پارچەکانی تر لەتەکانی پێشەوەیان هاوسەروایە و دوا لەتی هەموویان سەروایەکی ترە ، واتە پارچەکانی تر هەر یەکە دوو سەروای هەیە، شەشینە بەزۆری چوار لەتی پێشەوەی یەك سەروا و دوو لەتی دواوەی سەروایەکی ترە ، نموونە بۆ پارچەی فرە سەروا ، کە لە دوو سەروایش زیاتر بێ وەکو شیعری (بۆ بەهاری ٩٤٦)ی بەختیار زێوەر کە چوار پارچەیە و هەر پارچەیەکی (١١) لەتە و هەموویان بەسەروای دوو لەتی دواوە بەیەکەوە بەسراون (ار) . هەر پارچەی (٤) سەروای جیاوازی هەیە و سیستەمی نابەشبوونیان بەم جۆرە (A B A B A B C C C D D) ، ئەمە پارچەی یەکەمە :

ئەرێ لەتەختی بەندەنا ..... A

بوە بە میرغوزار ..... B

لە دۆڵ و شیو و چەمەنا ..... A

ڕەوانە جۆیبار ..... B

لە مێرگ و دەشت و گوڵشەنا ..... A

شەمڵی بێ قەرار ..... B

چیبە ؟ ج باسە ؟ گوڵڕوان C

بەدەستە چەشنی ئاهوان C

بە ڕاز و عیشوەو دوان C

هەموو لەدەوری شار ..... D

ئەڕۆن بەکەیف و بێ جەخار ..... D [٣٢ : ١٨٥].

ئەم سیستەمە وەکو خۆی بە سەروا و کێشی لەتەکانەوە لە هەموو پارچەکان دووبارە بۆتەوە.

چوارەم : کردنەوەو ناخستنی هۆنراوەی پارچەدار :

یەکێ لە ئەرکەکانی سەروا ئەوەیە شکڵێکی هەندەسی بەهۆنراوە دەدا و چوارچێوەی بڵاوبوونەوەی - outline- دەکێشێ و مەبای هاتنە دەرەوە و بەناوەوە ناچوونی دیاردەکا و شوێن و چۆنیەتی ناڕان و پێکەوە لکانی لابڵەکان دەست نیشان دەکات و پەیوەندی لەت و پارچەکانی دەکێشێ و شکڵی کۆتایی پێ دەدا کە لەخۆیندنەوەدا خۆی لە ئیقاع و بڵاوبوونەوەی سەرواکان و وەستانی

Scanned with CamScanner

کورت و درێژی لەت و پارچەکان دا دەبینێتەوە و لە نووسین و چاپبشدا لە ڕاکشانی بەسەر لاپەڕەدا و پەیوەندی بە فەزای گشتی و بەناوبەکدا چوونی نووسین و شیرازەی لاپەڕەدا دەردەکەوێ. ئەم ئەرکەی سەروا زیاتر لە شیعری پارچەدارەدا (strophic) دەردەکەوێ کە هەر پارچەیەک بەجیا شکلێکی تایبەتی وەردەگرێ و هەموشیان بەیەکەوە شکلێکی گشتی و فراوانتر دروست دەکەن. ئەو پارچانەی کە بەشێکی هۆنراوە پێک دێنن، بە زۆری هاوشکلیبان لەتێوەدا هەیە کە خۆی لە کورت و درێژی دێرەکان و لە ئاپەشبوونی سەرواوە لە ژمارەی لەتەکانیان دا دەنوێنێ. پارچەکان بە زۆری ژمارەی لەتەکانیان بەقەدەر یەکە، بەڵام ئەمە مەرج نییە، چونکە هۆنراوە هەیە ژمارەی پارچەکانی وەکو یەک نییە، لەو حاڵەتەدا ڕەگەزەکانی تر دەوری سەرەکی دیار کردنی شکڵی پارچەکان دەگێڕن. لەم ڕوانگەیەوە دوو جۆرە هۆنراوەی پارچەدار هەن:

أ- ئەو هۆنراوانەی پارچەکانیان بەقەد یەکە، وەکو چوارینە و پێنجینە و شەشینە و حەوتینە و... کە ناویان بە ژمارەی لەتەکانەوەیە.

ب- هەندێ شیعری پارچەدار هەن، ژمارەی لەتی پارچەکانیان بەقەد یەک نییە، بۆ نموونە شێخ نووری شێخ سالح (لە ئۆبەرێتی دلاوەران)دا [٢١٢ : ٦١] کە (٧) پارچەیە ژمارەی پارچەکانی وەکو یەک نەهێناوە، یەکەم پارچە (١٠) لەت و دووەم (١٨) و سێیەم (١٢) و چوارەم (١١) و پێنجەم (٨) و شەشەم (٧) و هەشتەم (١٠) لەتە. وەک دیارە لەتەکان لە نێوان (٧-١٨) دان. لە شیعری ڕۆح دا [٢١٢ : ٦٨] کەسێ پارچەیە، دوو پارچەی (٢،١) (٥) لەتییە و پارچەی کۆتایی شەش لەتییە. لە گریەی خوسران دا [٢١٢ : ٢١٦] کە (٦) پارچەیە، بە حوکمی ئەو هونەرەی تێیدا نواندوە لە ئاپەش کردنی سەروا و کۆکردنەوەیان لەپارچەیەکدا دوا پارچەی لەباتی چوار لەتی بە پێنج لەتی هێناوە شیعری (ئادەمیزاد) [٢١٢ : ٢٢٩] کە چوار پارچەیە، (٣) پارچەی پێنج لەتییە و دوا پارچەی شەش لەتییە. لە دیوانی شێخ نووریدا ئەم جیاوازییەی ژمارەی لەتی پارچەکان لە هۆنراوەی تریشدا هەیە، بەڵام ئەوەندە بۆ ئێرە بەسە. گۆرانیش ئەم گۆرانەی لە پارچەکانی هەندێ شیعردا کردوە، بۆ نموونە لەشیعری (بەستەی دڵدار) [١٧٣ : ٢٨] کە (٧) پارچەیە. ژمارەی لەتی پارچەکان لە نێوان (١٢،٤) دایە. شیعری دەروێش عەبدوللا [١٧٣ : ١١٩] کە (٧) پارچە، پارچەکانی لەنێوان (٦،٤) دایە. (شەونکی بەهار) [١٧٣ : ١٧١] شەش پارچەیە، ژمارەی لەتەکانیان (٦،٤)ە. (یار) [١٧٣ : ٢٠٤] سێ پارچەیە و لەتەکانیان لەنێوان (٨-١١) دایە. (نەورۆزی ٦١) [١٧٣ : ٢١٧] نۆ پارچەیەو ژمارەی لەتەکانیان لە نێوان (١٠،٤) دایە. ئەمە لە زۆر هۆنراوەی تری گۆران دووبارە بۆتەوە پیرەمێردیش (گوڕگانە شەوێ)ی [٤٤ : ٤٣٢] کە (٥ پارچە)یە بە دوو جۆرە پارچەی جیا (چوارینە و پێنجینە) هۆنیوەتەوە.

Scanned with CamScanner

هۆنراوەی پارچە دار ، بە هەردوو جۆرەکانییەوە ، زۆرجار کردنەوەو داخستنی تایبەتی دەبێ ، وەکو لێرە بەدواوە ڕوونی دەکەینەوە .

١- کردنەوەی هۆنراوەی پارچەدار :

یەکەم شت لە هۆنراوەدا ، دوای ناونیشان دەست پێ کردن و سەرەتایە. سەرەتا وەکو دەرگای چوونە ناو هۆنراوە وایە، یەکەم هەنگاوی مامەڵە کردنی خوێنەرە لەگەڵ کیانی هۆنراوەکە بەهەموو ڕەگەزەکانییەوە ، بۆیە دەبێ بایەخێکی تایبەتی پێ بدرێ و قۆناغێکی زیادەی هونەر نواندنی بخرێتە سەر بۆ ئەوەی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێ . لە شیعری پارچە داردا هەر پارچەیەک قەوارەیەکی تایبەتی هەیە کە چوار چێوەیەکی دیارو جۆرە دارشتنێکی تایبەتی هەیە . کردنەوەی سەرەتای ئەم جۆرە شیعرە ، بە گشتی بە دوو شێوە دەبێ :

ا- وا دەبێ سەرەتای هۆنراوەکە بەپارچەیەک دەکرێتەوە کە وەکو پارچەکانی تر وایە لەقەبارە (ژمارەی لەتەکان) و ناوەشبوونی سەرواوە . وەکو ئەو چوارینە و پێنجینە و شەشینانەی کە هەموو پارچەکانیان وەکو یەک وایە ، پارچەی یەکەم ناوەشبوونی سەروای هیچ جیاوازییەکی وەکو تەسریع و تەقفیەی لەگەڵ پارچەکانی تردا نییە ، یان لە ڕووی ژمارەی لەتەکان هیچی لەپارچەکانی تر کەمتر و زیاتر نییە . هەر بۆ نموونە وەکو هۆنراوەی (ئاواتی دووری گۆران) [١٧٣ : ١٣] کە هەموو پارچەکان لە ڕووی ژمارەی لەت و کێش و سەرواوە وەکو یەک وان و پارچەی یەکەم هیچ لایەنێکی سەرنج کێشی تێدا پەیڕەونەکراوە کە لە پارچەکانی تری جیابکاتەوە . گۆران زۆر هیچ لایەنێکی سەرنج کێشی تێدا پەیڕەونەکراوە کە لە پارچەکانی تری جیابکاتەوە . گۆران زۆر هۆنراوەی پارچەداری تریشی هەیە کە لە سەرەتا هیچ هونەرێکی ناڕاسایی تێدا نەنواندراوە وەکو هۆنراوەی (حوزنی پەجە) [١٧٣ : ١٩] و (ژن)[١٧٣ : ٧٤] و (چواردەی تەموز) [١٧٣ : ٤١٤] و زۆری تر. شێخ نووری شێخ سالحیش کۆمەڵێ هۆنراوەی پارچەداری وای هەیە کە پارچەی سەرەتا و پارچەکانی تر جیاوازیان نییە. هەر بۆ نموونە (تەفەکور) [٢١٢ : ٧٢] و (ئەمشەو من لەخەوا) [٢١٢ : ٣٢] ، بەختیار زێوەر کە زۆر شیعری پارچەداری هەیە و لەزۆربەی هۆنراوەکانیدا وەستایەیەکی بەرزی لە سەروابەندی پارچەکان نواندوە، لە (گۆرانی پیرەمەگرون) [٣٠ : ٥٥] و (شارەکەم) [٣٢ : ٩٩] و (ئەرێ بەپوولە) [٣٢ : ١٥٠] و (جەژنی قوربان) [٣٢ : ١٦٥] و زۆری دیکەشدا گۆڕینی لە ژمارەی لەت و سیستەمی سەروای پارچەکانی سەرەتا نەکردوە .

ب- بۆی هەیە شاعیر لە ڕوانگەی بایەخدانی زیاد لە پێویست بە کردنەوەی سەرەتای هۆنراوەکە و ڕاکێشانی خوێنەر ، گۆڕانێک لە ژمارەی لەت و سیستەمی سەروای پارچەی یەکەم بکات ، یان پێشەکییەک باوێ کە وەکو ڕۆناکییەک بێ بۆ سەر سەروای پارچەکانی تر و ڕاڕەوێک بێ بۆ چوونە ناو هەیکەلی پارچەکانەوە. ئەمە لە هۆنراوەی پارچەداری کوردیدا بەزۆر شێوە ئەنجام

Scanned with CamScanner

دراوه ، گرنگترینیان ئەمانەن :

• گۆڕینی سیستەمی سەروای پارچەی یەکەم :

- ئەگەر هۆنراوەکە تەخمیس بێ ولەسەر غەزەل یان قەسیدەیەکی موسەڕەع کرابێ ، بە حوکمی تەسریع هۆنراوەی پارچەی یەکەم، تەخمیسە کە لە ڕووی سەرواوە لە پارچەکانی تر جیا دەبێ. لە پارچەی یەکەم هەر پێنج لەت هاوسەروا دەبن کەچی هەموو پارچەکانی تر ، چوار لەتی پێشەوەیان هاوسەروان ولەتی پێنجەمی هەموویان وەکو سەروای پارچەی یەکەمە . لەبەر ئەوەی (تەخمیس) لە کوردیدا زۆرە پێویست بەنموونە هێنانەوە ناکات .

- هۆنراوەکە ئەگەر شاعیرەکە خۆی نووسیبێ و ژمارەی لەتی پارچەکانی هەرچەندە بێ (چوارینە ، پێنجینە ، شەشینە) ، ئەگەر سستەمی سەروای بەو جۆرە بێ کە دوا لەتی هەموو پارچەکانی هاوسەروابن ولەهەر پارچەیەکیشدا لەتەکانی پێشەوە (جگە لە لەتی کۆتایی) هاوسەروابن ، زۆر جار وا دەبێ شاعیرەکە هەموو لەتەکانی پارچەی یەکەم تەسریع دەکا ، واتە وەکو سەروای لەتی کۆتایی پارچەکانیان لێ دەکات کە سەروای گشتی هۆنراوەکەیە. بۆ نموونە چوارینە ناودارەکەی بێخود (لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتوە) [٣٦ : ٦٦] و پێنجینەی (ساوای ئاشتیخواز)ی گۆران [١٧٣ : ٤٢١] و شەشینەی (دڵی من)ی شێخ نووری [٢١٢ : ١٦٧] .. هتد . بەم جۆرە سەروا بەندیبەی پارچەی یەکەم کراونەتەوە . ئەمەیان لە ڕووی دابەشبوونی سەرواو تەسریعی هەموو لەتەکانی پارچەی یەکەم دەق وەکو تەخمیس وایە ، ئەوەندە هەیە لە تەخمیس هۆنراوەکە زادەی بیری دوو شاعیرە کەچی ئەوانی تر هی یەك شاعیرە و بەس .

- شێخ نووری لە شیعری (ئیستیقبال بۆ تازە پێگەیشتوەکان) [٢١٢ : ١٦٣] (٨ پێنجینەیە) جۆرە سیستەمێکی تری سەروای بەکارهێناوە و پارچەی یەکەمی بە جۆرێکی تر تەسریع کردوە . هەموو پارچەکان سەروای لەتی پێنجەمیان یەکە ، لەهەموشیاندا چوار لەتی پێشەوە سەروای پترارکییان هەیە (ABBA C). بۆ پارچەی یەکەم تەنیا لەتی یەکەم و چوارەمی لەگەڵ سەروا گشتیەکە گونجاندوە نەك هەر چوار لەت ، بۆ ئەوەی سیفەتی پترارکی لەسەر چوارینەی یەکەم هەر بمێنێ بەڵام بەگونجاندنی لەگەڵ سەروای گشتی ، دابەشبوونی سەروای پارچەکان و جۆری تەسریعەکە لەم قاڵبەندییەدا دەردەکەوێ :

ABBAA CDDCA EFFEA

- کاکەی فەلاح لە هۆنراوەی (تێبینی) [١٥٨ : ١٧] [٨ چوارینەیە] ، لەهەموو چوارینەکاندا سەروای لەتی (٤،٢) ی وەکو خۆی دووبارە کردۆتەوە و هەموو پارچەکانی بەم دوو سەروایە گرێ

Scanned with CamScanner

دراوە . قالبی چوارینەکان بەم جۆرەیە . (YBXB) جا بۆ تەسریعی چوارینی یەکەم هەر تەنیا لەتی یەکەمی لەگەڵ سەروای گشتی چوارینەکان یەك خستوە و بەمەوەش چوارینەی یەکەم لە رووی سەروا بەندی وەکو چوارینەی خەیامی خۆی دەنوێنێ (AAYA) ولە چوارینەکانی دی جیا دەبێتەوە ، سەروای دەوڵەمەندتر دەبێ و زیاتر خوێنەر رادەکێشێ . تەسریعەکە بەم قالب بەندییە رووتر دەبێتەوە :

AAYA XAZA

وا دەبێ شاعیر سیستەمی سەروای پارچەی یەکەم بگۆڕێ ، بێ ئەوەی سەرواکەی زیاد بکات یان ژمارەی لەتەکانی بگۆڕێ ، هەر بۆ ئەوەی گۆڕانی سیستەمی سەروا خوێنەر لەبارێکەوە ببات سەر بارێکی تر ، بۆ نموونە گۆران لە شیعری (بۆ سالم)دا [۱۷۳ : ۱۱۷] چوار چوارینەی هێناوە و بەشەشینەیەك هۆنراوەکەی داخستوە ، چوارینەکانی بە سستەمی موتەناوبب (ABAB) هاتوون ، هەریەکە لەسەر دوو سەروا هاتوە ، چوارینەی یەکەمیش هەر بەدوو سەروا هاتوە بەڵام سستەمەکەی لە موتەناوبب گۆڕاوە بۆ پترارکی (ABBA) ئەم گۆڕانە جیاوازی دەخاتە نێوان سەرەتا و هەیکەلی گشتی هۆنراوەکە .

• بچووك کردنەوەی پارچەی یەکەم و تێرکردنی سەرواکەی :

- دەشێ کە هۆنراوەکە دابەش کۆمەڵێ پارچەی (٦،٥،٤) لەتی کرا بێ ، لەتی کۆتایی هەموو پارچەکان هەمان شت بێ و سەراپای هۆنراوەکەی لەسەر ڕۆنرابێ ولەتەکانی تری پارچەکان هاوسەروابن ، ئینجا شاعیر وەك سەرەتا و دەرگا کردنەوەیەك یەك مەسنەوی بەسەروای لەتی کۆتایی دێرەکان لە پێشەوە بێنێ وەك ڕێ خۆشکردنێك بۆ دامەزراندنی سەروای گشتی هۆنراوەکە ، وەکو هۆنراوەی (دانە .... دانە)ی گۆران [۳۷۳ : ۳۹۷]. یان هۆنراوەی یەکەمی مەلا خدری مەندەلاوی [٨٤ : ٥] ، زۆربەی هەرە زۆری هۆنراوەی دیوانەکەی مەلا خدر بەم دیارەدەیە دەست پێ دەکەن .

- وا دەبێ لەباتی مەسنەوی سێیەك لەسەرەتاوە بێ بۆ دامەزراندنی سەروای گشتی هۆنراوەکە کە لەتی کۆتایی پارچەکان پێکی دێنن ، سەروای سێیەکی سەرەتا دوو لەتی لەگەڵ سەروای گشتی هۆنراوەکە یەك دەگرێتەوە، جا ئەو دوو لەتە ، لەتی یەکەم و سێیەم بێ وەکو هۆنراوەی ژمارەی دووی دیوانی (پەروە خوێن)ی مەلا خدری مەندەلاوی [٨٤ : ٨] ، یان لەتی دووەم و سێیەم بێ ، وەکو هۆنراوەی ژمارە (١٦)ی هەمان دیوان [٨٤ : ٦٣] .

Scanned with CamScanner

٢- باخستنی هۆنراوەی پارچەدار :

ئەگەر کردنەوەی سەرەتای هۆنراوە دەوری هەبێ لە ڕاکێشانی خوێنەر ، ئەوا باخستن و کۆتاییەکەی دەوری هەیە لە بەجێ هێشتنی کاریگەریەکی زۆر لای خوێنەر و بەستنەوەی بەکەش و هەوای هۆنراوەکە و بەرەو ڕووکردنەوەی بەرامبەر بە دیاردەیەکی ڕەچاو نەکراوی وا کە خۆشبیەکی زیادەکی پێ دەبەخشێ . تا شاعیر ئەدبیانە و هونەرمەندانە و وەستایانە هۆنراوەکەی باخات هۆنراوەکەی سەرکەوتووتر و بەهێزوکاریگەرتر دەبێ ، بۆیە دەبێ کۆتایی هۆنراوە بایەخێکی تایبەتی پێ بدرێ . لەهۆنراوەی پارچەداربا شاعیران بەزۆر شێوەی جۆراوجۆر توانیویانە ئەم باخستن و دەرچوونە پەیڕەو بکەن ، گرنگترینیان ئەمانەن :

- وا دەبێ شاعیر ، یەک لەت بۆ کۆتایی پارچەکان زیاد بکات ، بۆ ئەوەی لەنگەر بۆ سەروای یەکێ لە لەتەکانی پارچەی کۆتایی ڕابگرێ . بۆ نموونە گۆران لە هۆنراوەی (بێشکەی منال)[١٧٣ : ٣٢٦] پێنج پارچەی سێبینەی هێناوە ولە کۆتایشدا یەک لەتی بۆ زیاد کردوە . سێبینەکان دوو دوو سەروای یەکترتەواو دەکەن و هەریەکە لەتی یەکەم و سێیەمی هاوسەروان ولەتی دوەمی هەردووکیشیان پێکەوە سەروا دروست دەکەن و دوو سێبینەکە لێک دەبەستنەوە و بەرەو پایەی شەشبینە بەرزی دەکەنەوە ، بەم سیستەمە (ABACBC) ، لە کۆتایدا یەک سێبینە بەتەنیا دەمێنێتەوە ، ئەویش لەتی یەکەم و سێیەمی هاوسەروا دەبن بەلأم لەتی دوەمی ڕەهاو بێ سەروا دەبێ ، جا بۆ ئەوەی ئەولەتە هاوسەروای بۆ پەیدا ببێ ، لەکۆتایی هۆنراوەکە یەک لەتی بەو سەروایە زیاد کردوە ، سەروای پارچەی کۆتایی ولەتە تاکەکە بەم جۆرە بەیەکەوە دەبەسرێنەوە (ABA / B) ، ئەم دیاردەیە بۆ کۆمێدیای دانتی دەگەڕێنەوە [٤٨٩] . شاعیرانی تورک ئەم دیاردەیەیان لە ئەوروپا وەرگرت ولەزۆر شیعری سێبینە و چوارینەدا چەسپاندیان ، وەکو جناب شەهابەدین لە هۆنراوەی (تماشای لیال)[٤٣١ : ٣٤٦] و هۆنراوەی (نوروز اشتیاق)[٤٣٦ : ٣٤٤] وهۆنراوەی (تماشای احزان)[٤٣٨ : ١٣٤] بەکاری هێناوە. تۆفیق فیکرەت لە (عشق و شباب) [٤٢٢ : ٣٥٤] و (زوالللی خسته)[٤٢٠ : ٣٠٧] و (یاشادقچه)[٤٢١ : ٣٣٨] لەنگەری سەروای دوو پارچەی چوارینەی پێ ڕاگرتوە .

- بۆی هەیە هۆنراوەکە پارچەکانی چوارینە و هەورازتر بن و کۆتایی بەمەسنەویەک بێ ، گۆران چەند هۆنراوەیەکی پارچەداری خۆی بەم جۆرە باخستوە ، وەکو (گوڵی کەم خایەن)[١٧٣ : ٩٥] (٥ چوارینە) و (دوا سرنج)[٧٣ : ٣٠٦] (١٣ چوارینە) و (شەهید)[١٧٣ : ٢٦٥] (١٠ چوارینە).

- دەشێ شاعیر سەراپای پارچەی یەکەم یا پێش بەندی پارچەی یەکەم ، بەدەقی خۆی لە

Scanned with CamScanner

کۆتایی هۆنراوەکە دووبارە بکاتەوە ، دوو جەمسەری سەرەتا و کۆتایی لە شێوەی بازنەیەکی ناخراو بەیەکەوە گرێ بدا و خوێنەر بخاتە ناو چوارچێوەی ئەو چەماوە ناخراوە کە بنیاتی شیعرەکەی بەخۆوە گرتوە و بواری دەرباز بوون و جێهێشتنی هۆنراوەکەی نادا ... گۆران لە هۆنراوەی (مارشی ئاشتی خواز)دا [۱۷۳ : ٤١٥] کە (٤) پارچەیە ئەم هونەرەی بەکارهێناوە . لە راستیدا هۆنراوەکە (٤) پارچە نییە (٣) پارچەیە ، پارچەی یەکەم و چوارەم هەمان شتە ، گۆران سەروبنی هۆنراوەکەی پێ لەیەک شەتەک داوە. وەک ناخستنی هۆنراوە بە زیادکردنی یەک لەت یان مەسنەویەک یان بە دووبارە کردنەوەی پارچەی یەکەم دەبێ ، بە پێچەوانەوە بە پچڕاندن و کورت کردنەوەی پارچەی کۆتایشی دەبێ. لەم حاڵەتەدا مفاجەئەیەک بۆ خوێنەر پەیدا دەبێ ، وەک بڕینی کت و پڕی فیلمێک بەرەو ڕووی کۆتاییەکی چاوەڕوان نەکراو دەبێتەوە. ئەمە خۆی لەخۆیەوە جۆرە تاسانێک و ناخوریان و هوشیار کردنەوەیەکی خوێنەرە. گۆران ئەم جۆرە کۆتایی بڕینەی لە هۆنراوەی (مەدەنییەت) [۱۷۳ : ۷۱] خستۆتەکار کە چوار پارچەیە سێ پارچەکەی پێشەوە هەریەکە شەشبەیە (چوارینەیەکی پترارکی + مەسنەویەک) کەچی پارچەی چوارەم لەبڕ مەسنەویەکی دەکرتێنرێ و تەنیا چوارینەکە دەمێنێ ، ئەم کۆتاییە زەخم و سەرسامی و موچڕکێک بە خوێنەر دەدا .

Scanned with CamScanner

باسی دووەم : پارچەی گشتی :

پارچەی گشتی ئەو پارچانە دەگرێتەوە کە ناوی تایبەتییان بۆ دانەنراوە بەڵکو بەناوی ژمارەی لەتەکانەوە ناو دەبرێن و هەریەکە بەپێی سەروای لەتەکانی چەند جۆرێکی هەیە . پارچە شیعر (ستانزا) لە ئەدەبی جیهانیدا (شێوەی ئەوەندە زۆرە نزیکەی کۆتایی بۆ نییە ، لەدوو لەتییەوە تا genpirhalomions- سپنسەر- و زیاتر دەڕوا) [٤٦٧ : ١٧] ، بەڵام لە کوردیدا هەژدە لەتی گرنگترین پارچەی گشتی لەیەک تاکی (دوو لەتی) یەوە دەست پێ دەکات و تا (١١) لەتی . یەک لەتیمان بە پارچە دانەناوە چونکە هەم زۆرو دەگمەنە و هەم بەتەنیا ناکەوێتە ناو هیچ پەیوەندییەکی سەروایەوە . بۆی هەیە سەروای گشتی لە (١١) لەتیش زیاتر بێ بەڵام لە لایەکەوە ئەوەندە زۆر نییە و لەلایەکی ترەوە بەزەقی لەپارچە بچووکەکان پێک هاتوە ، بۆیە وەک پارچەی سەریەخۆ باسمان نەکردوە .

یەکەم : تاک :

(تاک) بریتییە لەیەک دێرە شیعری سەریەخۆ کە مانایەکی تەواو دەگەیەنێ . لە کوردیدا یەک تاکی [١٣٧ : ١٧١] و تەک بەیت و [١٩٣ : ١٠٩] و تاک [٢٣٦ : ١١] ی بۆ بەکار هاتوە، جگە لە (مفرد) و (مفربات) کە لە زۆر دیوانا لە ژێر ئەم ناوەدا کۆکراونەتەوە . لە بارەی پێناسەی تاکەوە ، سجادی ، دەڵێ : (ئەوەیە کە هونەر هەندێ جار هەندە بیرێکی بۆ پەیدا ئەبێ و ئەبخاتە ناو هۆنراوێکی تەنهاو ئەم هۆنراوە ئاشنایەتی لەگەڵ هیچ شتێکی تردا نییە . خۆی بۆ خۆی سەریەخۆیە) [١٣٧ : ١٧١] . محەمەد ئیبراهیمی بەم جۆرە لێکدانەوەیە (تەک بەیت) هەڵدەسەنگێنێ : (جاری وا هەیە شاعیر مەبەستی خۆی لەیەک هۆنراوەدا دەڵێ و لە ڕاوەی شیعردا تەک بەیت یا مفردی پێ دەڵێن) [١٩٣ : ١٠٩] . د.مارف خەزنەدار بە شێوەیەکی فراوانتر مانا و مەبەست و شکڵی (تاک)ی ڕوون کردۆتەوە ، دەڵێ : (بریتییە لە دێرە شیعرێکی عەرووزی لە دوو نیوە دێر شیعر پێک هاتوە ، هەردوو نیوە دێرەکە دەبێ لەسەر یەک قافیە بێ(AA) . ئەم جۆرە شیعرە بۆ پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ووتەیەکی کورتی دانایانە و بیرێکی ژیری فەلسەفی یانە دادەنرێ) [٢٣٦ : ١١] . ئەم بۆچوونانە هەمووبان لەوە یەک دەگرنەوە کە (تاک) یەک دێری (دوولەت) سەریەخۆیە، لە ڕووی مانا وە پەیوەندی بە هیچ شتی ترەوە نییە. لەبارەی کێشی تاکیشەوە دەشێ بەهەر کێشێک بێ و لە ڕووی سەرواوە دەشێ وەکو مەسنەوی لەتەکان هاوسەروا بن و دەشێ کۆتاییان وەکو یەک نەبێ . لەفارسیدا ، زەینولعابدین بەم جۆرە لە (تاک) دەدوێ : (بەو دێرە سەریەخۆ تاکانە دەڵێن کەبێ چاوانە موسەرپەع لە هەستی شاعیرەوە چکاون، بۆی هەیە ڕۆژێ بێ و ئەو تاکە دێرە بیێ بە بناغەی غەزەل یان قەسیدە یان هەر جۆرێکی تری

Scanned with CamScanner

شیعر، یان شاعیرەکە بیخاتە ناو شیعرێکی گونجاوی خۆیەوە . ئەم دێرە تاکانە ، بەهۆی تەسکی بابەت یان تەنگبی سەروا ، یان بەردەوام نەبوونی شاعیر لە تاقی کردنەوە و حاڵەتی شیعری خۆی، دەمێنێتەوە . ئەمە یان لە بەشێکی سەریەخۆی دیوانی شاعیرەکەدا بەناوی مفردات بڵاو دەکرێتەوە یان بە جیاجیا لێرە ولەوێ ، بەناو دیوانەکەدا بڵاو دەبنەوە) [٣٩٦ : ١١١] . ئەو دێرە شیعرە تاك و سەریەخۆیانەی هەندێ جار شاعیر لەکاتی نووسینی بەرهەمێکی پەخشاندا دەیهۆنێتەوە و پەخشانەکەی پێ دەڕازێنێتەوە هەر بە (تاك) دادەنرێ . عەرەبیش ئەم هونەرەیان هەیە و بە دێری تەنیا و سەریەخۆ دەڵێن (هەتیو-البیت البتیم) ، وەکو فیراء دەڵێ : (عەرەب بەناکە دێری سەریەخۆ دەڵێن دێری هەتیو) [٣٤٧ : ١٣٣] چونکە لە هەموو پەیوەندییەکی تر پچڕاوە و بەتاقی تەنێ ماوەتەوە .

(تاك) لە دوو لەت پێك دێ ، لەبارەی سەروای ئەم دوو لەتە ، دوو جۆرە (تاك) هەن :

١- وا دەبێ هەر دوو لەت یەك سەروایان هەبێ ، وەکو نالی دەڵێ :

سەوتی نەغمەی بولبولە ، یا چەهچەهەی خرخاڵیە
دەنگی سۆلە ، یا لە ژێر پێی نالە نالی نالیە [٢٠٩ : ١٦٩] .

وشەکانی سەروا (خرخاڵیە ، نالیە) سەروایان (الیە)یە . (ی) پەویە و (ە) پاش پەوییە . دەبێ تێبینی ئەوە بکرێ (ی) لەیەکەمدا پاش پەویە و لە دووەمدا ئەسڵییە ، بەاڵم بەیەکەوە سەروایان دروست کردوە .

٢- وا دەبێ لەتەکان کۆتاییان وەکو یەك نەبێ ، واتە سەروایان لە نێوا دروست نەبووبێ ، مەحوی دەڵێ :

درۆیە مەنعی جەمعی زید، نەزەرکەن
لە بەزمی ئەم شەوە ڕۆژێ دیارە [١٨٠ : ٣٦٤] .

وشەی کۆتایی لەتەکان بریتین لە : (نەزەرکەن ، دیارە) ، لە ڕووی دەنگەکانی کۆتاییەوە هیچ شتێ کۆیان ناکاتەوە ، واتە سەروایان لە نێوان دا نییە .

ئەم دوو جۆرە (تاکە) جیاوازیان تەنیا لە سەروادایە . یەکەمیان وەکو دێرێکی هۆنراوەی مەسنەوی یان وەکو دێری یەکەمی موسەڕبەع و موقەفای غەزەل و قەسیدە خۆی دەنوێنێ . ئەم جۆرەیان نەك هەر لە شیعری شاعیران ، بگرە لە شیعری زارگۆتنیشدا زۆرە. ئەو کۆمەڵە هۆنراوانەی کۆکراونەتەوە ، پڕیانە لە (تاك) (بۆنی هەلالان دێ) [١٩٩] کە (١٣٢) لاپەرەیە،(١٠٠١) (تاك)ی مەسنەوی گرتۆتە خۆی . کەچی جۆری دووەمیان وەکو ئەوە وایە کە دێرێك بێ لەغەزەل یان قەسیدە دەرهێنرابێ ، چونکە هیچ سەروایەك دوو لەتەکەی پێکەوە نابەستێتەوە ، بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا

Scanned with CamScanner

وەکو دێری سەرەتای قیتعەیە کە (موسەرپرەع و موقەففا) نییە ، خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەیدا ئەو هەستەی لا دروست دەبێ کە دێرەکانی پاشتر لەسەر هەمان سەروای لەتی دووەم بێن . بۆیە لە یەك تاکیشدا وا هەست دەکا کە کۆتاییەکەی سەروا بێ، بەڵام سەروا دووبارە بوونەوەی تێدا نەبێ دروست نابێ ، بۆیە ناشێ دەنگەکانی کۆتایی ئەم جۆرە تاکە بەسەروا دابنێین .

(تاك) زۆر جار وەکو دێری تەرجیع و تەرکیب بەکاردێ و لە سروودەکاندا وەکو لازمە دووبارە دەبێتەوە . (تاك) بابەتێکی گرنگی فیکری یان فەلسەفی یان عیرفانی یان حاڵەتێکی دەروونی تایبەتی دەردەبڕێ . لەوە دەکا سەرەتای قیتعە یان غەزەل و قەسیدە بێ ، شاعیر سەرەتاکەی دانابێ ئیترلەبەر هەرچی هۆیەك بێ وازی لێ هێنابێ و تەواوی نەکردبێ . یان دەشێ شابەیتی (بیت القصید)ی هۆنراوەیەك بێ ، شاعیر هەستی کردبێ مادام هەست و بیری سەرەکی هەموو هۆنراوەکە بەیەك دێر دەربڕێ ، دێرەکانی تری بۆچبیە؟. ئیتر بە شابەیتەکە وازی هێناوە و کردوویە بە (تاك).

لە کوردیدا هەردوو جۆرەکە هاتوون ، بەڵام بەڕادە و ڕێژەی جیاجیا . لە شاعیرانی کلاسیکی(٢٨) شاعیرمان بەنموونە وەرگرتوە[٣٧] ، بە هەموویان (٣٠٩) (تاك)یان هەیە . لەمانە(٨١) دێریان بێ سەروایە و (٢٢٨) یان سەروادارن . ڕێژەی سەدی سەروادارەکان دەکاتە (٧٣,٨٪) و ڕێژەی سەدی بێ سەرواکان (٢٦,٢٪)ە . لەم شاعیرانە ، شێخ ڕەزا تاکی لە هەموویان زیاترە ، (١٠٢) تاکی هەیە کە دەکاتە ٣٣٪ی سەرجەم تاکەکان. لەم (١٠٢) دێرە(٨٨)یان لەتی هاوسەروان دەکاتە ٨٦,٣٪ی هەموو تاکەکانی خۆی و ٢٨,٥٪ی سەرجەم تاکە باس کراوەکان . کەمترینیشیان سەیدی و نالی و زێوەر و ئەسعەد مەحوی و بێوەییە کە یەکەو تاکیان هەیە ، ئەویش دەکاتە ٠,٣٢٪ی سەرجەم تاکەکان . تاکەکەی نالی و زێوەر و ئەسعەد مەحوی و لوتفی سەروادارن ، ئەوەی سەیدی و بێوەی (زاری گۆران) بێ سەروان . لەوەوە دیارە تاکی شاعیران زیاتر لادەکا بەلای سەروادارییەوە کەمتر بەبێ سەروا هاتوە . لە زۆربەی زمانە ئەوروپییەکان (distique - distich) وەکو (زاراوەیەکی تەکنیکی بۆ پارچەی دوو لەتی بەکارهاتوە. لە ئەسپانیدا (pareada) بۆ (تاك) بەکاردێ (یەك تاکی خۆی لە خۆیەوە پارچەیەکی سەربەخۆ دروست دەکا) [٤٨٦ : ٩١] ، ئەوەی لەتاکی ئەسپانی گرنگبێ کێشی نییە ، چونکە دەشێ دوو لەتەکە کێشیان جیابێ ، بەڵکو سەروایە (ئەوەی گرنگبێ ئەوەیە یەك تاکی یەك سەروای هەبێ) [٤٨٦ : ٩١] .

---

(37) شاعیرەکان ئەمانەن : سەیدی ، نالی ، مەحوی ، زێوەر ، ئەسعەد مەحوی ، شاهۆ ، شێخ نووری ، عارف بەرزنجی ، مەلا وەسمان ، میهری ، بێخود ، ناری ، عەونی ، سەلام ، میرزا غەفوور ، مەولەوی ، شێخ ڕەزا ، حاجی ، جاهید ، بێوەی ، سەفوەت ، کەمالی ، تایەر فوئاد ، کانی ، قانیع ، ئەحوڵ ، حیلمی ، لوتفی .

Scanned with CamScanner

(تاك) دەمانباتەوە سەر مەسنەوی کە ئەویش تایبەتێتی خۆی هەیە . مەسنەوی بە دوو لەت دەگوترێ کە یەك سەروا بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە [٤٦٧ : ١٤] جا چ بیرێکی سەربەخۆ بگەیەنن و پارچەیەکی سەربەخۆ پێك بێنن کە ئەوسا دەبێ بە (تاك) و چ دێرێك بێ لە هۆنراوەیەکی دەورو درێژ : سجادی لە پێناسەی مەسنەوی (دووتاکی)دا دەڵێ : (ئەوەیە کە هەر هۆنراوێك بەتەنها ، دوایی هەردوو نیوە هۆنراوەکەی یەك سەروای هەبێ . وە بەم جۆرە باستانی کۆمەڵە هۆنراوەکە بیرێنەوە) [١٣٧ : ١٦٧] . کەچی محەمەدی ئیبراهیمی لە باسی مەسنەویدا دەڵێ : (مەنسووب بە مەسنەویە یانی دوو تایی لە (اصطلاح - زاراوە)دا هۆنراوێکە کە هەردوو مەسرەعەکە یەك قافیەیان ببێ و قافیەی هەر هۆنراوەیەك بە ئازادی بگۆڕدرێ ، زۆر حبکایەت و باستان و مەبەستی مێژوویی پێ بەیان دەکرێ [١٩٣ : ١٢٤] . هەندێ تۆژەرەوە پایان وایە کە مەسنەوی هونەرێکی فارسیە (هەندێك وای بۆ دەچن کە ئەم جۆرەیان لە بنچینەدا فارسییە. براون دەڵێ : ئەم جۆرە لە ئەدبی فارسییەوە دروست بوە و لە شیعری کۆنی عەرەبیدا نەبوە .. ئێرانییەکان زۆر بایەخیان پێ داوە چونکە هۆیەکی لەبار بوە بۆ هۆنینەوەی شیعری درێژ)[٢٦٦ : ١١٩-١٢٠] . پاش فارس ئینجا عەرەب وەریان گرتوە و بەکاریان هێناوە ، لەعەرەبیدا زیاتر بە (مزدوج) ناسراوە کە (شاعیر هەموو دێرەکان تەسریع دەکا ، سەروای لەتی یەکەم و لەتی دوەم یەك شتە . هەندێ شاعیری عەباسی ئەم جۆرە هۆنینەوەیان لەلاوە ئاسان و بێ ماندوو بوون بوە و یەکێتی سەروا بەسەر بیرو مانا و هەستی دەروونیانا زاڵ نەبوە ، یەکەم کەس بەشاری بن برد و ئەبو عەتاهیە بەکاریان هێناوە . ئەم جۆرەیان بە قالبێکی لەبار زانیوە بۆ داڕشتنی چیرۆکی درێژ و پەند و ئامۆژگاری ...) [٢٤٣ ، ل٣٠٠-٣٠١] . وەك دیارە شاعیرە عەرەبە ئەسل فارسییەکان بۆ یەکەم جار لەعەرەبیدا بەکاریان هێناوە ، یان هێناویانەتە ناو ئەدەبی عەرەبی کە زۆر ئورجوزەی دیداکتیکی وەکو الفیە (ئەلفیەی) رێزمانی عەرەبی و زانستەکانی تری پێ هۆنراوەتەوە. لە کوردیدا هەر لەکۆنەوە زۆریەی شیعری زارگۆتن و زۆریەی هەرە زۆری شیعری زاری گۆران بەمەسنەوی هۆنراوەتەوە. هەر لە مەلا پەرێشانەوە (سەدەی چواردەم) تا تۆیکەی ناهێنانی ئەو زارە لای مەولەوی و تا ئێستایش . لە زاری کرمانجی خواروشدا چمکێکی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی نانە دواوەی یەکێتی سەروا بوو ، کە سەرەتا بە مەسنەوی و ئینجا پاشان بە شیعری ئازاد گۆڕا . پیرەمێرد کە وردە وردە وازی لە عەرووز و یەکێتی سەروا هێنا ، کەوتە هۆنینەوەی شیعری مەسنەوی ، عەلی کەمال باپیر لە گوڵدەستەدا ئەمە بەگەڕانەوە بۆ پەسەنایەتی دادەنێ (پیرەمێرد خەریکی ئەوەیە کوردی لە زنجیری قافیەی بێگانە دەرکا) [١٤٢ : ١٦] . لە کوردیدا ، مەسنەوی دوورو درێژ بۆ زۆربابەتی جیا جیا بەکارهاتوە ، وەکو :

١- بۆ بابەتی دیداکتیکی (فێرکردن) : وەکو نەویەهاری ئەحمەدی خانی [٩٩] و

Scanned with CamScanner

ئەحمەدی[۱۷۹] شێخ مەلا مارفی نۆدەیی و دوو پشتەی مەلا عەبدولکەریمی مدرس [۱۳۲] کە هەموویان فەرهەنگن ، هەروەها بەشێکی زۆری بەدیع وعەروزی نالی [۱۳۱] ، کە بەشیعر و پەخشان زانستی جوانکاری و عەروز شی دەکاتەوە .

۲- بۆ بابەتی ئایینی ، وەکو عەقیدەی مەولەوی[۱۸۷] و عەقیدەی مەرزیە [۱۸۸]ی مەولەوی لە زانستی کەلام و باوەڕی ئایینی [۱۱۰] شێخ سەمیعی بانەیی و قەسیدەی بوردیەی تاهیر بەحەرکەیی [۵۰] و سەفوەت [۱۰۸] و حسین سەعدی [۷۲] .

۳- چیرۆکی شیعری دوور و درێژ : وەکو مەم و زینی ئەحمەدی خانی و وەرگێرانەکەی هەژار و [۳] و شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی [۷۷] و لەیلاو مەجنوونی حاریس بدلیسی[٦١] و یوسف و زلیخای سلیمی بن سلیمان [۱۱۳] و هەموو چیرۆکە شیعریە سادەکانی مێژوویی ئیسلام وەکو : فەتحی قەلای خەیبەر و بەدر و حونەین و غەزەواتی محەمەد حەنیفە و چیرۆکە رۆژهەلاتیەکانی وەکو رۆستەم و زۆراب و رۆستەم و جیهانگیر و خورشیدی خاوەر و ئیسماعیل نامە و ناگەهان و باغەبان و بیاباو دونان و ماست و سەنگتراش [۲۸]و شیرین و فەرهاد و زۆر چیرۆکی شیعری خۆمالی وەکو داستانی سورمەخانی رازی [۸۹] و ...

٤- ژینامەو رووداوەکانی پێغەمبەر (ص) : وەکو مەولوودنامەکان [۳۱] ، [۷۳] ، [۸۳] ، ... ، وەفاتنامەی رەسوولی نازدار و میعراجنامە .

٥- وتوێژە (مناظرة) : وەکو وتوێژەی نێوان سەماو زەمینی میرزا ئەبولقاسم [۲۰۳] .

٦- چیرۆکی منداڵان : وەکو خۆشی و ترشی حوزنی [۸٦] و شێری ساختە [۱۵۷] و چرۆ[۱۵٦]ی کاکەی فەللاح.

بەکورتی : مەسنەوی لە کوردیدا جێگەیەکی فراوانی داگرتوە و لەبەر سووکی سەروا و زۆد گۆڕانی ، بۆ بەرهەمی دوور و درێژ بەکار هاتوە بەڵام هەرکاتێ یەک دێر (دوولەت)ی مەسنەوی بەتەنیا هاتێ و مانای سەربەخۆی دابێ کەوتۆتە ژێر حوکمی (تاك)، (تاك) لە کوردیدا دوو قالبە سەروای هەیە :

1- A B

2- A A

دووەم : سێبینە

سێبینە (triplet - tercet) بریتیبە لە پارچەیەکی بچووك. لەسێ لەتە دێر پێك دێ. دەکەوێتە قالبە هۆنراوەیەکی پارچەدار بێ ، پارچەکانی یەکسان بن (هەموو سێبینە بن) یان جیا بن . لە کوردیدا

Scanned with CamScanner

زۆریەی ئەو تۆژەرەوانەی باسی جۆرەکانی شیعریان کردوە ، لە (دوو تاکی - تاك - مەسنەوی)یەوە یەکسەر بازیان داوە بۆ چوارینە و باسی سێیەنەیان نەکردوە . سێیەنە لە بنچینەدا ئیتالییە ، لە سونێتاکانی پترارك هاتوە کە دوو بەشە ، بەشی یەکەم (٨) لەتەو بەشی دوەم (٦) لەتە. شەش لەتەکەی کۆتایی کراون بە دوو سێیەنە و بەم جۆرە دابەش کراون (cdc cdc) یان (cdc dcd) ویان هەر دابەشبوونێکی سیانەی تر. بێرتن لەدوای باس کردنی ئەم جۆرەیان دەڵێ: (ئەمانەیان هەر جۆرە دابەشبوونێکی تری سەرواکان کە لای پتراك هەبوە) [٤٥٦ : ٥٧] . کودۆن لە پێناسەی سێیەنەدا دەڵێ : (بریتییە لە سێ لەتی دوای یەك لەناویەك پارچەدا ، کۆستانزا یان هۆنراوەی سەربەخۆ ، یان لە شیعرێکدا کە قالبە سەروای سەرەکی جیا بێ بەتایبەتی بەسێ لەتی هاوسەروای دوای یەك دەگوترێ کە لە کۆتایی هۆنراوەی مەسنەویدا دێ) [٥٠٣ : ٧٢٣] . لە ئینگلیزیدا (دۆن) و (شیلی) و (ویلیام کارلۆس) لەشیعردا بەکاریان هێناوە [٥٠٣ : ٧٢٤] . وودز دەڵێ سێیەنە (پارچەیەکی سێ لەتیە بەیەك سەروا دادەڕێژێ .. بەڵام کە لەگەڵ قالبە سەروای (تیرڕا ڕیما) بەکاربێ کاریگەری زیاترە . ئەم تیرڕا ریمایە لە ئیتالییەوە هاتوە و کۆمێدیای دانتی باشترین نموونەیە بۆ ئەم جۆرە سەروایە)[٤٦٧ : ١٥] . تێرڕا ریما لە هەموو قالبە سەرواکانی سێیەنە باوترو پەسندترە لە ئەوروپا ، چونکە هەموو پارچەکانی وەستایانە تێك هەڵدەکشێن و بەردەوامی و بێ گرێی نێوان پارچەکان دەستەبەر دەکات . لەم جۆرە سێیەنەدا کەلەسەر دوو سەروا دادەڕێژێ (ABA) سەروای ناوەڕاست بۆ سێیەنەی پاشی دەبێ بەسەروای سەرەتا و کۆتایی (BCB). بەم جۆرە بەردەوام دەبێ . تیرڕا ریما لە داهێنانی دانتی ئیتالییە کە لە کۆمێدیا بەکاری هێناوە و هەر سروودێکی بریتییە لە کۆمەڵێ سێیەنەی تێك هەڵکشاو ، لەهەر یەکێکیاندا لەتی دوەم لەگەڵ لەتی یەکەم و سێیەمی پارچەی دواوەی هاوسەروا دەبن : (ABABCB) لە کۆتایی هەر سرودێکیشدا تاکە دێرێك زیاد دەکرێ کە لەگەڵ لەتی ناوەڕاستی سێیەنەی کۆتایی هاوسەروا دەبێ (wxwx)[٥٠٣ : ٦٨٩] . لە ئیتالیا دانتی و پترارك و پۆکاشیۆ ، لە ئینگلیزیدا چۆسەر و سیرتۆماس و یات و لە ئەسپانیدا بوسکان بەکاریان هێناوە . لەبەر ئەوەی ئەم قالبەی سەروای سێیەنە گرانە کەم شاعیری ئیتالی توانیویانە سەرکەوتوانە بەکاری بێنن. لەدەرەوەی ئیتالیاش کەم بەکارهاتوە هەندێ شاعیری سەدەی نۆزدەم و بیستەمی ئیتالیا شیعریان بێ هۆنیوەتەوە ، لەفەرەنسا گۆتیێ Gautier و لەئینگلتەرا بایرۆن و شیللی و براوننگ و ئۆدن بەکاریان هێناوە . لەئەسپانیدا سێیەنە بە زۆری قالبەکەی بەم جۆرەیە (ABA) و تیرڕا ریما لەهەموو قالبەکانی باوترە بەڵام قالبی (ABB) و (AAA)یشی تێدا بەکار دێ. پارچەی سێیەنە لە ئەسپانیدا بەتەنیا بەکار نایە بەڵکو لەگەڵ پارچەی تردا بەکاردێ سێیەنە بێ یا جۆرەکانی تر[٤٨٦ : ٩٢-٩٣] . لە فارسیدا تۆژەرەوەکان باسی سێیەنەیان نەکردوە ، وەك ئەوەی بایەخێکی ئەو تۆی

Scanned with CamScanner

نەبێ بێتە ڕیزی مفردات و ربـاعی و... لەعەرەبیدا ، سێبینە پارچە شیعرێکی ڕەسەن نییە ئیبراهیم ئەنیس بەم جۆرە باسی سێبینە دەکا لەعەرەبی : (ئەو هۆنراوەیەی دابەشی پارچەی سێ لەتی دەکرێ ، هەر پارچەیەك لەتەکانی هاوسەروان و سەرواکەیان لەپارچەکانی تردا دووبارە نابێتەوە ، هونەرێکی بێگانەیە بە شیعری عەرەبی. بۆی هەیە نەتوانین یەك نموونەی لە شیعری کۆن و نوێمان بدۆزینەوە ، بەڵام هەندێ لەشاعیرەکانمان جۆرە سێبینەیەکیان بەکارهێناوە کە سەروای لەتی سێیەمی هەموو سێبینەکان وەکو یەکە و هەر پارچەیەك سەروای دوو لەتی پێشەوەی دەگۆڕێ و بەس) [٢٤٣ : ٣٠٢-٣٠٣] . لە تورکیدا بەتایبەتی پاش جوولانەوە نوێخوازییەکانی نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ئەم جۆرە قالبە سەروایە (سێبینە) زۆر بەرچاو دەکەوێ بەتایبەتی لە سۆنیتەدا . جەناب شەهابەددین لە سۆنیتەی (ایلك محبت)دا ، شەشینەی کۆتایی بەم جۆرە دابەش دوو سێبینە کردوە (AAB-CCB) [٤٣٤ : ٧]، کەچی تۆفیق فیکرەت لە سۆنیتەی عیشقدا ، دوو سێبینەی کۆتایی بەم جۆرە هێناوە (ABA-CBA)[٤٢٤ : ٩] و لە سۆنیتەی (نـتن شعر)دا سەروای سێبینەکانی بەم جۆرە داڕشتوە (ABC, ACB) [٤٢٧ : ٩] ، حسین دانش لە (آلبومی قاریشدر یوردم)دا ، سێبینەکانی بەم جۆرە نووسیوە (ABB CDD) [٤٤١ : ١٢] واتە هیچ پەیوەندیان بەیەکەوە نییە . ئەوە نەبێ سیستەمەکەیان یەکە چـسامی لە (امتحان قورقوس) سێبینەکانی وا لێ کـردوە (ABB BBA) [٤٤٤ : ٣٠٨] . وەك دیـارە ، لـەتورکیدا سـێبینە بـەزۆر سیستەمی سەروای جیاواز بەکارهاتوە و گەلێ هونەری داهێنەرانی تێدا نواندراوە . لە کوردیدا ، سێبینە لەزارگۆتندا زۆر بـەکارهاتوە ، هـەر کۆمەڵـە شـیعرێکی فۆلکلـۆری کۆکـراوە سـەیر بکـەی بەدەیان نموونەی سێبینەی تێدایە ، بەتایبەتی (ترانەهای کوردی) محەمەد موکری [١٩٨] کۆمەڵێ سێبینەی بەخۆوە گرتوەو (کەلامێ نەکورمانجی)ی کانیمـال هـەمووی بریتییـە لـە سێبینە و (٢٠٢) [٤٠٦] سێبینەی هەشت برگەیی تێدایە و تێکستە فۆلکلۆرییەکـەی مـەم و زیـن (محبـت مـم و زیـن) زۆریـەی پارچـەکانی سـێبینەن [١٧٨ : ٣٥١،٣٨٠] . سـێبینە لـە کوردیـدا چ بەتـەنیا هـاتبێ و چ وەك پارچەیەکی ناو هۆنراوەیەك بەزۆر قالبە سەروای جیاجیا هاتوە ، گرنگترینیان ئەمانەن :

١- سێبینەی هاوسەروا : ئەوەیە هـەر سـێ لەتەکـە یـەك سـەروایان هـەبێ . ئەمـە لـە هـەموو قالبـەکانی سـێبینە بـاوتـرە بەتایبـەتی لـە شیعری زارگۆتنـدا ، هـەر ئەمـەیان بـاوە و بەدەگمـەن جۆرەکانی تر دەکەونە بەرچاو . وەکو ئەم سێبینەیە :

خۆم لەسەر گردی شام لەکن بووکێ
بەژنی شامۆکێم داری مێکووکێ
شامێ هەر دەگرم دەچمە کەرکووکێ [١٩٥ : ٣٨].

ئەم سێ سەروایە کە لە زارگۆتندا باوە و لـە لاوك و حەیرانیشدا هەیە ، ڕەنگە بنەماکەی بۆ

Scanned with CamScanner

ژمارەی چیرۆك و بیر و خەرافاتی میللی بچێتەوە کە ژمارە سێ یەکێکە لەو چەند ژمارانەی بەزۆری دووبارە دەبنەوە . ئەوەی ئەو بۆچوونە پتەوتر دەکا بەتایبەتی لە کوردیدا زۆریی ئەم قالبەیە لە فۆلکلۆردا ، نەك هەر شیعر بگرە حەیران و لاوکیش بەزۆری لەسەر سێ سەروا دادەڕێژن (جگە لە پێش بەند و پاش بەند - ئەگەر هەبن) ، ئەگەر چی لە حەیران و لە لاوکی بەبەندا ، هەموو بەندەکان لەتی یەکەمیان کورت و دوەمیان ناوەنجی و سێیەمیان درێژە و دەشێ سەروای ناوەوەی تێ بکەوێ. ئەمە نموونەیەکە بۆ ئەم جۆرە حەیرانە :

(حەیران ماروێران ، چەندی گاز دەکەم ، دەرێم ئاخێ لەسەر کەسەرێ ،

ئەنگوەرن زەینێ خۆ بدەنە تاقمێ کێژۆران ، لە گێبێ من خۆش دێ رەنگەی بازنان وەکی دەکەن خلتان و خرنووکان لەگەر قەسەرێ ،

کێژ دەرێ : کوڕە حەیران ، هەردوو چاوەکەم ، ئەو سارەکە بەوێ بواری ، یانەکە بم خوازە بە ماری دنیایێ ، یان بە خوشکەکەی لەباك و بابی ، یان لۆ خۆم دەربینە بە زەبری خەنجەرێ)[١٩٧ : ٨٦].

هەر سێ لەتی هاوسەروان ، وشەکانی سەروا (کەسەرێ ، قەسەرێ ، خەنجەرێ) ، ڕەوییان (ر) و پاش ڕەوییان (ێ)یە . ئەم قالبە سەروایە بەم جۆرەیە AAA BBB .

٢- وا دەبێ سێیەکە سەربەخۆ نەبێ ، کۆمەڵێ سێیەنە لە هۆنراوەیەکدا کۆ بوونەوە و لەهەر سێیەنەیەکدا دوو لەتی پێشەوە هاوسەروا بن و سەروای سێیەم لە هەموو سێیەنەیەکان یەك بێ . وەکو هۆنراوەی (ئەیوب بەیەك گیان)ی پیربال مەحموود کە (١٠) سێیەنەیە و لە شێوەی (دایلۆج) دایە ، لە سێیەنەی یەکەم دەڵێ:

چی بڵێم ئەگەر گەڕایەوە ماڵ ..... A
ڕوانیبە دەورەی تۆی نەدی لە باڵ ..... A
بڵێ لەبەر تۆ تێژرا لە ژێر خاك ..... B
ئەگەر کلاڤەی هەوری خەمناکی C
ئاڵایە ئاسۆی چاوی ڕوناکی C
دڵی بدەوە وەك خوشکی دڵ پاك ..... B [٤٦ : ٤٨].

بەم جۆرە هەموو سێیەنەیەکان لەتی سێیەمیان بەسەروای (اك) هاتوە ، لەتی یەکەم و دوەمیش لەهەر سێیەنەیەکدا سەرواکەیان بە جۆرێ دێ . یەکبوونی سەروای لەتە سێیەمەکان ئەرکی بەیەك بەستنەوەی پارچەکان دەبینێ. ئەم بەیەکەوە بەستنەوەی پارچەکان بەهۆی سەرواوەوە لە قالبی بەکەمدا نەبوو. ئەوەی لەم هۆنراوەیەی پیربال سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە هۆنراوەکە لەسەر دیالۆگ

Scanned with CamScanner

- گفتوگۆ - باڕزاوە و هەمیشە دەنگی یەکەم دوو لەتی پێشەوەی بەردەکەوێ کە وەکو مەسنەوی وان و لە سێینەکان دەگوترێن ، دەنگی دوەمیش لەتی سێیەم دەڵێ کە لە هەموویان یەک شتە . سیستەمی دووبارە بوونەوەی سەروای ئەم قالبە بەم جۆرەیە :

AAB CCB DDB ....

٣- وا دەبێ سێینەکان هاوسەروابن ، تەنیا لەتی دوەمیان جیا بێ و ئەوانیش لەناو خۆیاندا سەروایان وەکو یەک وا بێ ، وەکو مەلا خدری مەندەلاوی لە شینێکدا دەڵێ :

ئەمشەو دونیا گشتی حەزینە ..... A

ملایکەت و جان ، زەمین و ئاسمان ..... B

گشتی عەزادار ئیمام حوسینە ..... A

وەناو کەربەلا قەومیل کینە ..... A

وەناو مەیدان شەمەر بێ ویجدان ..... B

یەتیم کرد ئەمرۆ حەزرەت سکینە ..... A [٨٤ : ١١١].

قالبی ئەم سەروایە بەم جۆرەیە : ABA ABA

٤- لەقالبێکی تردا نەک هەر تەنیا لەتی ناوەڕاستی سێینەکان هاوسەروان ، لەتی یەکەم و سێیەمی هەر سێینەیەک هاوسەروان و مەرج نییە ئەم دوو لەتە لە هەموو سێینەکان یەک سەروایان هەبێ . گۆران لە (دەرویش عەبدوللا)دا (٥) چوارینە و دوو سێینەی هێناوە[١٧٣ : ١١٩]. لەتەکانی ناوەڕاستیان هاوسەروان و لەتی یەکەم و سێیەمی هەریەکێکیشیان سەروای تایبەتی خۆی هەیە . ئەمەی لە کۆنایی (شەوێکی بەهار)[١٧٣ : ١٧١] و لە کۆنایی (هەستیم)[١٧٣ : ٢٢٥]یش هێناوە (بێشکەی منداڵ)ی[١٧٣ : ٢٢٦] بەهەمان قالبە سەروا باڕشتوە کە (٥) سێینەیە و لەتێکیان بەدوادا دێ، هەردوو دوو بەسەروای لەتی ناوەڕاستەوە بەیەکەوە دەبەسرێنەوە، ئەوەی پێنجەمیش سەروای لەتی زیادەی کۆنایی لەگەڵ بۆسەروای ناوەڕاستی ڕادەگرێ. ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر لە شیعری (تەماشای لیالی)[٤٣١ : ١١٥] جەناب شەهابەدین دەکات کە بریتیبە لە مەسنەوییەکی سەرەتا و (١٥) سێینە و لەتێکی کۆنایی . ئەوەندە هەیە لای جەناب هەموو سێینەکان ، دوو دوو بە سەروای لەتی یەکەم نەک دوەم بەیەکەوە بەسراون ، سێینەی کۆنایش لەتە تاکەکەی دواوە لەگەڵ بۆسەروای لەتی یەکەمی ڕاگرتوە. بەم جۆرە : (A / ABB) . نموونەی ئەم جۆرە سێینەیە لە کوردیدا وەکو گۆران لە (بێشکەی منداڵ)دا دەڵێ :

دایک دای ڕەنج بۆ منداڵ دای ..... A

بۆ بزەی ناو بێشکەی ئارام ..... B

بۆ شیرینی گڕوگاڵ دای ..... A

Scanned with CamScanner

باوك هەج ئارەقێكی ڕشت C
بۆ ئەوەی ڕشت من دڵنیام ..... B
نەمرین کات : بڕبڕەی پشت ..... C [۱۷۳ : ۳۲٦].

قالبە سەروای ئەم سێینەیە بەم جۆرە هاتوە : ABA CBC

٥- وا دەبێ سێینەکان دوو دوو بە سەروای هەر سێ لەتەوە بەیەکەوە ببەسرێنەوە ، لەم حاڵەتەدا سێینەکان تەن بە تەن هیچ هاوسەروایان لە نێوان لەتەکاندا نییە ، هەر لەتێك لەگەڵ لەتی هاوجێی خۆی لە سێینەکەی ترا سەروایان یەکە ، واتە پەیوەندیەکی سەروایی هاوجێ لەتەکان و ئێجا سێینەکان بەیەکەوە گرێ دەدا. گرێدانی دوو سێینەیەکە زۆر پتەو دەردەچێ چونکە نەك بەیەك لەت بەڵکو بەهەر سێ لەت بەیەکەوە دەبەسرێنەوە . گۆران لە پارچەیەکی هۆنراوەی (نەورۆزی ۹٦۱) ئەم سیستەمەی بەکارهێناوە ، دەڵێ :

نێرگزی بەر هەتاوی گەرم ..... A
مژدەی پێ بوو بۆ وەنەوشە ..... B
وتی : خوشکێ C
خوشکی جوانی چاو پڕ لەشەرم ..... A
خڕ با خراو دەرگای حەوشە ..... B
فرمێسك لە چاوت بۆ ئەنکێ ..... C [۱۷۳ : ۳۱۷].

لەهەردوو سێینەدا ، لەتەکانی یەکەم سەروایان (-ەرم) و لەتەکانی دوەم سەروایان(-ەوشە) و سێیەمەکان (کێ)یە . هەر دوو سێینە بەهەر سێ لەت کەوتوونەتە ناو پەیوەندی هاوسەروای تۆند و پتەوەوە . د. ئیبراهیم شوانیش هەر لە بابەتی نەورۆزدا (نەورۆزی مـن)[٥١٠](١٠) سێینەی هێناوە هەر دوو دوو ، لەشەشینەیەکدا کەوتوونەتە ئەم پەیوەندییە سەروایییەوە .

ئەم قالبە سەروایە لە تورکیدا لای تۆفیق فیکرەت ، لە کۆتایی سۆنێتەی (پیری خزان) داهاتوە[٤٢٩ : ١٥٠] . قالبی ئەم جۆرەیان بەم شێوەیەیە : ABC ABC

٦- وا دەبێ سێینەکە سەروای لەتی یەکەمی ئازاد بێ و دوو لەتی کۆتایی هاوسەروابن . مارف بەرزنجی لە هۆنراوەیەکدا (....) چوار سێینەی هێناوە بە سیستەمی سەروای جیاجیا سێینەی دوەم بە قالبی (ABA) و سینەی سێیەم بە سیستەمی (AAA) و دوو سێینەکەی سەرەتا و کۆتایی بەم قالبەیە کە باس دەکەین ، لەیەکەمیاندا دەڵێ :

ئەی دڵ بەچی ئەکرێتەوە ..... A
کام کۆشك کام تەلاری جوان ..... B
کام جل کام خشڵ و کام سەیران ..... B [٤٢ : ١٣٠].

Scanned with CamScanner

ئەم قالبە سەروایە لە تورکیدا زۆر بەکارهاتوە ، ئەحمەد کەمال لە (بولکدە) [٤١٢ : ٣٧٥] ، (٨) سێیەمی بەم سستەمە سەروایە هێناوە . تۆفیق فیکرەت لە کۆتایی سۆنیتەی (تصادف) [٤٢٣ : ٤٠٦] و جەناب لە سۆنیتەی (نور و زاشتیاق) [٤٣٦ : ٨٥] و (تماشای احزان) [٤٢٨ : ١٣٤] بەکاریان هێناوە .

سیستەمی سەروای ئەم قالبە بەم جۆرەیە : ABB CDD

پوختەی ئەم پارچەیە : پارچەی سێیەم لە کوردیدا بە زۆری ئەم قالبە سەروا باوانەی وەرگرتوە:

1- AAA , BBB
2- AAB , CCB
3- ABA , ABA
4- ABA , CBA
5- ABC , ABC
6- ABB , CDD

سێیەم : چوارینە

چوارینە پارچەیەکی چوار لەتیە کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە، پارچەیەکی تەنیایە و مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ وەکو (سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە و مەی و مەیخانە و پەند و قسەی نەستەق و دانایی و شتی تر..) [٢٣٦ : ١١] . زۆر جاریش پارچەیەکە لە هۆنراوەیەکی دوور و درێژ کە بەسەر چوارینەدا دابەش بوە ، هەر چوارینەیەکی بێرێکی بچووک دەگەیەنێ لە چوار چێوەی بیری گشتی و سەرەکی هەموو هۆنراوەکە. ئەمەیان بە چوار خشتەکی ناویراوە. چوارین یان رویاعی چۆن پەیدا بوە و یەکەم جار لە چ زمانێکەوە چەکەرەی کردوە و بە چ کێشێك نووسراوە ؟ ئەوە لە شوێنی تر باس کراوە [٤٩٤ : ٢٧٦-٢٩٠] ، دووبارەی ناکەینەوە . ئەوەی لێرە مەبەست بێ قالبەکانی سەروای چوارینەیە . بەڵام پێش چوونە سەر پۆلێن کردنی قالبەکان ، هەندێ جۆری چوارینە هەن دەبێ لێکیان جیا بکەینەوە چونکە ئەمەیش هەر پەیوەندی بە شکڵ و سەروای جۆرەکانەوە هەیە . لەم بارەیە ئەم جۆرە چوارینانە هەن :

١- چوارینە یان چوار خشتەکی : ئەوەیە چوارینەکە یان چوارینەکان سەرایا هی شاعیرەکە خۆی بێ و بەپێی قالبە سەروای تایبەتی هۆنیبێتەوە . لە کوردیدا زۆربەی چوارینەکان لەم جۆرەن ، بۆیە پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکات .

٢- وا دەبێ چوارینەکە (تەربیع) بێ ، واتە شاعیر هۆنراوەی شاعیرێکی تر وەربگرێ (چوارینە بێ یان غەزەل و قەسیدە) و بۆ هەر دێرێك یان لەتە دێرێك، چەند لەتێکی خۆی زیاد بکا بەڵام بەهەمان کێش و بەپێی سیستەمێکی تایبەتی سەرواوە . لە کوردیدا ، ئەگەر چی (تربیع) کەمە ، بەڵەد تەخمیس نابێ ، لەگەڵ ئەوەشدا بەچەند جۆرێکی جیاواز هاتوە ، گرنگترینیان ئەمانەن :

Scanned with CamScanner

أ- وا دەبێ شاعیر هۆنراوەیەکی شاعیرێکی تر وەربگرێ و بۆ هەر دێرێکی شیعرە کە دێرێك (دوو لەت) لەپێشەوە زیاد بکا کە لەسەر هەمان کێش بێ و سەروای هەردوو لەتە زیاد کراوە کە لەگەڵ سەروای لەتی یەکەمی شیعرە ئەسلیەکە یەك بگرێتەوە. ئەگەر هۆنراوەکە موسەرپەع بێ، یەکەم پارچە هەر چوار لەتی هاوسەروا دەردەچێ و پارچەکانی تر سێ لەتی پێشەوەیان یەك سەروایان دەبێ و لەتی چوارەمی هەموو پارچەکان سەروایان وەکو یەك دەبێ کە سەروای شیعرە ئەسلەکەیە . بۆ نموونە کاتی خۆی شێخ نووری شیعرێکی چوار دێری بۆ (ئومێدی ئیستیقلال) نووسیوە ، پەفیق حیلمی شیعرەکەی تەربیع کردوە . پارچەی یەکەم و دوەمی تەربیعەکە بەم جۆرەیە :

لە دنیادا چ قەومێکە بکا میللەتی ئیهمال ..... A
جیهانی پڕ جیدالە ، ئێستە بۆ تەئمینی ئیستیقلال ..... A
(خودایا ، بەسیە ئێتر لابەری دەیجووری ئیزمیحلال ..... A
تلووعی پێ بکەی خورشیدی ڕۆژی پاکی ئیستیقبال) ..... A

* * *

لە ڕێی حوبڕییەتا شەرت بێ بگاتە ئاسمان شینم ..... B
هەر ئیستیقلالە مەقسووم هەتاکو باقیبە ژینم ..... B
(لەگەڵ خاکپایی هیجرەتدا بەسەرچوو عومری شیرینم ....B
دەسا نۆبەی ویسالە ، ئاهە ، ئەی ئومێدی ئیستیقلال) ..... A [٢١٢ : ٢٩٠].

ئەم هۆنراوەیە لەسەر کێشی هەزەجی هەشتی تەواوە بەڵام دێری یەکەمی لەنگە. ئەگەر لەنێوان وشەی (میللەت) و (ئیهمال) وشەی (خۆی) هەبێ کێشەکە تەواو دەردەچێ . دوور نییە ئەم وشەیە یان هەر وشەیەکی تری لەسەر ئەم کێشە هەبووبێ بەڵام لەچاپکردن پەڕیبێ . چوار خشتەکییەکان هەموویان لەتی چوارەمیان یەك سەروایە (ال) ، چوارینەی یەکەم موسەرپەعە (هەر چوار لەتی هاوسەروان -ال-) و چوارینەکانی تر سێ لەتی پێشەوەیان (دووی شاعیری دوەم و یەکی شاعیری یەکەم) هاوسەروان .

ب- وا دەبێ دیسان شاعیرێك شیعری شاعیرێکی تر وەربگرێ و بیکا بە (تەربیع) بەڵام ئەو دوو لەتەی زیادی دەکا لە پێشەوە نەبن ، لە دواوە بن . واتە دێرە شیعری شاعیرە ئەسلەکە بنووسێتەوە ئینجا خۆی دێرێك (دوو لەت)ی بۆ زیاد بکا . ئەمە نموونەی لە مەسنەوی کەوتۆتە بەرچاو ، سەروای دوو لەتە زیادەکە بەجۆرێ دەبێ کە لەتی دوەم لەگەڵ دوو لەتە ئەسلیەکە هاوسەروا بێ و لەتی یەکەمی زیادەکە سەروای جیابێ و لە هەموو چوار خشتەکییەکان دووبارە بێتەوە. لێرەدا هەر پارچەیەکی دەبێ بە چوارینەیەك کە سەرواکەی خەیامی (AABA)یە و هەموو چوارینەکانیش بە سەروای لەتی سێیەم (کە لە هەموویان وەکو یەکە) بەیەکەوە دەبەسرێنەوە .

Scanned with CamScanner

سایبر رێبوار سەراپای هۆنراوەی (ئەی مانگ)ی بیکەسی بەم جۆرە (ترییع) کردوە ، لە چوارینەی یەکەم و دوەمدا دەڵێ :

ئەی مانگمن و تۆ هەردوو هاو دەردین ..... A
هەردوو گرفتار یەك ئاهی سەردین ..... A
(تۆلە ئاسمانی بێگەرد و زێوین ..... B
منیش وا لەسەر خرۆکەی زەمین) ..... A

* * *

تۆ وێل و پەنگزەرد بە ئاسمانەوە C
منیش دەریەدەر بە شارا نەوە C
(گرتووەتە بەر ڕێی نەمرو نەژین ..... B
تۆش قەت ناسرەوی لە سووڕانەوە) ..... C [٥١٢].

بەم جۆرە لە هەموو چوارینەکان لەتی (٤،٢،١) هاوسەروان و لەتی (٣) جیایە بەڵام لەتی سێیەمی هەموو چوارینەکان یەك سەروایان هەیە (ین) . کە لەم وشانەدا دەردەکەوێ : (ئەوین، پێکەنین ، شیرین ، برین ، بەتین ، دێرین ، بژین ، دوورین ، زین ، خاوین ، خائین ، بێ دین ، پەنگین، خوێنین ، بژین ، خۆرنشین ، زەمین) . ئێمە لە کوردیدا چوار خشتەکی وامان زۆرە کە چوارینەکان بە سەروای لەتی چوارەم بەیەکەوە بیەسرێنەوە ، بەڵام ئووونەی سەرەوە دەگمەنەو کەم کەس لای لێ کردۆتەوە . لەتورکیدا تۆفیق فیکرەت دوو هۆنراوەی چوار خشتەکی هەیە، هەر چوارینەیەکی لەتەکانی (٤،٣،١) هاوسەروان و هەموو چوارینەکان بەسەروای لەتی دوەم (نەك سێیەم وەکو کوردییەکە) بەیەکەوە بەسراون، هۆنراوەی (عیشق و شباب)[٤٢٢ : ٣٥٤] کە سێ چوارینەیە و لەکۆتاییدا لەتێك سەروا بۆلەتی دوەمی چوارینەکان ڕادەگرێ و (زواللی خستە)[٤٢٠ : ٣١٧] کە ئەویش دەق وەکو عیشق و شبابەکەیە . جیاوازی شیعرە کوردییەکە و تورکیەکان ئەوەیە ، یەکەم کوردییەکە تەرییعە ، تورکییەکان نووسینی یەك شاعیرە ، دوەم لە کوردییەکەدا سەروای لەتی سێیەم لەهەر چوارینەیەك جیایە و لە هەموو چوارینەکان وەکو یەکە کەچی لە تورکییەکاندا لەتی دوەم ئەو دەورە دەبینێ .

جـ- وا دەبێ ، لە (تەرییع)دا ، شاعیرێك تەنیا لەتی دوەمی شیعری شاعیرێك (عجز) وەربگرێ و خۆی بەپێی سیستەمێکی سەروای تایبەتییەوە ، بەڵام لەسەر هەمان کێش سێ لەتی بۆ زیاد بکات . جزیری ، شیعرە بەناو بانگەکەی حافیزی شیرازی (ألا یا أیها الساقی) بەم سیستەمە کردوە بە تەرییع . بۆ هەر لەتێکی (عجز)ی شیعرەکەی حافیز ، سێ لەتی خۆی زیاد کردوە ، دوو لەتی پێشەوە هاوسەروان (مەسنەوین) و لەتی سێیەم ئازادە و هیچ پەیوەندی بەسەروای لەتەکانی چوارینەکەی خۆی و هیچ چوارینەی ترەوە نییە ، سەروای چوارەمی هەموو چوارینەکانیش یەك شتە کە سەروای شیعرە ئەسڵییەکەیە . ئەمەیش دوو چوارینەی سەرەتای تەرییعەکەی جزیری لەسەر شیعری حافیز کە هەمووی (٨) چوارینەیە :

Scanned with CamScanner

نەوایا موتریب و چەنگێ فغان ئاوێتە خەرچەنگێ
وەرە ساقی حەتا کەنگێ نەشوێین دل ' ژفێ ژەنگێ
حەیاتا دلْ مەیا باقی بنۆشین دا بە موشتاقی
(الا یا ایها الساقی أدر کأسا و ناولها)

* * *

کو کاتب دبیرێ جەدوەل کەت ، شکستە خەت موسەلسەل کەت
ژیەک حەرفان موفەسسەل کەت، کیبە وێ موشکیلی حەل کەت
درانی ڕوود و عوود ئەووەل، چتا قیتن سروود ئەووەل
(که عشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها) [٥٨ : ٢].

هەموو چوارینەکان بەم قالبە دارژاون ، لەتی یەکەم و دوەم هاوسەروان ، لەتی چوارەم لەگەلْ لەتی چوارەمی هەموو چوارینەکان یەک دەگرێتەوە ، لەتی سێیەم سەروای ڕەهایە ، بەکورتی بەم سیستەمە سەروایە دارژاوە : AA BC , DD EC FF G C

لەم چوار خشتەکیبانەدا ، جزیری لە دارشتنی سەروادا هونەری تریشی نواندوە. دوو لەتەکەی خۆی هەریەکە لەسەر دوو سەروا (سەروای لێوێن) دامەزراندوە و بەهەردوو لەتەکە چوار سەروای وەکو یەکیان هەیە. لە چوارینی یەکەمدا وشەکانی سەروا ئەمانەن : (چەنگێ ، خەرچەنگێ - کەنگێ ، ژەنگێ) ، لە چوارینەی دوەمیش وشەکانی سەروا ئەمانەن : (جەدوەل ، موسەلسەل - موفەسسەل ، حەل) . جێی سەرنجە لە چوارینەی دوەمدا دوو لەتەکەی شاعیر ، سەروای دەرەوەو ناوەوەو پاش سەروایان هەیە (کەت) . لەدوو لەتەکەی کۆتایی هەر چوارینەیەکیشدا دیسان هەر لەتی دابەش دوو کەرت بوە و سێ کەرتیان (دوو کەرتی لەتی سێیەمی جزیری و کەرتی یەکەمی لەتە دێرە وەرگیراوەکەی حافیز) لەسەریەک سەروا دەڕۆن و کەرتی کۆتایی لەتەکەی حافیز یەک سەروای سەربەخۆی هەیە ، ئەویش لەگەلْ لەتی کۆتایی چوارینەکانی تر یەک دەگرێتەوە... بەمەوەش لەتی سێیەم ، ئەگەر چی لە ڕوانگەی سەروای کۆتاییەوە کە لەگەلْ کۆتایی لەتەکانی تر دەخرێتە بەراوردەوە ، ئازادە ، بەلاّم لە ڕاستیدا ئەویش لەگەلْ کەرتی یەکەمی پێش خۆی و کەرتی یەکەمی لەتی پاش خۆی هاوسەروایە . شاعیر لێ نەگەڕاوە ئەم لەتە بەڕەللا بێ ، بەسەروای ناوەوەی گرێ داوە . هەر چوارینەیەک هەشت سەروای هەیە و بەسەر سێ سەروای جیاواز دابەش دەبن . بەم سیستەمەی خوارەوە :

AA	AA	BB	BC	DD	DD	EE	EC , ...
1	2	3	4	1	2	3	4

جزیری کە سەروەستای دارشتنی سەروایە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا ، هەر بەوەندەش ناوەستێ ، لە زۆر شوێندا لە کەرتەوە دەچێتە سەر پێ و سەروای زیادەکی دێنێ ، وەکو لە چوارینەی چوارەم ، لەسەرەتادا دەڵێ :
(دڤێ ئافێ ، دڤێ خانێ) ولە چوارینەی پێنجەمدا دیسان هەر لەسەرەتادا دەڵێ : (ب قورئانێ، ب ئایاتێ) ، ئەم دوو لەتە لەباتی دوو سەروا دەبن بە سێ سەروایی .

Scanned with CamScanner

قالبەکانی سەروای چوارین :

چوارینە ،لە کوردیدا ،لە رووی دابەشبوونی سەروای لەتەکانییەوە چەند جۆرێکی هەیە ، گرنگترینیان ئەمانەن :

١- وا دەبێ هەر چوار لەتی چوارینەکە یەک سەروایان هەبێ (AAAA)و ئەگەر هۆنراوەکە چوار خشتەکی بوو و بەسەر چەند چوارینەیەک دابەش بوویوو، دیسان چوارینەکان لەتەکانیان هاوسەروان و هیچ پەیوەندییەکی سەروا بەندی لەتوان چوارینەکانیا نییە. دەمارف دەڵێ چوارینەیەک کەهەر چوار لەتی هاوسەروایێ (چوارینی تەواوی پێ دەوترێ) [٢٣٦ : ١١] لەعەرەبیدا د.ئیسعاد ئەم جۆرە چوارینەی بە(کامل) ناو دەبات[٢٦٦ : ١٦٧]و د.داود سلوم السامرائی[٢٨٧ : ٢٣٠]و د.ئیبراهیم ئەنیس [٢٤٣ : ٣٠٣] بە(دوبیت) ناوی دەبەن، ئەگەرچی (دوبیت) لەفارسیدا بەکێش دەست نیشان دەکرێ نەک بەسەرواو لەوێ ئەم جۆرە سەروایە پەیوەندی بەناوی (دوبیت)ەوە نییە [٤٩٤ : ٢٧٦-٢٩٠]. ئەم جۆرەیان لەئینگلیزیدا کەم بەکار هاتووە، هەندێ تۆژەرەوە هەر باسیان نەکردوە [٥٠٣ : ٥٤٥] ئەوەی باسیشی کردبێ خستوویتە هەرە دواوەو جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە جارویار بەکار دێ[٤٦٧ : ١٦]. لەفەرەنسیدا بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، لەئەسپانیدا ئەم قالبە سەروایە لەسەدەی (١٣-١٤)ی زایینیدا بەکار هاتووە بەناوی (endemovia). لەکوریدا کۆنترین کەس ئەم جۆرە سەروایەی بۆ چوارینە بەکار هێنا بێ جزیریبە کە سێ (چارین)ی نووسبوەو لەیەکەمیانا دەڵێ:

قەوسی دهیلالی بدەلالی کەشها
بەژناتە ژ شەنگی بدرەنگی مەشها
ماری ژحەریری دعەبیری خوشها
ماوەر بۆژوان زولفی درەنگی وەشها[٥٨ : ٥٥٨]

لەسەردەمی نوێشدا، شێخ نووری و گۆران و پیرەمێردو بێکەس و بەختیار زێوەرو خادیم و کامەران و شاعیرانی تر بەکاریان هێناوە. جگە لەوەی لەچوار خشتەکیدا، بەرۆری چوارینەی یەکەم موسەرپەع دەبێ و هەر چوار لەتی هاوسەروا دەبن، ئینجا چوارینەکانی تر بەپێی سیستەمی تایبەتی خۆیان دەکەونە ناو پەیوەندی سەروابەندی تایبەتییەوە. قالبە سەروا لەم جۆرە چوارینەیە بەم شێوەیە: AAAA , BBBB , CCCC

٢- وا دەبێ چوارینەکە لەتی یەکەم و دووەم و چوارەمی هاوسەروا بێ ولەتی سێیەمی ئازاد بێ، بەم قالبە: (AA X A). شکڵەکەی زیاتر لەوە دەچێ کە دوو دێری سەرەتای غەزەل یان قەسیدەی موسەرپەع بێ. کۆنترین شاعیری کورد چوارینەی بەم قالبە داڕشتبێ باباتاهیرە، هەر هەموو وەرگێڕەکانی چوارینەکانی خەیامیش بۆ کوردی ئەم قالبە یان لەکوردییەکە بەکار هێناوە وەکو سەلام [٧٩]و هەژار [٨٠]و عەبدوسەلام نەبی [٨٢]و عەونی [١٤٥ : ٢٣١-٢٤٨]و لەپەراوێزی چاپی

Scanned with CamScanner

یەکەمی خەیامی سەلامدا سجادی هەندێ چوارینی وەرگێڕاوی بلاو کردوەتەوە کە (فازل) ناوێك کردوونی بەکوردی. ئەم قالبە سەروایەی چوارین لەکوردی و فارسیدا لەهەموو قالبەکانی تر باوترە. لەنورکیدا بەکار هاتووە بەلام کەم [٤١٤ : ٧]، لەعەرەبیدا ناوی تایبەتی بۆ دانراوە. داود سلوم [٢٨٧ : ٢٣٠] و احمد الهاشمی [٢٥٨ : ١٤٦] ناویان ناوە (الرباعي الاعرج- چوارینی شەلە]، وەك ئەوەی چوار لەتەکە چوار پەلی ولاغ بێ و لەتی سێیەمی ئازاد پەلێکی پەك کەوتوو بێ.. لەفارسیشدا، لەو عەرەبانەی لەشیعری فارسییان کۆلیوەتەوە، د.محەمەد نورەدین عەبدولنعیم [٣٥٦ : ٢٣٦] و د.ئیسعاد قەندیل [٢٦٦ : ١٦٧] چوارینی خەساو (الرباعي الخصي) یان بۆ داناوە، کەچی لای خۆمان د.مارف ئەم جۆرە چوارینەی کردوە بەچوارینی... (گونك) [٢٣٦ : ١١]. ئەم جۆرە قالبەی سەروا لەئەوروپادا باوی نەبوو، تا لەسەدەی رابردوودا فیتزگرالد چوارینەکانی خەیامی بەهەمان قالبە سەروای خۆیەوە کرد بەئینگلیزی. ئیدی لەوە بەدواوە بەکارهێنانی ئەم قالبە لەئەوروپا گوڕی سەندو لەبەر ئەوەی لەژێر کاریگەری چوارینەکانی خەیام کەوتبوە ئەوروپا ئێستایش (بەچوارینی خەیامی ناو دەبرێ) [٥٠٣ : ٥٤٦]. وودزلەم بارەیەوە دەڵێ: (پارچەی چوار لەتی کە سێ لەتی هاوسەروا بن (AABA) قالبێکی دەگمەنە، بەلام فیتزاگرالد زۆر سەرکەوتوانە لەوەرگێڕانی رویاعیاتی خەیام بەکاری هێناوە) [٤٦٧ : ١٦]. لەکوردیدا بۆ نموونەی ئەم قالبە، ئەم چوارینەیەی باباتاهیر دێنێن کە دەڵێ:

تن محنت کشی دیرم خدایا　　دل حسرت کشی دیرم خدایا
زشوق مسکن وباد غریبی　　بسینه آتشی دیرم خدایه [٣٠ : ١٠]

لەم قالبەدا هەر چوارینەیەك لەسەروا بەندیدا سەریەخۆیە و چوارینەکان ئەگەر لە یەك هۆنراوەشدابن هیچ سەروایەکی گشتی بەیەکەوە نایانبەستێتەوە. قالبی ئەم جۆرە چوارینەیە بەم شێوەیەیە AABA , CCDC

٢- وا دەبێ لەچوارینەدا، سەروای لەتی یەکەم و دوەم و سەروای لەتی سێیەم و چوارەم وەك یەك بێ ئەم جۆرە چوارینەیە قالبەکەی وەکو دوو دێری مەسنەوی (مزدوج) دەکەوێتە بەرچاو. د.مارف بۆ ئەم جۆرە چوارینەیە ڕاراوەی (دوویەیت)ی بەکارهێناوە [٢٣٦ : ١١] ئەگەرچی دوویەیت لەفارسیدا لەگەڵ رویاعی بەکێش لەیەك جیا دەکرێنەوە نەك بەسەروا، چونکە سەروای هەردووکیان (AABA)یە، هەر بۆیەش هەمیشە بۆ چوارینەکانی باباتاهیر دەنووسرێ دوبیتهایان ترانەهای باباتاهیرو بۆ خەیام دەنووسرێ رویاعیاتی خەیام. د.مارف لەبارەی ئەم قالبەی چوارینەوە دەڵێ: (ڕاراوەی دوو بەیت لەگەڵ چوارین لەئەدەبی کوردیدا هاوسەرن لەباتی یەکترى بەکار دەهێنرێن، چونکە لەزۆر ڕووەوە لەیەکترى دەکەن. دوو بەیت واتە دوو دێرە شیعر) [٢٣٦ : ١١] . هەموو چوارینەکانی مەولەوی بەم قالبە نووسراون، وەکو لەچوارینەیەکدا دەڵێ:

Scanned with CamScanner

سەرلەنەرەی خەم خول ئاوەردەوە
تای گرژ مەبنەت دووبادکەردەوە
موفەددەمەی خەم تالی مەزاقەن
دەی وەخەبر نەبۆوادەی فیراقەن [١٨٦ : ٢٩٤].

ئەم جۆرە قالبە سەروایە لەتورکیا بەکارهاتوە، بەلأم زۆرنا [٤٣٥ : ٢٩٠]. لەئینگلیزیا بەکارهاتوە. وودز دەلّێ: (زۆر چوارینە بەدوو مەسنەوی دارژاون) [٤٦٧ : ١٦] و پاشان چوارینەیەکی شیلی بەنموونە داوە. ئەگەر ئەم چوارینانە بین بەیەك هۆنراوەش (چوارخشتەکی) هەر چوارینەیەك سەربەخۆیەو پەیوەندی سەروا بەندی بەهیچ چوارینەیەکی تری نابەستێتەوە، ئەوسا هۆنراوەکە وەکو مەسنەوییەکی درێژی لێ دێ ئەوەندە هەیە لەڕووی ناوەرۆکەوە دابەش چەند چوارینەیەکی دوو مەسنەوی دەکرێ. وایش دەبێ وەك لەقالبی دادێ ڕوون دەبێتەوە چوارینەکان بەسەروا بەندی بەیەکەوە گرێ بدرێن، بۆ نموونە پیربال مەحمود لە(کاتێ) [٤٦ : ٣٣] ئەم قالبەی بەکارهێناوە. قالبەکە بەم جۆرەیە AABB CCDD EEFF .

٤- وا دەبێ لەهۆنراوەی چوار خشتەکیدا، چوارینەکان هەریەکە دوو مەسنەوی بێ، بەلأم لەهەر چوارینەیەکدا مەسنەوی یەکەم سەربەخۆبێو جیابێ لەمەسنەوی یەکەمی چوارینەکانی تر، بەلأم مەسنەوی دوەمی هەرهەموو چوارینەکان یەك سەروایان هەبێ. وەکو (شەوگاری دلّداری) بەختیار زێوەر کە پێنج چوارینەیە، یەکەمیان موسەپرەعە (هەموو لەتەکان هاوسەروان- چوارینی تەواوە) مەسنەوی دوەمیان یەك سەروایان هەیە، وا بۆ ڕوون کردنەوە چوارینەی (٣،٢) وەردەگرین :

هەرچەندە وەك ئەستێرە شوناسێکی جیهانی ..... A
ئەڕوانمە ئاسمانی هیوای پڕلەنیهانی ..... A
لێم دیار نییە ئەستێرەیی بەختی منی بیمار ..... B
هەی هەی کەمنی زار، بەدبەختم و بێدار ..... B

* * *

شەوگار، دەبڕۆ! پەردەیی ڕەش لادە لەچاوم C
من خۆم بە گەلێ دەردەوە باش تێوە گلاوم C
تۆش هەر وەکو مێلمێ مەبەرە ڕێگری دیدار ..... B
بەس بمخەرە هاوار، دڵبەستم و دووچار ..... B [٣٢ : ١٩٧].

لەسەروای ئەم هۆنراوەیەدا دوو شت سەرنج ڕادەکێشێ، یەکەم چوارینەی یەکەم لەتەکانی هاوسەروابە (AAAA)، دوەم لەهەر چوارینەیەکدا لەتی چوارەم دابەشی دوو کەرت کراوەو کەرتی یەکەمیش وەکو کەرتی دوەم و لەتی پێش کۆتایی یەك سەروای هەیە. بەکورتی مەسنەوی دوەمی هەموو چوارینەکان لەباتی دوو سەروا، سێ سەروای هەیە، سەروای لەتی سێیەم و دوو سەروای

Scanned with CamScanner

لەتی چوارەم (سەروای ناوەوە). ئەم قالبە سەروایە بەم جۆرەیە :

AAAA BBAA CCAA DDAA

٥- وا دەبێ لەهۆنراوەی چوار خشتەکیدا، چوارینەکان سێ لەتی پێشەوەیان هاوسەروا بێ و لەتی چوارەمی هەموو چوارینەکان یەك سەروایان هەبێ کە چوارینەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بەزۆری چوارینەی یەکەم موسەرپڕەع دەبێ، واتە هەر چوار لەتی هاوسەروا دەبێ. ئەم جۆرەیان لە چوار خشتەکی کوردیدا زۆر باوە، قالبە سەرواکەی ئەم جۆرە چوار خشتەکییە بەم شێوەیەیە :

AAAA , BBBA , CCCA , DDDA

بۆ نموونە چوار خشتەکییە ناوبارەکەی بێخود (لەو رۆژەوە رۆیشتوە)، بەم قالبە سەروایە نووسراوە، کە چوارینەی سەرەتای موسەرپڕەعەو ئەمەش نموونەی چوارینەی دوەم و سێیەم :

ئەو هەمدەمی غەمخوارو نەدیمی منە یارەب
ئەو مەحرەمی ئەسرارو قەدیمی منە یارەب
ئەو گەوهەری شەهدارو یەتیمی منە یارەب
کەوتۆتە چ بەحرێکەوە خنکاوە دڵی من

* * *

مەجنوونی دوگێسوویی چ لەیلایەکە ئاخۆ
یاوامیقی جادوویی چ عەزرایەکە ئاخۆ
دێوانەیی ئاهوویی چ سەحرایەکە ئاخۆ
کام چەهرەپەری دیوە کەتر ساوە دڵی من؟ [٣٦ : ٦٦].

چوارینەی یەکەم لەسەر دوو سەروا پۆنراوە، سێ لەتی پێشەوەی سەروایان (یەی)یەو پاش سەروای (منە یارەب) یان لەگەڵ هاتوە. لەتی چوارەمیش سەرواکەی (-اوە)یەو پاش سەروای (دڵی من)ی بەدوادا هاتوە. چوارینەی دوەمیش هەر لەسەر دوو سەروا هاتوە، سەروای سێ لەتی بەرایی (ایەکە)یەو پاش سەروای (ئاخۆ)ی بەدەمەوەیە، لەتی چوارەمیش هەمان سەروا و پاش سەروای لەتی چوارەمی چوارینەکانی تر (اوە - دڵی من). ئەم قالبە لەکوردیدا، لەچوارینەی سەربەخۆدا نەکەوتۆتە بەرچاو، هەمیشە لەچوار خشتەکیدا هاتوە. زۆر شاعیری گورد سەرکەوتوانە ئەم قالبەیان بەکارهێناوە، وەکو گۆران لە(جوانی لادێ) [١٧٣ : ٣٢] و شێخ نووری شێخ سالح لەوەرگێڕانی شیعرێکی (ئیلیا ئەبوو مازی) [٢١٢ : ٦٥] ئەم قالبەی چوارین و چوار خشتەکی بەکارهێناوە، بەڵام دوو خاڵی تێدا تێبینی دەکرێ: یەکەم چوارینەی یەکەم موسەرپڕەع نییە، وەکو هەموو چوارینەکانی تر سێ لەتی پێشەوەی یەك سەروای تایبەتییە و لەتی چوارەم لەگەڵ لەتی چوارەمی چوارینەکانی تر هاوسەروایە. دوەم : لە لەتی چوارەمی هەموو چوارینەکان کە ژمارەیان پێنجە، یەك وشە بەدەقە خۆی، بەشکڵ و ماناوە، دووبارە بۆتەوە (تێناگەم)، بێ ئەوەی وشەی پێش

Scanned with CamScanner

ئەمەیان لەچوارینەکانذا سەروادارین. پیرەمێرد کۆمەڵێ چوار خشتەکی بەم قالبە داناوە [٤٤ : ٢٨٩، ٣٤٩] پیربال مەحموودیش چەند هۆنراوەیەکی بەم قالبە سەروایە داناوە [٤٦ : ٤٦، ٦٣، ١٣٢، ١٥٢]...

٦- وا دەبێ لەهۆنراوەیەکی چوار خشتەکیدا، چوارینەکان هەریەکە دوو سەروای هەبێ. لەتی یەکەم و دوەم و چوارەم هاوسەروابن و سەروای لەتی سێیەم لەهەموو چوارینەکان هاوبەش بێ و پێکەوە بیانبەستێتەوە. ئەمە هەمان چوارینەی خەیامییە، بەڵام چوارینەکان بەتەنیا نین. لەهۆنراوەیەکی درێژدان و لەتە ئازادەکەی سێیەمیان، چوارینەکان پێکەوە گرێ دەدا، بۆ نموونەی ئەم جۆرە، هۆنراوەی تەربیعە کە سابیر رێبوار لەسەر ئەی مانگی بێکەس داینناوە کە قالبەکەی بەم جۆرەیە:

AA BA , CC BC , DD BD ....

٧- وا دەبێ لەچوارینەدا، هەر چوارلەت بەنۆرە سەروایان بچێنەوە سەریەك، واتە لەتی یەکەم و سێیەم لەلایەك و لەتی دوەم و چوارەم لەلایەکی ترەوە هاوسەروابن. بەمەوە چوارینەکە دەکەوێتە سەر دوو سەروای جیاواز. ئەم جۆرە سەروایە لەرێی ئەدەبی فارسی و بەتایبەتیش تورکییەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردی. نموونەی ئەم جۆرە چوارینەیە وەکو شێخ نووری دەڵێ:

دەردی دڵی خۆم جومڵەیێکی بێنمە تەقریر ..... A
ئینس و مەڵەك و جینن و پەری دێنمە گریان ..... B
بێ شك موتەحەییر دەبێ ، دێوانە لەزنجیر ..... A
سەد عاقیل و هوشیار ئەخەمە کێو و بیابان ..... B [٢١٢ : ١٨٤].

ئەم جۆرە چوارینەیە لەئینگلیزیدا پێی دەگوترێ چوارینەی پاڵەوانێتی (heroic) یان پارچەی شین و چەپەر (elegiac). زۆر جاریش بەچوارینەی شەکسپیری ناوی هاتوە، چونکە شەکسپیر لەسۆنێتەکانیدا چوارینەکانی هەشتینەی پێشەوەی بەزۆری بەم سەروایە داڕشتوە. لەفەرەنسیدا بەسەروای لێك تێپەڕیو (croisee) ناویراوەو عەرەبیش کە وەریانگرتوە وشەی (متناوب)یان بۆ داناوە. ئەم سەروایە بەلاسایی کردنەوەی ئەوروپا، هاتۆتە ناو شیعری فارسی و تورکی. زەینوللعابدین لەبارەی وەرگرتنی ئەم جۆرە سەروایەو پەیڕەو کردنی لەفارسیدا لەسەردەمی مەشرووتیەت، دەڵێ: (لەسەردەمی مەشرووتیەتدا، لەئەنجامی پەیوەندی و ئاگادارییونی وڵاتە ئەوروپییەکان و ئەدەبی ئەوروپی، جۆرە شیعرێکی نوێ هاتە کایەوە، چ لەڕووی ژمارەی دێڕو لەت و دابەش کردنی هۆنراوەو چ لەڕووی ڕیزی سەروای شیعر. هەندێ لەم جۆرە شیعرانە لەناو زۆربەی شاعیرە نوێخوازەکان بڕەوی باشی سەند.. باوترینی ئەو جۆرانە ئەوەیە کە وەکو موسەممەت دابەشی پارچەی بچووك بچووك دەکرێ و بەزۆری هەر پارچەیەکی چوار لەتەو هەر چوارینەیەك لەتی (١-٣) و (٢-٤) ی هاوسەروان، وەکو (وداع)ی دکتۆر حەمیدی شاعیری هاوچەرخ ..) [٢٩٦ : ١٢٦]. لەتورکیدا زۆر شاعیر ئەم قالبە سەروایەی چوارینەیان بەکارهێناوە وەکو جناب شەهابەدین

Scanned with CamScanner

لە(ایلك محبت)[٤٢٤ : ٣٩٨]و(سکا نائر)[٤٢٧ : ١٠٣]و حسنین لە(گزرگاه بخت)[٤٤٠ : ٢١٦]. قالبی ئەم جۆرە چوارینەیە بەم شێوەیە: .... ABAB , CDCD , EFEF

٨- وا دەبێ لەچوارینەدا، سەروای یەکەم و چوارەم یەك بێ و سەروای دوو لەتەکەی ناوەڕاست (٣،٢) وەکو مەسنەوی یەك شت بێ. وەکو ئەوە دەکەوێتە بەرچاو سەروای دوو لەتەکەی سەرەتاو کۆتایی باوەشیان بەسەروای دوو لەتەکەی ناوەوە کردبێ، هەر بۆیەش لەفەرەنسی پێی دەگوترێ (embrassees)و لەئەسپانیدا بوە بە(abrazadas)و عەرەب کردوویانە بە(موتەعانیق). ئەم جۆرە قالبە سەروایە لەبنچینەدا لەئیتالیەوە هاتوە، پترارك لەسۆنیتەکانیدا دوو چوارینەی پێشەوەی بەم قالبە سەروایە دارشتوە، بۆیە زۆرجار هەر بەناوی ئەوەوە ناو دەبرێ (سەروای پترارکی) ئینجا لەوێوە چۆتە ناو شیعری نەتەوە ئەوروپیەکانی ترو پەرپوەتە ناو زمانی تورکیو فارسیو لەوانەشەوە گەیشتۆتە ناو شیعری کوردی. لەتورکیدا حسین دانش لە(آلبومی قاریشدر یوردم)[٤٤١ : ٣٠٩]و ئیسماعیل سەفا لە(خاطرهٔ مقدسه)[٤١٦ : ٣٧٤]و محەمەد روشدی لە(تسلیت خیال)[٤٥٠ : ٥٤]و جەناب شەهابەدین لە(مست و متفکر)[٤٣٢ : ٢٩٠]...و هی تر بەکاریان هێناوە. لەکوردیدا بەزۆری گۆران لەچوارینەدا پەیرەوی ئەم قالبەی کردوە، وەکو لەشیعری (کەنیشکە جوانەکە)[١٧٣ : ٧٠] کە لەژێر ناوی (لاسایی ئەدەبی عوسمانی)دا نووسیویەتی، هەروەها لەشیعری (مەدەنیەت)[١٧٣ : ٧١]و (گوڵی کەم خایەن)[١٧٣ : ٩٥]و چەند چوارینەیەکی (جیلوەی شانۆ)[١٧٣ : ١١٠]و چوارینەیەکی شیعری (بۆ سالم)[١٧٣ : ١١٧].... رەفیق حیلمی لە (پاش تەموز)دا چەند چوارینەیەکی بەم جۆرە سەروایە نووسیوە [٩٤ : ٤٥-٥٤]. ئەمەیش نموونەیەك بۆ ئەم قالبە چوارینەیە لەکوردیدا، گۆران دەڵێ:

کەنیشکە جوانەکە! بۆچی فریبی حوسن و جەمال ..... A
هەڵێت ئەباتە سەمایی تەکەبیور و عەزەمەت ..... B
ئیلە لێرەبەدەر نییە بۆکەس مەلاحەت و شەوکەت ..... B
هەموو بەهارێ مروری سەریعە بەرق میسال ..... A [١٧٣ : ٧٠].

سیستەمی سەروای ئەم قالبە بەم جۆرەیە : .... ABBA CDDC EFFE

٩- وا دەبێ لەچوارینەیەکدا تەنیا لەتی (٤،٢) هاوسەروا بن، لەتی (٣،١) هیچ پەیوەندی سەروایان نەبێ، نە لەنێو خۆیاندا و نە لەگەڵ لەتەکانی چوارینەکانی تری چوار خشتەکییە (ئەگەر لەچوار خشتەکی دابوو). ئەم جۆرە سیستەمە سەروایە لەئینگلیزیدا هەیە بەڵام زۆر باو نییە، وەکو شیعری (ژیانی شاعیر)ی چارلز کوزلی [٥٠٣ : ٥٤٥]، لەئەسپانیدا لەهەندێ چوارینەی (ئاوازی قەرەج Seguidilla gitane) دەردەکەوێ [٤٨٦ : ٩٧]. نموونەی ئەم قالبە سەروایە، شێخ نوری دەڵێ:

Scanned with CamScanner

خودا گەر بەدڵما تێپەڕیێ هەر خەیاڵێ X
لەعەزەت ئێشی سەخت و کڵپەیی دڵمەوا پەشێواوم ... B
بەڵوتفی خۆت مەگەر بڕوانیتە کرداری ناڕێکم ..... Y
لە سجلی نا ئومێدی بسڕی تۆ کردەوە و ناوم ..... B[٢١٢ : ٣٢٧].

لەتی یەکەم و سێیەم هیچ پەیوەندییەکی سەروایی لەوشەی کۆتاییاندا نییە (خەیاڵێ، نارێکم) سەروا لە لەتی دووەم و چوارەمدایە (شێواوم، ناوم) کە ڕەوی (و)و پاش ڕەوی (م)ە، سیستەمی ئەم قالبە سەروایە بەم جۆرەیە: XBYB,.....

ئەم جۆرە سەروایە لەشیعری ئەوروپیدا لەبەلاد (ballad) بەرچاو دەکەوێ کە گۆرانییەکی چیرۆکامێزەو بەدەم سەماوە دەگوترێ (باوترین پارچەی بالاد چوارینەیەو بەرۆری تەنیا لەتی (٤،٢)ی هاوسەروان)[٥٠٠ : ١٣]، بالاد هەر ئەم قالبە سەروایەی نییە، ئەگەرچی ئەمە یان زۆر باوە، قالبی تریشی هەیە وەکو (ABAB) (AABB)[٤٦٧ : ١٥].

١٠- وا دەبێ لەچوارخشتەکیدا، لەتی (٤،٣،٢)ی چوارینەکان هاوسەروابن، لەتی یەکەم کۆتاییەکەی وەکو ئەوان نەبێ، بەڵام هەموو چوارینەکان لەتی یەکەمیان هاوسەروا بێو بەسەروای ئەولەتەوە بەیەکەوە بیەسرێنەوە. شێخ نووری شێخ سالح هۆنراوەیەکی لەم جۆرەی هەیە (گریەی خوسران) کە پێنج چوارینەیەو کۆتایی بەپێنجبیەیەك هاتوە، چوارینەکان هەموو بەم سیستە سەروایە نووسراون کە باس کرا، پێنجینەکەیش بریتییە لەکۆکردنەوەی لەتی یەکەمی هەر پێنج چوارینەکەی پێشوو. بۆ نموونە لەچوارینەی یەکەمدا دەڵێ:

بگری ئەی شاعیری ناتەوان بگری ..... A
مردلە ڕۆحی منا هەموو ئامال ..... B
بێخودانە کفن بدوش ملال ..... B
ئەگەرێ سەر سەری بەری خەیال ..... B [٢١٢، ل٢١٦].

سەروای ئەم قالبە بەم جۆرەیە:

ABBB ACCC ADDD AEEE AFFF AAAAA

پوختەی چوارینە :

چوارینە یەکێکە لەپارچە هەرە باوو بلاوەکانی ئەدەبی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا بەلاّم ئەوەندە هەیە ڕادەی باوی قالبەکان لای هەموو نەتەوەکان وەکو یەك نییە، بۆ نموونە لەئینگلیزیدا قالبی هەرە باوی چوارینە ئەمانەن: (ABAB , XBYB , AABB , ABBA)[٥٠٣ : ٥٤٥-٥٤٦]. لەفەرنسیدا قالبە هەرە باوەکان ئەمانەن: (AABB , ABBA , ABAB)[٤٨٢ : ٢٧]، لەئەسپانیدا قالبە هەرە باوەکان ئەمانەن: (ABAB , ABBA)[٤٨٦ : ٩٤]، لەتورکیدا بەرۆری (ABAB , ABAA , ABBA) بەکارهاتوە، لەفارسی و کوردیشدا (AABA , AAAB) هەرە زۆرەکەیانە. هەندێ لەو

Scanned with CamScanner

دلبه چوارینانه به‌ناوی ئه‌و شاعیرانه‌وه کراون که سه‌ره‌تا ده‌وریان له‌به‌کارهێنان و چه‌سپاندنی هه‌بوه ، وه‌کو چوارینه‌ی پترارکی‌و شکسپیری‌و سپنسه‌ری‌و خه‌یامی. له‌کوردیدا ئه‌م قالبانه‌ی چوارینه ده‌که‌ونه به‌رچاو:

1- AAAA , BBBB , CCCC .....
2- AABA , CCDC , EEFE .....
3- AABB , CCDD , EEFF .....
4- AAAA , BBAA , CCAA .....
5- AAAA , BBBA , CCCA .....
6- AABA , CCBC , DDBD .....
7- ABAB , CDCD , EFEF .....
8- ABBA , CDDC , EFFE .....
9- XBYB ....
10- ABBB , ACCC , ADDD ...

چواره‌م : پێنجینه

پێنجینه پارچه هۆنراوه‌یه‌کی پێنج له‌تییه که به‌پێی سیسته‌می تایبه‌تی سه‌رواوه دابه‌ژێ. جا ئه‌و پێنج له‌ته ج به‌ته‌نیا پارچه‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆ پێك بێنن و ج پارچه‌یه‌ك بن له‌ناو هۆنراوه‌یه‌کی دوودو درێژ که به‌زۆری دابه‌شی پارچه‌ی پێنج له‌تی ده‌کرێ. له‌ئینگلیزیدا ژاراوه‌ی (quintain)ی بۆ دانراوه که به‌گشتی (پارچه‌یه‌کی پێنج له‌تییه ج سه‌ربه‌خۆ بێ‌و ج له‌ناو هۆنراوه‌یه‌کی درێژ دابێ) [٥٠٣ : ٥٤٨]، دوو جۆری جیاوازی هه‌یه، به‌کێکیان (quintet) که بریتییه له(پارچه‌یه‌کی پێنج له‌تی که سیسته‌می سه‌رواو درێژی له‌ته‌کانی جیان، سیسته‌می سه‌روای ئه‌مه‌یه (ABA BB) که شیلی له‌شیعری (بۆ کلاوکوره)[٣٨] به‌کاری هێناوه) [٥٠٣ : ٤٥٨] ، ئه‌وه‌ی تریش پێی ده‌گوترێ (quintille) که به‌ئه‌سپانی مانای (پێنجۆکه) ده‌گه‌یه‌نێ بریتیه له(پارچه‌یه‌کی پێنج له‌تی هه‌شت برگه‌یی، له‌سه‌ر دوو سه‌روا ده‌روا یان هه‌ر پارچه‌یه‌کی (٥) له‌تییه که دوو سه‌روای هه‌بێ) [٥٠٣ : ٥٤٨]. ئه‌م جۆره‌یان له‌ئه‌سپانیدا پارچه‌ی هه‌شت برگه‌ی هه‌ره باوه له‌کاستیانا له‌سه‌ده‌ی (١٥) سه‌ری هه‌ڵداو لای ئه‌وان ئه‌م جۆره پێنجینه‌یه له‌سه‌ر دوو سه‌روا دروست بوه که (هه‌رگیز سێ سه‌روای به‌دوای یه‌کدا نایه‌ن و دوو له‌تی کۆتاییش مه‌سنه‌وی پێك ناهێنن) [٤٨٦ : ٩٩] ، قالبه‌که‌ی به‌م جۆره‌یه: (AABAB)، له‌فه‌ره‌نسیدا، ده‌شێ (Quintil) دوو سه‌رواکه‌ی به‌م جۆره دابه‌ش بێ (AABBA) [٤٨٢ : ٢١] و به‌زۆری له‌ڕوانگه‌ی سه‌روای کۆتاییه‌وه حسێبی بۆ ده‌کرێ. پێنجینه که له‌سه‌ر دوو سه‌روا دروست ده‌بێ. ده‌شێ خوێنه‌ر پێش ئه‌وه‌ی بگاته له‌تی پێنجه‌م بزانێ سه‌رواکه‌ی ده‌بێ چی بێ، چونکه ئه‌گه‌ر له‌له‌ته‌کانی پێشوو یه‌کێکیان به‌ته‌نێ مانێته‌وه ده‌بێ پێنجه‌م بۆی ته‌واو بکا. قالبه‌که‌ی به‌م جۆره‌یه (ABAAB). و ده‌شێ خوێنه‌ر نه‌زانێ داخۆ له‌تی پێنجه‌م سه‌روای چۆن ده‌بێ چونکه چواره‌که‌ی پێشوو هه‌موو مه‌رجێکی هه‌ردوو سه‌رواکه‌یان هێنابێته دی - تێبینی له‌فه‌ره‌نسیدا وه‌کو ئه‌سپانی نییه، مه‌سنه‌وی له‌کۆتایی هه‌ڵده‌گرێ [٤٨٤ : ٨٢]. قالبه‌که به‌م جۆره‌یه (ABABA). له‌ڕۆژهه‌ڵاتدا، پێنجینه له‌ڕووی دابڕشتن و دابه‌شبوونی

[٣٨] گوران ئه‌م شیعره‌ی به‌ناوی (بۆ بلبل) کردوه به‌کوردی [١٧٣ : ١٠٢].

Scanned with CamScanner

سەرواوە تایبەتێتی خۆی هەیە. لەمەڕەبیدا ئەگەر چی زۆر بەکار نەهاتوە بەڵام هەر لەزوەوە ئامازەی بۆ کراوە. ئیبن ڕەشیق دەڵێ: (جۆرێکی تر هەیە پێی دەگوترێ پێنجینە، ئەوەیە پێنج لەت سەروایان یەک بێ، ئینجا پێنج لەتی تر لەسەر هەمان کێش بن بەڵام سەروایان جیا بێ، بەم جۆرە تا هۆنراوەکە تەواو دەبێ) [٢٤٦ : ١٨٠] د.ئیسعاد لەباسی پێنج خشتەکی لەشیعری عەرەبیدا دەڵێ (شاعیرە عەرەبەکانی دوایی زۆر مەراقیان ئەم جۆرە بووە بۆ نموونە هۆنراوەی (البردە) و (بانت سعاد)و زۆر هۆنراوەی تری بەناوبانگیان کردوە بەپێنج خشتەکی) [٢٦٦ : ٣١٥]، د.ئیبراهیم ئەنیس دەڵێ پێنجینەی ڕاستەقینە ئەوەیە شاعیر هۆنراوەکەی لەسەر پارچەی پێنج لەتی دابمەزرێنێ، هەر پارچەیەکی لەتەکانی لەسەر یەک سەروا بڕوا -AAAAA- وەکو -الیاس فرحات- لەشیعری -بین الطفولة و الشباب- [٢٤٣ : ٣٠٨-٣٠٩] ئینجا دەڵێ بەڵام ئەم جۆرەیان لای شاعیرە تازەکان ئەوەندە زۆر نییە (ئەو پێنجینەی کە ئەوان پەسندیان کردوەو مۆسیقاکەیان لێ خۆش هاتوە، ئەوەیە کە سەروای لەتی پێنجەمی هەموو پارچەکان یەک شتە. شاعیرە تازەکان زۆر شیعریان بەم قالبە هۆنیوەتەوەو گەلێ بابەتیان پێ نووسیوە کە پێشینان بۆی نەچوون، وەکو شیعرەکەی (حافظ ابراهیم) لەلاواندنەوەی فیکتۆریا) [٢٤٣ : ٣٠٩]. لەکوردیدا، د.مارف لەباسی (پێنجین و پێنج خشتەکی)دا دەڵێ: (پێنجین و پێنج خشتەکی هونەرێکی شیعری باوو بڵاوە لەئەدەبی کلاسیکی نەتەوە موسڵمانەکان. قەسیدەی پێنجینە تەنیا لەناو ئەدەبی نەتەوە موسڵمانەکان نەماوەتەوە، بەڵکو چوەتە ناو ئەدەبی نەتەوە ناموسڵمانەکانیش لەو دیو قەفقاس) [١٧٨ : ١٨٤]. د.مارف پێنجین یان پێنجینە بەندو پێنج خشتەکی لەیەک جیا دەکاتەوە کە یەکەمیان هی یەک شاعیرەو دوەمیان دوو شاعیر بەشداری تێدا دەکەن، جا شاعیری یەکەمیان چ کورد بێ و چ غەیری کورد، ئەگەر شاعیری یەکەم کورد نەبێو شیعرە ئەسلییەکە بەزمانێکی تربێ (فارسی یان تورکی) ئەوا (بەدیمەن وەکو موڵەممەع دێتە پێش چاو) [١٧٨ : ١٨٩]. لەبارەی کێشی پێنج خشتەکییەوە د.مارف لە [١٧٨]و[٢٣٦]داو عەبدوللا تاهیر لە[٢٣١]دا جەختی لەسەر ئەوە دەکەن کە کێشی پێنج خشتەکی عەروزییە. ئەمە بەشێوەیەکی گشتی ڕاستە، بەڵام ئەگەر بچینە ناو جەردو سەرژمێری وردی پێنج خشتەکییەوە بۆمان دەردەکەوێ کە پێنج خشتەکی بەکێشی خۆمالێبش کراوە، وەکو پێنج خشتەکی ڕازی لەسەر دوو شیعری مەولەوی (خاڵۆ خاڵۆتەن) [٨٨ : ١٠٥]و (دەخیلە گەردوون) [٨٨ : ١٠٨]. لەبەر ئەوەی شیعرەکانی مەولەوی بەکێشی خۆمالی نووسراون، ئەم دوو پێنج خشتەکییە، هەر پارچەیەکیان بگرە لەتەکانیان هەموو هاوسەروان و بەیەندی سەروا بەندی لەنێوان پارچەکاندا نییە. لەمەش زیاتر جەعفەر شێخ حوسێن بەڕێنجی سێ هۆنراوەی فۆلکلۆری کردوە بەپێنج خشتەکی کە بێگومان کێشەکەیان خۆمالێیە و عەرووزی نییە، بەڵام لەهەر سێ هۆنراوە (بەسم لێ بگرە، مڵمان مالاوسێ، چنارو لاولاوە) [٤٧ : ٢١٧-٢٢٢]، لەهەر یەکێکدا یەک دێری فۆلکلۆری وەرگرتوەو چەند پارچەیە ئەوەندە جارە سێ لەتی بۆ زیاد کردوە، یەکەمیان (٧) پارچەو دوەمیان (٥) پارچەو سێیەمیان (٦) پارچەیە، بۆیە لەم سێ پێنج خشتەکییەدا (کە جۆرێکی تایبەتین) هەموو لەت و پارچەکان لەسەرەتا تا کۆتایی یەک

Scanned with CamScanner

سەروایان هەیە، سەروای هۆنراوەی یەکەم (انی)و هی دوەم (ایە)و هی سێیەم (یر)ە. جگە لەوەش تێکەڵ کردنێکی شیعری عەرووزی و خۆمالی لەشکڵی پێنج خشتەکیدا لەهۆنراوەی یان گۆرانی (دەساچ بکەم نیمە چارە)ی تایەر تۆفیق [٤٧ : ٢١٣] خۆی دەنوێنێ کە هونەرێکی تایبەتی تێدا خەرج کراوە. تێبینیەکی تر لەبارەی پێنج خشتەکی ئەوەیە کە مەرج نییە مولکی تەنیا دوو شاعیر بێ، شاعیرە ئەسلەکەو ئەوەی زیادەکانی بۆ نووسیوە، جاری وا هەیە مولکی سێ شاعیرە، ئەمەیش دوو جۆرە:

١- وا دەبێ دوو شاعیر بەیەکەوە دانیشتبن و بەدوو قۆڵی شیعرێکیان نووسیبێ، پاشان شاعیرێکی تر هاتبێ شیعرەکەی کردبێ بەپێنج خشتەکی، وەکو شیعری (بەغەمزەی چاوی مەخموری) کە نارێ و تاهیر بەگ بەیەکەوە دایانناوە[٣٩] [٤٨ : ٣٤] هەروەها [٢٠٦ : ٧٨]. ئینجا سافی هاتوە شیعرەکەی کردوە بەپێنج خشتەکی بەمەوەش سێ شاعیر (نارێ، تاهیر بەگ، سافی) دەبن بەخاوەنی پێنج خشتەکییەکە.

٢- وا دەبێ شاعیرێك شیعرێکی نووسیبێ وەکو شیعرە بەناو بانگەکەی حافیزی شیرازی (آلا یا ایها الساقی)، یەکێ بێ ئەم شیعرە تێهەڵکێشی شیعری خۆی بکا، لەتی یەکەمی هەموو دێرەکان لابداو لەتێکی خۆیان بخاتە شوێن، وەکو سالم لەشیعری (بەدەل کەین) [١٠١ : ٣٦] وای لەشیعرەکەی حافیز کردوە. لەبەر ئەوەی لەتی دوەمی شیعرەکەی حافیز وەکو خۆیان ماونەتەوە هەر ئەوانن بۆ هۆنراوە نوێکەی سالم و حافیز دەبن بەسەروا. ئینجا شاعیرێکی تر دێ ئەم شیعرە تێهەڵکێشە دەکا بەپێنج خشتەکی، بۆ هەر دێرێك (لەتێکی سالم و یەکی حافیز)، سێ لەتی خۆی زیاد دەکا، وەکو کەمالی هاتوە ئەمەی کردوە [١٧١ : ١٥٠] بەمەوە پێنج خشتەکییەکە دەبێ بەهی سێ شاعیر: یەکەم حافیز، دوەم سالم، سێیەم کەمالی[٤٠]

---

[39] کاکەی فەلاح گومانی لەوە هەیە ئەم شیعرە بەدوو قۆڵی لەلایەن نارێ و تاهیر بەگەوە دانرابێ. ئەو لای وایە شیعرەکە تەنیا هی نارێیەو مافی تاهیر بەگی بەسەرەوە نییەو دەڵێ: (نارێ وتوویەتی بەناهەق ئەم غەزەلەیان کردوە بەدانانی تایەر بەگ، پاستیبەکەی ئەوە هەموی هی خۆمە .. بەڵێ وایە چونکە داڕشتنەکەی لەهی یەك شاعیر نەچێ. ئەم پاستیبە لەحاجی مەلا ئەحمەدی قازی بیستراوە) [٢٠٦ : ٧٨]. ئێمە لەو باوەڕەدانین شیعرەکە هەر تەنیا ناری نووسیبێتی، چونکە: یەکەم زۆر جار وابوە دوو شاعیر بەیەکەوە شیعرێکیان نووسیوە، وەکو دڵدارو جاهید بەیەکەوە شیعری (شاهبازی یا شەهێن)یان داناوە [١٢٥ : ١٧٧]، دوەم شیعرەکە بەزمانی کۆ-جمع- قسە دەکا (مەستی مەی کردین، مەزەی کردین)، سێیەم لەلەتی یەکەمی دێری کۆتایی ناوی هەردوو شاعیرەکە ئاشکرا هاتوە:

عیلاجی دەردی دڵ (ناری)، لە(تاهیر بەگ) تەمەننناکە
بڵێ: ئەمڕۆ گوڵە ندامێ بەتیرێ جەرگی پەی کردین

[40] بەشداری کردنی دوو شاعیر یان زیاتر لەئەنجامدانی یەك هۆنراوە، بیرمان بۆ لای هونەرێکی شیعری یابانی دەبا کە پێی دەگوترێ (هۆنراوەی لێك بەسراو linked poem). ئەمە لەیابانیدا زۆر کۆنە لە(٨١-١١٢)ز شوونەی هەیە کە شیعرێکی کورتەو دوو شاعیر تەواوی دەکەن، بەکێکیان لەتێکی (٥/٧/٥) برگەیی دەنووسێ و ئەوەی تر دێ لەتێکی (٧/٧) برگەیی بۆ زیاد دەکا .. لەسەدەی هەشتەم و نۆیەم هۆنراوەی درێژی بەنجا، سەد، بگرە هەزار لەتی نووسراوە کە بەزنجیرەی (٥٧٥/٧٧/٥٧٥/٧٧/٠٠٠٠) دەنووسرا. یەکێ لەتی

Scanned with CamScanner

ئەوەی جێی سەرنجە، هونەری پێنج خشتەکی کردن (تخمیس) لەشیعری کوردیدا ئەوەندە کۆن نییە، لەپێش سەدەی نۆزدەم نموونەی تەخمیسمان دیار نییە. جا یا هەر نییە، یا هەبووە نەماوە یان هێشتا نەدۆزراوەتەوە. کۆنترین پێنج خشتەکی ئەوەی سالە لەسەر شیعری نالی. دووریش نییە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و شیعری بادێ، پێنج خشتەکی کردنی لەوە کۆنترمان بۆ بدۆزێتەوە.

کەواتە لەکوردیدا ئەو هۆنراوانەی بەپارچەی پێنج لەتی دادەڕێژن، چەند جۆرێکیان هەیە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- بۆی هەیە پێنجینەکە سەربەخۆ بێ، پەیوەندی بەهیچ پارچەو شیعری ترەوە نەبێ. لەم حاڵەتەدا پێنجینەکە وەک هۆنراوەیەکی سەربەخۆ بیرێکی تایبەتی دەگەیەنێ. ئەمە لەکوردیدا زۆر کەم و دەگمەنەو رەواجی چوارینەی سەربەخۆی نییە.

٢- وا دەبێ هەموو شیعرەکە هی یەک شاعیر بێ (پێنجینە)، جا دابەشبوونی سەروای پارچەکان بەهەر سستەمێک بێ.

٣- وا دەبێ شیعرەکە هی یەک شاعیر نەبێ، هی دوو سێ شاعیریان زیاتر بێ (پێنج خشتەکی). ئەو شیعرە ئەسڵیەی دەکرێتە پێنج خشتەکی، وا دەبێ کوردی بێ کە ئەمە هەرە زۆرو باوەکەیە و وا دەبێ هی شاعیرێکی فارس بێ. لەو حاڵەتەدا پێنج خشتەکییەکە بەدوو زمان دەبێ. دوو لەتی ئەسڵی بەفارسی و سێ لەتە زیادەکە بەکوردی دەبن. بەزۆری شیعری حافیزی شیرازی لەکوردیدا کراوەتە پێنج خشتەکی (تێهەڵکێش کراوە) وەکو ئەمە هەیە، ئەوەیش هەیە کە شاعیرێکی کورد یەک لەتی شاعیرێکی فارس وەردەگرێ و لەهەر پارچەیەکدا چوار لەتی کوردی خۆی بۆ زیاد دەکا. لەم جۆرەیاندا، لەهەموو پارچە پێنجینەکاندا لەتی پێنجەم هەمان لەتەو دووبارە دەبێتەوە. تەنیا ئەم لەتە هی شاعیرە ئەسڵەکەیەو شاعیری کورد چوار لەتی بۆ زیاد دەکا. ئەمە بەزۆری بەتێهەڵکێش ناویراوە. حەمدی دوو پێنج خشتەکی لەو جۆرەی هەیە. کە لەیەکێکیان دا لەتە شیعری (تا خوا جەمی خورد بغزلهای بهلوی)ی حافیزی وەرگرتووەو لەهەر پارچەیەکدا چوار لەتی خۆی بۆ زیاد کردووەو لەپێنجینەی یەکەمدا سەرواکەی تەسریع کردوە [٦ : ٧٧] لەشیعرەکەی تریشدا لەتی (این همه از پی آنست کەزر میخواهد)ی حافیزی تێهەڵکێش کردوە [٦ : ٧٥].

یەکەمی دەنووسی و هەرچی دەهات لەتێکی بۆ زیاد دەکرد، لەتەکانیش بەنۆرە حەفدە برگەیی و چوارە برگەیین. لەسەردەمی نوێشدا ئەم هونەرە باوی هەر ماوە، بەڵام لەباتی زیاد کردنی یەک لەت، بەنۆرە لە نووسین و زیادکردنی سێ لەت و دوو لەتدایە بۆ نموونە لە ١٩٦٠ چوار شاعیری گەورەی پاپانی: (پاشۆ، کێواری، بۆنچۆ، شیهۆ) بەهاوکاری شیعرێکیان لەبارەی (یەکەم بارانی زستان) نووسیوە. شیعرەکە (٣٦) چوار شاعیرەکە بەنۆرە یەک لەدوای یەک پارچە زیادەکان بنووسن، وا دەبێ دەوریان پاش و پێش ببێ. بۆ پارچەیە. پارچەی یەکەم سێ لەتەو دووەم دوو لەتە، شیعرەکە بەم جۆرە بەردەوام دەبێ بەڵام مەرج نییە هەر زیاتر زانیاری بڕوانە [٤٥٥ : ١٢٣-١٣٨].

Scanned with CamScanner

٤- نموونەی پێنج خشتەکی گۆرانیش هەیە کە گۆرانی پێنج شیعری شاعیرێك وەردەگێڕێ و لە دوای (نەك لەپێش) هەر دێڕێك (دوو لەت)، سێ لەتی فۆلکلۆری بۆ زیاد دەکا. وەکو گۆرانی (دەساچ بکەم)ی نایەر تۆفیق [٤٧ : ٣١٢]. شیعرەکە هی کەردییە [١١٢ : ٤٣] و بەکێشی سەروای تنا پەیڕەو کراوەو هیچ پەیوەندی بەسەروای لەتە فۆلکلۆرییەکانەوە نییە. کە لەم نموونەیەدا لەهەموو پارچەکاندا (هەمووی چوار پارچەیە) یەك سەروابان هەیە. لەم پێنج خشتەکییەدا چەند جیاوازییەك تێبینی دەکرێ لەگەڵ پێنج خشتەکییەکانی تر. یەکەم: لەوەی پێنج خشتەکییەکەی ئەنجام داوە، خۆی شاعیر نییەو لەخۆیەوە لەتەکان زیاد ناکا، بەڵکو لە فۆلکلۆر لەتەکان دێنێ و دەیانخاتە سەر شیعرە ئەسڵییەکە، دووەم: ئەو لەتانەی زیاد دەگرێن ناکەونە پێشەوەی دێڕەکانی شیعرە ئەسڵییەکە بەڵکو دەکەونە دواوە. سێیەم: سەرابای پێنج خشتەکییەکە، پارچەکانی، لەباتی یەك سەروا بەدوو سەروا بەیەکەوە بەسراوەتەوە: سەروای شیعرە ئەسڵییەکە کە دەکەوێتە لەتی دووەمی هەموو پارچەکان و سەروای لەتەزیادەکان کە لەهەر سێ لەتەکەدا دەردەکەوێ.

قالبەکانی سەروای پێنجینە :

پارچەی پێنجینە، جا هەر جۆرێك بێ، زۆر قالبی جیاجیای هەیە، گرنگترینیان ئەمانەن (تێبینی زۆر جار پێنج خشتەکی بەهەموو جۆرەکانییەوە پارچەی یەکەمی موسەروەع دەبێ):

١- بۆی هەیە هۆنراوەکە کە لە شێوەی پێنج خشتەکیدایە، لەسەرەتا تا کۆتایی هەموو لەتەکانی هاوسەروابێ، وەکو پێنج خشتەکی (یارەکەم لەسەقزە) [٨ : ٤٩] و (کچی بێ حەیا بۆ بباو بەڵێە) [٨ : ٥٠]. قالبەکەی بەم جۆرەیە :

AAAAA , AAAAA, ...

٢- بۆی هەیە پێنج خشتەکییەکە هەر پارچەیەکی بەتەنیا لەسەرێەك سەروا بێ و هیچ پەیوەندی سەروا بەندی لەتێوان پارچەکاندا نەبێ، وەکو پێنج خشتەکی ڕازی لەسەر هەڵبەستی مەولەوی کە لەپێنجینەی یەکەمدا دەڵێ:

بەتێش و ئۆف و سزاو ڕەنگی زەرد ..... A
بەناڵەی گەرم و بەهەناسەی سەرد ..... A
وابە دوانا هات دێوانەکەی هەرد ..... A
(دەخیلە گەردوون بلووری بێ گەرد ..... A
ئامانەتی تۆو دڵەی پڕ لە دەرد) ..... A [٨٨ : ١٠٨]

قالبەکەی بەم جۆرەیە: AAAAA , BBBBB , CCCCC , ...

٣- وا دەبێ لەپێنجینەکەدا، چوار لەتی پێشەوە لە سەرێەك سەروا بن و لەتی پێنجەم سەروای جیا بێ، بەڵام لەگەڵ سەروای لەتی پێنجەمی هەموو پێنجینەکانی تری پێنج خشتەکییەکە بەك

Scanned with CamScanner

شب بێ، وەکو زۆربەی هەرە زۆری ئەو پێنج خشتەکییانەی شاعیرێك لەسەر غەزەل و قەسیدەی شاعیرێکی تر کردوویەتی، یان ئەو پێنج خشتەکییانەی خۆیان نووسیویانە. بۆ نموونە ئەمە پێنجینەی دوەمە لەپێنج خشتەکی سالم لەسەر شیعرێکی نالی:

گاهێ بەدوعا ڕووەکەیە قیبلەیی حاجات ..... A

گاهێ لەڕەعییەت دەبی بە مەرگی موجافات ..... A

ناکەی لە دلاّ قەت بەئەبەد فیکری موکافات ..... A

(ئەی جامیعی دونیا و قیامەت بەخەیالات ..... A

ئەو ڕۆژە کە مردی نەئەوت بوو نەئەمت بوو) ..... B [۱۷۸ : ۱۹۲].

لەم جۆرەدا بەزۆری پارچەی یەکەم موسەڕڕەع دەبێ. قالبە سەروای ئەم جۆرەیان بەم شێوەیە دارژاوە :

AAAAAA, AAAAB, CCCCB, ...

٤- وا دەبێ لەپێنج خشتەکیدا، هەر پێنجینەیەك سیستەمی سەروای تایبەتی خۆی هەبێ و هیچ سەروا بەندییەك لەنێوان پارچەکانیدا نەبێ بەگشتی، بەڵام لەهەر پارچەیەکدا بەیەك دەستوور سەرواکان دابەش بێن، لەتی یەکەم و دوەم و سێیەم و پێنجەم هاوسەروابن و کۆتایی لەتی چوارەم ئازاد بێ و بەهیچ سەروایەکەوە نەبەسرابێتەوە. وەکو هۆنراوەی (بەبۆنەی لادانی تارا لەسەر پەیکەری شاعیری مەزن، حاجی قادری کۆیی)ی حەسیب قەرەداغی کە (۱۰) پارچەیەو هەموویان بەم سیستەمە دارژاون، ئەمەیش پێنجینەی یەکەم:

حەرفی کوردی ، گیانەکەی بوو پێش ئەوەی تۆ دەرکەوی ..... A

تۆ بەپرچی ڕۆژی ڕوونا بۆ نیگای بیر سەرکەوی ..... A

قۆلی مەردی هەڵبکەیت و پێشەوا بی و بەرکەوی ..... A

مامە حاجی ئەو ئەوژمەی دات بەحەرف و بیری کورد ..... B

وای شەپۆل داتۆ ئەمێستا پێشی سەد ڕەهبەرکەوی ..... A [٦٨ : ٢٠٥]

قالبەکەی بەم جۆرەیە:

AAABA , CCCDC , EEEFE , ...

٥- وا دەبێ پێنجینەکە کۆتایی لەتی یەکەمی ئازاد بێ، لەتی دوەم و پێنجەم یەك سەروایان هەبێ و لەتی سێیەم و چوارەم یەك سەروایان هەبێ. حەسیب قەرەداغی لەپێنجینەیەکدا دەڵێ:

لەمیانی من و تۆ، خۆزگە ، پردە X

لەسەرپایەی وڕکی دڵم دامەزراوە ..... A

هەرچی لافاو هەیە هەستێ ..... B

پردی شاعیرنا پسێنێ ..... B

Scanned with CamScanner

چونکه بەخەم دارێژراوە ..... A [٦٨ : ٩٦].

قالبە سەرواکەی ئەم پێنجینەیە بەم جۆرەیە: XABBA .

٦- هەر حەسیب قەرەداغی سەروای پێنجینەیەکی تری بەجۆرێکی تر دارشتوە. لەتی ناوەڕاست (لەتی ٣) کۆتاییەکەی ئازادە، هەر چوار لەتەکەی تر هاوسەروان و دوو دوو وەکو مەسنەوی دەکەونە بەرچاو، دەڵێ:

شیعرێکم هەڵکرد بۆ دارێ ..... A
مەڵێکی جوانم بۆ بگرێ ..... A
کە دەستم برد بیهێنمەوە ، X
لادیوارێ ، ..... A
بەسەر سەرما هاتە خوارێ ..... A [٨٨ : ٣١].

لەتی دوەم هەر چەندە کۆتاییەکەی (ێ) وەکو لەتی (١،٤،٥) وایە بەڵام مەرجی سەروای بەتەواوی تێدا نییە، چونکە (ێ) لەهەموویان پاش ڕەوییە. ڕەوی دەنگی (ر)ە، دەبێ بزوێنی پێش (ر)لە هەموولەتە هاوسەرواکان یەک بێ کەچی لەمەیاندا گۆڕاوە. ئەم قالبە بەم شێوەیەی سەرەوە، ئاوا دەردەچێ : AABAA .

٧- وا دەبێ لەپێنج خشتەکیدا، پێنجینەکان لەڕووی سەرواوە سەریەخۆبن، پەیوەندییان بەیەکەوە نەبێ، هەر پێنجینەیەکیش دوولەتی پێشەوەی یەک سەرواو سێ لەتی پاشەوەی سەروایەکی تریان هەبێ، ڕازی لەپێنج خشتەکی (دڵی شکاوم)دا کە سێ پێنجینەیە و بە مەسنەوییەک داخراوە، لە پێنجینەی یەکەمدا دەڵێ:

ئەی دڵ شکاو خۆم ، ئەی دڵ شکاو خۆم ..... A
دەروون پڕ ئاگر ، چاو پڕ لەئاو خۆم ..... A
پەروەردەم کردی وێنەی داری گوڵ ..... B
جێم کردیتەوە لەناو ناخی دڵ ..... B
ئەمخوێند لەدەورت بەوێنەی بولبول ..... B [٨٨ : ١٠٤]

ئەم جۆرە پێنج خشتەکییە قالبەکەی بەم چەشنەیە:

–

AA BBB, CC DDD, EE FFF, ...

٨. پێنج خشتەکی هەیە، لەهەر پارچەیەکدا لەتی (١،٢،٣) هاوسەروان و لەتی (٤،٥) هاوسەروان و لەهەموو پارچەکاندا دووبارە دەبنەوەو پارچەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە، وەکو شیعری (شین بۆ سێ هاوڕێی لەسندارە دراو)ی مارف بەرزنجی (پشکۆ)، کە لەپێنجینەی یەکەمدا دەڵێ:

Scanned with CamScanner

چۆن دڵ نەتەقێ‌و مێشك نەبڕێ ..... A
چۆن دەستی حەسرەت ئەمشەو نەمکوژێ ..... A
چۆن لەدوو دیدە هەر خوێن نەڕژێ ..... A
هەتا ئیستیعمار نەکەین سەنگەسار ..... B
لەتۆڵەی خوێنی رەفیقی سەردار ..... B [٤٢ : ٩٢].

سەروای دوو لەتی دوایی (ار) لەدوو لەتی کۆتایی هەموو پێنجینەکاندا دووبارە دەبێتەوە. زنجیرەی سەروای ئەم قالبە بەم شێوەیە دەڕوا:

AAA BB , CCC BB , DDD BB

٩- وا دەبێ هەمان قالبی پێنجینەکانی پێشوو (ژمارە ٨) (AAA BB) لەپێنج خشتەکییەکدا دابڕێژێ بەڵام هەر پێنجینەیەك لەڕووی سەرواوە سەربەخۆیێ‌و پەیوەندی بەسەروای پارچەکانی تردوە نەبێ وەکو قالبی پێشوو. وەکو (گوڵی سەربەستی) بەختیار زێوەر، لەپێنجینەی یەکەمدا دەڵێ:

گوڵێك شیرینترلەخونچەی بەهار ..... A
نازکتر، جوانتر، لەشەویۆی نازدار ..... A
گەشترلەدیدەی وەنەوشەی نزار ..... A
گوڵێکە ناوی گوڵی سەربەستی ..... B
مەردە ئەوگەلەی بگاتە دەستی ..... B [٣٢ : ٢١٥]

شیعرەکە (٦) پارچەیە، هەر پارچەیەك سەروای سەربەخۆی هەیە، بەڵام قالبی هەموویان وەکو یەك وایە، بەم جۆرەیە:

AAA BB CCC DD EEE FF

١٠- وا دەبێ هۆنراوەکە دابەش پارچەی پێنجی بووبێ‌و لەهەر پێنجینەیەکدا، لەتی یەکەم کۆتاییەکەی ئازاد بێ‌و (جگە لەتەسریع) هیچ پەیوەندییەکی سەروایی نەبێ نەلەناو پێنجینەی خۆیدا و نەلەگەڵ پێنجینەکانی تری هۆنراوەکەدا، لەتی دووەمیش لەناو پێنجینەی خۆیدا ئازاد بێ، بەڵام لەگەڵ لەتی دووەمی هەموو پێنجینەکانی تر هاوسەروا بێ، هەر سێ لەتی کۆتایی هەموو پێنجینەکانیش هاوسەرا بن. ئەم قالبە لەتێهەڵکێش کردنی شیعرەکەی کوردی‌و شیعرە فۆلکلۆریەکەی گۆرانی (چاوەکەم)دا دەردەکەوێ، ئەمە پێنجینەی دووەم و سێیەمی هۆنراوەکە[٤١]:

وێل و سەرگەردان و خوارو، عاجزو ئاشفتە حاڵ X

---

[41] بۆیە لێرەدا دوو پێنجینەمان وەرگرت تا سەروابەندیی لەتی دووەم و ئازادیی لەتی یەکەم باشتر دەربکەوێ.

Scanned with CamScanner

دڵ بەتاڵان چووی سوپای کاکۆڵی تێك ئاڵاوی تۆم ... A

وەرن وەرن ئیمە چارە ..... B

دڵ عاشیقەو بێ قەرارە ..... B

یار دەڵێن لێمان بێزارە ..... B

گەر دەپرسی دادو گریان و فیغانم بۆ چییە ..... Y

ڕاستە باوك مردەنیم ئەمما جگەر سووتاوی تۆم ... A

وەرن وەرن بمکەن چارە ..... B

دڵ عاشیقەو بێ قەرارە ..... B

دەرمانم نییە لەم شارە ..... B[٤٧ : ٢١٣]

قالبی ئەم هۆنراوەیە بەم جۆرەیە:

X A BBB , Y A BBB, Z A BBB, ...

١١- وا دەبێ پێنج خشتەکییەك، هەر پێنجینەیەکی لەسەر دوو سەروا دامەزرابێ. لەتی (١، ٢، ٥) یەك سەروایان هەبێ و لەتی (٣، ٤) یەك سەروایان هەبێ. هیچ پەیوەندییەك لەتێوان سەروای پێنجینەکاندا نەبێ. وەکو هۆنراوەی (ئادەمیزاد)ی شێخ نووری شێخ سالح کە (٣) پێنجینەو شەشینەیەکە، لەپێنجینەی یەکەمدا دەڵێ:

لەناو شەپۆلی خەما، سەر نگوون و بێ ئارام ..... A

بەکێوی سەختی ژیانا بەپێو وچنگەڕنێ ..... B

خەریکی هەڵمەتی سەرکەوتنە. بگانە مەرام..... A

لەپرنشێوی کڵۆڵی بواری لێ ئەتەنێ ..... B

بەداوی جەورو خەفەت، تارو پۆی لە تێش و ژام ... A[٢١٢ : ٢٢٩]

قالبی ئەم جۆرە پێنجینەیە بەم شێوەیە دەڕوا:

A B A B A, C D C D C, E F E F E, ...

١٢- وا دەبێ لەپێنج خشتەکیدا، هەموو پێنجینەکان لەتی پێنجەمیان هاوسەروا بێ، بەڵام لەتاکە تاکی پێنجینەکان ئەم پێنجەمین لەتە هیچ پەیوەندی سەروایی نەبێ و بەئارادی بمێنێتەوە، جوار لەتەکەی بەرایش بەقالبە سەروای چوارینی پتراکی (ABBA) بەیەکەوە ببەسرێنەوە. شێخ نووری، لە(ئیستیقبال بۆ تازە پێگەیشتووەکان)، (٧) پێنجینەی هێناوە هەر هەموویان بەم قالبە داڕژاون. پارچەی یەکەمی موسەڵڵەعە بەوەی کە سەروای لەتی پێنجەمی وەکو سەروای لەتی (١- ٤) هێناوە، لەپارچەی دووەمدا دەڵێ:

ئەی فەجری بێ غوبارو کەدەر، عالەمی ئەمەل ..... A

Scanned with CamScanner

چاوی لەتۆیە، تۆ کە ئومێدی هەموو کەسی ..... B

ئەلحەق عیلاجی دەردی دەوایێکی نەورەسی ..... B

هێندە چاوەڕێ بوو چاوی هەتا پێ گەیی سوێەل .... A

فەرموو درەنگە، وەختی تلووعێکە بێ حیجاب ..... C [٢١٢ : ١٦٣]

قالبی سەروای ئەم پێنج خشتەکیە بەم جۆرەیە:

ABBA C, DEED C, FGGF C, ...

١٢. وا دەبێ پارچەکانی پێنج خشتەکی، بەپێی دەستوورێکی تایبەتی لەسەر دوو سەروا نامەزرا بن، بەڵام هیچ پەیوەندی سەروایی لەنێوان پێنجینەکاندا نەبێ. هەر پێنجینەیەک لەتی (١، ٢، ٥)ی هاوسەروابن و لەتی (٣، ٤)ی هاوسەروابن، وەکو هۆنراوەی (ئەگەر گەرەکتە)ی دڵزار کە سێ پارچەیەو هەموویان بەو دەستوورەی سەرەوە سەروایان نامەزراوە، ئەوەندە هەیە لەهەموو پارچەکاندا لەتی (٢-٤) کورتن و لەنەکانی تر (١، ٣، ٥) درێژن، بەمەوەش لەموستەزاد نزیک دەبێتەوە ئەگەرچی موستەزادیش نییە چونکە پارچەکان بەلەتی درێژ کۆتاییان هاتووە لەپێنجینەی بەرایی دەڵێ:

ئەگەر گەرەکتە شادو تێروتەژی ..... A

تۆبژی ..... a

رێگەیی زۆر راستی رەها بوونی گەل ..... B

رێی عەمەل ..... b

بگرە هەتا دەرچی لەچنگخوێنمژی ..... A [٨٧، ل٦٥]

قالبە سەروای ئەم جۆرە پێنجینەیە ئاوهایە:

A a B b A, C c D d C, E e F f E, ...

پوختەی سەروای پێنجینە:

هونەری یان پارچەی پێنجینە لەزمانە ئەوروپیەکان لەبارەی سەرواوە لەپێنجینەی رۆژهەلاّت بەگشتی و کوردی بەتایبەتی جیایە. جیاییەکە لەم خاڵانەدا دەردەکەوی: یەکەم هەموو پێنجینەی زمانە ئەوروپیەکان (ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەسپانی) لەسەر دوو سەروا دادەمەزرێ کە بەشێوەی جۆراوجۆر دووبارە دەبنەوە، وانە لەو پێنج لەتە، دوویان یەک سەرواو سێیان سەروایەکی تریان دەبێ، بەڵام نابەشبوونی ئەو دوو سەروایە لەناو لەتەکان لەپێنجینەیەکەوە بۆ پێنجینەیەکی تر دەگۆڕێ. کەچی لە پێنجینەی کوردیدا، دەشێ پێنجینە لەسەر یەک یان دوو یان سێ سەروا بێ. دووەم: لەزمانە ئەوروپیەکان پێنجینەکانی ناو یەک هۆنراوە بەسەروای هیچ لەتێکی پارچەکان بەیەکەوە نابەسرێنەوە چونکە ئەو هەناسە درێژەیان نییە لەسەروا هێنانەوە، کەچی لەپێنج خشتەکی کوردیدا ئەمە هەر زۆر باوە کە پێنج خشتەکی هەیە بگاتە هەرچەند پارچە، هەموو

Scanned with CamScanner

پارچەکان بەسەروای یەکێ لەلەتەکانەوە پێکەوە دەبەسرێنەوە. لەزمانە ئەوروپییەکاندا، ئەوەی گران و ناپەسەند بێ لەدابەشبوونی دوو سەرواکەی پێنجینە ئەوەیە: یەکەم سەرواکان هەموویان بەدوای یەکدانەبەن وەکو (AAABB) یان (AABBB)، دووەم کۆتایی پێنجینە مەسنەوی بێ پەسند نییە، وەکو (ABABB) یان (ABBAA)، لەمانە بترازێ هەموو جۆرە دابەشکردنەکانی تر پەسەندن ئەگەرچی لەئینگلیزی (AABAB)و لەفەرەنسی (AABBA)و لەئەسپانی (AABAB) لە هەموویان باوترن. بەش بەحالّی کوردیش، باووترین قالبە سەروای پێنجینە پێنج خشتەکی و پێنجینەیە کە سەروای لەتی پێنجەم لەسەرەتا تاکۆتایی هۆنراوەکە لەهەموو پارچەکان دووبارە دەبێتەوە. لەم دوانەش پێنجینە باوو بلاّوترە لەپێنج خشتەکی. باوترین قالبە سەروای پێنجینە ئەمانەن:

1- AAAAA , AAAAA , AAAAA , ...
2- AAAAA , BBBBB , CCCCC , ...
3- AAAAA , BBBBA , CCCCA , ...
4- AAABA , CCCDC , EEEFE , ...
5- XABBA ,
6- AAXBB ,
7- AABBB , CCDDD , EEFFF, ...
8- AAABB , CCCBB , DDDBB , ...
9- AAABB , CCCDD , EEEFF , ...
10- XABBB , YABBB , ZABBB , ...
11- ABABA . CDCDC . EFEFE , ...
12- ABBAC , DEEDC , FGGFC , ...
13- AaAbA , CcDdC , EeFfE , ...

پێنجەم : شەشینە

شەشینە (sextain) پارچەیەکی شەش لەتییە، چ سەربەخۆ مانایەکی تەواو بدات چ پارچەیەک بێ لەهۆنراوەیەکی پارچەدار کە بەزۆر کێش و سیستەمی سەروای جیاواز دروست دەبێ. شەشینە لەهەر زمانێکدا بەجۆرێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەبنچینەدا ئیتالییە، لە (٦) لەتی (١١) برگەیێ پێك دێو پێی دەگوترێ sextina (یەکەم جار تروبادۆری پرۆڤنسالی [ئارنۆ دانێیل] ئەم شەشینە ئاڵۆزەی داهێناوە. لەکۆتایی سەدەی (١٢). دانتی سوودی لێ وەرگرتووەو شکڵی تایبەتی داوەتێ بەلاّم لەسەر دەستی پترارك بوو بەپارچەیەکی هەرە باوی لیریکای ئیتالی)[٤٨٦ : ١٢٩].

ئاڵۆزی و قورسی ئەم جۆرە شەشینەیە لەوە دایە کە لەشەش پارچە پێك دێ، هەر پارچەی شەش لەتەو هۆنراوەکە بەکۆتاییەکی ٣ لەتی دوایی دێت. سەروای ئەم جۆرە شەشینەیە لەدووبارە بوونەوەی و شەکانی کۆتایی دایە. کە بەم جۆرە جێگایان دەگۆڕێ:

/ECBFAD /CFDABE /FAEBDC /ABCDEF/ AB-DE-CF/ BDFDCA)
(DEACFB)[٣١٦ : ٧١]. ئەم جۆرە شەشینەیە لەسەر دەستی سیرفلیب سدنی لەشیعری (لەرکادیا) کەوتۆتە ناو شیعری ئینگلیزی، لەو بەو لاوە وردە وردە بەکار هاتوە، نموونەی هەرە باوی

Scanned with CamScanner

ئەم جۆرە لەشیعری ئینگلیزیدا (سکالای لیزا)ی (سوینبێرن)ە. کیپلینگ و پاوەندو ئیلیۆت و ئۆدنیش بەکاریان هێناوە [٥٠٣ : ٦٢٠]. لەفەرەنسیدا کە پێی دەگوترێ (sixain) ئەوونەی هەرە باوی بەم جۆرەیە (AABCCB) [٤٨٢ : ٢١]. لەفەرەنسیدا بەزۆری شەشینە بە دوو یان سێ سەروا دەبێ. ئەگەر چوار لەتی بەیەك سەروا بێ جوان نییە و شاعیران خۆیانی لێ لادەدەن. لەئینگلیزیدا. یەکێ لە شەشینە باوو پەسندەکان ئەوەیە کە پێی دەگوترێ (کلکە سەروا tail - rhyme) کە لەدوو بەش پێك دێ. بەشی یەکەم سێ لەتی درێژو لەتێکی کورتە (کلکە)، بەشی دووەمیش لەتێکی درێژو لەتێکی کورتە، لەتە کورتەکان (کلکەکانی) سەروایان یەکەو لەتە درێژەکانیش سەروایان یەکە (AAA bAb). [لەبەر ئەوەی (بێرنز) زۆری ئەم قالبە بەکار هێناوە، بەزۆری پێی دەگوترێ شەشینەی (بێرنز)ی] [٤٦٧ : ١٦]. شەشینە لەسەدەی (١٤) چۆتە ناو ئەدەبی ئەسپانی و جۆری جیاوازی لێ دەرکەوتوە وەکو(B AA BA/ABC ABC/AAB ABA B CCB/B AAB)[٤٨٦ : ١٠٣ - ١٠٤]. لەئەدەبی تورکیدا، لەکۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لەئەنجامی کاریگەری ئەوروپییەوە پەیدا بوە. بەزۆری لەبەشی دووەمی سۆنیتای پترارکی کە شەشینەیەو بەشێوەی جیا جیا هاتووە، وەکو بەرهەمەکانی جەناب و تۆفیق فیکرەت و حسین دانش و سیرت... بۆ نموونە محەمەد ڕوشیدی لەسۆنیتەی (تسلیت خیال) شەشینەکەی بەم جۆرە (ABB ACC)[٤٥٠ : ٥٤] هێناوەو تۆفیق فیکرەت لەسۆنیتەی (فنار)دا، شەشینەکەی بەم جۆرە هێناوە (ABA, CBC) [٤٢٨ : ١٣٥] و چ. سامی لەسۆنیتەی (امتحان قور قوس) سەروای شەشینەکەی بەم جۆرە داڕشتوە (ABBAB B) [٤٤٤ : ٣٠٧]. لەفارسیدا شەشینە لەژێر ناوی (موسەممەت)و (تەسمیت) باس کراوە. قەیسی رازی بەم جۆرە قالبە سەروای شەشینە ڕوون دەکاتەوە: (ئەوەیە هۆنراوەکە دابەشی پارچەی شەش لەتی بکرێ، لەهەر پارچەیەکدا پێنج لەتی پێشەوە یەك سەروایان هەبێ و لەتی شەشەم سەروای جیا بێ) [٤٠٢ : ٣٣٥]، بەم پێیە قالبە سەرواکەی شەشینە بەم جۆرە دەبێ (AAAAA B)، زەینولعابدین لەباسی زۆر بە موسەممەت دراوەو شاعیران جۆری جیا جیای ئەم ژانرەیان تاقی کردۆتەوە. پەیوەندی موسەممەتی ئەم دواییەو موسەممەتی کلاسیکی لەدووبارە بوونەوەی لەتێکە بەشێوەی تەرجیع لەکۆتایی هەموو پارچەکاندا، بەزۆریش سەروای لەتی پێش کۆتایی وەکو سەروای کۆتایی دەبێ. بەپێی ڕای مامۆستایانی پێشوو ژمارەی لەتەکانی هەر بەندێکی موسەممەت لەنێوان چوار و شەش دایە [٣٩٦ : ١١٤] و ئینجا نموونەیەکی لەشەش خشتەکی (بهار) نووسیوە کە قالبە سەرواکەی بەم جۆرەیە: (..... CCCCBB , AAAABB). لەکوردیدا، عەلائەدین سجادی لە(ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لەئەدەبی کوردی)دا باسی (داچنراو - موسەممەت - مسمط) دەکات وچوار بۆ چوونی جیاجیا دەخاتە ڕوو لەدوومیان دا دەڵێ: (بەڵای کوردەوە هۆنراوەی داچنراو ئەوەیە کە شەش بەرێبێ. دوو نیوە هۆنراوەی دوایی خاوەنی سەروایەك بێ کە جیا بێ لەسەروای چوار

Scanned with CamScanner

نیوەکەی پێشووی) [۱۳۷ : ۱۷۵] و نموونەیەکی بەختیار زێوەری داوە. دڵشاد عەلی لە(بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا) کە دێتە سەر باسی موسەممەت، قسە لە(موسەممەتی شەشی)ش دەکات. بۆ چوونەکەی سجادی وەردەگرێ و نموونەیەکی شێخ نووری شێخ سالح دێنێتەوە کە لەسەر هەمان ئەو قالبە سەروایەیە کە سجادی باسی کردوە بەڵام لەتی کۆتایی لە هەموو پارچەکانی هەمان شتەو دووبارە بۆتەوە (تەرجیعە) [٤٩٢ : ١١٦]. ئەو قالبە سەروایەی کە باسیان کردوە بەم جۆرەیە (AAAABB). لەڕاستیدا شەشینە لەکوردیدا، هونەرێکی شیعری نوێیە، لەم سەدەیەداو لەژێر کاریگەری شیعری تورکی و فارسی و لەڕەوتی تازەکردنەوەی شکڵی شیعری کوردی و پەرەسەندنی سروودو گۆرانی سەری هەڵداوەو زۆر قاڵبی جۆراوجۆری هەیە کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- باوترین قاڵبی سەروای شەشینە لەکوردیدا، ئەوەیە کە چوار لەتی پێشەوەی لەسەر یەک سەرواو دوو لەتی دواوەی لەسەر سەروایەکی تر بڕوا، ئەمە چەند لقێکی لێ دەبێتەوە:

أ- وا دەبێ هەر شەشینەیەک سەربەخۆیێ و پەیوەندی سەروایی بەشەشینەکانی تری هۆنراوەکەوە نەبێ، وەکو سەلام دەڵێ:

دنیا هەموو چاووڕاوە فڕو فێڵ و بەند و باوە
ڕاستە ڕاستی هەڵگیراوە درۆ خۆشە بەڵێشاوە
من لە درۆ گوێ ناگرم
ڕاستیم ئەوێ هەتا ئەمرم [١٠٩ : ٣٦].

لێرەدا دوو سەرواکە (-اوە) و (-رم)ن، لەشەشینەی دوەمدا دوو سەرواکە دەبن بە(-مم) و (یرە). لەسێیەمدا دەبن بە(-ارە) و (-ردن).. بەم جۆرە هیچ سەروایەک نییە هەموو شەشینەکان بەیەکەوە بیەستێتەوە. قاڵبی ئەم سیستەمە سەروایە بەم شێوەیە خۆی دەنوێنێ: AAAABB . CCCCDD , EEEEFF

ب- وا دەبێ سەروای دوولەتی دوایی (تەنیا سەروا) لەهەموو شەشینەکان دووبارە بێتەوە و بەیەکەوە بیانبەستێتەوە، وەکو ئەم شەشینەی (لەسەر لوونکەی پیرە مەگروون)ی بەختیار زێوەر، کە لە پارچەی یەکەمدا دەڵێ:

لەسەر لوتکەی بڵندی پیرەمەگروون کە لای من بۆتە شاخی زێوو ئاڵتوون
شەوێک دیم دوویەری پرسۆزو مەحزوون ئەیان وت تێ بگە ئەی چەرخی گەردوون
ئەگەر چی ڕۆژ هەڵاتین و کەساسین
لە ڕۆژ ئاوایی جوانتر دڵ شوناسین [٣٢ : ١٩٠].

لەم هۆنراوەیەدا کە (٩) شەشینەیە، لە هەموو شەشینەکاندا سەروای لەتی (٦،٥) یەکە(-اسین)و سەروای چوار لەتەکەی پێشەوە لەپارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی تر دەگۆڕێ. قاڵبە سەروای

Scanned with CamScanner

ئەم جۆرەیان بەم شێوەیەیە:

AAAA BB , CCCC BB , DDDD BB .....

جـ- وا دەبێ هۆنراوەکە هەموو شەشینەکانی بەهەمان سەروای ژمارە (١-ب) دابڕابێ بەلام دوو لەتەکەی کۆتایی هەموو شەشینەکان یەک شت بێ، وەکو خۆی دووبارە بووبێتەوە، واتە تەرجیع بێ، ئەم قالبەیان زیاتر بەموسەممەتی تەرجیعی شەشی ناسراوە، وەکو هۆنراوە بەناو بانگەکەی بێکەس (سەدەی بیستەمە) کە (٨) پارچەیەو لەهەر پارچەیەکدا چوار لەتی پێشەوە هاوسەروان و دووڵەتی کۆتایی بەدەقە خۆیان دووبارە بوونەتەوە، ئەمەیش پارچەی سەرەتای هۆنراوەکە:

سەدەی بیستەمە کوردە غیرەتـێ لە خەو ڕابەڕە هەوڵێ هیمەتێ
بەسیبە نەزانی ، عیلم و سەنعەتێ سووکی هەتا کەی؟ ناوێ، حورمەتێ
هۆش و بیرت بێ، پیاوی ژیرت بێ
لەجێی سەربەستی بۆچ زنجیرت بێ [٣٨ : ١٧].

قالبی سەروای ئەم جۆرەیان وەکو ئەوەی پێشەوەی خۆی وایە، جیاوازییەکە تەنیا لەخودی دوو لەتی کۆتایی پارچەکاندایە، لە هەموویاندا هەمان شتەو دووبارە دەبێتەوە.

٢- وا دەبێ لەسەرابای هۆنراوەیەکدا، شەشینەکان هەربەکە هەموو لەتەکانی هاوسەروا بێو پەیوەندی سەروابەندی لەنێوان پارچەکاندا نەبێ. بۆ نموونە پیرەمێرد لەهۆنراوەی (گۆرانی نەسرین)، (٦) پارچەی شەشینەی هێناوە، هەر پارچەیەک لەڕووی سەرواوە سەربەخۆیەو لەسەر یەک تاکە سەروا بنیات نراوە، لە پارچەی یەکەمدا دەڵێ:

نەسرین گوڵی نەسرینە چووزەرەی یاسەمینە
خنجیلە و خوێن شیرینە دەمی بە پێکەنینە
کەیفی لە هەڵبەڕینە شنە شنی ببینە [٤٤ : ٣٥٦].

هەر شەش پارچە بەرێز سەروایان ئەمانەن: (-ینە، -ارە، -ینە، -ینە، -یزە، -انە، -رد). ئەم جۆرە شەشینەیە لەفارسیدا زۆر کەمە، زەینولعابیدین دەڵێ: (مەنوچەهری یەک موسەممەتی (٦) لەتی هەیە کە لەتەکانی هەر پارچەیەک هاوسەروان و پارچەکان پەیوەندی سەروایان لەنێودا نیە، تەنیا پەیوەندی ماناو کێش لەنێو پارچەکاندا هەیە) [٣٩٦ : ٣٠]. قالبەکە بەم جۆرەیە:

AAAAAA , BBBBBB , CCCCCC

٣- وا دەبێ هۆنراوەیەک لەچەند شەشینەیەک دروست بێ، شەشینەی یەکەم (موسەرپڕع) بێو ئەوانەی تر هەموویان پێنج لەتی پێشەوەیان هاوسەروابێو لەتی شەشەمیان جیا بێ، بەڵام هەموو لەتە شەشەمەکانی پارچەکان هاوسەروابن، واتە پارچەکانی هۆنراوەکە بەلەتی سەروای شەشەم بەیەکەوە بەسرابن، وەکو قەسیدەی (دڵی من)ی شێخ نووری کە (لەسەر شێوەی

Scanned with CamScanner

نەسیدەیەکی مامۆستا بێخود)وو لەشەشینەی دوەمدا دەڵێ :

هەرچەندە بەدوویا ئەگەڕێم شارو وڵاتان ..... A

دەشت و کەژو سەحراو و چیا ، چۆل و بیابان ..... A

نایدۆزمەوە ، بێ سەرو شوێن ڕۆییوەدیسان ..... A

شێتانە ئەبێ ڕوویی لە چ لاکرد بێ یاران ..... A

وەك بلبلەکەی وێلی گوڵستان بەبەهاران ..... A

ئاخۆلە چ گوڵزارێ ، غەزەلخوانە دڵی من ..... B

هۆنراوەکە بازدە پارچەیەو هەر هەموویان سەروای لەتی کۆتایان (انە)و پاش سەروایان (دڵی من)ە. وا دەبێ ئەم جۆرەیان لەباتی شەشینە (شەش خشتەکی) بێ، وانە شاعیرێك غەزەلی شاعیرێکی تر وەربگرێ و هەر دێرێکی (دوولەت) دوو دێری (چوارلەت) بەهەمان کێش و بەسەروای لەتی یەکەمی شیعرە ئەسڵەکە بۆزیاد بکا. وانە هەر پارچەیەکی شەش لەتە، چوار لەتی پێشەوە هی شاعیری دوەمە و دوو لەتی دواوەی هی شاعیری یەکەمە. ئەمە لە کوردیدا زۆر کەمە، بەڵام لانی کەم نموونەیەکی هەیە : شەش خشتەکی (تسدیس) شێخ ڕەمەزان بوتی لەسەر غەزەلی مەلای جزیری وەك لە دیوانی جزیری چاپی سادق بەهائەدینا هاتوە. پارچەی یەکەمی موسەڕڕەعە، هەر شەش لەتی لەسەر یەك سەروا دەڕوا کە سەروای غەزەلەکەی جزیرییە (-ەرێ)، لە پارچەکانی تر پێنج لەتی پێشەوە هاوسەروان و لەتی شەشەمی هەموو پارچەکان (-ەرێ)یە. لە پارچەی دوەمدا دەڵێ :

بڕو ئەی بادی سەبا دەغدەغە بەردل تو مەدار ..... A

گەر نزانی وەتەنێ شۆخێ قەدا لالە عوزار ..... A

تو بتبڕکی دەرە ئەنوار ئەوە ئەیوانی نیگار ..... A

دا نەبێژی تە چ تشتن قەوی شوبهەت قەدی یار ..... A

[تێرگزا نازك و تەڕ، نەبیشەکە رامەست و خومار ..... A

دێم دوڕوو لەعلی لەب و موحتەشەم و موعتەبەرێ] ..... B [٢٥٨ : ٥٢٩].

سیستەمی دابەشبوونی ئەم قالبە سەروایە بەم جۆرەیە :

AAAAAA, BBBBBA , CCCCCA , ...

٤- وا دەبێ شەشینەکانی هۆنراوەکە لەتەکانیان دوو دوو لەشێوەی مەسنەویدا هاوسەروابن و سەروای دوو لەتی کۆتایی هەموو پارچەکانیش وەکو یەك وا بێ، بەو سەروایەی مەسنەوی کۆتایی پارچەکان پێکەوە گرێ بدرێن، بەختیار زێوەر هۆنراوەی (پێشکەشی نیشتمان)ی کردوە بە(٨) پارچە، لەهەمووياندا ئەو پاسایە پەیڕەو کراوە ،لەپارچەی یەکەمدا دەڵێ :

فیدات بم خاکی کوردستان نموونەی جەنەتی عەدنان

Scanned with CamScanner

لەسەرتا خوار
گوڵ و گوڵزار
دڵی غەمبار ئەکا دەرمان فیدات بم خاکی کوردستان [٣٢ : ١٤٧].

لێرەدا سەرواى سێ مەسنەوییەکە بەم جۆرەن: (-ان، -ار، -ان)، لەپارچەى دووەمدا دەبن بە(-انت، -انە، -ان)ولەسێیەمدا دەگۆڕێن بۆ(-ین، -مش، -ان)... قالبى ئەم سستەمە سەروایە بەم جۆرە دارژاوە :

AAbbCC , DDeeCC , FFggCC , ...

٥- وا دەبێ هۆنراوەیەک شەشینەکانى هەریەکە لەسەر چوار سەروا دارژابێ، لەهەر پارچەیەکدا چوار لەتى پێشەوە دوو مەسنەوى بن و دوو لەتى کۆتایى یەکەو سەروای سەربەخۆیان هەبێ و نە هیچ پەیوەندییان بەیەکترەوە هەبێ و نە بە سەروای مەسنەوییەکانى پێشەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە، لەتى پێنجەمى هەموو لەتەکان یەک سەروایان هەبێ ولەتى شەشەمیشیان سەروایەکى تر، وانە پارچەکان لەدوو تەوەرەوە ، بەدوو سەروای جیاواز بەیەکەوە بەسرابنەوە، ئەمە پەیوەندى سەروا بەندى نێوان پارچەکان تۆکمەو پتەوتر دەکات . هەردى لە(پەیامى یار)دا ئەم وەستاکارییەى کردوە، ئەمەش پارچەى یەکەم و دووەم:

لەیارەوە ..... a
لەشۆخ و شەنگى پارەوە ..... A
لەڕازى بڕ نیهانیا ..... B
لەتەک شنەى بەیانیا ..... B
پەیام لەیارى جوانەوە C
گەیشتە لام ..... d

* * *

بەرامەکەى ..... e
گوڵاوى باخى نامەکەى ..... E
کە ئاوى ژیندەگانییە ..... F
شەرابى کامەرانییە ..... F
گوڵى هیواى ژیانەوە C
گوڵى هیوام ..... d [٥ : ٨٥].

هەموو پارچەکان یەکەم لەت و دوا لەتیان کورتە، ئەم دیاردەیە زیاتر سەربەخۆیى و یەکگرتنى پارچەکان دەستەبەر دەکا، کە بەرامبەر دوو پەگەزى سەروابەندى نێوان پارچەکان دەوەستێ. پارچەکان بەسەروای لەتى پێنجەم (-انەوە)و سەروای لەتى شەشەم (-ام) پێکەوە بەسراون.

Scanned with CamScanner

ئەمی ئەم سەروا بەندیە بەم شێوەیە باندراوە: aA BB C d , eE FF Cd , gG HH Cd,.....

٦- وا دەبێ هۆنراوەیەك شەشینەكانی سەربەخۆبن و هەر پارچەیەك لەنەكانی بەنۆرە بەسەر دوو سەروا بابەش بووبن (سەروای موتەناویب)، كە ئەگەر دوولەت دوولەت بەرامبەر یەك بنووسرێن بەشێوەیەكی ئەندازەیی جوان دەكەوێتە بەرچاو، هەر دەڵێی لەتە تاكەكان (٥،٣،١) لەژێر یەك بەیەك سەروا دێنە خوارێ و لەتە جووتەكانیش (٦،٤،٢) لەژێر یەك بەسەروای دووەم رێز دەبن (وتوێژی مەلا و میرعیمادەدینی جزیری) كە (٣٨) پارچەیە هەمووی بەم قالبە سەروایە نووسراوە، لەپارچەی یەكەمدا مەلا دەستپێ دەكاو دەڵێ:

سەلامان سەناخوانی　　سەحەرگە گەوهەر ئەفشان بت
بسووڕەت ئەمری سویحانی　　سەر ئەلقاب و زەر ئەفشان بت
بخدمەت عەرزی سولتانی　　عەبیرو عەنبەر ئەفشان بت [٥٨ : ٥٦٢]

سەروای (ـان)و (ەر-) لەگەڵ پاش سەروای (ئەفشان بت) بەنۆرە دووبارە دەبنەوە. (وە لام و وەرامی فەقێ تەیران و جزیری) [٥٨ : ٥٧٤] كە (٥٠) پارچەیەو (خیتابا مەلا مەنسووری و مەلایێ باقەیی) [٤٠،ل٢٢٠] كە (١٨) پارچەیەو (تذكرة العوام یان بەیتی ئەووەل و ئاخر)ی مەلا محەمەدی سیوچی [١٩٤] كە (١٢٧) پارچەیەو دوو هۆنراوەی درێژی ئەحمەدێ نالبەند (من حایفا موسلمانا) [١١ : ٥٦]و (بیك و خەسی) [١١ : ١٢٠] هەموویان بەم قالبە سەروایە هاتوون. ئەمەیش سستەمی دوبارەبوونەوەی سەروای ئەم قالبە:

ABABAB , CDCDCD , EFEFEF , ...

٧- وا دەبێ لەهۆنراوەیەكدا پارچە شەشینەكان بەشێوەی چوارینەیەكی پترارگی و مەسنەویەك سەروایان وەرگرتبێ، واتە هەر شەشینەیەكی لەسەر سێ سەروا بڕواو پەیوەندی سەروابەندی لەنێوان پارچەكاندا نەبێ، گۆران لەهۆنراوەی (مەدەنیەت) كە چوار پارچەیە، ئەم قالبەی بەكارهێناوە، لەپارچەی یەكەمدا دەڵێ:

مەدەنییەت : گوڵی بەهاری حەیات ..... A
مەدەنییەت : هەوایی نەشئونوما ..... B
مەدەنییەت وەسیلەیی ئیحیا ..... B
بۆهەموو میللەت و عوموومی ولات ..... A
مەدەنییەت ، ئەلكتریك ، قەمەر C
ئەی زیا بەخشی حاڵی نەوعی بەشەر ..... C [٧١ : ١٧٣]

سێیەمی ئابەشبوونی سەروای ئەم قالبە ، بەم جۆرەیە :

ABBACC , DEEDFF , GHHGII .

٨- وا دەبێ پارچەكانی هۆنراوەیەك دیسان وەكو چوارینەیەك و مەسنەویەك خۆی بنوێنێ

Scanned with CamScanner

بەڵام چوارینەکە چوارینەی موتەناوبب (شەکسپیری) بێ، نەك پترارکی واتە هەر پارچەی بەسێ سەروا نووسرابێتەوە، بەڵام سەرجەمی پارچەکان هیچ سەروای هاوبەشیان نەبێ، هەربەکە سەربەخۆ بێ، وەکو شیعری (تەفەککور)ی (رەجایی زادە ئەکرەم بەگ) کە شێخ نووری لەتورکیبەوە کردوویە بەکوردی و لەپارچەی دوەمدا دەڵێ:

دەمێ کە شامی غەریبانە ڕوو پەڕەی ئافاق ..... A
ئەسیری زولەت و مەنزووری چەشمی ریققەت ئەکا ..... B
دەمێ کە بادی سەبا غونچەی گوڵ و ئەوراق ..... A
بە ئاهی حوزنەوە مەئلووفی دەردی حەسرەت ئەکا ..... B
فەلەك کە نەجمی درەخشانی پرتەو ئەفشانە C
تەفەککورا تم ئەوێ موتەسەللی خرۆشانە ..... C [٢١٢ : ٧٢].

سیستەمی سەروای ئەم قالبە شەشینەیە بەم جۆرەیە:

ABABCC , DEDEFF, GHGHII .....

٩- وا دەبێ لەهۆنراوەکە هەر پارچەیەکی مەسنەویەك و چوارینەیەکی تەواو (هاوسەروا) بێ، واتە لەتی یەکەم و دوەم هاوسەروابن و چوار لەتەکەی دواییش هاوسەروابن و سەروایان لەمەسنەویەکە جیابێ. بەمەوە هەر شەشینەیەك دوو سەروای جیاوازی دەبێ، بەڵام پارچەکان هیچ لەتیان هاوسەروا نابێ. هەر شەشینەیەك پارچەیەکی سەربەخۆیە لەڕووی سەرواوە. بەختیار زێوەر، هۆنراوەی (لەکوێی ئەی شادمانی) کردوە بە(٥) پارچەو هەر پارچەیەکی بەم شێوە سەروایە دارشتوە ،لەپارچەی یەکەمدا دەڵێ:

لەکوێی ئەی شادمانی ، ئەی هیوای بەرزی ژیانی دڵ ! ..... A
لەکوێی ئەی تاقە ئەستێرەی بەیانی کامەرانی دڵ ! ..... A
لەباخێکا هەتا چاو بڕ ئەکا گوڵ چەتری هەڵدایێ ..... B
لەناوەندی گوڵاً چەند دولبەری عیشوە وەستا بێ ..... B
بەبەزم و ڕەزمەوە زۆر کەس لەوێدا مەست و شەیدا بێ ..... B
کە ئەڕوانم دڵم هەر پەستە نەشئەی تیا پەیدا نابێ ..... B [٣٢ : ١٦٠].

قالبە سەرواکەی ئەم جۆرە شەشینەیە ئاوهایە:

AABBBB , CCDDDD , EEFFFF .

١٠- وا دەبێ پارچەی شەشینە وەکو خۆلێکدان و تێك هەڵکشانی دوو سێنینە وا بێ، ئەمە زیاتر لەشەشینەی sestet سۆنیتەی پترارکیدا دەردەکەوێ لەشیعری ئەوروپییەوە، بەڕێگای شیعری تورکییەوە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردی بەتایبەتی گۆران لەژێر کاریگەری سۆنیتە نووسەکانی تورکی وەکو جەناب شەهابەدین و تۆفیق فیکرەت و سیرەت و ج سامی و حسین دانش و.. وەری گرتوەو

Scanned with CamScanner

لەهەندێ شیعردا بەکاری هێناوە. ئەمەش چەند جۆرێك لەو شەشینە پترارکییانە:

أ- وا دەبێ دوو سێیەکە بەسەروای لەتی ناوەڕاستەوە بەیەکەوە بەسرا بنەوە، واتە لەتی (٣،١) هاوسەراوبن و لەتی (٦،٤) هاوسەروابن و ئینجا لەتی (٥،٢)یش هاوسەروابن. گۆران لەهۆنراوەی (شەوێکی بەهار)دا کە چوارلەتی یەکەمی وەکو سۆنیتەی پترارکی هاتوە،و دوا پارچەی شەشینەکە بەم قالبە سەروایەی باس کرا نووسراوە، دەڵێ:

ئەستێرەیەکی جوانی گەشی پرلەتەبەسسوم ..... A
دەرکەوت و گەیشت لێوە بەدڵ زەوقی تەماشا .... B
بەحری هەوەس و شەوقم وەها هاتە تەلاتۆم ..... A
بۆ سەیری جەمال کردنی دنیایی بەیانی C
هێشتا شەوی زۆر مابوو کە من کەوتمە سەحرا .... B
وەك شێت .. بەلأم شێتی شیعر، شێتی جوانی ..... C [١٧٣ : ١٧٢].

ئەم شەشینەیە لەسەر سێ سەروای جیاواز هاتوە. هیچ جارێك دووبان بەشێوەی مەسنەوی نەکەوتۆتە دوای یەك. ئەم جۆرە سەروایە لەشەشینەی سۆنیتەی (فەنار)ی تۆفیق فیکرەت و (دهان یار)ی جەناب شەهابەدین هەیە. قالبە سەرواکەی بەم جۆرەیە : ABACBC

ب- وا دەبێ دابەشبوونی سەروای شەش لەتەکە بەجۆری بێ کە ئەو لەتانەی هاوسەروان بەناوبەکدا چووبن، لەم قالبەدا لەتی (٦،١)ولەتی (٥،٢)ولەتی (٤،٣) دوو دوو هاوسەروان، دوو لەتی ناوەڕاست وەکو مەسنەوی دەکەونە بەرچاو، چوارلەتی ناوەوە وەکو چوارینەی پترارکی (موتەعانیق) دەردەکەوێ و هەموو شەشینەکەیش وەکو سێ حەلقەی بەناو یەکچوودا خۆی دەنوێنێ. ئەم جۆرە دابەشبوونی سەروایە لەبنچینەدا لەشیعری تروو بادوری پرۆڤنسالییەوە هەستاوە. نموونەی ئەم قالبە سەروایە وەکو ئەم شەشینەیەی گۆران:

جار جار لەئوفق رائەوشا شیری بروسکە ..... A
گرمەی غەزەبی گوێی کەڕ ئەکرد هەورە تریشقە ..... B
باران سەرەتای ریققەتی بوو: نم نم ئەگریا C
وەستا بوو زەوی تینوو، زەلیلانە، لەبەریا! C
ئەمجا بەخۆیەم باری، لەپاش یەك دوو دەقیقە ..... B
ئافاقی ئەمەل رەش بوو، نەما پێوە تروسکە ..... A

سیستەمی سەروای ئەم قالبە بەم جۆرەیە: A B C C B A

جـ- وا دەبی شەشینەکە لەسەر سێ سەروا دابەشزێ و لەهیچ شوێنێکدا دوو لەتی هاوسەروا بەدوای یەکدا نەبەن، لەتی (٤،١)و (٦،٢)و (٥،٣) دوو دوو هاوسەروابن. گۆران پارچەیەکی هۆنراوەی (جیلوەی شانۆ)ی بەم قالبە داڕشتوە (هەموو لەتەکان لەدرێژیدا وەکو یەك نین، وەکو

Scanned with CamScanner

موسته‌زادیکی هه‌لگه‌ڕاوه وایه؛ له‌موسته‌زادا له‌ته درێژه‌کان له‌پێشه‌وه‌ن و له‌ته کورته‌کانیان به‌دوادادێ، لێره له‌ته کورته‌کان پێش که‌وتوون) ده‌ڵێ:

سه‌ما، سه‌مای سه‌نعه‌ت ..... a

حه‌یاتی جوانی، جه‌مالی بزووتن و گیانی ..... B

وجوودی عیشوه‌وو ناز c

له‌خواوه به‌هره‌یه‌که پڕ به‌پێسته بۆ ئافره‌ت ..... A

ئه‌ویش به‌سه‌د ئیعجاز c

زیای سروور ئه‌ژێنێته ژینی ئینسانی ..... B [۱۷۳ : ۱۱۲- ۱۱۳].

وه‌ك دیاره قالبه سه‌روای ئه‌م شه‌شینه‌یه به‌م جۆره هاتوه: a B c A c B

د- وا ده‌بێ شه‌شینه‌که وه‌ك دوو سێیه‌نیه وابێ که له‌ته‌کان به‌پێوه‌ندی هاوجێیه‌تی (تساظر) له‌گه‌ڵ یه‌ك هاوسه‌روابن (٤،١)، (٥،٢)، (٦،٣)، ئه‌م قالبه له‌سێیه‌نه‌ی ژماره (٥) باس کراوه.

١١- ده‌شێ پارچه‌ی شه‌شینه له سێ مه‌سنه‌وی پێك هاتبێ و شاعیر پارچه‌کانی به‌ئه‌ستێره یان بۆشایی زیاده لێك جیا کردبێته‌وه. چونکه ئه‌گه‌ر ئه‌م جیا کرانه‌وه‌ی پارچه‌کان نه‌بێ شیعره‌که هه‌مووی به‌سه‌ریه‌که‌وه ده‌بێ به‌مه‌سنه‌ویه‌کی دوورو درێژ. جێی سه‌رنجه له‌زمانه ئه‌وروپییه‌کان ئه‌و پارچانه‌ی به‌شێوه‌ی مه‌سنه‌وی دابه‌ش ده‌بن، پێسند نین. شێخ سه‌لام، شیعری (که‌ی کورد ئه‌جوولێ)ی، که (٢) پارچه‌ی شه‌شینه‌یه، به‌م قالبه سه‌روایه نووسیوه، ئه‌مه پارچه‌ی یه‌که‌می هۆنراوه‌که‌یه:

وه‌کو قه‌ومی تر که‌ی کورد راپه‌ڕێ؟ له‌حقووق هه‌ڵچێ، له‌ته‌ماع گه‌ڕێ؟

ده‌رووتی به‌کوڵ بۆ کورد بجۆشێ؟ خۆی فیداکا وه‌ته‌ن نه‌فرۆشێ؟

بگری بڕێژێ فرمێسکی خوێنین هه‌تاکو وه‌ته‌ن دێته پێکه‌نین [۱۰۹ : ۵۷].

ئه‌مه‌ش قالبه‌که‌یه‌تی: AA BB CC , DD EE FF , ...

١٢- بۆی هه‌یه سه‌روای شه‌شینه‌کانی هۆنراوه به‌شێوه‌ی چوارینه‌ی خه‌یامی و مه‌سنه‌ویه‌کی کۆتایی دابه‌ش بووبن، وه‌کو سروودی (وریا بوونه‌وه)ی عه‌بدولواحید نووری، که له‌پارچه‌ی دووه‌مدا ده‌ڵێ:

ژیانێکی شێرانه خاکمان ئه‌که‌ین به‌لانه

ئه‌ی پارێزین له‌میکرۆب له میکرۆبی بێگانه

نه‌ژی ، نه‌ژی

ده‌ردی ئه‌سارەت نه‌ژی [١٣٦ : ٢٠٨].

له‌هه‌موو شه‌شینه‌کاندا، کۆتایی له‌تی سێیه‌م به‌ره‌ها و ئازادی ده‌مێنێته‌وه‌و ناکه‌وێته ناو پێوه‌ندی سه‌روای پارچه‌که‌یان سه‌رابای هۆنراوه‌که‌وه، ئیتر هه‌ر شه‌شینه‌یه‌ك له‌سه‌ر سێ سه‌روا

Scanned with CamScanner

نامەزراوە، بەم قالبە:

A A B A C C, D D E D F F, G G H G I I, ...

١٢- وا دەبێ شەشینەکە، وەکو دوو سێیەنەی هاوسەروا وابێ و دوو لەتی کۆتایی لەهەردوو پارچەکان وەکو خۆی دووبارە بێنەوە و لەهەموویان سێ لەتی کۆتایی یەك سەروایان هەبێ و هەموو لەتەکان پێکەوە ببەستێتەوە. لێرەدا، بەیەکەوە گرێدانی پارچەکان بەدوو هۆکار ئەنجامدراوە، دووبارە بوونەوەی سەروای سێ لەتی کۆتایی و دووبارە بوونەوەی دوو لەتی کۆتایی بەدەف خۆی، شێخ نووری ئەم قالبەی لە (ساقیا نەوبەهارە رۆیی دەی) بەکار هێناوە، لەدوەم پارچەدا دەڵێ:

ساقیا بولبولان لەسەر لقی گوڵ ..... A
نالەیان دێتە گوێم بە سۆزو کوڵ ..... A
نۆش وەرە، هەڵسە بۆ فەراغەتی دڵ ..... A
بێنە گەردش پیاڵە پڕکە لەمەی ..... B
چونکە بیستوومە من لەنالەی نەی ..... B
(ومن الماء کل شئ حي) ..... B [٢١٢ : ١٩٦].

لەهەموو پارچەکان، سێ لەتی کۆتایی سەرواکەیان (ەی)یەو دوو لەتی کۆتایی وەکو تەرجیع دووبارە دەبنەوە قالبە سەرواکەی ئەم شەشینەیە بەم جۆرەیە:

A A A B B B, C C C B B B, D D D B B B, ...

پرختەی سەروای شەشینە:

شەشینە لەئەدەبی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەکار هاتوە، بەڵام وەك دیارە ئەوەی رۆژهەڵات (تورکی، فارسی، کوردی) لەژێر کاریگەری رۆژئاواوە هاتوە. لەرۆژاوا شەشینە لەکۆنەوە هەندێ قالبی تایبەتی هەیە، کە جگە لەسەروا کێش و ناوەرۆکیش دەوری لەرۆنانی هەیە. شەشینە لەئەوروپا بۆ سەردەمی تروبادۆرەکانی پرۆڤنسالی خوارووی فەرەنسا دەگەڕێتەوە. گیومی نۆبیەم کە بەنامەزێنەرو چەسپێنەری تروبادور دادەنرێ، رۆربەی شیعرەکانی بەقالبە سەروای شەشینە نووسیوە، بەڵام بەناشبوونی جیاجیا، وەکو:

AAABAB (سەروای لەتی - ٦،٤ - لەهەموو پارچەکان هەمان شتە : ABBAABB, AABCBC AAABCB,)[٣٨٣ : ٧٨- ١٠١]. لەئیتالیدا پترارك بەشی دوەمی سۆنیتەکانی بەشەشینەی جۆراوجۆر هێناوەتەوە، کە لەوێوە چۆتە ئینگلتەراو فەرەنسا و ئەسپانیا، لەوانیشەوە بەتایبەتی لەفەرەنسییەوە پەریوەتەوە بۆ تورکیا. (شاعیرانی ترووت فنون) و بۆ ئێران (شاعیرانی سەردەمی مەشروتیەت) و لەرێی تورکیشەوە، شێخ نووری و گۆران و پیرەمێرد،

Scanned with CamScanner

لەبیستەکانی ئەم سەدەیەو بەدواوە، لەڕەوتی نوێ کردنەوەی شیعری کوردیو قوول کردنەوەی لایەنی شکڵی، وەریان گرتوەو سەروای شیعری کوردییان پێ دەوڵەمەندو بەهێز کردوە. بەکار هێنانی سەروای جیاواز لەیەك پارچەی شەشینەدا، لەکوردی، لەتێوان یەك سەرواو چوار سەروا دایە، بەڵام لەهەموویان باوتر دوو سەروایە بەهەموو جۆرە دابەشبوونەکانییەوە.

ئەمەیش قالبە سەرواکانی شەشینەی کوردی:

1. a) AAAABB , CCCCDD , BBBBFF
   b) AAAABB , CCCCBB , DDDDBB , ...
2. AAAAAA , BBBBBB , CCCCCC , ...
3. AAAAAA , BBBBBA , CCCCCA , ...
4. AA bb CC, DD ee CC , FF gg CC , ...
5. aABBCd , eEFFCd , gGHHCd .....
6. ABABAB , CDCDCD , EFEFEF , ...
7. ABBACC , DEEDFF , GHHG GHGHI I, ...
8. ABABCC , DEDEFF , ...
9. AA BBBB , CC DDDD , EE FFFF , ...
10. a) A B A C B C , ...
    b) A B C C B A , ...
    c) a B c A c B , ...
11. AA BB CC , DD EE FF , GG HH I I , ...
12. AABACC , DDEDFF , GGHGII .....
13. AAA BBB , CCC BBB , DDD, BBB .....

شەشەم : حەوتینە

حەوتینە (septet) پارچەیەکی سەربەخۆیە یان پارچەیەکە لەهۆنراوەیەکی درێژی پارچەدار کە بەپێی کێشی جۆراوجۆرو سیستەمی سەروای جیاجیا دەنووسرێ. لەئینگلیزیدا بەناوبانگترین حەوتینە (پارچەی چۆسەری) یان (سەروای شاهانە Rhyme royal)یەو دابەشبوونی سەروای لەتەکانی بەم جۆرەیە (A B A BB CC). بۆیە پێی دەگوترێ (شاهانە) بەزۆری لەبەر ئەوەیە کە (جێمسی یەکەمی سکۆتلەندە لە(١٤٢٣) شیعری پارچەداری (Kingis Quair)ی پێ نووسیوە) [٥٠٣ : ٥٧٣] بەکێشی ئەیامبی پێنج پێی، دە برگەیی، بۆیەش پێی دەگوترێ چۆسەری چونکە (یەکەم کەس لەشیعری ئینگلیزی بەکاری هێنابێ چۆسەر بوە، هەر بۆیەش ئەم زاراوە بەزۆری پەسندترە بۆ ئەم قالبە سەروایەو سیستەمی سەروای پارچەکان بۆ بابەتی لیریکیو شیعری چیرۆکامێز زۆر لەبارە [٤٦٧ : ١٧]. یەکەم شیعری چۆسەر بەم قالبە سەروایە شیعری (Complaint Unto Pity)یەو پاشان زۆر شیعری تریشی پێ نووسیوە [٥٠٣ : ٥٧٣]. لەفەرەنسیدا (septain) دوو قالبی باوی هەیە، یان چوارینەیەکی پترارکییەو سێ لەتی بەدوابا دێ، لەتی کۆتایی لەگەڵ لەتی (٤،١)ی چوارینەکە یەك دەگرێتەوە، بەمەوە حەوتینەکە دەکەوێتە سەر سێ سەروا (A BB A CC A). ئەم پارچەیە چ لەسەرەوە بۆ خوارەوە بێو چ لەخوارەوە بۆ سەرەوە هەمان شتە لەرووی سیستەمی دابەشبوونەوە، چونکە سەروای سەرەتا (١)و کۆتایی (٧)و ناوەڕاستیش (٤) یەك شتەو لەتەکانی نێوان ئەمانەش بەدوو مەسنەوی هاتوون. یان ئەوەتە لەتی (٢،١) هاوسەروان و لەتی (٧،٣) هاوسەروان و لەتی (٦،٥،٤) هاوسەروان (AA B CCC B)، لەلای

Scanned with CamScanner

مۆزیسەوە ئەم قالبە لەهەموو قالبە حەوتینەکانی فەرەنسی (باشترو پێکەوە لکاوترەو دابەش بوونی سەروای پتەوترە) [٤٨٤ : ٨٤]. بەلای ئەوەوە لەفەرەنسیدا ناپەسندترین قالب ئەوەیە کە سێ لەتی دواوەی هاوسەروابن چونکە کۆتاییەکەی وەکو سێیەنەیەکی دابڕاو دەکەوێتە بەرگوێ. ئەم جۆرەیان قالبەکەی چوارینەیەکی پترارکی و سێیەنەیەکی هاوسەروایە (A BB A CCC) [٤٨٤ : ٨٤]. لەئەسپانیدا (septima) کەم بەکار دێ (دابەشبوونی سەرواکەی بەپێی زەوقی شاعیرەکە دەبێ بەیەك تاکە مەرج کە سێ لەت بەهەمان سەرواوە بەدوای یەکدا دووبارە نەبنەوە) [٤٨٦ : ١٠٥]. بەگشتی لەشیعری رۆژاوادا حەوتینە بایەخی چوارینەو بگرە پێنجینەو شەشینەی نییە، بەکارهێنانی کەمەو قالبەکانیشی ئەوەندە زۆر نییەو لەو زمانانەی باس کران لەدوو سێ قالب تێناپەڕی. لەکوردیدا، ئەوانەی باسی شیعرو بنیاتی شیعرو جۆرەکانیان کردوە هیچ ئاماژەیان بۆ حەوتینە نەکردوەو دابڕشتنەکەیان شێ نەکردۆتەوە، چ لەڕووی کێش و چ لەڕووی سەرواوە. لەپێدا چوونەوەی سەروای پارچە شیعری کوردی، چەند قالبێکی جیاوازی حەوتینەمان هاتۆتە پێش کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- وا دەبێ لەتی سێیەم کۆتاییەکەی ئازاد بێ (هاوسەروای نەبێ)، لەتەکانی تر هەموو مەسنەوی بن، حەسبب قەرەداغی لەحەوتینەیەکدا دەڵێ:

هۆ خەڵکینە، لێرە هەستان شیعرەکانم یەخسیر مەکەن ... A
وا بەتوانجی بێ سەروبەرو شەکانم دڵگیر مەکەن ..... A
دایکەکانتان بەئێوەوە ژان گرتنی هەردوو سات بوو .... X.....
شاعیر هەموو عومری ژانە، ژان ئەیگرێت هەموو ساتێ..... B
بەڵکو تولفە شیعری بێت دەنگی گریان بتانگاتێ ..... B
جێم مەهێلن منی شاعیر تەوژم و تینی کاروانم C
لەنوێژی گشت نەورۆزێکا قەسیدە و تەکبیر و قورئانم .... C [٦٨ : ١٨٤].

ئەم پارچەیە لەسەر سێ سەروا دامەزراوە، چونکە لەتی سێیەم تەنیا بە (X) سەروا دروست ناکا، کۆتاییەکەی ئازادەو وەکو پشوو دانیك وایە، (دانیال دولاش و جاك فیلیۆلێ) ئەم جۆرە کۆتایی جێ هێشتنە، بەتێر بوونی گوێچکەیی دادەنێن (saturation occoustique)، [٢٧٩ : ٧٠] چونکە لەم لەتە ئازادەدا گوێچکە لەلێدانی سەروا دەحەسێنەوەو لەتەکە پەیوەندی سەروایی دەپسێنێو تەنیا پەیوەندی بەتان و پۆی ماناوە دەمێنێ. قالبە سەروای ئەم جۆرە حەوتینەیە بەم شێوەیەیە: AA X BB CC

٢- وا دەبێ حەوتینەکە لەسەر دوو سەروا رۆنرابێ. لەتی یەکەم و سێیەم هاوسەروابن و هەموو لەتەکانی تریش یەك تاکە سەروایان هەبێ، لێرەدا جوار لەتی هاوسەروا لەکۆتاییدا بەدوای یەکدا ڕیز دەبن. ئەمە لەپارچەی تۆکمەدا زۆر بەسند نییە، چونکە لەپارچە شیعرنا تا سەروا هاوجۆرەکان لەیەك بترازێن و لەگەڵ لەتی دوورتر بکەونە پەیوەندییەوە بەسند ترە، نموونەی ئەم قالبە وەکو:

Scanned with CamScanner

تاوێ بێ لام تو خواو كەلام بەلەنجە ..... A
وا بەرەو مالێ هاتەوە ..... b
بەدەستی خۆت تیمار كەزام بەلەنجە ..... A
وا بەرەو مالێ هاتەوە ..... b
بولبولی جوان ئەوا بەهار هاتەوە ..... B
جەژنە بولبول گولاْن دەم ئەكاتەوە ..... B
بەشەوو رۆژ دلّم وایەلاتەوە ..... B [١٤٣ : ٢٣٢].

لەم حەوتینەیەدا ئەوە دیارە كە لەتی (٤،٢) كێشەكەیان كورتتزە ، بۆیە چوار لەتی یەكەم وەكو موستەزاد دەكەونە بەرچاو ، جگە لەوەی كە لەتی دوەم و چوارەم نەك هاوسەروان ، بگرە وەكو خۆیان بێ گۆڕان دووبارە بوونەتەوە . لەلایەكی تریشەوە لەتی یەكەم و سێیەم جگە لەسەروای (-ام) پاش سەروایان بەدوادا هاتوە (بەلەنجە) . قالبە سەرواكەی ئاوهایە : AbAbBBB

٣- بۆی هەیە حەوتینەكە (٥) لەتی پێشەوەی هاوسەروابن و دوەكەی كۆتایی وەكو مەسنەوی وابن و لەهەموو بەندەكان وەكو خۆیان دووبارە ببنەوە. ئەم جۆرە قالبەكە وەكو تەرجیع وایە پێی دەگوترێ موسەممەتی حەوتی ، چونكە پێنج لەتەكەی پێشوو بەرێز سەروایان لەدوای یەكەوە هاتوە . لەلایەكی تریشەوە هەر حەوتینەیەك وەكو دوو پارچەی جیا خۆی دەنوێنێ (پێنجینە و مەسنەوی) چونكە ئەو سەروایەی حەوتینەكەی لەسەر داڕژاوە هەریەكە سەربەخۆ سووچێكی پارچەكەی گرتوە و تێك هەڵنەكشاون ، تێك هەڵكشانی سەرواكان رەگەزێكی گرنگە بۆ مسۆگەر كردنی تۆكمەیی پارچەكەو پتەو كردنی پەیوەندی نێوان لەتەكان و دوور خستنەوەی لێك ترازانی بەشەكان شێخ نووری لە هۆنراوەی (بۆ سالّی ١٩٢٦)دا ، (٦) حەوتینەی هێناوە ، لەهەموویاندا دێری كۆتایی (ئەی سالّی گوزەشتە ، جگەرت لەت لەتی غەم بێ نەتبینمەوە مەسكەنەكەت شاری عەدەم بێ)یە و لەپارچەی یەكەمدا دەڵێ :

ئەی سالّی جیهان دیدە ، ئەیا سەحنەیی میحنەت ..... A
ئەی سالّی گوزەشتە ، سەنەیی ماتەمی ئوممەت ..... A
ئەی سەحنەیی گریان و فیغان ، شیوەن و زیللەت ..... A
جەللادی جگەر ئاهنی بێ شەفقەت و ڕیققەت ..... A
ئەی نازیری سەد مێشكی پڕێنراوی بەقیمەت ..... A
ئەی سالّی گوزەشتە ، جگەرت لەت لەتی غەم بێ ..... B
نەتبینمەوە ، مەسكەنەكەت شاری عەدەم بێ ..... B [٣١٦ : ٢١٢]

قالبی ئەم حەوتینەیە بەم جۆرەیە :
AAAAABB , CCCCCBB , DDDDDBB .....

Scanned with CamScanner

٤- وا دەبێ حەوتینەکە دیسان لەسەر دوو سەروا ڕوونرابێ، پێنج لەتی پێشەوە سەروایەك و دوو لەتی دواوە سەروایەکی تریان هەبێ ، بەڵام لەم قالبەدا دوەکەی کۆتایی ، نەوەکو خۆیان نە سەرواکەشیان دووبارە نابنەوە ، بەڵکو سەرواکەیان لەپارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی تر دەگۆڕێ ، بەمەوەش ئەو پەیوەندییەی لە قالبی پێشوو لە نێوان پارچەکاندا هەبوو ، لێرە نامێنێ. هەر پارچەیەك بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەکەوێتە بەرچاو ، تەنیا شکڵی دابەشبوونی سەروا یەکیان دەخات ، وەکو م.شاریازێری لە گۆڤاری هیوا (ژمارە ٧)ی ساڵی ٩٥٨ ، شێعرێکی نووسیوە بە ناوی (هیوا) ، (٤) پارچەیەو هەر پارچەیەکی حەوت لەتە و بە دوو سەروا دارژاوە ، لە حەوتینەی یەکەمدا دەڵێ :

هیوا لە ژینا ڕێ پیشاندەرمە ..... A
وێڵ و ئاوارەم، هەر ئەو ڕابەرمە ..... A
بۆ لوتکەی بەرزی باڵ پێوەنەرمە ..... A
بۆ شەڕی ژیان قەڵاو سوپەرمە ..... A
خۆراکی گیان و توێشوی سەفەرمە ..... A
بێ هیوا، ژیان زیندانی تەنگە ..... B
تاریك و نوتەك، وەك شەوە زەنگە ..... B

قالبی ئەم حەوتینەیە بەم جۆرەیە : ..... , AAAAABB , CCCCCDD , EEEEEFF

٥- دەشێ حەوتینەکە وەکو چوارینەیەکی تەواو و مەسنەویەك و لەتێکی ئازاد بێ ، بەڵام لەتە ئازادەکەی حەوتەم لە هەموو پارچەکاندا یەك وشە بێ و دووبارە ببێتەوە و پارچەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە . ئەگەرچی ئەم جۆرە دابەشبوونەی سەروا ، لەتەکانی هەر پارچەیەك توند بەیەکەوە نابەستێتەوە ، چونکە سەروای لەتەکان تێك هەڵنەکشاون ، تەنیا ئەوەندە هەیە لەتی کۆتایان دەوری سەرەداوی لێك گرێدانی پارچەکان دەبینێ. گۆران لە هۆنراوەی (گۆرانی گوڵە گەنم)دا کە (٩) پارچەیە ، هەر پارچەیەکی بەم قالبە سەروایە نووسیوە و هەموشیان لەتی حەوتەم (دەنکە گەنم) دووبارە دەبێتەوە ، لەپارچەی شەشەمدا دەڵێ :

بەهارێ قەف دەرئەکا ..... A
گوڵ تا بەر سنگسەر ئەکا ..... A
قەلاس نووك نەشتەر ئەکا ..... A
درکی پاسی بەر ئەکا ..... A
بەشنەی با ..... B
شەپۆڵ ئەدا ..... B
دەنکە گەنم ..... C [١٧٣ : ٤٢٨].

Scanned with CamScanner

قالبەکەی بەم جۆرەیە :

AAAABBC , DDDDEEC , FFFFGGC

پوختەی سەروای حەوتینە :

حەوتینە بە گشتی چ لە رۆژهەلاّت بێ و چ لە رۆژئاوا ، بەقەد قالبەکانی تر بایەخی پێ نەدراوە ، چ لە رووی زۆری قالبەکانەوە بێ و چ لە رووی بەکارهێنانی لەئەدەبی بەرز و جیددی ، لە کوردیدا ئەم قالبانەی هەیە :

1- AAXBBCC
2- AbAbBBB
3- AAAAABB , CCCCCBB, DDDDDBB,
4- AAAAABB , CCCCCDD , EEEEEFF
5- AAAABBC , DDDDEEC , FFFFGGC

حەوتەم : هەشتینە

هەشتینە (octave) یان (octate) بریتیبە لە پارچەیەکی (٨) لەتی ، چ سەربەخۆبێ و چ لەناو هۆنراوەیەکی پارچەداری درێژ بێ ، بەپێی کێش و سەروای تایبەتی دەنووسرێ . لە زمانە ئەو روویەکان ، وا دەبێ هەشتینە سەربەخۆ بێ (ottavarima) و وا دەبێ یەکەم بەشی سۆنێتە بێ . لە سۆنێتەدا بەزۆری سیستەمی سەروای بەم جۆرەیە (ABBAABBA) ، کەچی (ottovarima) کە (زاراوەیەکی ئیتالییە ، تایبەتە بە هەشتینەی ئەیامبی کە سیستەمی سەروای بەم جۆرە بێ (ABABABCC) ، بەئەسل لەئیتالیا لە سقلیە هاتوە ، هەندێ شاعیری ئیتالی سەدەکانی ناوەڕاست شیعریان پێ داناوە و چەسپاندوویانە) [٥٠٣ : ٤٧٠] . لەو شاعیرە ئیتالییانەی بەکاریان هێناوە بۆکاچیۆ (١٣٤٠) چەند شیعرێکی پێ داناوکردی بە شکلی سەرەکی چیرۆکە شیعری ئیتالی، بۆ یاردۆ و پولچی و پۆلیزیانۆش لەسەدەی پازدەدا شیعریان پێ نووسیوە ، تاسۆ شیعری Gernsasemmue liberara ی پێ نووسیوە . لە سەدەکانی ناوەڕاست لە گۆرانیدا بەقالبە سەروای (ABABBCCB) بەکار هاتوە [٤٨٦ : ١٠٨] . ئەم هەشتینە ئیتالییە لەسەردەمی کلاسیکی و ئینجا رۆمانتیکیدا بە قالبی سەروای (ABBCDEEC) سەری هەڵداو بڕەوی سەند [٤٨٦ : ١٠٨] . هەشتینە بەتایبەتی (octava rima)ی ئیتالی بۆیەکەم جار (لە سەدەی شازدەدا ، سێر تۆماس ویات لە ئینگلیزی بەکاری هێنا ، پاشان سپنسر و درایدن شیعریان پێ نووسی ، ئیدی رەواجی کەم بوەوە تا سەردەمی رۆمانتیکی کە شیلی و کیتس و بەتایبەتیش بایرون لە شیعرە چیرۆکامێزەکانیدا بەکاریان هێنا) [٥٠٣ : ٤٧١] . لە فەرەنسیدا بەسندترین هەشتینە ئەوەیە کە لەسەر سێ سەروا دابەزرێ ، چونکە دەشێ لەتەکان زۆر بە مکوومی بەیەکەوە ببەسرێنەوە. ئاوونەبیترین قالبی ئەم جۆرە سەروایە ئەمەیە (AAABCCCB) بەڵام (ئەم جۆرەیان تەنیا بۆ شیعری زۆر کوڕت دەگونجێ، چونکە دوو سەروای یەکە و سێ جار دووبارە دەبنەوە، هەر زوو شاعیرەکە شەکەت دەکا) [٤٨٤ : ٨٤] . هەشتینەی دوو سەروایی لە فەرەنسیدا پەسند نەکراوە

Scanned with CamScanner

(هەشتینەی دوو سەروایی هەمیشە ناپەسندە، چونکە بۆ ئەوەی لەتەکان بـاش و تونـد لێـک بەسرێنەوە دەبێ یەکێ لە دوو سەرواکە شەش جار دووبارە بێتەوە کە ئەمە بەهیچ جۆری پەسند نییە ، خۆ ئەگەر سەرواکان یەکەو چوار جار دووبارە ببنەوە ، هەشتینەکە کۆتاییەکەی بە شێوەی پاشکۆ دێ)[٤٨٤ : ٨٥]. چوار لەتی پێشەوە وەکو دوو مەسنەوی دەبن و چوار لەتی کۆتـایی وەکـو چوارینەیەکی موتەناویب بـەلأم بەهەمان سەروای دوو مەسنەوییەکەی پێشەوە ، هەر ئەمەیشە دەیکا بە پاشکۆ (AABBABBA). خـۆ ئـەوەی لەسـەر چـوار سـەروا دادەمـەزرێ، بـەلأم بـەدوو چوارینەی پترارکی دادەڕێژ، هەر پەسند نییە چونکە یەکێتی هەشتینەکە پتەو نـابێ و زیـاتر بە دوو چوارینە لێک دەدرێتەوە (ABBACDDC) . هەشتینە لەسـەدەی شـانزدەوە لەلایـەن (ئیرسـیلا)وە کەونە ناو شیعری ئەسپانی و لەسەدەی حەڤدەمدا کامۆیێنز زیاتر پەرەی پێ داو چەسپاندی[٥٠٣ : ٤٧٠] ، قافی هەرە باوی هەشتینەی ئەسپانی ئەوەیە(ABBAACCA) و پێی دەگوترێ پارچەی بان کۆیلەی (خوان دێ مێنا) چونکە یەکـەم جـار خوان دێ مێنـا لـە شیعـری Laberinto de fortuna) بـــەکاری هێنـــاوە [٤٨٦ : ١٠٦] ، لەئەســـپانیدا (octava--rima)ی ئیتـــالی (ABABABCC) بۆ یەکەم جار لەسەر دەستی (بۆسکان) گەیشتە ئەسپانیا کە شیعرێکی پـێ نووسی سەد پارچە زیـاتر بـوو ، ئینجـا شاعیرانی تری وەکـو : بۆیـاردۆ و بێمبـۆ ئەریۆسـتۆ بەکاریان هێنا و بڕەویان پێداو چەسپاندیان . جۆرە هەشتینەیەکی ترلـە سەردەمی کلاسیکی نوێدا سەری هەلدا بـەلأم لەسـەردەمی رۆمـانتیکیدا بـەرەی سـەند ، هـەر چـەندە (ئـەویش هـەرلـە ئیتالیـیـەوە وەرگیراوە بەلأم زۆر جار پێی دەگوترێ (هەشتینەی تیژ) و لەسەر چوار سەروا دادەڕێژ و قالبەکەی بەم جۆرەیە (ABBC DEEC)[٤٨٦ : ١٠٧] . لـە تورکیدا ، هەشتینە زیـاترلـە شیعری پارچەدارو سۆنێتەدا دەرکەوتوە کە شاعیرانی نوێخوازی تورک لە ئەوروپاییان خواستۆتەوە و شیعری تورکیـان پێ موتوربە کردوە ، بۆ نموونە حسین دانش لە شیعری (شانۆگریـیولە)دا ، (دە) هەشتینەی هێناوە کە قالبەکەیان بەم جۆرەیە : (ABBACCDD) و لەهەموویاندا مەسنەوی کۆتایی (DD) دووبـارە دەبێتەوە و هەشتینەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، شـەش لەتەکـەی پێشـەوە وەکـو دوو سێبنە وان . سیرت لـە سـۆنێتەی (غرویـدن صوکـرە)دا ، هەشـتینەکەی بـە دوو چوارینـەی پـترارکی دارشـتوە (ABBA , CDDC) ، کەچی هەشتینەی (فنار)ی تۆفیق فیکرەت بەم جۆرە سەروای لەتەکانی دابەش بوە (ABABCDCD) و (قبل الغرام)ی جەناب هەشتینەکەی بـەجۆرێکی تـرە (ABAB CCDD) ، واتـە چوارینەیـەکی موتـەناویب و دوو مەسـنەوی . وەک دەردەکـەوێ زۆریـەی قالبـە هەشتینەکان لـە تورکیـدا هـەر ئەوانـەن کـە لـە زمانـە ئەوروپییـەکان و بەتایبـەتیش لـە هونـەری سۆنێتەدا پەیرەو کراوە . لەفارسیدا ، هەشتینە لە ژێر ناوی (موسەممەت)دا باس کراوە ، ئەگـەر چی لـە فارسیدا موسـەممەتی پێنجـی و شەشـی شێوەی هـەرە بـاوە بـەلأم جـارو بـار هەشـتیش بەکارهاتوە. بۆ نموونە خواجەی کرمانی موسەممەتێکی هەشتینەی هەیە کـە چـەند پارچەیەکـەو لەهەریەکێکیاندا حـەوت لـەتی بـەرایی هاوسـەروان و لـەتی هەشـتەم کۆتـایی جیایـە، ئـەم لـەتی

Scanned with CamScanner

هەشتەمە سەرواکەی لە هەموو پارچەکان دووبارە دەبێتەوە و بەیەکترییان دەگەیەنێ [٣٩٦ : ٣١] . جۆرێکی تری موسەممەتی هەشتی فارسی ئەوەیە کە پارچەکان سەربەخۆن ، هیچ سەروایەک بەیەکەوە نایانبەستێتەوە ، هەر پارچەی لەسەر دوو سەروا دروست بوە. شەش لەتی یەکەم یەک سەروا و دوو لەتی دوەم سەروایەکی تریان هەیە. وەکو موسەممەتی هەشتی (وحشی) کە بە (ای گل تازە) دەست پێ دەکا [٣٩٦ : ٤١] . لە کوردیدا زۆر قالبی جیاوازی هەشتینە بەکار هاتوە ، هەیانە لاسای هەشتینەی سۆنێتەی رۆژئاوایی پێوە دیارە و هەیە لەسەر شێوازی موسەممەتی هەشتی فارسییەو هەشیانە لە داهێنانی شاعیرەکانی خۆمانە ، چۆنیان بەلاوە پەسند و دلگرو بەکاریگەر بوو بێ بەو چەشنە سەرواکانیان بەسەر لەتەکاندا بلاو کردۆتەوە و ئیقاعی پارچەکەیان پێ چڕکردۆتەوە و لەتەکانیان لێک شەتەک داوە . گرنگترین قالبە سەروای هەشتینە لە شیعری کوردیدا ئەمانەن :

١- دەشێ هەر هەشت لەت لەسەر یەک سەروا بڕوا. ئەمە بۆ شاعیر ماندوو بوون و بۆ خوێنەر وەڕسی تێدایە ، ئەگەرچی لە زمانەکانی تر ئەم جۆرە هەشتینەیە بەکار نەهاتوە ، بەڵام لە کوردیدا ، (د.شۆ) دوو پارچەی پێ هۆنیوەتەوە ، هەردووکیان لەسەر باخوازی کچان و بۆ پەسن و پێ هەڵگوتنی ئەوانی گوتوە . لەیەکێکیان دەڵێ :

بارێڕاوی وەک پایەی چیمەنتۆ زۆر تونوتۆڵ و گورج و گۆڵی تۆ
وا لە باخەڵتا نارنج ولیمۆ پێکەوە برۆین بەرەو (بەکرە جۆ)
لەوێشەوە بۆ چەمی تانجەرۆ تکات لێ ئەکەم لەگەڵ کەس مەرۆ
نەکا ئەم و ئەو بتکەن دەسخەرۆ دەس بخەرە ناو دەسی د.شۆ [١١٨ : ٤٦]

قالبەکەی بەم جۆرەیە : AAAAAAAA, BBBBBBBA,

٢- وا دەبێ هەشتینەکان وەکو هەشتینەکەی خواجە کرمانی ، حەوت لەتی پێشەوەیان لەسەر یەک سەروا بێ و هەشتەم لەت کۆتایی جیابێ ولەهەموو پارچەکاندا ئەم هەشتەم لەتە یەک سەروای هەبێ پارچەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە . ویسالی هۆنراوەیەکی هەیە (٨) هەشتینە بەناوی (سەختیی زستانی ئەم سالێ) ، لەتی هەشتەمی هەموو پارچەکان سەروای (یـن)ە و هەر هەشتینەیەکیش حەوت لەتی پێشەوەی هاوسەروان . ئەم شیعرەی ویسالی زۆر بە شڕوڤی و تێکەڵ و پێکەڵی نووسراوە ، بەڵام بەهۆی سەروا ناسییەوە خوێنەر دەتوانێ سنووری سێ پارچەی یەکەم و شوێنی ناو نیشانەکە ڕاست بکاتەوە . ساغ کەرەوەی دیوانەکە ، ناو نیشانی هۆنراوەکەی لەسەرەتادا نەهێناوە ، خستووتیە پاش لەتی چواردەم ، بەمەوە سنووری پارچەی دوەم و سێیەم تێکەڵ بوە، دوو لەتی پاش شوێنی ناونیشانەکە دەبێ بدرێتەوە پارچەی پێشوو ئەوسا هەردووکیان (٨) دەردەچن و سەروای لەتی هەشتەمیشیان شوێنی خۆی دەگرێ ، چونکە بە دابەش کردنی ساغ کەرەوە ، پارچەی دوەم بۆتە (٦) لەت و سێیەم بۆتە (١٠) لەت ، سەروا جیاوازەکەی لەتی

Scanned with CamScanner

هەشنەمی پارچەی دوەم کەوتوتە ناو پارچەی سێیەم لە پارچەی یەکەمدا دەڵێ :

لەئەووەل تاکو ئاخیر ئەم قاریەی جادووکار ..... A....

نەبهێشتەوە غەیری سێ لە عالەما یەك دەیار ..... A

خاڵی نییە لەحیکمەت ئیشی خودایی قەهار ..... A

ئەو سێ کەسەش کەماون ئەلبەت تیا هەیە ئەسرار .... A

دنیاو نەفس وشەیتان ، هەرسێ وەکو سەگی هار ..... A

دوژمنی جینن و ئینسن هەتا ئاخیر بە ئاسار ..... A

تا ئینقیرازی عالەم هەر فیتنە جۆن و مەککار ..... A

خودا بمانپارێزی لەشەڕی ئەو سێ لەعین ..... B[٢١٦ : ٢٦٢]

قالبەکەی بەم جۆرەیە : AAAAAAAB , CCCCCCCB , DDDDDDDB

٣- وا دەبێ هەشتینەکان هەریەکە (٦) لەتی پێشەوەی یەك سەرواو دوو لەتی کۆتایی سەروایەکی تر بێ وەکو شەشینەیەکی هاوسەرواو مەسنەوییەك دەکەوێتە بەرچاو ، لەبەر ئەوەی دوو سەرواکەی پارچەکە سەربەخۆن و لێك دابڕاون و هیچ بەناو یەکدا چوون و تێك هەڵکشانیان لەنێواندا نییە کە پارچەکە پتەومکووم بکات لێك ترازانیان ئاسانە ، کەریم شارەزا ، هۆنراوەی (جوانی) بەم قالبە سەروایە نووسیوە کە (٥) پارچەیە ولە پارچەی یەکەمدا دەڵێ :

جوانی ئەی گۆرانی ژیان جوانی ئەی بەهاری ژیان

گوڵ و لالەی گوڵستان چیمەنی عەترو و رەیحان

نازو لەنجەی عاشقان وەی شۆخی ئەرزو ئاسمان

جوانی ئەی مایەی خۆشی

تۆ بزوێنەری هۆشی [١٦٨ : ٣٤]

قالبەکە بەم جۆرەیە :

AAAAAABB , CCCCCCDD , EEEEEEFF

٤- بۆی هەیە هەشتینەکە لەسەر دوو سەروا رۆنرا بێ کە بە موتەناوبب لە لەتەکان دووبارە بێنەوە . لەم قالبەدا ئەگەر لەتەکانی دوو دوولەشێوەی دێرە شیعردا لەتەك یەك بنووسرێ ، دوو سەروا جیاوازەکە بەرێکی دابەشی سەر هەر دوولەت دەبن ولەتەکانی پێشەوە سەروایان بەرێز و لەژێر یەکەوە وەکو یەك دەبێ ولەتەکانی دواوەش سەروایان وەکو یەك دەبێ ، چیرۆکی سیسەبانی مەلا خالیدی زێباری کە (١٠٩) پارچەیە ، هەموو پارچەکانی بەم قالبە نووسراوە یەکەم پارچەی موسەڕڕەعە ، هەر هەشتی یەك سەروای هەیە ، ئینجا لە پارچەکانی تر ئەم قالبەی وەرگرتوە . لە پارچەیەکدا دەڵێ :

Scanned with CamScanner

دنیای به چەرخ و لەولەبە ژیۆکەس نابت دەوام
بۆکەس نابت مەرتەبە ژخاس و خەڵکی عەوام
مەشریق هەتا ب مەغرەبە شاهوو گەداوو غولام
ساحێبی تیرو مەزرەبە هەمی دێ چن بینتەمام[١٨٩ : ١٠٦].

ئەم قالبە زۆر تۆکمەیە چونکە ئەو دوو سەروایە بە شێوەی ئەلقەکانی زنجیر لەتەکانیان یەک بەوەی تر بەسراوەتەوە ،لەسەرەتا تا کۆتایی شەپۆلدا تێکی ڕێک و ئیقاعی سەروا هەستی پێ دەکرێ ، قالبەکە بەم جۆرەیە : ABABABAB , CDCDCDCD

٥- وا دەبێ هەر هەشت لەتی پارچەکە دوو دوو بەشێوەی مەسنەوی هاتبن و هۆکاری تری وەکو کورت و درێژی لەتەکان و جۆری کێشەکە چوارچێوەی هەر پارچەیەک دیار بکات. جگە لەوەی کە شاعیر خۆی پارچەکان لێک جیا دەکاتەوە. گۆران ، شیعری بەناو بانگی (ئاواتی دووری) کردوە بە (٥) پارچە ، جۆرە هونەرو وەستاییەکی تایبەتی تێدا خەرج کردوە ، کێشی عەرووز و خۆمالێی تێکەڵ کردوەو لەتی کورت و درێژی بە حسێبێکی ورد خستۆتە ناوبەک[٤٩٤ : ١٣] لەم قالبەدا پارچەکان هیچ پەیوەندییەکی سەروا بەندییان لەتێوا نییە ، هەریەکە سەربەخۆیە. گۆران لە پارچەی یەکەمی هۆنراوەکەیدا دەڵێ :

ئەی چاوو چەشنی بازی قەفەز هەڵوەرێ بەڕت ..... A
کوا بڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دڵبەرت؟ ..... A
کوانێ دو چاوی مەست کوانێ ؟ ..... B
کوانێ برۆی پەیوەست کوانێ ؟ ..... B
کوانێ زولفی ڕەش ؟ C
کولمی ئاڵ و گەش ؟ C
کوا هەیکەڵی جەمال ؟ ..... D
کوا حوسنی بێ میسال ..... D [١٣ : ١٧٣].

قالبە سەرواکەی ئەم جۆرە پارچەیە ئاوایە :

٦- وا دەبێ پارچەی هەشتینە سەروای لەتەکانی وەکو دوو مەسنەوی سەرەتاو کۆتایی و چوارینەیەکی پترارکی ناوەڕاست دابەش بێ. گۆران (جیلوەی شانۆ)ی کردوە بەسێ پارچە یاری بە تێکەڵ کردنی لەتی کورت و درێژ کردوە ، درێژەکان هەمیشە چوار تەفعیلە و کورتەکان دوو تەفعیلەی یەکەم و چوارەمی لەتە درێژەکانن . پارچەی سێیەمی بەم قالبە سەروایە داڕشتوە ، دەڵێ : AABBCCDD , ...

فیدات بم ژنی جوان ، ئەی جەمالی سنعەتکار ..... A
بەڵێ، دەلیلی سەعادەت ئەخەیتە پێش ئەنزار ..... A

Scanned with CamScanner

بەلأم هەموو تاوێ .....b

دەوام ئەکا ، لە پڕنکا وەکو مەلی ئاوات C

کەتۆ فڕیت هەیهات ! c

ئەویش لەپەردە ئەپێچڕێ، نیشانەیەك، ناوێ ..... B

لەتۆ بمێنێ : پەنایە بەخاترەی مەئیووس ..... D

وەلێ لە ئەولەسەعادەت : سفر سفر ئەفسووس ..... D [١٧٣ : ١١٣].

قالبە سەرواکەی بەم جۆرەیە : AAbCcBDD

٧- وا دەبێ پارچەی هەشتینە لەسەر سێ سەروا هەستابێ ، دوو سەروا لەشەش لەتی پێشەوە بەتۆرە دووبارە ببنەوە و سەروای سێیەم دوو لەتی کۆتایی بکا بە مەسنەوی. بەختیار زێوەر لە هۆنراوەی (جەژنی قوربان)دا ، سێ پارچەی هەشتینەی وەکو یەکی هێناوە ، سەروای پارچەکان پەیوەندییان بەیەکەوە نییە ، هەریەکە بەو جۆرەی باس کرا داڕژاون. لە پارچەی یەکەمدا ، دەڵێ :

وا بەرەو جەژنانە ئەڕوانم زەمین — بەرگی سەوزو سووری شادی کردەبەر

کێژو کوڕ دلخۆش و دەم پڕپێکەنین — هەرزەکار بۆشایی بەستوویە کەمەر

گیانلەبەرگەورە و بچووك هەرچی ئەژین — هەستی خۆشی کردوە و کەوتۆتە فەڕ

جەژنی قوربانە، ولأت سەیرانییە

هەر بەشی من دەردو سەرگەردانییە [٣٢ : ١٦٥]

جێی سەرنجە لەتی (٦) کە لەگەڵ (٢،٤) هاوسەروایە ، لێرە جیاوازی دەنگییان لەنێودایە. دوەکەی پێشەوە (ر)ی لاوازن و ئەوەی سێیەم (ڕ)ی قەڵەوە ، ئەم دوە (ر-ڕ) هەریەکە فۆنیمێکی سەربەخۆیە ، لەگەڵ ئەوەشدا ، لەبەر ئەوەی شاعیرانی کورد (کۆن و تازەکانیش) شارەزای بنچینەکانی فۆنۆلۆجی کوردی نەبوون. زۆر جار ئەم دوانەیان کردوە بە ڕەوی کە لە ڕاستیدا نابێ، چونکە وەکو دەنگی تەواو جیاوازوان بانەختێ لەیەکتریش نزیك بن. ئەمە یەکێکە لە کەم و کورتییەکانی سەروای کوردی. سیستەمی سەروای ئەم جۆرە هەشتینەیە بەم شێوەیە دەڕوا :

ABABABCC , DEDEDEFF , GHGHGHII , ...

٨- وا دەبێ هەشتینەکە لە دوو چوارینە پێك هاتبێ ، بەلأم شاعیر هەشت پارچەکانی لەیەك جیا کردبێتەوە چونکە هەر هەشتیان بەیەکەوە مانایەك تەواو دەکەن. بۆ نموونە وەکو هەشتینەی سۆنیتە کە هەر چەندە ئابەشبوونی سەروا لە زۆربەی جۆرەکانی بەشێوەی دوو چوارینە هاتوە بەلأم لە ڕووی ماناوە بەیەك پارچە دادەنرێ ، بەرامبەر بە شەشینەی دوەم کە ئەویش سەروا کەی دەچێتە سەر پەیوەندی سەروابەندی دوو سێیینەوە ، ئەم جۆرە پارچە هەشتینەیە زۆر حاڵەتی جیاجیای هەیە ، گرنگترینیان ئەمانەن :

أ- بۆی هەیە هەشتینەکە لە چوارینەیەکی تەواو (چوار لەتی هاوسەروا)و دوو مەسنەوی پێك

Scanned with CamScanner

هاتبێ ، ڕازی لە پارچەی سێیەمی (تۆی دوور)دا دەڵێ:

بە فرمێسکی سوور ڕەنگینم کردی ..... A

بە برژانگی چاو پەرژینم کردی ..... A

لەسەر لێوی خەڵك شیرینم کردی ..... A

خۆم بۆ دڵی خۆم بە تینم کردی ..... A

تۆی مەبەستی من ..... b

هیواو هەستی من ..... b

دڵت شکاندم C

هەستت سووتاندم ..... C [٨٨ : ٩٥].

ئەمە لەهەمان کاتدا بەو جۆرە درێژی و کورتییەی لەتەکانی ، خۆی لە موستەزاد نزیك دەکاتەوە کە پاش چوار لەتی درێژ ، چوار لەتی کورتی نیو هێندەی درێژەکان هاتوون ، هەربەکە لەلەتە درێژو کورتەکان جۆرە قالبە سەروایەکیان هەیە . قالبی ئەم جۆرە پارچە هەشتینەیە ئەمەیە :

AAAAbbcc , ...

ب- دەشێ هەشتینەکە وەکو چوارینەیەکی موتەناویب و چوارینەیەکی دوو مەسنەوی دەربکەوێ ، ئەم جۆرە هەشتینەیە لە دوو هێلەوە بواری لێك ترازانی تێدایە. پاش چوارینەکەو نێوان هەردوو مەسنەوییەکە ، چونکە ئەو چوار سەروا جیاوازەی قالبەکەیان پێك هێناوە بە جۆرێ خۆیان ناوەتە پاڵ یەك زۆر بە ئاسانی لەیەك دەکرێنەوە ، بەتوندی نەکەوتوونەتە ناوتان و پۆی یەکتر و بەدەم یەکەوە نەچنراون، شێرکۆ دەڵێ :

کاتێ پرشنگی سەرنجی نیگات ..... A

دنیای ئارامی لێ وەرزانم ..... B

کاتێ کە لەنجەی پڕلە مۆسیقات ..... A

تەزووی ئارەزووی خستە سەر گیانم ..... B

زانیم کە ژینی دونیێی بێ تۆیی C

تەمەنی لاویم بێ هوودە ڕۆیی C

زانیم کەبێ تۆ ئا ئەم ژیانە ..... D

ئاخە ، کسپەیە ، ناسۆرە ، ژانە ..... D [١٢٠ : ٣٤].

سیستەمی سەروای ئەم قالبە بەم شێوەیەیە :

ABAB CC DD , ...

ج دەشێ هەشتینەکە ، چوارینەی یەکەمی چوارینەی تەواو (هاوسەروا) بێ و چوارینەی دوەمی

Scanned with CamScanner

مەبەستناوبەبێ ، واتای یەکێ لە پارچەکانی (تۆی دووەم)ی بەم قالبە دارشتوە ، دەڵێ :

پەروەردەم کردی وێنەی داری گوڵ ..... A

ئەم پرژاند لە ڕووت خوێنی گەشی دڵ ..... A

دایم نالەم بوو بەچەشنی بولبول ..... A

بەجۆشی سینەو دەروونی لە کوڵ ..... A

بۆ ڕوو شکێنی ؟ ..... b

توخوا لەسەرچی ؟ c

بەدڵ نامدوێنی ؟ ..... b

پێم بڵێ لەبەرچی ؟ ..... a [٨٨ : ٦٥]

قالبەکەی بەم جۆرەیە :

AAAAbcba

د- وا دەبێ پارچەی هەشتینە لە دوو شەشینەی پترارکی پێك هاتبێ ، وەکو گۆران لە سۆنێتەی (ئاوێنەی هەستیم)دا[٤٢] هەشتینەکەی بەم جۆرە هێناوە ، قالبی ئەم جۆرە هەشتینەیە ئاوایە :

ABBA , CDDC

٩- هەشت خشتەکی : ئەمە وەکو پێنج خشتەکی (تەخمیس) هونەرێکی سەربەخۆیە، بەڵام تەخمیس لە کوردیدا زۆرەو هەشت خشتەکی (تپمین) زۆر کەم و دەگمەنە. ئەوەی لێرە باسی دەکەین تاکە نموونەیەکە لە شیعری کوردیدا هاتۆتە پێشمان. شاعیری یەکەم چوارینەیەك دەنووسێ کە هۆنراوەیەکە و لەچەند چوارینەیەك پێك هاتوە و هەموویشیان یەك قالبە سەروایان هەیە ، شاعیری دووەم دێ هەر چوارینەیەك و چوار لەتی خۆی بۆ زیاد دەکات هەر چوار لەت سەروایان لەسەر سەروای لەتی یەکەمی چوارینە ئەسلەکە دەڕوا. بەمەوە هەموو هەشتینەیەك پێنج لەتی پێشەوەی هاوسەروا دەبێ و سێ لەتی دواییش بەپێی چوارینەکە دەگۆڕێن. بەڵام لە نموونەکەی بەردەستمان لە سێیەمەکەی دواوە ، دووەیان هاوسەروان و لەتی نێوانیان ئازادە . بێگومان دەبێ زیادەکەو شیعرە ئەسڵییەکەش لەسەریەك کێش بن . کاکەی فەلاح شیعرێکی فەلسەفیانەی بەناوی (تێبینی) نووسیوە کە (٨) چوارینەیە و بەسەروای (XBYB) نووسراون [١٥٨ : ١٧]. چوارینەی یەکەم جۆرێکی لە تەسریع تێدا پەیڕەوکراوە کە لەتی یەکەمی وەکو دوو لەتە سەروادارەکە وایە (AAXA). ئینجا خادیم هاتوە ، بەهەمان کێشی چوارینەکان (کە ١٠ برگەییەو وەستان لە ناوەڕاستە ٥+٥) ، بۆ هەر چوارینەیەك چوار لەتی بەسەروای لەتی پێشەوەی چوارینەکە زیاد کردوە. بەمەوە هەر پارچەیەکی بوە بە هەشت لەت (هەشتینە)، ئەمەیش

---

(42) لێرە نموونەمان بۆ نەهێناوە ، چونکە نموونەکە لە بەشی سۆنێتەدا نوسراوە .

Scanned with CamScanner

هەشتینەی دوەم :

هەموو رەنجێکت وا کەدێنە پێش ..... A

هەموو نۆشێکت بەدوای دادێ نێش ..... A

هەرچەند ئەبینی تۆ ئازارو ئێش ..... A

گەر مویرەم نەبی هەر ئەڕوا لەپێش ..... A

(هەموو ئاگرێ بۆتە خۆڵەمێش ..... A

هەرچەند بڵێسەی بەرز بێتەوە ..... B

تەنها ئاگری سۆزی دەروونە X

هەرکە هەڵگیرسا ناکوژێتەوە) ..... B [٧٥ : ٢٧٨] .

قالبە سەروای هەشت خشتەکیەکە بەم شێوەیە هاتوە :

AAAAABXB , CCCCCDYD , EEEEEFZF ,

ئەوەی لەبارەی ئەم هەشت خشتبیەکەوە دەبێ بگوترێ ئەمەیە :

- تا ئێستا بەپێی ئاگاداری ئێمە یەکەم هەشت خشتەکی کوردیبە کە بەو جۆرە کرابێ .

- ساغ کەرەوەی دیوانەکە هەموو هەشتینەکەی بۆ خادیم حسێب کردوە و ئیشارەتی نەداوە کە ئەمە هەشت خشتەکیبەو چوارلەتی هی خادیم و چواری هی کاکەی فەللاحە . ڕەنگە لەدەستنووسەکەدا نەنووسرابێ بەڵام ساغ کەرەوە هەوڵی نەداوە خاوەنەکەی بدۆزێتەوە .

- هەندێ وشەی چوارینەکانی کاکەی فەللاح لەناو هەشت خشتبیەکەدا گۆڕانیان بەسەردا هاتوە. جا ئایا خادیم خۆی وای نووسیبێ ، یان لەکاتی نووسینەوەو چاپ کردندا لەدەست ساغ کەرەوە وایان لێ هاتوە ؟ بۆ نموونە ، لەچوارینەی دوەم ، لەتی یەکەم وشەی (بۆتە) گۆڕاوە بۆ (ئەبتە). لەهەمان چوارینەدا ، لەتی دوەم (بێتەوە) کراوە بە (ئەبێتەوە). لە چوارینەی سێیەمدا ، یەکەم لەت وشەی (هەموو) کراوە بە (هەر). لەچوارینەی شەشەمی (لەگەڵ شەپۆلەکانا) کە لای خادیم بوە بەپێنجەم ، لەتی یەکەم کە بەم جۆرەیە (هەموو شەونمی سەر پەڕەی گوڵێ) گۆڕاوە بۆ (شەونم کە نیشتوە لەبەرگی گوڵ). لە چوارینەی پێنجەمی (لەگەڵ شەپۆلەکانا) کەبوە بە شەشەم لای خادیم ، لەتی یەکەم ، وشەی (جوانی یەک) گۆڕاوە بۆ (جوانێک). لە چوارینەی حەوتەمیش لەتی یەکەم کە ئەمەیە (هەموو هیوایەک نائومێد ئەبێ) لای خادیم نییە ، ڕەنگە لەکاتی چاپ پەڕی بێ . دوا چوارینەیش ، لەتی چوارەمی وشەی (خۆی) پەڕیوە .

- وەک لە ڕاست کردنەوەی وشەکان دەرکەوت ، چوارینەی پێنجەم و شەشەم جێگایان پاش و پێش کراوە .

Scanned with CamScanner

پوختەی هەشتینە :

لە لێکۆڵینەوەی قالبە سەروای هەشتینە ، دەردەکەوێ کە ئەوانەیان پتەوو نۆکمەن کە سەرواکانیان بەناوبەکدا دەچن و رێگای پچڕان و لێك ترازانی پارچەکە دەگرن ، بەتایبەتی لە کۆتایی قالبەکانەوە تا بواری لێکدانەوەی قالبە سەروای پارچە بچووکەکان کەمتر بێ. هەشتینەکە نوند و پۆڵتر و پەسندتر دەبێ. گرنگترین قالبە سەروای هەشتینە لە کوردیدا ئەمانەن:

1- AAAAAAAA , BBBBBBBB
2- AAAAAAAB , CCCCCCCB , ...
3- AAAAAABB , CCCCCCDD , ...
4- ABABABAB , CDCDCDCD , ...
5- AABBCCDD , ...
6- AAbCcBDD
7- ABABABCC , DEDEDEFF
8- a/ AAAAbbcc ,
b/ ABABCCDD ,
c/ AAAAbcba ,
d/ ABBA , CDDC
9- AAAAABXB , CCCCCDYD

هەشتەم : نۆبینە

نۆبینە ، پارچەیەکی نۆلەتیبە ، بەپێی کێش و سیستەمێکی سەروای تایبەتی دەنووسرێ. پارچەی نۆلەتی بەقەد پارچەکانی تر زۆر نییە ، چ لەزمانە ئەوروپییەکان بێ و چ لەزمانەکانی ڕۆژهەڵات. لەفەرەنسی و ئەسپانیدا هەر باسی نەکراوە ، لە ئینگلیزیدا پارچەی سپنسەری هەیە کە نۆلەتەو سەروای لەتەکان بەم شێوەیە دابەش بوە (ABABBCBCC) ، (ئەم شکلە شیعرییە ئیدمۆند سپنسەر دایهێناوە و بە داهێنانێکی گرنگدادەنرێ لە مێژوویی شیعری ئینگلیزی)[٥٠٣ : ٦٤٩]. یەکەم جار لە شیعری The Faerie Queene - ١٥٩٦/١٥٨٩ - بەکاری هێناوە . ئەم جۆرە پارچەیە لە (٨) لەتی ئەیامبی پێنج پێی و لەتێکی شەش پێی -ئەلکساندەری- پێك دێ. ئەم جۆرە قالبە بۆ شیعری گێڕانەوە و چیرۆکامێز ناگونجێ ، چونکە سەروای هەر نۆلەت جارێك دەگۆڕێ و ڕەوانی و بەردەوامیەکەی دەپچڕێ. (جگە لەسپنسەر کەم کەس توانیویە وەستایانە ئەم جۆرە قالبە بەکار بێنێ ، لەوانەی تێدا سەرکەوتوون کیتس و شیللی یەکەو هۆنراوەی بەرزیان پێ نووسیوە)[٤٦٧ : ١٧]. نۆبینە لە کوردیدا گرنگترین قالبی ئەمانەن :

١- دەشێ هۆنراوەیەك کرابێتە چەند نۆبینەیەك ، هەریەکەیان لە چوار مەسنەوی و لەتێکی نەنیا پێك هاتبێ ، لەتە نەنهاکە کە لەتی نۆیەمە سەروای لەگەڵ مەسنەوی یەکەم یەك شت بێ، بەمەوە لەتی نۆیەم پارچەکە دادەخاو بەلەتی یەکەمەوە گرێی دەدا و پەکێتی پارچەکە دەستەبەر دەکا. دڵسزار هۆنراوەی (لەلادێ)ی کردوە بە (٦) پارچە ، هەر پارچەیەکی سەربەخۆیە.

Scanned with CamScanner

بەیوەندی سەروابیان لەنێوبا نیبە. یەکبوونی سەروای سەرەتا و کۆتایی ، لەتەکانی ناوەوەی لەخۆ گرتوە و بەر زەفتی کردوون ، لەنۆبینەی شەشەمدا دەڵێ :

ژیانێك پڕلە خۆشی و کامەرانی ..... A
ژیانێك پڕلەدا دو میهرەبانی ..... A
دوور لە درێ و خوێنمژین ..... B
دوور لەناکۆکی و لەکین ..... B
دوور لە هەژاری c
لەدەردەداری c
دوور لە کوشتن ..... d
لەخوێن ڕشتن ..... d
لەبێ نانی ..... a [٨٧ : ٥٧].

ئەوەی بەلای ئێمەوە لەو پارچانەدا گرنگبێ ، یەك خستنی سەروای لەتی کۆتایی ولەتی سەرەتاییە. دڵزار ئەم یاسایەی لەهەموو پارچەکان پەیڕەو کردوە تەنیا لە پارچەی چوارەم نەبێ کە لەتی نۆیەمی بەئازادی جێ هێشتوە. هەر چەندە ئەمەیش ڕێگرتنە لە پچڕانی پارچەکە بەڵام بەستنەوەکەی تێدا نیبە . ئەمەش قالبی ئەم پارچەیە : AABBccdda

٢- وا دەبێ نۆبینە بەسێ مەسنەوی و سێ لەتی هاوسەروا دابڕابێ. بۆلێك جیا کردنەوەی پارچەکان هەم جیاوازی کێش دەور بگێڕێ (سێ لەتەکەی کۆتایی پارچەکان کورتتربن لەشەشەکەی پێشەوە)و هەم ئاسانبش کردن ولێك جیا کردنەوەی پارچەکان لەلایەن شاعیرەکە خۆیەوە کە بە نیشانەیەکی چاپ یان بۆشاییەکی زیادە پارچەکان لێك دا دەبڕێنێ . هەردی لە شیعری (ڕازی تەنیایی) کە تاقە دیوانەکەی بەناوی ئەوەوە کردوە ، سێ پارچەی بەم سیستەمەی سەرەوە هێناوە ، ئەمەیش پارچەی یەکەم :

ژیان و ئەرکی ناخۆشی بەپوولەی ئارەزووی کوشتم ..... A
شەرابی جامی دڵداری لە تافی لاویا ڕشتم ..... A
تەمی ڕۆژانی پڕ مەینەت ، وەها تاریك و چڵکن بوو ..... B
نیگاری خۆشەویستی دڵ پەری ئاسایی نیاون بوو ..... B
شەوی تەنیایی ، ڕووناکی چرای ئاواتی خنکانم C
دەسی ناکامی ئاوازی دەروونی کەیلی تاسانم C
ئەوا ئێستا لەگەڵ ڕامی ..... d
دەروونی پڕلە ناکامی ..... d
ئەبێوم چۆڵی سەرسامی ..... d [٥ : ٧٩].

Scanned with CamScanner

لە ڕووی سەرواوە تێك هەڵكشانێكی پتەو لە نێوان لەتەكاندا نییە ، چونكە سەرواكان (كە ژمارەیان چوارە) هەریەكە بەشێوەیەكی سەربەخۆ هاتوە. پارچەكە بەسەر مەسنەوی و سێبینەدا نابەش بوەو بەستنەوە و تێك چڕژانی عەرۆیان لەنێواندا نییە كە تان و پۆی لەتەكان بەیەكەوە بچنێ ،لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانی كێشەكە (كە لە سێبینەی كۆتایی ڕوو دەدا) لێك كردنەوەی پارچەكان ئاشكراتر دەكا . سیستەمی سەروای ئەم قالبە بەم جۆرەیە :

AABBCCddd , EEFFGGhhh

پوختەی سەروای نۆبینە :

نۆبینە لە كوردیدا ، وەكو زمانەكانی تر كەمە ، بەڵام گرنگترین قالبە سەروای كە پارچە شیعری پێ نووسرابێ ئەمانەن :

1- AABBccdda ,
2- AABBCCddd , EEFFGGhhh, ...

نۆیەم : دەبینە:

دەبینە ، پارچەیەكە بەتەنیا یان لەناو هۆنراوەیەكی درێژ ، بەكێشی تایبەتی و سیستەمی سەروای تایبەتی دەنووسرێ. ئەگەر چی دەبینە لەچاو قالبە سەرواكانی تر كەمە . لە ئەسپانیدا كە پێی دەگوترێ (La decima) لەسەدەی شازدەدا بیستنی ئیسپینێل دایهێناوە و بۆ یەكەم جار لە كتێبەكەیدا (سەروای جیاواز) (١٥٩١) چەند قالبێكی دەبینەی بەكار هێناوە)[٤٨٦ : ١١٠]. هەر بۆیەشە زۆر جار ئەم قالبە سەروایە بەناوی ئەو شاعیرەوە دەبرێ (دەبینەی ئیسپێیلی) . بەزۆری قالبەكەی لە ئەسپانیدا بەم جۆرەیە (ABBA Y cddcy) . قالبی تریشی هەیە وەكو (ABBAACCDDC/ ABAABCDCCD) . لە كوردیدا سەروای دەبینە چنگدەكەوێ بەڵام زۆریاو نییە ، تۆكمەترین قالبە سەروای دەبینە، ئەم دوەی خوارەوەن كە بەختیار زێور (١٩٤٥) و گۆران (١٩٥٩) داینانون :

١- ئەو قالبە دەبینەی بەختیار زێوەر هۆنراوەی (بۆ گوڵەكەم)ی پێ هۆنیوەتەوە (سێ پارچەیە)، بریتییە لە شەشینەیەكی سەروای موتەناویب و سێبینەیەكی هاوسەرواو دوا لەت لەگەڵ لەتی یەكەم دەبێ بە هاوسەروا. لە پارچەی یەكەمدا دەڵێ :

گوڵەكەم نازەنینەكەم ..... A
ئەی گوڵی باخی نیشتمان ..... B
وەرە بڕوانە ژینەكەم ..... A
چۆن لە دووریت بوە بەژان ..... B
برژە برژی بریقەكەم ..... A
ڕاستگۆییم ئەدا نیشان ..... B

Scanned with CamScanner

هەر منم سینە کون کونم C

جەرگ و دڵ ئەنجن ئەنجنم C

وا بەرەو ڕۆژی مردنم C

وەرە نزیك سەرینەکەم ..... A [٣٢ : ١٧٣].

تۆکمەو پتەوی ئەو قالبە لەوەدایە کە کۆتاییەکەی کراوە نییە و بواری داخزان و پچڕانی پارچەی بچووکی تێدا نییە. کۆتاییەکە بەسێ سەروای پێشەوە گرێدراوە ، یەکی سەرەتاو دووی ناوەڕاست (٥،٣) . ئەم وردییە لەدابەش کردنی سەرواو لێك بەستنەوەی لەتەکان لەهەر سێ پارچەدا بەیەك دەستوور هاتوە . قالبەکە بەم جۆرەیە : ABABABCCCA

٢- دەیینەکەی گۆران هۆنراوەی (مارشی ئاشتیخواز)ە. سەرواکەی بەشێوەی چوارینەیەکی تەواو (هاو سەروا)و دوو سێیەنەی هاو سەروا دابەش بوە. لەم قالبەی گۆراندا چنینی سەروا بەندی چڕو پتەو نییە ، سەرواکان تێك هەڵنەکشاون و وەك پارچەیەکی تێبچڕژاو نە چوونەتە ناو یەکتر. قالبەکە لەسەر سێ سەروا دامەزراوە و هەر سەروایەك بەتەنیا چەند لەتێکی پێکەوە بەستۆتەوە و سەرواکان بەناو یەکدا نەچووین. ئەمە شلۆقی دەکات و دەرفەتی پچڕان و هەڵوەشانەوەی زیاتر دەکات ، لەپارچەی دوەمدا دەڵێ :

خوێن ڕشتنی یەکتریی لاوان بەسە ..... A

بەکەلاوەکردنی شاران بەسە ..... A

بێشکەی مناڵ ئاگر تێبەردان بەسە ..... A

ئەتۆم کڕین بە دراوی نان بەسە ..... A

ئەی شەڕ فرۆشان ..... B

قاسە پڕو کەللە بۆشان ..... B

بەس بێ بەس : بۆ شەڕ تێکۆشان ..... B

شەڕ هەڵبگیرسێ C

ئەوەی لەمەرگ زۆر ئەترسێ C

خاوەن ملیار ناخەلەسێ ..... C [١٧٣ : ٤١٦].

ئەم هۆنراوەیە چوار پارچەیە و هەموویان بەم قالبە سەروایە هاتوون . پارچەی چوارەم دووبارە کردنەوەی پارچەی یەکەمە و بۆچەخت و ناخستنی هۆنراوەکە هاتۆتەوە . ئەمەیش قالبە سەرواکە : AAAABBBCCC , DDDDEEEFFF

پوختەی سەروای دەیینە :

دەیینە بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە ، چ لەزمانەکانی ترو چ لە کوردیدا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو قالبەی لە کوردی دەستە نیشانکران کردوە ، ئەوەی بەختیار زێوەر زۆر تۆکمەو پتەوە و

Scanned with CamScanner

بەحیسابێکی وردکراوە و داڕشتنێکی سەروابەندی بەهێزی هەیە. ئەمەش قالبەکانی دەبینە لە کوردیدا:

1- ABABABCCCA, ...
2- AAAABBBCCC, ...

دەیەم : پارچەی یازدەیی

ئەم پارچەیە لە یازدە لەت پێك دێ ، بەپێی کێش و سەروا بەندی تایبەتی دەهۆنرێتەوە . پارچەی یازدەیی زۆر کەمە ، لەگەڵ ئەوەشدا بەختیار زێوەر ئەم قالبەی ئەوەندە بەشارەزایی و وردەکاری بەکارهێناوە نەماننتوانی بیخەینە لاوەو باسی نەکەین و نموونەی پێشان نەدەین . بەختیار زێوەر ساڵی (٩٤٦) هۆنراوەی (بۆ بەهاری ٩٤٦)ی نووسیوە کە چوار پارچەیە ، هەر پارچەیەکی یازدە لەتەو هەموو لەتەکانی بەیەك یاسای سەروا بەندی کار دەکەن. هەریەکە لە شەشینەیەکی مۆنەناویب و سێبینەیەکی هاوسەروا و مەسنەویبەك پێك هاتوە ، سەروای مەسنەویەکە لە هەر چوار لەتدا یەك شتە و هەموو پارچەکانی بەیەکەوە گرێ داوە . لە پارچەی یەکەمدا دەڵێ :

ئەرێ لە تەختی بەندەنا ..... A
بوە بە میرغوزار ..... B
لەدۆڵ و شیو و چەمەنا ..... A
ڕەوانە جۆیبار ..... B
لەمێرگ و دەشت و گوڵشەنا ..... A
شەماڵی بێ قەرار ..... B
چیبە ؟ چ باسە ؟ گوڵڕوان C
بەدەستە چەشنی ئاهوان C
بەڕاز و عیشوە وو دەوان C
هەموو لە دەوری شار ..... D
ئەڕۆن بەکەیف و بێ جەخار ..... D[٣٢ : ١٨٥].

هەرچوار پارچەکە سەروای مەسنەوی کۆتاییان (ـار)ە. ئەرکی ئەم سەروایە بەیەکەوە گرێدانی پارچەکانی هۆنراوەکەیە. ئەم قالبە سەروایە بەم جۆرەیە :

ABABABCCCDD , EFEFEFGGGDD , ...

Scanned with CamScanner

باسی سێیەم : پارچەی تایبەتی

پارچەی تایبەتی ئەو پارچانەن یان ئەو جۆرە هۆنراوانەن کە ناوی تایبەتییان وەرگرتووە، لەڕۆریەی زمانەکانا پارچەی تایبەتی هەیە، لەکوردیدا ئەوەی هەرە باو بێ، قیتعەو غەزەل و قەسیدە، ئینجا تەرکیب بەندو تەرجیع بەندو موسەممەت و موستەزاد... کە هەر یەکە لەڕووی بابەت و شکلی دەرەوەو کێش و سەرواوە سەربەخۆیە، لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین جۆرە باوەکانی هۆنراوەی تایبەتی کوردی شێ بکەینەوەو بەتایبەتی لەڕووی سەرواوە هەڵیانسەنگێنین و خاسیەتەکانیان جیا بکەینەوە:

یەکەم- قیتعەو غەزەل و قەسیدە :

ئەو قیتعەو غەزەل و قەسیدەیەی ئێستا لەئەدەبی نەتەوە موسلمانەکانی ڕۆژهەڵات شکلی هەرە باوی شیعر گوتنە، لەبنچینەدا بۆ کاریگەری شیعرو زمان و ناوەرۆکی شیعری عەرەبی دەگەڕێتەوە، بەڵام نەتەوەکانی ترکت و مت لاسای غەزەل و قەسیدەی عەرەبیان نەکردۆتەوە، بەپێی زەوقی ئەدەبی نەتەوایەتی و میراتی ڕۆشنبیری و زاراوەی ئەدەبی زمانی خۆیان دەستکاریان کردوەو بۆیان زیاد کردوە، تا لەئەنجامی ئیش نێدا کردنی نەتەوە موسلمانەکان ئەو جۆرە غەزەل و قەسیدە تایبەتییە هاتە کایەوە کە دەتوانین پێی بڵێین غەزەل و قەسیدەی ئیسلامی. شاعیرانی کورد، ئەوانەی پێشەنگی ناڕشتن و چەسپاندنی غەزەل و قەسیدە بوون لەکوردیدا، لەژێر کاریگەری شیعری عەرەبی ئیسلامیو بەتایبەتیش شیعری فارسی ئەو هونەرەیان گواستەوە ناو ئەدەبی کوردیو ئەفراندن و داهێنانی خۆیان خستە سەرو دەوڵەمەندیان کرد. لەسەرەتاوە (ئەدەبی عەرەبی ئەدەبی ڕەسمی گەلە موسلمانەکان بوو، کاتێ ئەو گەلانە کەوتنە بایەخدان بەزمانی نەتەوایەتی خۆیان و وەکو زمانی ئەدەبی بەکاریان هێنا، ئەدەبی عەرەبی کاریگەری هەر مابوو بەسەریان، شاعیرە کلاسیکییە کوردەکان، ڕۆشنبیریان ئیسلامی بوو و لەحوجرەی دینی خوێند بوویان و پێگەیشتبوون کە ئەو کاتە سەرچاوەی وەرگرتنی زانیاری بوو، ئەو کاتەی ڕۆشنبیری کوردی لەو بنکە ئایینیانەوە کەوتە گەشە کردن، ڕۆشنبیری نەتەوە موسلمانەکانی تری وەکو فارس و تورکیش لەگەشە کردندا بوو، ئەوانیش کاریان لەشاعیرە کلاسیکییە کوردەکان دەکرد کە بەتایبەتی کەوتبوونە ژێر کاریگەری شاعیرە فارسەکان) [٣٢٢ : ١٣]. لەبارەی جۆری شیعریەوە، کە هەر لەکۆنەوە شیعر کراوە بەلیریکی (غنائی)و ئیپیکی (مەلحەمی)و دراماتیکی، قیتعەو غەزەل و قەسیدە لەگەڵ هەندێ جۆری تر بەر هۆنراوەی لیریکی دەکەون.

سەرهەڵدان:

هونەری قەسیدەو نوسین لەبنچینەدا بۆ شیعری عەرەبی دەچێتەوەو شاعیری نەتەوە موسلمانەکانی تر پەیڕەوی ئەوانیان کردوەو هونەری خۆیان نێدا نواندوە. لەعەرەبی سەردەمی

Scanned with CamScanner

ژێرینی قەسیدە نووسین سەردەمی جاهیلیەو تا ئەو پەڕی سەدەی پێنجەمی پێش ئیسلام دەڕواو لەموعەللەقاتی (٧ یان ١٠)دا دەگاتە تڕۆپکە. لەسەرەتای زیندوو کردنەوەی زمان و ئەدەبی نەتەوایەتی گەلە موسلمانەکانی پاش ئیسلام. قەسیدە خزاوەتە ناو ئەو نەتەوانەو جێگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە، غەزەلیش لەسەردەمی (سامانیو غەزنەوی)یەکان گەیشتۆتە ئێران) [٣٩٦ : ٢٠٩]و بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە تاپێگەیشتوەو دوا قالبی خۆی گرتوە. لای خۆیشمان (یەکەمین شاعیری کوردی کە غەزەلی ئیسلامی نووسیوە مەلای جزیری بوە. ئەم فۆرمی کلاسیکیی غەزەلی عەرەبی- ئیسلامی بەناوەرۆکی لیریکی سۆفێتی تەقلیدییەوە هێناوەتە ئەدەبی کوردییەوە) [٢٠ : ١٠٦] ئینجا شاعیرانی تری هەموو زارەکان هونەری خۆیان تێدا خەرج کردوەو پێشیان خستوە .

پەیوەندی قیتعەو غەزەل و قەسیدە:

لەقەسیدەدا شاعیر یەکسەر ناچێتە سەر بابەتی سەرەکی، لەسەرەتاوە هەندێ باسی لاوەکی دێنێ کە وەکو رێ خۆش کردنێك وایە بۆ چوونە ناو باسەکە. ئەمە وەکو پێشەکی وایە، (ئەم پێشەکییە بەزۆری لەنێوان (٥-١٥) دێڕدایەو جاری وا هەیە دەگاتە سی چل دێڕ، کورتیو درێژی پێشەکی بەگوێرەی قەبارەی گشتی قەسیدەکە دەگۆڕێ. جا ئەو پێشەکییە بەزۆری بۆ شیعری پێدا هەڵگوتن (مدح) دێ، ئەگەر لەبارەی بابەتی دڵداریو وەسفی کۆڕی مەیخواردنەوەو بەزم و رابواردن بێ پێی دەگوترێ (تغزل) یان (نسیب)، خۆ ئەگەر دەرهەق بابەتی تری وەکو وەسفی باخچەو گوڵ و کەژی ساڵ و رۆژهەلات و رۆژئاوا وشەو دیمەنی تری سروشت بێ یان لەبارەی دادو گلەییو شانازیو بەخۆپەسندن و شتی وابێ پێی دەگوترێ - تشبیب-) [٣٩٦ : ١٣]. ئەمە لاساکردنەوەی قەسیدەی سەردەمی جاهیلی عەرەبییە کە (-نسیب- یا تشبیب-) شوێنی یەکەمی لەقەسیدەدا هەبوو، بگرە ئەگەر هۆی سەرەکی بزواندنی شاعیرەکە بۆ شیعر نووسین شتێکی تریش بوایە، دەبوایە پێش چوونە ناو بابەتی سەرەکی پێشەکییەکی -تشبیبی- بهۆنێتەوە) [٣٩٦ : ٤]. پاشان ئەو پێشەکییە دڵداریی قەسیدەو شیعری پێدا هەڵگوتن، وردە وردە بایەخی زیاتری پەیدا کرد بەهۆی پێش کەوتنی شارستانێتیو زیاد بوونی بەزم و رابواردنی کۆشکی خەلیفەو پاشاکان و پەرەسەندنی گۆرانیو کۆڕ گەرم کردن، ئیدی ئەو بایەخە وای لێ کرد لەقەسیدە جیا بکرێتەوەو وەکو جۆرێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ (زۆربەی خاوەن پایەکان وای بۆ دەچن کە سەرەتا غەزەل بەشێوەی سەربەخۆ نەبوە، بەشێك بوە لەقەسیدە، هەمان -تغزل یا تشبیب- کەبوە پاشان بەشێوەی سەربەخۆ جیا لەقەسیدە، هۆنراوەتەوە) [٤٠٥ : ١٨]. رەنگە هەر بۆیەش بێ کە غەزەل بەقەبارە لەقەسیدە کورتترە چونکە لەپێچینەدا وەکو پێشەکییەك وابوە بۆ قەسیدە، هەڵبەت پێشەکی لەئەسڵی بابەت زۆر کورتتر دەبێ.

قیتعە (چەند دێرێکی هاوکێش و هاوسەروایە بەڵام بەپێچەوانەی غەزەل و قەسیدە سەرەتای موسەرەع نییە) [٣٩٦ : ٤٢]و بەڵای قەبەسی ڕازییەوە نەبوونی تەسریعی دێری یەکەم خاڵی

Scanned with CamScanner

جیاکردنەوەیەتی لە غەزەل و قەسیدە، ئەو دەڵێ: (هەر قەسیدەیەك سەرەتاکەی موسەڕڕەع نەبێ، یا درێژیش بێ، هەر پێی دەڵێن قیتعەو ناوی قەسیدەی پێ نادەن)[٤٠٢ : ٣٦١]. بۆیە پێی دەگوترێ قیتعە چونکە، لەبەر بێ تەسریعی، هەر دەڵێی قیتعە - پارچە -یەکەو لەناوەندی غەزەل یان قەسیدە دەرهێنراوە. خۆی پارچەیەکی کورتەو (بەگشتی ژمارەی دێرەکانی قیتعە زۆر نییە)[٤٠٥ : ٢٠]. کەوانە لەبنچینەدا قەسیدە لەدوەکەی تر ئەسڵترو درێژترە. غەزەل کە بنیاد وەکو پێشەکی قەسیدە وابوە، بەحوکمی پێشەکییاتیەکەی دەبێ لەقەسیدە کورتتر بێو قیتعەش کە وەکو پارچەیەکی لەغەزەل یان قەسیدە پچڕێنراو وایە دەبێ لەهەردووکیان کورتتر بێو بشێ بخرێتەوە ناو هەریەکێکیان . بەم جۆرە لەبارەی ئەسڵی و نا ئەسڵی و گەورەیی و بچووکی قەبارەوە: قەسیدە ئینجا غەزەل ئەوسا قیتعە دێ.

جیاوازیی قیتعە و غەزەل و قەسیدە:

ئەم سێ جۆرە شیعرە، جگە لەزۆر ڕووی تێکچوونی تێوانیان لەزۆر لاوە جیاوازن. گرنگترین جیاوازییان ئەمانەن:

١- لەبارەی دێڕی یەکەمەوە، لەغەزەل و قەسیدەدا دەبێ موسەڕڕەع بێ، بەڵام لەقیتعەدا نابێ موسەڕڕەع بێ.

٢- لەبارەی قەبارەی (کورتی و درێژی) هۆنراوەکەوە جیاوازی لەنێوان ئەم سێیانەدا هەیە. ڕادەی هەرە زۆرو هەرە کەمی دێرەکانی هەر جۆرێکیان بەپێی ڕای نووسەر و تۆژەرەوەکان جیایە، بەڵام لای هەموویان بەگشتی قەسیدە لەهەموویان درێژترو قیتعە لەهەموویان کورتترەو غەزەلیش لەناوەڕاستدایە. لەکوردیدا، درێژی قەسیدە (چامە) لای سجادی لەبیست بەسەرەوەیە[١٢٧ : ١٦٩]، لای د.مارف لەهەژدە دێر تێپەڕ دەکا[٢٣٦ : ١٣]. غەزەل لای سجادی (مەگەر بەدەگمەن نەبێ ئەگینا لەدەیا دوانزە هۆنراو تێپەڕ ناکا)[١٢٧ : ١٦٨]، د.مارف ڕای جیاوازی هێناوە لەبارەی ڕادەی هەرە کەمی دێرەکانی غەزەل (٧،٣)و ڕادەی زۆری دێرەکانی(١٢، ١٥، ١٨). لەبارەی قیتعەوە سجادی باسی درێژی نەکردوەو د.مارف درێژییەکەی دەخاتە نێوان (٢-٦) دێر[٢٣٦ : ١٢]. لەبارەی قەبارەی ئەو جۆرانە لەعەرەبیدا محەمەدی دەمەنهووری دەڵێ: (قەسیدە لەحەفت و بەسەرەوەیە، قیتعە لەسێ دێرە تاحەوت. دەشڵێن کەمترین ڕادەی قەسیدە (٣) یان (١٠) یان (١١) یان (١٦) یان (٢٠) دێرەو لەهەموو بارێکدا قیتعە لەقەسیدە کورتترە)[٣٤٧ : ١٣٣]. ئیبن جنی دەڵێ: (قیتعە (٣) یان (١٠) یان (١٥) دێرە، لەوە زیاتر بوو عەرەب پێی دەڵێ قەسیدە)[٢٧١ : ١٨١]. لەفارسیدا کورت و درێژی بەپێی شاعیرو سەردەم دەگۆڕێ، سەرەتا غەزەل کورت بوو پاشان وردە وردە زیادی کرد. غەزەل هەیە(٥،٤) دێرەو هەیە (٢٣) دێرە[٣٩٦ : ٥٤]. قەسیدە لەفارسیدا (١٥-٢٠) زیاترە[٣٩٦ : ٧]و قەسیدەی درێژ هەیە دەگاتە (٢٠٠) دێرو زیاتریش

Scanned with CamScanner

(فرخی) قەسیدەیەکی هەیە ١٧٥ دێرە، قاآنی قەسیدەیەکی نووسیوە ٣٣٧ دێرە، عونسوری قەسیدەیەکی ١٥٧ دێری لەباسی فتوحاتی سولتان مەحموود نووسیوە) [٣٩٦ : ٨]. قیتعە قەبارەی لەوان بچووکترە. د.ئیسعاد دەلّێ قیتعە لە(٢) کەمتر نییەو لەدرێژیدا بەقەسیدە ناگا. هەرچەندە شاعیر بتوانێ بەکەمترین دێر مەبەست دەربڕێ پەسندترە) [٢٦٦ : ٢٣٠]. ئەم بۆچوونە جیاوازانەی سەرەوە لەبارەی قەبارەی ئەو سێ جۆرە شیعرییە لەوە یەك دەگرنەوە کە قیتعە کورتە، غەزەل لەو درێژترەو قەسیدە لەهەموویان درێژترە. لەکوردیدا قەسیدە لە(١٥) دەست پێ دەکات و غەزەل بەزۆری لە (٥) دەست پێ دەکا تا (١٥) ئەگەر چی لە (٥) کەمتریش هەیە، نالی و مەحوی غەزەلی (٤) دێریان هەیە. غەزەل لەکوردیدا بەزۆری ژمارەی دێرەکانی تاکە (٥،٧،٩،١١،١٣،١٥)و ڕادەی هەرە زۆریش لە(٧)و ئینجا (٩)و (١١)یە. د. مارف ژمارەی دێر بەتاکە پەگەزی جیاوازی تێوان قەسیدەو غەزەل دادەنێ (قەسیدە ئەدگاری وەکو غەزەل وایە، تەنیا لەژمارەی دێر لەگەڵی دا دەگۆڕێ)[٢٣٦ : ١٣]. کەچی لای سجادی جیاوازی قەسیدەو غەزەل جگە لەژمارەی هۆنراوەکان لە باسەکەشدایە [١٢٧ : ١٦٨].

٣- لەبارەی بابەت و ناوەرۆکەوە هەریەکە لەم سێ جۆرە مەیدان و بواری تایبەتی خۆی هەیە. بۆ نموونە (قەسیدە بۆ ڕووداوی درێژو قسەی زۆر بەکاردەهێنرێ، بەتایبەتی ناوەرۆکی قارەمانێتی و ڕووداوی کۆمەڵایەتی و هەندێ جاریش دڵداری و ئایین (مونـاجات ونـەعت)و هی تریش دەبنە هەوێنی ئەم جۆرە شیعرە. گیانی مەلحەمی و ڕووداوی چیرۆکی لەهەندێ قەسیدەدا دەبینرێ) [٢٣٦ : ١٣]، بەم جۆرە مەیدانی قەسیدە فراوانەو نزیکەی هەر هەموو بابەتێکی ئەدەبی و فیکری دەگرێتەوە وەکو مەدح و لاواندنەوەو ڕەوشت و شانازی و وتوێژەو جنێوو پەرچ دانەوەو وەسف و شین و سکالاو دەردە دڵ ... (بەڵام بابەتی قەسیدە بەپلە یەك مەدح و لقەکانییەتی، لەدوای مەدح بابەتی ڕەوشت و حیکمەت دێ) [٣٩٦ : ٨]، کەچی غەزەل بابەتی سەرەکی دڵداری و عیشق و ئەوین و دەربڕینی ڕازی خۆشەویستیە، بەڵام لەباڵ ئەمیشدا بۆ بابەتی فراوانتر بەکاردێ (غەزەل بەپلە یەك بۆ ڕاڤە کردن و لێکدانەوەی بابەتی عیشق دێ، حەقیقی بێ یان مەجازی، ئینجا بەپلە دوو بۆ ڕوون کردنەوەی بابەتی سۆفیزم و فەلسەفەو کۆمەڵایەتی و ڕەوشت و بەدوا پلەش بۆ پەسن و شانازی و شین و شتی وا دێ) [٣٩٦ : ٧٣]. بەم جۆرە دیارە کە غەزەل زیاتر پەیوەندی بەهەست و سۆزی ناوەوەی شاعیرەوە هەیەو لەعیشق و دڵداریدا خۆی دەنوێنێ. ڕووی دەمی شاعیر لەناوەوەی خۆیەتی و مامەڵە لەگەڵ سۆزی هەڵچوونی خۆی دەکا. کەچی لەقەسیدەدا پەیوەندی بەدونیای دەرەوە هەیە، یەکێکی تر هەیە پێی هەڵدەڵێ، سروشت هەیە وەسفی دەکا. لێرەدا جیاوازییەکی غەزەل و قەسیدە ئەوەیە (هاندەری شاعیر بۆ نووسینی قەسیدەو زۆربەی بەشەکانی شیعر هۆکارێکی دەرەکییەو بەزۆری پەیوەندی بەهەست و چێژی ئەوەوە نییە، بەڵام ئەو شتەی شاعیر ناچار دەکا غەزەل بنووسێ هەست و سۆزی و ڕۆژاوو هەڵچووی شاعیر خۆیەتی کە لەهۆنینەوەی

Scanned with CamScanner

غەزەلدا پەیرەوی فەرمانی دڵسی خۆی دەکات. ئاگرێکی لەهەناو بەردەبێ و سەراپای گیانی دادەگرێ، ئەوسا بێ دەستی خۆی ڕاری دەکاتەوە و وشەی سووتێنەری وەک ئاگرو بڕندەی وەک شێر هەڵدەڕێژی [٣٩٦ : ٧٤]. قینەکە پارچەیەکی کوڕتە دەبێ ناوەڕۆکەکەیشی چڕو خەست بێ. زیاتر بۆ دەربڕینی (لایەنی ڕۆحی و بیروڕاو فەلسەفەو ڕەوشت و ژیانی تایبەتی شاعیرو ئەو ڕووداوانەی بەسەری هاتوون و ئەو تاڵ و شیرینیەی چەشتوویەتی و ئەو زانیاریانەی فێریان بووەو ئەو ئەزموونانەی پێیان تێپەڕیوە) [٣٩٦ : ٤٦] بەکاردێ. کەواتە ئەم سێیانە هەریەکە بەپلە یەک تایبەتێتیەکی هەیە ئینجا لەپاڵ ئەوەدا شتی تری پێ دەنووسرێ: قەسیدە پەسن و غەزەل عیشق و قینەکە خەمی تایبەتی شاعیر دەردەبڕێ.

٤- شاعیرانی ڕۆژهەڵات، بەزۆری لەغەزەلدا، ناو یان نازناو (تخلص)ی خۆیان لەدێری کۆتایی یان پێش کۆتایی دەنووسن، بەزۆریش لەو دێرەدا دەمی قسەو خیتابیان دەکەنە خۆیان، وەک ئەوەی قسەکەری ناو شیعرەکە کە سێ بێت. شاعیرەکەش کەسێکی تر لەفارسیدا (تخلص) نووسین لەسەدەی شەشەمی کۆچییەوە دەرکەوتووەو باوی سەندوە، لەکوردیدا لەگەڵ یەکەم غەزەلنووسی گەورەی ڕاری کرمانجی ژوورو مەلای جەزیری هاتوە کە زۆر جار بە مەلاو مەڵو نیشانی ناوی خۆی بردوە، کەواتە ئەم (تخلص) هێنانەبە جیاوازییەکی تیرە لەنێوان غەزەل لەلایەک و قەسیدەو قینەکە لەلایەکی تردوە.

مەتلەع و مەخلەس و مەقتەع:

ئەم سێ ڕاڕاوە لەدیراساتی قینەکەو غەزەل و قەسیدەدا زۆر دووبارە دەبنەوە، چونکە لەبنبات و هەیکەلی هۆنراوەدا شوێنی گرنگیان هەیەو وەک سێ حەلقەی تووندی بەیەکەوە گرێدان و سێ ستوونی پتەوی ناڕۆان و ڕاگرتنی هۆنراوەن (حوسنی) نارشتنی ئەم سێ ڕەگەزە بەمەرجی هۆنراوەی سەرکەوتوو نانراوە (حوسنی مەتلەع و لوتفی مەخلەس و حوسنی مەقتەع). حوسنی مەتلەع: ئەوەیە شاعیر سەرەتای هەر شعرێک بەجۆری بێنێ لەمەبەستی خۆی بووشیتەوەو سەرەتا بەوشەی درێو دەست پێ نەکا (تەنیا ئەگەر شین و جنێو بنووسێ، ئەوسا ئەویش بۆ بابەتەکە لەبارو گونجاوە) [٣٩٦ : ٣٥١]. لەبەر ئەوەی مەتلەع سەرەتای هۆنراوەیەو لەودەرگایە خوێنەر دەچێتە ژوورەوەو یەکەم شتە لەهۆنراوەکە (پاش ناونیشان) بەڕەو ڕووی دەبێتەوە، دەبێ لەپتەوی و نارشتن و هەڵبژاردنی وشەو ڕازاندەوەو جوانکاری و ڕەچاوکردنی جۆری بابەت لەدێرەکانی تر بەرزتر بێ. تۆژەرەوانی غەزەل و قەسیدە لەبارەی یەکەم دێرەوە باوەڕیان وابوە کە (دەبێ هەر دوو لەتی هاولنگو هاوکێش و شایەنی ناوەڕۆکەکەی بن و مەبەستەکە بگەیەنن و لەهەموو بارەیەکەوە بەرامبەرو تەواوکەری یەکدی بن، ناوەڕۆکی لەتی دووەم لەسەر ڕەوتی لەتی یەکەم بێت و بەپێی چاوەڕێ کردنی خوێنەر بێ) [١٩٦ : ١٠]. لایەکی هەرە گرنگی مەتلەع، لەڕووی بیناو شکڵی

Scanned with CamScanner

شیعرییەوە، تەسریعە[٤٣]. (تەسریع ئەو دێرەیە کە عەرووزەکەی دەستکاری بکرێ کە لەبارەی کێش و سەرواوە- وەکو زەرب دەربچێ)[٢٨٣ : ٢١]. ئیبن رەشیق هۆی تەسریع کردنی دێری بەکەم بەم شێوەیە لێك دەداتەوە (جۆری تەسریع ئەوەیە شاعیر دەیەوێ زوو سەرواکە رەپێش بکا، تا هەر لەسەرەتاوە بزانێ دەستی داوەتە شیعر نەك پەخشان، بۆیە دەکەوێتە سەرەتای هۆنراوەکە) [٢٤٦ : ١٧٤]. ئەگەرچی غەزەل و قەسیدە هەمیشە دێری یەکەمیان تەسریع دەکرێ و ئەمە بەجیاوازییەکی ئەوانە دانراوە لەگەڵ قیتعە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەتایبەتی لەعەرەبیدا جاری وا هەیە هۆنراوەکە تەسریع ناکرێ. قدامە دەڵێ: (شاعیر هەبوە لەدێری یەکەمی هۆنراوەدا تەسریعی پشت گوێ خستوە، پاشان لەهەندێ دێری تری هۆنراوەکە هێناویە)[٣٣١ : ٦٠]و لەشوێنێکی ترا دەڵێ (زۆربەی شیعری ذو الرمە بێ تەسریعە)[٣٣١ : ١٧٦]، تەها حوسێن لەم بارەیەوە رای وایە: (وا ڕۆیشتوە شاعیر لەسەرەتای هەموو هۆنراوەیەکدا سەروای دوو لەتی دێری یەکەم یەك دەخا بەڵام ئەمە مەرجێکی پێویست نییە، چونکە هۆنراوەی ناودار هەیە سەروای لەتەکانی دێری یەکەمی وەکو یەك نییە وەکو هەندێ شیعری فرزدق و تەئەبەتتە شەرەن و موتەنەبی، بەڵام ئەمە کەمەو تەسریعی سەرەتا بۆتە تەقلید)[٣٠٤ : ١٤١]. ئیبن رەشیق لای وایە (هەندێ کەس لەکەم بایەخ دان بەشیعرەوە، سەرەتای شیعریان تەسریع نەکردوە، فرزدق کەم وابوو دێری یەکەم تەسریع بکا یا بایەخ بەشیعرەکانی بدا)[٢٤٦ : ١٧٥]. وەکو ئەمە هەیە، ئەوەش هەیە کە شاعیر هەر بە تەسریعی دێری یەکەم ناوەستێ، بەڵکو جاروبار لەشوێنی تریشدا تەسریع دووبارە دەکاتەوە. وا دەبێ شاعیر هۆنراوەکەی بەدێرێکی هاوسەروای لەتەکان دەست پێ دەکا، پاش چەند دێرێك سەرەتاکەی بەهەمان سەروا نوێ دەکاتەوە (واتە تەسریعی دەکا)... جاری وا هەیە لەشیعری فارسیدا مەتلەع پێنج شەش جار تازە دەبێتەوە وەکو هەندێ شیعری خاقانی)[٢٦٤ : ٨٠]، ئەمەش بەزۆری ئەو کاتە ڕوو دەدا کە هۆنراوەکە دوورو درێژ بێت و چەند بابەتێکی جیاوازی تێدا بێ، وەك ئاگادار کردنەوەی ناڕاگایی خوێنەر لەسەرەتای هەر بابەتێکی تازە مەتلەع و تەسریعێکی تازە دەست پێ دەکا.

---

[43] تەسریع (تصریع)وتەقفیە (تقفیە) دوو ڕاوەی جیان و دەبێ لەیەك جیا بکرێنەوە، تەسریع یەك خستنی دوولەتی دێرە بەتایبەتی دێرێ یەکەمی هۆنراوە لەڕووی (کێش و سەرواوە)، واتە لەئەسڵدا جیاوازی هەبوە لەکێشی عەرووزو زەرب. ئەو جیاوازییە یەك خراوە ئێنجا سەروایشیان وەکو یەك دانراوە. یەك خستنی کێشەکە وادەبێ بەزیادە بێ یان بەکەمی، واتە پێی -تفعیلە- عەرووز شتێکی زیادەی خرابێتە سەر یان شتێکی لێ کەم کرابێ تاوەکو زەریی لێ بێتە. کەچی تەقفیە ئەوەیە دوولەتە دێرعەرووزو زەربیان لەڕووی کێشەوە لەئەسڵدا وەکو یەك بێو تەنیا لەبارەی سەرواوە یەك بخرێن. واتە: هەر دێرێك لەئەسڵدا عەرووزو زەربی جیا بێ، ئەگەر کێش و سەروایان یەك بخرێ ئەمە تەسریعە، بەڵام ئەگەر عەرووزو زەربەکە یەك بوو، تەنیا سەروایان یەك بخری پێی دەگوترێ (تقفیە). تێکەڵ کردنی تەسریع و تەقفیە زۆر جار لەتێوان کێشناس و ڕاناکانی ڕەوانبێژی ڕووی داوە. ڕاناکانی ڕەوانبێژی تەسریع بەیەك خستنی سەروای دوولەتی دێر دەزانن کە ئەمە لای کێشناسەکان تەقفیەیە نەك تەسریع، واتە تەسریع لای کێشناسەکان بەکێش و سەروا دەبێ کەچی لای ڕاناکانی ڕەوانبێژی تەنیا بەسەروا دەبێ بێ گوێدانە کێش.

Scanned with CamScanner

لوتفی مەخلەس (یان تخلص):

ئەمە لەناو قەسیدەدا دێو زۆر جار بەفارسی (گریز)ی بۆ بەکار هاتوە، مەخلەس یان تەخەلوس ئەوەیە شاعیر لەپێشەکی نسیب و تشبیبەوە بچێتە سەر مەبەستی سەرەکی هۆنراوەکە. ئەم گواستنەوەیە دەبێ بەشێوەیەکی وەستایانە بکرێ کە خوێنەر بەزەقی نەکەوێتە بەرچاوی و وەک پچڕانی هۆنراوەکەو بازدانی شاعیرو خوێنەر نەبێ. دەبێ گواستنەوەکە ئەوەندە بەناسکی (لوتفی) بکرێ کە بابەتی یەکەم پێشەکییەکی عوزوی بێ بۆ بابەتی سەرەکی و بابەتی دوەم وەکو تەواوکەری ئەوەی پێشەوە وا بنوێنێ و لەئەنجامی تونـد پێکەوە بەسـران و تێـک چنینـی دوو بابەتەکـەو گواستنەوەی شارەزایانە، خوێنەر هەست بەگۆڕانی بابەتەکە نەکات. لەڕاستیدا (مەخلەس لەبەشە ناسك و گرنگەکانی قەسیدەیە، سەرەداوی بەیەکەوە بەستنەوەی تشبیب و مەبەسی سەرەکییە و یەکێکە لەسێ پرۆکنی زۆر گرنگی قەسیدە) [٣٩٦ : ١٧] کە دووەکەی تریش مەتلەع و مەقتەعن. زۆر جار ئەم مەخلەس و گواستنەوەیە بەدەم نوێ کردنەوەی مەتلەع (تەسریع) دەبێ. (ئەو قەسیدانەی دوو مەتلەعیان هەیە بەزۆری مەتلەعی دووەم پـاش تـەواو بوونـی تەغەزول و تەشبیب دێ کە پێشەکین بۆ قەسیدە) [٣٩٦ : ١١]. لوتفی مەخلەس وەکو تیشکێکە لەناوەڕاستی قەسیدەوە بـلاو دەبێتـەوەو لەگـەڵ دوو سـەرچاوەی تـری دەولەمـەند یـەك دەگرێتـەوە کـە هـەردوو جەمسەری هۆنراوەکەن.

حوسنی مەقتەع:

دێری کۆتـایی هۆنراوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە نیشتنەوەی حـاڵاتی سـۆزو تـەواو بوونی ڕشتەی بیرو چرکـەی مـاڵاوایی خوێنـەرە لەهۆنراوەکـەو کاریگـەری تاماوەیـەکی زۆر لای خوێنـەر دەمێنێ. (پێشینان بڕوایان وابوە، کۆتـایی قەسیدە دەبێ جوان و باش بێ و بەشێوەیەکی پەسندو لێوەشاوە پێشان بدرێ تاکاریگەرییەکی چاك لەمێشك جێ بهێڵێ) [٣٩٦ : ٢٣]. کۆتـایی هۆنـراوە دەبێ هەستی بڕانـەوەی بیرو سۆزی هۆنراوەکـەی تێدا رەنگبداتـەوە. دەبێ خوێنـەر هەست بکـا پێویستی بەچیتر نەماوە شاعیرەکە پێی بڵێ و دوا چۆڕی شیرینی بەدەمدا کردوە. وا چاکە شاعیر لـەو دێرەدا زیـاتر لـەدێرەکانی تـر خـۆی لەوشـەی بـەتوێکڵ و خـوازەی دوورو لێکدانـەوەی سـەخت دوور بخاتـەوە. هەندێ جار شاعیر کۆتاییەکـەی بەکراوەیی جێ دێڵێ و هەندێ جاریش لـەشـوێنی خـۆی دایدەخاو جاری وایش دەبێ، بەدێری دواوە یان وشـەی سەروای دواوە، کۆتاییەکە لەگـەڵ سـەرەتا بەیەکەوە گرێ دەدا و خوێنەر دووبـارە دەخاتـەوە نـاو بازنـەی دونیـای هۆنراوەکە. مەتلـەع و مەقتـەع دەبێ لـەرووی ناسکی ماناو چڕی و پتـەوی دارشتن و بـەرزی نـاوەرۆك و لێـك وەشـانەوەی وشـەکان زادەی ئەوبـەڕی توانـای شـاعیرەکە بـن لـەشیعر هۆنینـەوەدا بـۆ ئـەوەی (یەکـەم خوێنـەر بـۆ خـۆی رابکێشێ و دوەم خۆشی و شادی لـەدڵ جێ بێڵێ و کاریگـەری لایـەنی شـلۆقی و ناتـەواوی دێرەکـانی تری نـاوەوە بپووکێنێتـەوە) [٣٩٦ : ٨٠]. مەتلـەع و مەقتـەع ئـەو دوو جەمسـەرە گرنگـەن کـە هـەموو

Scanned with CamScanner

شاعیریّ لەخوای دەویّ بەجوانی (حوسن) بیانهێنێ‌و تێیاندا سەرکەوتوو بێ. خانی لەکۆتایی مەم و زینداً، سەرەتاو کۆتایی ژیانی خۆی بەمەتلەع و مەقتەعی شاکارەکەی دەبەستێتەوە، بەدەم پارانەوە دەڵێ:

ئەووەل کوتەنا ژ عیشقێ مەتلەع
ئاخیر بدەوی تو حوسنێ مەقتەع [٣ : ٢١٧].

غەزەل و قەسیدە لەکوردیدا:

بابا تاهیری هەمەدانی کە کۆنترین شاعیری گەورەی کورد تائێستا ناسرابێ، هەر بەچوارینە سوفیبیەکانی بەناوبانگە، ئەگەرچی لەهەندێ چاپی چوارینەکانی چەند غەزەلێکیان داوەتە پاڵ، ئەو غەزەلانە هی خۆی بن یان هەڵبەستراوین، نە لەڕۆژی‌و نەلەگرنگی ئەو بایەخەیان نییە. گەورەیی‌و ناوبانگی چوارینەکانی بابا تاهیر هەموو لایەنەکانی تری ژیانی ڕۆشنبیری ئەو زاناو سۆفیبیەی شاردۆتەوە. بۆیە مەلا بەڕێشان یەکەم کەسە غەزەلی خۆمالی ڕەسەنی کوردی بەزاری گۆرانی نووسیبێ و جزیری یەکەم کەسە غەزەلی ئیسلامی بەزاری کرمانجی سەروو نووسیوە واتە غەزەلی کوردی هەر لەسەرەتاوە دوو ڕێچکەی جیاوازی گرتووەو دوو جۆری جیاوازی لێ کەوتۆتەوە:
١- غەزەلی ڕەسەنی کوردی خۆمالی کە بەزاری گۆرانیبێ‌و خاوەنی خەسیەت و نیشانەی خۆیەتی، کبانێکی سەربەخۆی هەیە لەناو ئەدەبی کوردی. ئەمەیان لەمەلا بەریشانەوە دەست پێ دەکاو زیاتر شاعیرانی زاری گۆرانی پەیڕەویان کردوە، وەکو بێسارانی‌و سەیدی‌و کۆماسی‌و میرزا شەفیعی جامەڕێزی‌و مەولەوی... ٢- غەزەلی ئیسلامی (عەرەبی- فارسی) کە لەئەنجامی تێکەڵاوبوونی ئەدەب و ڕۆشنبیری عەرەبی‌و فارسی‌و تورکی‌و نەتەوە موسلمانەکانی دی هاتۆتە کایەوە. ئەمەش نیشانەو خەسیەتی خۆی هەیە، سەرەتا لەزاری کرمانجی سەروو چەکەرەی کردوەو یەکەم کەس جزیری هێناویەتە ناو ئەدەبی کوردی‌و پاش ئەویش فەقێ تەیران و مەلای باتەیی‌و پرتەوی هەکاری‌و خانی... پەیڕەویان کردوە. لەسەدەی نۆزدەمیشدا نالی‌و سالم و کوردی هێنایانە ناو زاری کرمانجی خواروو (هەندێ بەکرمانجی ناوەڕاست ناوی دەبەن) و ڕەگەزو بنەماو دەستوورەکانیان جەسپاندو دوای ئەوانیش شاعیرانی تری وەکو حاجی‌و شێخ ڕەزاو مەحوی‌و تایەر بەگ و ئەحمەد موختارو زێوەرو حەریق... زیاتر گەشەیان پێداو پێشیان خست. ئەنوەر جاف لەباسی غەزەلی کوردیدا، دەڵێ: (غەزەل - شیعرێکی لیریکی کورتە، لە ئەدەبی بە سێ دیالێکتی زمانی کوردی نووسراوا هەبووە پەرەی سەندوە. ئاشکرایە غەزەل بە کرمانجیی ژوورو خوارووبنەوانی لە غەزەل و قەسیدەی فارسی - عەرەبییەوە هەڵگرتوە ... بەڵام غەزەل بە دیالێکتی گۆرانی، بە گوێرەی هەندێ باسای هونەری تایبەتی پەرەی سەندوە. بنەوانی غەزەلی گۆرانی ناچێتەوە سەر شیعری فارسی - عەرەبی، بەڵکو سەرچاوەکەی ئەم ئەدەبی فولکلۆری کوردییە)[٢٠ : ١٠٦-١٠٧]. ئەم دوو جۆرەی غەزەلی کوردی زۆرترین بەشی ئەدەبی نووسراوی کوردییان گرتۆتەوە. ئێستایش بۆشێ

Scanned with CamScanner

کردنەوەی ئەم دوو جۆرە غەزەلە.

١- غەزەلی ئیسلامی: غەزەلی ئیسلامی (فارسی- عەرەبی) لەکوردیدا بەگشتی کۆمەڵێ خەسیەتی هەیە لەجۆرەکانی تری شیعری کوردی جیاوەکاتەوە، وەکو پەیڕەو کردنی عەرووزی دەستکاری کراوی عەرەبی، یەکێتی بابەتی دێرە شیعر، یەکێتی سەروا، تەسریعی دێری یەکەم، هونەرەکانی ڕەوانبێژی عەرەبی و فارسی، خواستنەوەی کەرەستەی شیعری لەڕۆشنبیری گشتی فارسی و عەرەبی، بەکارهێنانی زمانێکی تێکەڵاو لەوشەی عەرەبی و فارسی و تورکی، دووبارە کردنەوەی هەندێ لێکچواندن و خوازەی ناو ئەدەبی ڕۆژهەڵات. تەعامول کردن لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی وەکو (ڕەقیب)و (واعیز)و (مودەعی)و (واشی) کە دەبنە مایەی سەرگەردانی و تێکدانی بەختەوەری شاعیر... بێ هێزی شاعیر بەرامبەر یارو دڵڕەقی و بێبەزەیی یار بەرامبەر بەشاعیرو گریان و لاوانەوەو سووتان و بێ ئۆقرەیی شاعیر بۆ یارو خۆ کردنە قوربانی و دەست هەڵگرتن لەخۆشی و بگرە هەندێ جار لەژیانیش بۆ خۆشی یار، ئەمانە هەموو کەرەستەو بابەت و خەسیەتی غەزەلی ئیسلامین لەکوردیدا. ئەوەی لەهەموویان زیاتر مەبەستی بابەتەکەی ئێمە بێ سەروایە.

سەروای غەزەلی ئیسلامی:

غەزەلی ئیسلامی لەڕووی سەرواوە هەندێ نیشانەی گشتی هەیە کە لای هەموو یا زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی دووبارە دەبێتەوە، گرنگترین ئەو نیشانانە ئەمانەن:

أ- هەموو قیتعە و غەزەل و قەسیدەیەکی شیعری کلاسیکی کوردی (زاری گۆران نەبێ) یەکێتی سەروای تێدا پەیڕەو کراوە. لەسەرەتا تاکۆتایی هەموو دێرەکان لەسەر یەك سەروا دەڕۆن و لەبەر ئەوەی گرنگترین دەنگی سەروا (ڕەوی)یە، زۆر جار غەزەل و قەسیدە بەڕەوی دەناسرێنەوە، شاعیر (زۆر جار بۆ دەرخستنی دەسەلاتی هونەری و بۆ تەواو کردنی دیوان، لەسەر هەموو تیپەکانی ئەلف و بێ شیعر دەهۆنێتەوە) [٣٩٦ : ٧٧] ئەم دیاردەیە وای کردوە شاعیرە کلاسیکیەکانی کوردیش هەوڵ بدەن لەسەر هەموو دەنگەکانی ئەلف و بێ شیعر بنووسن و ئەگەر هەندێ دەنگی بێگانەی وەکو (ث.ذ.ص.ض.ط.ظ)یان بەلاوە گران بووبێ، یەك وشەی لەباریان دۆزیوەتەوە، وەکو (عبث، حظ، غرض، خط، واعظ)و کردوویانە بەپاش سەرواو بەمەوە دیوانەکەیان تەواو کردوە. یەکێتی سەروای شیعری کلاسیکی یارمەتییەکی تری ساغ کەرەوەی دیوانەکانی داوە کە بتوانن بەپێی دوا دەنگی سەروا هۆنراوەکان ڕێز بکەن، ئەم کارە هەم یارمەتی ڕێك خستن و پۆلێن کردنی هۆنراوەکانی دیوانەکە دەدات و هەم دۆزینەوەیان بۆ خوێنەر ئاسان دەبێ و هەم شیعری شاعیرەکانیش لەتێکەڵ بوون دەپارێزێ، جگە لەوەی ڕێ خۆشکردنە لەبەردەم تۆژەرەوەکان کە لێکۆڵینەوەی (موازنە)ی سەروا بەکارهێنانی شاعیرەکان ئەنجام بدەن. سەروای غەزەل و

Scanned with CamScanner

قەسیدەی ئیسلامی جگە لەو یەکێتیەی کە نیشانەی هەرە گەورەیەتی، چەند لایەنێکی هونەری تریشی تێدا پەیرەو کراوەکە بۆتە هۆی دەولەمەند کردن و قووڵ کردنەوەی ئیقاعی سەرواو مۆسیقای هۆنراوەکە بەگشتی.

ب- (تەسریع) : دێری یەکەمی هۆنراوە کە وەکو دەرگای چوونە ژوورەوەی وایە[٤٤]، بەڕۆری هەردوو لەتی لەسەر یەك سەروا دەبن کە سەروای گشتی هۆنراوەکەیە. بۆ نموونەی تەسریع جزیری لەدێری یەکەمی یەکێ لەهۆنراوەکانیدا دەڵێ:

بناریٚ فرقە تێ صوهتم ژ فەرقی سەر حەتا پێدا
خەدەنگا غەفلەتێ نوهتم ژ بەرقا لامیعا تێدا [٥٨ : ٣٨].

لێرەدا هەردوو لەت سەروایان (-یدا)یە. ئەمە لەهەر(٤٢) دێری هۆنراوەکەدا دووبارە بۆتەوە. لەبارەی تەسریعەوە دەبێ ئاگادار بین کە بەڕۆری، شاعیر، بەهێزترین و دەولەمەندترین سەروا بۆ تەسریع هەڵدەبژێرێ. وشەکانی لەڕادەی پێویست زیاتر دەنگی کۆتاییان وەکو یەکە. واتە بەسەروای زێدە بار بەیەکەوە دەبەسرێنەوە. بۆ نموونە حەمدی لەسەرەتای هۆنراوەیەکیدا، بەم جۆرە لەتەکانی تەسریع کردوە:

نووسی حەرفیبەن کە زولفی ماچی ڕوو مەتبیە حەلال
بێ بەلابی، خاڵی نوقتەی کرد ئەوا بۆتە جەلال[٦ : ٢٨١].

وشەکانی سەروا (حەلال، جەلال) زیاد لە پێویست دەنگی یەکسانیان تێدا ڕەچاو کراوە. (-ال) بەس بوو بۆ دەستە بەرکردنی سەروایەکی دروست، بەڵام ئەو لەباتی ئەو دوو دەنگە، چوار دەنگی وەکو یەك هێناوە (-ەلال). ئەم دیاردەیە لەزۆر غەزەل و قەسیدەی کلاسیکیی ڕەچاو کراوە. دەشێ شاعیری کلاسیکی بۆیە وای کردبێ تا: أ- مۆسیقایەکی بەهێز بەسەرەتای شیعرەکەی بدا و جەخت لەسەر شیعریەتی سەرەتا بکات. ب- هەر لەسەرەتاوە پێشانی بدا کە دەسەڵاتی بەسەر هێنانەوەی سەروادا زۆرەو دەتوانێ سەروای لەبارو بەهێز بۆ شیعرەکەی مسۆگەر بکات. تەسریع لەبنەڕەتدا بۆ ئەوەیە لەسەرەتاوە شیعریەتی کارەکە پێشان بدرێ و لەپەخشان جیا بکرێتەوە. لەهەمان کاتدا (نامەزراندنی سەروایە، ئەو -دڵۆیە-یە کە سەروای لێوە دروست دەبێ: تەسریع لەیەکبوونی سەرواو سەروا لەیەکبوونی دێرو دێر لەیەکبوونی شیعر دەگەیەنێ)[٣٤٥ : ١٣٤]. یاسای تەسریع و ئەرکی بنیاتی و دەوری ڕێ خۆشکردنی بۆ بەیەك گەیشتنی خوێنەرو شاعیرو نۆزینەوەی ڕەوتی گشتی هونەر، پایەیەکی تایبەتی پێ دەداو وا دەکا شاعیر بایەخی زیاتری پێ بدا چونکە بنیاتی گشتی هۆنراوەکە لەوێوە چەکەرە دەکا و (تەسریع ڕەگەزێکی بنیات نان و

(٤٤) وشەی تصریع لەمصراع هاتوە کە لاشیبی دەرگایە، دەرگا هەیە دوو لاشیبی هەیەو ئەو جۆرە دەرگایە پێی دەگوترێ (دەرگای دوو دەری)، (صرعا النهار)یش هەیە کە ئێوارە و بەیانییەو بۆیەش بۆ سەرەتای دێر وا جوانە کە هەردوو نیوەی وەکو یەك لێ بکرێ چونکە دێری یەکەم وەکو دەرگای هۆنراوەکە وایە.

Scanned with CamScanner

بەرزکردنەوەی شاعیریەتی دەق و تەقاندنەوەیەتی)[٣٤٥ : ١٣٣] بەڵام وەکو تەقاندنەوەی تۆوی شێتاری بەرهەتاو بۆ پێشوازی کردنی ژیان و وەکو تەقاندنەوەی دڵۆپی پیتاو بۆ دەست پێ کردنی یەکەم لەحزەی کاروانی ژیان. بوونی تەسریع لەغەزەل و قەسیدەدا بەم جۆرەیە:

١- بەرۆری تەسریع لەغەزەل و قەسیدەدا هەیەو ئەمە حاڵەتە باوەکەیە.

٢- جاری وا هەیە شاعیر، تەسریع بەپێویست نازانێ، یەکسەر دەچێتە ناو شیعرەکەو لەسەروای کۆتایی دێرەوە دەست پێ دەکا. ئەمەیش، یان شاعیرەکە لەبێ مویالاتی، گوێی پێ نادا، یان بەپێویستی نازانێ. تەنوخی، دیاردەی بێ تەسریعی ناو ناوە (التخمیع)و دەڵێ: (تەخمیع ئەوەیە شاعیر عەرووزی دێری یەکەم تەسریع و تەقفیە نەکا. یەکسەر لەسەر سەروای (زەرب) بوەستێ. ئەمە شاعیرە نوێخوازە کۆن و تازەکان بەکاریان هێناوە)[٢٧٣ : ٥٢].

٣- وا دەبێ تەسریع نەك هەر لەدێری یەکەم بەڵکو لە دێری تریشدا هەبێ. ئەمە زیادکردنی ئاوازو ئیقاعی سەروایە. لەهەمان کاتیشدا ئەرکی دەلالی هەیە. چونکە بەرۆری دووبارەکردنەوەی تەسریع لەگەڵ گۆڕانی بابەتی هۆنراوەکە دێ. تەنوخی دەڵێ: (تەقفیەو تەسریع لەدێرەکانی تری جگە لەدێری یەکەم، زۆرە. ئەمە نەنگو کەم و کورتی نییە بگرە نیشانەی رەوانبێژیو دەسەڵات شکانی شاعیرە بەسەر هونەرەکەیدا... وا پەسندە کە لەگەڵ گۆڕینی بابەت و دەرچوونی لەچیرۆکێکەوە بۆ چیرۆکێکی تر بێت)[٢٧٣ : ٤٨]، چونکە ئەمە وەکو ئەوە وایە کە هۆنراوەیەکی نوێ دەست پێ بکا بەڵام لەچوارچێوەی هۆنراوە ئەسلیەکە. بۆ نموونە نالی لەشیعری (ئەهلیو...) دێری یەکەمی تەسریع کردوە:

ئەهلی تەعناد و موحاسیب نووسیبیان
خاڵ یەك، زولفی دوان، هەر دووسیان[٩٩ : ٨٠].

دوای چواردێرەوەسفی خاڵ و زولف و چاوو دێتە سەرباسی فیرقەتی سالوسیان و هێرش دەکاتە سەریان. لێرەدا لەگەڵ گۆڕانی بابەتە، کە لەدێری پێنجەمدایە تەسریع دووبارە دەکاتەوە:

نەزم و زەوقی فیرقەتی سالووسیان
شاهیدی زۆرە زمانی لووسیان[٢٠٩ : ٨١].

دڵشاد عەلی ئامازەی بەوە کردووە کە دیلان لەهۆنراوەیەکیدا، لەگەڵ گۆڕانی بابەتەکە تەسریعی دووبارە کردۆتەوە[٤٩٣ : ٢٨١]. مەرجیش نییە، تەسریع هەر لەگەڵ گۆڕانی بابەتی شیعرەکە دووبارە بێتەوە. وابوە لەشوێنی تریش هاتوە. (ئەمە بەڵگەی بەهێزی شاعیرێتیو کەرەستە زۆرییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لەهۆنراوەدا زۆریێ دەبێ بەنیشانەی زۆر لەخۆکردنی شاعیرەکە)[٢٤٦ : ١٧٤]. وا دەبێ شاعیر زۆربەی دێرەکانی تەسریع بکا، نالی لەشیعری (قەدری من چەندە لەلای)[٢٠٩ : ١٥٩]دا، سەرەتا حەفت دێری بەدوای یەکەوە تەسریع کردوە. ئینجا تۆ دێری بێ تەسریعی هێناوە و کۆتاییەکەی دووبارە کردۆتەوە موسەرپرەع. نالی لەشیعری (موساوی

Scanned with CamScanner

وەك یەك و لووڵن) [٢٠٩ : ١٢٣] هونەرمەندانە بە تەسریع دەستی بەدێرەکانی سەرەتا کردووەو لەڕێی کەنڵی پاش سەرواوە وردە وردە وازی لە تەسریع هێناوە. چوار دێری سەرەتای تەسریع کردوە. ئینجا بۆ خۆکێشانەوە لە تەسریع، لەدێری پێنجەم پاش سەروای لەلەتی یەکەم فرێ داوە بەڵام سەرواکەی هەر پاراستوە، واتە لەدوو ڕەگەزی سەرواکە یەکێکی ڕەچاو کردوە (سەروا) و ئەوەی تری بەلاوە ناوە (پاش سەروا). ئینجا وەکو هەنگاوی دوەم لەچوار دێری کۆتایی وازی لە تەسریع هێناوە. نالی شیعری (مەستوورە) [٢٠٩ : ١٦٢] و شیعری (ئەو سیلسیلەوا مشکی) [٢٠٩ : ١٠٥] سەراپا تەسریع کردوون. ئەم دیاردەیە نەك هەر لای نالی هەیە، لەکوردی لای زۆر شاعیری تریش هەستی پێ دەکرێ. بۆ نموونە مەلاعەباس کاکەیی زۆربەی هەرەزۆری شیعرەکانی هەموو دێرەکانیان موسەڕەعە [١٢٤]، ئەمە لەشیعری فارسیشدا هاتوە، (جاری وا هەیە شاعیر، بۆ هونەرنواندن، هەموو دێرە شیعرەکانی غەزەلەکەی تەسریع دەکا، سنائی و سەعدی ئەم جۆرە شیعرەیان هەیە) [٣٩٦ : ٦٧].

ج- دووبارە بوونەوەی وشەی سەروا:

کاتێ غەزەل و بەتایبەتی قەسیدە درێژ دەبێتەوە شاعیر پێویستی بەوشەی سەروای زۆر دەبێ بۆ کۆتایی دێرەکان، بۆیە ڕێ دراوە شاعیر ناو بەناو وشەی سەروا، بەپێی پێویست دووبارە بکاتەوە. بەو مەرجەی حەوت دێر بەسەر بەکارهێنانی یەکەمی تێپەڕ بێ، لەوە زووتر دووبارە بێتەوە پەسند نییەو دەبێ بەکەم و کورتی (ایطاء). شاعیری سەرکەوتوو دەتوانێ بەشێوەیەکی هونەرمەندانە وشەی سەروا لەشوێنی تایبەتی دووبارە بکاتەوەو بینای هۆنراوەکەی پێ مکوومتر بکات. دووبارە بوونەوەی وشەی سەروا، لەهەندێ شوێنا بۆتە مایەی بەرزکردنەوەی نرخی سەروا. هەر بۆیەشە شاعیران سوودیان لێ وەرگرتوەو لەوێ وشەی سەروایان هێناوەتەوە، گرنگترین شوێن بۆ دووبارە بوونەوەی وشەی سەروا بەمانای خۆیەوە، ئەمانەن:

- دەشێ شاعیر دوو لەتی دێری یەکەم، لەباتی سەروا، بەوشەی سەروا یەك بخا، واتە هەمان وشەیە لەکۆتایی هەردوو نیوەدا دووبارە دەبێتەوە بێ ئەوەی بکەوێتە خانەی پاش سەرواوە. خادیم دێری یەکەمی هۆنراوەیەکی بەم جۆرە تەسریع کردوە:

  پرتەوی حوسنت کە جیلوەی‌دا بەمەوجی نارونوور
  سینەیی عاشیق بو هەڵگیرسا بەشوعلەی نارونوور [٧٦ : ١٣٨].

مەحوی لە شیعری (موحەققەق)دا، کۆتایی لەتی یەکەم و دوەمی دێری یەکەمی بەم دوو وشەیە: (مەزوور، مەنسوور) هێناوە و لە تەکانی دێری دوەمیشدا وەکو خۆی دووبارەی کردوونەتەوە:

Scanned with CamScanner

موحەققەق هەر کەسێ مەسلەکبە حەقق و حەقیبە مەنزوور
سولووکی چوونە سەرباڕە، تەریقەی پیربە مەنسوور
لە ئولکەی عیشقەدا بۆ هەر کەسێ سەرباریبە مەنزوور
عولووی مەرتەبەی سەرباڕە، بۆتە پەیڕەوی مەنسوور

شاعیر دەشێ تەسریعی دێری یەکەم بەوشەیەکی نەك دووبارەوە بوو، بەڵکو ڕەگەزدۆزی دروست بکا. ئەمە لێکدانێکی سەرواو جوانکاریبە لەلایەك و یاری کردنە بەوشەو قوولّ کردنەوەی سەروایە لەلایەکی تر. ڕۆژ شاعیری کلاسیکی، هەستیان پێ کردبێ یان نا، ئەو وشەی بزانن ڕەگەزدۆزی هەڵدەگرێ و لەگەڵ سەروای شیعرەکە دەگونجێ دەیبەنە دێری یەکەم و تەسریعی لەتی یەکەم و دووەمی پێ دادەمەزرێنن، حاجی لەسەرەتای هۆنراوەیەکیدا دەڵێ:

عەساوو قامەتم تیرو کەوانە
کەچی دڵ تالیبی ڕەوتی کەوانە[٦٠ : ١٢٨].

یەکەمیان (کەوان + ە)و دووەمیان (کەو + ان + ە)یە. حاجی لەڕۆژ هۆنراوەی تریدا تەسریعی ڕەگەز دۆزی هێناوە (ل٤٨، ٨١، ١١٦، ١٦٤، ١٦٦). نالیش وەك وەستای غەزەل و قەسیدەی کوردی ئەم لایەنەی پشت گوێ نەخستووەو لە (ل٤٤، ٨٦) بەکاری هێناوە، حەمدی هەر ڕۆژ حەزی لەو جۆرە وشە بازییە بووەو لەڕۆژ شوێنا پەنای بۆ بردوە (ل١٧٥، ١٨٦، ٢١٦، ٢١٧، ٢٤٦، ٢٤٧، ٢٦٤، ٢٨٤، ٢٩١، ٢٩٣،.....)...

• لەبەر ئەوەی شاعیر حسێبی سەرواو وشەی سەروای لەتی یەکەمی دێری یەکەمی لەگەڵدا ناکرێ، ئەوە بەهەڵ دەزانێ و لەدێری دووەما، هەمان وشەی سەروای لەتی یەکەمی دێری یەکەم دووبارە دەکاتەوە. ئەم کارە لای فارسەکان پێی دەگوترێ (رد القافیه)، سیروس شمیسا دەڵێ: (شاعیری کلاسیکی ڕۆژجار وشەی سەروای لەتی یەکەمی دێری یەکەم لەکۆتایی دێری دووەم دووبارە دەکاتەوە، ئەمە هونەرێکی جوانکاری (بدیعی)یە، پێی دەگوترێ -رد القافیه- و کۆنینەکان ڕۆژ پەسندیان کردوە)[٣٩٨ : ١١٠] مەحوی دەڵێ:

خەتتی دەوری لێوی ئاڵت ئەی مەسیحا لام و بێ
هەر لەجامەی سەبز ئەچێ بۆ غەین و نوون و چیم و هێ
غونچە بازاڕی نەزاکەت باری یو تەنگی شکاند
هەر کە زاهیر بوو لە دەوری باغی حوسنت لام و بێ[١٨٠ : ٣٢٣].

یان وەکو نالی دەڵێ :

گەرمی و تەڕی بەهارە کە پشکۆ کوژایەوە
پشکۆی گوڵ ئاتەشی بەنەسیم بوو گەشایەوە
لالە کە مەجمەرێکە بەبا خۆش و گەش دەبێ
ناوی کە پڕ خەلووزە بەشەونم کوژایەوە[٢٠٩ : ١٠٨].

Scanned with CamScanner

•وا دەبیّ وشەی سەروای لەتی یەکەم یان دووەمی دێری یەکەم لەکۆتایی هۆنراوەکە دووبارە بێتەوە ، ئەمە ئەرکی بەیەکەوە بەستنەوەی کۆتایی و سەرەتایی هۆنراوە دەبینیّ وەك ئێستا لە خاڵی دادیّ رووبی دەکەینەوە.

د- داخستنی غەزەل و قەسیدەو بەستنەوەی بەسەرەتاوە. شاعیر زۆرجار کۆتایی هۆنراوەکە بەکراوەیی جیّ ناهێڵێ، دەیخاتە پەیوەندییەکی بازنەیی بەوەی کە دێری دواوەی بەدێری یەکەمەوە دەبەستێتەوە، ئاشکراترین ئەلقەی بەستنەوە دووبارەکردنەوەیە، بەتایبەتی دووبارەکردنەوەی دوا وشەی سەروای هۆنراوەکە. ئەمە بەچەند جۆرێکی جیاجیا کراوە:

•دووبارە کردنەوەی وشەی لەتی یەکەمی دێری یەکەم لەدێری کۆتایی هۆنراوەکە (بەهەمان ماناوە)، مەحوی لەسەرەتای هۆنراوەیەکدا دەڵێ:

که ئەمری فەرمووی ئەو شاهە بە (اقرأ)
ئەگەر فەرمانی قەتڵە کێ دەڵێ (نەء) ؟ [١٨٠ : ٤٠].

لەسەروای کۆتایی هۆنراوەکە، هەمان وشەی (اقرأ)ی وەکو خۆی بەشکڵ و ماناوە دووبارە کردۆتەوە، بەمەوەش یەکەم لەت و دوا لەتی هۆنراوەکەی هێناوەتە یەك و بازنەیەکی داخراوی بەدەوری ناوەرۆکەکەدا کێشاوە، دێری کۆتایی ئەمەیە:

شەرەف هەر عیلمە نابینی کە ئەشرەف
موشەرەف بوو بە ئەمر ئەووەل بە (اقرأ).

ناری لەشیعری (غەزەل گەر) [٢٠٦ : ١٢٠]، وشەی سەروای لەتی یەکەمی هۆنراوەکەی (تەرو تازە بێ)، لەلەتی کۆتایی هەمان هۆنراوەدا دووبارە کردۆتەوەو حەریق لە هۆنراوەی (بە قوربان ئێستە هیجرانت) [٦٣ : ٣٤]، وشەی سەروای لەتی یەکەم (دەناسم)ولەتی کۆتایی هەمان شتی هێناوە. لەوەش زیاتر حەمدی لەهۆنراوەی (خۆشە سەرتانم) [٦ : ٢٤٥]دا. هەموو وشەکانی سەروای لەدێری پێش کۆتایی، لەلەتی دووەمدا داوە بەدەم یەك و دووبارەی کردوونەتەوە.

•دووبارە کردنەوەی وشەی سەروای لەتی یەکەمی هۆنراوە، لەلەتی کۆتایی هۆنراوەکەدا بەڵام بەمانایەکی جیاواز، واتە لەشێوەی رەگەز دۆزی، نالی لەشیعری (ساقی بەمەیی) وشەی سەروای (نەوبەهار)ی لەلەتی یەکەم ولەتی کۆتایی هۆنراوەکە دووبارە کردۆتەوە بەڵام لەیەکەمدا مانای (نوێ/بە) دەدات و دووەمیان مانای نۆرەو نۆبەتە

•وا دەبیّ دێری یەکەم تەسریعی بەوشە بێ نەك سەروا و وشەکە لەدێری کۆتاییش دووبارە بێتەوە، حەمدی دەڵێ:

قەمەر ئەم جازبەیەی کەی بوو؟ نواڕی دڵبەرم پێما
نەشەوقی دیدە نیم پێما، نە قووەی دەستم و بێ ما

Scanned with CamScanner

ئینجا لەدێری کۆتایی هۆنراوەکەدا دەڵێ:

لەبەر دەردی سەرە (حمدی) بەسەرگەردی لەڕێدا کەوت
لەبەد بەختی لەسەر ڕێشدا سەری بێ سەندەلی بێ ما[٦ : ١٦٩-١٧٠].

وشەکانی سەروا (بێما، بێ‌ما، بێ‌ما) کە لەسەرەتاو کۆتایی هاتوون، مانایان جیایە: یەکەم واتە (بەمن)، بەمنی ڕوانی، دووەم لە(بێ)و فەرمانی (ما) پێك هاتوە، واتە هێزی (بێ)م نە (ما). سێیەم (بێ‌ما) واتە (بۆی مایەوە ئەم نموونەیە، ئەوەش دەردەخا کە سەروای دوا دێر، بەهەر دوولەتی دێری یەکەمەوە بەسراوە، ئەمە پەیوەندییەکە بەهێزتر دەکات.

هـ- غەزەلی ئیسلامی کە یەکێتی سەروای تێدایە، زۆرجار پاش سەروا (ڕەدیف)ی دەبێ کە لەکۆتایی هەموو دێرەکان وەکو خۆی دووبارە دەبێتەوە، وەك ئەوەی بەردەوامی دەنگە یەکسانەکانی سەروا بێ وایە. ئەگەرچی پاش سەروا بواری شیعرەکە تەنگتر دەکاتەوە چونکە لەسەرەتا تاکۆتایی هەموو دێرەکان دەبێ لەگەڵ هەمان پاش سەروا بگونجێن، پاش سەروا جۆرە یەکێتی بابەتێك بەهۆنراوەکە دەدا و وەکو تێشکۆ (بؤرة) هەموو دێرەکان لەیەك خاڵ کۆ دەکاتەوە. بۆ ڕادەی بەکارهێنانی پاش سەروا، با سەیری دیوانی چەند شاعیرێك بکەین: نالی لە(١٢١) هۆنراوەی (٣٤)ی پاش سەروای هەیە، بەڕێژەی (٢٨.١٪)، سالم لە (٢٣٢) هۆنراوە (٨٢)ی پاش سەروا بە، ڕێژەی (٣٥.٤٪).

و- یەکێکی تر لەنیشانەکانی سەروای شیعری کلاسیکی پەیڕەوکردنی هونەری تەشتیرە (التشطیر). تەشتیر ئەوەیە شاعیر هەر لەتێکی دێرە شیعرەکانی بکا بە دوو پارچەی هاوکێش، بەمەوە هەر دێرێك دەبێ بەچوار پارچەی وەکو یەك لەکێش (ئەم هونەرە لەو کێشانە دەبێ کە هەشت تەفعیلەیین، جا چ کێشی ساف و چ کێشی دەوری، ئەگەر چی لە کێشی ساف زیاترە)، سێ پارچەی پێشەوە هاوسەروا دەبن و پارچەی دواوە سەروای لەوان جیا دەبێ، لەگەڵ سەروای گشتی هۆنراوەکە یەك دەگرێتەوە[45]. لەشیعری کلاسیکیدا، جزیری لە هەموو شاعیرانی تر زیاتر مەراقی تەشتیرەو لەهەموویان زیاتر بایەخی پێداوە. جزیری لەهۆنراوەی (پێنا ئا تەشێ)دا کە لەسەر سەروای (ەشیش)ی نووسیوە، (جگە لەدێری یەکەم) ئەوانی تری هەموو تەشتیر کردوە. لە دێری (١٨)دا دەڵێ:

میحنەت کە شین ڕۆژو شەبێ دەرفیرقە تا شیرین لەبێ
زوڵما ژیەر دەستێ تەبێ ئەو عەدلە، ئەم بڕبێ خوەشین [٥٨ : ٣٩١].

---

[45] لەعەرەبیدا ، ئەگەرچی ئەم هونەرە زۆر نییە، بەڵام خەتیبی قەزوینی دوای پێناسە کردنی، نموونەیەکی (امرء القیسی) هێناوە:

الماء منهمر و الشد منحدر والقصب منظم و المتن ملحوب [✗✗ : ✗✗].

Scanned with CamScanner

لەبارەی تەشتیر کردنی دێرەکانی هۆنراوە، چەند جۆرێك هەن:

- وا دەبێ هۆنراوەکە هەمووی لەسەرەتا تاکۆتایی (جگە لەدێری یەکەم) تەشتیر بکرێ، وەکو ئەم شیعرانەی جزیری: (مشانەی حوسن) [٥٨ : ١٣] و (موغبەچەبێن مەی فرۆش) [٥٨ : ١٩] و (غەم و شادی) [٥٨ : ٢٧] و.... وەکو نموونەکەی سەرەوە.

- وا دەبێ (جگە لەدێری یەکەم)، هەموو دێرەکان تەنیا لەتی یەکەمیان تەشتیر بوو بێ بۆ دوو پارچەی هاوسەروا، لەتی دوەمیان تەشتیر نەبوو بێ، وەکو شیعری (دڵی یەخسیر)ی جزیری کە لەدێری دوەمدا دەڵێ:

زوڵفان تو بەس چین چین بکە، بسکێن مقابل دین بکە
پێشکێشی یەك زوڵفەك تەبن مولکی خوتەن، تەختی خەتا [٥٨ : ٣٤].

- بۆی هەیە شاعیر بەرێك و پێکی لەسەرەتاوە تاکۆتایی دێرەکان تەشتیر نەکا، چۆن ولە کوێ بەچوان و پەسندی. زانی تەشتیرەکە بەو جۆرە بکا. وەکو نالی لەشیعری (دەستم لە گەردەنی خۆت) [٢٠٩ : ٩٣] کە (٩) دێرە، هەندێکی دێرەکەی هەموو تەشتیر کردوە، هەندێکی یەك لەتی تەشتیر کردوە، هەندێکی بێ تەشتیر هێناوە، بەم شێوەیە:

- دێرەکانی ٣، ٥، ٦، ٧، ٨ تەنیا لەتی یەکەمیان تەشتیر کراوە.

- دێرەکانی ٢، ٤ هەر دوو لەتیان تەشتیر کراوە: سێ پارچەی ناوەو هاوسەروان، پارچەی کۆتاییان چۆتەوە سەر سەروای گشتی.

- دێری (٩) کە دوا دێرە تەشتیرە و هەر چوار پارچەی هاوسەروان.

دێری یەکەمی شیعری تەشتیر کراو: ئەو شیعرەی تەشتیر دەکرێ، دێری یەکەمی بەحوکمی ئەوەی دەبێ تەسریعی تێدا رەچاو بکرێ، لەبارەی تەشتیرەوە شێوەی تایبەتی وەردەگرێ:

- دەشێ دێری یەکەم بکرێ بەچوار پارچەو هەر چواریان یەك سەروایان هەبێ کە سەروای گشتی هۆنراوەکەیە، وەکو جزیری لەدێری یەکەمی هۆنراوەی (غەم و شادی)دا دەڵێ:

چین چین کرن زوڵفێن سیا کەسك ئەتڵەسی دیبا قەبا
ئیدی نیشان نابن خویا تێکەڵ کرن لازم سەبا [٥٨ : ٢٧].

لەتی یەکەم دوو پارچەیە لەسەر (سیا، قەبا) وەستاون، دوەمیش هەر دوو پارچەیە لەسەر (خویا، سەبا) وەستاون. هەموو پارچەکان سەروایان (ا)یە.

- وا دەبێ لەچوار پارچەی دێری یەکەم، پارچەی (٣،١) هاوسەروابن و پارچەی (٤،٢) هاوسەروابن. ئەمە لەهەموو جۆرەکانی تری تەشتیری دێری یەکەم باوترە. جزیری لەهۆنراوەی

Scanned with CamScanner

(مەی چارەیە)دا دەڵێ:

دیسا ژنوو بێ حاڵە دڵ، ساقی وەرین جاما زو جاج
موشتاقی خەمرا ئاڵە دڵ، لێ خۆش ئانی بت میزاج [٥٨ : ١٧٣].

(حاڵە دڵ، ئاڵە دڵ) هاوسەروان و (زوجاج، میزاج)یش هاوسەروان.

- بۆی هەیە شیعرەکە سەراپا تەشتیر بێ. تەنیا دێری یەکەم نەبێ بەشێوەیەکی ئاسایی و بێ تەشتیر هاتبێ. وەکو هەر غەزەل و قەسیدەیەکی تر هەردوو لەتی تەسریع کرابێ. جزیری شیعری (شەپاڵ شەنگ) [٥٨ : ٢٠١]ی سەر لەبەر تەشتیر کردوە تەنیا دێری یەکەم بێ تەشتیر ماوە، کە دەڵێ:

دڵبەرێ ئیرۆ سەحەر ئاڤێتە جەرگێ من دو دۆخ
یەك ل سینە، یەك د دڵدا، لەو ژمن تێن ئاخ و ئۆخ [٥٨ : ٢٠].

ئەمەیە هونەری تەشتیری باوی عەرەبی- فارسی کە هاتۆتە ناو شیعری کوردی. جزیری هەنگاوێکی لەوەیش مەزنتری هاویشتوە، لەباتی دێر بکا بەچوار لەت بەسەرواوە بیانبەستێتەوە، دێری کردوە بە(٨) یەکەی ئیقاعی (پێ)و هەمووی خستۆتە پەیوەندی سەروا بەندییەوە [٥٨ : ٣٢٠].

٢- غەزەلی خۆماڵیی ڕەسەن:

جۆری دوەمی غەزەلی کوردی، غەزەلی خۆماڵیی ڕەسەنە کە بەزاری گۆرانی دەستی پێکردوەو گەشەی سەندوە. ئەمە پەیوەندی بەدەستوورو یاساکانی غەزەلی ئیسلامییەوە نییە، سەرچاوەکەی بۆ فۆلکلۆری کوردی دەچێتەوە. ئەم غەزەلە ئەگەر چی لەجەرگەی زاری گۆرانییەوە چەرەکەی کردوە بەڵام هەر لەوێ نەماوەتەوە، لەم سەدەی بیستەمەدا پەرییەوە بۆ سنووری زاری کرمانجی خواروو. پیرەمێردکە زۆر کەوتبوە ژێر کاریگەری شاعیرانی زاری گۆرانی وەکو بێسارانی و مەولەوی و زۆر شیعری کردوون بەکرمانجی خواروو(٤٦)، خۆیشی ئەم ڕێبازەی نووسینی غەزەلی پەسندتر کردوەو زیاتر پەرەوی کردوە. ئەم جۆرە غەزەلە نیشانەو خاسیەتی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو: بنەمای ڕەسەنی فۆلکلۆری، کێشی خۆماڵی دە برگەیی (٥+٥)، یەکێتی بابەتی سەراپای هۆنراوە، سەروای مەسنەوی، دووبارە کردنەوەی نیوەی لەتی یەکەم لەدێری یەکەم، بەکارهێنانی زمانێکی پاك و پاراوی کوردی. ئێستایش بۆشی کردنەوەو هەڵسەنگاندنی سەروای غەزەلی خۆماڵی.

(46) پیرەمێرد زۆر شیعری بێسارانی کردوە بەکرمانجی خواروو ولەدیوانەکەیدا هاتوون، جگە لەوەی نزیکەی هەر هەموو شیعری مەولەوی کردوە بەکرمانجی خواروو و بەناوی ڕۆحی مەولەوی چاپی کردوە. (دیوانی مەولەوی، گۆرینی پیرەمێرد، چاپخانەی – سلمان الاعظمی – ، بەغداد، ١٩٦٨.)

Scanned with CamScanner

سەروای غەزەلی خۆمالّیی :

أ- سەروای غەزەلی خۆمالّیی بەگشتی مەسنەوییە، هەردوو لەت بەیەکەوە دێرێك پێك دێنن و سەروایەك دەیانبانەوە سەریەك. ئەم دیاردەیە شاعیر کەمتر ماندوو دەکات و بەیەکێتی سەرواوە نابیەستێتەوە، لەئەنجامدا وای لێ دەکا بێن درێژترێ و ئازادانەتر پەل بەهەموو لایەکدا بهاوێ.

ب- لەباتی تەسریعی غەزەلی ئیسلامی، دێری یەکەمی غەزەلی خۆمالّی لەسەر بنەمای دووبات کردنەوە (التکرار) دادەمەزرێ. زۆر جار پێی یەکەم و دووەمی لەتی یەکەم هەمان شتە دووبارە دەبێتەوە وەکو رەنجووری دەڵێ:

دڵە نامەنی ، دڵە نامەنی
عەجائب پابەست، نانەو نامەنی[٩٦ : ٦٩].

جاری وا هەیە هەمان پێ لەکۆتایی لەتی دووەمیش دێتەوە، بەمەوە لەچوار پێی دێری یەکەم، سێیان دووبارەن (٤،٢،١) تەنیا پێی سێیەم دەگۆڕێ، بۆ نموونە بێساراني لەسەرەتای هۆنراوەیەکدا دەڵێ:

تەشریف نەوەردی، تەشریف نەوەردی
(یا)ی شەمالّ چێش بێ، تەشریف نەوەردی[٣٧ : ٦١]

پێی (تەشریف نەوەردی) سێ جار هاتووە. ئەم دووبارە بوونەوەی پێیەکانی سەرەتای هۆنراوە بۆ چەند مەبەستێك دەبێ، گرنگترینیان ئەمانەن:

- بۆ نامەزراندنی کێش و کەوتنە سەر ئیقاع و مۆسیقای شیعرەکەو جەخت کردن لەسەر شوێنی وەستانی ناودێر -Cesure- چونکە لەشیعری ژمارەییدا، شوێنی ئەم وەستانە بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ راگرتنی کێشەکە.

- نامەزراندنی سەروا، بەدووبارە کردنەوەی چوار جار لەیەك تاکە دێرەا، تا ئەم تێر سەروایە شیعرییەتەکەی قووڵتر بکاتەوەو لەدێرەکانی دواوەش سەروای بەئاسانی بۆ بێت.

- بۆ راکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆ کەش و هەوای شیعرەکەو راهێنانی لەگەڵ سەرواو ئیقاع و ئاوازی هۆنراوەکە.

- جەخت کردن لەسەر ناوەرۆکی بابەتەکە، چونکە کرۆکی بابەتەکە لەدێری یەکەمەوە دەخرێتە ڕوو، ئینجا لەدێرەکانی تر ڕافە دەکرێ و فراوان دەکرێتەوە. بێسارانی دەیەوێ باسی تاسەو پەرۆشی خۆی بکات، لەیەکەم دێرەوە تیشکی بۆ ناوێ و جەختی لەسەر دەکا:

تاسەی زەروری، تاسەی زەروری
دەردی بێ هامدەرد، تاسەی زەروری[٣٧ : ٥٥].

Scanned with CamScanner

بۆ سەلماندنی ئەم دیاردەیەو چەسپاندنی وەکو دەستوورێکی غەزەلی خۆمالی، ئەم سەرژمێرەمان لەدیوانی (١٠) شاعیری ڕاری گۆرانی ئەنجامدا کە زۆر ئاشکرا دووبارە بوونەکە وەکو ڕەگەزێکی بنچینەیی غەزەل ساغ دەکاتەوە:

دیوانی	ژمارەی غەزەل	بەدووبارە بوونەوە	بێ دووبارە بوونەوە	ڕێژەی سەدی دووبارەبوەکان
وەلی دێزانە	٥٥	٥٤	١	٪٩٨.١
ڕەنجووری	١٠٣	٩٢	١١	٪٨٩.٣
بێسارانی	١٠٩	٩٠	١٩	٪٨٢.٣
مەستووڕە	١٩	٨	١١	٪٤٢.١
سەیدی	٧٠	٣٧	٣٣	٪٥٢.٨
مەولەوی	٢١٣	١٢	٢٠١	٪٢.٦
جەفایی	٧٥	٩	٦٦	٪١٢
مەلا عەباس حیلمی	٢٠٦	١٥٠	٥٦	٪٧٢.٨
خلیل مونەوەر	٥٤	١٨	٣٦	٪٣٣.٣
مەلای جەباری	٣٧	١٤	٢٣	٪٣٧.٨
هەمووی	٩٤١	٤٨٤	٤٥٧	٪٥١.٤

خشتەی (١) ڕێژەی سەدی دووبارە کردنەوەی دەستەواژەی پێی یەکەمی دێڕی یەکەمی غەزەلی گۆرانی.

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێ:

- زیاتر لەنیوەی غەزەلەکان (٥١.٤٪) ئەم جۆرە دووبات کردنەوەیان لەدێڕی یەکەم پەیڕەو کردوە.
- وەلی دێزانە لەهەموو شاعیرەکانی تر زیاتری بەکار هێناوە. (٩٨.١٪)ی شیعرەکانی بەم شێوازە دەست پێدەکەن.
- مەولەوی لەهەموویان کەمتری بەکار هێناوە. تەنیا (٢.٦٪)ی شیعرەکانی ئەم هونەرەیان تێدا هەیە.
- ئەگەر شاعیرەکان بەگوێرەی زۆر بەکار هێنانی ئەم دووبارە کردنەوەیەی سەرەوە ڕیز بکەین،

Scanned with CamScanner

بەم جۆرە دەردەچێ: (وەلی دێوانە، رەنجووری، بێسارانی، مەلا عەباس کاکەیی، سەیدی، مەستوورە، مەلای جەباری، خەلیل منەووەر، جەفایی، مەولەوی).

مەولەوی کە لوتکەیەکی بەرزە، لەئەدەبی کوردی بەگشتی و زاری گۆران بەتایبەتی، کەمتر لای لەم دیاردەیە کردۆتەوە، چونکە لەوە دەچێ دیاردەکە زیاتر فۆلکلۆری بێ، ئەوەتا وەلی دێوانە کە شیعرەکانی لەهەموو شاعیرانی تر سادەو میللی ترە، لەهەموویان زیاتر ئەم دیاردەیەی بەکار هێناوە. ئەم هەڵوێستەی مەولەوی سەرنجی تۆژەرەوە کوردەکانی تریشی راکێشاوە. ئەنوەر جاف لەنامەی دکتۆراکەیدا دەڵێ: (بەپێچەوانەی گەلێ لەشاعیرانی دیالێکتیکی گۆرانییەوە، مەولەوی نەعیبری یەکەمی نیو بەیتی یەکەم زۆر دووبارە ناکاتەوە[٢٠ : ١٩٦].

جێی سەرنجە، ئەم جۆرە دووبات کردنەوەیەی سەرەتا هەر لای شاعیرانی گۆران نەماوەتەوە، بۆ زاری کرمانجی خوارووش پەرپوەتەوە. بۆ نموونە شێخ سەلام لەسەرەتای هۆنراوەی (تۆزێ لەنجەولار)، ئەم دەستەواژەیە (٣) جار دووبارە دەکاتەوە:

تۆزێ لەنجەولار، تۆزێ لەنجەو لار،
ناسك و نازدار، تۆزێ لەنجەولار[١٠٩ : ٨٩].

سەلام ئەم دیاردەی لەشیعری (نەبجوولێ گوێ چەمە)یش[١٠٩ : ٩١] هێناوە.

جگە لە سەلام، پیرەمێرد، سەرەتای (٣٨) هۆنراوەی بەم دووبارە کردنەوەیە دەست پێ کردوە، هەربۆ نموونە بڕوانە پیرەمێردی نەمر[٤٤]، لایەڕەکانی (١٠٨، ١٤٠، ١٧٥، ٢٣١، ٣٠٤).

جـ-لەم جۆرە غەزەلەدا، جگە لەو دووبات کردنەوەی لەدێری یەکەمدا دەکرێ، وا دەبێ شاعیر سەروای مەسنەوی یەکەم و دووەم یەك بخا، لەو حاڵەتەدا لەسەرەتای هەموو هۆنراوەیەکدا لەباتی دوولەت، چوار لەت هاوسەروا دەبن، وەکو بێسارانی لەسەرەتای هۆنراوەیەکیدا دەڵێ:

چراغم شەهید، چراغم شەهید
وەختێ وەنیگات، مەکەریم شەهید
بۆ بەشقی خوای حەمیدو مەجید
جەزولفی سیات یەك تایێ وەحید[٣٧ : ٨٩].

دێری یەکەم کە (چراغم شەهید)ی تێدا دووبارە بۆتەوەو سەرواکەی (ید)ە، ئەم سەروایە لەدێری دووەمیش پەیڕەو کراوە (مەجید و وەحید). ئەم دیاردەیە وەنەبێ شتێکی ڕێکەوت و سەرەڕۆ بێ، بەڵکو وەکو دەستوورێك وایە، هەر کاتێ دێری یەکەم دووبارە بوونەوەی دەستەواژەی پێی یەکەمی تێدا بێ، مەگەر بەدەگمەن، ئەگەرنا سەرواکەی لەدێری دووەمیش دووبارە دەبێتەوە. بۆ سەلماندنی ئەم ڕایە، با سەیری ڕێژەی دووبارە بوونەوەی دەستەواژەی دێری یەکەم و یەکخستنی سەروای دوو دێری سەرەتا بکەین لای دە شاعیرەکەی پێشوو:

Scanned with CamScanner

دیوانی	ژمارەی غەزەل بەدووبارە	ژمارەی هاوسەروای دێری ٢،١	ڕێژەی سەدی
وەلی دێوانە	٥٤	٥٤	٪١٠٠
ڕەنجووری	٩٢	٨٩	٪٩٦،٧
بێسارانی	٩٠	٩٠	٪١٠٠
مەستوورە	٨	٨	٪١٠٠
سەیدی	٣٧	٣٦	٪٩٧،٢
مەولەوی	١٢	١٢	٪١٠٠
جەفایی	٩	٩	٪١٠٠
مەلا عەباس حیلمی	١٥٠	١٥٠	٪١٠٠
خلیل مونەوەر	١٨	١٨	٪١٠٠
مەلای جەباری	١٤	١٤	٪١٠٠
هەمووی	٤٨٤	٤٨٠	٪٩٩،١

خشتەی (٢)، ڕێژەی سەدی یەك خستنی سەروای مەسنەوی (٢،١) لەگەڵ ئەو غەزەلانەی دەستەواژەی یەکەمی دێری یەکەمیان دووبارە دەبێتەوە

لەم خشتەیەدا دیارە:

- (٨) شاعیر لەسەدا سەد پەیڕەوی ئەو دەستوورەیان کردووە.

- تەنیا دوو شاعیر لەو دەستوورە لایان داوە، ئەوانیش بەڕادەیەکی کەم، یەکەمیان سەیدی لە(٣٧) هۆنراوەدا تەنیا لەیەکێکیان پەیڕەوی نەکردوە کە دەکاتە ٢،٨٪ ڕەنجووری لەسەرجەمی (٩٢) هۆنراوەدا، لە(٣) هۆنراوە گوێی بەم دەستوورە نەداوە کە دەکاتە ٣،٢٪

- کەواتە وەکو دەستوورێك دەتوانین بڵێین غەزەلی گۆرانی دێری یەکەم و دووەمی هاوسەروا دەبن. ئەم دەستوورە نەك غەزەلی ڕاری گۆرانی دەگرێتەوە، ئەو شیعرانەش دەگرێتەوە کە بەڕاری کرمانجی خوارووو نووسراون بەڵام بەدەستووری غەزەلی خۆمالی دارێژاون. سەلام دوو هۆنراوەی مەسنەوی هەیە، لەدێری یەکەم دەستەواژەی پێی یەکەمی دووبارە کردۆتەوە، لەهەردووکیاندا دێری یەکەم و دووەم هاوسەروان. پیرەمێرد لەو (٣٨) هۆنراوەی دەستەواژەی یەکەمی تێدا دوبارە

Scanned with CamScanner

گرێوونەتەوە، تەنیا لە(٤) هۆنراوەدا لەو دەستوورە لای داوە کە دەکاتە (٥, ١٠٪)ی هۆنراوەکان.

د- ئەگەرچی سەروای غەزەلی خۆمالّی مەسنەوییە، بەلاّم شاعیر بەزۆری دلّی بەمەسنەوی‌دا ناکەوێ، حەزلەدووبارە کردنەوەی هەمان سەروا دەکا لەچەند مەسنەوییەکی دوای یەک. بۆ نموونە شیعری لاپەرە (١٣٦)ی دیوانی رەنجووری زۆریەی تەسریعەو سەروای لەتەکان یەکە (-ەسم)، ئەم دیاردەیە لای جەفایی [٥٤ : ٣٩، ٥٥، ٦١، ٨٣، ٩٥]و لای وەلی دێوانە [٢١٥ : ٤٤]و لای بێسارانی [٣٧ : ٨٣، ١٠١]و لای مەولەوی [١٨٦ : ٣٠٧، ١٨٢، ١٤١]و... بەرچاو دەکەوێ، لەوەش زیاتر، شاعیر زۆرجار هەر بەیەک خستنی سەروای چەند مەسنەوییەک واز ناهێنێ، بگرە سەراپای هۆنراوەکەی تەسریع دەکا، واتە هەر لەسەرەتاوە تاکۆتایی لەتەکان یەک سەروایان دەبێ. سەراپای دیوانی عەباس حیلمی کاکەیی، چەند هۆنراوەیەکی کەمی لێ دەرچێ ئەوەی دی هەمووی موسەرپەعە. ئەم دیاردەیە لای بێسارانی [٣٧ : ١٤٧]و جەفایی [٥٤ : ١٣٦، ٤١، ١٢٣، ١٥١، ١٦٠]و رەنجووری [٩٦، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٢٩، ١٤٤]و وەلی دێوانە [٢١٥ : ٢٢،...]و... دووبارە بۆتەوە.

هـ- شاعیر زۆرجار لەم جۆرە غەزەلەدا، وەکو غەزەلی ئیسلامی، پەیڕەوی تەشتیر دەکا. هەر لەتێکی دەکا بەدوو پارچە، هەر دێرێکی دەبێ بەچوار پارچە، بەلاّم لەوەدا لەتەشتیری غەزەلی ئیسلامی جیایە، لەوێ هەر پارچەیەک دوو تەفعیلەی عەرووزی دەردەچێ، لێرە هەر پارچەیەک یەک پێی کێشی خۆمالّییە (٥ برگەیی). تەشتیر لەغەزەلی خۆمالّیدا، بەزۆری بەدوو جۆر دەبێ:

- وا دەبێ هەر چوار پارچەی مەسنەوییەکە یەک سەروایان هەبێ، وەکو مەولەوی دەلّێ:

تینەت نەزیفێ، زینەت زەریفێ
خەلقی لەتیفێ، خولقی شەریفێ [١٨٦ : ٤٨٤].

مەسنەوییەکە لەئەسڵدا سەروای (-ەریفێ)یە، ئینجا هەمان سەروا لەناوەڕاستی هەردوو لەتدا هاتوە، جگە لە سەروای ناوەوە، ئاوازی وشەکان بەجۆرێکی وا گونجاو بەیەکەوە هاتوون، هەر دەڵێی ئاوی ڕەوانە بەنەرم و هێمنی، بەسەرواو ئاوازێکی ناسک شۆڕەبێتەوە ناخی مرۆڤ. ئەو ئاوازەی جگە لەسەروا لە وشەکانی سەروادا هەیە (نەزیفێ، زەریفێ، لەتیفێ، شەریفێ)، جگە لە وشە هاوجێکانی (تینەت، زینەت) هاوکێش و هاو ئاواز و هاوسەروان، (خولقی، خلقێ)یش لەنیوەی دووەمدا سەرباو دەنگدانەوەیان زۆرلەیەک دەکات.

- وا دەبێ مەسنەوییەکە سەروای خۆی هەبێ، پارچەکانی پێشەوەی هەردوو لەتیش لەگەڵ یەکتر هاوسەروابن، هەر مەولەوی لە دێرێکی ترا دەڵێ:

خورشید ئەتواریّ، نیلۆفەڕ زەوقیّ
عەزرا عوزاریّ، وامیقیّ شەوقیّ [١٨٦ : ٤٨٢].

سەروای کۆتایی مەسنەوییەکە (-ەوقیّ)لە (زەوقیّ، شەوقیّ)دایە، ئینجا پارچەی یەکەمی هەردوولەتەکە بە سەروای (-اریّ) بەیەکەوە بەسراون کە لە وشەی (ئەتواریّ، عوزاریّ)دا هەیە.

Scanned with CamScanner

مەولەوی لێرەش هەر بەسەروای ناوەوە و تەشتیرەکە وازی نەهێناوە ، لەپاڵ ئەمیشا ، یاری بە دووبات کردنەوەی دەنگی وشەکان کردووەو جۆرە مۆسیقایەکی زیادەکی بەئاوازی دێرەکە داوە و وشەکانی تووند بەیەکەوە شەتەك داوە . وەکو دەنگی (ع،ز) لە (عەزرا و عوزار)، دەنگی (ق) لە وشەی (وامیق ، شەوق)، هەردوو پارچەش لە ڕووی دەلالیەوە بە وشەی (عەزرا، وامیق) بەیەکەوە بەسراون کە ئەوانیش خۆشەویستی بەیەکەوە بەستبوونیەوە، ئەمە زیاتر تەرسیعە نەك تەشتیر.

و- پاش سەروا (ڕەدیف) لەغەزەلی خۆمالێیدا ، لەگەڵ مەسنەوی دەڕوا ، چونکە پاش سەروا بەزۆری بەندە بە سەروا ، لەکۆی سەروا هەبوو دەشێ پاش سەروا بۆ خۆی ڕابکێشێ ، جا ئەو سەروایە یەك جار دووبارەبێتەوە یان سەدجار ، لەغەزەلی خۆمالێیدا ، زۆر جار سەرباری ئەوەی دێرەکان سەروایان مەسنەوییە ، یەك پاش سەروا چەند مەسنەوییەك پێکەوە دەبەستێتەوە وەکو وەلی دێوانە [٢١٥ : ٣١ ، ٤٥ ، ٦٥ ، ٧١ ، ٨٠] و بێسارانی [٣٧ : ٤١ ، ١٠٢] و مەستوورە [١٨١ : ٢٤ ، ٢٦ ، ٤٥ ، ٥٦ ، ٦٥] و ڕەنجووری [٩٦: ٥٢ ، ٥٤ ، ٩٤ ، ٩٧ ، ١٣٥ ، ٢٠٤ ، ٢٢٧] و مەولەوی [١٨٦ : ١٠٠] . زۆرجاریش یەك پاش سەروا لەگەڵ هەر هەموو مەسنەوییەکانی هۆنراوەکە دێتەوە، وایش دەبێ یەك دوو مەسنەوی مل نادەن بۆ پاش سەرواکە ، وەکو وەلی دێوانە [٢١٥ : ٧٣] وشەی (شەم)ی کردوە بە پاش سەروا ، تەنیا دوو دێری کۆتایی بە ڕووتی هێناوە، ئەوەی تر (١٥) مەسنەوییە هەموویان بەم پاش سەروایەوە لکاون. یان ڕەنجووری[٩٦ : ٩٧]، لەهۆنراوەیەکی (١٢) مەسنەویدا ، (بۆ)ی کردوە بە پاش سەروای گشتی ولەکۆتایی هەموو دێرەکان دووبارە بۆتەوە، تەنیا دێری (٧،٨،١١) نەبێ ، پاش سەرواکەیان ڕەت کردۆتەوە .

لەنێوان غەزەلی ئیسلامی و غەزەلی خۆمالێ :

ئەم دوو جۆرە غەزەلەی کوردی ، کە هەرلەسەرەتاوە لەیەك جیا بوون و هەریەکە سەربەخۆ و بەپێی بنەماو دەستووری تایبەتی خۆیەوە گەشەی کردوە و بەرەی سەندوە ، لەزۆر لاوە جیاوازن وەکو بنەمای دەرکەوتن و خاسیەتی وەکو کێش و سەروا و زمان و بابەت و ڕاری نووسین ... لەبەراوردی ئەم دوو جۆرە غەزەلە چەند تێبینیەك گەلاڵە دەبێ پێویستی بەئاماژەکردنە :

لەبارەی کێش و سەرواوە ، غەزەلی ئیسلامی لەسەر کێشی دەستکاری کراوی عەرووزی و یەکێتی سەروا دەڕوا، کەچی غەزەلی خۆمالێ بە کێشی خۆمالێ دە بڕگەیی (٥+٥) و سەروای مەسنەوی دەنووسرێ. ئەمە لەسەرەتاوە وەك دەستوورێکی پتەو پەیڕەوی کراوە ، بەڵام لەئەنجامی تێکەڵاوی و کاریگەری شاعیرانی زارە جیاکان، جۆرە تێکەڵی و بەناویەکدا چوونێك لەم دوو ڕەگەزەی غەزەل پەیدا بوە. جۆرە غەزەلێك سەری هەڵدا دەشێ پێی بڵێین (نیمچە ئیسلامی، یان نیمچە خۆمالێ)، چونکە لە نێوان هەر دوو جۆرەکەدایە. لەم دوو ڕەگەزەی باس کران (کێش و سەروا)، هەریەکەی لە جۆرە غەزەلێك خواستۆتەوە ولەیەکی داون و غەزەلێکی تازەی لێ دروست کردوون، ئەمیشیان دووجۆرە :

Scanned with CamScanner

- وا دەبێ کێشی غەزەلی ئیسلامی (عەرووزی) وەرگیرابێ و لەگەڵ دەستووری سەروای غەزەلی خۆماڵی (مەسنەوی) لێك درابێ ، غەزەلێك دەرچووبێ بە کێشی عەرووزی و سەروای مەسنەوی .
وەک نموونەی هۆنراوەکانی ئەوپەڕ حمان بەگی بابان لەم بابەتەن ، لە هۆنراوەیەکدا دەڵێ:

من بەحەفتا سااڵوە کەوتوومە داوی ناسکێ ..... A
چاو غەزاڵێ ، وردە خاڵێ ، بەژن و باڵا ناسکێ ..... A
ئەو بەحەفدە ساڵەوە وەك دارگوڵی تازە و تەڕە ..... B
دڵ فرێنە ، دڵ ستێنە ، دڵ شکێنە ، دڵبەرە ..... B [٢٥ : ٤٨] .

هۆنراوەکە (١٢) دێرەو هەموی سەروای مەسنەویە . ئەم جۆرە غەزەلە لای زۆر شاعیری تر بەرچاو دەکەوێ ، بەتایبەتی شاعیرانی سەدەی بیستەم کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی نوێخوازی نەتەوەکانی دەوروبەرو سوودیان لە فۆلکلۆر دەبینێ بۆ وشەو دەستەواژەی کوردی ڕەسەن و بابەتی نوێ و سەروای مەسنەوی و کێشی خۆماڵی وەکو شێخ نووری (٦) هۆنراوەو چرۆستانی (٢) هۆنراوە و کانی (٢) هۆنراوە و بێوەی (١) هۆنراوەو ئەدەب (٣) هۆنراوەو بەختیار زێوەر (١٠) هۆنراوەو مینە جاف (٨) هۆنراوەو خادیم (١٢) هۆنراوەو حەمدی (١) هۆنراوەو حەریق (١) هۆنراوەی لەم بابەتەی هەیە.

- وا دەبێ بەپێچەوانەی کێشی شیعرەکە وەکو غەزەلی خۆماڵی کێشی خۆماڵی (دە بڕگەیی: ٥+٥) بێ، بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا لەباتی مەسنەوی شاعیر یەکێتی سەروای تێدا پەیڕەو کردبێ .
بیرەمێرد لە شیعرێکدا کە بەم جۆرەی نووسیوە دەڵێ :

ئۆخەی بەسەرچوو زستانی بێژین
ئەمڕۆ بەهارە غونچەی باغی ژین
نزیکە دەرچێ بەدیاری و خەاڵت
بۆمان هەڵبدرێ لەدیوی پەرژین [٤٣ : ٢٥٣] .

ئەم شیعرە لەسەر کێشی خۆماڵی دە بڕگەییە ، بەاڵم لەسەرەتا تا کۆتایی یەك سەروای هەیە (سەژین) وەکو غەزەلی ئیسلامیش دێری یەکەم تەسریع کراوە. ئەم جۆرە غەزەلە لای شاعیرانی ترییش بەرچاو دەکەوێ : حیلمی و شێخ ڕەزا و عەونی یەکەو (١) هۆنراوە، لوتفی (٢٧) هۆنراوە و شاکەلی (٤) هۆنراوە و شاهۆ (٣) هۆنراوەو کەمالی (٣) هۆنراوەو ویسالی (٤) هۆنراوەو شاری (١٤) هۆنراوەی بەم جۆرە غەزەلەنووسیوە .

• بزووتنەوەی نوێخوازی لە شیعری کوردی ، غەزەل و قەسیدە ، لە غەزەلی ئیسلامییەوە بەرەو غەزەلی خۆماڵی دەبا ، چونکە یەکەم بنەوانی لە شیعری نەتەوەکانی تر وەرگرتوە و ڕەسەن نییە ، کەچی دوەمیان سەرچاوەکەی بۆ ئەدەبی فۆلکلۆری دەگەڕێتەوە و بنەمایەکی ڕەسەنی هەیە ، یەکێ لە ڕەگەزەکانی نوێخوازی گەڕانەوەیە بەرەو ڕەسەنایەتی ، چ لە وشە بێ و چ لە دەستووری شیعری بێ و چ لەبابەت و کەرەستەی نووسین بێ .

Scanned with CamScanner

دوەم- تەسمیت و تەرجیع بەندو تەرکیب بەند :

ئەم سێ هونەرە شیعرییە لەوە یەک دەگرنەوە کە لەسەر بنچینەی دابەش کردنی شیعر بۆ چەند پارچەی جیاواز هاتوون. ئەو پارچانە لەهەندێ سەرەوە لێک دادەبڕین و لەهەندێ سەرەوە بەیەکەوە دەبەسرێنەوە. لەم دابڕاندن و بەیەکەوە بەستنەوەیەدا سەروا دەوری خۆی دەبینێ. لە هەر هۆنراوەیەکدا، پارچەکان، جگە لەیەری گشتی و کێش، بەسەروای یەک دوو لەتی کۆتایی پارچەکان یان بەشێوەی دابەشبوونی لەت و سەروای لەتەکان بەیەکەوە دەبەسرێنەوەو بەگوێرانی سەروای لەتەکان لێک دادەبڕێن. بەڵام ئەم سیبانە هەریەکە دەستوورو خەسیەتی خۆی هەیەو بەپێی سیستەمی تایبەتییەوە کار دەکات و پەردەسێنێ.

تەسمیت لەبنچینەدا لەسەر چۆنیەتی دابەشبوونی سەروای لەت هاتووە نەک دێر. ژمارەی لەتەکانی پارچەی تەسمیت بەزۆری لەنێوان (٤-٨) دایە. بەگوێرەی ژمارەی ئەولەتانەی لەکۆتایی پارچەکاندا سەروایان دەگۆڕێ، دوو جۆرە تەسمیت هەیە.

أ- وا دەبێ لەهەر پارچەیەکدا، تەنیا یەک لەتی کۆتایی سەروای دەگۆڕێو لەتەکانی پێشەوە ژمارەیان هەرچەندەی هەبێ (٣-٧) هاوسەروا دەبن، ئینجا سەروای لەتی کۆتایی هەموو پارچەکان یەک شت دەبێو پارچەکان بەیەکەوە دەبەستێنەوە. ئەم جۆرەیان، لەکوردیدا، بەتایبەتی لەو هۆنراوانەدا زۆرە کە بۆ پارچەی چوار لەتی و پێنج لەتی دابەش بووین، ئەمەیان دوو جۆرە:

- وا دەبێ لەتی کۆتایی پارچەکان تەنیا سەروایان وەکو یەک بێو بەیەکەوە بیانبەستێتەوە. لە نموونەی چوارینە وەکو (لەو رۆژەوە رۆیشتوە)ی بێخود [٣٦ : ٦٦]و (بەندی شەمال)ی پیرەمێرد [٤٤ : ٣٤٩]و (بەهەشت)ی بێکەس [٣٨ : ٦٦]. بۆ پارچەی پێنج لەتی، ئەو هەموو پێنج خشتەکییانە دەگرێتەوە کە شاعیران لەسەر شیعری یەکتریان کردوە. ئەمە نموونەی لەشیعری کوردیدا، زۆرە پێویست بەئاماژە کردنی ناکا. پێنجینەیش لەکوردیدا زۆرە، هەر بۆ نموونە وەکو (نەورۆز نامەی نەورۆز بەرۆژن)ی پیرەمێرد [٤٤ : ٣١٣]و (کاکی زالم) [١٥٥ : ٦٦]و گلەیی لەچەرخ [١٥٥ : ٦٦]و نامەیەک [١٥٥ : ٨٣]ی قانیع.

- وا دەبێ لەتی کۆتایی لە هەموو پارچەکاندا یەک شت بێو وەکو خۆی بێ دەستکاری بێو دووبارە بێتەوە. ئەم لەتە دووبارە بووەوە دەوری بەیەکەوە گرێدانی پارچەکان دەبینێ، چونکە دوای هەر پارچەیەک دەگەڕێتەوە سەر هەمان شت. ئەمە تونديو پتەوییەکی زیادە بەیەکێتی پارچەکان دەدا وەکو: (لاوی کوردان)ی دڵدار [١٢٥ : ٢٠٢] کە دابەشی پارچەی چواریی کردوەو لەتی کۆتایی هەموو پارچەکان هەمان شتە (بەگوێرانێکی کەمی هەندێ وشە): (لاوی کوردان هەر لەدەوری مەی ئەکەن غیرەتکەشی). هەندێ جار (لاوی کوردان) بووە بە(لاوی ئێمەش)و یان سەرەتاکەی

Scanned with CamScanner

لەباتی (لاوی کوربان هەر) بوە بە(عەیبە چیتر بەس).. یان وەکو (ئەو بلیەرو)ی بێکەس [٣٨ : ١١٢] کە لەتی چوارەمی هەموو پارچەکان ئەمەیە: (باوەڕ بەوەعدەی ئەو نەکەی). لەبێنجینەیشدا وەکو (فەرمانی میری بۆتانە)ی پیرەمێرد [٤٤ : ٣٤٥] کە لەکۆتایی هەموو پارچەکان ئەم ڕستەیە دووبارە دەکاتەوە، یان وەکو ئەم بێنجینانەی قانیع کە لەهەموویاندا لەتی بێنجەم لەهەموو پارچەکانی هۆنراوەکەدا یەك شتە، (بۆ وەتەن بێشەی شێرانم) [١٥٥ : ٧٢] (دێتنی ئالاْ) [١٥٥ : ٧٤]، (لەگەلْ ژانین) [١٥٥ : ١٤١]. یان وەکو (لەڕێگەی چەمچەمالْ)ی سەلام [١٠٩ : ١٠٢] کە لەکۆتایی هەموو پارچەکاندا (بەر تۆ هەژاران، عەلیە جۆ) دووبارە دەکاتەوە.

ب- وا دەبیْ لەهەر پارچەیەکدا (ژمارەی لەتەکانی هەرچەندی بیْ) لەتەکانی هاوسەروا دەبن تەنیا دوو لەتی کۆتایی نەبیْ کە لە نێوخۆیاندا هاوسەروابن ولە لەتەکانی تر جیابن. بەمەوە کۆتایی هەر پارچەیەك وەکو مەسنەوی خۆی دەنوێنیْ. ئەمە سیْ لقی لیْ دەبێتەوە:

١- وا دەبیْ لە هەموو پارچەکان مەسنەویەك وەکو تەرجیع لەکۆتایی هەموو پارچەکان دووبارە دەبێتەوە. لەم حاڵەتەدا مەسنەویەکە بە: دووبارە بوونەوەی گشتی و سەرواوە، هەموو پارچەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، وەکو هۆنراوەی (قانیع و سەری) [١٥٥ : ٢٤٣]ی قانیع کە (١٠) پارچەی شەشینەیە، لەهەر پارچەیەکدا چوار لەتی پێشەوە هاوسەروان و دوو لەتی کۆتایی (مەسنەوی)ن. لەهەموو پارچەکان یەك شتە دووبارە دەبێتەوە:

لە خوا ئەخوازم کە بە بڕین چیْ
تا دوا هەناسەی بە ژاڕو شین چیْ [١٥٧ : ٢٤٣].

قانیع لەشەشینەی (قانیع دەڵی) [١٥٥ : ٢٤٥]و بێکەس لەبێنجینەی (دڵ) [٣٨ : ٨٤] هەمان شتیان کردوە. ئەمەیش لەبەر ئەوەی مەسنەوی کۆتایی هەموو پارچەکانی هەمان شتە پێی دەگوتریْ (تەسمیتی تەرجیع).

٢- وا دەبیْ مەسنەوی کۆتایی هەموو پارچەکان یەك شت نەبیْ، لەپارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی تر بگۆڕیْ، ئەمە لەڕووی سەرواوە دوو جورە:

•وا دەبیْ سەروای مەسنەوی کۆتایی هەموو پارچەکان یەك بیْو بەم سەروایە پارچەکان بەیەکەوە ببەسرێنەوە، وەکو هۆنراوەی (لەسەر لوتکەی پیرە مەگروون)ی بەختیار زێوەر [٣٢ : ١٩٠] کە (٩) پارچەی شەشینەیە. هەر نۆیان سەروای مەسنەویەکانی کۆتایی (-اسین)-ە: یان وەکو بێنجینەی (بەشارەت بیْ لەقەومی کورد)ی بێکەس [٣٨ : ٧٥].

•وا دەبیْ سەروای مەسنەویەکان یەك نەبیْ، مەسنەوی کۆتایی هەر پارچەیەك سەروای سەربەخۆی هەبیْ، کە لەسەروای لەتەکانی تری هەمان پارچەو لەسەروای مەسنەویەکانی تری پارچەکانی تریش جیابیْ، وەکو (مەلی گیرۆدە)ی سەلاْم [١٠٩ : ١٣٧]. ئەم جۆری دوەمینە

Scanned with CamScanner

لەبەر ئەوەی سەروای پارچەکانی لەسەر بنچینەی لەت هەستاوە (تەسمیتە)ولەبەر ئەوەی. دێرێك (مەسنەوی) نەك (تەنیا یەك لەت) لەکۆتایی هەموو پارچەکان سەروای دەگۆڕێ، وەکو تەرکیب بەند خۆی دەنوێنێ، بۆیە دەشێ پێی بگوترێ (تەسمیت تەرکیب).

•وا دەبێ پارچەکان سەروایان لەسەر بنچینەی لەت هاتبێ ولەکۆتایی هەر پارچەیەکیشدا سێ لەت سەروایان لەسەروای لەتەکانی پێشوو جیا بێ. لەم سێ لەتەیش یەك یان دوو لەتیان لەپارچەیەك بۆ پارچەیەکی تر بگۆڕێن جا سەروایان هەمان شت بێ یان سەروایان جیابێ ولەتی کۆتایی لەهەموو پارچەکان وەکو خۆی دووبارە بێتەوە، وەکو هۆنراوەی (چرای کوردستان)ی جزیری کە (٥) پارچەیەو هەر پارچەیەك (٢٥) لەتە (٢٢) لەتیان هاوسەروان و سێ لەتی کۆتاییان هاوسەروان ولەسەروای لەتەکانی پێشەوە جیان، ئەم سێ لەتەی کۆتاییش لەنێکیان لەپارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی تر دەگۆڕێ بەڵام لە هەر (٥) پارچەدا سەروای لەگەڵ دوو لەتی کۆتایی وەکو یەکە. ئەگەر هەر پێنجیان کۆبکەینەوە پارچەیەکی (٥) لەتی هاوسەروای سەربەخۆی لێ دەردەچێ. پارچەکە بەم شێوەیەیە :

ژخو دێرا قەکە بەندا بەرێ ..... پارچەی (١)
زوهرە رەنگێ و شەفەق مشتەرێ ..... پارچەی (٢)
ماوە دلبەر دکرن دلبەرێ ..... پارچەی (٣)
نەکری تەرك تولێ کافرێ ..... پارچەی (٤)
تو بشیرانی ولە ب شەککەرێ ..... پارچەی (٥) [٥٨ : ٥٣٤-٥٣٩].

بەڵام دوو لەتی کۆتایی لەهەموو پارچەکان بە دەقە خۆی، بێ گۆڕان و دەستکاری دووبارە دەبێتەوە:

(دین بەرێ حۆری میسا لێ زەرێ نازکێ نەیشەکەرێ سوڕ پەرێ).

ئەم جۆرە: لەبەر ئەوەی سەروای پارچەکانی لەسەر لەت هاتووە (تەسمیتە)، لەبەر ئەوەی هەموو پارچەکان کۆتاییان بەچەند لەنێك هاتوە (یەکێکیان دەگۆڕێ) کە سەروای لەگەڵ سەروای لەتەکانی پێشوو جیایە (تەرکیبە)ولەبەر ئەوەیش کە لەکۆتایی هەر پارچەیەکدا، دوو لەت کت و مت وەکو خۆی بێ گۆڕان دووبارە دەبێتەوە (ترجیعە)، کەواتە ئەم جۆرەیان پێی بگوترێ: (تەسمیتی تەرجیع تەرکیب).

چەند سەرنجێك لەبارەی هونەری تەسمیت:

١- بۆی هەیە لەهەموو جۆرەکانی تەسمیت پارچەی یەکەم وەکو تەسریع وابێ، واتە لەسەرەتا تاکۆتایی هەموو لەتەکانی هاوسەروا بن و ئینجا بۆ پارچەی دوەم و پارچەکانی دواتر، لەتەکانی پێشەوە سەروایان بگۆڕێ و یەك، دوو، سێ لەتی دواوەش یان هەمان سەروای لەتەکانی پارچەی

Scanned with CamScanner

یەکەمیان هەبێ یان سەروایەکی سەربەخۆی تری جیا لەسەروای لەتەکانی پارچەکەیان هەبێ.

٢- بۆی هەیە تەسمیت لە هەموو پارچەکان دا، هەموو لەتەکانی هاوسەروابن و لەهیچ پارچەیەکدا هیچ لەتێك سەروای نەگۆڕێ، وەکو (سکالای دڵ بۆ ئەستێرەیەکی هاورێم)ی بەختیار زێوەر [٣٢ : ١٥٥] کە (١٥) پارچەی چوارینەیەو هەموو چوارینەکان هاوسەروان (لەناو دڵی مێرگەپان) (ل١٧٧)یشی هەمان شتە. یان وەکو تەسمیتی (بەهاری سلێمانی)ی بێکەس [٣٨ : ١٠٠] کە (٧) پارچەیەو هەر پارچەیەکی (٦) لەتی هاوسەروایە.

٣- وا دەبێ شاعیر، لەسەرەتا تاکۆتایی هۆنراوەکەی تەسریع دەکا. واتە سەروای هەموو لەتەکانی یەك دەخاو بینای سەروای هۆنراوەکە لەباتی دێر دەکەوێتە سەر لەت. وەکو دوو شیعری نالی (ئەو سیلسیلە) [٢٠٩ : ١٠٥]و (مەستوورە) [٢٠٩ : ١٦٢]و زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی مەلا عەباس حیلمی کاکەیی [١٢٤]. شیعری (مەستوورە)ی نالی تەسمیتە، چونکە هەم سەروای هۆنراوە کە لەسەر بنچینەی لەت هاتوەو هەم هۆنراوەکەش دابەشی چەند پارچەیەك کراوە، ئەگەرچی پارچەکان ژمارەی لەتەکانیان یەکسان نییە. (١١) بەندە، ژمارەی لەتەکانیان لەنێوان (٦-٣٠) دایە. کەچی شیعری (ئەو سیلسیلە)ی نالی و شیعرەکانی مەلا عەباس و هەر شیعرێکی تری وا کە هەموو لەتەکانی هاوسەروا بن بەڵام دابەش پارچە نەکرا بێ، نابێ بە تەسمیت.

٤- ئەم جۆرانەی تەسمیت لەکەڵ هەندێ حاڵەتی پارچە گشتیەکان یەك دەگرێتەوە، ژمارەو دابەشبوونی سەروای لەتەکانی پارچەکان لە هەر دووبارەدا یەکە، بەڵام ئەگەر کەوتە ئەم قالبەی تۆرە دەبن بەتەسمیت.

تەرجیع بەند و تەرکیب بەند:

ئەم دوو هونەرە لەو بارەیەوە وەکو یەك وان کە بڕیتین لەهۆنراوەیەکی دوورو درێژ کە دابەشی چەند پارچەیەك دەکرێ، هەر پارچەیەك وەکو قەسیدەیەکی سەربەخۆ وایە، سەرەتای بەزۆری تەسریعەو بەکێتی سەروای تێدا پەیڕەو کراوە. هەموو پارچەکان کە پێشیان دەگوترێ (بەند) یان (خانە) [٢٦٦ : ٢٥٩] لەسەر یەك کێش دەڕۆن. بەڵام هەر پارچەیەك سەروای تایبەتی خۆی هەیە، لەبەینی هەر پارچەیەك و پارچەیەکی تر دێرێك دێ کە پارچەکان لەیەك جیا دەکاتەوە. ئەم دێرە وەکو هەموو پارچەکان لەسەر هەمان کێشە. جۆری ئەم دێرە دەبێ بەهۆی لێك جیا کردنەوەی تەرجیع بەند و تەرکیب بەند. ئەگەرچی لەسەردەمی کۆنا هەمووی هەر بەتەرجیع بەند ناوبراوە، قەیسی زانی بەپێناسە هەردوو جۆری ڕون کردۆتەوە بەڵام بۆ هەردووکیان هەر ناوی تەرجیعی داناوە، دەڵێ: (ئەوەیە کە هۆنراوەیەك دابەشی چەند پارچەك بکەن کە هەموویان لەکێشدا وەکو یەك و لەسەروادا جیاواز بن. شاعران هەر پارچەیەکی لەمانە بەخانە ناو دەبن و ئەوسا نێوان دوو خانە بەتاکە دێرێك لەیەك جیا دەکەنەوەو بەم دێرە دەڵێن تەرجیع بەند. ئەگەر بیانەوێ هەمان دێر

Scanned with CamScanner

دەکەن بە تەرجیع بەندی هەموو خانەکان و لەکۆتایی هەر پارچەیەک و سەرەتای پارچەی تری دوای ئەو دەینووسن و ئەگەر بیانەوێ لەهەر خانەیەکدا تەرجیع بەندێکی سەربەخۆ دەڵێن و ئەگەر بیانەوێ تەرجیع بەندەکان لەسەر یەک سەروا دادەڕێژن تا ببێ بەپارچەیەکی سەربەخۆ) [٤٠٢ : ٣٤٥-٣٤٦]. ئەو دێرەی کە لەتێوان پارچەکان دووبارە دەبێتەوە، فارس سەرەتا بە(تەرجیع بەند) ناویان بردوە، ئێستا پێی دەڵێن (بیت واسطه) [٣٩٦ : ٢٤]و بەکوردی (ناو بەند) ڕاراوەیەکی لەبارە بۆ ئەو دێرەی لەناو بەندەکان دێو بەیەکەوە بەندیان دەکات.

ئەگەر ناو بەندەکە بەدەقە خۆی دووبارە بێتەوە، ئەوە تەرجیع بەندە. ئەگەر بەدەقە خۆی دووبارە نەبێتەوە، پاش هەموو بەندێك گۆڕانی بەسەر دابێو دێرێکی تر بێ، ئەوە تەرکیب بەندە.

خۆ ئەگەر لەو دێرە ناوبەندەدا، لەتێك بگۆڕێ (بەزۆری لەتی یەکەم)ولەتێك وەکو خۆی دووبارە بێتەوە، ئەوە لەتێوان تەرجیع و تەرکیبدایە، چونکە ئەو لەتەی وەکو خۆی دووبارە دەبێتەوە بەرەو تەرجیعی دەبات و ئەو لەتەی دەگۆڕێ بەرەو تەرکیب ڕایدەکێشێ، بۆیە باشترین ڕاراوە بۆ ئەم هونەرە (تەرجیع - تەرکیب)ە.

لێرەدا سێ جۆری جیاوازمان بۆ پەیدا دەبێ:

١- تەرجیع بەند- دێری ناو بەند لەهەموو بەندەکان یەکە.

٢- تەرکیب بەند- دێری ناو بەند پارچە بەپارچە دەگۆڕێ.

٣- تەرجیع - تەرکیب- دێری ناو بەند، لەتێکی لەهەموو پارچەکان یەکەو لەتێکی دەگۆڕێ.

لەڕاستیدا ئەم تەرجیع و تەرکیب و تەرجیع- تەرکیبە هەر قەسیدەن، بەڵام لەبەر درێژی دابەشی چەند پارچەیەک کراون تا شاعیر بەسەروا هێنانەوە ماندوو نەبێو ناچار نەبێ بۆ پاراستنی یەکێتی سەروا شوێنی سەروا بە وشەی نالەبار پڕ بکاتەوە. د.محەمەد نورەدین دەڵێ (ئەمانە لەم جۆرە قەسیدانەن کە فارس دایانهێناوە تالەمەرجی یەکێتی سەروا ڕزگار ببن کە عەرەب بۆ هۆنینەوەی قەسیدە بەمەرجیان داناوە) [٣٥٦ : ٢٢٥]. لەبارەی ژمارەی بەند (پارچە)و ژمارەی دێرەکانی هەر بەندێك ڕاو بۆچوونی جیا جیا هەیە. لەفارسی (لە (٣-٢٢) پارچەو زیاتریش بەرچاوکەوتووە هەر پارچەیەک لەڕادەی یەک غەزەلدایە. (٧-١٠) دێرە، بەگشتی تەرجیع و تەرکیبی پێشینان کورتترو هی ئەوانەی دواتر درێژترە) [٣٩٦ : ٢٦]. ڕادەی ناوەندی ژمارەی بەندەکان لەنێو (٥-١٠) دایە. ژمارەی دێرەکانی هەر پارچەیەکیش بەزۆری وەکو یەک دەبێ بەڵام مەرجیش نییە، چونکە بۆی هەیە شاعیرەکە بەیەک دوو دێر جیاوازی بخاتە نێوان درێژایی پارچەکان.

دێری ناوبەند:

ئەم دێرە دەورێکی گرنگی لەتەرجیع بەند و تەرکیب بەندا هەیەو شوێنێکی ناسك و بەنرخی

Scanned with CamScanner

لەسەراپای هۆنراوەکەدا گرتوە. بەتایبەتی لەتەرجیع بەندا کە هەمان دێرەو دووبارە دەبێتەوە. ئەو دێرە دەبێ مانایەکی بەرزو کاریگەریەکی بەهێزی هەبێ، چونکە رۆح و ئەڵقەی بەیەکەوە بەستنەوەی پارچەکانە. هەر پارچەیەکی تەرجیع بەند دەبێ بەجۆرێ کۆتایی بێ خوێنەر وا هەست بکا ئەو پارچەیە، هەمووی یان بەشی کۆتایی، پێشەکیە بۆ دێری ناوبەندو لەهەمان کاتیشدا دێری ناوبەند پێشەکی و رێگا خۆشکردنە بۆ پارچەی دواوەی. ناوبەندی پتەوو و بەهێزو پڕ مانا، خۆی دەکەوێتە سەرزاری خەڵک، چ خوێنەرێکی شیعر هەیە ئەم ناوبەندەی تەرجیعەکەی حەمدی لەبەر نەبێ و لەبەر خۆیەوە نەیڵێتەوە:

ڕەبی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەر کەسێ گوڵشەن بەدەردی کوڵخەنی دۆزەخ بەرێ[٦ : ٨٣].

دێری ناوبەند، لەتەرکیب بەنا، دەشێ بەسێ جۆری جیاواز رێك بخرێ:

١- بۆی هەیە ناو بەندی بەکەم وەکو مەسنەوی، هەر دوو لەتی هاوسەروا بێ. هەموو ناو بەندەکانیش لەنێوان خۆیاندا سەروای کۆتایان وەکو یەك وابێ، بەجۆرێ ئەگەر ناو بەندەکان جیا بکەیتەوەو بەسەر یەکەوە بیانتووسی هۆنراوەیەکی سەربەخۆی موسەڕڕەعی لێ پەیدا دەبێ.

٢- بۆی هەیە هەموو دێرە ناو بەندەکان لەشێوەی مەسنەویدا دابن و ئەگەر کۆیان بکەیتەوە هۆنراوەیەکی سەربەخۆی مەسنەوی دەردەچێ. لەکوردیدا تەنیا ئەمەیان بەرچاو کەوتوە. وەکو تەرجیع بەندی خادیم کە سەرەتای (غوبارێکی ئاڵوودە) [٧٦ : ٣١١]یە. تەرجیعەکە شەش بەندەو هەموو بەندەکان یەکسانن، هەریەکە (٩) دێرەو دێری ناو بەندی مەسنەوی بەدوادا هاتوە.

٣- بۆی هەیە ناو بەندەکان لەیەك جیا بن، هەریەکە سەروا وڕەوییەکی جیاوازی هەبێ لەوانی تر بەجۆرێ ئەگەر کۆیان بکەیتەوە هیچ شتێکی وەکو قەسیدە یان مەسنەوی لێ پەیدا نابێ.

لەفارسیدا لەسەدەی شەشی کۆچییەوە شاعیران تەرجیع بەندو تەرکیب بەندیان هۆنیوەتەوە. فرخی سیستانی لەڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو شاعیرانەیە کە تەرجیعیان داناوە. پاش ئەویش شاعیرانی وەکو سنائی غەزنەوی و خاقانی و جەلالەدینی ڕۆمی و فەخرەدینی عیراقی و سەعدی شیرازی ئەم هونەرەیان نووسیوە. لەکوردیدا یەکەم کەس جزیری ئەم هونەرەی هێناوەتە ناو ئەدەبی کوردی[٥٨ :٥٢٠]و دوای ئەویش کۆمەڵێ شاعیری کورد تەرجیع و تەرکیبیان نووسیوە، وەکو سالم کە تەرجیع بەندێکی چوار پارچەیی هەیە، ناوبەندەکەی ئەمەیە:

هەر یەکێکە خوای حەق نەك دوو
وەحدە هو لائیلاهە ئیللا هوو[١٠١ : ٥٩].

بەڵام لەکاتی چاپ کردنی دیوانەکەدا، هەر چوار پارچە نەخراوەتە تەك یەك و حسێبی تەرجیع بەندیان بۆ نەکراوە، بەڵکو هەر پارچەیەکی بەپێی سەروای خۆی کەوتۆتە شوێنێك و بەناو ئەم

Scanned with CamScanner

لایەڕانەی دیوانەکەدا بڵاو بووینەتەوە (٥٩، ١١٥، ١٢٣، ١٣٤). ئەم تەرجیع بەندەی سالم لەژێر کاریگەری تەرجیع بەندە بەناوبانگەکەی هاتیفی ئیسفەهانی نووسراوە کە (یست واسطە)ی بەم جۆرەیە:

که یکی هست و هیچ نیست جزاو
وحده لا اله إلا هو [٣٩٦ : ٣٨].

جگە لەسالم حەمدی[٤٧] و خادیم و بەختیار رێوەردو تەرجیع بەندو تەرکیب بەندیان هەیە. خادیم سێ تەرجیع بەندو تەرکیب بەندێکی هەیە [٧٦]. لەیەکێ لەتەرجیعەکاندا کەوتۆتە ژێر کاریگەری هاتیفی ئیسفەهانی و لەناو بەندەکەدا دەڵێ:

نبیه مەعبود غەیری زاتی ئیلاهٔ
وەحده هو لا ئیلاهه ئیلله للاهٔ [٧٦ : ٢٩٥].

ئەم تەرجیعە (٦) بەندە، هەموو بەندەکان یەکسانن. هەریەکە (١٠) دێرە. عەزیز ئالی ڕای وایە، ئەم تەرجیعەی هاتیفی کاری لەحەمدیش کردوە لەو تەرجیعەی ناوبەندەکەی ئەمەیە:

یا ئیلاهی بەقەدری تۆ بێ شك
(ما عرفناك حق معرفتك) [٦ : ٥٥].

ئەو لای وایە ئەم تەرجیعە گۆرانیشی بۆواندوە، چونکە گۆران هەولی داوە وەریگێڕێتە سەر کوردی [٢٢٩ : ٣٦] بەڵام هەمووی وەرنەگێڕاوە. تەنیا بەندی یەکەمی وەرگێڕاوە کە بەم دێرە دەست

---

[47] تەرجیعەکانی حەمدی شوێن و پایەی خۆیان لەشیعری کلاسیکی کوردیدا هەیە. لەکاتی چاپ کردنی هەر پارچەیەك لەو تەرجیعانە ژمارەیەکی بۆ ماندراوەو ناو ناونیشانێکی تایبەتی خراوەتە سەر. ئەمە جۆرە تێکەڵبیەك لای خوێنەر دروست دەکا. بۆیە چوار تەرجیعی هەیە. لێرە هەر چواریان لەیەك جیا دەکەینەوە:
١- تەرجیع بەندی لایەڕە (٥٥-٦٠) شەش بەندەو ناوبەندیان ئەم دێرەیە:
یائیلاهی بەقەدری تۆ بێ شك
(ماعرفناك حق معرفتك) [٦ : ٥٥].
٢- تەرجیع بەندی لایەڕە (٦٠-٦٨)، حەوت بەندە، ناوبەند لەسەرەتایش هاتوە، ئەمە دەوری بەیەکەوە گرێدانی سەرەتاو کۆتایی هۆنراوە دەستەبەر دەکات، ناوبەندەکە ئەمەیە
مسوەدەیی سویحی ئەزەلی موویی محەممەد
خورشیدی بەیانی ئەبەدی ڕوویی محەممەد [٦ : ٦٠].
٣- تەرجیع بەندی لایەڕە (٧٨-٨٢)، سێ بەندە، ناوبەندیان ئەم دێرەیە:
شیرەکەم بڵێن حەلال بێ، خوێنەکەم گەرگوم نەکەن
نامداران و حەمیەت کاری ئەولادی وەتەن [٦ : ٨٠].
٤- تەرجیع بەندی لایەڕە (١٠٢-١٠٤)، نۆ بەندە. دێڕی ناوبەند دێرە بەناوبانگەکەی (ڕەبی مووی لێ بێ زمانی)یە.
دوو تەرجیعەکەی کۆتایی بەسەریەکەوە نووسراون و بەندەکانیان یەك ژمارەیان دراوەتێ لە(١-١٢) وەك ئەوەی هەردووکیان یەك شت بن. دەبێ لێك بکرێنەوە چونکە دوو تەرجیعی جیان.

Scanned with CamScanner

بێ دەکا:

ای فیدای تو هم دل و هم جان
وی نگار رهت هم این و هم آن [٣٩٦ : ٣٨].

گۆران بەم جۆرە کردوویەتی بەکوردی:

ئەی بەسەر گەردی تۆ بین دڵ و گیان
وەی بەشا باشی رێت بچن دڵ و گیان [١٧٣ : ٤٧١].

ناوبەندەکەشی بەم جۆرە وەرگێڕاوە:

کە یەکێکە و هەیە و ئەبێ و هەربوو
وەحدە هو لا ئیلاهە ئیللا هوو [١٧٣ : ٤٧٣].

بێجگە لەشیعری شاعیران، مەولوودنامەکانیش، ئەو دەقانەی بەشیعر هۆنراونەتەوە، دابەش پارچە پارچە کراون و لەدوای هەر پارچەیەک کە بابەتێک یا چیرۆکێکە دێرێک ناوبەند دێ ئەو مەولوودنامانە بەپێی دێری ناوبەند دوو جۆرن:

١- هەندێکیان وەکو تەرجیع بەند وان، یەک دێرو هەمان دێر لەکۆتایی هەموو بەندەکان دووبارە دەبێتەوەو گوێگران ئاگادار دەکاتەوە کە سەلەوات لەدیاری پێغەمبەر بدەن، وەکو:

أ- مەولوودنامەی مەلایێ باتەیی کە دێرە ناو بەندەکەی ئەمەیە :

گەر دڤێتن هون ژنارێ بن نەجات
ب عیشق و شەوقەك هون بێژن ئەسسەلات [٥١].

ب- مەولوودنامەی محەمەد رەشاد مفتی، کە دێرە ناو بەندەکەی ئەمەیە:

هەر کەسێ دەیوێ ببینێ رێی نەجات
لێ بدا بۆ رۆحی پێغەمبەر سەلات [١٩١]

ج- مەولوودنامەی مەلا حوسێن شێخانی کە ناوبەندەکەی ئەمەیە:

موسلمانان بەدڵ زەوق و سەفاکەن
هەمیشە رووڵەقاپیەی موستەفا کەن [٧٣].

د- مەولوودنامەی حاجی مەلا خلیل موخلیس، ئەمە ناو بەندەکەیەتی:

هەر کەسێ دەیوێ بەمەقسەد گەر بگات
با لەپێغەمبەر بدات سەد سەلات [٢٧٨].

٢- هەندێکیان تەرکیب بەندن، دێری ناوبەندیان لەپارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی تر دەگۆڕێ وەکو:

Scanned with CamScanner

أ- مەولوودنامەی ڕەسوولی نازدار، نووسینی سەید ئەنوەر ئەحمەد بەرزنجی، (٧) پارچەیەو حەوت ناوبەندی جیاوازی هەیە. ناوبەندی یەکەمی ئەمەیە:

بە دڵێکی ساف و بێگەرد لێ بدا بۆ ئەو سەلات
تا نەجاتی بێ لەترس و دەهشەتی حەشر و مەمات[٢٣].

ب- مەولوودنامەو بڕوانامەی دەشتی، مەلا خدری دەشتی. (١٢) پارچەیە، دوازدە ناوبەندی جیاوازی هەیە، لەیەکەمیانا دەڵێ:

صلِّ یارب علی من أرسلا
مع سلام دینه قد فضلا[٨٣].

ج- مەنزوومەی کوردی، مەولوودنامەی حەزرەتی ڕەسوول، سەید بەهائەدین شەمسی قوڕەیشی، (٨) پارچەیە، ناوبەندەکانی جیان، لەیەکەم ناوبەندا دەڵێ:

تەعدا دی نەفس ، نفووسی عالەم
سەلەوات بێ لەسەر ڕەسوولی خاتەم[٣٤].

سێیەم- موستەزادو قالبە سەرواکانی :

موستەزاد هونەرێکی شیعرییە. بەو شیعرە دەڵێن دوای هەر لەتێك یان چەند لەتێك، تیکەبەك یان چەند تیکەیەکی بەکێش و سەروای تایبەتیبەوە بۆ زیاد دەکرێ. لێرە، باسی مێژووی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی موستەزادی جیهانی و کوردی ناکەین، باسی کێشەکانی موستەزادیش ناکەین چونکە لەشوێنی ترنا باسیان لێوە کراوە[٤٩٤ : ٢٨٠]. تەنیا لەڕووی دابەشبوونی سەرواو سەروا بەندی لەت و تیکەکانەوە شی دەکەینەوە. جزیری[٥٨ : ٥٣٠] و ئەحمەدی خانی[٤ : ٥٦]و پرتەوی هەکاری[٤٠ : ١٨٠]و نالی[٢٠٩ : ١٦٨]و حەمدی[٦ : ١٢٤،ل١٢٥،ل١٢٦] موستەزادی کلاسیکیان هەیە. موستەزاد لەکاتی بزووتنەوەی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا، بەتایبەتی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی پەرەی سەندو گۆڕانی بەسەردا هات و جۆرو دابەشبوونی جیا جیای لێ پەیدا بوو. بێ گومان ئەمەش لەژێر کاریگەری شیعری تورکی و فارسی بوە. چونکە لەتورکی لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە کۆمەڵەی (لیروت فنون)و ئینجا (دەستوور) داهێنانی جۆراو جۆریان لەمستزاد کردو لەفارسیشدا (لەسەردەمی شۆڕشی مەشرووتە شاعیرە شۆڕشگێڕو ئازادیخواکان ڕوویان کردە موستەزادو زۆر تێیدا قسەڵ بوونەوەو جۆری جیا جیایان لەموستەزاد هێنایە کایەوە)[٣٩٦ : ١١٨]. ئیترلەژێر کاریگەری ئەوان و لەڕەوتی قسەڵ کردنەوەی بزووتنەوەی نوێخوازی شاعیرانی وەکو شێخ نوری و گۆران و پیرەمێردو سەلام و دڵزارو دیلان و هی تر موستەزادی جۆراو جۆریان خستە ناو ئەدەبی کوردی. لێرەدا، بێ چاوەڕانە ڕەگەزەکانی تر، تەنیا لەڕووی سەرواوە موستەزادی کوردی پۆلێن دەکەین و جۆرەکانیان لێك جیا دەکەینەوە:

Scanned with CamScanner

أ- ئەو موستەزادانەی ژمارەی لەت و تیکەکانیان یەکە :

لەم جۆرەیان دا، دوای هەر لەتێك تیکەیەك زیاد دەکرێ و گرنگترین قالبی ئەمانەن:

١- قالبی هەرە باوی موستەزادی کلاسیکیی ئەوەیە دوای هەر لەتێك تیکەیەك زیاد دەکرێ. لەنەکان سەروایان وەکو سەروای غەزەل و قەسیدە وایەو بەزۆری دێری یەکەمیشیان موسەرپەعە، تیکە زیادەکانیش لەتێو خۆیاندا دابەشبوونی سەروایان وەکو غەزەل و قەسیدە وا دەبێ و بەزۆری ئەوانیش دێری یەکەمیان موسەرپەع دەبێ. لەتەکان لەلایەك و تیکە زیادەکان لەلایەکی تر وەکو دوو غەزەل یان قەسیدەی جیا خۆیان دەنوێنن، کە یەکەمیان بەکێشی زیاد کراو دوەمیان بەکێشی مەجزووئی هەمان بەحر نووسرابن. لەبەر ئەوەی لەتەکان و تیکەکان لەرووی ماناوە تارادەیەك سەربەخۆن و هەردوولایش یەکێتی سەروای خۆیان پاراستوە، دەشێ تیکەکان جیا بکرێنەوەو هۆنراوەیەکی سەربەخۆی بەکێشی کورتی مەجزووئیان لێ دەربچێ، دەشکرێ تیکەکان دوو دوو بخرێنە پاڵ یەك بۆ دروست کردنی یەك لەت و لەتەکان دوو دوو بەرامبەر یەك دابنرێن بۆ پێك هێنانی دێر. لەم حاڵەتەدا کێشی هۆنراوەی تیکەکان تارادەیەك راست دەبێتەوە، دەبێ بەچوار پێی کورت بەڵام سەرواکەی دەگۆڕێ، لەیەکێتی سەرواوە دەبێ بەسەراپا موسەرپەع. لەم جۆرە موستەزادەدا، سەروا دەوری بەیەکەوە گرێدانی هەردوولا دەبینێ، هۆنراوەی لەتە ئەسڵییەکان و هۆنراوەی تیکەکان، ئەویش بەیەکخستنی سەروای لەتی یەکەمی ئەسڵەکەو لەتی یەکەمی زیادەکە لەهەموو دێرەکاندا. ئەم کارە یەکێتی موستەزادەکە دەستەبەر دەکات و رێگای پچڕان و هەڵوەشانەوەو لێك دابڕانی لێ دەگرێ. بۆ نموونە موستەزادەکەی نالی کە دێری یەکەمی بەم جۆرەیە:

ئەی تازە جەوان، پیرم و ئوفتادەو و کەوتووم — تا ماوە حەیاتم
دەستێ بدەرە دەستی شکستەم کە لەدەست چووم — قوربانی وەفاتم[٢٠٩ : ٣٣].

سەروای دێری یەکەم (ـووم)ە ، رەوی (وو) و (م) پاش رەویە. سەروای هەردوو تیکە زیادەکەش (اتم)ە ، (ت) رەویە و (م) پاش رەویە . وەك دیارە سەروای دێرە ئەسڵەکان و سەروای تیکەکان جیایە ، تەنیا لەپاش رەوی یەك دەگرنەوە . ئەگەر لەتە ئەسڵەکان و تیکەکان لێك جیا بکەینەوە ، هۆنراوەی لەتەکان بەم جۆرە دەبێ ..

ئەی تازە جەوان پیرم و ئوفتادوو کەوتووم
دەستێ بدەرە دەستی شکستەم کەلەدەست چووم
تۆ یوسفی نەو حوسنی لە سەر میسری جینانی
لەم کولبەیی ئەحزانە ، نەزیندووم و نەمردووم
فەرقێکی نەکرد نەفسی نەفیسم بەعینایەت
لەم گۆشەیە وێرانەیە هەر مامەوە وەك بووم

Scanned with CamScanner

ئەی قوبیبەیی تەیبە کە حوققەیی تیبی
مسکینم و بەو خاکە عەترناکەوە هاتووم

ئەمە چوار دێری هۆنراوەکە کە هەمووی (٩) دێرە ، وشەکانی سەروای هۆنراوەکە ئەمانەن: (کەوتووم ،لەدەس چووم ، نەمردووم ، بووم ، هاتووم ، هەلاتووم ، ڕووم ، مەعلووم ، مەعدووم ، مەحرووم) . کەچی ئەگەر تیکەکان بەجیا بنووسرێن ئەم هۆنراوە مەجزووئەیان لێ دەردەچێ :

تا ماوە حەیاتم قوربانی وەفاتم
من پیرم و فانی هەروا بەتەماتم
وەحشێ لە وێلایەت وەیِ شووەمی ولاتم
مەئوایی حەبیبی بەو بۆنەوە هاتم

لەلایەکی تردەوە ئەو سەروایەی کە لەتەکان و تیکەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لێ ناگەڕێ لێك بترازێن ، سەروای لەتە تاکەکان و تیکە تاکەکانە، بۆ نموونە سەیری ئەم دێرە بکە :

ئەی مەسجیدو میحرابگەهت قیبلەیی حاجات بۆ ئەهلی موناجات
مەحجوبیی هەوام ، واسیتەیی مەشهەدی مەعلووم بۆ ڕاهی نە جانم.

وشەی سەروای گشتی دێرە ئەسلەکە (مەعلووم)و هی تیکەکە (نەجانم)ە. لەتی پێشەوەی دێرە ئەسلەکە و تیکەی پێشەوەی زیادەکە وشەی سەروایان (حاجات) (موناجات)ە. هەردوکیان هاوسەروان ، سەروایان (اجات)و ڕەوییان (ت)ە .

موستەزادی کلاسیکی هەمووی بە کێشی ئەخرەیی مەکفوفی مەحزووف (هەزەج یان موزاریع) و بەم قالبە سەروایە دارژاوە کە دەشێ بەم جۆرە پیشانی بدەین :

Ab Ab / CcAb / DdAb / Ee Ab .....

٢- دەشێ موستەزادەکە بەهەمان قالبی پێشوو بێ ، بەڵام لەتەکانی پێشەوە و تیکە زیادەکان هیچ پەیوەندی سەروایان لە نێواندا نەبێ بەیەکەوە بیانبەستێتەوە. وەکو موستەزادەکەی پرتەوی هەکاری کە بەم جۆرە دەست پێ دەکا :

ئیرۆکەم تالع سەحەرێ دڵبەرا سەلما مەشیاب خەرامان
مەستانە وەش و کەچ کلاەو قامەتی ڕەعنا شەنگاشەیی ڕەیحان[٤٠ : ١٨٠].

سەروای لەتە ئەسلەکان (ا) و سەروای تیکەکان (ان)ە . ئەمە دێری یەکەمە لەهەردوو لادا (لەت و تیك) موسەڕڕەعن . تا ئێرە ئەم قالبە وەکو قالبەکەی پێشوە، لەدوای دێری موسەڕڕەعی یەکەم پەیوەندی سەروا بەندی نێوان لەتی یەکەمی دێرە ئەسلەکان و لەتی یەکەمی تیکەکان نامێنێ، بۆ نموونە لە دێری دووەمدا دەڵێ :

سیمین بەدەن و سیم تەن و سیم بەرامن پڕ غەنج و گرشمە
ئاهوڕەوش و خووخوش و چاقێن بەسەد ئیما بۆ فیتنەئی دەوران

Scanned with CamScanner

لەم دێرەدا وەك دیارە لەتی دوەم سەروای گشتی خۆی پاراستوە (ئیمـا) و تیکەی دوەمیش سەروای خۆی پاراستوە (دەوران-ان) ، بەڵام لەتی یەکەم و تیکەی یەکەم هاوسەروا نین ، لەتی یەکەم بە (من) و تیکەی یەکەم بە (گرشمە) کۆتاییان هاتوە و سەروایان لێ نەکەوتۆتەوە . ئەم قالبە بەم جۆرەیە :

AbAb / CdAb / EfAb / GhAb .....

٣- دەشێ دوای هەر لەتێك تیکەیەك زیاد کرابێ و دێرەکانی ئەسلەکە و دێرەکانی تیکەکانیش هەردوولا هاوسەروا بن ، ئەم لاو ئەولا بەیەکێتی سەروا نووسرابن ، لەهەردوولایشدا سەرواکە هەر یەك شت بێ ، بەهەمان شێوە لەتی یەکەمی دێرە ئەسلەکان و لەتی یەکەمی تیکە زیادەکان وەکو مەسنەوی هاوسەروابن . حەمدی سێ موستەزادی نووسیوە، لەهەرسێکیاندا ئەم قالبەی پەیرەو کردوە . لەیەکێکیاندا دەڵێ :

وەك عاشیقە هاتۆتە دەرێ نیرگسی بیمار — بۆ دیدەنی یار
یادی وەتەنی کردوە ، یا گۆشەیی گوڵزار — دور بێ لەئازار
ئەی غونچە نەپشکووتی؟ دڵی کوردی مەگەر تۆ — وا چووی لەسەرخۆ
سەودایی گوڵان گەرمە لە مەیدان و لە بازار — بلبل نییەبێدار
ئەی خاڵفی چەمەن ، دەرکە چرۆیێکی نەزاکەت — سابەسیە فەلاکەت
نابینی گوڵگە ئەگەرێن بامەنی کۆسار — سەرچەشمەوو جۆیبار[٦ : ١٢٦].

هۆنراوە ئەسلەکە موسەرپەعە و سەروای (ار)ە ، هۆنراوەی تیکە زیادەکانیش هەر موسەرپەعە و لەویش هەر سەروای (ار)ە . یەکێتی سەروای هەردوو لا یەکە جگە لەمە لەتی یەکەمی هەموو دێرەکانی ئەسل و تیکە زیادەکانی هاوسەروان. لە دێری دوەمدا سەروایان(-ۆ) و لە دێری سێیەمدا (-اکەت)ە ... سیستەمی سەروای ئەم قالبە موستەزادە بەم جۆرەیە :

BbAa / CcAa / DdAa .....

٤- بۆی هەیە دوای هەر لەتێك تیکەیەك زیاد بکرێ، لەتە ئەسلەکان لەناو خۆیاندا مەسنەوی بن و تیکە زیادەکانیش مەسنەوی بن، بێ ئەوەی هیچ پەیوەندی سەروا بەندی لە نێوان ئەم لاو ئەولادا هەبێ. بەڵام لە ڕووی دەلالیەوە یەکێتی عوزوی لە نێوان لەتەکان و تیکەکاندا هەیە، ڕەنگە هەر بۆیەش بێ سەروا پێکەوە بەستنی ئەم لاو ئەولا خۆی کێشاوەتەوە. سەلام (٥) موستەزادی هەیە لە هەموویان پەیرەوی ئەم دەستوورەی کردوە، لەیەکێکیاندا دەڵێ :

جەرگ هەڵئەقر چێ دڵ پڕلە ئاڵین — جەرگم بڕاوە
چۆن ئۆقرە ئەگرێ سەرلەسەر سەرین — مێشکم پژاوە
بۆ دوایی نەهات فرمێسکی چاوم — هەتا بوو بەخوێن
پەتۆزەکەی نەبەست جەرگی بڕاوم — نۆبێ سەروشوێن[١٠٩ : ١٩١].

Scanned with CamScanner

قالبی سەروای ئەم موستەزادە بەم جۆرەیە :

Ab Ab / Cd Cd / Ef Ef .....

٥- وا دەبێ دوای هەر لەتێك تیكەیەك زیاد بكرێ. لە ڕووی سەرواوە بەهەردووكیان حسێبی یەك دێریان بۆ بكرێ (صدروعجز)، ئینجا هۆنراوەكە هەمووی بە یەكێتی سەروا بێ و دێری یەكەمیش (لەتی ئەسلی و تیكە زیادەكە) موسەڕەع بێ. ئەم جۆرە هەر لەبەر ئەوە بەرموستەزاد دەكەوێ چونكە پارچەی دووەمی هەر دێرێك كورتە (نیو هێندەی پارچەی پێشەوەیە)، ئەگەرنا لە ڕووی دەلالی و نابەشبوونی سەرواوە وەكو غەزەل و قەسیدە وایە. دڵدارلە (ڕۆڵەی خوبا وەندی جەمال)دا دەڵێ :

ڕۆڵەی خوبا وەندی جەمال　　كانگەی كەمال
هەوێنی مێشك و عاتیفە　　شیعر و خەیاڵ
نازەنینێكە بێ میسال　　نەمەن منالّ
كچێكە بالاّ بەرزو ڕێك　　دیدە كەژاڵ [٨٧ : ٣٢٨].

سەروای هۆنراوەكە (ال)ە و كەوتۆتە سەر تیكە زیادەكان. سەروای ئەم قالبە وەكو غەزەل و قەسیدە وایە و بەم جۆرە دەڕوا :

Aa / Ya / Za .....

ب- ئەو موستەزادانەی ژمارەی لەت و تیكەكانیان جیایە :

لەم جۆرەدا یان ژمارەی لەتەكان لە تیكەكان زیاترە، یان بە پێچەوانەوە. بەڵام ئەو قالبانەی لەتەكانیان زیاترە پتر بەكار هاتوون، گرنگترینیان ئەمانەن :

١- دەشێ دوای دێرێكی تەواو (دوولەت) ئینجا یەك تیكە زیاد بكرێ و دوو لەتەكە سەروایان مەسنەوی بێ و سەروای تیكە زیادەكەش بچێتەوە سەر ئەوان، واتە هەرسێكیان هاوسەروابن. هۆنراوەكە وەكو كۆمەڵێ سێینەی سەربەخۆی هاوسەروا دەكەوێتە بەرچاو كە بەكێش (تیكە كورتەكە) لەیەك جیا دەبنەوە، ڕێوەر دەڵێ :

تۆ عیشقی جەملت وەرە ئەی قاسیدی یەزدان
نامەم بگەیێنە دەست مەردی سوخەندان
یاری شەكەر ئەفشان　　[١١٦ : ٤٩١].

بۆ دێری دووەم سەروا دەگۆڕێ. وشەكانی سەروای دوولەتی ئەسلی (قەدیمە، نەدیمە)ن و وشەی سەروای تیكە زیادەكە (سەمیمە)یە. قالبە سەروای ئەم جۆرە موستەزادەیە ئەمەیە :

AAa, BBb, Ccc, ...

٢- دەشێ دوای هەر دێرێك (٢لەت) یەك تیكە زیاد بكرێ. وەكو قالبەكەی پێشوو بەڵام

Scanned with CamScanner

بەسەروایەکی تر. لەمەیانا دێرە ئەسلەکان مەسنەوی دەبن ، کەچی تیکەکان لەسەرەوە تا خوارێ هەموویان هاوسەروا دەبن لەگەڵ یەکتر و وەکو تەسریع لەگەڵ سەروای مەسنەوی یەکەمیش سەروایان یەك دەبێ ، شێخ نووری شێخ سالح لە شیعری (بەمن بلّێ)دا ئەم قالبەی بەکارهێناوە . ئەمە دێری یەکەم و چوارەم بە نموونە :

بەمن بلّێ ، ج میللەتێ لەمەقبەری مەماتەوە
لەمەحوو ئینکسارەوە ، لەدەوردەیی نەهاتەوە
نەچۆتە ناو موجادەلەی حەیاتەوە
ئەلّێ کە رۆژی کورد ئەوا بەرێوەیە لەدەم کەلا
لە ئوفقی نیشتمانەوە ، خەریکە وا شەبەق ئەدا
بەعلەما ، بەجارێ شەوق ئەدانەوە [٢١٢ : ٩٩].

سیستەمی قالبە سەروای ئەم جۆرە ، ئەمەیە :

AAa, BBa, CCa, ...

٣- دەشێ دوای دوو دێر (ئالەت)ی هاوسەروا ئینجا یەك تیکە بەهەمان سەروای لەتەکانی پێشەوە زیاد بکرێ. بەمەوە وەکو پێنجینەیەکی هاوسەروا دەردەکەوێ و هیچ سەروایەك پارچەکانی بەیەکەوە نابەستێنەوە ، وەکو شێخ نووری لە هۆنراوەی (عەسکەر)دا دەڵێ :

سەف سەف کە دێن وتێدەپەڕن چوست و باویقار
مازی لە سیدقی ئێوە ئەبینم ئەکا فیرار
سویحێکی پاك و بێ غەش ئەبینم وەکو بەهار
موستەقبەلێکی بێ لەکە ، پڕ کەیف و نەشئەبار
بێ تۆزو بێ غوبار [٢١٢ : ١٠٠].

ئەمەش قالبە سەرواکەی ئەم جۆرە موستەزادە :

AAAAa / BBBBb / CCCCc / .....

٤- دەشێ تیکە زیادەکە دوای پێنج لەت بێت ، هەر پێنجیان هاوسەروابن و سەروای تیکە زیادەکەش وەکو سەروای لەتەکان وابێ . هەر پارچەیەکی وەکو شەشینەیەکی هاوسەروا خۆی دەنوێنێ ، شێخ نووری لە موستەزادێکدا دوو پارچەی پێشەوەی بەم قالبە داڕشتوە ، دەڵێ :

دەورەی تەجەددود وەکو ماهێ لە ئاسمان
هەڵهات وبوو بەدافیعی زوڵمەت لە ئینس و جان
نوورت ڕژانە مەجلیسی ئەفکاری عاقلان
بوویتە ژیانی دوشمنی بەدخواهی کوردەکان
ئەی ناشری مەعاریف و ئەی خەصمی جاهیلان
ئەی موحتەرەم ، ژیان [٢١٢ : ١٠٧].

Scanned with CamScanner

قالبه سەرواکەی ئەم موستەزادە بەم جۆرەیە :

AAAAAa / BBBBBb / CCCCCc

هەر لەم هۆنراوەیە ، لە پارچەکانی تردا تیکە زیادەکە دوای شەش لەت هاتوە . لەتەکان هاوسەروا نین ، بابەش کردنی جیاجیای سەروایان پۆکراوە بەلأم لەهەموویاندا سەروای تیکە زیادەکە وەکو سەروای لەتی پێش خۆیەتی ، وەکو ئەم بابەشبوونانە : / (ABAAABb ABCACBb / ABABBCCc)

٥- لەو قالبانەی ژمارەی تیکەکان لە ژمارەی لەتە ئەسلییەکان زیاترە ، تەنیا یەك قالبمان دیوە ، ئەویش لە ئەسلدا مەسنەوییە و دوای هەر لەتێکی مەسنەوییەکە تیکەیەکی زیاد کراوە و پاشان لەژێر هەردوو تیکە زیادەکە تیکەی سێیەمی هاتوە. مەسنەوییەکە لەتەکانی هاوسەروان و هەرسێ تیکەش هاوسەروان. لەت و تیکەکان هیچ پەیوەندییەکی سەروا بەندییان لەتێواندا نییە . هەرپارچەیەکیش سەروای تازەی هەیە و بە سەروا بەیەکەوە نەبەسراونەتەوە . جەلال مەدحەت خۆشناو لە هۆنراوەی (لەیادی نەورۆز)دا دەڵێ :

ئەگەرچی سووسن و مێلاق	لەبەر چاوە
بزەی ڕوو نەرگزو لەیلاق	کەزی خاوە
	نەوەی کاوە
ئەوا بۆنی هەلالان دێ	لەیاران دێ
لەپەرباخی گوڵاڵان دێ	بەباران دێ
	بەهاران دێ [٥٥ : ٩٩] .

قالبەکەی بەم جۆرەیە : AbAbb , CdCdd , ...

جـ- موستەزادی ئازاد :

لەم جۆرەدا ژمارەی تیکە زیادەکان بەرامبەر بەلەتە ئەسلییەکان ، لەسەراپای هۆنراوەدا یەك شت نییە .. شاعیر بەپێی زەوق و سەلیقەی خۆی ، بەپێی بیرو بۆچوون و هەست و خرۆشانی دەروونی ، بەپێی ڕێنجیرەی ناوەرۆکی بابەتەکە ، لەت و تیکە دووبارە دەکاتەوە ، بێئەوەی گوێ بە پەیڕەو کردنی شکلێکی تایبەتی دووبارە بوونەوەیان بدات . ئەگەر هونەری موستەزاد ، خۆی جۆرە ئازادییەك بێ لە خۆ بەستنەوەی شاعیر بە یەکێتی کێش و یەکێتی سەروا ، ئەوا ئەم جۆرەیان ئازادییەکی تری لەو شکلەی شاعیر لە موستەزادا پەیڕەوی دەکات . (جیلوەی شانۆ)ی گۆران نموونەیەکی ئەم جۆرە ئازادییەیە لە ناوشتنی هونەری موستەزاد. ئەم هۆنراوەیە سەرلەبەری (٥٧) لەت و تیکەیە، (٣٧) لەتی درێژ و (٢٠) تیکەی کورت ، بەسەر سێ پارچەی گەورە (٨،٣٦،١٤) بابەشبووە و بەئەستێرە لەیەك جیا کراونەتەوە ، ئەوانیش بە بۆشایی زیادەی چاپ هەریەکە بابەش چەند پارچەیەکی بچووکتر بووە . هەموو لەت و تیکەکان لەژێر یەك نووسراون

Scanned with CamScanner

نەك بەرامبەر یەك . بەگوێرەی ژمارەی لەتەکانی تیکەیان بەدوادا دێ ، لەیەك لەتەوە تا حەوت لەت هەیە. بەگوێرەی بەشوێن یەکدا هاتنی تیکەکانیش تەنیا لەیەك تیکەوە تا دوو تیکە هاتوە و بەس . تیکەکان جاری وا هەیە لەبەینی خۆیاندا دەکەونە پەیوەندی سەروابەندی مەسنەوی و جاری وا هەیە (ئەمە زۆرکەمە) لەگەڵ لەتەکان و تیکەی تر سیستەمی سەروا دروست دەکەن وەکو (AbAb) یان (aBAb) یان (AAbA) یان (aBcAcB) و هی تریش . بەکورتی دەتوانین لەبارەی ئەم موستەزادە ئازادەی گۆرانەوە بڵێین :

- ئەم هۆنراوەیە لە ڕووی کێشی لەت و تیکەکانەوە خۆی بە دەستووری سەروای موستەزادی کلاسیکی بەستۆتەوە . هۆنراوەکە لەسەر کێشی موجتەسی هەشتی ئەسلەمە (مفاعلن فعلاتن مفاعلن فع لن) . لەتەکان بەم چوار پێیە هاتوون و تیکەکانیش بەپێی یەکەم و چوارەم (مفاعلن فع لن) ، بەڵام خۆی بەدەستووری ڕێژەی ژمارەی لەت و تیکە لەگەڵ یەکترو دەستووری ناڕشتنی سەروای کلاسیکی نەبەستۆتەوە. لە بەدوای یەك هێنانی لەت و تیکە و دروست کردنی پەیوەندی سەروا بەندی نێوانیان ئازادییەکی تەواوی وەرگرتوە .

شاعیر بۆیەکەم جار، لەهەندێ شوێنی هۆنراوەکەیدا تیکەی زیاد دەخاتە پێش لەتی ئەسلی ، وەکو بەندی دوەم و سێیەمی پارچەی یەکەم و بەندی شەشەمی پارچەی دوەم .

- ڕێژەی تیکە زیادەکان بۆلەتی ئەسلی زۆرکەمە (٣٥,١٪)ی هەموولەت و تیکەکان(٥٢,٦٪)ی لەتەکان ، واتە نزیکەی بۆ هەر دوولەت تیکەیەك زیاد کراوە، ئەگەرچی ئابەشبوونەکە بەیەکسانی نەکراوە ، لەدوو شوێن حەوت لەت بەدوای یەك دێن و خوێنەر تا ڕادەیەك زەینی لەسەر موستەزاد لادەکەوێ کەچی دووبارە دەگەڕێتەوە سەریا ، جاریش وا هەیە لەبەندێکی بچووکدا یەك لەت سێ تیکە بەدەوری خۆیدا کۆکردۆتەوە .

پوختەی سەروای موستەزاد :

گرنگترین قالبە سەروای موستەزاد لە کوردیدا ئەمانەن :

1- AbAb / CcAb / DdAb / .....
2- AbAb / CdAb / EfAb / .....
3- AaAa / BbAa / CcAa / .....
4- AbAb / CdCd / EfEf / .....
5- Aa / Ya / Za / .....
6- AAa / BBb / CCc .....
7- AAa / BBa / CCa .....
8- AAAAa / BBBBb / CCCCc
9- AAAAAa / BBBBBb / CCCCCc
10- AbAbb / CdCdd / EfEgg / .....

Scanned with CamScanner

چوارەم - سۆنێتە :

سۆنێتە هونەرێکی شیعری ئەوروپییە ژمارەی لەتەکانی دیارەو بابەت و کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە . لە ڕووی دابەشبوونی ناوەڕۆك و سەرواوە جۆری جیاجیای هەیە .

سۆنێتە لە وشەی sonnetoی ئیتالییەوە هاتوە کە بەمانای -دەنگۆکە- یان -سروود- هاتوە . سۆنێتی کرتاو[48] ی لێ دەرچێ ئەوەی تر هەمووی لە (١٤) لەتە دێر پێك دێ ، بەشێوەیەکی ئاسایی کێشەکەی ئەیامبی پێنج پێیە و زۆر قالبە سەروای جیاوازی هەیە) [٥٠٣ : ٦٤٢] . گرنگترین قالبە سەروای سۆنێتە ئەمانەن:

١- سۆنێتەی پترارکی : لە هەشتینەیەك (octave) ی (ABBA ABBA) و شەشینەیەك (sestet)ی (CDE CDE یان CDCDCD یان هەر جۆرێکی تر تەنیا مەسنەوی نەبێ) پێك دێ.

٢- سۆنێتەی سپنسەری : لەسێ چوارینە و مەسنەوییەك پێك دێ و سەرواکەی بەم جۆرەیە : (ABAB BCBC CDCD EE) .

٣- سۆنێتەی شەکسپیری : ئەمەش هەر لەسێ چوارینەو مەسنەوییەك پێك دێ بەلأم سەرواکەی بەم جۆرەیە : (ABBA CDCD EFEF GG) .

لەم سێ جۆرە ، سۆنیتەی پترارکی لەهەموویان باوترە . سۆنیتەکە لەڕووی ناوەڕۆکەوە بە گشتی لەتەکانی بەسەر دوو بەش دابەش دەبێ (٨) و (٦). بەشی یەکەم دامەزراندنی کرۆکی بیری سۆنێتەکەیە ، بەشی دوەم لەناو ئەوەوە چەکەرە دەکات و بیرەکەی فراوانتر دەکات و بە کۆتایی دەگەیەنێ . کەچی لە دوو جۆرەکەی ترپا هەر چوارینەیەك بیرێکی جیاواز دەگەیەنێ ، چوارینەی یەکەم بنچینەکە دادەنێ و ئەوانەی تر هەریەکە لە چوارینەی پێش خۆی چەکەرە دەکات و هەموویشی لە کۆتاییدا بەمەسنەوییەکە دەبڕێتەوە .

سۆنێتە هەر بەتەنیا وەکو یەکەیەکی سەریەخۆ بەکاردێ ، بەلأم جارویار وادەبێ شاعیر کۆمەڵێ سۆنێتە بەیەکەوە دێنێ کە هەرچەندە تا ڕادەیەك سەریەخۆیان هەیە بەلأم هەموویان وەکو ئەڵقەی یەك زنجیر بەیەکەوە بەسراون و بیری سەرەکی هۆنراوەکە تەواو دەکەن. ئەمە پێی دەگوترێ (زنجیرە سۆنێتە sonnet cycle). لە زنجیرە سۆنێتە ناو ناوەکان، وەکو (ژیانی نوێ)ی دانتی و (دیوان یان گۆرانی)یەکانی پترارك و (زەیتون)ی دوبالێ و (ئەڤین)ی ڕۆنسار و (ئەسترۆفیل و ستێلا)ی سدنی ...

---

(48) سۆنێتی کرتاو curtail sonnet - ئەو سۆنێتەیە کە چەند لەتێکی لە کۆتاییەوە کرتابێ . بۆ یەکەم جار جیرارد مانلی هۆپکز ئەم ڕاوەیەی لە پێشەکی کۆمەڵە شیعری -poems، ١٩١٨ - بۆ ئەو جۆرە شیعرە بەکارهێنا کە خۆی دابهێنا بوو. ئەم جۆرەیان لەباتی (١٤) لەت لە (١٠) لەت و تیکەیەکی بچووك پێك دێ ، دەلەتەکە بە (٦+٤) دابەش دەبن ، یەکێ لە قالبەکانی دابەشبوونی سەروای ئەم جۆرە سۆنێتەیە ئەمەیە: (ABC ABC/6 DBCD/4 c/1.5) [٥٠٣ : ١٧٠ - ١٧١].

Scanned with CamScanner

(کۆنترین سۆنێتە دەدرێتە پاڵ جیاکۆمۆ دا لێنتینۆ (١٢١٥-١٢٣٣)ی قوتابخانەی سەقلیە ، بەڵام ئەم شکلە شیعرییە بۆی هەیە شاعیرێکی تری بارەگای ئیمپراتۆر فردریکی دووەم لە سەقلیە بایێنایێ)[٥٠٢ : ٦٤٣] . زۆربەی شاعیرە ئیتالییە ناوبارەکان لە ئاخر و ئۆخری سەدەکانی ناوەڕاست ئەم شکلەیان بەکارهێناوە ، وەکو گینیچێلی و کاڤالکانتی و دانتی و ... بەڵام لەهەموویان زیاتر پترارك شێوەی سۆنێتی چەسپاند و کردی بە شکلێکی شیعری سەربەخۆ (گۆرانی)یەکانی پترارك جۆرە ئینسکلۆپیدیایەکی سۆز و خۆشەویستییە و شیعرەکانی بەم قالبە هونەرییە نارشتوە . پاش پترارك زۆر شاعیری ئیتالی تریش کاریان لەسەر سۆنێتە کرد و پەرەیان پێدا.

ئەمە لە ئیتالیا، لە ئەسپانیا (مارکیز دی سانتیانا (١٣٩٨ ، ١٤٥٨) یەکەم کەس بووە هەوڵی نووسینی داوە .. سۆنێتە نووسە ناوبارەکانی دوای ئەو خوان بۆسکان - ١٤٩٠ - ١٥٥٢ - و گارسیلاسۆ دۆلاڤێگا - ١٥٠٣ - ١٥٣٦ - و هی تر)[٤٨٦ : ١٣٢] .

مۆریس گرامۆن لەبارەی سەرەتای بڵاو بوونەوەی سۆنێتە لە فەرەنسا دەڵێ : (تەنیا لە سەدەی شازدەدا ، سۆنێتە هاتە ناو شیعری ئێمە، بەڵام هەر زوو سەرکەوتێکی گەورەی بەدەست هێنا ..) [٤٨٤ : ١٠٢] . دوبیللی و رۆنسارو مالێرب دەوریان زۆر بوو لە چەسپاندنی سۆنێتە لە شیعری فەرەنسیدا .

کەچی لە ئینگلیزیدا ، سۆنێتە لەسەدەی شازدەدا ، بەهۆی سێر تۆماس ویات و سێرێی کەوتە ناوەوە. ئەمانە قالبە سەروای سۆنێتەی پترارکییان پەیرەو کرد. لەکۆتایی سەدەی شازدەدا ، سۆنێتە بەتەواوی چەسپا . سپنسەر لە (ئەمۆرێتی)ی قالبە سەروایەکی تایبەتی لە سۆنێتەدا چەسپاند کە پاشتر هەر بەناوی خۆیەوە بڵاوبووەوە. بەڵام لەهەموو سۆنێتە نووسە ئینگلیزەکان گرنگتر شەکسپیرە کە ١٥٤ سۆنێتەی نووسیوە و و جۆرە سەروایەکی تایبەتی تێدا بەکارهێناوە و هەر بەناوی ئەوەوە ناسراوە[٤٧١] . دوای شەکسپیر میلتۆن سۆنێتەی تایبەتی نووسیوە بەڵام زۆربەی سۆنێتەکان لەڕووی ناوەڕۆکەوە دڵداری نین ، شیعری بۆنەو ڕووداوەی تایبەتین . میلتۆن بە زۆری وەستانی ئێوان هەشتینەو شەشینەکە ناهێڵێ ، هەر بۆیەشە هەندێ ڕەخنە گر ئەمە بەجۆرە سۆنێتێکی تایبەتی دادەنێن[٤٥٦ : ٥٧]. دوای میلتۆن کزی لەبەکارهێنانی سۆنێتە پەیدا بوو تا سەردەمی ڕۆمانتیکی ئەوسا زیندوو بوونەوەیەکی گەورەی بەخۆیەوە دی. وۆردزوۆرت و کیتس و شیلی سۆنێتەیان بەرزیان نووسیوە .

سۆنێتە لە وڵاتەکانی تر درەنگتر گەیشتە ئەڵمانیا و زیاتر بەهۆی بەرهەمەکانی ڤۆکیرلن (١٥٩٤-١٦٥٣)[٥٠٢ : ٦٤٣] بوو.

سۆنێتە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم ، لەڕێگەی کاریگەری

Scanned with CamScanner

شیعری ئەوروپییەوە کەوتە ناو ئەدەبی تورکی ، شاعیرانی (ثروت فنون).. دەوریان لە هێنانی هەموو جۆرە سۆنێتەکان و بەتایبەتیش سۆنێتەی پترارکی هەبوو.

لەفارسیدا جگە لە وشەی سۆنێتە، وشەی (سایە) و (غزلواره)یشی بۆ بەکارهاتوە[٤٠١ : ٢١٨]و لەسەردەمی مەشرووتەدا کەوتۆتە ناو شیعری فارسی.

لە کوردیدا ، ئەوەی بەهەموو مانای سۆنێتە ، سۆنێتە بێ، یەک نموونەی گۆرانمان هەیە (ئاوێنەی هەستیم)[١٧٣ : ٢٢٥]. لەگەڵ دوو هۆنراوەی تر (شەوێکی بەهار)[١٧٣ : ١٧١] و (دەروێش عەبدوللا)[١٧٣ : ١١٩] کە سیمای سۆنێتەیان پێوە دیارە، یان لەسەر بنچینەی چوارینە و سێبینەی سۆنێتەوە هاتوون بەڵام دەق وەکو سۆنێتە وانین لە ڕووی ژمارەی پارچەکانەوە. ئەمەیش سۆنیتەی ئاوێنەی هەستیم :

هەر زەڕەیەک لە خوێنی دەماری پڕ ئاگرم ..... A
هەرچی حوجەیرەکانی هەیە کووڕەیی دڵم ..... B
مەشبووعی عیشق و جەزبەیە ، بۆ جوانی باقڵم ..... B
قابیل نییە فەراغەتم ، حەتتاکە بیشمرم ..... A
نەمدی دەمێ لەوەختی تەفەککوروە مەشغەڵەم C
لێی تێک نەدا خەیاڵی حوسنی ڕابیتە و قەرار ..... D
بیرم نەچوو لەگەڵ مەخەوا زیکرو فیکری یار ..... D
هەر عیشقی بێ بڕانەوە بوو عومری کورت و کەم C
هەرچەن بتی جوانی بەعەکسی پەرستشم ..... E
هەر دووڕە لێم ، لەهەیکەلی حوزن و قەڵەندەریم ..... F
هەر سڵ ئەکات و بێ بەشە نازو نەوازشم ..... E
لاکین چ باک؟ ڕاستییەکەی : چ دەستەڵأت ..... G
مایەو مەداری تەسلیەتی عیشقی مەعنەویم ..... F
بووکی خەیاڵی شۆخمە سەرگەرمی ئیلتیفات ! ..... G [١٧٣ : ٢٢٥]

هەشتینەکە لەسەر دوو چوارینەی سەروا جیاواز دامەزراوە کە هەریەکە یان سەرواکەی بەشێوەی چوارینەی پترارکی هاتوە. سێبینەکانیش بە سەروای لەتی ناوەڕاستەوە(F) بەیەکەوە گرێ دراون ، ئەمە کت و مت لە سۆنێتەی (عشق)ی تۆفیق فیکرەت دەکات . کەچی هۆنراوەی (شەوێکی بەهار) (٣٠) لەتە ، (١٤) لەتی پێشەوەی دەق وەکو سۆنیتە دابەش بوە بۆ هەشتینەیەک و شەشینەیەک و سەرواکەیشی وەکو سەروای سۆنیتەکەی پێشوو وایە تەنیا لە شەشینەکەدا جیاوازی هەیە . سیستەمی سەروای ئەو بەشە بەم جۆرەیە : (ABBACDDC EFGGFE) . بەشی دوەمی هۆنراوەکەش کە (١٦) لەتە ، لەشێوەی سۆنێتەدا یە بەڵأم ئەوەندە هەیە چوارینەی دوەم بوە

Scanned with CamScanner

بە شەشینە ، بەمەش هەشتینەکە بوە بە دەبینە و شەشینەکە وەکو خۆی ماوەتەوە .


سیستەمی سەروای ئەم بەشەیان کە سۆنیتە ئاسایە بەم جۆرەیە :

(ABABCDEEDC FGHIGI)

کەچی هۆنراوەی (دەروێش عەبدوللا) لەوەوە سیمای سۆنێتەی وەرگرتووە کە (٥) چوارین و دوو سێ بینەی هێناوە ، هەموشیان بەشێوەی چوارین و سێبینەی سۆنیتە سەروایان داڕژاوە.

پێنجەم - موەششەح :

بەکێ لەو هونەرە شیعرییانەی بەشێوەی بەند دەنووسرێ موەششەحە. موەششەح لە ئاخرو ئۆخری سەدەی سێیەمی کۆچی لە ئەندەلوس سەری هەڵداوە. جگە لەوەی لە عیراق و یەمەنیش موەششەح هەبوە . کێشەیەکی زۆر لەسەر ئەوە هەیە ئایا موەششەح داهێنانێکی عەرەبییە یان لە گۆرانییە میللییەکانی ئەوروپا وەرگیراوە وەکو ترو بادوورى پرۆفنسالی و تروفێری فەرەنسی و تڕۆڤاتۆری ئەسپانی و مینیسنگەری ئەلمانی. ڕای جۆراو جۆر لەم بارەیەوە هەیە . موەششەح هەر بەندێکی چەند لەتێکی هەیە کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕێز دەبن و سیستەمی سەروای تایبەتی لەتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە. محەمەد مەهدی بەسیر لەبارەی سەروای موەششەحەوە دەڵێ : (موەششەح جۆرە هۆنراوەیەکە ، کێشی جۆراو جۆر و سەروای جیاجیای هەیە. ئەم گۆرینی کێش وسەروایە پەیوەندی بە ئارەزوو و دەسەلاتی شاعیرەکەوە هەیە)[٣٥٥ : ٨] . لەڕاستیدا موەششەح جۆرە شیعرێکی پارچەدارەولە موسەممەت دەکا . د.ئیبراهیم ئەنیس ڕای وایە (موەششەح بەر لەوەی ئاوازی بۆ دابنرێ جۆرێکە لە موسەممەت و بەس چونکە قوفلی بەندی موەششەح تا کۆتایی وەکو خۆی دووبارە دەبێتەوە) [٢٤٣ : ٣٠٨] . هەر چەندە موەششەح قالبی جۆراو جۆری هەیە بەڵام بنیاتی سەرەکی لە ڕووی ڕێز بوونی لەتەکان و بابەشبوونی سەروا و ڕاوەی بەشەکانی بەم جۆرەیە:



قوفل (خەرجە)

لەموەششەحدا مەتلەع دەشێ هەبێ و دەشێ نەبێ ، بەڵام موەششەح بێ قوفل دروست نابێ .

Scanned with CamScanner

ژمارەی لەتەکانی هەریەکە لەمەتلەع و دەورو قوفل لە موەششەحێکەوە دەشێ بۆ موشششەحێکی تر گۆڕانی بەسەردابێ. جگە لەم رەگەزانە هەندێ جار شاعیر خانە و سیلسیلە و دەوری مەدیحیش (٤٨) بۆ زیاد دەکا.

موەششەح لە کوردیدا : لە ئەنجامی تێکەڵاوبوون و کاریگەری ئەدەبییەوە، شاعیرانی کورد لەم سەدەیەدا، لەڕەوتی نوێ کردنەوەی شیعری کوردیدا پەنایان بردۆتە بەر موەششەح و بەرۆر شێوەی جیاجیا بەکاریان هێناوە، وەکو گۆران و بەختیار زێوەر و بێدار و بێزار و کەریم شارەزا و هەردی و پیریال مەحموود. گرنگترین قالبی موەششەح لە کوردی ئەمانەن :

١- وا دەبێ هەریەکە لە مەتلەع (ئەگەر هەبێ) و دەورو قوفل لەتەکانیان سەروای سەریەخۆیان هەبێ، پەیوەندییان نە بەسەروای یەکترەوە هەبێ ونە بە سەروای بەندەکانی تر. کەریم شارەزا موەششەحێکی (رۆژهەڵاتن) چوار بەندی هەیە، لە بەندی یەکەمدا دەڵێ :

لێواری زەریای ئاسمانی زێرین
ماچ ئەکا کوڵمی ئاسۆگەی خوێنین
سەر بۆشی کێوان
بەرشنگی جوان
چەشنی ئەرخەوان
بەمەیی تەرزە جوان و بڵگیرە
لەم جێگە بەرزە ڕاکێشی بیرە [٤٠ : ١٦٨]

مەتلەع مەسنەویە و سەرواکەی (یـن)ە، دەور سێیەمی هاوسەروایە و سەرواکەی (ان)ە، قوفلیش چوارینەیەو لەسەر دوو سەروای موتەناوبب نامەزراوە (هەرزە، بیرە). قالبی ئەم سیستەمە سەروایەی موەششەح بەم جۆرەیە :

AA/BBB/CDCD

هەر لەم قالبەدا بۆی هەیە مەتلەع نەبێ واتە موەششەحەکە (أقرع) بێ، لەو حاڵەتەدا لەتەکانی دەورو لەتەکانی قوفل هەریەکە سەروای سەریەخۆیان هەیە، وەکو (ئاهەنگی ئۆکتۆبەر)ی بێزار[١٨٧ : ٤٠]، دەوری سێ سەمتە و قوفلی دوو لەتە و سەرواکەی بەم جۆرەیە: (AAA/BB).

---

(48) خانە : دەوری دوەمە لەسەر کێش و سەروای دەوری یەکەم دێ و ئاوازی گۆرانییەکەی پێ دەبڕێتەوە.
سیلسیلە : دەورێکی نوێیە هەندێ جار بۆ موەششەح زیاد دەکرێ و دەخرێتە نێوان قوفل و سەمتەکانی دەورەکانی موەششەح بەڵام ڕەوییەکەی لەگەڵ هی سەمت و قوفل جیایە.
دەوری مەدیح : دەورێکە لە کۆتایی موەششەح دێ و بەرۆری بۆ مەدحی پێغەمبەر تەرخان دەکرێ.

Scanned with CamScanner

٢- وا دەبێ سەروای قوفل و مەتلەع وەکو یەک بێ ، بەمەوە سەرو بنی هەر بەندێك بەیەکەوە گرێ دەدرێ و لەبەندەکانی تر دا دەبڕێ ، واتە هیچ پەیوەندییەکی سەروا بەندی لە نێوان بەندەکاندا نیبە . (خەندەکەی بایی)ی دڵدار (٧) بەندە و هەر بەندێکی مەتلەعی خۆی هەیە. لەهەر بەندێکدا سەروای قوفل و مەتلەع یەك شتە ، لەبەندی یەکەمدا دەڵێ :

لە ئافاقی ژیانی نائومێدیم خەندەکەی بایی
فریشتەی پاکی هیوای نیشان دام وا کە بیدوێنم
پزیشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی
بە سۆزێ هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم
دەسا دەی مەسدەری هەستی
دە خێرا لا دەری پەستی
وەرە تا من بە ڕازی تۆ نەمامی شادی بڕوێنم [١٢٥ : ١٩٦]

ئەوەی لەم موەششەحەوە دەگیرێ ئەوەیە، بەدەگمەن موەششەح دەوری دوو سەمتە هەمیشە سێ سەمت و بەسەرەوەیە. مەتلەع چوار لەتە بەدوو سەروای موتەناوبب بەیەکەوە بەسراون، سەمت دوولەتی مەسنەویە، قوفل یەك تاکە لەتەو سەرواکەی بۆ مەتلەع دەگەڕێتەوە(بڕوێنم - بیدوێنم ، خوێنم) . قالبە سەرواکە بەم جۆرەیە ABAB / CC / B

٣- بۆی هەیە سەروای مەتلەع و قوفلەکان هەمووی یەك بێ و تەنیا لەبەندەکاندا سەروای سەمتەکانی دەورەکان بگۆڕێ . دڵدار لە موەششەحی (گوڵی سوور)دا کەسێ بەندە ، لەبەندی یەکەمدا دەڵێ :

گوڵی سوور ئەی کچی نەورۆز ئەرێ کام دەس لە باخی ژین
لە بۆ یەك دەفعە بۆن کردن ، بە ناکامی ئەتۆی هێنا
ئەوێستا کەش بەژاکاوی
وەها بێ قەدرو تۆزاوی
لەسەر ڕێگا فڕێ دراوی
لە جەور و زوڵی ئەو دەستە پەریزادەی بەیان لەرزین
لەدەوری ئەم چلەی لێی بووی پەپوولەی زەردو سوور گریا [١٢٥ : ٩٥]

مەتلەع و قوفل یەکەو دوو لەتن ، لەنێوان خۆیاندا سەروای موتەناوبیان پێك هێناوە لەتی یەکەم لەمەتلەع و قوفل سەرواکەی (یـن)ە ، لەتی دووەمیشیان (ا)یە . ئەم پەیوەندییە موتەناوبیەی نێوان لەتەکان بۆ بەندەکانی تریش بەردەوام دەبێ، واتە هەموو مەتلەع و قوفلەکان ئەم دوو سەروایەیان هەیە کە هەموو موەششەحەکە بەیەکەوە گرێ دەدا و وەك یەك پارچەی لێك نەچڕاو کۆی دەکاتەوە سەریەك ، هەمان سەروا لە ئاستی هەر بەندێکیشدا هەمان دەور دەبینێ، لێرەدا سەمتی دەورەکان سەروای تایبەتی خۆیان هەیە . ئەم قالبە موەششەحە ، سەرواکەی بەم

Scanned with CamScanner

جۆرەیە : AB / CCC / AB

٤- وا دەبێ مەتلەع سەروای خۆی هەبێ و سەمتەکان سەروای خۆیان هەبێ و قوفلیش یەک لەت بێ ولەناو بەندەکە هیچ پەیوەندی سەروایی نەبێ ، بەڵام لەگەڵ قوفلی هەموو بەندەکان سەروا دروست بکا و بەندەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە . بەختیار زێوەر لە موەششەحی پیرە مەگروون تا بەندی یەکەمی بەم جۆرە هێناوە :

فەسلی زستان بەرگی سپی ئەپۆشی و چوویتە ئاسمان
سەیری هەموو دنیا ئەکەی تۆی شاهنشایی شاخەکان
کۆمەڵێ گەوهەری
هەیکەلی زەفەری
لا بەری کەدەری
با عیسی لەبۆ نەهێشتنی مبحەن [٣٢ : ٥٥]

مەتلەع چوار لەتە ولەسەر یەک سەروا هاتوە (ان)، لە لەتی (٢-٤) دووبارە بۆتەوە . دەوری سێ سەمتی هاوسەروایە (ەری) و قوفل لە ئاستی بەندا هیچ هاوسەروای نییە بەڵام لەگەڵ سەروای قوفلی بەندەکانی تر یەک دەگرێتەوە (ەن). قالبە سەروای ئەم جۆرە موەششەحە بەم شێوە دەبێ :

XAYA / BBB / C -- XDYD / EEE / C

٥- بۆی هەیە لەتەکانی مەتلەع هاوسەروابن و سەمتەکانی دەور هاوسەروابن و قوفل لەتێکی بچووکی سەربەخۆ بێ ولەناو بەندەکە سەروای نەبێ بەڵام لەهەموو بەندەکاندا دووبارە بێتەوەو بەیەکەوە گرێیان بدا وەکو (خەو رەوێنکە)ی بەختیار زێوەر کە (١٠) بەندەولەبەندی یەکەمدا دەڵێ :

هەستە لەخەو کوردی هەژار ئەی نەو نەمامی رۆژگار
خۆت گورج کە وەک مەردی بەکار رەنجێک بدە بۆ یادگار
تۆ دەمدەمی
کەمتەرخەمی
کوا مەرهەمی
زامی نیهان [٣٢ : ١٤٤]

ئەوەی ئەم قالبە لە قالبی پێشوو جیا دەکاتەوە سەروای مەتلەعە . لەوێ تەنیا دوو لەتی (٢،٤) هاوسەروا بوون ، لێرە هەر چوار لەت هاوسەروان و قالبەکە بەم جۆرەیە:

AAAA / BBB / C - DDDD / EEE / C

٦- بۆی هەیە مەتلەع چوارینەیەکی موتەناوبب و سەمتەکان هاوسەروا و قوفل مەسنەوی بێ و هیچ پەیوەندییەک لەنێوان سەروای مەتلەع و دەورو قوفلی یەک بەندا نەبێ ، بەڵام سەروای قوفل لە

Scanned with CamScanner

هەموو بەندەکان دووبارە بێتەوە ، وەکو (پایزی زستان)ی بەختیار زێوەر کە (٥) بەندە ، لەبەندی یەکەمدا دەڵێ :

وا گەلا ڕێزانە گیانە بۆ چەمە نزار
هاژە هاژی بای خەزانە ڕوو بە ڕووی شار
ئەو درەختانەی کە سەریان ، زۆر بڵندە
ئەو گوڵانەی ڕەنگو بۆیان زۆر پەسندە
ئەو مەلانەی جێگەیان گاوو سەهندە

هاتنی پایزلەبەر دڵیان گرانە چونکە تۆندی و گرژ و مۆنی پڕ جیهانە [٣٢ : ١٩٨] .

سەروای قوفل (انە) لەهەموو قوفلەکانی تر دووبارە دەبێتەوە . لەم موەششەحەدا دوو شت سەرنج ڕادەکێشێ

١- مەتلەع وەکو دێرێکی موستەزاد خۆی دەنوێنێ چونکە لەتەکانی(٢-٤) لە (١-٣) کورتترن، ژمارەی بڕگەیان (٨) بە (٤)ە .

٢- دەشێ سەمتەکان (بەلأم تەنیا لەم بەندەدا) لەباتی سێ سەمت بکرێن بە شەش، بە سەروای موتەناوب بەیەکەوە بەسرابنەوە ، لەهەمان کاتیشدا وەکو موستەزاد خۆیان دەنوێنن چونکە لەتەکانی پێشەوە ژمارەی بڕگەیان دوو هێندەی لەتەکانی دواوەیە . واتە دەشێ دەور بەم جۆرە بنووسرێ :

ئەو درەختانەی کە سەریان زۆر بڵندە
ئەو گوڵانەی ڕەنگو بۆیان زۆر پەسندە
ئەو مەلانەی جێگەیان گاووسەهندە

ئەگەر چی بەمەوە دوا سەمت کێشی بە دابەشبوونەکە دەشێوێ بەلأم ئەگەر بەختیار زێوەر دەوری هەموو قوفلەکانی بەم جۆرە دابڕشتایە موەششەحەکەی بەهێزتر دەبوو. ئەم موەششەحە قالبەکەی بەم جۆرەیە :

ABAB / CCC / DD - EFEF / GGG / DD

٧- وا دەبێ سەروای مەتلەع سەربەخۆبێ و سەروای سەمتەکانی دەور و قوفلیش یەک بێ وەکو موەششەحی (شەو)ی کەریم شارەزا کە (٧) بەندە و لەبەندی یەکەمدا دەڵێ :

پڕشنگی ڕۆژی بە شەوقی زێڕین
نەمالە کێوو و بەرزایی زەمین
گوند و شارەکان
باخ و گوڵستان
گشتی بەجارێ واڕەش داگەڕان [١٦٨ : ٤٤]

Scanned with CamScanner

قالبه سەرواکەی بەم جۆرەیە : AA/ BB / B ,

پوختەی قالبەکانی سیستەمی سەروای موەششەح :

ئەمە قالبە هەرە باوەکانی موەششەحە لە کوردیدا ، قالبی تریش هەن بەلاّم یان بە گۆڕانێکی کەم دەکەونە ژێر یەکێ لەم قالبانە یان هەموو مەرجێکی موەششەحیان تێدا نەهاتوە . وەك دیارە سیستەمی سەروای موەششەح لەسەر بنچینەی لەت هاتوە ، لەتەکانی مەتلەع وحەور و قوفل ، ئینجا پەیوەندی سەروای ئەو بەشانەی بەند و بەندەکانی تر.

موەششەح و موسەممەت لەوە لەیەك نزیك دەبنەوە کە لەسەر بنچینەی سەروای لەت هاتوون ، بەلاّم هەریەکە جۆرە دابەشبوونی خۆی هەیە . قالبی موەششەح زۆر جار لەبارەی ژمارەی لەتەوە لە پارچە گشتیبەکان دەکا بەلاّم گۆڕانی کێش و سەروای موەششەح لە مەتلەع و دەور و قوفلدا جۆرە شکلێکی هەندەسی تایبەتی پێدەدا ، هەر ئەو شکلّەشە سیمای تایبەتی بە موەششەح دەدا و لە موسەممەت و پارچە گشتیبەکان جیای دەکاتەوە .

قالبە هەرە باو و گرنگەکانی موەششەحی کوردی ئەمانەن :

1- AA / BBB / CDCD
2- ABAB / CC / B
3- AB / CCC / AB
4- XAYA / BBBC - XDYD / EEE / C .....
5- AAAA / BBBC - DDDD / EEE / C .....
6- ABAB / CCC / DD - EFEF / GGG / DD .....
7- AA / BB / B

شەشەم - شیعری ئازاد :

شیعر بە زمانی مەجازو دەربڕینی هەست و ئیقاعەوە لە پەخشان جیا دەبێتەوە . ئیقاعەکە ئیقاعی دەلالی و وشەیی دەگرێتەوە ، ئیقاعی وشەیی لە کێش و سەروا و ئیقاعی ناوەوە و دووبارە بوونەوەی دەنگ لە شوێنی تایبەتی و هێنانەوەی دەستە دەنگ و یاری کردن بە جێگای وشەو خستنە پاڵ یەکتری هەندێ دەستەواژەی لەبار دایە کە مۆسیقای دەقەکە پتەو بکات وبەرەو چڕی و دوابیش تەقاندنەوەی مانا بیبات. کێش و سەروا لە هەموو ڕەگەزە وشەییەکانی تر زەقتر و پتر سەرنجی شاعیر و خوێنەرانی ڕاکێشاوە، بۆیە لای هەر نەتەوەیەك کێش و سەروا بە جۆرێك سەری هەڵداوەو بەرەی سەندوە و قالبی گرتوە کە لەگەڵ زمانەکە خۆی بگونجێ . بەپێی کارلەسەر کردنی چەندەها نەوەو سەدەی یەك لە دوای یەك قالبی تایبەتی بەخۆیەوە گرتوە ، کە بوە بەباو و هەموو شاعیران لەسەری ڕۆیشتوون . ئەو قالبانە هەڵبەت دەستووری تایبەتیان هەیە و بەپێی یاسای تایبەتی لێك دەدرێنەوە ، جا ئەو دەستوور و یاسا و قالبانە کە چەسپان وەکو شتی پیرۆزیان لێ دێ و نەوەکانی پاشتر بە ئەرکی خۆیانی دەزانن کە پەیڕەویان بکەن و مەگەر بە دەگمەن ئەگەر نالێی لانەدەن. شیعریش وەکو هەموو دیاردەیەکی تری بیر و هونەر و باوەڕ بەپێی سەردەم دەگۆڕێ ، ئەمانە

Scanned with CamScanner

ڕەنگانەوەی بـاری ژیـانی مـادی و پـەیوەندی کۆمەڵایـەتین، بۆیـە هـەر سـەردەمێك جـۆرە ئـەدەب و هونەرێکی دەبێ کە سیما و خەسیەتی ئەو سەردەمە و ئەو کۆمەڵە و ئەو نەتەوەیە هەڵدەگرێ، بۆیە ئەو دەستوورانەی لەسەردەمێك و لـە کۆمـەڵێکدا دەبن بەباو ، بۆ سەردەمێکی تـر کـت و مـت وەکـو خۆیان دەست نادەن . دەبێ یان گۆڕانیان بەسەردابێ و لەگەڵ سەردەم بگونجێندرێن یان هەرلـە بنەڕەتەوە بخرێنە لاوەو یاساو دەستووری تری سەربەو سەردەمە نوێیەیان بخرێتە شوێن ، بەمـەوە دەردەکەوێ هەر سەردەمێك جۆرە بیرو بۆ چوون و ئەدەب و هونەرێکی هەیە کە لـە سـەردەمەکانی پێش خۆی و پاش خۆی جیای دەکاتەوە.

بەگوێرەی شیعر ، ماوەیەکی دوور و درێژ بوو لای زۆربەی نەتەوەکان ، نزیکەی بەهەمان دەستوور ماوەڕاو نوێ کردنەوەی تێشدا کرابێ کەم بوە . نوێ کردنەوەی بنجی و بنەڕەتی شیعری جیهـانی لەسەردەمی رۆمانتیکی و ئینجا ڕەمزیەکان دەست پێ دەکا کە قـالبە دەق گرتوەکانی کلاسیکیان ڕەت کردەوە و ناوایان کرد شاعیر بـە پێی بیرو هەست و سۆزی ناوەوەی خۆی و بە یاسای زمـانی خۆی بەبڕەوی شیعر نووسین بکا ، نەك یاسای دەرەوەی خۆی و دەرەوەی زمانەکەی بەسەر شیعری خۆی نابسەپێنێ . ئەم نوێکاریە جگە لە ڕەگەزەکانی تر ،لـەدوو لایەوە ئاشکرا دیارە : ١- کێش ، ٢- سەروا . شاعیران قـالبە ڕەقەکانی ئەم دوو ڕەگەزەیان نایە دواوە . بـەڵام بەتـەواوی پشتیان تـێ نەکردن ، ئازادییان لـە جـۆری کێش و ژمـارەی پێیـەکان و لـە چۆنیـەتی و کـاتی هێنانـەوەی سـەروا بەخۆیا. ئەمە قۆناغی یەکەمی نوێ کردنـەوەی شیعر بـوو. پاشتر هـەر بەتـەواوی ئـەم دوو ڕەگـەزە دوانە دواوە و شیعرلـە بەخشان نزیـك بـوەوە ، وەك بەخشان گـوێ بـە کێش و سـەروا نـادا ، وەکـو شیعریش بە زمانێکی مەجازی و چڕو پڕ ئیحا دەنووسرێ. ئەمە زیاتر بە (بەخشانە شیعر) ناسراوە [٢٩٤]. ئەمەیان لە زمانە ئەوروپیەکانـدا بەپێی شکڵ و ناوەرۆکەوە دوو جۆری هەیە :

١- بەخشانی شیعری (poetic prose) : ئەمە بەخشانە بـەڵام لـە بـەکارهێنانی ڕیتم و جـۆرێ کێش و سفتی و ڕاڕاندنەوەی زمان ، بەتایبەتی لەبەکارهێنانی هونەرە ڕەوانبێژیـەکانی وەکـو دەنگـە لاسکەو ئەسۆنانس و میتافۆر لە شیعر نزیك دەبێتەوە [٥٠٣ : ٥٢٠].

٢- بەخشانە شیعر یان هۆنراوەی بەخشانی (prose poem) : ئەمە بەرهەمێکە وەکو بەخشان چاپ دەکرێ بەڵام ڕەگەزە باوەکانی شیعری تێدایە ، وەکو ڕیتم و مەجاز و سەروا و سەروای ناوەوە و ئەسۆنانس و کۆنسۆنانس و وێنەی سەرنجکێشی وەرد ناڕاو[٥٠٣ : ٥٣٦].

ئەوەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێ زیاتر لێی بدوێین ، قۆناغی ناوەڕاستە ، ئەو شیعرە ئازادەی کێش و سەروای تێدایە بەڵام خۆی بە قـالبی تەقلیدی نابەستێنەوە. ئەمە سەرەتـا لـە ئـەوروپا لای شـاعیرە فەرەنسیەکانی وەکو ڕامبۆ و فرلین و مالارمێ سەری هەڵداو لـە ئینگلیزیدا والت وویتمان و ئینجا ئەزرا پاوند و تـ.س.ئیلیۆت پەرەیان پێدا. لەعەرەبیدا هەرلە سەدەی نۆزدەدا، لەژێـر کاریگـەری

Scanned with CamScanner

ئەدەبی ئەوروپیا جۆرە ئازادییەك لە كێش و سەروا و بەتایبەتیش سەروا كەوتە ناوەوە، ئەمە هەر لە حەسوونی سووری كە بۆیەكەم جار شیعری بێ سەروا (blank verse-)ی نووسی و لەسەرەتای ئەم سەدەیەش زەهاوی یەكێ بوو لەوانەی ناوای بانەدواوەی سەروای دەكرد چونكە سوودی نییە، ئەم نوێ كردنەوەیە لە قوتابخانەی (دیوان) و (ئەپولو) پەرەی سەند تا كۆتایی چلەكان لەسەر دەستی سەیاب و نازك الملائكە بەتەواوی تەقییەوە[٣٦٥]. دوای ئەوانیش شاعیرانی تری وەكو عبدالوهاب البیاتی و بلند حەیدەری و یوسف الخال و عبدالمعطی الحجازی و... پەرەیان پێدا.. لە تورکیدا ئەم بزوتنەوەی ئازادییە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا دەستی پێ كرد. بۆ نموونە عەلی كامی لە (ثروت فنون)دا شیعرێكی نووسیوە بەناوی (یانغین) [٤٤٨ : ٣٧٥]، لە ژێر ناونیشانەكە تێبینی نووسیوە (قافیەسز)، دێرەكانی بەسەر پارچەی (٢، ٥، ٣، ٣، ٥، ٥) لەتی دابەش بوە و هیچ سەروای تێدا پەیرەو نەكراوە. لە راستیدا (ثروت فنون) دەرفەتێكی باش بوو بۆ بەرپاكردنی (شۆرشێكی فراوانی ئەدەبی) [٣٤٦ : ٢٤٥] و نووسەر و شاعیرانی ئەم رۆژنامەیە توانیان لە رێی كاریگەری ئەوروپی و بەتایبەتیش فەرەنسییەوە تازە كردنەوەیەك لە شیعری تورکی ئەنجام بدەن. پاش ئەمان و دوا بەدوای راگەیاندنی دەستوور (١٩٠٨) و نەمانی (ثروت فنون) بزووتنەوەیەكی تری ئەدەبی بەناوی (فجر آتی) سەری هەلدا كە (ئەمانە توانیبان ئەدەبی تورکی لە كۆتی قورس رزگار بكەن) [٣٤٦ : ٢٤٦]. شاعیرانی وەكو حسین زادە عەلی و رەزا تۆفیق بولوك باشی و ئەحمەد هاشم و جەلال ساهر و محەمەد عاكف پەرەیان پێدا و لای نازم حیكمەت گەیشتە ترۆپكە.

شاعیرانی فارس لە ئەنجامی كاریگەری شیعری ئینگلیزی كەوتنە تازە كردنەوەی شیعری فارسی. بۆ نموونە (ذبیح بهروزی) كە ماوەیەك لە ئینگلستان بوو كەوتبوە ژێر كاریگەری شەكسپیر و سالی ٩٣٠ دوو شانۆگەری دانا یەكێ بەناوی (شاه ایران و بانوی ارمن) و ئەوەی تر بەناوی (در راه مهر)، لەهەردووكیاندا خۆی لە كێش و سەروای تەقلیدی رزگار كردوە[٣٩١ : ١٣٠] سالی ٩٣٢ كە محەمەد مقەدەم لەئەمریكا گەرایەوە، لەژێر كاریگەری والت ویتمان شیعرێكی ئازادی نووسی بەناوی (رازی نیمە شب) [٣٩١ : ١٣٢] بەلأم لەهەموویان زیاتر بزووتنەوەی نوێخوازی شیعری فارسی بە (نیما یوشیج) گەیشتە بۆیە. كە سالأنی ٩٣٨-٩٣٩ كۆمەلێ شیعری لە گۆڤاری مۆسیقی بلاو كردەوە (لەم شیعرانەدا هیچ گوێی بە هێنانەوەی سەروا نەدەدا) [٣٩١ : ١٣٣]. دوای ئەویش شاعیرانی وەكو (تندركیا) و گولچین گەیلانی و فەرەیدون تەوەللی و نادر نادرپورو سایە و سیاوەش كسرائی و م.ا.ومیدو فروغ فروغزادە .... پەرەیان بەم بزووتنەوەیەدا.

لە كوردیدا، ئەگەر چی هەر لەسەدەی نۆزدەوە هەولێ دەرچوون لەیەكێتی سەروا هەبوو وەكو مەسنەویەكانی حاجی قادر بەلأم یەكەم هەولێ بەرچاو عەبدولرەحیم رەحمی هەكاری ناویە بۆ نەهێشتنی قافیەتی سەروا، جا یەكێتی سەروا بێ یان مەسنەوی [١٥٠ : ٥٢]. ئینجا لەماوەی نێوان (٩٢٠-٩٣٠)، گۆران و شێخ نووری شێخ سالح و رەشید نەجیب و عەبدورەحمان

Scanned with CamScanner

بەگی نفووس ، لە رێگای لاساکردنەوەی شاعیرانی تورکی وەکو تۆفیق فیکرەت و جەلال ساهر و نازم حیکمەت کەوتنە نوێ کردنەوەی شیعری کوردی بەلأم وەك گۆران دانی پێ دا دەنێ شێخ نووری سەر دەستەی ئەوانە بوە ، چونکە هەم زۆری دەنووسی و هەم نووسینەکانیشی بلاو دەکردەوە و نەئسیریان دەبوو[٢٣٢ : ٣] . رەشید نەجیب و عەبدولرەحمان بەگی نفووس زیاتر خۆیان لەبەکێتی سەروا لاداوەو گەڕاونەتەوە سەر مەسنەوی خۆمالی. شێخ نووری داهێنانەکەی لە نووسینی موستەزادی جۆراو جۆر و موسەممەت و شیعری پارچە دار و موتوریەکردنی چوارینەی کوردییە بەسەروای پترارکی جگە لە بەکارهێنانی مەسنەوی و نووسینی ئۆپەرێت. گۆران ئەگەرچی چ لە رووی تەوازوعەوە بێ و چ لە رووی راستی دەست نیشان کردنی سەرەتاکان، شێخ نووری بەسەرۆك دادەنێ ، بەلأم گۆران خۆی بوو ئەو بزووتنەوەی پێ داو گەیاندە پۆپە . نابێ دەوری پیرەمێرد و قەدری جان و جگەر خوێن و بەختیار زێوەر لەبیر بکرێ کە هەریەکە لە ئاستی خۆیەوە شتی نوێی خستۆتە سەر ئەو هەوڵەی نوێ کرنەوە، بۆ نموونە پیرەمێرد جگە لە گەڕانەوە بۆ سەروای مەسنەوی خۆمالی هەندێ شیعری پارچە داری هەیە ، شەشینە و پێنجینە و چوارینە ، جگە لە کۆمەڵێ موسەممەت[٤٤] . و بەمەوەش تازە کردنەوەی سەروای قوولتر کردەوە .

شیعری ئازاد و سەروا :

ئەو شیعرە ئازادەی باسی دەکەین، بەتەواوی لە کێش و سەروا ئازاد نییە، بەڵکولە کۆتی تەقلیدی ئەم دوو رەگەزە ئازادە. سەروای ئازاد ئەوەیە کە خۆی بە هیچ قالبی دەرەوە نابەستێتەوە، هاتنی بەپێی یاسای دەرەوە نییە، بە پێی هەست و نەستی شاعیرە، بەپێی دەلالەت و نابەشبوونی پستە و دەستەواژەی شیعرەکەیە. شاعیر کەی ویستی و بەچاکی زانی سەروا دادەمەزرێنێ و کەی بۆی گونجا و بێ زۆر لە خۆکردن، سەرواکە دووبارە دەکاتەوە. بەلأم لەهەمان کاتیشدا هەوڵ دەدا سوود لە رەگەزی تری دەنگو وشە وەریگرێ بۆ قوولّ کردنەوەی ریتمی شیعرەکە و پتەو کردنی سەرواو دەوڵەمەند کردنی ئیحا و دەلالەتی وشەکان . بۆ نموونە [٤٩] با بەشی یەکەمی (لەزینداناتا چواردەی تەموز)ی گۆران وەریگرین کە تا رادەیەك ئازادی بەخۆی داوە لە دامەزراندنی سەروای شیعرەکە ، دەڵێ:

(١) دەنگێکی دوور ..... A
(٢) دوور .. ئێجگار دوور ... . A
(٣) بەئاستەمێك ئەگاتە ڤوور! ..... A
(٤) ئەی دەنگی دوور ، ..... A

[49] گۆران هێشەنگی بەکارهێنانی سەروای ئازادە ئینترلەدوای ئەوەوە شاعیرانی کورد رووبیان کردە ئەم جۆرە سەروایە و بەرەبان بێنا . لێرەدا تەنیا (٣) نموونەی گۆران و شێرکۆ و بەشێلو وەردەگرین . داوای لێ بوردنیش لە شاعیرانی تر دەکەین کە لێرەدا بواری ئەوە نییە نموونەی شیعری هەموویان شی بکەینەوە .

Scanned with CamScanner

(٥) بەئاستەمێك ئەگەیتە ژوور! ..... A

(٦) ئاخۆ سپیت یان ڕەش یان سوور؟ ..... A

(٧) وەرە پێشتر.. ..... B

(٨) چۆن ئاو ئەڕژێتە ناو ئاگر، ..... B

(٩) لە ڕێی گوێوە بڕژێرە گیان C

(١٠) زیندانم پڕکە لەکۆڵ یان! C

(١١) زنجیری پێ ..... D

(١٢) کپ بە تاوێ، وەك لۆکەی گوێ! ..... D

(١٣) هەوای شلەقاوی زیندان، C

(١٤) بنوو وەك بەرمەمکان ئەنوێ! ..... D

(١٥) با دەست ڕێژی ئەم دەنگەی دەر ..... E

(١٦) گوللەی مانای گوێم بپێکێ ..... D

(١٧) بەڵکو گڕەی تینوێتی سەر ..... E

(١٨) وەك تۆپ نڵەی بێ و بنەقێ!... ..... D[١٧٣ : ٢٨٠]

ئەم پارچە شیعرە لەسەر (٥) سەروا نامەزراوە، بەڵام. بەکارهێنانی هەموو سەرواکان مل کەچی یەك تاکە یاسای سەروا نییە. هەر سەروایەك جۆرە بەکارهێنانێکی تایبەتی بۆ کراوە. ئەمەیش زیاتر سەربەستی بە شاعیر دەدا کە خۆی بەیەك تاکە یاسا نەبەستێتەوە لەسەرەتاوە تا کۆتایی. یەکەم سەروا (A) شەش جار بەدوای یەکدا هاتوە، بەڵام هەموویان مەرجی سەروایان تێدا نییە، چونکە لە لەتی(٤،٢،١) وشەی (دوور) بە هەمان ماناوە دووبارە کراوەتەوە بێ ئەوەی وەك پاش سەروا حسێبی بۆ بکرێ و سەروای وشەکانی پێشەوەی پابگیرێ، ئەم جۆرە سەروایە لە شیعری کلاسیکی ڕێ نەدراوە، بەکەم و کورتی (ایطاء) ناندراوە، کەچی گۆران زۆر سەربەستانە بەکاری هێناوە چونکە شوێنەکە و بابەتەکە ئەو جۆرە دووبارە بوونەوەی دەوێ. ئەمە لە (٥،٣)یش هەمان شتە. ئەم هەر شەش سەروایە دەنگی بزوێنی (وو) یان تێدایە و ئەمەش بزوێنێکی درێژەو ئاستی کشانی ئاسۆییە. دوورایی دەنگو باسەکە دوور دەکاتەوە کە ئەمەیە مەبەست لەم چەند دێرە. دوای یەك مەسنەوی هاتوە (٨،٧). لە (١٣،١٠،٩) یەك سەروا دووبارە بۆتەوە (C) و تێك چڕژانێکی دروست کردوە لە تێوان سەروای مەسنەوی (١٠،٩) و سیستەمی سەروای لەتەکانی دوای ئەوەوە. لەتەکانی(١١، ١٢، ١٤، ١٦، ١٨) هاوسەروان (D) و لەگەڵ سەروای پێشەوە (C) و سەروای تێوانیان (E) یەکتریان لەباوەش گرتوە. دوو لەتەکەی تریش (١٧،١٥) هاوسەروان. وەك دیارە ئەم پێنج سەروایەی لەم شیعرەدا هاتوون. دوویان (A.B) بەشێوەی سەربەخۆ لەشەشینە و مەسنەوی پێشەوە هاتوون و بەناوبەکدا چوونیان لەتێواندا نییە، کەچی سێ سەرواکەی تر(C.D.E) تێك هەڵکشاون و یەکێتیەکی پتەوتریان بەشیعرەکەداوە و سفتتریان کردوە. (C)

Scanned with CamScanner

لەگەڵ (D) و (D) لەگەڵ (E) کەوتوونەتە ناوبەك .

شیرکۆ بێکەس لەپارچەی بەکەمی (بەیانی بێ خۆر)دا دەڵێ :

(١) رێگا دووره ، بەرچاو لێڵە ..... A
(٢) ئاسۆی گیانم بەدوای تیشکی ..... B
(٣) خۆری هەواڵێکا وێڵە ..... A
(٤) خەیاڵ رێبوارێکی ماندووی C
(٥) لەش کە نەفتی ..... B
(٦) خەم داگرتووی C
(٧) بیابانی مابێن .. کێڵە ..... A [١٢١ : ٣٩]

ئەم پارچە شیعرە (٧) لەتە لەسەر سێ سەروا (ABC) نامەزراوە . نامەزراندنی ئەو سەروایانە بەپێی دەستووری کلاسیکی نەهاتوە . سەروای یەکەم (A) لە لەتی (١ ، ٣ ، ٧) دووبارە بۆتەوە ، دەری زایەڵە دانەوەی سەرەتا و کۆتاییە ، سەرو بنی پارچەکەی بەیەکەوە بەستۆتەوە و وەك ئەڵقەیەکی بازنەیی دابخستوە . جگە لەسەدایەکی ناوەڕاست کە دەنگەکانی ئەم لاو ئەولا لەخۆی کۆدەکاتەوە و بنکەی ئاوازی سەروای سەرەکی شیعرەکە دادەڕێژێ . دوو سەرواکەی تر بەکە و دووجار هاتوون . یەکێکیان (B) لە لەتی دوەم دەستی پێ کردوە ، دوای دوو لەت ئینجا لە لەتی پێنجەم دووبارە بۆتەوە ، کەچی ئەوەی تر (C) لەلەتی (٤) هاتوە و لەلەتی (٦) سەدای هاتۆتەوە . لەم پارچەیەدا هیچ لەتێك بەڕەهایی و بێ سەروا نەماوەتەوە ، هەرسێ سەروایش بەناوبەکدا چوونەتو بەتۆزە رێگای دەنگدانەوە بۆیەکتر دەکەنەوە و لە کۆکردنەوەی هەمووبان ئاوازێکی هەمە ڕەنگەی بڵند بەئەنجام دێ .

بەشێوە (ئەو پەڕی تاسە)دا دەڵێ :

(١) چۆن دڵت هات ..... A
(٢) لەگەڵ سەرینی ، ..... B
(٣) تەنیایی دەرزی چنا C
(٤) جێم بهێڵیت ؟ ..... D
(٥) چۆن دڵت هات ..... A
(٦) لەگەڵ شەوی ، ..... B
(٧) ساردو سڕی ، بێ نووستنا C
(٨) جێم بهێڵیت ..... D
(٩) بگەڕێوە ..... E
(١٠) ژووری تەنیام چاوەڕێنە ..... F

Scanned with CamScanner

(١١) بگەڕێوە ..... E

(١٢) عومری ڕاوام X

(١٣) شەیدای بووکی تڕپەی پێتە ! ..... F [١٣٣ : ٩٦]

ئەم شیعرە ، زیاتر لەسەر هونەری دووبات کردنەوە بنیات نراوە . دووبات کردنەوەی لەتە دێر دووبات کردنەوەی سەروایە . سەروایەکی گشتی و سەراپاگیری لەت . دوو جار (چۆن دڵت هات) و دووجار (جێم بهێڵیت) و دووجاریش (بگەڕێوە) هاتوە . لە (١٣) لەت ، (٢)ی دووبارەیە ، دەوریان جەخت کردنی مانا و فراوان کردنی ڕیتم و مۆسیقایە . یەکەم و دوەم بەیەکەوە ڕستەی سەرەکی پێك دێنن و گلەو گازاندە کردنە لەیار ، سێیەمیش تکایە بۆ گەڕانەوە. ئەم دوو هەڵوێستە بە جەخت و دووبارە ناشیرین نابن ، بەڵکو بەهێزتر دەبن بۆیە دووبارەکان لە شوێنی خۆیاندا هاتوون . سەروای یەکەم (A) لەلەتی یەکەم (١) هاتوە و لەلەتی(٥) دووبارە بۆتەوە ، سەروای (B) لەلەتی (٢) و لەتی (٦). بەڵام ئەم سەروایە لە ڕوانگەی بۆچوونی کلاسیکی بێهێزە ، چونکە دوو وشەی کۆتایی (سەرینی ، شەوی) تەنیا لە دەنگی (ی) هاوبەشن و ئەویش لەئەسڵی وشەکاندا نییە ، مۆرفیمی ڕێزمانییە و ناڕشتنی ڕستە هێناویە، بەڵام شاعیری نوێ ئەو یاسا سەختە دەشکێنێ ، ئەو ئەوەندەی بەسە کە دەنگەکانی کۆتایی ڕاپەڵەی یەکتر بن ، ئیدی دەنگەکە ئەسڵییە یان ئەسڵی نییە بەلایەوە گرنگنییە . سەروای لەتی (٣) و (٦)یش یەك شتە (١) دوا لەتیش سەرواکەی بۆ لەتی (١٠) دەچێتەوە کە دوو لەتیان لەناوەخۆ گرتوە . (عومری ڕاوام) کە لەتی (١٢)یە وادەکەوێتە بەرچاو کە ڕەهاو بێ سەروا بێ، بۆیە (X) مان بۆ ناناوە ، بەڵام ئەویش هاوسەروای خۆی هەیە . لەگەڵ سەروای ناوەوەی لەتی (١٠) (ژووری تەنیام) هاوسەروان . وەك دیارە شاعیر لە ناڕشتنی سەروا پەنای بردۆتە بەر دووبارەکردنەوەی دەستەواژە و لێك گرێدانی سەروای کۆتایی و سەروای ناوەوە و تێك هەڵکێشانی سەرواکان بۆ دەستەبەر کردنی جێنیتێکی سفتی کۆتایی لەتەکان .

جگە لەم سێ شاعیرە شاعیرانی تری وەکو لەتیف هەڵمەت و جەلالی میرزا کەریم و ئەنوەر جاف و .... ئەم جۆرە سەروا ئازادەیان بەکارهێناوە . لەشی کردنەوەی ئەم سێ نموونەیەی سەرەوە دەگەینە چەند ئەنجامێك لەبارەی سەروای ئازادی کوردی: لەم جۆرە سەروایە :

١- شاعیر بە هیچ جۆرێ خۆی بەهیچ دەستوورێکی سەروا و هیچ قالبە سەروایەك نابەستێتەوە .

٢- شاعیر لەسەروا هێنانەوەدا ، گوێ بە یاسای دەرەوە نادا ، تەنیا گوێ لەهەست و سۆزو بیری خۆی دەگرێ . سۆزو بیری کەی و چ جۆرە سەروایەکی بوێ ، پەیڕەوی ئەو سەروایە دەکا. واتە هەست و سۆزو بیری شاعیر ناترنجێنرێتە ناو بۆتەی تەسکی قالبە سەرواوە ، بەڵکو سەروا مل کەچ دەکرێ بۆ هەستی ناوەوەی شاعیر و چۆنیەتی کارکردنی لە خۆیدا .

٣- شاعیر سەرواکانی بە درێژایی هۆنراوەدا بلاودەکاتەوە ، بۆی هەیە یەك سەروا سەرەتا و

Scanned with CamScanner

کۆتایی پارچە شیعر بگرێتەوە و بەشێوەیەکی ئاسایی و پەرت و بڵاوی بەناو شیعرەکەدا پەرت ببێ. شوێنی دووبارە کردنەوەی سەروا دیار نەبێ ، شاعیر خۆی دەزانی لە چ شوێنێکدا دووبارەی دەکاتەوە.

٤- بۆ دەستەبەرکردنی یەکێتی ئاوازی شیعرەکە ، شاعیر هەوڵ دەدا سەرواکان لێک نانەبڕێنێ، بە پێی توانا تێکیان هەڵدەکێشێ بۆ ئەوەی هەموو سەرواکان بەردەوامیان هەبێ و بەهەموویان وەک پارچە مۆسیقایەکی گشتی ئاوازی شیعرەکە بەرز بکەنەوە .

٥- یەکێ لە رەگەزەکانی پتەو کردنی سەروا و ئاوازی شیعر دووبارە کردنەوەیەکە شاعیری تازە زۆر جار پەنای دەباتە بەر ، بەتایبەتی لەسەرەتا و کۆتایی هۆنراوە ، ئەگەرچی زۆر جار لەناوەڕاستیشدا دێ . ئەمە تیێنێکی زیادەکی بە هێزی سەروا دەدا و بنکەی دووبارە بوونەوەکە مکوومتر دەکا .

Scanned with CamScanner

بەشی چوارەم

جوانکاری وکەم و کورتییەکانی سەروای شیعری کوردی

بابی یەکەم : جوانکاری سەروای شیعری کوردی

١- ئیعنات
٢- جووت سەروا (دوقافیتین)
٣- سەروای دووبارە (التکرار)
٤- سەروای دوو لانە.
٥- سەروای ئەلقەبەند
٦- سەروای چوار گۆشەیی
٧- تەشتیرو تەرسیع
٨- سەروای وشەبڕ
٩- سەروای بەتیپ (ناوی دەنگ)
١٠- چینەکردنی ڕەوی
١١- چینەکردنی وشەی سەروا.

بابی دووەم : کەم و کورتییەکانی سەروای شیعری کوردی

یەکەم : کەم و کورتی دەنگو ئاوازی سەروا

١- جیاوازی دەنگی ڕەوی
أ- جیاوازی لە بزوێنا
ب- جیاوازی لە نەبزوێنا
٢- جیاوازی دەنگی پێش ڕەوی
أ- گۆڕانی بزوێنی کورتی پێش ڕەوی
ب- گۆڕانی بزوێنی درێژی پێش ڕەوی
ج- گۆڕانی قەید
د- گۆڕانی ئەلفی تەئسیس
هـ- گۆڕانی ئیشباع
٣- گۆڕینی بنیادی وشەی سەروا

دووەم : کەم و کورتی زمانەوانی و فەرهەنگی سەروا

١- ئیتا
٢- شاییگان
٣- تەزمین (التضمین)
٤- تەحرید
٥- هێنانی وشە بۆ خاتری سەروا
٦- وشەی سادە و ناسادەی سەروا.

Scanned with CamScanner

باسی یەکەم - جوانکاری سەروای شیعری کوردی :

جوانکاری یەکێکە لەئەرکە ئیستاتیکییەکانی شیعر و شاعیر زۆرجار ئەم رەگەزە بەدەرفەت دەزانی بۆ پتەوکردنی بەهای جوانکاری. لەم گۆشە نیگایەدا، سەروا وەکو هونەرێکی رەوانبێژی، لقی (جوانکاری - بدیع) دەوری خۆی دەبینێ، وەکو (تەجنیس) و(رد القافیه) و (تەرسیع) کە لە پەشەکانی پێشوو باسیان کراوە، جگە لەمانە گرنگترین هونەرەکانی جوانکاری سەروا ئەمانەن :

١- (ئیعنات) - سەروای فراوان - دەنگە دووبارەبووەکانی کۆتایی لەت یان دێرە شیعر تا زیاتر بن، مۆسیقای شیعرەکە دەنگدانەوەیەکی بەرزتری دەبێ. ئەو دووبارە بوونەوەیە وەك زیادەی هەرە کەم یان یەك دەنگی بەسە (بزوێنی درێژ) یان دوو دەنگ(بزوێن و نەبزوێن)، لەوە تێدەپەڕێ دەبێ بە زێدەڕەوی و دەکەوێتە قالبی جوانکاری، چونکە زیادەکە بۆ پێویستی نەهاتوە، بەڵکو بۆ جوانی هاتوە. ئەم زیادەیەش :

- یان لە دوای رەوییەوە دەبێ، ئەمە پاش رەوی و پاش سەروا دەگرێتەوە [٥١]

- یان لەپێش دەنگە ئەسلییەکانی سەروا دەبێ. ئەم زیادەیە وەکو سەروا دەبێ لەسەرەتا تا کۆتایی دووبارە بکرێتەوە. بێگومان ئەوە بارێکی قورستر دەخاتە سەر شانی شاعیر بەڵام سەرواکە قوڵتر و فراوانتر دەکا. ئەم دیاردەیە لەعەرەبیدا پێی دەگوترێ (لزوم مالایلزم) یان (اعنات). یەکەم کەس ئەبو عەلای مەعەرری بناغەی داڕشتوە و پاشان کەم کەمە شاعیران لاسایان کردۆتەوە. نالی لەشیعری (ئەی قەلعەیی)دا، لە هەموو دێرەکان نا، بەڵام لەزۆریەیان ئەم هونەرەی رەچاو کردوە، لەسەرەتادا دەڵێ :

ئەی قەلعەیی ماهم کە دەڵێی ئەوجی برووجی
وەك قوولڵەیی دووری کە دەڵێی قامەتی عووجی [٢٠٩ : ١١٨]

وشەکانی سەروا : (بروجی، عوروجی، دوروجی، سوروجی، خوروجی، لەجوجی، نووجی) دەنگەکانی سەروایان (ووجی)یە، (ج) رەوییە و (ی) پاش رەوییە. واتە دەنگە ئەسلییەکان (وج)ن. نالی لە چوار وشەی سەروادا پێش ئەم دوو دەنگە دەنگی (ور)یشی پەیڕەو کردوە. ئەمە پێویستی یەکی سەروا ناسی نییە بەڵام جوانییەکی زیادەی بەسەرواکە داوە. وادەبێ شاعیر لەبانی زیادکردنی سێووری دەنگەکانی سەروا، ئاوازیان یەك دەخا، ئەمەیش هێزێکی زیاتر بەسەرواکە دەدا (ئاوازی وشە خۆی لەیەکێتی بزوێنی هاوجێی وشەکاندا دەبینێ)، خادیم دەڵێ :

ئەی غولامی دەرگەهی تۆیە لەسەر شاهان شەرەف
جان و دڵ بۆتیری موژگانی تۆ وەکو نایم هەدەف [٧٥ : ١٥٥].

---

[51] لەشوێنی خۆی بە درێژی باسی ئەم دوو رەگەزەی سەروا کراوە، پێویست بە دووبارە نموونە هێنانەوە ناکات.

Scanned with CamScanner

وشەکانی سەروای ئەم هۆنراوەیە ئەمانەن : (شەرەف، هەدەف سەدەف، بەسەف، بەکەف، تەرەف، تەلەف، خەزەف). ئاوازیان یەکە چونکە هەریەکە لە سێ نەبزوێن و دوو بزوێن دروست بوە. بڕگەیەکی کراوەو بڕگەیەکی داخراو، بزوێنی هاوجێیان هەموو یەك شتە (٥).

٢- جووت سەروا (ذوقافیتین) : ئەو شیعرەیە کە دوو وشەی سەروای هەبێ. ئەگەر وشەکانی سەروای کۆتایی لەسەر لەبەری دێرەکان لابدەی، دیسان سەروای خۆی هەر بپارێزێ. ئەمە لە عەرەبیدا بە (تەشریع) ناسراوە و (ئەو دێرەیە ئەگەر بەشێکی لابدرێ بەمەجزووئی و بەسەروایەکی تر بمێنێتەوە .. مەرجە لە تەشریع یەك دێر و زیاتر دوو سەرواو دوو کێشیان هەبێ) [٢٨٣ : ٣٥]، لەفارسیدا پێی دەگوترێ (ذوقافیتین). د.علی سولتانی دەڵێ : (لەڕاستیدا، ئەمە جۆرە هونەرێکی (اعنات)ە، چونکە شاعیر خۆی ناچار دەکا لەکۆتایی لەتەکاندا دوو سەروا بێنێ) [٤٠٥ : ٦٥]. سالم لەهۆنراوەی (خەمی قەدەم)دا، لەسەرەتا تا کۆتایی کە شەش دێرە و دێری یەکەمی موسەڕڕەعە دوو سەروای دامەزراندوە. دەڵێ :

خەمی قەدەم لەغەمدا شێوەیی ئەبرووتە/تامووتە
بە دائم پێچشی خاتر وەکو گێسووتە/ تابووتە
دڵی تەنگم لەعیشوەو فەننی تۆ مەحبووسی جاویدە
لەچاهی میحنەت و غەمدا هەتا وا خووتە/هاڕووتە
خەیاڵم تیژە وەك ئەلماس و هەم لەم فیکرەدا کۆڵە
لەباتی خاتەمی لە علت مەگەر یاقووتە / یاقووتە [١٠١ : ١٢٢]

سەروای ئەم هۆنراوەیە (ووتە)یە، لە وشەکانی (تامووتە، تابووتە، هاڕووتە، یاقووتە، هیندووتە، واجووتە، یابووتە)دا هاتوە، ئەم وشانە لەکۆتایی دێرەکان بپچڕێن، وشەی پێشەوەیان جێگەیان دەگرێتەوەو هەمان سەروا (ووتە) دەمێنێ کە لەم وشانەدایە (ئەبرووتە، گیسووتە، خووتە، یاقووتە، گاجووتە، تابووتە) لەمانە هەندێکیان دوو وشەکەیان جیایە وەکو : (ئەبرووتە/تامووتە، خووتە/هاڕووتە) و هەیشە هەمان وشەیە دووبارە بۆتەوە بەڵام بەواتایەکی تر (ڕەگەزدۆزی) وەکو : (یاقووتە/یاقووتە).

- هەر لەم جووت سەروایە، وادەبێ، وشە یان دەستەواژەی دووەم وەکو بەشێکی وشە یان دەستەواژەی یەکەم وابێ، وەکو (هەوابێ/وابێ) لە شیعرە ناوبارەکەی زێوەر کە دەڵێ :

کێیە تا سەر لەفەڕای دەردو غەمابێ/مابێ
ئەوە هەر کوردە کە چاوی لە هەوابێ/وابێ
هەر سولەیمانییە عیفریتی حەسەد سواری بوە
هود هودی خۆش خەبەرم گەر لەسەبا بێ/بابێ
ڕاستی ڕێگەی ڕاستت ئەدەب و ئەخلاقە
نەمدی هەرگیز لەکەسێ ڕووی لەکەچا بێ/چابێ [٩٧ : ١٦]

Scanned with CamScanner

کۆتایی هەر دێرێك بەدوو دەستە دەنگی لەیەك نزیك کۆتایی هاتوە، لەهەموشیان بەیەك نەسەق یەکەمیان دوو دەنگی سەرەتای زیاترە لە دوەم (هەوابێ/وابێ ...) یان وەکو ئەمە خۆی دەنوێنێ کە وشەی یەکەم دوو برگەی کۆتایی دووبارە بووبێتەوە (هەوابێ - وابێ).

- هەرلەم جۆرەدا بۆی هەیە لەباتی دووبارە بوونەوەی دوو برگە، وشەکانی سەروای کۆتایی وەکو دووبارە بوونەوەی یەك برگەی پێشەوەیان وابێ، حەمدی دەڵێ :

دەکایەغما بکا جانان لەگەڵ فەردی بەشەر/ شەر
لەدڵ شەوق و لەدەم زەوق و لەمل تەوق و لەئەفسەر/سەر
بەنیوە پێکەنینی زوڵفی لادا ڕوومەتی دەرخست
نەتەنگی ما دڵی غونچە نەگوڵ ڕەنگ و نە عەنبەر/ بەر [٦ : ٢٢٥]

لەسەراپای دێرەکاندا جووت سەروا بەو شێوەیە دارژاوە، تەنیا لەیەك دێر نەبێ ئەمەی تێدا بەبڕیو نەکراوە (دێری ٣). ئەویش لەڕواڵەت دا وەکو ئەوانەی تر خۆی دەنوێنێ کە هەردوو سەروا هاڵدەگرێ بەڵام لەیەك وشەدا کۆبوونەتەوە (مەڕمەڕ). نابێ دەوری ڕیتمی سەرواو ئاوازی ناوەوەی لەنێ دوەمی دێری نەکەم لەبیر بکەین، کە سەرواکە لە (شەوق، زەوق، تەوق) دایەو هەموشیان هاوئاوازن، ئینجا دابەش کردنی ئەم وشانە بەسەر سێ وشەدا کە یەکەمیان (دل) لەگەڵ هەردوەکەی تر (دەم، مل) دەنگدانەوەی نەبزوێنی تێدایە. (دل و دەم) بە (د) و (دڵ و مل) بە (ل) و بزوێنەکە پێکەوە بەسراون.

هەرلەم جۆرەدا کە دوەم وشەی سەروا، لە ڕووی دەنگەوە دووبارە بوونەوەی برگەی کۆتایی وشەی یەکەم بێ، دەشێ هەردوو وشەکە ڕاستەوخۆ بەدوای یەکەوە نەهاتبن، بەڵکو بە (ی)ی پێوەندی پێکەوە لکابن، وەکو حەمدی لە شیعرێکیدا دەڵێ:

شەکوەیی ئەغیاری خۆم کەم، ڕەبی، یا/ ئەغیار/ ی/ یار
چاری سەر یا دڵ بکەم، چ بکەم لەگەڵ/دووچار/ی/چار
جامی دڵ لەبڕیزی خوێنە، بەسمە وەك مەجنوون لە چۆڵ
نۆشی بێ لەیلا دەنۆشی ساغری/ سەرشار/ ی/ شار [٦ : ٢٣٢]

لەدێری یەکەمدا (ئەغیار-یار) و (دووچار-چار) و لەدێری دوەمدا (سەرشار-شار) دوو وشەی سەروان. بە (ی) پێکەوە لکاون و لە هەموشیان دوەم برگەی کۆتایی یەکەمە.

- هەرلەم جۆرە جوانکارییەدا، وادەبێ لەدوو وشەکەی کۆتایی هەر دێرێك، دوەمیان دەنگێکی زیاتر بێ نەك کەمتر لەوشەی یەکەم و ئەویش لە دواوە. حەمدی دەڵێ :

تاکەی ئەدەی بەخەڵقی لە عەقڵ و زەکا/زەکات

Scanned with CamScanner

کورده ده‌کاله لیباسی حه‌یاتا حه‌یا/حه‌یات (٥٢)
ئیسلاحی نه‌فسی خۆت بکه ڕازی ببه حه‌ق
ئیزهاری عیجزه، به‌سیه ، ڕه‌واجی شکا/شکات
تاکه‌ی له‌نه‌فعی خۆت و زیانی خه‌لق ئه‌دوێی
حه‌یفه که ئابڕووی له جیهانا تکا / تکات [٦ : ١٨٥]

له‌سه‌راپای ئه‌م شیعره‌دا که (١٠) دێره به ته‌سریعه‌وه له‌سه‌ر ئه‌م هونه‌ره جوانکارییه - سه‌رواناسییه دامه‌زراوه. وشه‌کانی کۆتایی (زه‌کات، حه‌یات، شکات، تکات، ریات، نه‌بات ...) وه‌کو دووباره‌کردنه‌وه‌و زیاده خستنه سه‌ری وشه‌کانی پێشه‌وه‌ی خۆیانن (زه‌کا، حه‌یا، شکا، تکا، ڕیا، نه‌با ...).

- بۆی هه‌یه کۆتایی دێره‌کان له جیاتی دوو وشه، به‌دوو ده‌سته‌واژه براببێته‌وه که ده‌نگه‌کانیان یه‌ك بێ و مانایان جیا بێ (ڕه‌گه‌زدۆزی بن) ، شێوه‌ی نووسینیان وا ده‌بێ وه‌کو یه‌ك بێ و وا ده‌بێ جیا بێ، زێوه‌ر شیعرێکی به‌م جۆره جووت سه‌روایه دارشتوه، ده‌ڵێ :

با نه‌چنێته لای ڕه‌قیبان یار ئه‌نیسی خانه‌بێ
لازمه ئه‌و ئاسکه له‌ولا نه‌بێ/ له‌ولانه‌بێ
دیده وه‌ختێ تۆی له‌لا حازر نه‌بێ واحه‌ز ئه‌کا
بۆ نه‌زه‌ر له‌عل و دوڕی یه‌کتانه‌بێ/یه‌ك تانه‌بێ [١٣٩ : ٥٤١]

دێری یه‌که‌م به‌دوو ده‌سته‌واژه‌ی وه‌کو یه‌ك کۆتایی هاتوه (له‌ولانه‌بێ، له‌ولانه‌بێ) که ده‌نگه‌کانیان یه‌که به‌ڵام مانایان جیایه. له‌خوێندنه‌وه‌دا به‌ستێس به‌شه‌کانی هه‌ریه‌که‌یان دیار ده‌کرێ : (له‌و/لانه/بێ) یان (له‌ولا/نه‌بێ). له‌شێوه‌دا وه‌کو یه‌ك ده‌نووسرێن ته‌نیا ئه‌گه‌ر به بۆشایی پارچه‌کانیان لێك جیابکرێنه‌وه. دێری دوه‌میش به‌دوو ده‌سته‌واژه‌ی وه‌کو یه‌ك له‌ده‌نگو جیا له‌ماناو نووسین کۆتایی هاتوه : (یه‌کتا/نه‌بێ، یه‌ك/تانه/بێ).

٣- سه‌روای دووباره (التکرار) - دووباره بوونه‌وه له‌گه‌ڵ ڕه‌گه‌زدۆزی جیایه. لێره‌دا وشه‌که به‌هه‌مان مانا دووباره ده‌بێته‌وه، (ئه‌وه‌یه دوو وشه‌ی هاوڕه‌گه‌ز -متجانس- له‌کۆتایی هه‌ڵۆێستی به‌خشان یان دێره شیعر به‌دوای یه‌که‌وه دووباره ببنه‌وه) [٤٠١ : ٨٣]، ده‌شێ له شوێنی تریش بێن، به‌ڵام به‌های جوانییه‌که‌ی له کۆتایی زیاتره که له‌گه‌ڵ سه‌روادا یه‌ك ده‌گرێته‌وه، سالم ده‌ڵێ :

لازمی عه‌رز حاله کاغه‌زی زه‌ڕ ته‌به‌ق / ته‌به‌ق
شه‌رحی میحه‌ن به‌خوێنی دڵ سه‌بتی ئه‌که‌م وه‌ره‌ق وه‌ره‌ق
تیری نیگاهی دڵبه‌رم یه‌ك یه‌کی نیشته ناو جگه‌ر
سینه له ترسی پێله‌کی موژته‌سیله شه‌به‌ق / شه‌به‌ق [١٠١ : ٧٦]

---

(52) له‌تی دوه‌می ئه‌م دێره کێشه‌که‌ی له‌نگه.

Scanned with CamScanner

وشەی کۆتایی وەکو خۆی دووبارە بۆتەوە : (تەبەق تەبەق، شەبەق شەبەق، سەبەق سەبەق، فیرەق فیرەق).

- بۆی هەیە ئەو وشەیەی لەکۆتایی دووبارە دەبێتەوە، دوو وشەکە ڕاستەوخۆ لەتەك یەك نەیەن، بەهۆی ئامرازێکەوە بچنەوە سەریەك، خادیم دەڵێ :

تۆزەیی مشکسایی تۆ حەلقە بە حەلقە، خەم/بە/ خەم
حەلقە بە دەوری عاریزە وەك گوڵی سویحەدەم/بە/دەم
شەوقی جەمالی حوسنی تۆ ئاگری زەوقی عیشقی من
ڕوو لە زیادە هەر دەمێ لەحزە بە لەحزە دەم/ بە / دەم [٧٥ : ١٧٣]

جووت وشەکانی سەروا ئەمانەن (خەم بە خەم، دەم بە دەم)، یەك وشەیە دووبارە بۆتەوە و بە (بە) دراونەتە دەم یەك. جووت سەروای دێرەکانی تری ئەم شیعرە ئەمانەن : (جەم بە جەم، یەم بە یەم، نەم بە نەم، بەرلەبەر، غەم بە غەم، کەم بە کەم، چەم بە چەم). جگە لە کۆتاییەکان، کاریگەری ئەم جۆرە سەروایە بۆ ناوەوەش ئاکشاوە، لەسەرەتا جگە لە وشەکانی سەروا، (حەلقە بە حەلقە) بەهەمان دەستووری سەروای شیعرەکە دووبارە بۆتەوە. ئەم ئاکشانی کاریگەری سەروایە بۆ ناوەوە، لەشیعری (وێل و فیراری) سالم باشتر دەردەکەوێ، کە دیاردەکە لەتی دووەم هەمووی ئادەگرێ تەنیا لەیەك دێر نەبێ تەنیا نیوەی لەتەکەی گرتوە، وەکو دەڵێ :

وێل و فیراری عیشقی تۆم شەهریە شەهر سوو / بە/ سوو
پشتە بە پشتە تەل بە تەل دەشت بە دەشت، کوو/بە/کوو
قەیدە لە گەردنی دڵم زوڵفی سیاهی پڕ خەمت
حەلقە بە حەلقە چین بە چین عوقدە بە عوقدە موو/بە/موو [١٠١ : ١١٢]

لەم جۆرە هونەرکارییە وردەدا، سەروا لەگەڵ سەرایای لەتی دووەمدا دەکەوێتە ناوێەك ئاوازی دووبارە بوونەوە و لەگەڵ سەروای لەتی یەکەم تێك دەکاتەوە. جۆرە ئاوازێکی سووك و سەمایانەی خێرا دەخولقێنێ و هەست و سۆزی خوێنەر دەخاتە بەر شەپۆلی جۆشانێکی ڕێك و بەردەوام.

٤- سەروای دوو لانە : ئەوەیە لەهەردوولای دێرە شعرەکان، لەسەرەتاو لە کۆتایی، هەمان وشەی سەروا بەکاربێرێ. بۆ نموونە خەلیل موخلس دووسەرەیی دەڵێ :

قوربان لەغەما فەوتام، فەوتام لە غەما قوربان
زیندان بووەتە قەسرم ، قەسرم بووەتە زیندان
تاکەی وەکو نەی نالین، نالین وەکو نەی تاکەی
هیجران بەخوا بەسیە، بەسیە بەخوا هیجران [٤٩٠ : ١١٣]

لێرەدا جگە لە دووبارەبوونەوەی وشەی سەرەتاو کۆتایی هەر لەتێك (قوربان/زیندان / تاکەی / هیجران)، جۆرە هونەرێکی تری جوانکاری تێدا بەکارهاتووە کە عەکس و تەبدیلە. لەهەر لەتێکدا

Scanned with CamScanner

دوو ڕستەی هێناوە. ڕستەی دوەم هەڵگەڕانەوەی وشەکانی ڕستەی یەکەمە. بەمەوە وشەی سەرەتای لەت لەکۆتایی دووبارە بۆتەوەو هەردوو جەمسەری لەتەکەی بەیەکەوە گرێداوە.

٥- سەروای ئەلقەبەند (la rime enchainee)، بۆیە وای پێ دەگوترێ چونکە دوو دێر بەیەکەوە گرێ دەدا و بریتییە لە دووبارە بوونەوە وشەی سەروای لەتی دوەم، چ وەکو خۆی و چ بەگۆڕانێکی کەم. لەسەرەتای دێری دواتر. ئەمە لەفەرەنسیدا وەك حاڵەتێکی تایبەتی سەروا باسی کراوە (٥٣). لە شیعری ئینگلیزیدا ئەم جۆرە سەروایە باسی لێوە کراوە بەڵام بەم شێوەیە تەحدید کراوە وشەکان (هەر چەندە دەنگەکانیان یەکە بەڵام مانایان جیایە) [٥٠٢: ١٠٨] ئەمە لە عەرەبی و فارسیدا (رد الصدر الی العجز)ی پێ دەڵێن [٤٠٠: ٥٩]، لە کوردیدا زیاتر لەو شیعرانەدا بەرچاو دەکەوێ کە بەهونەری تەشتیر ڕازاونەتەوە، مەلای جزیری لە هۆنراوەی (پبتا ئاتەشێ)دا پەیڕەوی کردوە، دەڵێ :

کوشتم بقەوسی عەنبەرە شۆخی ژدل مل دان بەرە
ئێخستە دل ' سەد پەنجەرە ئەف ڕەنگە ئەم میحنەت کەشین.
میحنەت کەشین ڕوزو شەبێ دەر فیرقەتا شیرین لەبێ
زولما ژبەر دەستی تەبێ ئەو عەدل ئەم پرپێ خوشین[٥٨: ٣٩١]

وا دەبێ ئەو کەرتەی (بەزۆر دوو بێتە) لەکۆتایی دێر سەرواکەی هەڵگرتووە، هەموی لەسەرەتای دێری دواتر دووبارە بێتەوە، ئەحمەدی کۆر دەڵێ :

کوا حەبیبی کوللی عالەم ماتەقەدووم قەبلی ئادەم
پاك لە مەحشەرنا بوین جەم بو زەغال سەمع و بەسەر
بو زەغال سەمع و بەسەرمان باری عیسیان بوو بەبارمان
چاوکە هەڵنایە لە شەرمان دەستە ئەژنۆ قوڕ بەسەر[٩: ١٨].

ئەحمەدی کۆر لە ڕیزی هەرە پێشەوەی ئەو شاعیرانەیە کە ئەم هونەرەیان بە هەموو جۆرەکانییەوە بەکارهێناوە. زۆر لەهۆنراوەکانی بەم هونەرە جوانکارییە سەرەتا و کۆتایی دێرەکانیان پێکەوە بەسراوە.

پێویستە ئەوەش بڵێین کەوا دەبێ ئەم (رد الصدر الی العجز)ە لە ڕووی ماناوە بێ نەك بە وشە، وەکو جزیری دەڵێ :

---

(٥٣) فرانسوان لەباسی ئەم جۆرە سەروایەدا، ئەم نموونەیەی کلیمان مۆرۆی داوە :
Dieu des amants , de mort me garde
Me gardant donne moy bon heur . [٣٠ : ٤٨٢]
مانای ئەم شیعرە بەم جۆرەیە :
خوای عاشیقان لەمردن دەمپارێزێ
دەمپارێزێ و بەختەوەریم پێ دەدا

Scanned with CamScanner

زولفی سیاه عەنبەر بکە خەملی ژ رێڕی زەڕ بکە
زەڕیاف و دیبا بەریکە میسك و گولابێ لێ رەشین
ماوەرکە تەرح و پشکوان جیرانی بەرگ ولوولوان
ئەو عەرعەرو سەروا جوان شەتری بمەستی لێ خوەشین [٥٨ : ٣٩٠]

(ماوەر) واتە (گولاو)، ماوەرکە = گولاو ڕشێن بکە. ئەمە دوبارەکردنەوەی مانای دەستەواژەی کۆنایی دێڕی پێشوە (میسك و گولابێ لێ ڕەشین).

٦- سەروای چوار گۆشەیی : ئەمە لەعەرەبی و فارسیدا بە هونەری (مطیر) یان (مشجر) ناسراوە.

ئەمە زیاتر بۆ هونەری قسەو شکلی هەندەسەی چوارینەکە دەگەڕێتەوە. ئەویش ئەوەیە (شاعیر چوار لەتە دێر دێنێ و بەجۆرێ دابانەڕێژێ، لەیەکەم و شەوە بگری و چ بە شێوەی ئاسوویی بخوێنێتەوە و چ بەشێوەی ستوونی بەك شت دەردەچێ) [٢٦٦ : ٣٢٦] و وشەکانی سەروایش لە هەردوو حاڵەتدا هەریەکەو ناگۆڕێ (ئەم جۆرەیان ڕەشیدەدینی وەتوات ئاماژەی بۆ کردووەو هونەری بۆ هێناوە) [٢٦٦ : ٣٢٦]. قەیسی ڕازی ئەم جۆرە تەربیعە بە تەرزە تەوشیحێك دادەنێ و دڵێ : (بەم تەرزە تەوشیحە دەڵێن موتەرەفی موزەڵلەع) [٤٠٢ : ٣٤٥]. عبدالجبار داود البصری لەبارەی ئەم هونەرەوە دەڵێ : (دیاردەی شکلی لەبنیادی شیعردا ئەگەرچی تایبەت نیبە بەسەروا ،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەروا دەوری خۆی تێدا دەبینێ. یەکێ لەو شکڵە شیعرییانە ئەوەیە شاعیر چوارینەیەك بهۆنێتەوە بشێ هەر وشەیەکی بێ بەسەرەتا ولە ئەنجامیشدا هەر وشەیەکی بێ بەسەروا) [٣٠٦ : ٩٢].

لەعەرەبیدا دکتۆرە ئیسعاد ئەم نموونەی بۆ ئەم جۆرە هێناوە بەڵام ناوی خاوەنەکەی و سەردەمی نووسینەکەی نەداوە :

فؤادی	سباه	غزال	ریب
سباه	بقد	کفصن	رطیب
غزال	کفصن	جناه	عجیب
ریب	رطیب	عجیب	حبیب [٢٦٦ : ٣٢٦].

بەفارسیش ئەم نموونەی داوە ، دیسان ناوی خاوەنەکەو سەردەمەکەی نەنووسیوە :

ازفرقت	آن دلبر	من دایم	بیمارم
آن دلبر	کزعشقش	بادردم	وبیدارم
من دایم	بادردم	بی‌مونس	وبی‌یارم
بیمارم	وبیدارم	وبی‌یارم	وغم خوارم [٢٦٦ : ٣٢٦].

لەکوردیشدا ، دڵزار شیعرێکی دەق بەم شێوەیە دارشتوە بەناوی (ئەی نیگارا):

Scanned with CamScanner

١	٢	٣	٤
١ بێ‌قەرارم	ئەی نیگارا	مەرحەمەت کە	من نەماوم
٢ ئەی نیگارا	خۆت ئەزانی	من لە عیشقت	دڵسوتاوم
٣ مەرحەمەت کە	من لە عیشقت	شێت و شەیدام	تێك شكاوم
٤ من نەماوم	دڵ سوتاوم	تێك شكاوم	نووری چاوم [٨٧ : ٢٩١].

٧- تەشتیر و تەرسیع (التشطیر و الترصیع) : ئەمانە پەیوەندییان بەسەروای ناوەوە هەیە. ئەگەر شاعیر سەروای ناوەوەی لەتەکان بەرێکی بکا بە چەند پارچەیەك و بە پەیوەندییەکی ئاسۆییەوە لێکیان گرێ بدا، ئەمە تەشتیرە. ئەم هونەرە تەنیا لەو کێشانە دەبێ کە هەشت پێن. تەشتیرلە رووی کەرت بوونی لەتە دێرەوە دەکرێ بە دوو جۆر :

- وا دەبێ هەر لەتێك بکرێ بە دوو کەرت، دێرەکە دەبێ بە چوار کەرت، سێ کەرتی پێشەوە هاو سەروا دەبن و کەرتی چوارەم سەروای گشتی هۆنراوەکە رادەگرێ. ئەمە بە نموونەوە لەباسی (قیتعەو غەزەل و قەسیدە)دا ڕوون کراوەتەوە.

- وا دەبێ هەر لەتێك بکرێ بە چوار کەرتی وەکو یەك، دێرەکە دەبێ بەهەشت کەرت و سەروای کەرتەکان بەرۆر شێوەی جۆراوجۆر دابەش دەبێ :

• بۆی هەیە لەتی یەکەم چوار سەروای سەربەخۆی هەبێ و لەتی دوەم سێ کەرتی پێشەوە هاو سەروابن و کەرتی کۆتایی سەروای گشتی هۆنراوەکە هەڵبگرێ، وەکو شیعرە ناوبارەکەی جزیری (من دی سەحەر ...) کە دێری یەکەمی موسەررەعە و لەدێری دوەمدا دەڵێ :

حوری‌وەشە، شیرین مەشە، کاکۆڵ ڕەشە، خاڵ حەبەشە
خاڵێن دقەر، میسکاتەر، نازك بەشەر، کافوور بوو [٥٨ : ٤٠٧]

لەتی یەکەم چوار پێیی (مستفعلن)ە، هەموویان سەروایان یەکە (ەشە). لەتی دوەم چوار پێیە، سێی پێشەوە هاوسەروان (ەر)و پێی کۆتایی سەروای گشتی هۆنراوەکەی هێناوەتەوە (-وور + بوو).

•بۆی هەیە یەك دێرە شیعر هەشت پێ بێ و هەر هەشتیان یەك سەروایان هەبێ. ئەمە لە (لەعلێن شەفەقی) مەلای جزیریدا هاتوە کە (٨) چوارینەیە ولە هەموو چوارینەکاندا دێری یەکەم هەشت جار سەرواکەی دووبارەبۆتەوە و دێری دوەم حەفت جار سەرواکەی دووبارە بۆتەوەو سەروای هەشتەمی کە کۆتایی دێرەکەیە لەگەڵ سەروای چوارینەکانی تردا یەك دەگرێتەوە. لە چوارینەی دوەمدا دەڵێ :

وەربان گولاف/گرتن خۆ ناف/لێ من د ناف/صوهێ هەناف/
من دی بچاف/ زولفێن بلاف/ لێ بوو نەداف / بەندکر بناف/

Scanned with CamScanner

نوورا بەسەر/گفت و خەبەر/قەند و شەکەر/زولفان لەسەر/
خالێن دقەر/ بایێ سەحەر/ دابێتە دەر/ سویحا بحەق [٥٨: ٣٢١].

دێری یەکەم هەشت جار سەروای (اڤ) و دێری دوەم حەفت جار سەروای (ەر) دووبارە بۆتەوەو سەروای لەتی کۆتایی (ەق) لەگەڵ چوارینەکانی تر یەکە.

کەچی تەرسیع ئەوەیە لەهەر دێرێکدا سەروای ناوەوەی دوو لەتەکە بەرامبەر یەک بوەستێ و پەیوەندییەکی ستووونی لە سەروای کەرت کردنی لەتەکان بێتە کایەوە. لەجۆرەکانی سەروادا باسی تەرسیع کراوە و نموونەی بۆ دراوە.

٨- سەروای وشەبڕ (broken rhyme) : ئەوەیە کە دەنگەکانی سەرواو ڕەوی بکەونە ناوەندی وشەوە، وەک ئەوە وابێ سەرواکە وشەکەی بڕیبێ بۆ دوو پارچە تا سەروای لێ بەدەست بێنێ. لە ئینگلیزیدا ئەمە (لەشیعری سووک و بۆ جۆرە کاریگەرییەکی کۆمیدی نائاساییە، بەڵام لە شیعری جیددیدا دەگمەنە. لەگەڵ ئەوەشدا جیرارد مانلی هۆپکنز لەچەند شیعرێکدا سەرکەوتوانە بەکاری هێناوە) [٥٠٢ : ٩٠]. نازک مەلائکە بۆ ئەم هونەرە ئەم نموونەیەی خوارەوەی لە (وفیات الاعیان) گواستۆتەوە :

اصلحك الله وابقاك لقد كان من الـ
واجب أن تأتينا اليوم الى منزلنا الـ
خالي لكن تحدث عهدنا بك يا خير الاخل
اء فما مثلك من غير عهودا و غفل [٣٦٦: ٤٠]

لەلەتی (٢،١)دا تەنیا (الـ)ی ناسین لە وشەکە کراوەتەوە (الـ - واجب، الـ - خالی) کەچی لەسێیەمدا ناوەڕاستی وشەکە شەق بوە و سەروای لێ دەرهێنراوە (الاخل - اء).

لە کوردیدا نموونەی سەروای وشە بڕلە شیعرێکی جزیریدا هاتوە کە هەر دێرێکی کردوە بە هەشت کەرت و هەر هەشتی یان حەوتی بەیەک سەروا بەستۆتەوە، بێگومان دیارە باری قورسی سەروای زۆرە، جزیری ناچار کردوە، هەندێ جار سەروای بێ لەناوەندی وشە دەربێنێ، وەکولە دێرە شیعرێکدا دەڵێ :

زولەت نەما / سوحبەت وەما / نوورا (شەما / لان) چوو سەما
لێ ئەو دەما/زولف بوون جەما / هاتن (سەما/ یێ) یەک نەسەق [٥٨: ٣٢٠].

شەمالان، کۆی (شەمال)ە، لەناوەڕاست شەق بوە و (ەما)ی لێ کراوە بەسەروا و وشەی (سەمایێ) کراوە بە (سەما/یێ) بۆ سەروای (ەما). لەهەمان هۆنراوەدا، جزیری لە دێری یەکەم وشەی (غەفلەت)ی شەق کردوە بۆ دەرهێنانی سەروای (ەف) (غەف/لەت) ولەدێری نۆیەمدا وشەی (قەوسی) شەق کردوە بۆ سەروای (ەو)، کردوویە بە (قەو/سی).

٩- سەروای بەتیپ (ناوی دەنگ) : ئەمە یەکێکە لەجۆرەکانی (توشیح، موشح) کە شاعیر

Scanned with CamScanner

وشەی کۆتایی لەت یان دێر هەڵدەوەشێنێتەوە و ناوی دوا تیپ دەکا بە وشەی سەرواو دەشێ ئەم تیپانە کۆبکاتەوە و ببیانکا بە وشەی سەرەتای دێری پاشتر و دەشێ هەروا لێیان بگەڕێ و بەسەرەتای دێری دواتر نەیانبەستێتەوە. ئەمە چەند جۆرێکی هەیە :

أ- وا دەبێ (هۆنەر چامەیەک دائەنێ، دوایی هەر هۆنراوێکی بەچەند پیتێکی تەنها تەنها دێنێتەوە، ئەو پیتانە کۆ ئەکاتەوە، ئەیانکا بە وشەیەک و ئەیکا بەیەکەم وشەی هۆنراوەی دوای ئەو هۆنراوە) [١٣٧ : ١٨٠]. حەمدی دەڵێ :

نیمە یارایی نیگاهی (غ، م، ز، ه)
غەمزە دڵدۆزە لەتم کە تۆبە (ش، ی، ر)
شیری ئەبرۆت یەک ئیشارەی بۆ منی شەیدا بەسە
تیژە چونکە داویە کوورەی محەببەت (ا، ب)
ئابی ..... [٣٧٢ : ٦]

ئەم شیعرە حەفت دێرە، دێری یەکەم بەم هونەرە موسەرپەعە و دێری کۆتایی هونەرەکەی تێدا نییە. لە هەموشیاندا تیپەکانی کۆتایی کراونەتە وشەیەک و چوونەتە سەرەتای دێری پاشتر وەکو سەروای ئەلقەبەند دێرەکانیان لەهەردوو سەرەوە پێکەوە گرێداوە و ئەمە چنینی دێرەکانی سفتتر کردوە.

لەم جۆرەیاندا وەکو دیارە ئەگەر تیپەکانی کۆتایی لە شوێنی خۆیاندا بکەی بە وشە وشەکان سەروایان تێدا نییە (غەمزە، شیر، ئاب) بەڵام ئەگەر ناوی تیپەکانی کۆتایی وەریگری سەروایان لێ دروست دەبێ (هێ، ڕێ، بێ)، سەرواو ڕەوی دەنگی (ێ)یە. هەر ئەم سەروایەش لەم هۆنراوەیەدا مەبەستە.

ب- لەجۆری دوەمدا کە تیپەکان نابن بە وشەی سەرەتای دێری دادێ، وەکو خادیم دەڵێ:

گۆشە گیرم من لە کونجی (خ، ل، و، ت)
تا لەگەڵ دڵبەر بکەم من (ص، ح، ب، ت)
تەفرەقەی حسسم لەپەردەی کیسرە تا دێنێتە دەر
ڕشتەیی زولفی لە بۆ ڕووی (و، ح، د، ت) [٧٥ : ٢٦٤].

تیپەکانی کۆتایی نەبوونەتە وشەی سەرەتای دێری تر.

جـ- بۆی هەیە، ئەو تیپانەی لە کۆتایی دێر هاتوون و کراونەتە وشەی سەرەتای دێری دواتر، لەباتی ئەوەی دوو دێر بەیەکەوە ببەستنەوە، دوو چوارینە بەیەکەوە دەبەستنەوە. بۆ نموونە جەعفەر قولی زەنگلی هۆنراوەیەکی هەیە بەناوی -کاف ومیم و ڕێ (کمر)- لەشەش چوارینە پێک هاتوە، چوارینەی یەکەم هەردوو دێری کۆتاییان بەتیپ هاتوە، ئەمە وەکو تەسریع وایە، چوارینەکانی تر

Scanned with CamScanner

تەنیا لەتی چوارەمیان تیپە و تیپەکان بۆ سەرەتای چواریني دادێ بوونەتە وشەی سەرەتا. بەمە کۆتایی چواریني پێشەوە و سەرەتای چواریني دواوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە کە لەوەی پێشەوە شی‌کراوەتە بۆ تیپ و لەوەی دواوە بەسەریەکەوە هاتوە، بۆ نموونە لەچواریني دوەمدا دەڵێ :

زولفی تە درێژن کەمەندانی کەیان
ئوریکا دال دەوان لە فەسلا چیان
دڵێ من بڕیە وان چاڤان وەبڕیان
قونچە و وخەندان، هەردو لام و بێ [٥٣ : ١٩٠]

چواریني پاشتر بە (لب) دەست پێ دەکا.

د- هەرلەم هونەرەدا بۆی هەیە، شاعیر کۆتایی هەموو لەتەکان (نەك دێرەکان) بە تیپ بێنێ بەلأم کۆیان نەکاتەوە بۆ وشەی سەرەتای لەتی دواتر، وەکو سالم دەڵێ :

ئەی بەتەلعەت ماهی تابان، وەی بەعیززەت بێ و تێ
زولف داری هەچو عنبر لب چو شین و کاف و ڕێ
دڵ گەڵێ ئاشفتەیە شەوها لە قەیدی میم و واو
دەرد مندم ، مستمندم ، تن گرفتەء ، تێ و بێ [١٠١ : ١٥٤]

- بۆی هەیە تیپەکانی کۆتایی هەموو تیپەکانی وشە هەڵوەشاوەکە نەبن و مەرجیش نییە وشەکە لەدێری پاشتردا لەسەرەتا هاتبێ، بەلأم دەبێ لەپارچەی یەکەمی لەتی یەکەم بێ، ئەحمەدی کۆر لەشیعری (دڵبەرا مەحبوسی داوم)دا [٩: ٣٩]، لەکۆتایی دێری یەکەم تەنیا (یێ و ڕێ)ی هێناوە، لە دێری دوەم کردوویە بە (یار) بەلأم ئەویش لەسەرەتا نەهاتوە (ئاخ بۆ یاری نازەنین). لەکۆتایی دێری چوارەم (نون و یێ)ی هێناوەو کردوویە بە (نەو نەمام). لەکۆتایی دێری حەوتەم بەجۆرێکی تری هێناوە (دوو قاف و نون سین) و لەدێری دواتر بوە بە (بووم بە قەقنەس) بەم جۆرە ئەحمەدی کۆر سەریەستی زیاتری بەخۆی داوە، لەهێنانی تیپەکانی کۆتایی و شوێنی دووبارە بوونەوەی لە لەتی پێشەوەی دێری پاشتر.

تێبینی :

(١) لەم جۆرە هونەرەدا، ناوی دوا دەنگ(تیپ) دەبێ بە وشەی سەرواو ئینجا لەو ناوانەوە حسێبی دەنگەکانی سەرواو ڕەوی دەکرێ. بۆ نموونە لە شیعرەکەی سالم ناوی دەنگەکانی کۆتایی دێرەکان ئەمانەن : (ڕێ، بێ، فێ، خێ، یێ)، لەم وشانەدا (یێ) سەروایە و لەهەمان کاتیشدا ڕەوییە.

(٢) بۆی هەیە هەم ناوی دەنگەکانی کۆتایی بین بە وشەی سەرواو لە هەموو دێرەکان دووبارە بێتەوە و هەم ئەو وشانەی لە دەنگەکان دروست دەبن هاوسەروابن وەکو شیعرەکەی خادیم کە

Scanned with CamScanner

وشەکانی سەروای ئەمانە دەردەچن : (خەلوەت، سوحبەت، وەحدەت، سورەت، دەشت، نوکتەت، لەززەت، مەست، شکەست، محەببەت) هەموو پەوییان (ت)ە و سەروایان (ەت) بەلام ئەوەندە هەیە نەنگی لەسەروای وشەی (دەشت و مەست و شکەست) هەیە چونکە ئەمانە قەیدیان هەیە و قەیدەکەشیان یەک نیە (س، ش).

١٠- چینەکردنی پەوی : بۆی هەیە شاعیر هۆنراوەیەک بنووسی، تیپی یەکەمی هەموو دێرەکان یان لەتەکان، یان تیپی کۆتایی هەندێ لەتی تایبەتی کۆبکەیتەوە ناوی کەسێ یان شوێنێ یا شتێ دەربچێ کە شاعیر شیعرەکەی لەسەر نووسیوە. ئەحمەد شوکری لە پێنجینەی شۆڕشدا هۆنراوەیەکی پێنجینەی نووسیوە، لەهەموو پێنجینەکاندا ئەگەر تیپی سەرەتای لەتی چوارەمیان لەسەرەوە بۆ خوارەوە کۆبکەیتەوە وشەی (کوردستان)ی لێ دەردەچێ و ئەگەر تیپی کۆتایی (پەوی) لەتی پێنجەمیان لە خوارەوە بۆ سەرەوە کۆبکەیتەوە دیسان هەر وشەی (کوردستان) دەردەچێ. لە پێنجینەی یەکەمدا دەڵێ :

زۆر دەمێکە چاو لەڕێم کەی بێ ئەبێ بڕوا خەڵان
تاوەکو سەوز و خوڕەم بێ و بپشکوێ تا گوڵستان
کاتی وەسلی عاشیقان بێ، جەژنە بێ بۆ بولبولان
کەی بێ ئاوات بەدی بێ ، من ببینم کورد زیان
سەربەخۆ، بۆ خۆی بژی یەک دڵ لەخاکی نیشتمان [٧:٣١]

وشەکانی سەرەتای لەتی چوارەمی پێنجینەکان ئەمانەن : (کەی، وەک، رۆژی، دوودڵ، سەر لەڕێی، تێبکۆشن، ئەو، نابێ)، دەنگی یەکەمی هەموویان بەسەر یەکەوە وشەی (کوردستان)ی لێ دەردەچێ، دەبێ ئەوەش بگوترێ لەهەندێ حاڵەتدا دەنگەکان لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە پڕ بە پێستی دەنگە کۆکراوەکانی ناو وشەی (کوردستان)نین. بۆ نموونە (ء) جیایە لە (ا) کە بەرامبەر یەکتر هاتوون، (ڕ) جیایە لە (ر) کە ئەوانیش بەرامبەر کراون.

وشەکانی سەروای لەتی پێنجەمی پێنجینەکانیش ئەمانەن : (نیشتمان، بڕا، وڵات، مەلاس، پرد، ئەسیر، جوو، ڕەشبەڵەک)، ئەگەر دوا دەنگیان (پەوی) لە خوارەوە بۆ سەرەوە بخەیتە سەر یەک دیسان هەر (کوردستان) دەردەچێ. ئەم هونەرە زیاتر پەیوەندی بە دەنگیان وشەی سەرەتای لەت و دێرەکانەوە هەیە نەک کۆتایی، چونکە لە یەکێتی سەروادا پەوی لەسەرەتا تا کۆتایی یەک شتە، شاعیر یان دەبێ لە لەتی یەکەم ئەم هونەرە دروست بکا یان لە چوارینەو پێنجینەدا کە سەروای پارچەکان لە گۆڕان دابێ. بۆ نموونە جەعفەر قولی زەنگلی شیعرێکی هەیە بەناوی (٣٢ حروف)، (٣٢) چوارینەیە، بەڕیز هەر چوارینەیەک بە تیپێکی ئەبجەدی دەست پێ دەکا، چوارینەکان لەتەکانیان هاوسەروایە. لە چوارینەیەکدا دەڵێ :

Scanned with CamScanner

دال - دلیّ من تەبریە وەرە ڕووتی ئاشکار
تا بوێژم دەرد دل، چەرە بوومە گرفتار
دادیّ خا ئەزوەکیّ کەم تا حەل کە مشکل کار
دەردیّ من بیّ دەرمانە، لە من نەمایە قەرار [٥٣: ٣١١].

ئەمە جۆرێکە لە (توشیح-موشح) و بەفارسی زاراوەی (موشح آبجدی) بۆ دانـدراوە[٤٠١: ٩٢]. وا دەبیّ دەنگی یەکەمی وشەی سەرەتای لەتەکان کۆبکرێنەوەو بکرێ بە نیولەتی کۆتایی دوا دێرو هۆنراوەکەی پێ بڕێنەوە، شێخ نووری شێخ سالح لە هۆنراوەی (بۆ موتەسەرڕیفی کەرکووک)، سەرەتای لەتەکانی بەجۆرێ هێناوە ئەگەر یەکەم دەنگیان کۆبکرێنەوە دەردەچیّ (نـووری بـۆ خزمەت جەنابت ئارەزووی تەحویل ئەکا) کە دوا لـەتی هۆنراوەکەیە [٢١٢: ٣٨٢]. لـە شیعری سریانیدا بەتایبەتی لەکلاسیکیاتدا زۆر شاعیر خۆیان لەم هونەرە داوە بەلاّم تیپەکانیان خستۆتە سەرەتای دێرەکان نەک کۆتایی (وەکو هەندێ هۆنراوەی عەبدیە شوعی سویاوی و هەندێ شاعیری کۆنی وەکو مار ئەفرام...) [٣٦٨: ١٩].

١١- چینە کردنی وشەی سەروا (التقاط كلمات القافية) : ئوسامە لە پێناسەی ئەم هونەرەدا دەلّێ: (ئەوەیە دێرێك لـە دێرەکـانی پێشەوە دروست بکرێ) [٢٦٥: ٢٠١]. واتە شاعیر، لـە ئـاخرو ئۆخـری هۆنراوەکەیدا، بگەڕێنەوە، لەسەرەتا تا کۆتایی هەموو وشەکانی سەروا چینە بکاو کۆیان بکاتەوە و بیانخاتە پاڵ یەکترو دێرێك یان لەتێکیان لێ دروست بکا، ئەمـە بەستنەوەیەکی تونـدو زیـادەکی کۆتاییـە بەسەراپای هۆنراوەکـە. حـەمدی لـە شیعری (خۆشـە سـەر شـانم)دا ئـەم وردەکاریـیـەی نواندوە. وشـەکانی سـەروای هۆنراوەکـە ئەمانـەن : (رێـش، خوێـش، نێـش، ئێـش، مێـش، پێـش، کێشەکێش)، هۆنراوەکـە (٧) دێـرە، لەلـەتی دوەمـی دێـری شەشـەمدا هـەموویان بەسـەریەکەوە کۆدەکاتەوە، تەنانەت وشەی سەروای دێری حەوتـەمیش پێش دەخـاو لەگـەڵ ئـەوانی تـر کۆیـان دەکاتەوە، دەلّێ :

بۆتە دەستوور (العمل) ئەم قافیانە بۆ جیهان
رێش و خوێش و نێش و ئێش و مێش وپێش و کێشەکێش [٦: ٢٤٦].

ئەمە بوو هەندێ لە لایەنی جوانکاری و وردەکاری بەکارهێنانی سەروا، ئێستاش بۆ هەندێ کەم و کورتی.

Scanned with CamScanner

باسی دوەم - کەم و کورتییەکانی سەروای شیعری کوردی :

سەروا وەك رەگەزێکی هونەری و زمانەوانی، زۆر جار بەهۆی نەشارەزایی یان ناچاریی شاعیرەوە بەجۆرێکی وا دێ کە نەك هەر ئەو دەورە ناگێڕێ کە دەبێ بەجێی بێنێ بەڵکو زیانیش بە تریە و مۆسیقای ڕەوتی شیعرەکە دەگەیەنێ و لەنگەری ئاوازی تێك دەدا و بەهای ئیستاتیکی دادەبەزێنێ. لەباتی ئەوەی خوێنەر ڕابکێشێ و خۆشی دەروونی بۆ مەیسەر بکا، وەڕسی و بێزاریی لەلا دروست دەکا. بۆیە شاعیر دەبێ زۆر وریا بێ لە مامەڵە کردنی لەگەڵ سەروادا. نابێ ڕێگا بدا هیچ کەلەبەرێکی تێ بکەوێ و کەم و کورتییەکی وای پێوەبێ لەبەهای شیعرەکە کەم بکاتەوە. ئەو جۆرە کەم و کورتییانە هەر چەندە بەسەلیقە و لەئەنجامی خوێندنەوەی زۆری شیعر، زۆر بەئاسانی هەستیان پێ دەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا جار وبار یەخەی شاعیری گەورە و بەدەسەلاتیش دەگرن. جیاوازیی شاعیری بەتوانا و شاعیری ناشی لەبەرەو ڕوو بوونەوەو چارەکردنی ئەم کەم و کورتییانە لەوەدایە، کەم و کورتییەکان خۆیان بەسەر شاعیری ناشی دادەسەپێنن و شیعرەکەی دەشێوێنن، بەڵام شاعیری گەورە بە جۆرێ دەوری ئەو کەم و کورتییانە دەدا، نایەڵێ هەر پێوە دیار بێ. وانە ڕادەی قەبە بوون یان کەم بوونەوەی کاریگەریی کەم و کورتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر بۆ توانا و دەسەلاتی شاعیر دەچێتەوە. لەم بەشەدا هەندێ لەو کەم و کورتییانەشی دەکەینەوە کە لە شیعری کوردیدا دەردەکەون، ئەمانە بەگشتی دوو جۆرن :

یەکەم - کەم و کورتی دەنگ و ئاوازی سەروا.

دوەم- کەم و کورتی زمانەوانی و فەرهەنگیی سەروا.

یەکەم : کەم و کورتی دەنگو ئاوازی سەروا :

ئەمە پەیوەندی بەهەر نانەواوی و لاوازی و لەنگی و ترازانێکەوە هەیە کە تووشی دەنگو ئاوازی سەروا دەبێ. ئەگەر چی لەزۆربەی زمانەکان کەم و کورتی سەر بەدەنگو ئاوازی سەروا دەردەکەوێ، بەڵام جۆری کەم و کورتییەکە و ڕادەی پەسندنەکردنی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ، بگرە دیاردەی دەنگسازی هەیە لەزمانێکدا زۆر ئاساییە کەچی لە زمانێکی تر بە کەم و کورتی دادەنرێ. ئەمە هەندێ لەم جۆرە کەم و کورتییانە :

١- جیاوازی دەنگی ڕەوی : ڕەوی بەهێزترین ڕەگەزی مۆسیقی سەروایە، چونکە هەموو شەپۆلەکانی دەنگی سەراپای دێرە شیعرەکە لەو خاڵەدا کۆ دەبنەوەو دادەکوترێنەوەو ئەو دەنگە زیاتر لەگوێدا دەزرنگێتەوەو ماوەیەکی زۆرتر لای گوێگر دەمێنێتەوەو تاسەی ڕەچاوکردنی لاتێر دەکا، کە دەنگەکە گۆڕا ئەو نیزامە دەشێوێ و ڕەچاو کردنی دەنگەکە پووچ دەردەچێ و گوێگر تووشی بێ متمانەییەك دێ.

أ- جیاوازی لە بزوێندا : وا دەبێ ڕەوی بزوێن بێ و بزوێنەکە لە دێرێك یان چەند دێرێکی

Scanned with CamScanner

هۆنراوەکەدا بە بزوێنێکی تر بگۆڕێ.

• گۆڕانی (ا ـــ> ە) : دڵدار لەبەشی یەکەمی (تووتنەوان)دا، ڕەوی لەسەر دەنگی (ا) یامەزراندوە. وەکوڵەم وشانەی سەروادا دەردەکەوێ : (گەرما، ئەدا، تا، گوێا، بەخێوکا، ئەم لا ـ) تا دەگاتە دێری کۆتایی، لەوێ ڕەوییەکە دەکا بە (ە) :

نەخۆشی لێنە، گەر تێنووێان بێ
بەخێری باوکت ئاوێان پێ بدە. [۱۲۵ : ۲۱۹].

ئەمە لای (سەفوەت)یش دووبارە بۆتەوە، لەشیعری ژمارە (٦٠)دا، کە (۷) دێرە و بەنەسریعەوە (۸) سەروایە، لەمانە (٥)یان ڕەوییان (ا)یەو سیانیان (ە)یە. (ئەگەرچی لە دیوانەکە هەمووی هەر بە (ا) نووسراوە)، لەدێری یەکەمدا دەڵێ :

لە دووری تۆ زەکی بەگ دڵ سووتاوە
هەموو کوردێ هەناسەی لێ بڕاوە
شکا پشت و بڕا هێزی دو ئەژنۆ
لە گریەن پیر هەتا منداڵی ساوا [۱۰۸ : ۱۰۹]

وشەکانی تری سەروا (چاوا، ناوا، ئاوا، لاوا) بەڵام وشەی سەروای کۆتایی دیسان دەبێ بە (ە) (وتی پێم نیشتمان پەروەر نەماوە). لەم شیعرو ڕەوی گۆڕینەدا، دوو سەرنج هەن :

۱- ئەمە نەنگیەکەی بەقەد شیعرەکەی دڵدار نیە، چونکە لەوێ ڕەوییەکە بەتەنیا سەروای دروست کردبوو، هیچ دەنگی تری لەگەڵدا نەبوو، گۆڕانەکە زەقتر بوو، لێرە ئەگەرچی ڕەوی(ا)یە بەڵام دەنگەکانی سەروا بریتین لە (ـاوا)، ئەمە وا دەکا کەم و کورتییەکە کەمتر بێتەوە یا بەو ڕادەیە هەستی پێ نەکرێ.

۲- ئەو گۆڕانەی لە ڕەوی ڕوویداوە، (ا) بووە بە (ە) لە دێری یەکەم (بە سەروای هەردوو لەتەوە) و دێری کۆتایی دایە، ئەمە وەک بەستنەوەیەک وایە، بەداوێکی وا وەهمی سەروینی هۆنراوەکە دەگەنەوە یەکتر با بەڕەوییەکی لاوازیش بێ، ئەمە دیسان کەم و کورتییەکە کەمتر دەکاتەوە ئەمە لای پیرەمێردیش لە مەسنەویەکی شیعری (مەولوودی پێغەمبەر)دا هاتوە کە دێری پێنجەمینەو دەڵێ:

هەر لە ڕۆژەهەڵات هەتا ڕۆژاوا
چرای ئەم دینەی تیا هەڵکراوە [٤٣ : ۲۷۱]

• گۆڕانی (ە ـــ ی)، زۆر جار وادەبێ ئەم دوە دەبن بە ڕەوی دێرە شیعرێک کە دوو دەنگی لەیەک دووری وەکو فەتحەو کەسرە یان فەتحە و بۆر بێ، جیاوازییەکە زەق پیشان دەدا، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا حاجی لە (هەیەونی یە)دا کردوونی بە ڕەوی :

Scanned with CamScanner

تاکی دونیا مایه پوختەی هەر هەیە
لەم کەروخامەی کە هەن باکم نییە [٦٠ : ٢٠٤]

کەریم شارەزا، لەو باسەی بەناوی (ساغ کردنەوەی هەندێ گێروگرفتی شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی) نووسیویە، لەباسی سەرواو لە ژمارە (٤)دا ئەم دێرە شیعرەی حاجی دێنێ و ئەم تەعلیقەی لێ دەدا : (دەبینین لە نیوە دێڕی یەکەم (هەیە) بووە بە سەرواو لە نیوەی دووەمیشدا ووشەی (نیە). دیارە لەکاتی خوێندا بە ڕێنووسی کۆن (هیە)، (نیە) نووسراون بەلأم کە خرانە سەر ڕێنووسی نوێ کەمێك لێك دوور دەکەونەوە....) [٢٣٣ : ٢٤٧] ئینجا تەبریر بۆ حاجی دێنێتەوەو دەڵێ (ئەم جۆرە سەروایانە لە کوردی و غەیری کوردیدا هەن). پاشان بەگلەییەوە دەڵێ (بەلأم من حەزم دەکرد ڕێکتر بانایە). واتە ئەوەندە ڕێك نین. ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی لەم دوو ووشەیە بکۆڵینەوە دەبینین هەردووکیان لەیەك کارەوە هاتوون و بۆ یەك کات و یەك کەسیش گەڕان کراون، کاری (هەبوون)، کاتی ئێستا، کەسی سێیەمی تاك بەلأم جیاوازیان لە ئەرێ و نەرێدا هەیە (هەیە-ئەرێ) (نییە-نەرێ). لەبەر ئەوەی شارەزا دەڵێ ئەم جۆرە سەروایانە لەکوردی و غەیری کوردیدا هەیە، دەمەوێ بڵێم لە زمانێکی وەکو ئەسپانیدا، یەکێ لە مەرجە بنچینەییەکانی سەروا ئەوەیە دەڵێ (خوت دوور بخەوە لە بەکارهێنانی کۆتایی باوی وشە، بۆ نموونە وەکو کۆتایی گەردان کردنی فەرمان) [٥٠٥ :١٢٥]، جگە لەوەش ئەگەر زیادەی سینتاکسی لەم دوو وشەیە لابەین، کە فرمانی بێ هێزی (ە)یە لەگەڵ نیمچە بزوێنی (ێ) کە بۆڵێك دابڕاندنی دوو بزوێن هاتوە، دەمێنێ (هە، نی) (ە-ی) دوا دەنگی دوو حاڵەتی وشەکەن، ئەمانە هاوڕەوی نین. (هە-نی) ڕەگی ڕانەبردووی فەرمانەکەیە و بەپێی ڕستە بەم جۆرە زیادەکانی دێنە سەر (هەیە، هەن، هەم، هەین، هەیت، هەن)، (نییە، نین، نیمە، نیمانە، نیتە، نیتانە).

• گۆرانی (ی)ی بزوێن و (ی)ی نیمچە بزوێن، وەکو کوردی دەڵێ :

شیختنی بهجرك والله یا صبی
ڕەحمت برا لەبۆ کەی و هیجرت هەتا بەکەی
دائیم لە دەوری خاڵی ڕوخت بێ قەرارە دڵ
هەروەك لە دەوری قوتبی فەلەك دائیرەی جەدی [١٧٢ :٨٩]

وشەی سەروای لەتی یەکەم (صبی)یە، ڕەوییەکەی (ی)ی بزوێنە، وشەی سەروای دێڕی یەکەم (کەی)یە، ڕەوییەکەی (ی)ی نیمچە بزوێنە، کەچی وشەی سەروای دێڕی دووەم (جەدی)یەو ڕەوییەکەی (ی)ی بزوێنە.

• (وو—ۆ) مەلا موخلیس دوو سەرەیی لە شیعرێکدا، ڕەوی (وو-ۆ)ی بەیەکەوە هێناوە، وەکو لە وشەکانی سەروا دەردەکەوێ کە ئەمانەن : (موو، تۆو، بوو/ئەژنۆ، ڕۆڕۆ) وەکو دەڵێ :

Scanned with CamScanner

ئەی تازە گوڵی باغی ئەمەل بۆچی وەهازوو
ڕۆیشتی، بەجێت هێشت لەبۆ ئێمە کەسەر و سوو
گەنجیم سەمەرێکی نەبوو، پیریم بە سەراهات
ئاگام چ لە پیری نەبوو ، ڕۆڵەم ، لە هەوای تۆو[٤٩٠ : ١٦٥]

ب- جیاوازی لە نەبزوێنا : ڕۆر جار وادەبێ جیاوازی لە ڕەوییە نەبزوێنەکانی هۆنراوەیەک پەیدا بەبێ، ئەم جیاوازیە بەگوێرەی دوور و نزیکیان لە یەکترەوە دوو جۆرن :

١- ئەو نەبزوێنانەی سازگەکان (المخرج point of articulation) یان لە یەکەوە دوورە وەکو :

• (ڕـــ ز) : ئەدەب شیعرێکی هەیە (پێوەم کە خۆم لەبی ...) هەموو ڕەوییەکانی (بەڵەتی یەکەمی دێڕی یەکەمیشەوە چونکە موسەڕڕەعە) (ر)ە تەنیا دێڕی یەکەم نەبێ ڕەوی لەتی دووەمی (ز)ە ... دەڵێ :

پێوەم کە خۆم فیدایی لەبی ئەو نیگارەکەم
گیانی عەزیز هەدییەی ئەو یارە تازەکەم [١٤: ٦٢]

وشەکانی تری سەروای ئەمانەن : (مەیگوسار، کار، نزار، شەهوار، غەمگوسار، سایەدار، بەهار، ئیفتیخار، گیان نیسار) (کەم) فەرمانی، ڕانەبردووی ڕێزەی ئینشائیە (subjunctive)، وەک دیارە هەموو ڕەوییەکان (ر)ن تەنیا دێڕی یەکەم (ز)ە، ئەم دوەش سازگەیان لەیەک دوورە. ئەدەب لە لاپەڕە (٩٩)دا ئەم گۆڕینەی دووبارە کردۆتەوە بەڵام ئەمجارەیان بە پێچەوانەوە هەموو وشەکانی سەروا ڕەوییان (ز)ە، تەنیا دێڕی یەکەم (ر)ە. (نان، موختار-شەهبان سەریاز...).

ئەگەر چی ئەم دوانە (ربز) وەک تیپ (شکل) لەیەک نزیکن بەڵام وەک دەنگکە بنچینەی زمان و سەروایە، ڕۆر لێک دوورن. بۆی هەیە ئەو نزیکی شکلی تیپە بێ، ئەو تێکەڵییەی دروست کردبێ، چونکە بۆچوونی کۆن زیاتر بەلای تیپدا دەچوو نەک دەنگ یان بۆی هەیە پاش سەروای (کەم) کە تا ڕادەیەک ڕەوی ناپۆشیوە، بوویێ بەهۆی کەوتنەوەی ئەم ناتەواوییە.

کوردیش لە شیعری (چاوەکەم دەرهەق بەمن) [١٧٢: ٧١] هەموو ڕەوییەکانی (ر)ەو پاش سەروای (مەکە)ی هێناوە. تەنیا لە دێڕی سێیەمدا ڕەوی کردوە بە (ز). وشەکانی سەروای شیعرەکە ئەمانەن : (پیر، دڵگیر، تەئخیر، زیز، شیر، تیر، ئیکسیر، تەقسیر).

• (ل ـــ ت) : حەریق لە شیعری (لەخزمەت قازی لاریم نیە ...)دا هەموو ڕەوییەکان (ل)ن، تەنیا دێڕی پێنجەم نەبێ بووە بە (ت)، لەم شیعرەدا پاش ڕەوی هەیە، (م)ی ڕاناوی لکاوە، ڕەنگە هەر ئەم پاش ڕەوییەش بێ، وای لێ کردبێ (ت) لە باتی (ل) بەکاربێنێ و بەسەر خوێنەری تێبپەڕێنێ چونکە خوێنەر زیاتر گوێی بەدەنگی کۆتایی (ڕەوی، یان پاش ڕەوی) دەزرنگێتەوە. لە

Scanned with CamScanner

دێری یەکەم دەڵێ :

لە خزمەت قازی لاریم نیبە بۆسەر، چ جای مالم
چ حیکمەت بوو ئیشاراتی ئەفەرموویی بۆ شیفای حالم [١٦٣ : ٤٠]

ئینجا لە دێری پێنجەمدا، لەتی دووەمی کە سەروای تیا دێتەوە دەڵێ :

لەهەر لایێ دەفەرموویی حازرو موشتاقی بالاتم

• (ن ـــ ل) : کوردی لە شیعری (تالانی سەرو مالّت)، هەموو ڕەوییەکانی (ن) هێناوەو پاش ڕەوی (ت)ی پێوە لکاندوە،

تالانی سەرو مالم چاوی ڕەشی فەتانت
پاپەندی دلّ و دینم کاکۆل ی پەرێشانت [١٧٢ : ٢٠]

وەك لەوشەکانی سەروادا هاتوە (موژگان، خەندان، چەوگان، هامان ...) کە (١٧) دێرە، تەنیا دێری (١٠،١١،١٢) ڕەوی گۆڕاوەو بوە بە (لّ) ئەویش لە دوو وشەدا (شمشالّ، خرخالّ) چونکە خرخالّ دووجار هاتوە، ئەگەرچی بۆی هەیە (خرخالّ) هەر جارەی مانایەکی هەبێ (ڕەگەز دۆزی بێ)، یەکێکیان (خرخالّ) (الخلخال) و ئەوەی تر خڕ/خالّ (هەموی هەر خالّ)، چونکە یەکێکیان لەگەلّ ئەگریجە هاتوە، ئەگریجە و خالّ بەیەکەوە بەسەر گۆنا دا بلاّو دەبنەوە، ئەوەی تریش لەگەلّ پاوانە هاتوە، پاوانە و خرخالّ لە پێ دەکرێن.

• (د ـــ گ) : لەزاری سلێمانیدا (نگ) هەیە، زیاتر لەدەنگی / η /ی ئینگلیزی دەکا، لەژێر کاریگەری ئەم دەنگەدا زۆر (ند) کە لە کۆتایی وشە بێ، لەو زارەدا دەبێ بە (نگ)، وەکو :

(مەنگ) بۆ (مەند) بەکاردێ. ئاوەحمان بەگی نفووس لە شیعری چیای زاگرۆس دا، کە سەرواکەی (٣-٢) هێناوە، لە سێیەمی یەکەمدا دەڵێ :

چیای زاغروس بەرز و بلنگە
گشت پیچ و دەری بێشەی پلنگە
جیگەو هەواری قەومی بە جنگە [٢٥ : ٩١]

دیارە یەکەم لەت (بلّندە) کراوە بە بلنگە بۆ ئەوەی سەرواکە لەگەلّ (پلنگە و جنگە) بێتەوە.

• (ن ـــ ر) : تایەر بەگی جاف دەڵێ :

دلّ لە هیجرت وا لەغەمدا ماهی ڕوخسارم وەرە
زەخمە جەرگم بۆ فیراقت زوو بە لوقمانم وەرە [٤٨ : ١٢]

(وەرە) پاش سەرواو (م) پاش ڕەویە، لێرە ڕەوی (ن)ی وشەی (لوقمان)، بەدرێژایی ئەم هۆنراوەیە کە (١٣) دێرە، بۆتە ڕەوی، تەنیا لەدێری دووەم لە (هاوار) و دێری (١٢) لە (کۆسار)

Scanned with CamScanner

بووه به (ر)، ئەوەش جێی سەرنجە لەتی یەکەمی دێری یەکەمیش کە بەزۆری موسەررەع دەبێ واتە وەکو سەروای گشتی دەبێ لێرە (ر)ە (روخسار)، وەکو (هاوار) و (کۆسار). لێرەش ئەوەی ئەم گۆڕینەی ناپۆشیبێ پاش سەرواو پاش ڕەوییە کە ئەوەی وورد نەبێ هەستی پێ ناکا.

• (ل ـــ ر) : ئەسیری لە شیعری (مەقسەدت حاسیل دەبێ) کە چوار دێرەو دێری یەکەمی ڕەهایە (موسەررەع نییە)، واتە چوار وشەی سەروای هەیە، سیانی (ل)ی کردوە بە ڕەوی (غافیل، باتیل، حاسیل)، ئەوەی کۆتاییش (ر)ی هێناوە، (زاهیر). دێری یەکەم و کۆتایی ئەمانەن :

جەوهەرێکی گەرتیا بێ کەللە چۆن ساکن دەبێ
مەرد ئەگەر موشتاقی چشتێ بێ چلۆن غافیل دەبێ
گەرلە ڕێگەی دین و قەومت لەتت کەن بتکوژن
ئەی ئەسیری ناوی چاکت تا ئەبەد زاهیر دەبێ [۱۷ : ۷۸]

لێرەش گۆڕانی ڕەوی لە (ل)ەوە بۆ (ر) کەوتۆتە پەنای پاش سەروای (دەبێ)، بەڵام لێرە لەبەر ئەوەی هەم پاش ڕەوی نییە و هەم جیاوازیەکە زۆرە، گۆڕانەکە زەق دیارە. ئەمە وای کردوە کەریم شارەزا لە پەراوێزدا ئەم ڕوون کردنەوەیە بنووسێ : (هەرچەندە وشەی (زاهیر) لەگەڵ سەرواکانی تری وەک (غافل) و (باتیل) و (حاسڵ) ڕێک ناکەوێ و بێ هێزییەکی داوە بە هونەری شیعرەکە بەڵام ئێمە بەبێ دەستکاری ئاوامان لەسەرچاوەی پارچە شیعرەکە وەرگرتوە). [۱۷ : ۷۸]

• (ت ـــ ق) : ئەحمەد موختار بەگی جاف، لە شیعری (گەرلە مەحبووسی خەلاس بم) کە بڕە لە جوێن و هەڕەشە بۆ دوژمنان و بەڵێنی چاکە بۆ دۆستان و گلەو گازاندەیە لە بەختی نەیاری خۆی کە خزاندوێتە ناو کونجی بەندیخانە، پاش سەروای (ئەکەم)ی هێناوەو هەموو دێرەکان ڕەویان (ت)ە تەنیا دێری یەکەم نەبێ (ق)ە، لەدێری یەکەمیش لەتی یەکەم ڕەوییەکەی وەکو دێرەکانی تر هەر (ت)ە. وشەکانی سەروا ئەمانەن (پەت، ڕەق، خەت، نەگبەت، سەروەت، غەیبەت) :

خەلقە ئەمڕۆ چونکە حەپسم ڕێگەیی دەستم نیە
ناتوانم هیچ بکەم مەجبورم هەر غەیبەت ئەکەم [۱۰ : ۹٤]

لە ڕووی ئەوەوە کە تەنیا دێری یەکەم ڕەوی جیایە و لەتی یەکەمیش لەگەڵ دێرەکانی تر هاوڕەوییە ئەم شیعرە لە شیعرەکەی تایەر بەگ دەکا کە لەسەرەوە شیمان کردوەوە.

ئەم کەم و کورتییە لای سەروانا سە عەرەبەکان بە (الاجازە) یان (الاجارە) ناسراوە.

۲- ئەو دەنگانەی سازگەیان لەیەک نزیکە یان یەکەو سیفەتی تریان جیایە، وەکو :

• (ب ـــ پ) : ئەم دوو دەنگە زۆر لەیەکەوە نزیکن، سازگەو شێوەی هاتنە دەرەوەیان یەکە،

Scanned with CamScanner

تەنیا لە رووی (گڕی- voiced) وکپی (voiceless) جیان. یەکەمیان (ب) گڕەو دووەمیان (پ) کپە، نالی لە شیعری (ئەحوەلی تەفریقە نەزەر ....)دا، جگە لەپاش سەروای (دەکا)، سەروای شیعرەکەی (-ەب) هێناوە کە ڕەویەکەی (ب)ە شیعرەکە (٧) دێرەو دێری یەکەمی موسەررەعە، واتە هەشت وشەی سەروای تێدایە، لەم هەشتە شەشیان ڕەوییەکەیان (ب)ەو دووییان (پ)ە. وشەکان ئەمانەن: (سەبەب، ئەدەب، تەلەب، لەهەب، لەپ، چەپ، تەڕەب، گەپ) دێری یەکەم دەڵێ:

ئەحوەلی تەفریقە نەزەر تەقوییەتی سەبەب دەکا
عاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا [٢٠٩ : ٥٣]

وردەکارییەکی نالی :

ڕاستە (پ-ب) لە ڕووی کپی و گڕییەوە جیان و نەدەبوو نالی بیانکا بە ڕەوی لەیەک هۆنراوەدا چونکە هۆنراوەی یەکێتی سەروا دەبێ یەکێتی ڕەوی تێدا بپارێزرێ، بەڵام لێرەدا نالی پاش سەروای (دەکا)ی هێناوە، یەکەم بەم پاش سەروایە جیاوازیەکەی کەم کردۆتەوە چونکە زەین و گوێچکەی گوێگر زیاتر بەدوا دەنگدەزرنگێتەوەو ئەو جەختەی لەسەر ڕەوییە، پاش سەروا زۆری بۆ خۆی ڕادەکێشێ، دووەم ئەو دوو ڕەوییەی کە بوونەتە (پ)، لە خوێندنەوەدا وەکو (ب) گۆ دەکرێن چونکە دەنگی (د)ی (دەکا)یان بە دوا دێ، (چەپ دەکا، گەپ دەکا)، ئەگەر یەکێ ئەم جووتە وشانە بخوێنێتەوە، هەست دەکا بێ دەستی خۆی (پ) وەکو (ب) دەخوێنێتەوە. ئەمە بۆ دەستوورێکی گۆڕانی دەنگدەچێتەوە کە پێی دەگوترێ (assimilation) واتە (تەبایی یان گونجاندن) کە ئەوەیە دوو دەنگی جیاوازلە گڕی و کپی، ئەگەر بکەونە تەنیشت یەکەوە، یەکێ کار لەوی تر دەکات و لەگەڵ خۆی دەگونجێنی، یان کپەکە گڕەکە کپ دەکا، یان گڕەکە کپەکە گڕ دەکا لێرەدا (پ،د) لەتەک یەک هاتوون، (پ) کپ و (د) گڕە، (د) کارلە (پ) دەکا و گڕی دەکا، (پ) گڕ بێ دەبێ بە (ب) ئەوەشیان پێی دەگوترێ (regressive assimilation) چونکە کارێگەرەکە لەدواوە بەرەو پێشەوەیە، واتە کشانەوەیە. لەمەوە وەستایی و وردەکاری نالی دەردەکەوێ کە هەرچەندە بە شکل ڕەوی گۆڕیوە بەڵام لە ڕاستیدا چۆنیەتی خوێندنەوەی ڕەوییە گۆڕاوەکە دەیهێنێتەوە سەر ڕەوتی گشتی ڕەویەکانی تر (پرتەوی هەکاری)ش، لەشیعرێکیدا ڕەوی (ب) یەکجار گۆڕیوە بە (پ) کە لە دووبارە بوونەوەی وشەیەک دا هاتوە (تیپ تیپ)، لێرەدا جیاوازیەکە زەق دیارە، چونکە پاش سەروای نییە، دەڵێ :

زوڵف و گیسوو جەعدو کاکل خاڵ و خەت موژگان بەسەف
هاتنە دەعوایێ دڵێ من دەستە دەستە تیپ تیپ [٤٠ : ٩٢]

لە شیعرێکی سەلامیش (بە زوڵف و پەرچەمی) [١٠٩ : ١٠٠] کە (٩) دێرەو موسەررەعە واتە (١٠) وشەی سەروای هەیە، وشەیەکیان (گەپ) سەرواکەی گۆڕاوە، ئەوانی تر

Scanned with CamScanner

هەمووی(ب)ە: (عەقرەب، غەبغەب، مەنسەب، مەکتەب، کەوکەب، لەب، گەپ، مەزهەب، مەتلەب).

(ناری)یش هەمان گۆڕانی لە شیعرێکدا کردوە کە بۆبابە عەلی کوڕی شێخ مەحمودی حەفید زادەی نووسیوە [٢٠٦ : ٣٩-٤٠]، (١٥) دێرەو موسەررەعە، واتە (١٦) وشەی سەروای هەیە، (١٤)یان بە (ب) کۆتاییان دێ (تەرەب، عەرەب، نەسەب ...) دووشیان بە (پ) : (گەپ، قەپ).

• (هـــ ح) : خانی دەڵێ :

زینێ مرنا مەمێ بگوهـ کەت
گۆیا مریۆژنو بروح کەت[٣ : ١٦٨]

لەم دێرەدا (کەت) پاش سەروایەو وشەکانی سەروا ئەمانەن : (گوهـ، روح) لەیەکەمدا پەوی (هـ) ولەدووەمدا (ح)ە.

• (خ ـــ غ) : ئەم دوو دەنگە وەکو دووەکەی پێشوو. تەنیا لە ڕووی کپی و گڕیبەوە جیان. (خ) کپ و (غ) گڕە. سایبری لە شیعری (عیشقی پەری ڕوویەك)دا کە (٨) دێرەو موسەررەعە، لە (٩) وشەی سەروادا جارێکیان (خ)ی کردوە بە (غ)، (ئەگەرچی هەر بە (خ) نووسراوە، بەڵام ڕاستیەکەی (غ)ە. لە دێرێ یەکەمدا دەڵێ :

لەتاوی ئاگری عیشقی پەری ڕوویەکی قەد بەیاخ
خودا ئاگاهە یەك لەحزە نیە جەرگ و دڵم بێ داخ [٩٨ : ٦٧]

وشەکانی تری سەروای ئەمانەن : (شاخ، چەرداخ، سۆراغ، داخ، شاخ، گوستاخ، سۆراغ)، دووجار سۆراغی بەکارهێناوە کە تەعقیب کردنە، لە دێرێ کۆتاییدا دەڵێ :

چ حاصل صابری هاوار ئەکەی قاتیل لەدەست دەرچوو
هەتا ڕۆژی قیامەت قاتلت بێ ناکرێ سۆراغ.

سەیدی هەورامیش لەدوو شیعردا (خ،غ)ی کردوە بە ڕەوی[١١١ : ١٦٣،٩٣].

• (چ ـــ چ) : ئەم دوەشیان هەروەکو ئەوانی پێشوو جیاییان تەنیا لە گڕی و کپی دایە، عەونی لە شیعری (بەدڕەوشتی)دا کە (٧) دێرەو موسەررەعە و ڕەوییەکەی (چ)ە لەهەشت وشەی سەروادا، جارێکیان (دێرێ چواردەم)ی، کردووە بە (چ) (خاچ) دەڵێ :

بێ لە سەرنان و جوێندانت بە زانایانی خۆت
تف لە ڕووی خۆ کردنەوەك لەعنەتی ڕاهیب لە خاچ[١٤٥ : ١١٨]

کەچی وشەکانی تری سەروا بریتین لە : (ڕەواچ، ساچ، تاج، باج، عاج، سەراج).

Scanned with CamScanner

• (ك ـــــ گ) : حـاجی لـه شـیعری (لـهگاوان و شـوانی کوردهکـان یـهك)دا هـهموو ڕهوییهکانی(ك) هێناوه : (یهك، لهك، بهرمهك ...) ئینجا له دێری حهوتهمدا کردوویه به (گ)، دهڵێ :

له گوێی گا نووستون بۆ بێکا ڕێوی
لهسهر ئێوه وهها شێرگیره وهك سهگ [٦٠ : ٧١].

• (ز ـــ س) : ئهدهب له شیعرێکدا (شۆخهکهم دیسان دیاره ....)، (ز)ی کردوه به ڕهوی وپاش سهروای (ههیه)ی بۆ هێناوه، له شیعرهکهدا وهك پێشتر باس کرا گۆڕانێکی تریش له ڕهویدا ههیه، دێری یهکهم (ز) بوه به (ر)، له همان کات دا دێری پێنجهم گۆڕانێکی تری تێکهوتوه (ز) بوه به (س). جیاوازی ئهم دوو دهنگه ههر له کپی و گڕیدایه. وشهکانی سهروا ڕهوییان (ز)ه وهکو : (نان، شههبان، سهربان، تهنناز ....) تهنیا له پێنجهمدا بوه به (قهفقاس) :

عهسکهری موزگانی ئێرانی موسهخخهر کردوه
وهك ئهمن بیستوومه ئێستا عهزمی قهفقاسی ههیه [١٤ : ٩٩]

• (ش ـــ ژ) : ئهم دهنگانهش که له تێوان کپی و گڕی دان، جاری وا ههیه له بوون به ڕهوی دا جێگای یهکتر دهگرنهوه. چیرۆکی زهمبیل فرۆشی مراد خانی بایهزیدی که بهڕاری کرمانجی سهرووه، له شێوهی چوارخشتهکی دایه (AAAB)، لهسهرهتا تا کۆتایی چوارهم لهتی چوارینهکان هاوسهروان و سێ لهتهکهی پێشووی ههر چوارینهیهکیش لهتێوان خۆیاندا هاوسهروان. چیرۆکهکه به سێبینهیهك دهست پێ دهکا (لهباتی چوار خشتهکی)، ڕهنگه ئهمه بۆ دامهزراندنی کێش و سهرواو ڕێگا خۆش کردن بێ بۆ ئاوازی هۆنراوهکه دهڵێ :

ئهی مهجلیسا پڕ زهوق و خۆش گۆڤ بدهنه سوحبهتهك خۆش
دهکهین بهحسی زهمبیل فرۆش [٢٠٠ : ١٥]

ڕهوی ههموو چوارینهکان (ش)ه، تهنیا چهند جارێك نهبێ به (ژ) دهیگۆڕێتهوه، وهکو وشهی (ڕۆژ ل١٥، ١٦، ١٧، ٢٤، ٢٥، ٢٨، ٣٢)و وشهی (بسۆژ ل١٨) و(ببێـژ ل٢٣ - لهمهیاندا پیدفیش گـۆڕاوه. ۆ - بۆتـه (یـ) ...) جگـه لهسـهروای گشـتی چیرۆکهکـه کـه لـه چـوارهم لـهتی هـهموو چوارینهکاندایه، له (٨)هم چوارینهدا، سهروای سێ لهتی پێشهوهی چوارینهکه بهم جۆره هاتوه (پێش، دهرۆێش، نقێژ)، واته له سهروای چوارینهکهشدا (ش) بوه به (ژ).

• (ل ـــ ڵ) : ئهم دوو دهنگه ههر زۆر لهیهکهوه نزیکن، نهمزانیوه لههیچ زمانێك وهکو کوردی فۆنیم بن، واته دهنگی سهربهخۆبن و مانای وشه بگۆڕن، له ئینگلیزیدا، ههردوکیان ههن بهڵام به دوو ئهلۆفۆنی یهك فۆنیم دادهنرێن و ههریهکه شوێنی خۆی ههیه لهوشهدا (لامی قهڵهو - dark L) و (لامی ڕاواز - Light L)، کهچی لهکوردیدا وهکو دهنگی تهواو جیاوازن، ههریهکه فۆنیمێکی

Scanned with CamScanner

سەربەخۆیە، بۆیە ئەگەر لە نووسیندا دوو رەمزی لەیەک دووریان بۆ دابنرایە زۆر لەبارتر بوو نەک وەکو ئێستا بەنیشانەیەک (۷) لێک جیابکرێنەوە. هەر ئەم لێک نزیکبیەشە، وای کردووە زانای شاعیرانی کۆن هەست بە جیاوازیان نەکەن و یەک حسێبییان بۆ بکەن و لە شیعریشدا شاعیران، هەردووکیان لەیەک هۆنراوەدا بکەن بە رەوی بێ ئەوەی هەست بکەن کە لە یەکێتی رەوی لایان داوە.

شێخ نووری شێخ سالح لە شیعرێکدا بەناوی (شێوەنی زێوەر) کە (۷) دێرەو مووسەرەعە، پاش سەروای (ئەمرۆ) و سەروای (مالْ/الْ)ی هێناوە لە سەرەتادا دەڵێ :

ئەزانم بینووسم بۆ هەرکەسێ من عەرز و حالْ ئەمرۆ
لەعەرزی حاڵی خۆم ناماوم و ساحیب مەالْ ئەمرۆ[۲۱۲ : ۱۷۵]

وشەکانی تری سەروا ئەمانەن : (خالْ، میسال، جەمال، ئیعتیدال، بەتالْ، کەمالْ) وەک دیارە رەویەکان لەنێوان (لْ/لْ) دان.

ئەمە لای زۆربەی شاعیرانی کلاسیکیمان دووبارە بۆتەوە، هەر بۆنموونە حەمدی(ل۲۰۱، ۲۰٤)، ئەحمەد موختار(ل۷۵)، ناری (ل٤۸)، قانع (ل۱۰۸، ۱۰۹).

• (ر ـــــ ڕ) : ئەم دوو دەنگە زۆر لەیەکەوە نزیکن، ئەگەر چی دوو دەنگی جیان بەاڵم لە کەم زماندا دەبن بە فۆنیم، هەر دوو ئەلۆفۆنی یەک فۆنیمن، بۆ نموونە لە عەرەبیدا دوو جۆر (ر) هەن : (مفخمه) و (مرققه) کە هەریەکەیان شوێنی تایبەتی خۆی هەیە لە وشەدا (٥٤). بەاڵم هەرگیز گۆڕانیان مانای وشەکە ناگۆڕێ، لە ئینگلیزیشدا، (round) و (flap) هەیە (٥٥) ئەوانیش هەر ئەلۆفۆنن، کەچی لە کوردیدا بە پێچەوانەی ئەوانەوە ئەم دوو جۆرە (ڕ)ە، دوو دەنگی جیاوازن و هەریەکە دەوروبەرەهای فۆنیمایەتی خۆی هەیە. وەک دوو دەنگی لێک دوور وان،(ر)ی قەڵەو لاواز لەکوردیدا، ئەگەر چی دوو دەنگی جیاوازن بەاڵم بەپێی یاسای فۆنۆلۆژی (ر)ی لاواز قسەت لەسەرەتای وشە نایە، هەر لەناوەڕاست و کۆتایی دێ کەواتە (ر ـــــ ڕ) هەردووکیان دەشێ

---

(54) لەعەرەبیدا، ئەم دووجۆرە (ر)یە هەریەکە بەپێی دەستووری تایبەتی شوێنی خۆی لەوشەدا دەگرێ. بۆ نموونە رِیی مفخەمە (قەڵەو) بریتیە لەو رِیەی (کە سەردا ریان بۆردا ربێ، ئەگەر زەننەدا ریش بێ بەاڵم تیبی پێشەوەی بۆردا ریان سەردا ربێ، قەڵەو دەبێ، یان ئەگەر تیبی پێشەوەی ژێردا ربێ، بەاڵم کەسرەکەی سەرەڕۆ بێ (عارضة)، هەروەها ئەگەر زەننەدا ربێ و ژێری تیبی پێشەوەی ئەسلی بێ و یەکێ لە تیبەکانی (استعلاء)ی بە دوادا بێ کە لە (خص ضغط قظ)دا کۆ دەبنەوە، دیسان قەڵەو دەبێ...) [۳۵۸ : ۲٤] کەچی رِیی لاواز(المرققه) (ئەو رِیەیە کە ژێردا ربێ جا چ لەسەرەتای وشەدا بێ و چ لەناوەراست و چ لە کۆتایی، چ لەناوابێ و چ لەفەرمان ... یان ئەگەر تیبی پێش رِێ، بزوێن بێ یان بێ بێ ... هەروەها رِێ لاواز دەبێ ئەگەر زەننەدا ربێ و پێشەوەی ژێری ئەسلی بێ وتیبی (استعلاء)ی بەدوادا نەبە). [۳۵۸ : ۲۵].

(55) ئەم دوو جۆرە (ر) لە ئینگلیزیدا بەپێی شوێن گۆکردنیان دەگۆڕێ.

Scanned with CamScanner

لەکۆتایی وشە بێن کە شوێنی ڕەوییە لەسەروادا، ئەم نزیکبیەی نێوانیان وای کردوە زۆر جار لە شیعری کلاسیکی کوردیدا تێکەڵ بن، وانە هەردوو جۆریان لەیەك هۆنراوەی یەکێتی سەروادا بن بە ڕەوی.

نالی لە شیعری (پێم دەڵێن ...) هەر دوو جۆری کردوە بە ڕەوی، دەڵێ :

پێم دەڵێن مەحبووبە خێڵ و قێچە مەیلی شەڕەکا
خێڵ و قێچە یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا[٢٠٩ : ٥٤]

لەم دێڕی یەکەمەدا هەر دوو جۆرە (ر) هاتوون. لە (شەڕ) قافیەوە و لە(سەر) لاوازە. وشەکانی تری سەروا ئەمانەن (دل پەیکەر، نیلوفەڕ، شەڕ، باوەڕ، دەفتەر، سەر). ئەم دیاردەیە لای زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی دوبارە دەبێتەوە، حمدی (ل٤٥، ٢٢٥)، سالم (ل٤٧)، خادیم(ن، ١٣٥)، تاهیر فوئاد (ل٢٨)، پرتەوی هەکاری (ل١٠٧)، مەحوی (ل ١٣٠ ...).

ئەم کەم و کورتییەی جیاوازی دەنگە لەیەك نزیکەکان لە سەرواناسی عەرەبیدا بە (الاکفاء)[٥٦] ناسراوە.

---

[56] (الاکفاء) و (الاجازە - الاجارە) کە بریتین لە جیاوازی دەنگی ڕەوی، لەگەڵ ژاراوەی تری وەك (الاقواء) - جیاوازی حەرەکەی ڕەوی لەنێوان کەسرەو زەممە -و الاصراف- جیاوازی حەرەکەی ڕەوی لە نێوان فەتحە و زەممە، وەك ژاناکانی سەرواناسی عەرەبی لەسەری ڕێك کەوتوون، لەسەرەتادا زۆر جار لای ژاناکان تێکەڵ دەکران و یەکێ دەخرایە شوێن ئەوەی تر بۆ شوونە، ئێبن ڕەشیق لە (العمدە)دا دەڵێ (لای زۆربەی ژاناکان جیاوازی ئیعرابی سەروا (اقواء)ە ... بەڵام ئێبن عوبەیدە و ئەوانەی قسەی ئەو دەڵێنەوە وەکو ئێبن قوتەیبە ئەمە بە (اکفاء) ناو دەبەن و بەلای ئەوانەوە (اقواء) نەمانی تیبێك یا گۆڕینێتی لە عەرووزی دێردا) [٢٤٦ : ١٦٥] ئینجا دەڵێ (لای زۆربەی ژاناکان (اکفاء) هەر (اقواء) خۆیەتی، وەکو ئەبو عەمری کوڕی عەلاء و خەلیل و یونس بن حەبیب، ئەمە قسەی ئەحمەدی کوڕی یەحیای پەهلەبە) هەروەها دەڵێ (فیراء دەڵێ : بەقسەی خەلیل (اجازە) ئەوەیە سەروایەك طاء بێ یان دال، ئێبن کیسان دەڵێ پێناسەکە لای (ابو عبدالله) دەبێ بە (اصراف) (ئیسرافیش وەکو (اجازە) لای ئەبو عەبدوللای شێخمان ئەوەیە سەروایەك دال بێ و یەك طاء) ل١٦٧. ئێبن عەبد ڕەببە، لە (العقد الفرید) دەڵێ (لای هەندێ ژانا (الاقواء) و (الاکفاء) یەك شتن، هەندێکیش (اقواء) تایبەتی دەکەن بە عەرووزی نەك زەرب (اکفاء) و (ایطاء)تایبەت دەکەن بە زەربی نەك عەرووز[٢٤٨ : ٣١٣-٣١٤] ئینجا دەڵێ : (یونس لای وایە (اکفاء) لای عەرەب (اقواء)ە. هەندێکیش بە گۆڕینی سەروای دانەنێن وەکو هێلانی عەین و غەین، کەچی خەلیل ئەمە بە (اجازە) ناو دەبا و ئەبو عومەر دەڵێ جیاوازی ئیعراب سەروایە بە کەسرەو زەممە و فەتحە، (اجازە) لای هەندێکی تر کۆبوونەوەی زەممە و کەسرەیە لەسەروا و (اجازە) تەنیا لەوە دەبێ کە (هاء)ی وەسڵی وەستاو بێ) [٢٤٨ : ٣١٤]. (اکفاء لای هەموو شیعر ناسان جیاوازی سەروایە بە کەسرەو زەممە تەنیا ئەوە نەبێ کە یونس باسی کردوە) [٢٤٨ : ٣١٤]. لەبارەی تێکەڵ کردنی (اکفاء) و(اقواء) ئێبن کیسان دەڵێ (هەندێ کەس گۆڕانی مجری (حرکەی ڕەوی) بە (اکفاء) دەزانن و هەندێك بە (اقواء) [٣٧٢ : ٢٥] ئینجا دەڵێ (کەچی (اقواء) بریتییە لە گۆڕینی سەروا) و هەندێ کەس ئەمە بە (اکفاء) ناو دەبەن، لەکۆتاییدا لای ئێبن کیسان ژاراوەکان پێچەوانە دەبنەوە (جیاوازی ڕەوی (اقواء) وجیاوازی حەرەکەکەی (اکفا)یە) [٣٧٢ : ٢٩].

Scanned with CamScanner

٢- جیاوازی دەنگی پێش ڕەوی :

مەبەست دەنگی پێش ڕەوی داخراوە (نەبزوێن)، چونکە ئەگەر ڕەوی کراوە (بزوێنی درێژ) بێ، دەنگی پێشەوەی هەرچی هەبێ گرنگنییە، لەبەر ئەوەی خۆی بێ یارمەتی هیچ دەنگێکی تر دەتوانی لەنگەری سەروا ڕابگرێ.

دەنگی پێش ڕەوی، بۆی هەیە بزوێنی کورت، یان درێژ، یان نەبزوێن بێ.

ا- گۆڕانی بزوێنی کورتی پێش ڕەوی : بزوێنی کورت لە کوردیدا بە زۆری (ە)، (ی)، (و)، بزۆکە دەگرێتەوە. بەپێی بۆچوونی عەرەبی بێ ئەمانە دەبن بە حەرەکەی تیپی پێش ڕەوی (التوجیه). لە شیعری کلاسیکی کوردیدا - تێکەڵ کردنی ئەم بزوێنە کورتانە زۆر جار دووبارە دەبێتەوە، کە ئەمە نابێ، چونکە لانی کەم دەبێ نەبزوێنی (ڕەوی) و بزوێنی پێشەوەی یەک بن. بزوێنەکە با کورتیش بێ ئاوازەکە ڕادەگرێ، لەنگبوونی ئاوازەکە لە ئەنجامی گۆڕانی بزوێنە کورتەکە یەکێکە لە کەم و کورتیەکانی سەروا، بۆ نموونە خادیم دەڵێ :

سەبا سروەت بێ بەسەر جان و دڵ
موژدەی بە هاریش بدە بە بوڵبوڵ[٧٥ : ١٦٤]

وشەکانی تری سەروا بریتین لە : (چڵ، سونبوڵ، بوڵبوڵ، گوڵ، قەرەنفڵ، مول)، وەک دیارە بزوێنی سەروا (پێش دوانە بزوێن) هەموی یەک نییە، لەتێوان (و) و بزۆکە دایە. ئەمە لای ئەسعد مەحوی (ل٩، ٤٩) و سالم (ل١١٢، ١٤٠، ١٤٤)، خادیم (بـ١ ل١٠٦، ١٦٤)، ئەسیری (ل٦٧)، ئەحمەد مختار (ل٧٥، ٧٦)، حەمدی (ل٢٨٨)، مەحوی (ل٢٨٣)، دوبارە دەبێتەوەو لەسەروانامسی عەرەبیدا بە (سناد التوجیه) ناسراوە. لەبارەی ئەم جیاوازیەی بزوێنی کورتی پێش ڕەوی، کەریم شارەزا لەبارەی دێرە شیعرەکی حاجی کە ئەم جۆرە کەم و کورتیەی تێدایە، دەڵێ:

(ئەم حاڵەتەش کزییەک دەدات بە شیعرەکەو هونەری سەرواکەی)[٢٣٣: ٢٤٤].

ب- گۆڕانی بزوێنی درێژی پێش ڕەوی نەبزوێن :

• (وو ـــ ۆ) : خادیم دەڵێ :

ئەمانەی عاشیقن دیارە بەڕەنگ و چەهرە مەعلووەن
ئەمانەی مونکیری عیشقن کەرو هەم جاهیل و شووەن[٧٥ : ١٩٩]

لەم شیعرەدا (ن) پاش ڕەوییەو ڕەوی (م)ە، بزوێنی پێش ڕەوی لەم دوولەتەدا بریتیە لە(وو)، بەڵام ئەم بزوێنە، کە دەبێ تا سەر بەیەکو بکرێ، لەهەندێ دێرەدا دەگۆڕێ بۆ (ۆ)، وەکولە وشەکانی تری سەروادا دەردەکەوێ : (مۆمن، مەحکووەن، مەحرووەن، ڕۆمن، مەڵووەن، مەعسووەن، مەعدووەن، نۆمن) دیارە ریدف لە تێوان (ووۆ)دایە کە ئەمە ئیقاعی سەروا دەشکێنێ. ئەم گۆڕانە

Scanned with CamScanner

لە شوێنی تر و لای شاعیرانی تریش هاتوە: خادیم(ل١٣٤، ١٣٨، ١٧٣، ٢٧٣)، شاهۆ(ل٢٢)، دڵدار (ل١٨٠)، شێخ ڕەزا (ل٢٨)، حەمدی (ل٢٠٨)، گۆران (ل٤٦).

• (ۆـــــ وە) : ئەگەر چی لەزۆر حاڵەتدا دەنگی (ۆ) لە (وە) یان (ەو) پەیدا دەبێ. وەکو ڕەوشەن ـــــ ڕۆشن. کەون ـــــ کۆن ... بەڵام مەرج نییە ئەمە لەهەموو وشەیەکدا ڕووبدات، بۆیە نەبیسراوە مفەووەز ببێ بە مفەۆز، بەتایبەتیش کە (و)ەکە موشەددەدە. شیعرێکی مینە جاف لەنگی لە ڕیدف تێدایە، لەسەرەتاکەیدا دەڵێ :

شەهاب یارەب، کە ئەم جەژنەت مویارەك بێت و پیرۆز بێ
هەستێرەی بەخت و ئیقبالت وەکو خۆر پرتەو ئەفرۆز بێ[٢٠٥ : ١٨٧]

جگە لەم دوو وشەیەی سەروا (پیرۆز، پرتەو ئەفرۆز)، لەدوو دێری ترەدا دوو وشەی تری هێناوە (نەورۆز، مفەوەز) - وشەی مفەوەز لە ڕیدفدا لەگەڵ سێ وشەکەی تر یەك ناگرێتەوە.

• (ێـــ ی) : سایێری لە شیعری (شیوەن کە ئەی دڵ)دا، (ێ-ی) کردوە بە ڕیدفی وشەکانی سەروا، لەسەرەتادا دەڵێ :

ماتەمە، شیوەن کە ئەی دڵ چاوە ئەمجا بێرەنێش
وا دلارامم ئەکا عەزمی سەفەر ڕێی هاتە پێش[٩٨ : ٩٣]

وشەی سەروای دێرەکانی تریش ئەمانەن : (ئێش، خویش، نیش، ڕیش، سریش، پێش ...) وەك دیارە لەم وشانەدا (ئێش، پێش) ڕیدف (ێ) یەو لەمانەش (خویش، نیش، ریش، سریش) (ی)یە.

• (وو ـــ ۆـــ ی ـــ ێ) : مەلا وەسمان لە شیعری (بەخاتری خاڵت)دا ڕیدفی بەچوار جۆر گۆڕیوە کە ئاوازەکەی تەواو تێك داوە، دێری یەکەمی ئەمەیە :

بەخاتری خاڵ و زوڵفت (ڕیشەیی) دڵ
دەسا مەشکێنە توخودا (شیشەیی) دڵ[٢١٣ : ١٠٢]

لێرەدا (دڵ) پاش سەروایە و (ی) پاش ڕەویە و بۆ پێکەوە بەستنی دەرخەرو دەرخراو هاتوە. سەروا لەم دوو وشەیەدا (ڕیشە، شیشە) ڕێکە، ڕیدف (یـ) و نەبزوێنی (ش) ڕەویە، بەڵام لە دێرەکانی تر، وشەکانی سەروا ڕیدفیان دەگۆڕێ : (تووشە، تیشە، خۆشە، پیشە، ئەندێشە، بێشە). وەك دیارە ڕیدف بەسەر (ی، ۆ، وو، ێ)دا دابەش بوە.

• (ا ـــ ی) : میهری لە شیعری ژمارە (٢)ی نیشتمانی و نەتەوایەتیەکانی سەرواکانی هەموو (الم) هێناوە کە (م) پاش ڕەویە و (ل) ڕەویە و (ا) ڕیدفە، بەڵام لە دێری پێش کۆتاییدا کردوویە بە (یلم) واتە ڕیدفی گۆڕیوە، لە دێری یەکەمدا دەڵێ:

Scanned with CamScanner

وەتەن ، بۆتۆ بەدایم من دەنالم
وەتەن، بۆتۆ پەشێوە وەزع و حالم [٢٠١ : ٢٧]

وشەکانی سەروا ئەمانەن (دەنالم، حالم، مەلالم، خەیالم، نیهالم، کەمالم، دەلالم، جەمالم، زەوالم) کەچی لە دێری پێش کۆتاییدا دەڵێ :

خەلان و روست و زینو شاخی هەلگورد
بە قوربانی ئەوان بێ ، ڕوودی نیلم [٢٠١ : ٢٨]

لەم گۆڕانەی بزوێنی دێری پێش ڕەوی لە شیعری عەرەبیدا بە (سناد الردف) ناسراوە کە بەکێکە لە کەم و کورتییەکانی سەروا.

ج- گۆڕانی قەید، کە دەنگی نەبزوێنی وەستاوی (زەننەدار) پێش ڕەوی نەبزوێنە، بۆ نموونە: خانیم دەڵێ :

بکا هەر کەس لەشەوبا چاوەڕێی ئەمر
نەبینێ بڕتەوی جیلوەی شەوی قەدر[٧٥ : ١٣٧]

لێرەدا وشەی (ئەمر، قەدر) کە وشەی سەروان و ڕەوییان (ڕ)ە، قەیدیان جیایە لە یەکەم(م) و لە دووەم (د)ە. ئێنجا بزوێنی کورتی. پێشەوەیان یەکە، ئەم قەیدە لە وشەکانی تریشدا گۆڕاوە کە ئەمانەن : (قەجر، عەنر، فەخر، قەدر، سەبر، جەهر، ...) قەیدەکان (چ، ت، خ، د، ب، ه) یەک نین. ئەمە یەکێکە لە کەم و کورتییەکانی سەروا. یەک قەید لەسەراپای هۆنراوەیەکدا جیا بێ بەعەیب نادەنرێ چ جای هەموو قەیدەکان جیابن. حەمدی لە دوو هۆنراوەدا، ڕێگای بەم عەیبەداوە بکەوێنەوە ناو هۆنراوەکانی، یەکەم لە هۆنراوەی (نە عەقلم پێ دەمێنێ...) [٦ : ٢٥١]. کە (٦) لێرەو دێری یەکەمی موسەڕڕەعە واتە (٧) سەروای هەیە، ڕەوی (ص)ە لەمانە پێنجیان قەیدیان (ڕ)ە (غەرض، عەرض، فەرض، قەرض، ئەرض) و دوانیان قەیدیان (ب)، (قەبض، نەبض) کە ئەمە نەنگیە بۆ سەروا. هۆنراوەی دووەمیش ئەوەیە (لەگەڵ ئیدراك و ...) دەست پێ دەکا[٦ : ٢٦٤]. (ه) دێری یەکەمی موسەڕڕەعە. ڕەوی (ف)ەو هەموو قەیدەکانی (ر)ە : (عەرف، صەرف، بەرف) نەبالە دێری کۆتایی قەید بوە بە (ل) : (ئەلف).

خانیش لە دێرە شیعرێکدا وشەی (لفظ، قرض)ی کردوە بە وشەی سەروا [٣ : ٣٢].

جگە لەوەی ئەم دوو وشەیە ڕەوییان جیایە، قەیدیشیان یەک نییە (فـر).

وا دەبێ قەید لە وشەیەکی سەروادا هەبێ و لە وشەیەکی ترا نەبێ. پیرەمێرد دەڵێ :

ئاوە جوانەکەی سەرچاوەی زەڵم
بۆچ بەهار لێلی و پایز سەربەتەم [٤٣ : ١٧٤]

Scanned with CamScanner

وشەی یەکەمی سەروا (زەلْم) قەیدی لەگەلْ هاتوە (ل)، ئەم قەیدە لە وشەی دووەمی سەروا (نەم)دا نەهاتوە.

د- گۆڕانی ئەلفی تەئسیس : ئەلفی تەئسیس لەو دەنگانەیە، ئەگەر شاعیر لە دێڕی یەکەمدا لە وشەی سەروادا هێنای دەبێ لە هەموو وشەکانی سەروای هۆنراوەکەیدا هەبێ، ئەگەر لە یەکێکیاندا نەبێ بە کەم و کورتی دادەنرێ و پێی دەگوترێ (سناد التأسیس) واتە یەکێتی تەئسیسی نییە، لەسەروادا لە نێوان بوون و نەبوون دایە کە ئەمە نابێ.

پڕتەوی هەکاری، لەشیعری (بەچین و حەلقە و ....)دا سەروای بە تەئسیس و بێ تەئسیسی هێناوە، ئەمە لە دێڕی یەکەمدا دیارە :

ب چین و حەلقە و تاب و موسەلسەل
کولاە و تورڕەوو جعدو زولف و کاکول [٤٠ : ١٥٧]

ئەگەر بە موسەڕڕەعی دانابن، جیاوازی ئەم دوو وشەی سەروایە (موسەلسەل، کاکول) لە دوو لاوەیە : ١- یەکەم تەئسیس نییە، دووەم تەئسیسە. ٢- تیپی بزوێنی کورتی پێش ڕەوی جیایە (سناد التوجیه)، با سەیری وشەکانی تری سەروای هەمان هۆنراوە بکەین : (بولبول، دلْ، گولْ، کول، مل، شەمائیل، بیسمیل، حەمائیل، حاسیل، موشکیل).

ئەم وشانەی سەروا کە ڕەوییان (ل)ە، جگە لە بەناو یەکدا چوونی هەردوو جۆرە (ل/لْ)، هەندێکیان ئەلفی تەئسیسیان هەیە (شەمائیل، حەمائیل، حاسیل، کاکول) و هەندێکیان نیانە (بولبول، دل، گول، مل، کول، بیسمیل، موشکیل)، جگە لەوەی کە بزوێنی پێش ڕەویش لە هەموویان دا یەک نییە، لە نێوان (یـ، و، بزوێکە) دایە. ئەم دیاردە ناتەواوە لای سالم (ل٦٥)، نالی (ل٥٤)، مەلا وەسمان (ل٨٦)، حەمدی (ل٢٤٨)دا هاتوە.

هـ- گۆڕانی ئیشباع : ئەو دەنگەی لەپاش ئەلفی تەئسیس دێ پێی دەگوترێ (دەخیل). دەشێ لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەمان دەنگبێ و دەشێ لە سەروایەکەوە بۆ سەروایەکی تر بگۆڕێ بەلأم نابێ حەرەکەکەی بگۆڕێ کە پێی دەگوترێ (الاشباع)، ئەگەر بگۆڕێ بەعەیب دادەنرێ و ئەم عەیبە لە سەروانناسی عەرەبیدا بە (سناد الاشباع) ناسراوە. بۆ نموونە لە شیعرەکەی پێشەوەی پەرتو، ئەو وشانەی تەئسیسیان هەیە (کاکول، شەمائیل، حەمائیل، حاسیل)، ئیشباعیان کەسرەیە تەنیا (کاکول) بۆتە (زەممە)، ئەمەیش نەنگییە بۆ شیعر دەبێ شاعیر خۆی لێ لابدا.

٣- گۆڕینی بنیادی وشەی سەروا بۆ ئەوەی لەگەلْ وشەکانی تری سەروادا بگونجێ :

- کرتاندنی دەنگێک یان چەند دەنگێکی کۆتایی وشە، وەکو نالی لە شیعری (پێچەیی پەرچەمی یو...)دا، ئەلفی کردوە بە ڕەوی. وشەکانی سەروای ئەمانەن : (شیا، تیا، زیا، گیا، حەیا، قیا، بیا،

Scanned with CamScanner

چیا، ڕیا، ژیا)، هەموو وشەکان مانایان دیارە بەڵام (قیا) بە ڕووتی کەس نازانێ چیە، چونکە لە کوردیدا نییە، بەڵام کە دێرە شیعرەکە دەخوێنیتەوە، پێش ئەوەی بگەیتە وشەکە دەزانی وشەی (قیامەت)ەو (مەت)ی قرتاوە، هەم لەبەر ئەوەی کێشەکە ئەم بڕگە درێژەی کۆتایی هەڵناگرێ و هەم سەرواکەش لەگەڵ (ا) دێ نەک (ت) :

مەمخەرە هاوێیەیی هەولی فیراق
دەستی من دامەنی تۆ ڕۆژی قیا [۲۰۹ : ۵۲]

هەمان وشەی کرتاو (قیا) لەباتی (قیامەت) لای ویسالی دوبارە بۆتەوە [۲۱٦ : ۱۲۹].

- بڵێ لە شیعرێکدا (د)ی وشەی (زیاد)ی کرتاندوەو کردوویەیە (زیا) تا لەگەڵ کێش و سەروای شیعرەکەی بگونجێ :

ئێستاش چ حەقت لای من نەماوە
خوار داشت وەرگرت گەڵێکیش زیا [۱۲۵ : ۲۲۵]

شیعرەکە (تونەوان) (۷) بەندە، ئەم بەندەیان (۱۰) دێرەو ڕەوی (ا)یە، هەر ئەم ڕەوییەشە ناچاری کردوە (د)ەکە فڕێ بدا تا (زیا) بمێنێتەوە و لەگەڵ سەروای دێرەکانی تر بگونجێ.

- ویسالی لە شیعرێکدا، کە بە (ڕۆژو شەو قوربان ...) دەست پێ دەکاو (۹) دێرەو موسەڕەعە، (۱۰) وشەی سەروای هێناوە بە ڕەوی (ن) کۆتاییان دێ. ئەگەر چی لە هەندێ وشەدا بزوێنی کورتی پێش ئەم ڕەویە لە تێوان (ە، ێ، بزرۆکە) لە گۆڕاندایە، جگە لەم کەم و کورتییە، کەم و کورتیەکی تریش ئەوەیە لە دێری کۆتایی پێویستی بەناوی (ویس القرنی)یەو بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەوییەکانی تری بگونجێ (ی)ی لێ کرتاندوەو نووسیویە (وەیسی قەرەن) :

ئەی ویسالی مژدە بێ خوا ویسعەتی خستە ولات
زەیقەتی ڕۆیی بە ئیزنی حەزرەتی وەیسی قەرەن [۲۱٦ : ۲۹٤]

- گۆران لەدوا دێری موستەزادی (بەردە نووسێک)دا کە دەڵێ :

یان دایکی دڵسۆزم وێرای بەبێ شەرم — بۆ جوانە مەرگی
وەک دایکان شیوەنێک بگێڕی بە گەرم — ڕەش کا بۆی بەرگی ؟ [۱۷۳ : ۲۱۱]

لەلەتی دوەمدا، (شیوەنێک بگێڕێ بەگەرمی) ڕاستە نەک (بەگەرم)، ئەمە ئاوەڵکارە (.adv)، وەکو (بەچاکی، بەخراپی، بەمەردی، بەسووکی، بەچاپووکی...) فرێدانی (ی)یەکە هەر بۆ ئەوەیە کە (گەرم) لەگەڵ (شەرم)دا ببێ بەسەرواو لە ڕەوی (م)دا یەک بگرنەوە، ئەگینا لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە تەواو نییە، چونکە کورد وای بەکار ناهێنێ.

حاجی لە شیعرێکدا بۆ جەخت کردنی نەهی لە وشەی (نەکەن)دا (ەن)ی کۆتایی فرێداوە. تا

Scanned with CamScanner

لەگەڵ ڕەوی شیعرەکە بگونجێ، بەڵام ئەم جۆرە کرتاندنەی کۆتایی فەرمانی نەهی، بۆ جەخت کردن و بێزاربیە، دەڵێ :

سەلاحی ئێوە ئێستاکە سیلاحە
تەماعی گەورەیی بێ چەک نەکەن، نەک [٦٠ : ٧١]

بۆیە وای کرتاندوە تا (نەک) لەڕووی سەرواو ڕەوییەوە لەگەڵ وشەکانی تری سەروای هۆنراوەکە ڕێک بکەوێ (یەک، لەک، بەرمەک، لەک لەک، شەک، دۆشەک).

ئەم جۆرە نەنگییە لەسەرواناسی عەرەبیدا بە (التلیم) ناسراوە.

دوەم : کەم و کورتی زمانەوانی و فەرهەنگی :

لە بواری زمانەوانی و فەرهەنگییەوە هەندێ کەم و کورتی دەکەونە ناو سەروا، دەیشێوێنن و شیعرەکەی پێ درێو دەکەن، بۆیە دەبێ شاعیر خۆیان لێ بە دوور بگرێ. ئەمەیش هەندێ لەم جۆرە کەم و کورتیانە :

١- ئێتا: وشەیەک ئەگەر بەهەمان شێوەو ماناوە لە دوو لەتە دێر یان لە دوو دێر دوبارەبێتەوە، نابێ بەسەروا، شاعیری چاک ئەوەیە ئەگەر ناچار بوو وشەیەک دووبارە بکاتەوە بیکاتە پاش سەرواو وشەکانی پێش ئەو بکاتە سەروادار، با تەنیا لەمەودای یەک دوو دێریشدا بێ. (دووبارە بوونەوەی وشە بەهەمان شێوەو ماناوە بۆ سەروا تەنیا لە دێری یەکەمدا، لەهەردوو لەتدا رێگای دراوە) [٢٨٢ : ١٠٨]. ئەویش کە تەسریعە و مەرج نییە هەمیشە نیوەی یەکەم هاو سەروای نیوەی دوەم بێ. نموونەی ئەم دوبارە بوونەوەی وشەی سەروایە، وەکو : ئەسعەد مەحوی دەڵێ :

گورگی دوو پێ هێندە زۆرە، گورگی چوار پێ کەم بووە
پیاوی غەمخۆری نەماوە ، بۆیە غەم بێ خەم بووە
عەقڵی چی ؟ دانش چییە ؟ بێ دانشی باوی هەیە
باری کرد شەرم و حەیا ئەم عالەمە بێ خەم بووە [١٦ : ٨٨]

هەندێ وشەی سەروای دێرەکانی تر ئەمانەن : (بێ دەم بوە، زەم بووە، چەم بوە...) واتە پاش سەروا تەنیا (بووە)یە، (بێ خەم) لەم دوو دێرەی سەرەوەدا وەکو خۆی دوبارە بۆتەوە، ئەمە نەنگییە. ئەم جۆرە نەنگییە لە عەرەبیدا پێی دەگوترێ (الایطاء). لەبارەی (الایطاء)ەوە زۆر ڕاو بۆچوونی جیاجیا هەیە، ئایا شاعیر نابێ هەر هیچ وشەی سەروا دوبارە بکاتەوە، یان بە پێی دەستوورو مەرجی تایبەتەوە دەتوانێ دوبارەی بکاتەوە. لەم بارەیەوە زاناکانی سەرواناسی بۆچوونیان جیایە.

بۆیە دوبارە کردنەوەی وشەی سەروا ڕاستەوخۆ لە دوو دێری دوای یەک یان لەیەک نزیک، بەعەیب زانراوە چونکە کراوە بە بەڵگەی بێ دەسەلاتی شاعیر و زاڵ نەبوونی بەسەر فەرهەنگی

Scanned with CamScanner

زمانەکەی، بەلأم خۆ هەموو جاریّ دووبارە کردنەوەی وشەیَ سەروا لە ئەنجامی وشک کردنی
فەرهەنگی شاعیرو بیّ دەسەلاتی نییە، زۆر شاعیری گەورەو زمانزان و بەتوانا وشەی سەروایان
دووبارە کردۆتەوە. جگە لەوەی شوێن هەیە دووبارە کردنەوەی دەویّ، لەو حاڵەتانەدا نیشانەی بیّ
دەسەلاتی شاعیر نییە و شیعرەکە ناشکێنیّ بەڵکو بەهێزتری دەکا. شاعیر زۆرجار کە وشەیەك
دووبارە دەکاتەوە لەباری خۆیەوە سەیری دەکا بۆیە وا دەکا چونکە لەناخەوە هەست دەکا هێزێك
هەیە لەکەش و هەوای شیعرەکەو هەڵڕژانی تاقی کردنەوەکەی پاڵی دەدا وشەیەك دووبارە بکاتەوە
وچێژو تۆخەی دەروونی لە گوتن و بیستنی دەبینیّ بۆیە دەستی پێوە ناگریّ و نایگێڕیتەوە، وەکو
وشەی خوا، پێغەمبەر. بۆ شاعیرە سۆفییەکان، ناوی یار بۆ عاشیق، یار بۆ کاتیّ کە شیعرەکە
باشترین بیّ، دووبارە کردنەوەی جوێنەکەیان ناوی کابرا لە شوێنێکی بەهێزی وەکو شوێنی سەروا
کاریگەرەکە بەهێزتر دەکا. عبداللە الطیب المجذوب دەڵیّ : (بەشێوەیەکی گشتی ڕیّ نەدان بە
دووبارەکردنەوە کارێکە زەوق قبوڵی دەکا، چونکە زەوقی ناسك هەوەسی بە دووبارە کردنەوە نایە.
ئەنبا ئەوە نەبیّ ئەگەر هۆیەکی گرنگبەدەستەوە بیّ. جەخت کردن لەسەر ئەم ڕیّ نەدانە
لەهەموو بارێك و هەموو بۆنەیەك، بیّ گوێدانە ئەو زەوقەی دووبارە کردنەوەکە دێنیّ هەڵەیەکی
گەورەیە ...) [١١٤ : ٣٢]. لێرەدا نەرمیبەك لە دووبارەکردنەوەی وشەی سەروا پێشان دراوە، کەچی
لای یەکێکی وەکو خەلیل فەراهیدی (هەر وشەیەك ببیّ بە سەرواو لە سەروایەکی تر دووبارە
بکرێتەوە، ئەمە -ابطاء-ە مانایان یەك بیّ یا جیا) [٣١٤ : ٣٢]. واتە لای خەلیل ڕەگەز دۆزینی هەر
نایّ کە دووبارە بوونەوەی وشەیە بەمانایەکی نویّ. (لە زەجەڵدا کە جۆرە هونەرێکی شیعری
مبللی عەرەبی وەکو موەشەح وایە ئەگەر سەد دێریش بیّ نایّ بەهیچ جۆرێ (ابطاء)ی تێدابیّ)
[٢٩٢ : ١٠٥]. جیاوازی زاناکان لەبارەی دووبارە بوونەوەی وشەی سەروا (الابطاء)، بەپێی ڕایان
بەرامبەر ڕادەی هەرە نزمی دێرەکانی هۆنراوە دەگۆڕیّ (الاخفش) ڕای وایە قەسیدە لانی کەم (٣)
دێرەو بەسەرەوە، خەلیل لای وایە (٧) دێرە (ئەمە باوەکەیە)، ئیبن جنی دەڵیّ (١٥) دێرە، فیراء
دەڵیّ (٢٠) دێرە، هەریەکە بەلایەوە ڕادەی هەرەکەمی دێرەکان چەند بیّ، ڕێی داوە پاش ئەوەندە
دێرە وشەی سەروا دووبارە بێتەوە بیّ ئەوەی بە عەیب دابنرێ. هۆیەکەش ئەوەیە وا دادەنێن وەك
ئەوەی وشەکە لە قەسیدەیەکی تردا دووبارە بووبێتەوە پاش تەواو بوونی ئەو مەودایەی کە
قەسیدەیەکی لیّ دروست دەبیّ. بەکورتی ناشیرینی (ابطاء) بە پێی زوو و درەنگی دووبارە بوونەوەکە
دەگۆڕیّ تا تێوان دوو وشەکە کەمتر بیّ عەیبەکە گەورەترەو تا زیاتر بیّ کەمترە، ناشیرینترین (ابطاء)
ئەوەیە لەدوو دێری دوای یەکتر دووبارە بێتەوە و هەر بەتەنیاش نا بەڵکولەگەڵ چەند وشەیەکی
تردا دووبارە بێتەوە. لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، دیاردەی (ابطاء) گەلێ زۆرە بەتایبەتی ئەگەر
مەودای دووبارە کردنەوەکە بە (٧) دێر دابنرێ، بۆ نموونە : سالم پاش یەك دێر (شیرینە پاوانەو و
خالخالت)ی دووبارە کردۆتەوە :

Scanned with CamScanner

نارنجی رۆلەبخایە گۆی چاهی زەنەخدانت
تەوقی ملی شیرینە پاوانە وو خالخالت[١٠١ : ٥٢]

ئینجا دوای تەنیا یەك دێر دەڵێ :

بەخ بەخ لە قەدی سەروت چەند دڵبەر و مەوزونە
سەیریکە چ شێرینە پاوانە وو خالخالت

ئەگەر چی (شیرین) لەم دوو دێرەدا ڕەگەز دۆزیە، بەڵام دوو وشەکەی تر (پاوانە ووخالخالت) دووبارە بوونەوەیە.

سالم لە لاپەرە (١٢٩) هەروەها ل٦٤، ٧٠، ٧٤، ١٢١ دوو دێری لەدوای یەك و دێرێکی تریش هەمان وشەی سەروای دووبارە کردۆتەوە. ئەمە بۆ ئەوونە هەندێ شاعیر کە (ایطاء)یان بەکارهێناوە : مینە جاف (ل٢٥)، تایەر بەگ (ل١٠)، ئەسعەد مەحوی (ل٨٨، ٤٠)، خادیم(ل٢٣١)، وەفایی (ل٨، ٩٨)، ... جاری وا هەیە شاعیر خۆی هەست پێ دەکا کە دووبارە کردنەوە (ایطاء) پەسند نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوێنەکە وا دەخوازی دووبارەی بکاتەوە، ئیدی پێش (ایطاء)ەکە عوزری بۆ دێنێتەوە، وەکو ئەحمەد موختار جاف لەشیعرێکدا کە شەش دێرە و موسەڕەعە (٧) وشەی سەروای هێناوە لەگەڵ پاش سەروای (ئەکا) و ڕەوییەکەی(ژ)ە. لە دێری پێنجەمدا (پێش کۆتایی) وشەی (نوێژ)ی کردوە بە سەروا، بۆ دێری کۆتایی (شەشەم) پێویستی پێ بۆتەوە، ناچار عوزری بۆ هێناوە ئینجا دوبارەی کردۆتەوە تا قسەی نەیەتە سەر :

قافیە هەر چەندە تیکڕارە ، بەڵام ئەحمەد بە دڵ
هەر بەیادی تاقی ئەبرۆی تۆیە، جارجار نوێژ ئەکا[١٠ : ٥٥]

٢- سەروای شایگان : شایگان لە فەرهەنگی جامع، فارسی - ئینگلیزی بەم جۆرە لێك دراوەتەوە :

(شایگان وانە شاهگانە) هەر شتێ شایەنی پاشا یان پیاوی گەورە بێ، شتی زۆر گەورە (بەتایبەتی خەزنەی شاهانە)، ناوی یەکێکە لەخەزنەکانی خوسرەو، شتی کراوە، عەرز کراو، بەرین، فراوان، دووبارە کراوە، جەخت لەسەر کراو، شایەن، لێوەشاوە، بڕگاری[٥٠٨ : ٧٢٨] جۆرە سەروایەکی تایبەتییە، دەکرێ بە دوو جۆر : (شایگان خفی) (شاردراوە) و (شایگان جلی) (ئاشکرا).

أ- خەفی : ئەوەیە کە ئەلف و نونی زەرفی حالەت وەکو گریان و خەندان، لەگەڵ ئەلف و نوونی ئەسلی وشە وەکو زەمان و مەکان بێ بەسەروا : وەکو سالم دەڵێ :

لێم گەڕێن با گۆشە گیر بم دەستە ئەژنۆ کەف زەنان
گێژەلووکەی بای نەدامەت تاری کرد صەفحەی جیهان[١٠١ : ٩٧]

(کەف زەنان) وانە لەپ لە لەپ دان. ئەمە نیشانەی خەم و پەك کەوتن و مایە پووچ

Scanned with CamScanner

ەرچوونە. (جیهان) وشەیەکی سادەیە. هەردوکیان کراون بەسەروا. یان ئەوەی کە یاو نوونی نسبەتی وەکو زیوین و ئاگرین لەگەلّ یاو نوونی ئەسلی وەکو زەمین و کەمین بیّ بەسەروا، وەکو: ئایەر بەگ لە هۆنراوەیەکدا دوو وشەی (شین) و (ئاتەشین)ی بۆ سەروا هێناوە، کە(یـن) لەیەکەمدا ئەسلی و لەدوەمدا نسبەتە:

خۆم لەقوڕ بگرم بەجارێ هەر لەبێ تا تەوقی سەر
بەلکو لوتفی شاهی لەولاك بێ نەجاتم دا لە شین

.....

حەسرەتا مەئیووسی شەهد و زیارەتی شویباکی تۆم
بۆ نەڕێژم ئەشکی ئاڵ و ئاوی گەرمی ئاتەشین[٤٨ : ٣٢]

ب- جەلی: ئەوەیە کە ئەلف و نوونی کۆوەکو یاران و دۆستان لەگەلّ (ان)ی ئەسلی وەکو گیان و... بیّ بەسەروا، حاجی دەلّێ:

ئێستەکەش فورسەتە گەلی یاران
کە پەنك بۆ چیبە لە پاشی باران[٦٠ : ٢٣٧]

زانا کۆنەکانی فارس ئەم جۆرە سەروایەیان لەیەك جار زیاتر لە غەزەل و قەسیدە نەدەهێنا و هەرکاتێ شاعیر سەروای شایگانی بهێنایە، ئیشارەی بۆ دەکرد و عوزری دەهێنایەوە [٥٧]، ئەمە لە کوردیشدا باو بوە، حاجی دەلّێ:

ئەم قافیە شایگانە ئەمما
عەیبی نیبە جاهیلی بەڕازی[٦٠ : ١٥٤]

ئەمە شایگان وەکو لەفارسیدا هاتوە، لە کوردیدا جۆرێکی تری شایگان دەست نیشان کراوە: ئەو تیپانەی لە عەرەبی هەن و لەکوردی نین، بە کوردی بخوێنرێنەوە و دەنگە کوردییەکەیان لەگەلّ دەنگی تری وشەی ڕەسەنی کوردی بیّ بەسەروا، (ص، ط، ذ) لەگەلّ تیپی غەیری عەرەبی وەکو (ز) یەك حسابیان بۆ بکرێ وەکو هەڵبەستەکەی سەرەوەی حاجی، کە ئەم وشانەی کردوە بەسەروا: (عیشقبازی، (ماضی)، مەجازی، بەیازی (یاضی)، رازی، غازی (قاضی)، ڕازی، نەخوازی، دەنازی) لێرەدا (ض)ی عەرەبی لەگەلّ (ز)ی کوردی کراوە بە ڕەوی چونکە کورد بە (ز)ی دەخوێنێتەوە. [٦٠ : ١٥٥].

---

[٥٧] ئەنوەری لە شیعرێکا عوزر بۆ شایگان دێنێتەوە و دەڵێ:
گرچە بعضی شایگانست از قوافی باش گو
عفوکن وقت ادا دانی ندارم بس ادات[٤٩٨]

Scanned with CamScanner

٣- تەزمین: یەکێ لەعەیبەکانی شیعری کلاسیکی، ئەوەیە سەروا ئەرکی وەستان نەبینێ، ئەمە هەڵبەتە لە نرخی دەوری سەروا کەم دەکاتەوە. ئەمە کاتێ کە مانای دێرەکە بەند بێ بە دێری پاشەوەی و لەگەڵ سەروادا تەواو نەبێ، واتە یەکێتی دێرە شیعر نەمێنێ. ئەگەر چی لەبۆچوونی رەخنە گرانەی نوێدا، ئەوە بە چاکەی شیعر دادەنرێ کە دێرەکان سەربەخۆ نەبن و یەکێتی یان نەبێ، بەڵکو یەکێتی عوزوی بەسەر هەموو هۆنراوەدا دابەش ببێ. لەبۆچوونی کۆن دەبوایە هەر دێرەو مانای سەربەخۆی هەبێ، بۆیە پەیوەندی بوونی مانای دێر بەدێری دواوە بەعەیب زانراوە و پێیان گوتوە (التضمین). گۆران لەبەرەبەری کۆتایی (بەردە نووسێك)دا دەڵێ:

منی کچ مامزی بەندیخانەی ژین
سزای تاوانم
بەدەستی باوکی خۆم چووم بەسەر برین
پرچی پەخشانم
تلا لە خوێناو کەوتە سەر چاوم
ئیتر نەمبینی
لە جەرگی باوکما سەری برِاوم
چۆن بوو بڕینی [٢١١ : ١٧٣]

ئەمە موستەزادە، بەڵام مانای دێرەکان لەگەڵ سەروا تەواو نابێ، بەسەر سەروادا باز دەدا بۆ دێری دواوە و لەوێ تەواو دەبێ.

لەبارەی ئەم عەیبەوە زاناکان ڕایان جیایە، خەلیل هەر ناوی نەهێناوەو بەعەیبی سەروای دانەناوە، ئەخفەش لەبەر زۆری بەعەیبی نەزانیوە، ئیبن کیسان دەڵێ (تەزمین عەیبێکی گەورە نیە بەڵام پتەوترین قسە ئەوەیە کە سەربەخۆ بێ، ئەگەر دێرێکی شیعرەکە بەتەنێ خوێنرایەوە، ئەو مانایە بدا کە بۆی دانراوە ...) [٢٧ : ٣٧٢]

بۆیە (التضمین) بەعەیب زانراوە (چونکە سەروا شوێنی وەستان و پشوودانە، ئەگەر پێویستی بەدوای خۆی هەبێ نابێ لەسەری بوەستی، دەبێ بیخەیتە ناو قسەوە، بەشێکی زۆری زرنگەکەی دەڕوا ...) [٢٨٢ : ١١٢].

٤- تەحرید: لەبەر ئەوەی سەروا دەکەوێتە زەرب، لەشیعری کلاسیکی عەرووزیدا دەبێ زەربەکان هەموو یەك بن، نابێ گۆڕانیان بەسەردا بێ. ئەگەر لەدێرێکا زەرب بگۆڕێ کە تەفعیلەی سەروایە، ئاوازی سەرواکە دەشێوێ. ئەم جۆرە عەیبە لە عەرەبیدا بە (التحرید) ناسراوە. لە کوردیدا ئەمە زیاتر لەو کێش و قالبە کێشە عەرووزییانە دەردەکەوێ کە مەخبوونی مەحزووف بن و

Scanned with CamScanner

دوا پێیان (فاعلاتن) بێ. وەکو کێشی خەفیفی (٦)ی مەخبوونی مەحزووف، کێشی ڕەمەلی (٨٦)ی مەخبوونی مەحزووف، کێشی موجتەسی (٨)ی مخبوونی محزووف، ئەمانە لەگەڵ مەخبوونی ئەسلەمەکانیان تەحرید دروست دەکەن. وانە زەرب لەدێرێکا مەخبوونی مەحزووف بێ ولە دێرێکی ترا ئەسلەم. فاعلاتن بە مەخبوونی مەحزووف دەبێ بە (فعلن) کەسێ بڕگەیە دووی کورت و یەکی درێژ، بە سەلم دەبێ بە (فع لن) کە دوو بڕگەی درێژە. ئەم جیاوازی ژمارەی بڕگە و جۆری بڕگەی کورت و درێژە (التحرید) ئاوازو مۆسیقای سەرواکە تێك دەدا، بۆیە بە عەیب باندراوە، وەکو حاجی دەڵێ :

ئێددیعای هەر سەنایەێك ناکەن
تاکو نەبخوێنن ئیمتیحانی نەکەن [٦٠ : ١٨٥]

عەرووزی لەتی یەکەم (ناکەن - فع لن) ئەسلەمی (فاعلاتن)ە، کەچی زەربی لەتی دووەم گۆڕاوە (نی‌نەکەن - فعلن) کە مخبوونی مەحزووفی (فاعلاتن)ە. یەکەمیان تەنیا یەك حەرەکە لەتێوان ساکنی کۆتایی و ساکنی پێشەوەی هەیە (متواترە)، کەچی دووەم (سێ حەرەکەیان بەبنە) و (متراکبە) وانە دوو جۆری سەروای جیاوازلەیەك هۆنراوەدا هاتوون، ئەمە بۆ ئیقاعی تسلسلی حرکە و ساکن پەسند نییە. ئەمە لای زۆر شاعیر هاتوە. وەکو سالم (ل١٥)، نالی(ل١٣٨)، حاجی (ل٩٦).

٥- هێنانی وشە بۆ خاتری سەروا :

- وشەی سەروا دەبێ تەواو لەگەڵ شوێنەکەدا بگونجێ و مانای دێرەکە تەواو بکا. نابێ بۆ خاتری سەروای دێرەکانی تر هاتبێ و ماناکەی بەمەوە شێواند بێ یان ناشیرینی کردبێ. سەیرکە لەم حەیرانەدا، چۆن حەیران بێڕ بۆ سەروا ناچار بوە وشەیەکی وابێنێ کەنەك مەدحی یارەکەی تێدا نەبێ (وەك ئەو دەیەوێ) بەڵکو زەم بێ بۆی :

(حەیران ، مال وێران چەندی گاز دەکەم گەڕی بە گەڕی ، نۆڕی بە نۆڕی،
جبکەم دیسان لە (گردەسۆری) - لەملی حەیرانێ سۆر دەکرێ مەرجان و مۆری.

بەڕێی ئەو ڕاڵم بابەی لەبۆمن بەینێ بەکارو کار غەڕاڵەکی سۆری سۆر غەڕی، کووڕەکەی دومانگی وەکی دەڵەوەڕێتەوە لە بانە بۆران، کرد وکێڵی ئازیانەی، چێشتاوێ خۆی دەکاتەوە لە شاقازی، گردی قەرەبەگی ئەمان حەیران منارە لە دوو باکی دەقۆڕی) [١٩٧ : ٨٣].

وشەی (دەقۆڕی) نەك هەر جوان نییە، بەڵکو ناشیرینیشە. زۆرجار شاعیر وشەیەك دەکا بەسەروا، زەق دیارە تەنیا بۆ خاتری سەرواکە ئەو وشەیەی هێناوە، ئەگینا دەشێ هەر وشەیەکی تری لەجێ دابنرێ، ئەمەیش سەروا بەندیەکە کز دەکا، فانی دەڵێ :

Scanned with CamScanner

بۆ نەمانی یەکتری ئامادەبین شەش سەد هەزار
بۆ شەڕی بێگانە ج بڵێم، چەندە زۆرین هەر شەشین [١٥٢ : ٧٩].

(شەش) بەمەجاز بۆ کەمی بەکار هاتوە، دەیتوانی (پێنجین، چوارین، سێین، حەوتین، هەشتین) بەکاربێنێ بەڵام کە (شەش)ی بەکارهێناوە، لەڕووی ماناوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ژمارەکانی تردا نییە، واتە نەزانراوە وەک مەجاز بۆ کەمی کورد تەنیا شەش بەکاربێنێ، ڕاستە (شەش و حەوت) بەکاردێ بەڵام (شەش) بەتەنیا نەء ... بۆیە شەشی هێناوەتا لەگەڵ وشەی سەروای دێرەکانی تر رێك بکەوێ (بەش، غەش، ڕەش، مامەش، گەش، باوەش، دابەش). بەڵام بۆ چەسپاندن و جێ کردنەوەی ئەم شەشە. شاعیر فێڵێکی هونەری تری نواندوەو تا ڕادەیەك هێنانی (شەش)ی پێ پاساو داوە، ئەویش لە لەتی یەکەم تا دوژمنی بە (٦٠٠ ٠٠٠) شەش سەد هەزار داناوە، ئەگەر چی ئەو ژمارەیش هەر مەجازە بۆ زۆری، بەڵام ڕاگرتنی شەش بۆ کەمی بەرامبەر شەش سەد هەزار بۆ زۆری پاساوێکی تێدایە. یان میرزا غەفوور لە شیعرێکدا دەڵێ :

یا ئیلاهی بەندەیی پڕ جورم و عوسیانە (غەفوور)
تۆبەخشایی بەحەققی سوورەتی (طاها) و (طور) [٢٠٤ : ٣٧].

دەیتوانی هەر سوورەتێکی تر لەجیاتی (طاها) و (طور) بێنێ، بەتایبەتی (طور) کە سەروایە، چونکە هیچ پەیوەندییەك نییە لەتێوان ناوەرۆکی دێرەکەو ئەم سوورەتە. بەڵام کە لە هەموو سوورەتەکاندا (طور)ی هەڵبژاردوە، بۆ سەروا هێناویە تا لەگەڵ (غەفوور، سوور، دوور، لوور، حوزوور، ...) بگونجێ کە وشەی سەروای هۆنراوەکەن.

- وا دەبێ ڕیزی وشەی باوی سەرزاری خەڵك بۆ سەروا تێك بدرێ و پاش و پێش بکرێ.

کوڕەکان ئیمامی عەلی هەر بە حەسەن و حوسێن ناو دەبرێن لە فولکلۆردا هاتوە :

حەسەن و حوسێن برا بوون
لە کەندەکی کوژرا بوون

کەچی شاعیرێکی وەکو حاجی قادر بۆ سەروا ناوەکانی پاش و پێش کردوە، بە حوسێن و حەسەن ناوی بردوون، دەڵێ :

شیعی وەك تیشنە بوو لە سینە زەدەن
بەدوو قەترە دەدا حوسەین و حەسەن [٦٠ : ١٨٨].

٦- وشەی سادەو ناسادەی سەروا :

ئەو وشانەی دەبن بەسەروا، چۆن نابێ هەمان وشە بێ و دوبارە کرابێتەوە، ئاواش نابێ یەکێکیان سادە بێ و ئەوەی تر ناسادە بێ وشە سادەکە بەشی دواوەی ناسادەکە بێ. وەکو (مل) و

Scanned with CamScanner

(هاومل)، (شان) و (هاوشان)، (چرا) و (چوارچرا)، (مێرد) و (هەزار مێرد). (مالێرب رێی نەباوە سەروای وا بەکار بێ کە هیچ ماندوو بوونی نەوێ بۆ دۆزینەوەی وشەی سەروا. ئەمەیان ئەو سەروایانە دەگرێتەوە کە لە وشەیەکی سادەو وشەیەکی لێکدراو دروست بووبن - وشە سادەکە بەشی کۆتایی لێکدراوەکە بێ وەکو combattre / battre یان ئەو وشانەی لە ئاوازو ماناوە زۆر لێك نزیکن وەکو compagne / montagne ..)[٣٣٠ : ٧٥] ...(وشەی سادە مەکە بەسەروا لەگەڵ وشەی لێکدراوی وا کە لەهەمان وشەوە دروست کرابێ)[٥٠٥ : ١٢٥] پیرەمێرد دەڵێ :

بولبول لە عیشقی گوڵدا بەسۆزە
سۆزەی ئێمە بۆ، دایکی دڵسۆزە[٤٣ : ٢١٦]

(سۆز)، (دڵ + سۆز) بوونەتە هاوسەروا کە پارچەی کۆتایی دوەمیان هەمان وشەی یەکەمە و وەك دوبارە بوونەوەی هەمان شت بێ، وای لێ دێ. یان وەکو :

خۆ ئەحمەد شەوقی و محەمەد عەبدە
شوعەرای عەرەب لە لایان عەبدە[٤٣.: ٢٣٢]

حەمدی دەڵێ :

هەر برێشتی زڵفی یارە داروویی بیمار مار
هەر بەمەی دەکرێ دیارە چارەی ژەهری خومار[٦ : ٢٣١]

حەمدی لەلەتی یەکەم (مار)ی هێناوە بۆ سەرواو لە دوو دێری کۆتاییش (ژەهرەمار) و (سووسەمار)ی هێناوە، (مار) لەهەر سێکیان دایە کە لەیەکەم ناوێکی سادەیە لە دووەم و سێیەمدا بەشی دووەمی ناوی لێکدراوە، بەڵام هەر بەمانای ماری پێشووە، ئەم جۆرە سەروایە پەسند نییە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئەنجام

لەم لێکۆڵینەوە شیکاری و بەراوردەی سەروای شیعری کوردی دەگەینە چەند ئەنجامێك، گرنگترینیان ئەمانەن :

- سەروا، پەگەزێکی بنیادی شیعرە. نەك هەر لە کوردیدا، بگرە نزیکەی لەهەموو زمانێکدا هەبوە وەهایە، بەڵام شوێنی هاتن و چۆنیەتی بەکارهێنان و ڕادەی بایەخ پێدانی بەپێی زمان و سەردەم و شاعیر دەگۆڕێ. هەر نەتەوەیەك بەپێی خەسیەتی تایبەتیی فۆنۆلۆجی زمانی خۆی و قۆناغی پێشکەوتنی ئەدەب و ڕۆشنبیری گشتی و بەیوەندە ڕانستیبیەکانی تر جۆرە سەروایەکی تایبەتی پەیڕەوکردوە، وەکو هاوبزوێنی و هاونەبزوێنی و کۆنسۆنانس و دەنگە لاسکە و... نیمچە سەروا و سەرابای دێرو هۆنراوەدا.

- سەروا هەر لەگەڵ گەڵە بوونی شیعر چەکەرەی کردوە، لای هیندی کۆنی و یۆنانی کۆن و بابلییەکان سەروا هەبوە بەڵام بەجۆرێکی سەرەتایی و تایبەتی بەخۆیان.

- سەروا وەکو دیاردەیەکی دەنگی و مۆسیقی، خۆی لە دووبارە بوونەوە دەدۆزێتەوە و لەگەڵ کۆمەڵێ ڕەگەزی تر دەکەوێتە کارلێك و بەهەموویان ئاوازی شیعرەکە تێژتر و سفت و خەستتر دەکەن.

- سەروا (بەتایبەتی دەنگی کۆتایی) بۆتە هۆیەك بۆ پۆلێن کردن و ڕێکخستنی شیعری کلاسیکی، کە یەکێتی سەروای تێدایە، لە دیوانەکاندا، ئەمە یارمەتی ساغ کردنەوەو بەراورکردنی شیعری شاعیرەکان دەدا و ڕێگا خۆش دەکا بۆ چوونەوە سەر شیعرەکان.

-سەروا لەگەڵ ڕەگەزی تری وەکو کورت و درێژی کێشی لەت و دێرەکان، شکڵێکی هەندەسی بە هۆنراوە دەدا و نەخشەی تۆپۆگرافی هۆنراوەکە لەسەر لاپەڕەدا دەکێشێ.

- سەروا، لای هەندێ وەکو کۆت وابوە ڕێگای لەدەربڕینی سەربەستانەی شاعیر گرتوە، بۆیە ناوای نەهێشتنی ئەو کۆتەیان کردوە.. ئەم ناوایە زیاتر لەسەدەی ڕابردوەوە دەستی پێکرد و لەم سەدەیەدا گەیشتە پۆپە، لە کوردیدا ئەم بۆچوونە زیاتر لە بیستەکانی ئەم سەدەیە و بەدواوە کەوتە ناوەوە.

- سەروا بەپێی بەکارهاتن و گەشەسەندنی زۆر جۆری جیاجیای لێ کەوتۆتەوە و دەکرێ لەچەند ڕاست و ڕوانگەی جۆراو جۆرەوە پۆلێن و نابەش بکرێ وەکو ئاستی دەنگو وشەو ڕوانگەی ئاسۆیی وستوونی.

- وادەبێ شاعیرێك دەوری سەرەکی بوویێ لە داهێنان یان چەسپاندنی جۆرە سەروایەکی

Scanned with CamScanner

تایبەتی، ئیتر ئەو جۆرە سەروایە بەناوی ئەوەوە بلاّو بۆتەوە وەکو سەروای پترارکی و لیۆنی و شەکسپیری و سپنسەری و خەیامی و ....

- سنووری سەروا لەهەموو زمانێکدا وەکو یەک نییە. لەکوردیدا سەروا لە ئاستی وشەدا سێ خانەدا دەگرێ (وشەی سەروا، پاش سەروا، پێش سەروا)، لەئاستی دەنگیشدا سێ بوار دەگرێتەوە (ڕەوی، پێش ڕەوی، پاش ڕەوی).

- سەروا بەیێ وشەی سەروا نابێ، بەلاّم مەرج نییە پاش سەرواو پێش سەروای لەگەلّدا بێ کە زۆر جار تەنیا بۆ قوولّ کردنەوەی مۆسیقای سەروا دێن.

- گرنگی وشەی سەروا لەوەدایە کە دەنگەکانی سەروای لە کۆتاییەوە دێ، هەروەکو لە شوێنەکەیشیدایە کە کۆتایی دێرە، ئەگەر چی دەشێ لەناوەڕاست و سەرەتایی دێریش بێت بەلاّم شوێنی سەرەکی و ئاسایی خۆی کۆتاییە.

- وشەی سەروا لە ڕووی ئاوازو پەیوەندی تەعبیریەوە لە هەموو ئاستەکانی زمان کار دەکات و لەگەلّ وشەکانی تری هەمان دێر و هەموو هونراوەکە دەکەوێتە پەیوەندی دەلالی و جوانکاری و ئیحائییەوە.

- پاش سەروا لە کوردیدا زۆر چالاّکانە دووبارە دەبێتەوە. ڕێژەیەکی زۆری شیعری کلاسیکی کە یەکێتی سەروای تێدا پەیڕەو کراوە (٣٢.٥٪) پاش سەروای هەیە.

- پاش سەروا لەگەلّ هەموو جۆرە هونراوەیەکدا دێ، لەکوێ سەروا هەبێ دەشێ پاش سەروا بۆ خۆی ڕابکێشێ.

- پاش سەروا دەشێ وشەیەک یان دەستەواژەیەک یان ڕستەیەک و بگرە ڕستەیەکیش زیاتر بێ. دەشێ هەر بەشێکی ئاخاوتن بێ : ناو، کار....

- هەندێ جار وشەی سەروا و پاش سەروا سنووری نێوانیان هەلّدەگیرێ. وادەبێ لەسەراپای هونراوەیەک یەک دێر بێ پاش سەروایێ، هەروەکو دەبێ تەنیا یەک یا چەند دێرێک پاش سەروایان هەبێ...

- پێش سەروا ئەگەرچی لەکوردیدا هەیە بەلاّم بەقەد پاش سەروا چالاّک نییە. بەزۆری لەمەسنەویدا دەردەکەوێ کە مەودای کورتە، لە غەزەل و قەسیدەدا نەکەوتۆتە بەرچاو.

- جاری وا هەیە (وشەی سەرواو پاش سەروا و پێش سەروا) سەراپای لەت یان دێرە شیعر دەگرنەوە و یەک پارچە ئاوازی تێکچڕاوی لە هاو دەنگیی جۆراو جۆرەوە لێ دروست دەکەن و هەموو وشەکان بەسەر ئەم سێ خانەدا بلاّو دەبنەوە.

- لە دەنگەکانی سەروا، ڕەوی لە هەموویان گرنگتر و سەرەکی تر. ڕەوی دەشێ دەنگێکی بزوێن

Scanned with CamScanner

بێ یان نەبزوێن. ئەگەر بزوێن بێ دەبێ بزوێن درێژ بێ و ئەگەر نەبزوێن بێ دەبێ لە پێشەوە بزوێنێکی (کورت یان درێژ) لەگەڵدا دووبارە بێتەوە.

- دەنگەکانی زمان پادەی دووبارە بوونەوەیان وەك ڕەوی، وەکو یەك نییە. هەیە زۆر بەکاردێ و هەیە کەم. لە کوردیدا، (ن، ر، ا) لە هەموویان زیاتر بەکاردێن، (چ، ف، پ) کەم بەکاردێن. ڕێژەی سەدی بەکارهاتن و ڕیزی دووبارە بوونەوەی هەموو دەنگەکان لە شوێنی خۆی پێشان دراوە.

- زۆر جار قەسیدە و غەزەل بەناوی ڕەوییەوە ناو دەبرێ وەکو قەسیدەی لامی یان میمی یان نوونی ...

- پێش ڕەوی، وا دەبێ یەك دەنگ یان زیاتر بێ و بەپێی دەستووری سەروا لەگەڵ ڕەوی دووبارە بێتەوە، وەکو ڕیدف بە هەموو جۆرەکانییەوە، قەید، تەئسیس، جگە لە بزوێنی کورتی پێش ڕەوی کەیان توجیهە یان دەخیلە.

- پاش ڕەوی مەرج نییە هەمیشە هەر هەبێ، بەڵام ئەگەر لەسەرەتاوە هەبوو دەبێ تا کۆتایی پەیڕەو بکرێ. پاش ڕەوی بۆی هەیە یەك مۆرفیم بێ یان زیاتر.

- سنووری نێوان ڕەوی و پاش ڕەوی بەئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی دیار دەکرێ. ڕەوی لە ئەسڵی وشەی سەروادایە کەچی پاش ڕەوی زیادەیەکە دابڕشتنی سنتاکس بە کۆتایی وشەی سەروای دەڵکێنێ.

- وا دەبێ پاش ڕەوی بە جۆرێ بەسەر هەست و نەستی شاعیردا ڕاڵ دەبێ، شاعیرەکە ئاگای لەپەیڕەوکردنی ڕەوی نامێنێ. ڕەوی و پاش ڕەوی تێکەڵ دەکا و بەرامبەر یەکیان دەکا. ئەمە لە سەروانەسیدا بە شایەگان ناسراوە.

- شاعیرانی کلاسیکی کورد، زۆرجار لە بەکارهێنانی ڕەوی و هەڵبژاردنی وشەی سەرواو هێنانەوەی پاش سەروا لاسای یەکتریان کردۆتەوە.

- دابەشبوونی سەروا لە هۆنراوەدا، بەپێی زمان و چێژی ئەدەبی و داهێنانی شاعیرانەوە دەگۆڕێ. لە کوردیدا دابەشبوونی سەروا بەپێی جۆری شیعر و پارچەی گشتی و تایبەتی دەگۆڕێ کە هەریەکە چەند قالبە سەروایەکی تایبەتی خۆی هەیە.

- پارچە شیعرەکان بە پلە یەك بە ژمارەی لەت و دابەشبوونی سەروا لەیەك جیا دەکرێنەوە. پارچەی هاوسەروا و پارچە فرە سەروا هەیە ...

- پارچە گشتییەکان بە پێی ژمارەی لەتەکان ناو دەبرێن و هەر پارچەیە کێش لەوان چەند قالبە سەروایەکی جیا جیای هەیە. پارچەی گشتی لە کوردیدا، لە دوو لەتییەوە تا یازدە لەتی بەرچاو دەکەوێ، دەشێ لەیازدە لەتیش زیاتر هەبێ بەڵام کەم و دەگمەنە. پارچەکان و ژمارەی

Scanned with CamScanner

قالبەکانیان بەم جۆرەیە : (تاك : ٢/ سێیەنە : ٦ / چوارینە : ١٠/ پێنجینە : ١٣/ شەشینە : ١٣/ حەوتینە : ٥/ هەشتینە : ٩/ نۆیینە :٢/ دەیینە : ٢/ یازدە لەتی : ١/). ژمارەی قالبی ئەم پارچانە، لە زۆرییەوە بۆکەمی بەم چەشنەیە : (پێنجینە و شەشینە) ، (چوارینە)، (هەشتینە)، (سێیەنە)، (حەوتینە)، (تاك، نۆیینە، دەیینە)، (یازدە لەتی). کەچی لەبارەی باوی و زۆر بەکارهاتنەوە، چوارینە بەپلە یەك دێ ئینجا پێنجینە و شەشینە و پاشان ئەوانی ترلە لایەکی تریشەوە، مەسنەوی -تاك- مەودای درێژ بوونەوەی لە هەموو جۆرە پارچەکانی تر زیاترە چونکە دێر بە دێر سەروای دەگۆڕێ و شاعیر بەدەست سەروا هێنانەوە دانامێنێ، بۆیە بۆ چیرۆك و پەندو ئامۆژگاری و کاری دیداکتیکی بەکاردێ.

- لەپارچە گشتییەکان، هەندێکیبان قالبی وایان هەیە زیاترلەیەك شاعیر بەشداری تێدا کردوە وەکو چوار خشتەکی (تربیع) و پێنج خشتەکی (تخمیس) و شەش خشتەکی (تسدیس) و هەشت خستەکی (تثمین). لەمانە پێنج خشتەکی لەئەدەبی کوردیدا زۆر باوە. ئەوانەی تر یەکەو یەك دوو نموونەیان لەئەدەبی کوردیدا هەیە و بەس. لەم جۆرە قالبانەدا ئەرکی هێنان و دابەشکردنی سەروا دەکەوێتە سەرشانی هەردوو شاعیر.

- لەو پارچە گشتیانەدا، تا ژمارەی سەرواکان زیاتر و بەناوبەکچووباتر بێ پارچەکە پتەوتر دەبێ. تا سەرواکان کەمتر و لێك دابڕاوتر بن پتر دەبن بەهۆی وەرسی خوێنەر و زیاتر ماوەی لێك پچڕانیان دەبێ.

- لە پارچە تایبەتییەکان، غەزەل و قەسیدە، لە کوردیدا، لە هەموویان باوترە. ئەمانە یەکێتی سەروایان تێدا پەیرەو دەکرێ.

- غەزەل لە کوردیدا دوو جۆرە : غەزەلی ئیسلامی و غەزەلی رەسەنیی خۆمالێ، هەریەکە لەمانەش سیستەمی سەروای خۆی هەیە، چ لە چوارچێوەی گشتی بێت و چ لە وردەکاری ناوەوە.

- تەسمیت و تەرجیع بەند و تەرکیب بەند کە دابەشبوونی تایبەتی سەروا هەریەکەیان دیار دەکات و لێکیان جودا دەکاتەوە، زیاتر هونەری فارسین و لە کوردیدا گەشەیان پێدراوە. زۆر جار ئەم سیبیانە لێك دەدرێن و جۆری تریان لێ موتوربە دەکرێ وەکو (تەسمیت - تەرجیع) و (تەسمیت - تەرکیب) و (تەرجیع - تەرکیب) و (تەسمیت - تەرجیع - تەرکیب). سەرواو جۆری دووبارە بوونەوەی ناوبەند دەوری سەرەکی لە دروست کردنی ئەم هونەرانەدا هەیە.

- موستەزاد کە هونەرێکی سەربەخۆیە، جگە لە کێش، سەروا دەوری سەرەکی لە پۆنان و لێك جیاکردنەوەی قالبەکانی هەیە. موستەزاد لە کوردیدا، تا دە قالبە سەروای هەیە.

- سۆنێتە کە لە بنچینەدا هونەرێکی ئەوروپییە، لە سەرەتای ئەم سەدەیە کەوتۆتە پۆژهەڵاتەوە. لە کوردیدا بەك نموونەی لای گۆران هەیە. جگە لەمەش گۆران و شاعیرانی تریش سوودیان لە

Scanned with CamScanner

یابەشبوونی سەروای چوارینەو سێیەمی سۆنێتە وەرگرتوە بۆ نووسینی چوارینە و سێیەمی شەشینە...

- موەششەح لە ئەدەبی کوردیدا، لە ژێر کاریگەری شیعری عەرەبی پەیدا بوە. دابەشبوونی پارچەکانی بە پێی سیستەمی سەروای تایبەتییەوە لێك دادەبڕێن و بەیەکەوە دەبەسرێنەوە. لە کوردیدا، موەششەح قالبی زۆرە گرنگترینیان (۷) قالبە سەروایە.

- لە شیعری ئازادیدا، سەروا بە پێی هیچ دەستوورێکی تایبەتی کارناکات. بنیادی هۆنراوەکەو هەست و سۆزی شاعیرو مۆسیقای گشتی دێرەکان سەروا پادەکێشێ نەك هیچ یاسایەکی دەرەکی پێشتر دیاریکراو.

- سەروا وەکو ڕەگەزێکی جوانکاری و ئیستاتیکی دەوری لەبەرز کردنەوەی بەهای شیعریدا هەیە. جوانکاری سەروا لە زۆر هونەرەدا دەردەکەوێ وەکو ڕەگەزدۆزی و (رد القافیە) و (ئیعنات) و نەشتیرو تەرسیع و تەکریرو و سەروای ئەلقەبەند و وشەبڕو بە تیپ و سەروای چوارگۆشەیی و چنە کردنی ڕەوی و وشەی سەروا.

- سەروا قالب و دەستووری خۆی وەرگرتوە، هەر لایانێك لەو دەستوورانە سەرواکە دەشێوێنێ و بەکەم و کورتی بەسەر شاعیردا دەشکێنەوە. ئەو کەم و کورتییانەی لەسەروای شیعری کوردی دەرکەوتوون هەیە پەیوەندی بە دەنگو ئاوازی سەرواوە هەیە، وەکو جیاوازی ڕەوی و تەوجیە و ڕیدف و قەید و تەئسیس و ئیشباع، هەیە پەیوەندی بە لایەنی زمان و فەرهەنگی وشەی سەرواوە هەیە وەکو ئیتا و تەزمین و تەحرید و....

- شاعیرانی کورد لە مامەڵەکردنا لەگەڵ سەروا هەریەکە مۆرکی خۆی هەیە و تایبەتێتی خۆی لە پەیڕەوکردنی لایەنێکی هونەری سەروادا هەیە، هەر بۆ نموونە : جزیری لە هونەری تەشتیرو سەروای ناوەوە و بەکارهێنانی سەروای وشەبڕ، خانی لە پەیڕەوکردنی هونەری تەرسیع و لێك گرێدانی وشەو لەت و دێر بە دەنگی تایبەتییەوە، مەولەوی بە سەروای دەوڵەمەند و زێدەبار و بلۆکردنەوەی پەیوەندی هاوەدەنگیی و دەنگەلاسکە لە دێرە شیعریدا، حەمدی و زێوەر لە ڕەگەزدۆزی سەرابای وشەکانی سەروای چەند هۆنراوەیەك، سالم لە هونەری (تکریر) و دووبارە کردنەوەی وشەی سەرواو پەیڕەوکردنی هونەری (دوقافیتین)، نالی لە بارشتنی سەروای کراوە و لێك تێهەڕاندنی وشەی سەرواو پاش سەرواو ڕەوی و پاش ڕەوی، جگە لە پەیڕەوکردنی تەسریعی سەرابای هەندێ هۆنراوە و لاکردنەوە لە تەسمیت، گۆران لە شیعری پارچەدار و بارشتنی سۆنێتەو نووسینی چوارینی پترارکی و سپنسەری و وەستاکاری لە کردنەوە و داخستنی پارچە شیعر... شێخ نوری لە داهێنانی قالبی تایبەتی موستەزاد و پارچەی جۆراو جۆر و ئۆپەرێت.. بەختیار زێوەر لە بارشتنی پارچەی فرە سەروای تۆکمەو پتەو، دیلان و دڵدار و دڵزارو هەردی لە داهێنانی هەندێ قالبی موەششەح و موستەزاد...

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بیبلیۆگرافیا

یەکەم : بەکوردی :

أ- کتێبی کوردی :

[١]- نازاد نالباز، خونچەی سەهۆل، چاپخانەی (نەرمت)، بەغدا، ١٩٧٥.

[٢]- نازاد عەبدولواحید، ئەختەر - شاعیری جوانی و نڵداری، پێداچوونەوەی کەریم شارەزا، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، هەولێر، ١٩٧٦.

[٣]- ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێز نووسینی هەژار، ئەنستیتوی کورد، پاریس، ١٩٨٩.

[٤]- ئەحمەدی خانی، ژ هەڵبەستێن ئەحمەدی خانی، کۆمکرن و تویژاندن ئیسماعیل بادی، چاپخانا هاوار، دهۆك، ١٩٩٦.

[٥]- ئەحمەد هەردی، ڕاڤی ئەنبایی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤.

[٦]- ئەحمەد حەمدی بەگ ساحێبقران (دیوان)، چاپی یەکەم، پێشەکی بە پێنووسی مەعروف خەزنەدار، چاپخانەی نەسعەد، بەغدا، ١٩٥٧.

[٧]- ئەحمەد شوکری، پێنجینەی شۆڕش، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٠.

[٨]- ئەحمەد شوکری، نڵداری، بەرگی یەکەم، (دار الحریه للطباعة)، بەغدا، ١٩٧٨.

[٩]- ئەحمەدی کۆڕ (دیوان)، کتێبفرۆشی سەیدیان، مەهاباد، ١٣٤٤.

[١٠]- ئەحمەد موختار جاف (دیوان)، ئامادەکردن و پێشەکی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوول، (شرکه مطبعة الادیب البغدادیه المحدوده)، بەغدا، ١٩٨٦.

[١١]- ئەحمەدی نالبەند (دیوان)، بەرهەڤکرنا خالید حوسێن یەعقووب، (شرکه سومر للطباعة المحدوده)، بەغدا، ١٩٨٩.

[١٢]- ئەحمەدی نەقیب (دیوان)، ئامادەکردنی مەحموود ئەحمەد محەمەد، (مطبعة الارشاد)، بەغدا، ١٩٨٥.

[١٣]- ئەخۆل (دیوان)، چاپی یەکەم، (مطبعة الادیب البغدادیه)، بەغدا، ١٩٨٤.

[١٤]- ئەدەب (دیوان)، چاپی سێیەمین، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ١٩٦٦.

[١٥]- ئەدیب (دیوان)، گرێو کۆکەڕەوە گیوی موکریانی، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٦.

[١٦]- ئەسعەد مەحوی (دیوان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٠.

[١٧]- ئەسیری (دیوان)، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی کەریم شارەزا و جەبار جەباری، چاپخانەی شارەوانی هەولێر، هەولێر ١٩٧٤.

[١٨]- ئەسیری (دیوان)، مستەفا عەسکەری کۆی کردۆتەوەو لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی (نەرمت)، بەغدا، ١٩٨٧.

[١٩]- ئەمین فەیزی، ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد، تۆژینەوەی لێژنەی وێژەو گەلەپور، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ١٩٨٣.

[٢٠]- ئەنوەر قادر محەمەد، لێریکاری شاعیری گەورەی کورد مەولەوی، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٠.

[٢١]- ئەنوەر قادر محەمەد، زریان، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.

[٢٢]- ئەنوەر قادر محەمەد، ڕایەڵە، لە بانۆکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگی سوید، کوردستان، ١٩٨٨.

[٢٣]- ئەنوەر ئەحمەد بەرزنجی، مەولوود نامەی ڕەسوولی نازدار، چاپخانەی (نەرمت)، بەغدا، ١٩٩٠.

[٢٤]- ئەنوەر مەسیفی، جل و بەرگ و جمکەکان، چاپخانەی (نەرمت)، بەغدا، ١٩٩٠.

[٢٥]- ئەورەحمان بەگی بابان (دیوان)، ئامادەکردنی مەحموود ئەحمەد محەمەد، (مطبعة الزمان)، بەغدا، ١٩٨٩.

[٢٦]- ئیبراهیم ئەفخەمی، دیاری نوێ، ١٣٦١.

[٢٧]- ئیبنولحاج، مەهدی نامە، لێکۆڵینەوەو پێشکەش کردنی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

[٢٨]- ئیسماعیل نامەو ناگەهان و باغەبان و بیاناود و نان و ماست و سەنگتراش، (دار الشئون الثقافیه للطباعة و النشر)، بەغدا، ١٩٨٢.

[٢٩]- ئۆردیخانی جەلیل، سترانێ زار گۆتنا کوردا یە تاریخێ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.

[٣٠]- بابا تاهیر ترانەها، ئامادەکردنی ومحید دەستگردی، چاپ و انتشارات جاویدان، (؟).

[٣١]- بانەیی، مەولوودا مەلایێ بانەیی، خرڤەکردن و تویژاندنا سادق بەهائەدین ئامێدی، چاپی یەکەم، (مطبعة سمیرامیس)، بەغدا، ١٩٨٢.

[٣٢]- بەختیار ڕێوەر (دیوان)، کۆکردنەوەی مەحموود ڕێوەر، (مطبعة الزمان)، بەغدا، ١٩٨٩.

Scanned with CamScanner

[٣٣]- بەکر بەگی ئەرزی (دیوان)، کۆمکرن و تویژاندنا عەبدولکەریم فندی دۆسکی، چاپخانەی (دارست)، بەغدا، ١٩٨٢.
[٣٤]- بەهائەدین شمس قوبەیشی، مەنزووومەی کوردیی مەولوودنامەی حەزرەتی ڕەسوول، (مطبعة العربیه)، ١٣٢٦.
[٣٥]- بورهان ئاغای هەولێری (دیوان)، چاپخانەی تەرەقی، کەرکووک، ١٩٥٧.
[٣٦]- بێخود (دیوان)، کۆکردنەوەو ڕێکخستن و لەسەر نووسینی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بەغدا، ١٩٧٠.
[٣٧]- بێسارانی (دیوان)، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی کیومەرت نیك ڕەفتار، (مطبعة الادیب البغدادیه)، بەغدا، ١٩٨٢.
[٣٨]- بێکەس (دیوان)، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی (شەفیق)، بەغدا، ١٩٧٠.
[٣٩]- بێوەی، بەرهەمی ژیان، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٨٠.
[٤٠]- پەرتوێ هەکاری (دیوان)، بەرهەمکرن و تویژاندنا سادق بەهائەدین ئامێدی، (دار الحریه للطباعة)، بەغدا، ١٩٧٦.
[٤١]- پەژار، گزنگی ئازار، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٧٠.
[٤٢]- پشکۆ سەرجەمی بەرهەمەکانی، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی سامان مارف بەرزنجی و عومەر مەعروف بەرزنجی، هەولێر ١٩٩٣.
[٤٣]- پیرەمێرد (دیوان)، کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی فائیق هوشیارو هی تر، (مطبعة الزمان)، بەغدا، ١٩٩٠.
[٤٤]- پیرەمێردی نەمر، ئامادەکردنی محەمەد ڕەسوول هاوار، چاپخانەی (العانی)، بەغدا، ١٩٧٠.
[٤٥]- پیربال مەحمود، بەهەشتی دڵداری، چاپخانەی شارەوانی، کەرکووک، ١٩٥٨.
[٤٦]- پیربال مەحمود، بزەی سروشت، چاپخانەی عەلاء، بەغدا، ١٩٨٥.
[٤٧]- تایەر تۆفیق، گوڵی سەربەستی، بەشی یەکەم، (دار آفاق عربیه للطباعة و النشر)، بەغدا، ١٩٨٣.
[٤٨]- تاهیر بەگی جاف (دیوان)، چاپی سێیەمین، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ١٩٦٦.
[٤٩]- تاهیر فوئاد (دیوان)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٧٠.
[٥٠]- تاهیر مەلا عەبدوللا، مەرکانەی کوردی بۆ گوڵی بوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٦.
[٥١]- تەحسین ئیبراهیم دۆسکی و موحسین ئیبراهیم دۆسکی، مەلایێ باتەیی و بەرهەمێ وی، چاپخانەی هاوار، دهۆك، ١٩٩٦.
[٥٢]- جەباری (دیوان)، ئامادەکردنی عەبدوجەبار محەمەد جەباری، چاپی یەکەم، چاپخانەی شارەوانی، کەرکووك، ١٩٦٨.
[٥٣]- جەعفەر قولی زەنگلی ملك الشعراء کرمانج (دیوان عرفانی)، مەشهەد، ١٣٦٩ (١٩٩١).
[٥٤]- جەفایی (دیوان)، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ١٩٨٠.
[٥٥]- جەلال مەحەت خۆشناو کاروانی بار، چاپخانەی شارەوانی، هەولێر، ١٩٧٥.
[٥٦]- جەلالی میرزا کەریم، ڕێگا دوورەکانی جاوەمان، سلێمانی، ١٩٩٢.
[٥٧]- جەمال شاربازێری، ملوانکەی هەزار دەنکەی شاربازێر، چاپخانەی عەلاء، بەغدا، ١٩٨٥.
[٥٨]- جزیری (دیوان)، هەژار شەرحی لێ کردوە، چاپی یەکەم، سروش، تەهران، ١٣٦١.
[٥٨]- جزیری (دیوان)، تویژاندنا سادق بەهائەدین، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.
[٥٩]- چرۆستانی (دیوان)، ئامادەکردن و لێکدانەوەی عەبدوڕەحیم عەبدوللا چرۆستانی و سالح عەبدوللا چرۆستانی، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی، ١٩٨٥.
[٦٠]- حاجی قادری کۆیی (دیوان)، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم ممتەفا شارەزا، بەغدا، ١٩٨٦.
[٦١]- حاریسی تبلیس، لەیلێ و مەجنوون، ئامادەکردن و گۆڕینی بۆ ڕووسی و پێشەکی مارگریت ڕودێنکۆ، مۆسکۆ ١٩٦٥.
[٦٢]- حەجی جەعفەر، سترانێت داوەت و گۆڤەندێت کوردان، چاپخانەی (دارست)، بەغدا، ١٩٨٦.
[٦٣]- حەریق (دیوان)، چاپی دووم، چاپخانەی (الجمهوریه)، کەرکووك، ١٩٦٩.
[٦٤]- حەسەن زیرەك، گەوهەرێ، کۆکردنەوەو لەسەر نووسینی عوسمان شاربازێری، (مطبعة السعدون)، بەغدا، ١٩٨١.
[٦٥]- حەسەن سەریەتی، دیلان، چاپی یەکەم، چاپخانەی (دارست)، بەغدا، ١٩٨٥.
[٦٦]- حەسەن عەوالانی، جەمی ڕەزانی قارەمان، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٧٢.
[٦٧]- حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی، ١٩٧٩.
[٦٨]- حەسیب قەرەداغی، فەرهەنگی خەم، بەرگی دووم، چاپی یەکەم، (دار الحریه للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٩.

Scanned with CamScanner

[٦٩]- حەقیقی (دیوان)، بڵاوکراوەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی، چاپی یەکەم، ١٣٦٧.
[٧٠]- حەمە سەعید حەمە کەریم، دیدارێ شیعری کلاسیکی کوردی، (دار الحریه للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٦.
[٧١]- حەمە عەلی مەدهۆش، یانەی دڵان، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی عەلاء، بەغدا، ١٩٨٢.
[٧٢]- حوسێن شێخ سەعدی، قەسیدەی بوردیبە، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر ١٩٨٥.
[٧٣]- حوسێن شێخانی، مەولوودنامە لە پەسەندی حەزرەتی ڕەسوولی ئەکرەم، چاپی یەکەم، تەهران، ١٣٦١.
[٧٤]- حیلمی (دیوان)، ئامادەکردنی ئومێد کاکە ڕەش، چاپخانەی (الارشاد)، بەغدا، ١٩٨٥.
[٧٥]- خانیم (دیوان)، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی جەمال محەمەد ئەمین، (دار الحریة للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٠.
[٧٦]- خانیم (دیوان)، بەرگی دووەم، ئامادەکردنی جەمال محەمەد ئەمین، (دار الحریه للطباعة)، بەغدا، ١٩٨١.
[٧٧]- خانای قوبادی، شیرین و خوسرەو، محەمەدی مەلا کەریم ساغی کردۆتەوەو فەرهەنگی بۆ ڕێکخستۆوەو پێشەکی بۆ نووسیوە، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.
[٧٨]- خانای قوبادی، شیرین و فەرهاد، چاپی سێیەمین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٧٣.
[٧٨ أ]- خەلیل موخلیس، مەولوودنامەی کوردی، چاپخانەی هەولێر، هەولێر ١٩٦٨.
[٧٩]- خەیام، چوارینەکانی خەیام، گۆڕینی سەلام، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ١٩٦٧.
[٨٠]- خەیام، خەیامی هەزار، چاپخانەی عینانی، بیروت، ١٩٦٨.
[٨١]- خەیام، چاریەندێت خەیامی، خەلیل سلێمان مشەختی، چاپخانەی هاوار، دهۆک، ١٩٩٦.
[٨٢]- خەیام، چوارینەکانی خەیام، عەبدو سەلام ئەمین، بەغدا، ١٩٨٨.
[٨٣]- خدر ئەحمەد عەبدوڵا، مەولوودنامەو بڕوانامەی دەشتی، محەمەد دەشتی ڕێکی داوەتەوە و پێشەکی بۆ نووسیوە، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر ١٩٨٨.
[٨٤]- خدر مەحموود مەندەلاوی، بەرووەخوێن (دیوان)، بەشی یەکەم، چاپخانەی شمال، کەرکووک، ١٩٧١.
[٨٥]- خورشیدی خاوەر، چاپخانەی تیجاریبە، کەرکووک، ١٩٧٣.
[٨٦]- دامار (حوسێن حوزنی موکریانی)، خۆشی و نەرمی، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٤.
[٨٧]- دڵزار (دیوان)، چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٢.
[٨٧ أ]- دڵزار، خەبات و ژیان، چاپخانەی (الوفاء)، بەغدا، ١٩٦٠.
[٨٨]- ڕاژی، ئازار و ئەوین، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی، ١٩٨٣.
[٨٩]- ڕاژی، داستانی سورمەخان، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٨٣.
[٩٠]- ڕەئووف عوسمان، شاعیرێتی مەولەوێ، کتێبی (میهرەجانی مەولەوی)، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا، ١٩٨٩.
[٩١]- ڕەسوول بێزار گەردی، شیلان و شڵێر، چاپخانەی (فجر)، بەغدا، ١٩٦٧.
[٩٢]- ڕەسوول بێزار گەردی، گوڵە مێلاقەی کوردستان، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا، ١٩٦٠.
[٩٣]- ڕەزای تاڵەبانی (دیوان)، کۆکردنەوەو چاپ کردنی عەلی تاڵەبانی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٤٦.
[٩٤]- ڕەفیق حیلمی، پاش تەموز پێشەکی مەعروف خەزنەدار (سلمة الرأی العام)، بەغدا، ١٩٦٠.
[٩٥]- ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم و دووەم، چاپی دووەم، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٨.
[٩٦]- ڕەنجووری (دیوان)، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (آفاق عربیه)، بەغدا، ١٩٨٣.
[٩٧]- زێوەر، سۆزی نیشتمان، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٨.
[٩٨]- سابیری (دیوان)، چاپی یەکەم، کۆکردنەوەی شێخ عەبدوڕەحمان شێخ نەجمەدین سابری، چاپخانەی شارەوانی، کەرکووک، ١٩٦٩.
[٩٩]- سادق بەهائەدین، نوبهارا ئەحمەدێ خانی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
[١٠٠]- سافی (دیوان)، چاپی سێیەمین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٧٣.
[١٠١]- سالم (دیوان)، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٧٢.
[١٠٢]- سامی عەبدال (چەپکێک لە شیعرەکانی)، چاپخانەی (دار آفاق عربیه)، بەغدا، ١٩٨٣.
[١٠٣]- سەدیق حامید، گۆڤەندو بەهی، (دار الحریه للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٠.
[١٠٤]- سەدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم، بانە، ١٩٧٠.
[١٠٥]- سەدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی دووەم، بانە، ١٩٧٠.
[١٠٦]- سەدیق بۆرەکەیی، تەلای دەستەوشار، چاپخانەی حەیدەری، ١٣٦٩.

Scanned with CamScanner

[١٠٧]- سه‌عدوللا ئیسماعیل شێخانی، فۆلکلۆری کوردی، چاپخانه‌ی عه‌لاء، به‌غدا، ١٩٨٧.
[١٠٨]- سه‌فوەت (دیوان)، ئاماده‌کردنی دعیزه‌دین مسته‌فا ره‌سوول، (دار الحریه للطباعة)، به‌غدا، ١٩٨٤.
[١٠٩]- سه‌لام (دیوان)، پێشه‌کی مه‌عروف خه‌زنه‌دار، چاپخانه‌ی ته‌مه‌دون، به‌غدا، ١٩٥٨.
[١١٠]- سه‌میعی بانه‌یی، باوه‌ڕی ئایین، چاپی سێیه‌مین، چاپخانه‌ی هه‌ولێر، هه‌ولێر، ١٩٧٠.
[١١١]- سه‌یدی (دیوان)، کۆکردنه‌وه‌و شی‌کردنه‌وه‌ی محه‌مه‌د ئه‌مین کاردۆخی، چاپخانه‌ی کامه‌ران، سلێمانی، ١٩٧١.
[١١٢]- سه‌یفی قوزات، (دیوان)، گرده‌وه کۆیی ئه‌حمه‌د قازی، چاپی یه‌که‌م، چاپخانه‌ی سه‌بۆ ١٣٦١.
[١١٣]- سه‌لیمی بن سلێمان، یوسف و زلیخا، ئاماده‌کردنی رودلینکۆ مۆسکو ١٩٨٦.
[١١٤]- شاکه‌لی (دیوان)، ساغ کردنه‌وه‌ی جه‌مال محه‌مه‌د ئه‌مین، چاپی یه‌که‌م، (مطبعة الامه)، به‌غدا، ١٩٧٩.
[١١٥]- شامی کرماشانی، جه‌بکه گوڵ، چاپی دووم، چاپخانه‌ی تك، ته‌هران، ١٣٦٣.
[١١٦]- شاهۆ (دیوان)، به‌رگی یه‌که‌م، کۆکردنه‌وه‌و ڕێکخستنی محه‌مه‌د ئه‌مین کاردۆخی، چاپخانه‌ی ڕابه‌رین، سلێمانی، ١٩٧٦.
[١١٧]- شاهۆ (دیوان)، به‌رگی دووم، کۆکردنه‌وه‌و ڕێکخستنی محه‌مه‌د ئه‌مین کاردۆخی، چاپخانه‌ی ڕابه‌رین، سلێمانی، ١٩٨٠.
[١١٨]- شۆ (د.) (ئه‌حمه‌د شوکری)، دڵداری، به‌رگی سێیه‌م، چاپخانه‌ی ڕابه‌رین، سلێمانی، ١٩٧٧.
[١١٩]- شۆ (د.) (ئه‌حمه‌د شوکری)، تێکه‌ڵاو، به‌رگی یه‌که‌م، چاپخانه‌ی ڕابه‌رین، سلێمانی، ١٩٧٨.
[١٢٠]- شێرکۆ بێکه‌س، تریفه‌ی هه‌ڵبه‌ست، چاپخانه‌ی (سلمان الاعظمی)، به‌غدا، ١٩٦٨.
[١٢١]- شێرکۆ بێکه‌س، که‌ژاوه‌ی گریان، چاپخانه‌ی کامه‌رانی، سلێمانی، ١٩٦٩.
[١٢٢]- شێرکۆ بێکه‌س، من تێنوێتم به‌گڕ ئه‌شکێ، (دار الحریه للطباعة)، به‌غدا، ١٩٧٣.
[١٢٣]- شێرکۆ بێکه‌س، کارێوه، چاپخانه‌ی ڕانکۆی سه‌لاحه‌دین، سلێمانی، ١٩٧٨.
[١٢٤]- عه‌باس حیلمی کاکه‌یی، کۆمه‌ڵه شیعر ئاماده‌کردنی تالیب هه‌ردەوێل کاکه‌یی، چاپخانه‌ی ئه‌سعه‌د، به‌غدا، ١٩٨٤.
[١٢٥]- عه‌بدولخالق عه‌لائه‌دین، دڵدار - شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، (مطابع دار آفاق عربیه للصحافه و النشر)، به‌غدا، ١٩٨٥.
[١٢٦]- عه‌بدولخالیق عه‌لائه‌دین، مه‌لای گه‌وره - ژانا و ئه‌دیب و شاعیر چاپخانه‌ی ڕانکۆی سه‌لاحه‌دین، کوردستان، هه‌ولێر، ١٩٩٤.
[١٢٧]- عه‌بدوڕه‌حمان سه‌لامی، حیکایه‌تی جل ئوونی، چاپخانه‌ی ته‌ره‌قی، که‌رکووك، ١٩٨١.
[١٢٨]- عه‌بدوڕه‌زاق بیمار، کێش و مۆسیقای هه‌ڵبه‌ستی کوردی، (دار الحریه للطباعة)، به‌غدا، ١٩٩٢.
[١٢٩]- عه‌بدولعه‌زیزی خه‌یات، ئه‌گه‌ر دنیا، چاپخانه‌ی ئه‌سعه‌د، به‌غدا، ١٩٨٧.
[١٣٠]- عه‌بدولعه‌زیز یامولکی، هه‌ندێ له مه‌تروکاتی مسته‌فا پاشا یامولکی، (مطبعة دار المعرفه)، به‌غدا، ١٩٥٦.
[١٣١]- عه‌بدولکه‌ریمی مودەڕیس (مه‌لا)، به‌دیع و عه‌رووزی نامی، چاپخانه‌ی (دار الحافظ)، به‌غدا، ١٩٩١.
[١٣٢]- عه‌بدولکه‌ریمی مودەڕیس (مه‌لا)، دوو ڕشته، چاپخانه‌ی (دار الحافظ)، ١٩٨٢.
[١٣٣]- عه‌بدوللا په‌شێو، شه‌ونامه‌ی شاعیرێکی، چاپخانه‌ی (دار الحافظ)، به‌غدا، ١٩٧٢.
[١٣٤]- عه‌بدوللا په‌شێو، شه‌و نیبه خه‌وتان بێوه نه‌بینم، چاپخانه‌ی (الادیب)، به‌غدا، ١٩٨٠.
[١٣٥]- عه‌بدوللا عه‌زیز خالید، شوکری فه‌ڕلی، چاپخانه‌ی (دار الحریه)، به‌غدا، ١٩٨٨.
[١٣٦]- عه‌بدولواحید نووری، به‌رهه‌می کۆکراوه‌ی، ئاماده‌کردنی مه‌حموود تۆفیق خه‌زنه‌دار، (مطابع دار الشؤون الثقافیه العامه)، به‌غدا، ١٩٩١.
[١٣٧]- عه‌لائه‌دین سه‌جادی، ئه‌ده‌بی کوردی و لێکۆڵینه‌وه له ئه‌ده‌بی کوردی، چاپخانه‌ی مه‌عاریف، به‌غدا، ١٩٦٧.
[١٣٨]- عه‌لائه‌دین سه‌جادی، فرخ شناسی، چاپخانه‌ی مه‌عاریف، به‌غدا، ١٩٧٠.
[١٣٩]- عه‌لائه‌دین سه‌جادی، مێژووی ئه‌ده‌بی کوردی، چاپی دووم، چاپخانه‌ی مه‌عاریف، به‌غدا، ١٩٧٢.
[١٤٠]- عه‌لی عارف (شاری)، به‌رهه‌می ژیان، (مطبعة الادیب البغدادیه)، به‌غدا، ١٩٨٤.
[١٤١]- عه‌لی فه‌تاح ئه‌ده‌بی، خرۆشان و ڕامان، چاپخانه‌ی ڕۆشنبیری و لاوان، هه‌ولێر، ١٩٨٧.
[١٤٢]- عه‌لی که‌مال باپیر، گوڵدەسته‌ی شوعه‌ڕای هاوعه‌سرم، چاپی دووم، چاپخانه‌ی ڕابه‌رین، سلێمانی، ١٩٦٩.
[١٤٣]- عه‌لی مه‌ردان، گۆرانییه‌کانم، به‌رگی یه‌که‌م، (دار الحریه للطباعة)، به‌غدا، ١٩٨١.
[١٤٤]- عه‌لی مه‌ردان، گۆرانییه‌کانم، به‌رگی دووم، (دار آفاق عربیه للطباعة والنشر)، به‌غدا، ١٩٨٥.
[١٤٥]- عه‌ونی (دیوان)، چاپخانه‌ی وەزاره‌تی په‌روەرده، هه‌ولێر، ١٩٩٧.

Scanned with CamScanner

[١٤٦]- عوسمان ساربازێری، گەنجینەی گۆرانی کوردی، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا، ١٩٨٥.
[١٤٧]- عوسمان عوزێری، کلپەی دەروون، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا، ١٩٦٠.
[١٤٨]- عوسمان مستەفا خۆشناو، ئاوازی ژیان، چاپخانەی شیمال، کەرکوک، ١٩٥٩.
[١٤٩]- عیزەدین مستەفا رەسوول (د)، شێخ رەزای تالەبانی، چاپخانەی عەلاء، بەغدا، ١٩٧٣.
[١٥٠]- عیزەدین مستەفا رەسوول (د)، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی ڕانکۆی سەلاحەدین، هەولێر ١٩٩٠.
[١٥١]- فاروق حەفید زادە، هەڵبژاردە لەشیعری فۆلکلۆری کوردی، بـ١، چاپخانەی نەورەس، سلێمانی، ١٩٨٢.
[١٥٢]- فانی (دیوان)، بەرگی یەکەم، بەسەر بەرشتی کەمال میراودەلی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٦.
[١٥٣]- فەقێ تەیران (دیوان)، بەرتا یەکێ، سەعید دێرەش و پێزانی ئالیخان کۆمکریە، چاپخانا (مطبعت)، بەغدا، ١٩٨٩.
[١٥٣]- فەرەیدون عەلی ئەمین، چەند سەرنجێك لە پیرەمێردی شاعیر چاپخانەی ئیرشاد بەغدا، ١٩٧١.
[١٥٤]- فەقێ تەیران ، شێخی سەنعان، ئامادەکردنی ڕودینکی مۆسکۆ ١٩٦٥.
[١٥٥]- قانع (دیوان)، بورهان قانیع کۆی کردۆتەوەو چاپی کردوە، چاپخانەی ڕانکۆی سەلاحەدین، سلێمانی، ١٩٧٩.
[١٥٦]- کاکەی فەلاح، چرۆ، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بەغدا، ١٩٦٦.
[١٥٧]- کاکەی فەلاح، شێری ساختە، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٧.
[١٥٨]- کاکەی فەلاح، لەگەڵ شەپۆلەکانا، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بەغدا، ١٩٦٧.
[١٥٩]- کاکەی فەلاح، سرووە، چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بەغدا، ١٩٦٨.
[١٦٠]- کاکەی فەلاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، کۆڕی ڕانباری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
[١٦١]- کاکەی فەلاح (دیوان)، چاپخانەی (مطبعت)، بەغدا، ١٩٨٠.
[١٦٢]- کامەران موکری (دیوان)، پێشەکی و پەراوێز نووسینی عەبدوللا عەزیز خالید، چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر ١٩٨٨.
[١٦٣]- کامیل حەسەن بەسیر شێخ نووری شێخ سالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و ڕەخنەسازیدا، چاپخانەی کۆڕی ڕانباری کورد، بەغدا، ١٩٨٠.
[١٦٤]- کامیل زین کوردیەتی، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا، ١٩٦٠.
[١٦٥]- کامیل زین جوانی، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی، ١٩٨٣.
[١٦٦]- کانی، لەپاڵەو مەجنوون، چاپی سێیەمین، چاپخانەی هەولێر، هەولێر ١٩٦٩.
[١٦٧]- کانی (دیوان)، کۆکردنەوەی موەفەق ئەکرەم کانی، پێشەکی و لێکدانەوەی کەریم شارەزا، چاپخانەی (مطبعت)، بەغدا، ١٩٨٠.
[١٦٨]- کەریم شارەزا، ئازادی و ژیان، ١٩٦٠.
[١٦٩]- کەریم شارەزا، ڕێگەی دوور، چاپخانەی (النعمان)، نەجەف، ١٩٧٠.
[١٧٠]- کەریم شارەزا، مەقامەکانی سێیەمی هونەرمەندی کورد لەتەرازووی ڕەسەنایەتیدا، چاپخانەی حیسام، بەغدا، ١٩٨٢.
[١٧١]- کەمالی (دیوان)، ئامادەکردن و ساغ کردنەوەی کەمال عەلی بابیر (معلم دار الشؤون الثقافیة العامة)، بەغدا، ١٩٨٦.
[١٧٢]- کوردی (دیوان)، چاپی سێیەمین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ١٩٧٣.
[١٧٣]- گۆران (دیوان)، محەمەدی مەلا کەریم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردوە، چاپخانەی کۆڕی ڕانباری عیراق، بەغدا، ١٩٨٠.
[١٧٤]- لەتیف هەڵمەت، گەردەلوولی سپی، چاپخانەی کۆڕی ڕانباری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
[١٧٥]- لەتیف هەڵمەت، وشەی جوان گوڵە گوڵ، چاپخانەی (مطبعت)، ١٩٧٩.
[١٧٦]- لوتفی (دیوان)، ئامادەکردنی عوبید شێخ لەتیف بەرزنجی، چاپی یەکەم، (شرکة مطبعة الادیب البغدادیة)، بەغدا، ١٩٨٤.
[١٧٧]- مارف خەزنەدار (د)، عەبدوللا بەگی میسباح - دیوان شاعیری گەورەی خاکی موکریان، چاپخانەی (ئیرشاد)، بەغدا، ١٩٧٠.
[١٧٨]- مارف خەزنەدار (د)، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی (المؤسسة العراقیة للدعایة والطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤.
[١٧٩]- مارفی نۆدەیی، ئەحمەدی، چاپی دووەمین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ٢٥٧٣ کوردی.
[١٨٠]- مەحوی (دیوان)، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی

Scanned with CamScanner

کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ۱۹۷۷.
[۱۸۱]- مەستوورەی کوردستانی (دیوان)، کۆکردنەوەو ساغ کردنەوەی سەدیق بۆرەکەیی، چاپی یەکەم، بانۆکراوەکانی ناجی، بانە، کوردستان، ۱۳۷٤.
[۱۸۲]- مەسعوود بێبەش، هەندێ لە پێنج خشتەکیپەکانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ۱۹۸٤.
[۱۸۳]- مەعرووف جباوك، هەزار بێژو بەند، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا، ۱۹۵۷.
[۱۸٤]- مەعرووف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی (الوفاء)، بەغدا، ۱۹٦۲.
[۱۸۵]- مەعرووف کۆکەیی (دیوان)، مەرکەزی کتێبفرۆشی سەیدیان، مەهاباد، ئازەربایجانی ڕۆژاوا، (؟).
[۱۸٦]- مەولەوی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەغدا، چاپخانەی (النجاح)، ۱۹٦۱.
[۱۸۷]- مەولەوی، عەقیدەی مەولەوی، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ۱۹۷۷.
[۱۸۸]- مەولەوی، عەقیدەی مەرزیە، شەرح و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چاپخانەی (الخلود)، بەغدا، ۱۹۸۸.
[۱۸۹]- محەمەد ئەمین ئوسمان، دیوانا مەلان، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا، ۱۹۸٦.
[۱۹۰]- محەمەدی خال، پەندی پێشینان، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ۱۹۷۱.
[۱۹۱]- محەمەد ڕەشاد موفتی، مەولوودنامەی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ۱۳۸۱ کۆچی.
[۱۹۲]- محەمەد سالح دیلان، دیوانی شیعر، ئامادەکردنی عەبدوللا عەزیز خالید، چاپخانەی (سومەر)، بەغدا، ۱۹۸۷.
[۱۹۲]- محەمەد سەدیق عارف، کامەران و هۆنراوەی نوێ، چاپخانەی معارف، بەغدا، ۱۹۵۸.
[۱۹۳]- محەمەد سەعید ئیبراهیمی محەمەدی، گەشتێ لە عیلمی بەلاغە، مەهاباد، ۱۳٦٤.
[۱۹٤]- محەمەدی سیوچی، تەزکیرەتولعەوام یان بەیتی ئەووەل و ئاخیر لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ۱۹۷۹.
[۱۹۵]- محەمەد کەریم شەریف، فۆلکلۆری هۆنراوەکانی کوردەواری، چاپخانەی شیمال، کەرکووك، ۱۹۷۲.
[۱۹٦]- محەمەدی مەلێ، بازی بێریان، ئامادەکردنی محەمەد حەسەن ئەحمەد، چاپخانەی (الحرية)، بەغدا، ۱۹۸۳.
[۱۹۷]- محەمەدی مەلا کەریم، کۆمەڵێك لاوك و حەیران، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، ۱۹٦۸.
[۱۹۸]- محەمەد موکری (د)، گۆرانی یا ترانەهای کوردی، کتێبخانەی دانش، ۱۹۵۱.
[۱۹۹]- مەحموود زامدار، بۆنی هەلالان دێ، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا، ۱۹۷۵.
[۲۰۰]- مراد خانی بابەزیدی، چیرۆکی زەمبیل فرۆش، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ۱۹۷۵.
[۲۰۱]- مەهوی (دیوان)، بڕاردن و ئامادەکردنی عەزیز گەردی، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ۱۹۷۷.
[۲۰۲]- موفتی پێنجوینی (دیوان)، ئامادەکردنی ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم موفتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الشركه العراقيه للطباعه المحدوده)، بەغدا، ۱۹۹۰.
[۲۰۳]- میرزا ئەبولقاسم، سەماوەرەمین، چاپی دووەمین، چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ۱۹۷۰.
[۲۰٤]- میرزا غەفوور (دیوان)، کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی عەبدوللا ئاگرین، بەغدا، ۱۹۹۱.
[۲۰۵]- مینە جاف (دیوان)، کۆکردنەوەو ڕێکخستنی مستەفا نەریمان، چاپخانەی (الحرية)، بەغدا، ۱۹۹۰.
[۲۰٦]- نارى (دیوان)، ئامادەکردنی کاکەی فەللاح، چاپخانەی کاکەی فەللاح، سلێمانی، ۱۹۸٤.
[۲۰۷]- نائیق (دیوان)، بەسەرهاتی ص.هەژار، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ۱۹۷۰.
[۲۰۸]- نالی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ۱۹۷٦.
[۲۰۹]- نالی (دیوان و فەرهەنگ)، لێکۆڵینەوەو ساغ کردنەوەی دکتۆر مارف خەزنەدار، (دار الحريه للطباعه)، بەغدا، ۱۹۷۷.
[۲۱۰]- نەوزاد ڕەفعەت، نیگەرانی، چاپخانەی (الزمان)، بەغدا، ۱۹۸۵.
[۲۱۱]- نەوزاد ڕەفعەت، بەفری گەرم، چاپخانەی ڕۆشنبیری ولاوان، هەولێر، ۱۹۹۲.
[۲۱۲]- نووری شێخ سالح (دیوان)، ئازاد عەبدولواحید کۆی کردۆتەوەو ساغی کردۆتەوەو لەسەری نووسیوە، بەرگی یەکەم، (مصل و مطبعه الخانجی)، بەغدا، ۱۹۸۹.
[۲۱۳]- وەسمان (مەلا)، (دیوان)، لێکۆڵینەوەی دکتۆر ئەمین، (مطبعه الاداب)، نەجەف، ۱۹۷۳.
[۲۱٤]- وەفایی (دیوان)، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا، ۱۹۷۸.
[۲۱۵]- وەلی دێوانە (دیوان)، ئامادەکردنی مەحموود خاکی، چاپخانەی کامەرانی، سلێمانی، ۱۹۷۰.
[۲۱٦]- وێسالی (دیوان)، ئامادەکردنی جەمال محەمەد ئەمین، (دار الحرية للطباعه و النشر)، بەغدا، ۱۹۸٦.

Scanned with CamScanner

[٢١٧]- هەردەوێل کاکەیی و مستەفا نەربەران، خەلیل منەووەر، (دار الحریه للطباعة)، بەغدا، ١٩٨٤.
[٢١٨]- هێمن، تاریك و ڕوون، بنکەی ڕێشەوا، ١٩٧٤.
[٢١٩]- هێمن، نالەی جودایی، دیباجەی محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی عەلاء، بەغدا، ١٩٧٩.
[٢٢٠]- یەعقووب ماهیدەشتی (سەید)، (دیوان)، ئامادەکردنی محەمەد عەلی سولتانی، چاپی یەکەم، ١٣٦٣.

ب- گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی :

[٢٢١]- نازاد عەبدولواحید، قافیە لە (پوچی نەوکچە ...)دا، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (٥٩)، شوباتی ١٩٨٠، ل١٤-١٨.
[٢٢٢]- ئیحسان، بەراوردێکی ئەدەبی، ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە (١٣٨٢)، ٢٠/١٢/١٩٥٨.
[٢٢٣]- بورهان قانیع، جێڕۆکی کوردی بە شێعر، گۆڤاری(ڕزگاری)، ژمارە(١٥،١٤)،مارتی ١٩٧٠،ل٢٢-٢٥.
[٢٢٤]- بێکەس، کاردۆخی لەناو تەرازووی شێعردا، گۆڤاری (گەلاوێژ)، ژمارە (٩)، ١٩٤٣.
[٢٢٥]- جەمال عیرفان، فەلسەفەی جەمال عیرفان، گۆڤاری (گەلاوێژ)، ژمارە (٨،٧)، ١٩٤٢.
[٢٢٦]- ڕۆناک، ئەی فریشتە، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە (١٣٤١)، ١٨/٤/١٩٥٧.
[٢٢٧]- شاریارزادی (م)، هێوا، گۆڤاری (هێوا)، ژمارە (٧)، ١٩٥٨.
[٢٢٨]- شێرکۆ بێکەس، نازەنین، ڕۆژنامەی (ژین)، ژمارە (١٤٨٥)، ١٩٥٩.
[٢٢٩]- عەزیز ئاڵی، تەرجیع بەندی سالم، گۆڤاری (سروە)، ژمارە (١٣٢،١٣١)، ١٣٧٦، ل٣٦-٣٨.
[٢٣٠]- عەزیز گەردی، هۆنراوەی کوردی و عەرووزی عەرەبی، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٢٥)، ١٩٧١.
[٢٣٠]- عەزیز گەردی، خەندەکەی بابی و هۆنراوەی نە مرۆمان، ڕۆژنامەی (هاوکاری)، ژمارە (٣٣،٣٢)، ١٩٧١.
[٢٣١]- عەبدوللا تاهیر عومەر، بنەماکانی هونەری بە پێنج کردن (تخمیس)ی هەڵبەست، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٦٨)، ١٩٨٨، ل١٠-١٦.
[٢٣٢]- عەبدورەزاق بیمار، دانیشتنێك لەگەڵ گۆران، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٢)، سالی ١٩٧٠.
[٢٣٣]- کەریم شارەزا، ساغ کردنەوەی هەندێ گێروگرفتی شێعرەکانی حاجی قادری کۆیی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق-دەستەی کورد، بەرگی (١١)، ١٩٨٤، ل٢٠٣-٢٦٣.
[٢٣٤]- کەمال غەمبار قافیە لەپرچی نەوکچەدا ...، کام بۆچوونی ڕەخنەگرانە، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە(٦٣)، ١٩٨٠، ل٣٦-٤٢.
[٢٣٤]- گۆران، کۆن و تازەیی لە هەڵبەستدا، گۆڤاری (هێوا)، ژمارە (٣١)، ١٩٦١، ل٥-١١.
[٢٣٥]- مارف خەزنەدار (د)، سێ غەزەڵی باڵۆنەکراوەی نالی و سالم، گۆڤاری (نووسەری کورد)، ژمارە (١)، ١٩٧١، ل٣٣-٣٧.
[٢٣٦]- مارف خەزنەدار (د)، سەرەتاکانی ئەدەبی کوردی - ڕوخسارو ناوەڕۆك، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٩٣)، ١٩٩٢، ل٩-١٨.
[٢٣٧]- محەمەد ئەمین کاردۆخی، وەڵامی لێکۆڵینەوە، گۆڤاری (گەلاوێژ)، ژمارە (١١)، ١٩٤٣.
[٢٣٧]- محەمەد فەریق حەسەن، ئاڵوگۆ هۆنراوەی کۆن هەتا کەی بڕنەکات، گۆڤاری (بەیان)، ژمارە (٢١)، ١٩٧٥، ل٦-٧.
[٢٣٨]- م.نووری، قافیە، ڕۆژنامەی (ژیان)، ژمارە (٣٢)، ئەیلولی ١٩٢٦.
[٢٣٩]- هێدی، (ـــــ)، ڕۆژنامەی (برایەتی/هاشکۆی ئەدەب)، ژمارە (١٥/٢٢٨٢)، ٢٧/٢/١٩٩٧.

دووم : بەعەرەبی :

أ- کتێبی عەرەبی :

[٢٤٠]- القرآن الکریم.
[٢٤١]- ابراهیم انیس (د.)، الاصوات اللغویة، ط١، مکتبة الانجلو المصریة، ١٩٧١.
[٢٤٢]- ابراهیم أنیس (د.)، دلالة الالفاظ، ط٣، مکتبة الانجلو المصریة، ١٩٧٢.
[٢٤٣]- ابراهیم أنیس (د.)، موسیقی الشعر، ط٥، مکتبة الانجلو المصریة، ١٩٧٨.
[٢٤٤]- ابراهیم العریض، جولة في الشعر العربي المعاصر، دار العلم للملایین، بیروت، ١٩٦٢.
[٢٤٥]- ابن جنی (ابو الفتح عثمان)، مختصر القوافي، تحقیق الدکتور حسن شاذلي فرهود، ط١، مطبعة الحضارة العربیة، القاهرة، ١٩٧٥.
[٢٤٦]- ابن رشیق، العمدة في محاسن الشعر وادابه ، تحقیق محمد محي‌الدین عبدالحمید، دار الجیل، بیروت، ١٩٧٢.
[٢٤٧]- ابن سینا، الشفاء -الریاضیات- ٣ جوامع علم المسیقی، تحقیق زکریا یوسف، المطبعة الامیریة بالقاهرة، ١٩٥٦.
[٢٤٨]- ابن عبد ربه، العقد الفرید، الجلد الثالث، الجزءان (٦،٥)، تحقیق محمد سعید العریان، دار الفکر، ١٩٥٨.
[٢٤٩]- ابن المعتز، کتاب البدیع، تحقیق المستشرق أغناطیوس کراتشقوفسکي، (؟).

Scanned with CamScanner

[٢٥٠]- ابو محمد القاسم بن علي بن محمد بن عثمان الحريري، شرح مقامات الحريري، دار الفكر للطباعة والنشر، (؟).
[٢٥١]- ابو العلاء المعري، اللزوميات، تحقيق امين عبدالعزيز الخانجي، الجزء الاول، منشورات مكتبة الهلال، بيروت، ١٩٢٤.
[٢٥٢]- ابو هلال العسكري، كتاب الصناعتين، الكتابة والشعر، تحقيق علي محمد البجاوي ومحمد ابو الفضل ابراهيم، مطبعة عيسى البابي الحلبي و شركاه، ١٩٧١.
[٢٥٣]- احمد امين، النقد الادبي، ط٤، الناشر دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٧.
[٢٥٤]- احمد سليمان الاحمد (د.)، هذا الشعر الحديث، منشورات اتحاد الكتاب العرب بدمشق، ١٩٧٤.
[٢٥٥]- احمد الشايب، اصول النقد الادبي، ط٨، مكتبة النهضة المصرية، ١٩٧٣.
[٢٥٦]- احمد محمد الحوفـــي (د.)، تيارات ثقافية بين العـــرب والفرس، دار النهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة، ١٩٦٨.
[٢٥٧]- احمد نصيف الجنابي، في الرؤية الشعرية المعاصرة، دار الحرية للطباعة، مطبعة الجمهورية، بغداد، (؟).
[٢٥٨]- احمد الهاشمي، ميزان الذهب في صناعة شعر العرب، المكتبة التجارية الكبرى، مصر، (؟).
[٢٥٩]- الاخفش (ابو الحسن سعيد بن مسعدة)، كتاب القوافي، مطبعة وزارة الثقافة بدمشق، ١٩٧٠.
[٢٦٠]- ادوارد براون، تاريخ الادب في ايران، جـ١، الترجمة الى العربية د.احمد كمال الدين حلمي، جامعة الكويت، ١٩٨٤.
[٢٦١]- ادوار تركيا، الادب الفرنسي، جـ٢، ١٩٤٣.
[٢٦٢]- ارسطو، الخطابة، ترجمة د.عبدالرحمن بدوي، مطابع الرسالة، دار رشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٠.
[٢٦٣]- ارسطو طاليس، فن الشعر، ترجمه عن اليونانية و شرحه وحقق نصوصه د.عبدالرحمن بدوي، دار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣.
[٢٦٤]- ارشيبالد مكليش، الشعر و التجربة، ترجمة سلمى الخضراء الجيوسي، مراجعة توفيق صايغ، دار اليقظة العربية، ١٩٦٣.
[٢٦٥]- اسامة بن منقذ، البديع في نقد الشعر، تحقيق د.احمد احمد بدوي و د.حامد عبدالمجيد، شركة مكتبة ومطبعة البابي الحلبي واولاده بمصر، القاهرة، ١٩٦٠.
[٢٦٦]- اسعاد عبدالهادي قنديل (د.)، فنون الشعر الفارسي، ط١، مكتب الشريف و سعيد رأفت للطباعة والنشر والتوزيع، الزيتون، ١٩٧٥.
[٢٦٧]- اسعد محمد علي، بين الادب والموسيقى، دار آفاق عربية للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥.
[٢٦٨]- افناطيوس الفرام الاول برصوم، اللؤلؤ المنثور في تاريخ العلوم و الاداب السريانية، ط٣، مطبعة الشعب، بغداد، ١٩٧٦.
[٢٦٩]- البير ابونا، تاريخ اللغة الارامية، ١٩٧٠.
[٢٧٠]- ألفت كمال الروبي (د.)، نظرية الشعر عند المسلمين - من الكندي حتى ابن رشد، ط١، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٨٣.
[٢٧١]- امين عبدالله سالم (د.)، عروض الشعر العربي بين التقليد و التجريد، مطبعة منجد الحديثة، ١٩٨٥.
[٢٧٢]- اوستين وارين ورينيه ويليك، نظرية الادب، ترجمة محي الدين صبحي، مراجعة الدكتور حسام الخطيب، مطبعة خالد الطرابيشي، ١٩٧٢.
[٢٧٣]- التنوخي (ابو يعلى عبدالباقي عبدالله بن الحسن)، كتاب القافية، تحقيق الدكتور عوني عبدالرؤوف، مكتبة الخانجي بالقاهرة، ١٩٧٥.
[٢٧٤]- الجاحظ، البيان والتبيين، تحقيق عبدالسلام هارون، ١٩٤٨.
[٢٧٥]- جورج كونتينو، الحياة اليومية في بلاد بابل و آشور، ترجمة وتعليق سليم طه التكريتي و برهان عبد التكريتي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.
[٢٧٦]- جوزيف ميشال شريم، دليل الدراسات الاسلوبية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ١٩٨٤.
[٢٧٧]- جيزيل بروليه، جماليات الابداع الموسيقي، ترجمة فؤاد كامل، دار الشؤون الثقافية، بغداد، (؟).
[٢٧٨]- حازم القرطاجني، منهاج البلغاء وسراج الادباء، دار الكتب الشرقية، تونس، ١٩٦٦.
[٢٧٩]- حسن الغرفي، البنية الايقاعية في شعر حميد سعيد، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٩.
[٢٨٠]- حسين علي شاتوف، شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله طوران، ترجمة شكور مصطفى، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٥.
[٢٨١]- حسين نصار (د.)، المعجم العربي، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.
[٢٨٢]- حسين نصار (د.)، القافية في العروض والادب، دار المعارف، القاهرة، ١٩٨٠.
[٢٨٣]- حكمة فرج البلوي، العروض في اوزان الشعر العربي وقوافيه، مطبعة دار البصري، بغداد، ١٩٦٦.
[٢٨٤]- خالدة سعيد، البحث عن الجذور، دار مجلة شعر، بيروت، ١٩٦٠.
[٢٨٥]- الخطيب التبريزي، كتاب الكافي في العروض والقوافي، تحقيق الحساني حسن عبدالله، دار الكتاب العربي للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٦٩.

Scanned with CamScanner

[٢٨٦]- الخطيب القزويني، الايضاح في علوم البلاغة، (د).
[٢٨٧]- داود سلوم (د.)، النقد الادبي، القسم الاول، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٦٧.
[٢٨٨]- داود سلوم (د.)، النقد الادبي، القسم الثاني، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٦٨.
[٢٨٩]- راجي عشقوتي، امتداد على الشعر الحديث، مطبعة صادر، بيروت، ١٩٧٣.
[٢٩٠]- رتشاردز، آ، أ، ترجمة د.مصطفى بدوى، مراجعة الدكتورة سهير القلماوي، مؤسسة طباعة الالوان المتحدة، القاهرة، (د).
[٢٩١]- رجاء عيد (د.)، الشعر والنغم، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٥.
[٢٩٢]- رضا محسن محمود القريشي (د.)، الرجل في المشرق، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٧.
[٢٩٣]- رضوان الشهال، في الشعر والفن والجمال، دار الاحد البحري اخوان، بيروت، ١٩٦١.
[٢٩٤]- سوزان بيرنار، قصيدة النثر من بودلير الى أيامنا، ترجمة الدكتور زهير مجيد مفارس، مراجعة الدكتور علي جواد الطاهر، دار المأمون للترجمة والنشر، بغداد، ١٩٩٣.
[٢٩٥]- سيد خازي (د.)، في أصول الترشيح، مؤسسة الثقافة الجامعية، ١٩٧٦.
[٢٩٦]- شكري محمد عياد (د.)، موسيقى الشعر العربي، دار المعرفة، القاهرة، ١٩٦٨.
[٢٩٧]- الشنتريني (ابو بكر محمد بن عبدالملك بن السراج)، الكافي في علم القوافي، المكتب الاسلامي، دمشق، ١٩٧١.
[٢٩٨]- شوقي ضيف (د.)، فصول في الشعر ونقده، دار المعارف، ١٩٧٧.
[٢٩٩]- الصاحب (ابو القاسم اسماعيل بن عباد)، تحقيق الشيخ محمد حسن آل ياسين، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٦٠.
[٣٠٠]- صالح ابو أصبع (د.)، الحركة الشعرية في فلسطين المحتلة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٧٩.
[٣٠١]- د. صفاء خلوصي، فن التقطيع الشعري والقافية، ط٢، بيروت، ١٩٦٦.
[٣٠٢]- الصبان، شرح الصبان على منظومته في علم العروض، المطبعة الميمنة بمصر، (د).
[٣٠٣]- طه باقر، في ادب العراق القديم، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٦.
[٣٠٤]- طه حسين وآخرون، التوجيه الادبي، (د).
[٣٠٥]- عبدالجبار داود البصري، نازك الملائكة، الشعر والنظرية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧١.
[٣٠٦]- عبدالجبار داود البصري، فضاء البيت الشعري، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٦٦.
[٣٠٧]- عبدالحميد الراضي، شرح تحفة الخليل في العروض والقافية، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٦٨.
[٣٠٨]- عبدالرحمن بدوى (د.)، في الشعر الاوروبي المعاصر، دار النهضة العربية للطباعة، القاهرة، ١٩٦٥.
[٣٠٩]- عبدالسلام هارون، تحقيق النصوص ونشرها، ط١، مطبعة المدني، القاهرة، ١٩٦٥.
[٣١٠]- عبدالرضا علي (د.)، نازك الملائكة، دراسة ومختارات، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.
[٣١١]- عبدالرضا علي (د.)، العروض والقافية، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٩.
[٣١٢]- عبدالسلام المسدى (د.) وآخرون، الشعر وتغيرات المرحلة، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٦.
[٣١٣]- عبدالعزيز عتيق (د.)، علم العروض والقافية، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٤.
[٣١٤]- عبدالله الطيب المجذوب (د.)، المرشد الى فهم اشعار العرب وصناعتها، الجزء الاول، شركة مكتبة ومطبعة البابي الحلبي واولاده بمصر، القاهرة، ١٩٥٥.
[٣١٥]- عبدالله الطيب المجذوب (د.)، المرشد الى فهم اشعار العرب وصناعتها، الجزء الثاني، شركة مكتبة ومطبعة البابي الحلبي واولاده بمصر، القاهرة، ١٩٥٥.
[٣١٦]- عبدالهادي زاهر (د.)، صلة الموشحات والازجال بشعر التروبادور، مكتبة الشباب، ١٩٧٧.
[٣١٧]- عثمان موافي (د.)، في نظرية الادب، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٤.
[٣١٨]- عدد من الباحثين السوفيت المختصين بنظرية الادب والادب العالمي - نظرية الادب، ترجمة الدكتور جميل نصيف التكريتي، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٠.
[٣١٩]- عزالدين اسماعيل (د.)، الاسس الجمالية في النقد العربي، دار الفكر العربي، ١٩٦٨.
[٣٢٠]- عزالدين اسماعيل (د.)، المكونات الاولى للثقافة العربية، مطبعة الاديب البغدادية، بغداد، ١٩٧٢.
[٣٢١]- عزالدين اسماعيل (د.)، الشعر العربي المعاصر - قضاياه وظواهره الفنية والمعنوية، ط٢، دار العودة ودار الثقافة، بيروت، ١٩٧٣.
[٣٢٢]- عزالدين مصطفى رسول (د.)، الواقعية في الادب الكردي، منشورات المكتبة العصرية، صيدا-بيروت، ١٩٦٦.
[٣٢٣]- عدد من الباحثين السوفيت، المسائل النظرية في الاداب الشرقية، ترجمة الدكتور عزالدين مصطفى رسول، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٩١.
[٣٢٤]- علي جابر المنصوري (د.)، النقد الادبي، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٥.
[٣٢٥]- علي جعفر العلاق (د.)، في حداثة النص الشعري، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٠.
[٣٢٦]- علي عبدالواحد وافي (د.)، علم اللغة، ط٧، دار نهضة مصر للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٢.
[٣٢٧]- علي القاسمي (د.)، مقدمة في علم المصطلح، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٥.

Scanned with CamScanner

[٣٢٨]- عوضي الوكيل، الشعر بين الجمود و التطور، دار القلم، القاهرة، ١٩٦٤.
[٣٢٩]- فريزر، ج.س.، الوزن والقافية والشعر الحر، ترجمة الدكتور عبدالواحد لؤلؤة، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٠.
[٣٣٠]- فانسان، م.لانيّ، نظرية الانواع الادبية، ترجمه الى العربية وعلق عليه الدكتور حسن عـون، الناشر منشأة المعارف، الاسكندرية، ١٩٧٨.
[٣٣١]- قدامه بن جعفر، نقد الشعر، ط٢، تحقيق كمال مصطفى، مطبعة السعادة، القاهرة، ١٩٦٣.
[٣٣٢]- كارل بروكلمان، تاريـخ الادب العربي، الجزء الاول، نقلـه الى العربية : عبدالحليم النجار، دار المعارف، ١٩٧٧.
[٣٣٣]- كمال ابو ديب (د.)، في البنية الايقاعية للشعر العربي، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٤.
[٣٣٤]- كمال معروف، الحركة التجديدية في الشعر الكردي الحديث ١٩١٤-١٩٦٥، ستوكهولم، ١٩٩٢.
[٣٣٥]- كونداتوف، اصوات واشارات، نقله عن الانكليزية انور يوحنا، مطبعة الجمهورية، بغداد، ١٩٧١.
[٣٣٦]- لويس رينو، الادب الهندي، ترجمة بهيج شعبان، دار بيروت للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٥٥.
[٣٣٧]- مار افرام، اناشيد الفردوس، ترجمة المطران كوركيس كرمو، بغداد، ١٩٨٩.
[٣٣٨]- ماهر مهدي هلال (د.)، جرس الالفاظ، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٠.
[٣٣٩]- المبـرد (ابو العباس محمد بن يزيـد)، القوافي وما اشتقـت القابها منه، مطبعة جامعة عين شمس، القاهرة، ١٩٧٢.
[٣٤٠]- محسن اطيمش (د.)، ديـر الملاك، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨٢.
[٣٤١]- محمد ابو الانوار (د.)، الحوار الادبي حول الشعر، الناشر مكتبة الشباب، (؟).
[٣٤٢]- محمد آلتونجي (د.)، اللغة العبرية وآدابها، منشورات جامعة بنغازي، مطبعة جامعة عين شمس، ١٩٧٥.
[٣٤٣]- محمد بدوي المختون (د.)، دراسة نظرية في علم الوزن والقافية، مطبعة حسان، القاهرة، ١٩٧٧.
[٣٤٤]- محمد بن احمد بن طباطبا العلوي، عيار الشعر، تحقيق وتعليق الدكتور طه الحاجري، والدكتور محمـد زغلـول سـلام، شركة فن للطباعة، القاهرة، ١٩٥٦.
[٣٤٥]- محمد بنيس، الشعر العربي الحديث، بنياتـه وابدالاتهـا التقليدية، دار توبقـال للنشر، مطبعـة فضالـه المحمدية، الـدار البيضاء، ١٩٨٩.
[٣٤٦]- محمد بهجت شاكر، تاريخ الادب التركي، المطبعة التجارية، كركوك، ١٩٧٥.
[٣٤٧]- محمد الدمنهوري، الارشاد الشافي على متن الكافي في علمي العروض والقوافي، ط٢، شركة مكتبة ومطبعة مصطفى البابي الحلبي واولاده، مصر، ١٩٥٧.
[٣٤٨]- محمد زكريا عناني (د.)، الموشحات الاندلسية، مطابع الابناء، الكويت، ١٩٨٠.
[٣٤٩]- محمد عوني عبدالرؤوف (د.)، بدايات الشعر العربي بين الكم والكيف، الناشر مكتبـة الخـانجي، مطبعـة الكيلاني، القاهرة، ١٩٧٦.
[٣٥٠]- محمد عوني عبدالرؤوف (د.)، القافية والاصوات اللغوية، الناشر مكتبة الخانجي، مطبعة الكيلاني، القاهرة، ١٩٧٧.
[٣٥١]- محمد غنيمي هلال (د.)، النقد الادبي الحديث، ط٣، دار مطابع الشعب، القاهرة، ١٩٦٤.
[٣٥٢]- محمد غنيمي هلال (د.)، الادب المقارن، دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة، ١٩٧٧.
[٣٥٣]- محمد منذور (د.)، قضايا جديدة في ادبنا الحديث، دار الاداب، بيروت، ١٩٥٨.
[٣٥٤]- محمد منذور (د.)، فن الشعر، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٤.
[٣٥٥]- محمد مهدي البصير، الموشح في الاندلس وفي المشرق، ط١، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٤٨.
[٣٥٦]- محمد نورالدين عبدالمنعم (د.)، دراسات في الشعر الفارسي، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٦.
[٣٥٧]- محمد النويهي (د.)، قضية الشعر الجديد، ط٢، مكتبة الخانجي، دار الفكر، ١٩٧١.
[٣٥٨]- محمود الحامد، هداية المستفيد في احكام التجويد، دار العلوم الحديثة، بيروت، ١٩٨٢.
[٣٥٩]- مصطفى الجوزو (د.)، نظريات الشعر عند العرب، الجزء الاول، دار الطليعـة للطباعـة والنشر، بيروت، ١٩٨١.
[٣٦٠]- مصطفى الشكعة (د.)، الادب الاندلسي-موضوعاته وفنونه، دار العلم للملايين، بيروت، ١٩٧٥.
[٣٦١]- معروف الرصافي، الادب الرفيع في ميزان الشعر وقوافيه، مطبعة المعارف، ١٩٦٩.
[٣٦٢]- مقداد رحيم (د.)، عروض الموشحات الاندلسية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٠.
[٣٦٣]- موريه س.، حركات التجديد في موسيقى الشعر العربي الحديث، ترجمه وقدم له وعلق عليـه سـعد مصلوح، مطبعة المدني، القاهرة، ١٩٦٩.
[٣٦٤]- ميشال بوتور، بحوث في الرواية الجديدة، ترجمة فريد انطونيوس، منشورات عويدات، بيروت، ١٩٧١.
[٣٦٥]- نازك الملائكة، قضايا الشعر المعاصر، ط٣، مطبعة دار التضامن، ١٩٦٧.
[٣٦٦]- نازك الملائكة، سايكولوجية الشعر ومقالات أخرى، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٣.
[٣٦٧]- ناجيه مرائي، الحب بين تراثين، ط٢، مطبعة اشبيليه، بغداد، ١٩٨٥.
[٣٦٨]- نزار حنا الديراني، الكيل الذهبي في الشعر السرياني، مطبعة اليرموك، بغداد، ١٩٨٨.
[٣٦٩]- يوسف الخال، الحداثة في الشعر، ط١، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، ١٩٧٨.
[٣٧٠]- هوراس، فن الشعر، ترجمة الدكتور لويس عوض، الهيئة المصرية العامة للتأليف والنشر، ١٩٧٠.

Scanned with CamScanner

[٣٧١]- هيطل، فن الشعر، ترجمه جورج طرابيشي، دار الطليعة، بيروت، ١٩٨١.
ب- گزارش عام‌عربی :
[٣٧٢]- ابن كيسان (ابو الحسن محمد بن احمد)، كتاب تلقيب القوافي وتلقيب حركاتها، تحقيق الدكتور ابراهيم السامرائي، مجلة (الجامعة المستنصرية)، العدد الثاني، السنة الثانية، ١٩٧١.
[٣٧٣]- احمد أبو سعد، حركة الشعر العربي الحديث - قيمها واتجاهاتها وتطورها، مجلة (الآداب)، العدد الرابع، ١٩٥٣.
[٣٧٤]- احمد نصيف الجنابي، الوزن والقافية بين العربية والفارسية، مجلة (المورد)، المجلد الاول، العددان (٤،٣)، ١٩٧٢.
[٣٧٥]- احمد نصيف الجنابي، الصلة بين القافية وفواصل الآى القرآني، مجلة (آداب المستنصرية)، العدد الثالث، ١٩٧٨.
[٣٧٦]- اسعد محمد علي، التلوين والايقاع بين الادب والموسيقى، مجلة (الاقلام)، العدد الثالث، ١٩٨٥.
[٣٧٧]- جورج كرياح (د.)، من قضايا الشعر العربي المعاصر، مجلة (آفاق عربية)، العدد الثالث، ١٩٨٣.
[٣٧٨]- حاتم الصكر مالا تؤديه الصفة - بحث في الايقاع الداخلي في قصيدة الشر خاصة، مجلة (الاقلام)، العدد الخامس، ١٩٩٠.
[٣٧٩]- دريه فهمي، العلاقة بين الموسيقى والشعر، ترجمه سوتيانجا، مجلة (عالم الفكر)، المجلد الحادي عشر، العدد الرابع، ١٩٨١.
[٣٨٠]- صلاح فضل (د.)، اشكالية المصطلح الادبي بين الوضع والنقل، مجلة (الكاتب العربي)، العدد (١٦)، ١٩٨٦.
[٣٨١]- عباس عبد حاسم، الايقاع النفسي في الشعر العربي، العدد الخامس، ١٩٨٥.
[٣٨٢]- عبدالجبار داود البصري، اشكالية القافية في الشعر العربي، مجلة (الاقلام)، العدد العاشر، ١٩٨٣.
[٣٨٣]- عبدالواحد لؤلؤة (د.)، ملامح عربية في براكم الشعر الانكليزي، مجلة (آفاق عربية)، العدد الثاني، ١٩٧٧.
[٣٨٤]- محمد ذهب النطافي (د.)، حركة الروي في شعر المتنبي، مجلة (كلية الاداب)، جامعة الملك سعود، المجلد (١١)، العدد(٢)، ١٩٨٤.
[٣٨٥]- د.محمد عبداللطيف عبدالكريم، في عروض الشعر العربي في العصر الوسيط، مجلة (اداب المستنصرية)، العدد (١٤)، ١٩٨٦.
[٣٨٦]- معروف عزته دار (د.)، الاتجاه الرومانطيقي في الادب الكردي، النصف الاول من القرن العشرين، مجلة (الثقافة الجديدة)، العدد (٩)، ١٩٦٩.
[٣٨٧]- نورالدين صمود، بروكروستيس وتيسيوس، مجلة (الاداب)، العدد (٣)، ١٩٦٦.
سيّم : بفارسی :
[٣٨٨]- احمد شاملو گزينه، اشعار احمد شاملو، انتشارات مروارید، چاپخانه‌ی گلشن، تهران، ١٣٧٤.
[٣٨٩]- پرويز اذكائي، بابا گاهر نامه- هفده گفتاروگزينه، اشعار، انتشارات ، تهران، ١٣٧٥.
[٣٩٠]- پرويز ناتل خانلری، وزن شعر فارسی، چ٦، چاپخانه حيدری، ١٣٧٣.
[٣٩١]- پرويز ناتل خانلری، شاعری، (سخن)، دوره (١٣)، خرداد ١٣٤١، شماره (٢).
[٣٩٢]- جلال الدين همايونی، فنون بلاغت وصناعات ادبی، چاپ ١١، تهران، ١٣٧٤.
[٣٩٣]- جليل مسگر نژاد (د)، مختصری درشناخت علم عروض و قافيه، انتشارات دانشگاه علامه طباطبايی، تهران، ١٣٧٠.
[٣٩٤]- جهانبخش نوروزی (د)، عروض آسان و قافيه شعر نو، چاپخانه، حيدری، ١٣٧٠.
[٣٩٥]- حاكمی اسماعيل (د)، آشنائی با ادبيات فارسی،چا، تهران، ١٣٥٠.
[٣٩٦]- زين العابدين مؤتمن، تحول شعر فارسی، كتابخانه گهوری، ١٣٣٥، خورشيدی.
[٣٩٧]- سيروس شميسا (د)، فرهنگ‌عروضی، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٧٠.
[٣٩٨]- سيروس شميسا (د)، آشنائی با عروض وقافيه، چاپخانه رامين، ١٣٧٣.
[٣٩٩]- سيروس شميسا (د)، انواع ادبی، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٧٤.
[٤٠٠]- سيروس شميسا (د)، نگاهی تازه به بديع، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٧٤.
[٤٠١]- سيما داد، فرهنگ اصطلاحات ادبی، انتشارات مروارید، تهران، ١٣٧٥.
[٤٠٢]- شمس الدين محمد بن قيس الرازی، المعجم في معايير اشعار العجم، به‌كوشش دكتر سيروس شميسا، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٧٣.
[٤٠٣]- صدرالدين زمانيان، بررسی اوزان شعر فارسی - عروض و قافيه، انتشارات فكر روز تهران، ١٣٧٤.
[٤٠٤]- عباس ماهيار (د)، عروج فارسی، چاپ بابكان، ١٣٧٤.
[٤٠٥]- علی صلگانی گرد فرامرزی، ادبيات فارسی، چاپ صهبا، ١٣٧٤.
[٤٠٦]- كليم الله توحدی، ترانه‌های كرمانجی خراسان، كه‌لامی نه كورمانجی، انتشارات واقعی، مشهد، ١٣٧٤.

Scanned with CamScanner

[٤٠٧]- محمد رجا شفيعى كدكنى، صور خيال در شعر فارسى، مؤسسه انتشارات، (؟).
[٤٠٨]- محمد رضا محمدى، زيباشناسى قافيه در اشعار اخوان ثالث ، مجله (كلك)، شهريور، ١٣٧١.
[٤٠٩]- مهدى اخوان ثالث (م. اميد)، زمستان، (؟).
[٤١٠]- ناصرالدين شاه حسين (د)، شناخت شعر - عروض وقافيه، مؤسسه نشرهما، تهران، ١٣٦٧.

چوارەم : بە تورکی :

[٤١١]- احمد كمال، ترجمة حالك، رؤژنامەی (ثروت فنون)، ذمارة (٣٦٥)، ١٣١٢/٢/٢٦.
[٤١٢]- احمد كمال، بر لكذة، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٦٢)، ١٣١٣/٢/٥.
[٤١٣]- احمد كمال، كتديم، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٦٨)، ١٣١٤/٣/١٩.
[٤١٤]- اسماعيل صفا، الهامنك شعرى، (ثروت فنون)، ذمارة
[٤١٥]- اسماعيل صفا، شاكردلرمة، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٦٥)، ١٣١٢/٢/٢٦.
[٤١٦]- اسماعيل صفا، خاطرة مقدسة، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٦٢)، ١٣١٣/٢/٥.
[٤١٧]- اسماعيل صفا، برلطيفه، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٣٦)، ١٣١٣/٧/٧.
[٤١٨]- توفيق فكرت، مهر زمهرير، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٥٧)، ١٣١٣/١/١.
[٤١٩]- توفيق فكرت، حلوقك بايرامى، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٦٣)، ١٣١٣/٢/١٢.
[٤٢٠]- توفيق فكرت، زواللى حسنة، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٨٥)، ١٣١٣/١/٨.
[٤٢١]- توفيق فكرت، پاشاد قجة، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٦٠)، ١٣١٣/١/٢٢.
[٤٢٢]- توفيق فكرت، عشق وشباب، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٦١)، ١٣١٣/١/٢٩.
[٤٢٣]- توفيق فكرت،تصادف، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٦١)، ١٣١٣/١/٢٩.
[٤٢٤]- توفيق فكرت، عشق، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٣٩)، ١٣١٣/٨/٢٨.
[٤٢٥]- توفيق فكرت، خيال حقيقت، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤١)، ١٣١٣/٩/١١.
[٤٢٦]- توفيق فكرت، رياح الهام، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤٣)، ١٣١٣/٩/٢٥.
[٤٢٧]- توفيق فكرت، نغن شعر، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤٥)، ١٣١٣/١٠/٩.
[٤٢٨]- توفيق فكرت، فنار، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤٧)، ١٣١٣/١٠/٢٣.
[٤٢٩]- توفيق فكرت، پرى حزان، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤٨)، ١٣١٣/١٠/٣٠.
[٤٣٠]- جناب شهاب الدين، مست ومستغرق، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٥٨)، ١٣١٤/١/٨.
[٤٣١]- جناب شهاب الدين، تماشاى ليال، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤٦)، ١٣١٣/١٠/١٦.
[٤٣٢]- جناب شهاب الدين، مست ومتفكر، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٥٧)، ١٣١٣/١/١.
[٤٣٣]- جناب شهاب الدين،تقاضاى اسلوب، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٣٦)، ١٣١٣/٨/٧.
[٤٣٤]- جناب شهاب الدين، ايلك محبت، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٣٧)، ١٣١٣/٨/١٤.
[٤٣٥]- جناب شهاب الدين، قبل الغرام، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٥٧)، ١٣١٣/١/١.
[٤٣٦]- جناب شهاب الدين، نوروز اشتياق، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤٤)، ١٣١٣/١٠/٢.
[٤٣٧]- جناب شهاب الدين، سكا طائر، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤٥)، ١٣١٣/١٠/٩.
[٤٣٨]- جناب شهاب الدين، تماشاى احزان، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤٧)، ١٣١٣/١٠/٢٣.
[٤٣٩]- جناب شهاب الدين، دهان يار، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤٩)، ١٣١٣/١١/٦.
[٤٤٠]- حسنين، طلوطاة بخت، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٥٢)، ١٣١٣/١١/٢٧.
[٤]- حسين دانش، آلبومى قاريشلر يوردم، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٦٨)، ١٣١٤/٣/١٩.
[٤٤٢]- حسين سعاد، شاتوگر بيولة، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٦٣)، ١٣١٣/٢/١٢.
[٤٤٣]- رشدى لحدت، عشق فاجعة، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤٩)، ١٣١٣/١١/٦.
[٤٤٤]- سامى، ض، امتحان قورقوس، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٥٨)، ١٣١٣/١/٨.
[٤٤٥]- سيوت، غرويدن صوكرة، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤٦)، ١٣١٣/١٠/١٦.
[٤٤٦]- سيوت، رؤياى ازدواج، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤٨)، ١٣١٣/١٠/٣٠.
[٤٤٧]- سيوت، سوداى كهنة سال، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٦٢)، ١٣١٣/١٢/٥.
[٤٤٨]- على كامى، ياغين (قافيەسز)، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٦٢)، ١٣١٣/١٢/٥.
[٤٤٩]- محمد رشدى، هيچ، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٣٩)، ١٣١٣/٨/٢٨.
[٤٥٠]- محمد رشدى، تسليت خيال، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٤٢)، ١٣١٣/٩/٨.
[٤٥١]- ناظم، ح.اوكا، (ثروت فنون)، ذمارة (٣٥١)، ١٣١٣/١١/٢٠.

پێنجەم : بەشاسووری :

[٤٥٢]- اذى صليوا، المطران اذى شير، كتاب قطقتا، مطبعة الآباء الدومنيكان، الموصل، ١٨٩٦.

Scanned with CamScanner

نۆیەم : بە ئینگلیزی :

[453]- Al- Wakil, A.W., Dr. Salman Al-Wasit and Kawther Al-Jezairi, English Poetry, Mosul, 1986.
[454]- Blooms bury, Guide to English literature, London, 1989.
[455]- Blyth, R.H. Haiku, Vol. I, Eastern Cutture, Tokyo, 1981.
[456]- Burton, S.H. The Criticism of Poetry, London, 1965.
[457]- Charles Barber, The story of language, 1967.
[458]- Coombs, H. Literature and Criticism, Penguin Books, 1972.
[459]- Cyril Birel, Anthology of Chinese literature, Penguin Books, 1967.
[460]- Dante the Devine Comedy :
1- Hell (L'inferno).
2- Purgatory (il purgatario).
3- Paradise (il paradiso), Penguin Clasics, 1980.
[461]- Edward Sapir, Language, New york, 1949.
[462]- Enid Hamer, M.A. The Meters of English Poetry, Methuen and con Hd. London, 1966.
[463]- Fraser G.S. Metre Rhyme and Free Verse, Methuen and Co.Ltd, London, 1970.
[464]- Freal West, The Way of Language, 1975.
[465]- Geoffrey Brereton, The Penguin Book of French Verse Book 2, 1967.
[466]- Geoffrey, N.Leech, Alinguistic Guide to English Poetry, longmans, Green and Co. Ltd. London, 1969.
[467]- George, B.Woods Versification in English verse, scott, forsman and Co. 1958.
[468]- George Hemphill, Discussions of Poetry : Rhythm and sound, Boston, 1969.
[469]- Herbert Crers on, J.C. Smith, A Critical History of English Poetrys Penguin Books, 1966.
[470]- Hugh Holman, C. A Hard book of literature, 1981.
[471]- John Dover Wilson, The New Shakespeare, The Sonnets, Cambridge University Press, 1981.
[472]- Jones, R.T. Studying Poetry, London, 1988.
[473]- Jones, W.E. and laver, J. phonetics in Linguistics, Longman Group limited, London, 1973.
[474]- Julie Grover, GCSE English literature, longman, 1988.
[475]- Lanz Henry, The physical Basis of Rime, 1931.
[476]- Lynn Altenbernd and Leslie L. Lensis, A Hand book for the study of poetry, Newyork, 1967.
[477]- Martin Montgomery, Alan Durant, Nigel Fabb, Tom Furniss and Sara Mills, Ways of Reading, London, 1996.
[478]- Rene wellek and Austin Warren, Theory of literature, Penguim Books, 1978.
[479]- Samuel, Miklas stern, Hispano - Arabic Strophic Poetry, 1974.
[480]- Sir paul Harvey, The Oxford Companion to English literature, oxford University press, London, 1967.

حەوتەم : بە فەرەنسی :

[481]- Arthur Rimbaud, Oeuvres, Gallimans, Paris, 1973.
[482]- Francoise Nayrolles, Pour Etidier Un Poeme, Hatier, Paris, 1987.
[483]- George de plinval, Histoire de la litterature Francaise, Hachette, 1978.
[484]- Maurice Grammont, Petit Traite de Versification Francaise, 1965.
[485]- Michel Gabay, Guide d" expression ecrite, librairie Larousse, 1989.

هەشتەم : بە ئەسپانی :

[486]- Antonio Quilis, Metrica Espanola, Quarta Edicion, Edicione, Al-Cala, Madrid, 1978.
[487]- Jose Domiguez Caparros, Contribucion A la Historia de las theorias metricas En los siglos xviii y xix, Madrid, 1975.
[488]- Oldrich Belic, En Busca del verso Espanol, 1975.

نۆیەم : بە ئیتالی :

[489]- Dante Alighieri, Paradiso, 1961.

دەیەم : نامەی نەکادیمی (دکتۆرا و ماجستیر) :

[٤٩٠]- ئیبراهیم ئەحمەد حوسێن، مەلا خەلیل موخلیس، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩.
[٤٩١]- محەمەد فازل، رێوەر- ژیان و بەرهەمی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩.
[٤٩٢]- دلشاد عەلی، بنیاتی هەڵبەستە لە هۆنراوەی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٨.
[٤٩٣]- دلشاد عەلی، دیلانی مرۆڤ و شاعیر نامەی دکتورا، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٦.
[٤٩٤]- عەزیز گەردی، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٤.
[٤٩٥]- عەبدوللا خدر مەولود، لێکۆڵینەوەیەک لە شیعری حەمدی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٦.
[٤٩٦]- فازیل مەجید، سروشت لە شیعری گۆرانی، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠.

یازدەم : فەرهەنگ و ئینسکلۆپیدیا :

[٤٩٧]- برهان حسین خلف تبریزي، برهان قاتع.
[٤٩٨]-حسن محمد، فرهنگفارسی عمید.
[٤٩٩]- هەژار، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کوردی فارسی، چاپخانەی ، تهران، ١٣٦٩.
[500]- Abrams, M.H, A Glossary of literary terms, 1971.
[501]- Akhmanova O.S., ... Russian. English Dictionary, Mosco, 1962.
[502]- Corriente, F., Dicoionario Espanol - Arabe, Madrid, 1970.
[503]- Cuddon, J.A. A Dictionary of literary Terms, Penguin Books, 1979.
[504]- David Cristal, A Dictionary of linguistics and phonetics, Oxford University Press, 1987.
[505]- Jose' Dom'inGuez Caporro's, Diccionario De Metrica Espanola, Madrid, 1985.
[506]- The New Enscycl opaedia Britanica, Vol. VIII, 1975.

Scanned with CamScanner

[507]- Petit Larousse illustre, librairie Larousse, 1983.
[508]- Steingass, F. A comprehensive Persion - English Dictionary, Beirut, 1970.
[509]- Webster's New Colligiate Dictionary, 1973.

دوازدەم : دەستنووس :

[٥١٠]- ئیبراهیم شوان (د.)، دیوانێکی دەستنووس.
[٥١١]- ابن الانباری، علم القوافی، عطرطة رقم (٤٢)، المکتبه المرکزیه، جامعه صلاح الدین، الکتاب الثانی، ص٦٣-٦٨.
[٥١٢]- سەیید رێبوار، دیوانێکی دەستنووس.
[٥١٣]- موحازەرەکانی گۆران.

Scanned with CamScanner

ملخص الأطروحة

تتناول هذه الأطروحة المعدة تحت عنوان (القافية، دراسة تحليلية مقارنة في الشعر الكردي) قافية الشعر الكردي بالدراسة والتحليل والتصنيف ومقارنتها بالقافية في اللغات الاخرى وخاصة العربية والفارسية والتركية وبعض اللغات الاوروبيه كالانكليزية والفرنسية والاسبانية.. فهي تتكون من مقدمة ومدخل واربعة فصول تنتهي بمجموعة من النتائج وتذيل بقائمة من المراجع و المصادر التي استند اليها الباحث.

المقدمة : يذكر الباحث فيها ماهية الموضوع والاسباب التي دفعته الى اختياره، ويعرض الفصول التي تكون منها الأطروحة والمشاكل التي اعترضت طريقه و يقوم بتحليل وتقييم مصادر البحث خاصة المكتوبة منها باللغة الكردية منذ عشرينات هذا القرن وحتى الوقت الحاضر، وتنتهي المقدمة ببعض الملاحظات المنهجية المتعلقة بجرد الدواوين واتباع منهج الخزن (الكود) في الاشارة الى المصادر.

المدخل : يناقش الباحث فيه مصطلح (سەروا) الكردية ومفهومه وعلاقته بالمعنى الذي وضع له ومدى شيوع استعماله في الدراسات الكردية واحلالها محل كلمة (القافية) العربية التي كانت سائدة سابقا.

الفصل الاول : يدرس بعض الجوانب النظرية للقافية وهو بمثابة الاساس الذي تبنى عليه الفصول التطبيقية اللاحقة. يتوزع هذا الفصل على ثلاثة مباحث :

يناقش المبحث الاول بعض نظريات ظهور القافية كعنصر من العناصر المكونة للبنية الشعرية و الوظائف التي تؤديها في عملية التواصل الادبي و مدى وفوقها كعائق امام الشاعر في التعبير الحر عن افكاره ومشاعره... ثم يتطرق الى علاقة القافية ببعض العناصر الاساسية في الكيان الشعري كالايقاع والوزن و الموضوع ... واخيرا يدرس بعض الظواهر الصوتية والنغمية التي تعمل على اغناء موسيقية الشعر كالجناس الاستهلالي ومحاكاة الأصوات وتوزيع التجمعات الصوتية على امتداد البيت الشعري.

يتناول المبحث الثاني ظهور وتطور القافية في بعض اللغات العالمية كالاغريقية و اللاتينية والانكليزية والفرنسية و العربية و الفارسية والعبرية و السريانية، لابراز خصوصيات كل منها في مجال استعمال القافية.

يختص المبحث الثالث بدراسة انواع القافية وتصنيفها وفق محاور خاصة ومن منطلقات متباينة. حيث يقسم القافية افقيا وعموديا فقد تكون هناك قافية اولية او داخلية او نهائية وقد تكون هناك قوافي متناوبة ومتعانقة ومتداخلة ومترابطة، اضافة الى المزدوج والقافية الموحدة التي هي احدى ابرز خصائص القصيدة والغزل في الشعر الكلاسيكي الكردي.

الفصل الثاني : يختص هذا الفصل بدراسة وتحديد العناصر المكونة للقافية في الشعر الكردي وهو يتوزع على ثلاثة مباحث :

يدرس المبحث الاول اصوات القافية التي تنقسم الى ثلاثة محاور : الروى، ماقبل الروى و مابعد الروى. يتابع المبحث مدى فعالية الاصوات الكردية في اشغال موقع الروى و ذلك من خلال جرد عام لمعظم دواوين الشعر الكلاسيكي الكردي واستخراج النسبة المئوية لكل صوت و تسلسله في سياق الاستعمال. اما الاصوات التي تسبق الروى فهي القيد و الردف و الدخيل و التأسيس، بينما الاصوات التي تلحق الروي هي المورفيمات النحوية اللاصقة التي تاتي في نهاية كلمة القافية.

يتناول المبحث الثاني عناصر القافية على صعيد الكلمة، حيث يميز بين ثلاث مستويات مختلفة هي : كلمة القافية، الحاجب (ما قبل كلمة القافية) و الرديف (مابعد كلمة القافية). يحلل المبحث دور كلمة

Scanned with CamScanner

القافية ونوعها و علاقتها بالكلمات الاخرى في البيت و القصيدة من حيث الجناس والتضاد والترادف والتناسب والتكرار، ثم يدرس ظاهرة الرديف التي ترد بكثرة في الشعر الكلاسيكي الكردي ويناقش اسباب ظهوره وحدوده وعلاقته بالفنون الشعرية الاخرى، واخيرا يحلل الحاجب و يبين دوره في اغناء موسيقية البيت.

يعالج المبحث الثالث دراسة وتميز النهايات (نهاية الابيات) على الصعيدين : الصوت و الكلمة باتخاذ المعيار الصرفي والنحوي معا للتميز بين الروي ومابعد الروى و معيار التكرار لتمييز الرديف من كلمة القافية.

الفصل الثالث : يدرس توزيع القافية في الشعر الكردي ودورها في رسم طوبوغرافية القصيدة على الورقة ومنحها شكلا هندسيا معينا، كما ويدرس القوالب المختلفة التي تتخذها القافية في كل نوع شعري. يتكون هذا الفصل من ثلاثة مباحث:

المبحث الاول يقدم مفهوم القطعة الشعرية وتسميتها ومحاور تقسيمها ودور القافية في تحديد علاقة عناصر القطعة الواحدة من جهة وعلاقة كل قطعة بالقطع الاخرى ضمن القصيدة الواحدة، مع توضيح آلية عمل القافية في فتح و غلق القصائد ذات المقاطع المتعددة بشكل يجذب انتباه القاريء ويترك انطباعا مؤثرا لديه.

المبحث الثاني يصنف القطع العامة التي تجرى تسميتها على عدد الاشطر التي تتكون منها ويتابع تحديد القوالب المختلفة لكل قطعة. يتراوح عدد القطع من ذات شطرين الى ذات (١١) شطرا، ولكل منها عدد خاص من القوالب المثبتة بامثلة واردة في الشعر الكردي و مقارنتها بالقطعة في اللغات الاخرى.

المبحث الثالث يعالج القطع الخاصة التي تتمتع بمميزات خاصة ولها اسماء خاصة كالغزل والقصيدة والمسمط والترجيع بند و التركيب بند و السونيته و الموشح و المستزاد و الشعر الحر.

الفصل الرابع : يتناول تحليل وتقييم القافية في الشعر الكردي وينقسم الى مبحثين :

المبحث الاول يدرس القيم الجمالية للقافية الكردية وعلاقتها بعلم البديع، حيث يقدم بعض هذه الفنون معززة بالامثلة التطبيقية في دواوين الشعراء كالاعنات (لزوم مالايلزم) والتشطير و (ذوقافيتين) و التكرير و رد الصدر الى العجز والتقاط كلمات القافية وحروف الروى والتفنن في استعمال الاصوات مكان كلمة القافية.

المبحث الثاني يركز على العيوب التي وردت في بعض قصائد الشعراء فيما يتعلق باصوات القافية والتي تحدث تخلخلا في موسيقى الشعر كاختلاف الروى وسناد الردف والتاسيس والاشباع واختلاف المجرى و التوجيه او كلمات القافية كالايطاء و التثليم والتحريد ... وغيرها .

النتائج : يلخص الباحث فيها اهم النقاط التي توصلت اليها الدراسة فيما يتعلق بالقافية. حدودها، بنيتها، وظيفتها، تصنيفها، علاقتها بالظواهر الصوتية الاخرى، جماليتها و عيوبها.

المصادر : يسرد الباحث فيها اهم المصادر والمراجع التي استند اليها، يصنفها حسب اللغات و بتسلسل معجمي على اسم المؤلف.

Scanned with CamScanner

ناوەرۆک

بەش	لاپەڕە

پێشەکی..... 5
دەروازەیەک..... 20
بەشی یەکەم: بنچینەو پەیوەندی جۆرەکانی سەروای شیعر..... 29
باسی یەکەم: بنەما و تەرک و پەیوەندییەکانی سەروای شیعر..... 31
١_ پەیدابوونی سەروا..... 31
٢_ تەرکی سەروا لە شیعردا..... 39
٣_ سەروا وەک کۆت..... 42
٤_ سەروا لە نێوان بوون نەبوندا..... 47
٥_ سەروا و هەندێ لە پەیوەندییەکانی..... 50
٦_ سەروا و هەندێ دیاردەی دوربارەبوونەوەی دەنگ..... 61
باسی دوەم: بنەمای سەروای شیعری جیهانی..... 71
١_ گریکی و لاتینی..... 72
٢_ ئینگلیزی..... 74
٣_ فەرەنسی..... 75
٤_ زمانە هیندو ئیرانییەکان..... 76
٥_ عەرەبی..... 76
٦_ عیبری..... 77
٧_ سریانی..... 78
باسی سێیەم: جۆرەکانی سەروا..... 80
١_ دابەش بوونی لە ڕوانگەی ناسێیەوە..... 80
٢_ دابەش بوونی سەروا لە ڕوانگەی ستروتیپەوە..... 103
بەشی دوەم: سەرەڕو ڕەگەزەکانی سەروای شیعری کوردی..... 109
باسی یەکەم: دەنگەکانی سەروای کوردی..... 111
١_ ڕەوی..... 112
٢_ پێش ڕەوی..... 128
٣_ پاش ڕەوی..... 139
باسی دوەم: وشەکانی سەروای کوردی..... 144
١_ وشەی سەروا..... 144
٢_ پاش سەروا..... 161
٣_ پێش سەروا..... 170
باسی سێیەم: تێکەڵبوونی کۆتاییەکان..... 175

Scanned with CamScanner

١_ تێکەڵبوونی دەنگەکان.. 175
٢_ تێکەڵبوونی وشەکانی سەروا..... 176
بەشی سێیەم: دابەشبوونی سەروای شیعری کوردی..... 179
باسی یەکەم: چەمک جۆرو پێکهاتنی پارچە هۆنراوە..... 181
١_ چەمکی پارچە هۆنراوە..... 181
٢_ ناونانی پارچە هۆنراوە... 183
٣_ دابەشکردنی پارچە هۆنراوە..... 184
٤_ کردنەوەو داخستنی هۆنراوەی پارچەدار.... 187
باسی دووەم: پارچەی گشتی..... 194
١_ تاک..... 194
٢_ سێیەنە... 198
٣_ چوارینە..... 204
٤_ پێنجینە 215
٥_ شەشینە 225
٦_ حەوتینە..... 236
٧_ هەشتینە..... 240
٨_ نۆیینە..... 249
٩_ دەیینە..... 251
١٠_ پارچەی یازدەیی.. 253
باسی سێیەم: پارچەی تایبەتی..... 254
١_ قیتعەو غەزەل و قەسیدە..... 254
٢_ تەسمیت و تەرجیع بەندو تەرکیب بەند.. 278
٣_ موستەزاد.... 286
٤_ سۆنێتە..... 294
٥_ موەششەح... 297
٦_ شیعری نازاد..... 302
بەشی چوارەم: جوانکاری و کەم وکورتییەکانی سەروای شیعری کوردی..... 311
باسی یەکەم: جوانکاری سەروای شیعری کوردی 313
١_ تیعناد..... 313
٢_ جووت سەروا 314
٣_ سەروای دوبارە..... 316
٤_ سەروای دولانە..... 317
٥_ سەروای ئەلقە بەند 318
٦_ سەروای چوارگۆشەیی 319

Scanned with CamScanner

٧_ تەشتیرو تەرسیع..... 320
٨_ سەروای وشە بێ..... 321
٩_ سەروای بەتیپ..... 321
١٠_ چینەکردنی ڕەوی..... 324
١١_ چینەکردنی وشەی سەروا..... 325
باسی دووەم: کەم و کورتییەکانی سەروای شیعری کوردی..... 326
یەکەم: کەم و کورتی دەنگ و ناوازی سەروا..... 326
١_ جیاوازی دەنگی ڕەوی..... 326
٢_ جیاوازی دەنگی پێش ڕەوی..... 337
٣_ گۆڕینی بنیادی وشەی پێش سەروا..... 340
دووەم: کەم و کورتی زمانەوانی و فەرهەنگی سەروا..... 342
١_ نێتا..... 342
٢_ شایەگان..... 344
٣_ تەزمین..... 346
٤_ تەحرید..... 346
٥_ هێنانی وشە بۆ خاتری سەروا..... 347
٦_ وشەی سادەو ناسادەی سەروا..... 348
ئەنجام..... 351
بیبلیۆگرافیا..... 357
ملخص البحث..... 371

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

RHYME

An Analylitic Conparative Stady in Kurdish Poetry

by:

Aziz Gardi

Scanned with CamScanner